# لە بەرزاییەکانی  نائومێدی

جەلال بەرزنجی
(کەنەدا)

بۆ زێڕینی دایکم



ئەم ساڵ گیا زۆر لە خاک بڵندتر نییە،
گەڵاکان بە غەمگینی سەردەردێنن.
ڕەوەند  لە بنارەکان ڕەشماڵ هەڵنادەن،
دایکیشم وەک ساڵان بۆ نەورۆز ناچێتە ناو سروشت،
لەگەڵ چیرۆکەکانی نامانبات بۆ ڕێگا دوورەکان.
ئێستە وشە و خەیاڵ بەرانبەر،
ئەو قسانەی قوڕگی هەر دەڵێی لە بیرێکی بێ
بندان.
ئای چ نائومێدییەکی گەورەیە،
کە وشە بەرانبەر فرمێسک بە بێ هێزی دەبینم.
سێ کێشوەر لەو جێگایەی دایکمی لە ناو کەوتووە،
دوورم.
وەعدمان وایە هەتا ئەوجارە دەچمەوە
جێگەی چۆڵ نەکات، بەڵام
 تارمایی مردنی غەددار وەک تیرۆریست ئاخاوتن
نازانێ،
لێ ناگەڕێ ئەو بەڵێنانەی دەیاندەین بیانهێنینە دی.
دەزانم ئێستە  لە بەرزاییەکانی نائومێدیت-
بیر لەو شتە دەکەیتەوە نە ئێمە دەمانەوێ بۆتی
باس بکەین
نە تۆش دەتەوێت بە زمانە نوێیەکەت باسی
بکەیت.
دەزانم ئێستە هیچ شتێک نەماوە مەینەتییەکانت
تێر بکات
یان گوێی من بخەوێنێ.
ڕەنگە تا دەچمەوە ئەو ڕاستییانە ببن بە چیرۆک.

له ناو ئەو ڕەوشە نەژیت نازانی،
بیستنی هەواڵی جەرگبڕی ئازیزان،
لە غەریبی چەند گرانە.
دڵم نایەت لە تەلەفۆن،
هەواڵی دوا قۆناغی نەخۆشییەکەت بپرسم ،
یادەوەرییەکان هاودەمم دەبن لە ڕێگە، بەڵام
لێرە بەهار درەنگ دێ،
هێشتا بەفر نەتواوەتەوە،
قاز و قولینگ نەگەڕاونەتەوە ماڵی دووەمیان،
لە دەم گۆمەکان.
کاتی گەڕانەوەم دیار نییە.
هێندەی نەماوە لە پێستی خۆم بێمە دەرەوە
سوپاسی بەوەفایی جەستەم دەکەم،
کە بەو غەمە زۆرەوە هەڵمدەگرێت.

**بەهاری ٢٠٢٢**

# خەونی نێرگز بە شەرابی شکۆفەوە..

لەیلا ساڵحی
(بۆکان)

لە ڕۆشنایی ڕستەکاندا
خەو دەبینم بە ڕوخساری نێرگزەوە..
نە ئێوارانی پاییزم لە بیر ماوە
نە زەردەپەڕ
نە ئەو نیشتمانەی کە نییە.

تاکێک.. لە گوێن کازیوە
بەرەو تیشک ئاوا دەبێ و
پێکەوە هەتا کۆتایی سپێدارێک هاوڕێ دەبووین
من دەبوو تێپەڕم لە چرا و
لە جەستەی گۆرانییەکدا
ببم بە مانگ..
تۆش لە سوێی باخ
دەبوو سوێسنێک بخوێنی و ڕووبارێکیش.
پێکەوە تا کۆتایی سپێدارێک هاوڕێ دەبووین.

وەکوو شەپۆلێکی شەراب چۆن ڕادەسێ بەرەو پاییز
دێی بەرەو من؛ بەرەو هەرێمی هەورەکان.
بە دەستت دوو باسکم دەگری و
دەدوێی لە مانگ..
دەستی ڕەز و
دووباسکی ڕەزبەرێکی زەرد.. ئۆکتۆبری هەنار و
هەور..

باسی گەنمەجاڕێک دەکەی ڕوونتر لە خۆر
چاوانت دلێر و دەریا
چاوانم فووارەیەک فوڕات لە پێناوی بەژنی بەهار..

باسی چەمکی حەیزەرانە کە دەترووانم
لە هەناوما



پێشەکییەک دەنووسمەوە بۆ باخ و
دوو میسرەع باڵ
دەگێڕمەوە بۆ درەختێکی پەری پۆش..
پێکەوە هەتا کۆتایی سپێدارێک
هاوڕێ دەبووین..

چرایەک باریوەتە ئێوارەی جەستەمەوە
هەورێکی نوێ
لە دەنگمدا پەڵەی داوە و
قەسیدەی بەلەمێکی سوور بە برینمدا تێدەپەڕێ..
جۆبارێک دەمشارێتەوە و
هێڵێک باران
دەمباتە ئاقاری شەونم..
پەیکێ شەرابی شکۆفە هەڵدەدەم و چۆرێک
دەپرژێنمە سبەی
هەوراوهەور
دەگەمە نیشتمانی تۆ..
ڕۆژهەڵاتیترین سووارۆ
ڕۆژهەڵاتیترین ئاسۆ..

ترپەی دڵم
دەسپێکی گوڵەباخە
ئەوەشیان تۆی.. تۆ.. ساتێکی پڕ
چرا .. چرۆ..

ئەمر کە باخ!
دادێنم سپێدارانێک وەک کانیاو
ئەمر کە خۆر!
هەردووک دەستم دەپشکوێ بەناو هەتاو
ئەمر کە شەو!
داگیر دەکەم من هەرێمی هەسارەکان
ئەمر کە یاس.. ئەمر کە سوێسنترین ڕاز...

چرایەک دەکەم لە مێخەک
(نێرگزوانە ئەو جەستە قەت نەحەجماوە)..

بە شوێنتەوەم..
بە هێڵی بەهارەکاندا
تا هەر کوێیەک کە نێودێر بێ بە گوڵەباخ
بە شوێنتەوەم..

من دەمهەوێ لە ئەرغەوانێکدا بمرم
لە تۆ بچێ
یان لە بەیانەو بارانێک
وەکوو نیشتمانی ناوت:
پاییزەمانگ..

چ خەونێک بوو وەرزی نێرگز..

هەورێک تاریکی دەپێکێ
بیر لە نیشتمانێک دەکەمەوە کە نەماوە و
لە زەردەپەڕ
بیر لە حەوزێکی گەورەی  دووره ماسی و
پەنجەرەیەکی  بێ هەتاو..

بەدی ناکەم
چ سووارۆیەکی وەک بەڕوو
بەدیت ناکەم..
پاسارییەکی نیوە مەست
ئاوا دەبێ لە ناخمدا...

ون بووە باڵات
لە هەرێمی دارستاندا
لێم گۆڕاوی لەگەڵ بەڕوو
لە گەڵ سپێدارێکی دوور..

دارستانەکانی پاییز دەکرا ناوێکی تریان با،
ناوێک وەک شکۆی خەمی تۆ ..
ئەو دەمانەی
بە بێ باران و باڵندە
بە شوێنتەوەم...

# گەشتێک لەگەڵ با بۆ باخی گشتیی دڵم

بورهان بەرزنجی
(کەرکووک)

(١)
دەمێکە بەناوی خۆمەوە
بانگت نەکردووم

دەمێکە بەناوی خۆمەوە
بانگت نەکردووم،
درەختەکانی ڕۆحم لە بەراوی ئەوینت بێ ئاون،
غەریبیت دەکەم ئەی گۆرانیبێژەکەی ناخ،
چۆن ئەمچڕی بمچڕە،
لەوانەیە پێم بڵێی تۆ شاعیرێکی شێتی،
داری ڕۆحت لەڕەگەوە دەردەهێنم،
لەوانەشە..
ئاوی ژیانم وشک بکەیت و
لە تینوێتی عیشقا بمکوژی،
لەوانەیە حەز بکەی..
بەدەستی خۆت کفنی شیعرەکانم بکەیت و
ببێتە سەردانی مەزاری ئەو سۆزەم،
دەستی ڕۆحم بگری و بمبەی بۆ بازاڕی دڵت،
ژوورێکم بۆ بگریت بەکرێ،
لە باخەڵتا وەک جزدانەکەی باخەڵت بمخەوێنی،
لەوانەشە..
دڵت ڕێت پێ نەدا..
قەدم بکەیت و ئوتووی بەختمان بشکێنی،
دەزانم دڵت نایە بمشاریتەوە،
دەوڵەتێک ئاشکرام دەکەیت.. دەزانم،
دڵت دەبێتە سەرکردە و
منیش.. هاووڵاتییەکی هەڵکێشراو لە ناوی تۆ
ئەمناسێنی..!!



(٢)

**چۆنی گەورەم**

چۆنی گەورەم
نازانم ئێستا
خۆر لە تەماشاکردنت گەیشتووەتە کوێ،
تا پێت بڵێم ..
بەیانیت باش
یان نیوەڕۆت باش، یان ئێوارەت،
دەزانی تۆ باش بیت..
سەراپا جەستەی ئەم سۆزەم پێدەکەنێ و
سەراپا گۆرانیم شاد ئەبێ!
گەورەم.. ئەم جەژنە
چیم بۆ لەبەر ئەکەیت کام شیعرم؟
وەکوو جەژنەکانی جاران ماچەکانتم بۆ ئەکەیت
بە کولیچەو بەشم بنێریت؟!
کام پێکەنینت ئەکەی بە تۆقەی قژت؟
چاوەکانم پڕ بکەیت لە کلی جوانیت.
گەورەم..
لە مەجلیسی ئەویندارانـدا پـرچ درێژترین عیشق منم،
دەفی دڵگەرمیی جوانترین مەولوودنامە منم،
زایەڵەی گریانی زیارەتکارانی دەستی مەعشووقان منم،
گەورەم ئەی گەورەترین سۆز ..
تۆ باش بیت
وەک ئـاوی زەمـزەم هەمیشـە لێـوی شیعرسـتانم تـەڕ ئەمێنـێ،
شیعر بە دەمی کانیمدا ئەچۆڕێ و
خۆر لـە مەملەکەتـی خۆشەویستیم چاوەکانـی تـا ئەبـەد ناچێتـە خـەو!

(٣)

**دەبێ جەژنانەت چی بێ بۆ من!**

ئەم جەژنە
دەبێ جەژنانەت چی بێ بۆ من!
تـۆ بڵێی ڕۆحـت بکەیتـە قوماشێک بەدڵـی خـۆت بـۆم بدووریت
تۆ بڵێی هەناسەکانت کۆ کەیتەوە و
بیانخەیتە گیرفانمەوە و
دەوڵەمەندترین بەختەوەر من بم
تۆ بڵێی
ماچێکـت بکەیتـە گـوڵ و بـە یەخـەی ژیانمـی هەڵواسـیت
تۆ بڵێی پڕ چنگێ گوڵە بەڕۆژەی پێکەنینەکانت
بکەیتە ناو هەردوو دەستمەوە
تۆ بڵێی لە خۆر بەرزبوونەوەدا
بۆ ئاسمانی خەیاڵەکانم بەرزم بکەیتەوە
ئەم جەژنە
وەکوو جەژنی ڕابوردوو
بێ خۆتم مەکە
نـەوەک جـەژن بتـۆرێ و بـە جەژنانـەی تـۆ شـاد نەبمـەوە!!

# (...)

**شکۆیێ حەسەن**

**ناسح حوسێن سلێمان ژ تیپێن کریلیکی بۆ تیپێن ک. نالڤین ڤەگوهاستیە و فەرهەنگۆک ژێرا چێ کریە**



تو وەرە، هۆگرێ قەلەمێ،
ڤێ ڕۆژا بەختەوار، ڤێ دەمێ،
سازا خوە  بکوتن سازێ هەڤ،
تەڤی هەڤ ئەم بسترێن ڕۆژ و شەڤ،
ئو چاوا بلبلێ لاپ بەنگی
ب زارێ کوردایی پڕ زەنگین
نهوونن کلامێد حەواسی
ژ ڕوحێ دەورێیی کوور، عەینسی
کیژانی پێ دژی ئەڤ وەتەن
بەختەوار و ئازا، و ب کەن،
ئو کیژان بۆنا دل بیە بەیراق.
عەرد، عەرشا بلند بیە تاق ب تاق.
شەوق دایە دەورانێ لاپە دوور،
گوڕ کریە ئەڤینا مەیە کوور...
ئەم بسترێن ب حەیری، ب حەواس،
ڕوحاڕا، دلاڕا ببن ناس...

**لێنینگراد**
**١٩٦٤**

**فەرهەنگۆک:**

**ئەم بسترێن: گۆرانی بڵێین.**

**تەڤی هەڤ: تێکڕا، پێکەوە:**

**عەینیسی: هەمان؛ هەمان شت.**

**لاپ: زۆر.**

**بەنگی: ئاشق.**

دەوری، دەورە: گەردوون.
نهوونن: دەهۆننەوە:
ب کەن: بە پێکەنین.
لاپە دوور: زۆر دوور:
کوور: قووڵ.

شکۆیێ حەسەن ژ گوندێ چامووشڤانا بچووکدا ل ناحیا ئاغبارانێ (ئەرمەنیستانا سۆڤێتیێ) سالا (١٩٢٨)ا ژ دییا خوە بوویە.
شکۆی پێنج سالی بوو، وەختا باڤێ وی، ئەحمەدێ حەسەنێ مدۆ، کو شەڕێ حەمدنیاییێی پێشندا ژ گوندێ خوەیی شاترۆغلی ل قەزا قەرسێ (نها تورکیا)، جیشهتی بووبوو، ئێش و زەدە لێ کەتن، بیست پێنج سالییا خوەدا چوو ڕەمەتێ. ئاپێ شکۆ سۆفی، خوەییتیێ ل شکۆ دکە، مەزن دکە و ددە سەر خوەندنێ. شکۆ حەسەن بەرێ عەولن گوندێ خوەدا خوەندیە، حەتانی دەرسخانا چارا، پاشێ مەکتەبا گوندێ ئەلەگەزێیە ئۆرتەدا خوەندنا خوە هلدایە. سالا ١٩٨٤ پەی خلاسکرنا ڤێ مەکتەبێڕا ئونیڤێرسیتێتا ئێریڤانێیە دەولەتێدا، پارا ڕۆهلاتێدا تێ قەبوولکرنێ. کتێبا شاعیرێ پێشن ب سەرنڤیسارا (قالچیچەک) سالا ١٩٦١، یا دودا ب سەرنڤیسارا (تەمبوورێ کوردا) سالا ١٩٦٥ ڕۆنایی دیتنە. سالا ١٩٧٠یاندا بەرەڤۆکا سسیان ب ناڤێ (مەرەمێ دلێ کورد) تێ نەشرکرنێ.
- سالا ١٩٧٦ چوویە بەر دلۆڤانییا خوەدێ.

سەرچاوە:
مەرەمێ دلێ کورد، شکۆیی حەسەن، نەشریاتا هایاستان، ئێریڤان، ١٩٧٠.

# کاوە، یان ئەسکەندەر؟

میهدی ئەخەوان سالێس
لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی
(یەزد)

پێلەکان (١) گیرسانەوە هێدی و کەدی، (٢)
دەنگی بۆڕی (٣) تەپڵی بۆران (٤) کەوتووە. (٥)
وشکەڵاتن کانی هەڵتۆقیوەکان، (٦)
هیچ هەرا نێ، ئاو لە ئاشان کەوتووە. (٧)

ئاوەدان گڵکۆی وڵاتی بێ تەپە، (٨)
لێی پەکووی (٩) کوندەبەبووش (١٠) نایاتە گوێ.
دەردەداران، بێ وەی و ئاخ و هەرا
تووڕەکان، هیچیان لە دەم هەڵناوەرێ.

ئاخی سنگان ڕێ بەدەر ناکاتەدەر
سەر لەژێر باڵن مەلانی بێ پەنا
هەرچی هاوار و هەرا و بانگ بوو لەناو
گشت لە بێدەنگیی هەتایی (١١) ناشترا.

هیچ هەرا نێ، ئاو لە ئاشان کەوتووە،
دارەکان کۆکراونەوە، خوێنیش ونە.
جێگە (١٢) بنجی (١٣) ژان و قین و تووڕەیی،
ئێستێ شین بووە بنچکی (١٤) گیابۆگەنە.

مستەکۆڵەی شەڕ لەگەڵ ئاسمان فروش (١٥)
بێ گرێ ماوە ئەمێستا ناوزڕاو. (١٦)
زلەگرتووی خۆیەتی (١٧) دیار و نەدیار
بووەتە کاسەی سواڵکەری، چی نێ لەناو.

ماڵ کرا تاڵان و کەولی نان دڕا،
پاشەڕۆکیش هیچ نەبوو تێیدا بەسات.



زاڵەشەوگارێکی سامدار بوو کە هات؛
خۆر لە ئەو دیو گردەوەش (١٨) هەر هەڵنەهات.

ماینەوە ئێمە و وڵاتی بێ تەپە
هاوسەفەر گورگ و ڕتۆپی (١٩) و کەمتیار.
هێندێ جار ئێژم کە دەنگێ هەڵبڕم،
داخ دەبینم نزمە دەنگم بۆ هەوار. (٢٠)

ئاو لە ئاشان کەوتووە ئێستا؛ بەڵام
ئێمە ماین و خوانەکەی فیسار فلان.
هەر لە سای سەر دۆستان و ناحەزان
بووینە بەنگی و مەی زەدەی کۆڵانەکان.

ئاو لە ئاشان کەوتووە ئێستا؛ بەڵام
ئێمە ماین و دادەکەی خواوەندی بان
وەک تۆ، هەر شەو پێم دەڵێ خێزانەکەم:
«هاتی دیسان دست بهتاڵ و سەرگران؟» (٢١)

ئەو کەسەی زێڕ و شەرەف سامانی بوو
مەی بەسەردا کرد (٢٢) و هیچ گوێی پێ نەدا.
چەتری پۆڵایین بەدەستی نادیار
ڕوو لە لێوارانی تر (٢٣) هەنگاوی نا.

من سەرم سووڕما لە تۆزی بێ سوار
تووڕە، ئێمەی بێ شەرەف چون ماین لە جێ.
ئاو لە ئاشان کەوتووە ئێستا؛ بەڵام
بەردەوام هەر پێل و بۆرانمان لە ڕێ.

هەرکەسێ هات باری بەست و ڕێ کەوت
ئێمە هەر بارکەوتە (٢٤) بووین و بەش خوراو
لەو چ دەست هات، بێجگە هەڵبەستە و درۆ؟
لەم چ دەست هات، بێجگە فرتوفێڵ و داو؟

هەر دەڵێن: ئەمڕۆکە نا، ڕۆژێکی تر
دێ کەسێ تر، دان لەسەر دڵ دابنێ.
کاوەیەک نازێتەوە تازە، ئومێد!
خۆزگە هەڵکەوتایەوە ئەسکەندەرێ. (٢٥)

**پەراوێزەکان:**

١- پێل: شەپۆل.
٢- کەدی: کەوی، ڕام.
٣- بۆڕ: قەوی. دەنگی بۆڕ: دەنگی قەوی و ناخۆش.
٤- بۆران، تۆفان.
٥- دەنگکەوتن: دەنگگیران، دەنگنووسان.
٦ - کانی هەڵتۆقاو: کانییەک کە بەشێوەی سروشتی لە دڵی زەوییەوە بێتەدەر.
٧- «آب از آسیاب افتادن»: لە کوردیشدا ئەم مەسەلەمان هەیە؛ لە دوای شتێک کە زۆر بە هەرا و گرمە بێ و لەپڕدا بێدەنگ بێ دەڵێن: «دەڵێی ئاشە ئاوی لێ بڕاوە».
٨- تەپە: جووڵە، تین (تپش).
٩- پەکوو: ئاخ، تۆف، مەخابن (ئەفسووس).
١٠- کوندەبەبوو: کوندەبوو، پەپوو، پەپووکەرە، پەپوویک، پەپۆک. بایەقوش.
١١- هەتایی: هەتاهەتایی، هەمیشەیی.
١٢- جێگە: بەجێگەی، لەجێگەی.
١٣- بنج: ڕیشە.
١٤- بنچک: پنجک، پنچک، دەوەن، قەیار (بوتە).
١٥- مستەکوڵەی شەڕ لەگەڵ ئاسمان فروش: واتە ئەو مستەگرێدراوەی کە تەمایەتی تەنانەت بەگژ ئاسمانیشدا بچێ.
١٦- ناوزڕاو: ڕسوا، خەنزار، ڕووسیا.

١٧- زلەگرتووی خۆیەتی: واتە خۆی وەبەر زلە داوە، بە زلە بەربووەتە خۆی.

١٨- گرد: گردۆڵکە، تەپۆڵکە، تەپک.

١٩- ڕتۆپی: ڕێوی.

٢٠- هەوار: هاوار.

٢١- سەرگران: مەست.

٢٢- مەی بەسەردا کرد: واتە هیچ بۆی گرینگ نەبوو.

٢٣- لێوار: ڕەخ، کەناراو، بەستێن.

٢٤- بارکەوتە: بارکەوتوو، چارەڕەش، کۆستکەوتوو، بەدبەخت.

٢٥- شیعری «کاوە، یان ئەسکەندەر؟» سەرجەم لە بیست برگە (بەند) پێکهاتووە، کە لێرەدا تەنیا سێزدە برگەی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی. جێی ئاماژەیە کە لە هێندێ چاپدا سەرناوی شیعرەکە «نادر، یان ئەسکەندەر؟» هاتووە.

سەرچاوە:

اخوان ثالث، مهدی (١٣٩٥)، شعر مهدی اخوان ثالث (م. امید)، ج١، چ اول، تهران: نشر زمستان.



# گیراوەکان هیچیان نەوت

**سەلاح شاکەلی**
**(سلێمانی)**

زۆر نییە سروە هاتووەتە شارێکی گەورە و قەرەباڵغی پڕ لە خەڵک و ژاوەژاو، هێشتا لەگەڵ مامۆستا و قوتابییەکاندا ڕانەهاتووە، جۆرێک لە نامۆیی تێدا دەبینرێت، ئەو لە شەشی سەرەتاییدا تەنیا کچێک بوو لە پۆلەکەیدا، بەڵام ژمارەی هەموو قوتابیانی قوتابخانەکەی ئەوەندەی ژمارەی پۆلەکەی ئێستای نەدەبوون، هەمووشیان ناسیاو و دراوسێ و خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر بوون، بەڵام ئەوان هێندەیماڵی شەوکەت نزیک نەبوون بۆ سروە، لەگەڵ ئەماندا پێوەندییەکی کۆنیان هەیە، باپیرانیان لە دێیەکدا ژیابوون کە دانیشتوانەکەی ڕێز و خۆشەویستی پێکەوەی بەستبوون، هەموو کەسێ لەوێ دەیزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ گەورە و بچووکدا دەکات، وەک نەریتێک لەگەڵ قسەی خۆشی گەورەکاندا بۆیان مابووەوە، بەڵام بۆ سروە ئاسان نەبوو بەزوویی لەگەڵ منداڵەکانی شەوکەتدا بگونجێت، چونکە لە ساوای ناو بێشکەوە تاکوو یانزە ساڵییان تێدایە و بەشوێن یەکدا هاتوون.

سۆیبە زوو زوو ئاوی گەرم و سارد تێکەڵ دەکات و لە تەشتە پلێتەکەدا بەدەم قسەکردنەوە جلیش دەشۆرێت، بەڵام پرسیارەکانی سروە زۆرترن و سۆیبەیش پەلەی نییە و دەڵێ: ئەم منداڵانە تۆ دەیانبینی هەر یەکەیان لە شار و گەڕەکێکدا لەدایک بووە، بەهۆی کاری پۆلیسیی شەوکەتەوە زۆربەی شارەکانی ئەم وڵاتە گەڕاوین، لە هەمووشیاندا کرێچی بووینە، بەڵام موحتاجی کەس نەبووین، مووچەکەی شەوکەت سەروبەر بەشی کردووین... زۆرترین ماوەمان لەم خانووەدا

بەسەر بردووە، لە هیچ شوێنێ ئەوەندە نەماوینەتەوە، نازانم کەی دەبینە خاوەن خانووی خۆمان، ئەوەندە دراوسێیەتی خەڵکی جیاوازمان کردووە، منداڵەکانمان عەرەبی و تۆزێکیش تورکمانی دەزانن، بەڵام لە خوێندندا زیرەک نین، چونکە باوکیان خوێندەوار نییە تاکوو چاودێرییان بکات، شکور بۆ خوا وریا و بێ عەیبن... (سروشتی مرۆڤ وایە هەمیشە دەیەوێ وێنەیەکی جوانی خۆی و کەسەکانی پیشانی بەرانبەر بدات، بەتایبەت ئەگەر زانی بەرانبەرەکەی گوێگری چاکە و وەڵامی پرسیارەکانی دەوێت.. لەهەمان کاتدا بێباکی و خۆڕاگری لە ئاست ڕۆژگار و کوێرەوەریدا پیشان دەدات کە چۆن لە ڕۆژگەلێکی سەختدا خۆیان و منداڵەکانیان بەوپەڕی ورە و نەفس بەرزییەوە گوزەریان کردووە).

سروە مابووی وەڵامی هەموو پرسیارەکان وەرگرێتەوە، بەڵام دەبوو بچێتە پەنایەک ژیاننامە و شیعری شاعیرێکی عەرەب ئەزبەر بکات، لەم حەوشە بچکۆلەدا بواری سەعیکردن نییە، لە ژووریشەوە لەبەر بێنەوبەردە و قاڵەقاڵی منداڵەکان، ڕەوشێکی وا دەخوڵقێ نەک قوتابی پۆلی یەکی ناوەندی، توورفرۆشێکیش پێی ناکرێت حسێبی خۆی بزانێت، لەبەر ئەوانە دەبوو بچێتە سەربان بخوێنێ، لەوێشدا شەخەڵێکی زۆر کۆکراوەتەوە ڕووبەرێکی کەم ماوەتەوە بۆ ئەوەی سروە لەوێدا بەدانیشتنەوە بخوێنێت، بەڵام ئێرەش بێدەنگ نییە، هاڕە و هۆڕنی سەیارە، هاواری عەتار و بەقاڵ، قیڕەی منداڵانی گەمەکردوو، تەقەی ئاسنگەرەکانی ئەودیویش مرۆڤ بێزار دەکەن، سروە لەوپەڕی بێ ئومێدیدا دنیای لێهاتبووە یەک! لەبەرخۆیەوە وتی: ئای لەم شەنسە لەم شارە گەورەیەدا ماڵە ناسیاوێ نەبوو جێ و ڕێی باشتریان هەبێت لەنێو ئەم هەموو گێژاوەدا چۆن خوێندنم پێ دەکرێت، خۆزگە هێشتا لە سەرەتاییدا بوومایە، لەماڵی خۆماندا حەوشێکی گەورە جێی بیست و پێنج ماڵی وای تێدا دەبێتەوە کاکم بەهەوەسی خۆی پاسکیلی تێدا لێدەخوڕی و ئێمەیشی لە پاشکۆیەوە سواردەکرد... لە بانگە بانگی سۆییبەدا، سروە ڕاپەڕی و هاتە خوارەوە، چونکە سۆییە پێی خۆش نەبوو لەسەربان بخوێنێ، نەبا لەگەڵ کچانی دەوروبەردا ببێتە هاوڕێ و لە خوێندندا سست بێت، سۆییە خۆی لای کەسوکارەکەی بە لێپرسراو دەزانی، هەموو جارێکیش لەو ڕوانگەیەوە دەڵێ: ئێمە لە ئاست ئێوەدا خاوەن ماڵ نین، یەک ماڵ بووین، (میمکم) بیری تیژ بوو، دەیگێڕایەوە لەو سەردەمەدا بە دەست و دەرزی و تیرە دروومانی کردووە، لە گەرمیاندا مەکینەی خەیاتی نەبووە، جلی کوردی (کراس و سوخمە، ئاوەڵکراس و لەچک و کەوای لۆکە لەناوی) بۆ ژنە بەگزادە و شێخزادەکانی دوورییە، پوورم دەستڕەنگین بووە، لە زەنگیانەی ڕەش و شین و نقێم و مێخەک و سمڵ، ملوانکەی هۆنیوەتەوە، تاسکڵاوی بۆ ڕازاندوونەتەوە و لە پێستی ئاسک و قەیفە و زەڕلی کلدانی، بۆ دووریون، میلچۆکەکەی لە داری گوێز بووە... دەیوت: بەرگی دۆشەک و متیلی لێفە و بەرگە پشتیم بە نەخشەوە دووریوە بۆیان، ئەوانیش خۆشیان ویستووە و ڕێزیان گرتووە، بیرەوەرییەکانی پووری سۆییە جۆرێک هەستی نزیکبوونەوەی زیاتری لای سروە دروست کرد و پاڵی پێوەنا بۆ ئەوەی زیاتر بکرێتەوە و بزانێت لەو ماڵەدا جۆرێک ئەرکی

دەکەوێتە سەر شان و پێویستە ناو بە ناو یارمەتییەکی سۆییە بدات، لە ژێرکردنەوەی ساواکەیدا، یان ئامادەکردنی مەمە و شیرەکەی، بەڵام پێی نەدەکرا لەکاتی سەعیکردندا ئەوانە بکات، ئەو بەتەنیا دەیخوێند، بێ هاوڕێ بوو، دوای دەوام هاوڕێکانی نەدەبینی تاکوو یارمەتی بدەن، هەرچەندە جیاوازی لە زماندا بۆ ئەم زۆر کێشە نەبوو، چونکە لە دێیەکەی خۆیاندا هاوڕێ نزیکەکانی تورکمان بوون، لێرەشدا مەیلی بەلای فێربوونی زیاتری تورکمانییەوەیە و سەرجەم قوتابییەکانی قوتابخانەکەی لەوان و عەرەبن، ئەوەی مایەی دڵگرانی بوو بۆی تا پێش بڕیاری قەدەغەکردنی خوێندنی کوردی، لەم قوتابخانەیەشدا قوتابی کورد هەبوون، سەربڕی ئەوەیش مامەڵەی هەندێ مامۆستا و قوتابی گۆشکراوی بیری شۆڤێنی و حزبی قائید کە ڕقیان لە ناوەکەشی دەبووەوە.

خاڵی بەهێزی ئەوان لە دەریچەیەکی سیاسییەوە سەری دەردەکرد، لە ڕۆژانی هەڵکردنی ئاڵادا بەڕێوەبەر بە شانازییەوە هێرشەکانی سوپای بۆ شاخەکان بیردەهێنایەوە و خەڵکی ئێمەی بە ناشیرین پێناسە دەکرد، ئەوان ئەو قسانەیان لە شوێنێکدا دەکرد کە پەیامەکەیان بگاتە جێ و بەرانبەرەکەیان قەڵس بکەن، ئەو خەڵکە داماوەی ئێمەیش تروسکاییەک ئومێدیان نەمابوو، بەخەیاڵیش بێت ئاییندەیەکی باشتری لەسەر هەڵچنن، ئەم زمان درێژییەیان لەدوای ڕێکەوتنی (الجزائر)ـەوە زیادی کرد، مخابن قوتابخانەکەیشی ناوی (الجزائر)ـە، سروە لەنێوان ئەو ڕەوشە تاڵ و ئاڵۆزەی ماڵی شەوکەت و قوتابخانەدا، دەرووییەک نەبوو خەمەکانی لێوە هەڵوەرێنێ.. سۆییە بەردەوام بوو لە جل شۆردن و سروە لێی پرسی: ئەی میمکت چۆن ئەوەندە کات و تاقەتی هەبووە خەریکی ئەو وردەکارییانە بێت؟ سۆییە وتی: لەو سەردەمەدا جگە لە ژیانێکی ساکار شتێک نەبووە ڕێگر بێت، چونکە تەلەڤزیۆن و درامای شەو، ڕادیۆ و تەسجیل نەبووە... لە هەندێ لە ماڵە گەورەکاندا قەوان هەبووە، دواتریش هەر لەو ماڵانەدا ڕادیۆ پەیدا بووە.

دوای چەند ڕۆژێک سروە نمرەکانی وەرزی یەکەمی وەرگرتەوە لە چەند وانەیەکدا کەوتبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا هەوای سەردانەوەی ماڵ و کەسوکار دابووی لە کەللەی.. کتێبی جوگرافیای گرتە دەستەوە بابەتی (الارض كرة عظيمة)ی دەخوێندەوە، بەڵام نەک لە تۆپی زەویدا، لە گەڕەکێکی ئەم شارەیشدا فریادڕەسێک نییە گوێ لە گرفتەکانی بگرێت، لەو کاتەدا لە دەرگا درا، سروە ڕای کرد، سواڵکەرێک بوو ٥٠ فلسی خستە دەستی، دووبارە کەوتەوە شوێنی ٢٥ فلسی دیکەی دایێ، لە دڵی خۆیدا وتی، بەڵکوو لەوانە کەوتووەکان دەرچم، بەڵام لەوە خۆشتری بەدوادا هات، زۆری پێنەچوو کاکەی هاتە شوێنی، سروە لە وانە کەوتووەکان ئاگاداری کردەوە، کاکەی هیچی نەوت، لۆمەی نەکرد، دەیزانی لەچی کاتێکی ناسکدان، پێکەوە هاتنەوە بۆ ماڵی خۆیان، ئەوانەی لە ماڵدا بوون ئاسایی نەبوون، سروە لەناو چاویاندا زۆر نهێنی خوێندەوە، ناچاربوون ڕاستییەکان بدرکێنن: باوە و دایە و دادە لە باشوور گیراون، لە بەندیخانەدان دوای ماوەیەک دێنەوە، گریانی بە کوڵ و قوڵپی گریان مەودایان بۆ قسەکردن و پرسیار نەهێشتەوە، دوای ماندووبوون، ئەوجا سروە پرسی ئەی چۆن سێ کەس لەجیاتی کەسێک دەگیرێن؟ با یەک کەس لەجیاتی یەک

کـەس بووایـە؟
یەکێکیـان وتـی: بەکـێ دەڵێـی؟ بـەس نییـە ئیعـدام نەکـراون و مـاون و سـەردانیان دەکرێـت.
سـروە لـە دڵـەوە بەخـۆی وت ڕاسـت دەکات، ئەمانـە دەتوانـن هەمـوو خراپەیـەک بکـەن چاکـە نەبێـت.. پشـووەکەی زۆر نەبـوو، لەگـەڵ کاکەیـدا هاتنـەوە بـۆ ماڵـی شـەوکەت و چـووەوە قوتابخانـە تاکـوو تاقیکردنـەوەی نیـوەی سـاڵ ڕۆژگارێکـی تاڵـی گوزەرانـد، کاکەیشـی دیـار نەبـوو لـەو ماوەیـەدا سـەردانی بـکات، بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـەی داوای تەسـکەرەکەی کـرد، ڕۆژی دووەم دایـەوە و وتـی: سـروە تـۆ لـە تەسـکەرەدا منداڵتـر نووسـراوی، دەبـێ بـۆت بگـۆڕن و دوو سـاڵ گەورەتـر بکرێیتـەوە، ئەمـەش بارگرانییەکـی تـر بـوو یەخـەی گـرت، ئەمـە بـە کـێ و لەکـوێ بکرێـت؟ خـۆ کەسـە نزیکەکانی لـە بەندیخانـەدان، تەنانـەت ئـاگای لـە گیرانـی هـەردوو کاکەیشـی نەبـوو، چونکـە دوای ماوەیـەک لـە دوو کاتـی جیـاوازدا ئەوانیـش لـە بەندیخانـەوە دوو نامەیـان بـۆ ناردبـوو کاکـەی لەژێـر ئیمزاکەیـدا نووسـیبووی کەربـەلا. بەجـارێ بـاری دەروونـی سـروە ئاڵۆزتـر بـوو، بـەڵام سۆییە لەگـەڵ شیردانی منداڵەکەیدا لەسـەر پەرەمێـز و لـە تاوەیەکی گەورەدا ناوسـاجی سـوور دەکـردەوە، لەسـەرخۆ وتـی: خەمـت نەبـێ هـەر باوکـت و ئـەوان نیـن، هەرچەنـێ شـەوکەت وتـی باسـی مەکـە، بـەڵام دەڵـێ: هـەر لەم شـارە و هەولێـر و سلێمانی دەیـان خێـزان لـە کەسـوکاری (پ. م) گیـراون و لـە بەسـرە و عیمـارە بەنـدن، خـوا بیانگرێ خـۆ خـوا لەسـەر تاوانی هیچ کەسـێ کەسـێکی تـر ئـازار نـادات، هەمـوو کەسـێ خـۆی لـە تاوانـی خـۆی بەرپرسـە نـەک کەسـوکاری، خەمـت نەبـێ زۆرداری لـە ئەسـتووریدا پچـڕاوە و هـەروا بـووە.
خوێندنەکەی سـروە سووڕانەوە بوو لە خولگەیەکی بۆشـدا، چونکـە ئـەو هەمـوو ڕووداوە سـەختە بـۆ تەمەنـی ئـەو ئاسـایی نەبـوون، ئاسـۆی گەشـیان تەڵـخ کـرد، لـە تاقیکردنەوەی نیوەی سـاڵ و وەرزی دووەمیشـدا وەک پێویسـت نەبـوو، سـەردانەوەی بـۆ ماڵـەوە هەنـدێ دڵارامـی پـێ بەخشـی، چونکـە بـرا و خوشـکی لـەو بچووکتـر بەرگـەی خەمـی دووریـی بـاوک و دایکیـان گرتبـوو، دەبـوو ئەمیـش گوڕێـک بداتـە خـۆی و لـەوان بەهێزتـر بێـت، دەرەنجامـی قوتابخانـە و ڕووداوەکانیـش بەهەنـد وەرنەگرێـت (بـەڵام مـن هەمـوو ئازیزانـم لـە بەندیخانـەدا بـن، خوێنـدن و ئایینـدە بەمـن چـی)، ئەمـە وەڵامێکـی کـورت بـوو بـۆ خۆڕاگرتـن، تەنانـەت دوای کۆتایـی سـاڵی خوێندنیش کاتـێ چوونـە سـەردانیان لەنێوان شیشـەکانی دەرگای بەندیخانەکـەوە، بێجگـە لـە فرمێسـک هیچـی دیکـەی بـۆ نەهـات دەربـبڕێ، چونکـە هەموویـان (گیـراوەکان) دەیانزانـی لەچـی ڕەوشـێکدایە و باسـی هیـچ و لۆمەشـیان نەکـرد.. کاکـە وتـی: گوێـی مـەدەرێ کاتـت زۆر لەپێشـە تـۆ منداڵـی، سـروە قسـەی بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـەی بیرکەوتـەوە و هاتـە قسـە و وتـی: بـەڵام بەڕێوەرەکەمـان دەڵـێ: لـە تەسـکەرەکەتدا بـە هەڵـە بـە منـداڵ نووسـراوی، لـەڕووی یاساییەوە هەڵەیـە دەبـێ بگۆڕدرێـت دوو سـاڵ گەورەتـر بکرێیتـەوە. کاکـە وتـی: دوو سـاڵیش گـەورە بکرێیتـەوە تـۆ هـەر منداڵـی و هیـچ ڕێگرییـەک نییـە بـۆ ئـەوەی درێـژە بـە خوێنـدن بدەیـت، کاتێـک سـروە دڵخـۆش و ئاسـایی بـووەوە پۆلیسـەکان بـە زڕەی کلیـل و تەقـەی دەرگا دیدارەکەیـان کۆتایـی پـێ هێنـا و (کاتـی دیـداری تـەواو) لەیەکیـان دابڕیـن.



# مردن لە دەروونمدا دەژی تا نەمر ببمەوە

ژیار جەهانفەرد
لە کوردیی کەڵهوڕییەوە: هەژیر هاشمی
(ئەڵمانیا)

٧٢

پێش ئەوەی بمرم، هەردەم ترسی ئەوەم لە دڵدا بوو ئەم جارە لە جارانی تر چارەم ڕەشتر بێت، پێش ئەوەی بمرم، مردنەکانی پێشووم وەک ڕۆژی ڕوون لە پێش چاو بوون، نازانم بۆ ئەمەم گوت، ئەم جارە نە چاوێکم هەبوو بۆ بینین و نە لاقێکم هەبوو بۆ ڕۆشتن، لە کونجی ژوورەکەوە گرمۆڵە بووبووم و پەنام بردبووە سووچ و تاقێک کە نەها دە ساڵە لەبەردەم دەلاقەکەی لەدایک بووم.

زۆرێک لە بەدیهاتن و مردنەکانم لە بیرە، هەر چەن مردن نییە، هەرچەن هەر جار ئاواتم دەخواست لە دایک بم، بەڵام ئەم جارە ئیدی ماندوو بووم و پێم خۆشە بمرم، ئەگەرچی دەزانم مردن لە ڕێگام نییە، خۆزگەم بە مردن کە لە ناو دەچێت، خۆزگە مردن هەبوونێک با و لە ناو چووبا.

ئێستا چارەنووسی من بە گەردنی قەلەڕەشێکەوە گرێ دراوە کە نازانم لە کوێی دنیا ون بووە، زۆرێک لە بەدیهاتنەکانم وەک خەونێک لە بیرە، زۆربەی چارەنووسم لە نێو شاخی کەڵ و بزنە کێوییەکان بوو، جار بە جاریش لە ژێر پێستی گورگەکان، زۆربەی ژیانم بۆ پاراستنی چارەنووسم کە لای ئاژەڵەکان بوو، تەرخان کرد، ناو بە ناو لەگەڵ جەستەی دوایین کەس کە مردووە، قسە دەکەم و لێی دەپاڕێمەوە کە بۆ منت خستووەتە ئەم دوونی شەڕە.

١- ٤٦

(ئێستا بەم بۆنەوە لەم بەشەدا لەگەڵت قسە دەکەم، دەمەوێ لە زمانی خۆت لە نێو چیرۆکەکەم باس لە یەکەم بەدیهاتنت بکەی)

ئەگەرچی ئەمە یەکەم بەدیهاتنم بوو، بەڵام شمشێرم لە عەرشدا کاری دەکرد، زۆرینەی مرۆڤە دلێر و پێشڕەوەکان لەگەڵم بوون و هەرجارەی باس و خواسیان بۆ ژێر خستنی مرۆڤە گەمژە و دواکەوتووەکان، شان و شکۆ و باوەڕێک بوو کە لە وتارەکانی مندا هەبوو، ئەڵبەت ئەوەش پێ دەچێت لە باپیرانمان پێم گەیشتبێت کە بەم شەوکەتە گەیشتووم.

ڕەنگە ئەمە یەکەمین ئەزموونم لەسەر زەوی بووبێت، دنیا لە ژێر فەرمانم بوو، کاتێک وڵاتی خۆمانم بە جێهێشت و وڵاتی خاڵەکانم چەپاو کرد، چێژێکی خۆشی پێ بەخشیم، وڵاتانی دیکەمان بڕی، زۆرتر ددانەکانم تیژ بوونەوە، وڵاتخۆری وردە وردە بوو بە بەشێک لە ژیانی من و هاوڕێیانم شانبەشانی من چێژیان لێ دەبرد. زۆر لە ڕێبازەکەمان سەرکەوتوو بووین، بەرم پێوە نابوو کەس نەیدەوێرا پێشم لێ بگرێت، دنیا دنیای خۆم بوو، کاتێک سەرم کەوتە ناو تەشتێکی خوێن، بە گاوڵکێ بەسەریدا تێپەڕ بووم و سەگەکانی ئەو شارەم ڕاو نا.

(جارانی دیکەت بیر نییە کە ئاوەها بەدی هاتبێت و دنیا لە ژێر فەرمانت بووبێت ؟)

هەرچەن جارە سەرەتاییەکانم بو گێڕایتەوە، بەڵام لە دوای ٤٦ جاری تر دیسان سەر لە نوێ بەو هەڵسوکەوتەوە لە دنیایەکی دیکە لە دایک بووم، ئەم جارە نە تەنیا وڵاتی خۆمان، بەڵکوو زۆربەی دنیا لە ژێر فەرمانی شمشێرم بوون، کە مردیشم ئەوەندەی تر شمشێرەکەم تیژ بوویەوە.

شمشێر: ئەگەر ئێوە لە زمانی من بیگێڕنەوە کە منیش لە خواوەندی کاییناتەوە بەشم دراوە، دڵنیا بن کفر و نەهامەتی لە دنیادا بنبڕ دەبێت بۆ ئەوەی کە خودای سەر زەویش لە خودای ئاسمانەوە ئەم بەهرەیەی پێ دراوە.

١٣

ئەم جارەیان بە ددانی خوێنی لە دایک بووم، بەیانیان بە خوێنی گەرم گۆشیان دەکردم، لەگەڵ بەدیهاتنم، دایکم نەیهێشت بلوورێنم، دەسبەجێ هەندێک خوێنی گەرم کە لە گۆشتی بزنێکی حەوت ساڵان بوو، بەسەر زمانمدا چۆڕاندی و ددانەکانم لە ئارۆکانم بەرزتر هەڵهاتن، چوار ددانی پێشووم درێژتر لەوانی دیکە بوون، هیچ گۆشت و خوێنێک تێری نەدەکردم، تا ڕۆژێک لەسەر پەچەی پیاوێکی هەژارەوە کە هەموو سامانی چەن بزنێک بوو، ڕێبوارێک چاوی پێکەوتبووم و لە پەسارەوە بەردێکی تێ هاویشتم، تەنیا لوورەیەکم کرد و هەڵپڵۆسکام.

٥٤

کاتێک کەوتمە ناو گەڵاڵێکەوە و لە لێواری کانیاوێک، پەلم کێشا وەک بڵێی شەو ئاویان دابم، ڕۆژێکم بە مانگێک و مانگێکم بە ساڵێک تێ دەپەڕی، زۆر لە بوونەوەرەکان پارێزیان لێ دەکردم، زۆر بوونەوەریش قاویشیان دەکردم و هەڵیان دەهێنامەوە، ڕۆژێک ماینێکی دووگیان کە ژانی گرتبوو، هات و گوتی: لە مێژە دەم پارێزدەکەم و هیچ جۆرە گیایەکم نەخواردووە، ئێستا نازانم بۆ ئەوەندە تامەزرۆم و دەمەوێ چی زووتر تا سەر ڕیشە بتکرمێنم.

تەزییەک بەگیانمدا هات، بەڵام بڕوا بکە خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو، ڕاستە دەڵێن: تانەکەویتە تەنگانە، قەدری ژیان نازانی! ئەم مەودای بێدەنگییە بۆ من چارەساز بوو کە جارێکی تر بیر لە خۆم بکەمەوە، نە لە هیچ

کەسێکی دیکە، تەنانەت جارێکی تر بە خۆمدا بچمەوە و بزانم کێم و بە شێوەیەکی دیکە بژیم، لەم کاتەدا بوو کە بە ماینم گوت: ئەم جارە زۆر دڵخوشم ئاوەها ماینێکی ڕەسەن هاتووە و ئەوداڵی منە، ئەوەم گوت و دەسبەجێ لە گیانی ماییندا ئاوێتە بووم.

٥٥

دایکم ژانی بە منەوە گرتبوو و ئارامی لێ بڕابوو، لە لێوار ئاوێکی دوور لە ئینسانەکان لە دایک بووم، پاش حەوت ڕۆژ هەوساریان لە سەری دایکم نا و قاچی پاشوویان بەستم، من سەرشێتتر لە دایکم بووم، لە پێشەوەی ڕەوک غارم دەدا و بەرەو هەر دەرێک لە تاودان بووم. هاوڕێی ژنێک و دوو پیاو بووم، ڕۆژێک لە ڕۆژان کاتێک ئەو ژنە لەسەر تاشێکی بەرز جڵەوکێشم بوو، لاقمان خزا و لە بن دۆڵێک جەستەی من و ژن بوو بە یەک، ئەم جارە ڕوحێکی ئارامم هەبوو، دڵی کەسم نەڕەنجاندبوو.

٥٧، ٦٠، ٦١...

– (پێشتر باسی یەکەمین بەدیهاتنت کرد، دەمەوێ باس لە بوون و نەبوونەکانی دیکەشتم بۆ بکەی؟)

– مان ! نەمان ! ؟؟؟؟؟ مردن! ژیان!؟ هههههه زۆر پێکەنیناوییە! هەوڵ دەدەم هەندێک شت باس بکەم، بەڵام ڕاستیت بوێت، پێم خۆشە زیاتر باس لە مردنم بکەم تا بەدیهاتنم، چونکە زیاتر ئەوانەن لە یادەوەریم جێگیر کراون و باشتر دەتوانم لەسەریان بدوێم، بەڵام چیت لێ بشارمەوە، زمانی گێڕانەوەیانم نییە، حەز دەکەم لەگەڵ خۆم بیاننێژم، ئەگەرچی لەپاش هەموو نێژتنێک دیسانەوە دەژێمەوە، هەر بەم بۆنەوە دەمەوێ کورت و پوخت بڵێم: ئاگریان تێ بەردام، لە قووڕیان نام، دوای چل ڕۆژ گۆڕ بە گۆڕیان کردم، ئێسکیان بردم لە شوێنی دیکە ناشتیان. لەسەر قنگ و دەست بە چۆک لە چاڵیان نام، لەسەر لاوە پاڵیان خستمە ناو ماڵێکی تەسک، دەیانهاوێشتمە ناو لەشی کەسێکی تر، زۆر جار خورام و بوومە ژەمێکی کەسانی تر، بۆ ئەوەی کە نەمێنم، هەرجار ژیامەوە و هەر جاریش داترووسکام، بەڵام چی بکەم چارەم نییە!

٦٥

لە مردن باش لە بیرمە ئەو ئێوارانە کە لەسەر جێگەکەم بووم، دایکم بە باوکمی گوت:
– بەندی جەرگم بڕاوە، بەرگەی دووری ناگرم.
خوشکم: بەڵام چی بکەین، خواگیان ئاوەها ڕازی بووە، ئینشائەڵڵا بە بەهەشتی بەرین شاد بێتەوە، هەر بەم بۆنەوە دەبێ حەڵوایەکی زۆری بۆ بکەین بە خێر، فاتیحەیەکی زۆری بۆ بنێرین.
باوکم : من بەڵێنم داوە چل ملیۆن بدەم بە کەسێکی ئیماندار و داوێن پاک کە نوێژە قەزاکانی بۆ بگێڕێتەوە.
ئەمانە وتەی کەسێکی نوێژقایمە کە ئەم ئێوارەیە لە بن گوێم باسی دەکرد.
– وایە باوکە ڕاستە، بێگومان ئاوەها ڕوحی دەچێتە بەهەشتی بەرین.
– بەڵێ ئازیزم، ئەگەر براکەشت لە ژیاندا هەندێ جار خەڵەتابێ، خواگیان لێی خۆش دەبێ.
– باوکە من زۆر کتێبم خوێندووە، هیچ وەکوو نوێژی دوای مردوو کاریگەر نییە، جیا لەوەی کە چەندیش پاداشتی خێری هەیە. یەکسەر بە بێ پردی سیرات و لێپرسینەوە دەچێتە بەهەشت، چونکە هەر ئەم نوێژ و دوعا و فاتیحەی دوای مردنە دەڕوانێتە نزا و نزوولەکانی و هەموو گوناحەکانی دەسڕێتەوە.

- کەواتە ئێستا کە دڵنیات کردم، دەبێ گەورەترین پرسەی دنیای بۆ ڕێک خەین و هەموو ئەو خەڵکە فاتیحەی بۆ بنێرن!

٧٢

لەم ساتەدا کە ئەم باسەتان بۆ دەکەم، لەسەر جێگایەک گرمۆڵەم و ڕۆژێ سێ جار بۆ خاوێن کردنەوە، هەڵگێڕ و وەرگێڕم دەکەن.

ئێواران کە ماڵی باوکم پڕ لە میوان دەبێت، دەمبەن و دەمخەنە ژوورێکی پشتەوە، تەنانەت ناهێڵن کەس لە دەرەوەی ئەو ماڵە بمبینێت، ڕاستە کە من چاوم نییە بۆ بینینیان، بەڵام گوێم هەیە بۆ بیستنی قسەکانیان، لە دوای ئەوەی کە ماڵمان چۆڵ دەبێت، باوکم بە خوشکە گەورەکەم دەڵێت: ڕۆڵە دەستوبرد بکە پیرەزا بهێنە ئەم دیو با سەرما نەییات.

جاربەجار لە ماڵمان دەبێتە ژاوەژاو، هەرکەس قسەی خۆی دەکات، لە بیرمە ڕۆژێک خوشکە گەورەکەم لە ژوور سەرم دانیشتبوو بە کاوەخۆ گوتی: دایە گیان، ساڵانی ساڵە دڵم پڕە، شەو نییە بە ئاسوودەیی سەر بنێمەوە، ئەگەر من پێداگریم لەسەرت نەدەکرد و هانم نەدەدایت کە لەم ئاخیری تەمەنەوە لە باری ببەیت، ئەم چارەڕەشەمان...!

دایکم ڕاچەڵەکا و گوتی: ڕۆڵە ئەمە قسمەت و نسیبە، هەر دوێنێ لە پرسەی خاڵۆ سایە، مەلەک سوڵتانم پێ گەیشت، خۆشت دەزانی زانای گوندەکەمانە، دڵنیای کردم پیرەزا هەر وایە، ئەگەر پیرەزا نەبایە دڵنیا بە...

هەردوویان بەسەریەکدا دەستیان بە گریان کرد و شین و شەپۆڕیان بۆ دەگێڕام، باوکم لە ژوورەکەی ترەوە هاتە دەنگ و گوتی: پێ دەچێت ئەمە تاوانی باپیرانمان بێت، ئێمە لە دینی خۆمان هەڵگەڕاوین کە ئاوامان بەسەردا دێت، ئەوە دە ساڵە دەڵێم با بگەڕێینەوە بۆ سەر هێڵی خۆمان، ئێوە خۆ قسەتان بە گوێدا ناچێت! ئەوە دە بۆ پازدە ساڵە وەک سەگ دەحەپێنم، بەڵام کەس گوێم بۆ ڕا ناگرێت.

لە دڵمەوە پێیان پێدەکەنیم و جاربەجاریش ڕقم هەڵدەستا، بەڵام ئەمە هەموو ڕاستییەکە نییە، هیچ کەس ڕاستی نازانێت، پێ دەچێت هەر بەو جۆرەی باپیری باوکم لە شەست و نۆیەمین بەدیهاتنم گوتی: «مرۆڤەکان دەسکەوتی ژیان و مردنەکانی پێشوویانن»، بەڵام هیچ جارێک لەم ٧٢ جارەدا بۆم ڕوون نەبووەوە کە من دەسکەوتی ژیانی پێشووم، یان نیم، بەڵام باش دەزانم جاربەجار دەبمە گیانەوەرێک و گیانەوەرێکی تر دەمخوات و جاربەجاریش گیانەوەرێکم کە زیندەوەرەکانی دیکە هەڵدەدڕم؟

(سفر)

لەبەر ئەوە سفر هەڵدەبژێرم کە تەنیا سفرە دەتوانێ ژیان و نەمانم باس بکات، هەر بەم هۆیەشەوە نازانم ئەو بیرەوەرییانە کە دێنە خەیاڵم و مردن و ژیانە یەک لە دوای یەکەکان کە دێنە بەرچاوم، ڕاستە، یان خەیاڵ، لە خەودام، یان بێدارم، بەڵام ٧٢ کەس گەمارۆیان داوم و ئازارم دەدەن، هەڵبەت خۆیشم یەکێک هەر لەوانەم، هەر ئەم ٧٢ کەسە ١٠٠٠٠٠٠٠ بەرابەر دەبوونەوە و چنگیان لە قورگم گیر کرد، هەر لەم ساتەدا کە لە دایک دەبم و دەمرم، لە پەسا دەژیم و دەمرم، لە پەسا ئاگرم پێوەدەنێن و دەمخەنە بەرحەیوانەکان، دەمنێژن و هێشتا هەناسە دەدەم...

مونشن- ٢٠١٨



# مردن لە دەروونمدا دەژی تا نەمر ببمەوە

ژیار جەهانفەرد
لە کوردیی کەڵهوڕییەوە: هەژیر هاشمی
(ئەڵمانیا)

٧٢

پێش ئەوەی بمرم، هەردەم ترسی ئەوەم لە دڵدا بوو ئەم جارە لە جارانی تر چارەم ڕەشتر بێت، پێش ئەوەی بمرم، مردنەکانی پێشووم وەک ڕۆژی ڕوون لە پێش چاو بوون، نازانم بۆ ئەمەم گوت، ئەم جارە نە چاوێکم هەبوو بۆ بینین و نە لاقێکم هەبوو بۆ ڕۆشتن، لە کونجی ژوورەکەوە گرمۆڵە بووبووم و پەنام بردبووە سووچ و تاقێک کە نەها دە ساڵە لەبەردەم دەلاقەکەی لەدایک بووم.

زۆرێک لە بەدیهاتن و مردنەکانم لە بیرە، هەر چەن مردن نییە، هەرچەن هەر جار ئاواتم دەخواست لە دایک بم، بەڵام ئەم جارە ئیدی ماندوو بووم و پێم خۆشە بمرم، ئەگەرچی دەزانم مردن لە ڕێگام نییە، خۆزگەم بە مردن کە لە ناو دەچێت، خۆزگە مردن هەبوونێک با و لە ناو چووبا.

ئێستا چارەنووسی من بە گەردنی قەلەڕەشێکەوە گرێ دراوە کە نازانم لە کوێی دنیا ون بووە، زۆرێک لە بەدیهاتنەکانم وەک خەونێک لە بیرە، زۆربەی چارەنووسم لە نێو شاخی کەڵ و بزنە کێوییەکان بوو، جار بە جاریش لە ژێر پێستی گورگەکان، زۆربەی ژیانم بۆ پاراستنی چارەنووسم کە لای ئاژەڵەکان بوو، تەرخان کرد، ناو بە ناو لەگەڵ جەستەی دوایین کەس کە مردووە، قسە دەکەم و لێی دەپاڕێمەوە کە بۆ منت خستووەتە ئەم دوونی شەڕە.

١- ٤٦

(ئێستا بەم بۆنەوە لەم بەشەدا لەگەڵت قسە دەکەم، دەمەوێ لە زمانی خۆت لە نێو چیرۆکەکەم باس لە یەکەم بەدیهاتنت بکەی)

ئەگەرچی ئەمە یەکەم بەدیهاتنم بوو، بەڵام شمشێرم لە عەرشدا کاری دەکرد، زۆرینەی مرۆڤە دلێر و پێشڕەوەکان لەگەڵم بوون و هەرجارەی باس و خواسیان بۆ ژێر خستنی مرۆڤە گەمژە و دواکەوتووەکان، شان و شکۆ و باوەڕێک بوو کە لە وتارەکانی مندا هەبوو، ئەڵبەت ئەوەش پێ دەچێت لە باپیرانمان پێم گەیشتبێت کە بەم شەوکەتە گەیشتووم.

ڕەنگە ئەمە یەکەمین ئەزموونم لەسەر زەوی بووبێت، دنیا لە ژێر فەرمانم بوو، کاتێک وڵاتی خۆمانم بە جێهێشت و وڵاتی خاڵەکانم چەپاو کرد، چێژێکی خۆشی پێ بەخشیم، وڵاتانی دیکەمان بڕی، زۆرتر ددانەکانم تیژ بوونەوە، وڵاتخۆری وردە وردە بوو بە بەشێک لە ژیانی من و هاوڕێیانم شانبەشانی من چێژیان لێ دەبرد.

زۆر لە ڕێبازەکەمان سەرکەوتوو بووین، بەرەم پێوە نابوو کەس نەیدەوێرا پێشم لێ بگرێت، دنیا دنیای خۆم بوو، کاتێک سەرم کەوتە ناو تەشتێکی خوێن، بە گاوڵکێ بەسەریدا تێپەڕ بووم و سەگەکانی ئەو شارەم ڕاو نا.

(جارانی دیکەت بیر نییە کە ئاوەها بەدی هاتبێت و دنیا لە ژێر فەرمانت بووبێت ؟)

هەرچەن جارە سەرەتاییەکانم بو گێڕایتەوە، بەڵام لە دوای ٤٦ جاری تر دیسان سەر لە نوێ بەو هەڵسوکەوتەوە لە دنیایەکی دیکە لە دایک بووم، ئەم جارە نە تەنیا وڵاتی خۆمان، بەڵکوو زۆربەی دنیا لە ژێر فەرمانی شمشێرم بوون، کە مردیشم ئەوەندەی تر شمشێرەکەم تیژ بوویەوە.

شمشێر: ئەگەر ئێوە لە زمانی من بیگێڕنەوە کە منیش لە خواوەندی کایناتەوە بەشم دراوە، دڵنیا بن کفر و نەهامەتی لە دنیادا بنبڕ دەبێت بۆ ئەوەی کە خودای سەر زەویش لە خودای ئاسمانەوە ئەم بەهرەیەی پێ دراوە.

١٣

ئەم جارەیان بە ددانی خوێنی لە دایک بووم، بەیانیان بە خوێنی گەرم گۆشیان دەکردم، لەگەڵ بەدیهاتنم، دایکم نەیهێشت بلوورێنم، دەسبەجێ هەندێک خوێنی گەرم کە لە گۆشتی بزنێکی حەوت ساڵان بوو، بەسەر زمانمدا چۆڕاندی و ددانەکانم لە ئارۆکانم بەرزتر هەڵهاتن، چوار ددانی پێشووم درێژتر لەوانی دیکە بوون، هیچ گۆشت و خوێنێک تێری نەدەکردم، تا ڕۆژێک لەسەر پەچەی پیاوێکی هەژارەوە کە هەموو سامانی چەن بزنێک بوو، ڕێبوارێک چاوی پێکەوتبووم و لە پەسارەوە بەردێکی تێ هاویشتم، تەنیا لوورەیەکم کرد و هەڵپلۆسکام.

٥٤

کاتێک کەوتمە ناو گەڵاڵێکەوە و لە لێواری کانیاوێک، پەلم کێشا وەک بڵێی شەو ئاویان دابم، ڕۆژێکم بە مانگێک و مانگێکم بە ساڵێک تێ دەپەڕی، زۆر لە بوونەوەرەکان پارێزیان لێ دەکردم، زۆر بوونەوەریش قاویشیان دەکردم و هەڵیان دەهێنامەوە، ڕۆژێک ماینێکی دووگیان کە ژانی گرتبوو، هات و گوتی: لە مێژە دەم پارێزدەکەم و هیچ جۆرە گیایەکم نەخواردووە، ئێستا نازانم بۆ ئەوەندە تامەزرۆم و دەمەوێ چی زووتر تا سەر ڕیشە بتکرمێنم.

تەزییەک بەگیانمدا هات، بەڵام بڕوا بکە خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو، ڕاستە دەڵێن: تانەکەویتە تەنگانە، قەدری ژیان نازانی! ئەم مەودای بێدەنگییە بۆ من چارەساز بوو کە جارێکی تر بیر لە خۆم بکەمەوە، نە لە هیچ

کەسێکی دیکە، تەنانەت جارێکی تر بە خۆمدا بچمەوە و بزانم کێم و بە شێوەیەکی دیکە بژیم، لەم کاتەدا بوو کە بە ماینم گوت: ئەم جارە زۆر دڵخۆشم ئاوەها ماینێکی ڕەسەن هاتووە و ئەودالی منە، ئەوەم گوت و دەسبەجێ لە گیانی ماییندا ئاوێتە بووم.

٥٥

دایکم ژانی بە منەوە گرتبوو و ئارامی لێ براببوو، لە لێوار ئاوێکی دوور لە ئینسانەکان لە دایک بووم، پاش حەوت ڕۆژ هەوساریان لە سەری دایکم نا و قاچی پاشوویان بەستم، من سەرشێتتر لە دایکم بووم، لە پێشەوەی ڕەوک غارم دەدا و بەرەو هەر دەرێک لە تاودان بووم. هاوڕێی ژنێک و دوو پیاو بووم، ڕۆژێک لە ڕۆژان کاتێک ئەو ژنە لەسەر تاشێکی بەرز جڵەوکێشم بوو، لاقمان خزا و لە بن دۆڵێک جەستەی من و ژن بوو بە یەک، ئەم جارە ڕوحێکی ئارامم هەبوو، دڵی کەسم نەڕەنجاندبوو.

٥٧، ٦٠، ٦١...

– (پێشتر باسی یەکەمین بەدیهاتنت کرد، دەمەوێ باس لە بوون و نەبوونەکانی دیکەشتم بۆ بکەی؟)

– مان ! نەمان ! ؟؟؟؟؟ مردن! ژیان!؟ هەههههە زۆر پێکەنیناوییە! هەوڵ دەدەم هەندێک شت باس بکەم، بەڵام ڕاستیت بوێت، پێم خۆشە زیاتر باس لە مردنم بکەم تا بەدیهاتنم، چونکە زیاتر ئەوانەن لە یادەوەریم جێگیر کراون و باشتر دەتوانم لەسەریان بدوێم، بەڵام چیت لێ بشارمەوە، زمانی گێڕانەوەیانم نییە، حەز دەکەم لەگەڵ خۆم بیانئێژم، ئەگەرچی لەپاش هەموو نێژتنێک دیسانەوە دەژیمەوە، هەر بەم بۆنەوە دەمەوێ کورت و پوخت بڵێم: ئاگریان تێ بەردام، لە قووڕیان نام، دوای چل ڕۆژ گۆڕ بە گۆڕیان کردم، ئێسکیان بردم لە شوێنی دیکە ناشتیان. لەسەر قنگ و دەست بە چۆک لە چاڵیان نام، لەسەر لاوە پاڵیان خستمە ناو ماڵێکی تەسک، دەیانهاوێشتمە ناو لەشی کەسێکی تر، زۆر جار خورام و بوومە ژەمێکی کەسانی تر، بۆ ئەوەی کە نەمێنم، هەرجار ژیامەوە و هەر جاریش داترووسکام، بەڵام چی بکەم چارەم نییە!

٦٥

لە مردن باش لە بیرمە ئەو ئێوارانە کە لەسەر جێگەکەم بووم، دایکم بە باوکمی گوت:

– بەندی جەرگم بڕاوە، بەرگەی دووری ناگرم. خوشکم: بەڵام چی بکەین، خواگیان ئاوەها ڕازی بووە، ئینشائەڵڵا بە بەهەشتی بەرین شاد بێتەوە، هەر بەم بۆنەوە دەبێ حەڵوایەکی زۆری بۆ بکەین بە خێر، فاتیحەیەکی زۆری بۆ بنێرین.

باوکم : من بەڵێنم داوە چل ملیۆن بدەم بە کەسێکی ئیماندار و داوێن پاک کە نوێژە قەزاکانی بۆ بگێڕێتەوە.

ئەمانە وتەی کەسێکی نوێژقایمە کە ئەم ئێوارەیە لە بن گوێم باسی دەکرد.

– وایە باوکە ڕاستە، بێگومان ئاوەها ڕوحی دەچێتە بەهەشتی بەرین.

– بەڵێ ئازیزم، ئەگەر براکەشت لە ژیاندا هەندێ جار خەڵەتابێ، خواگیان لێی خۆش دەبێ.

– باوکە من زۆر کتێبم خوێندووە، هیچ وەکوو نوێژی دوای مردوو کاریگەر نییە، جیا لەوەی کە چەندیش پاداشتی خێری هەیە. یەکسەر بە بێ پردی سیرات و لێپرسینەوە دەچێتە بەهەشت، چونکە هەر ئەم نوێژ و دوعا و فاتیحەی دوای مردنە دەڕوانێتە نزا و نزوولەکانی و هەموو گوناحەکانی دەسڕێتەوە.

- کەواتە ئێستا کە دڵنیات کردم، دەبێ گەورەترین پرسەی دنیای بۆ ڕێک خەین و هەموو ئەو خەڵکە فاتیحەی بۆ بنێرن!

٧٢

لەم ساتەدا کە ئەم باسەتان بۆ دەکەم، لەسەر جێگایەک گرمۆڵەم و ڕۆژێ سێ جار بۆ خاوێن کردنەوە، هەڵگێڕ و وەرگێڕم دەکەن.

ئێواران کە ماڵی باوکم پڕ لە میوان دەبێت، دەمبەن و دەمخەنە ژوورێکی پشتەوە، تەنانەت ناهێڵن کەس لە دەرەوەی ئەو ماڵە بمبینێت، ڕاستە کە من چاوم نییە بۆ بینینیان، بەڵام گوێم هەیە بۆ بیستنی قسەکانیان، لە دوای ئەوەی کە ماڵمان چۆڵ دەبێت، باوکم بە خوشکە گەورەکەم دەڵێت: ڕۆڵە دەستوبرد بکە پیرەزا بهێنە ئەم دیو با سەرما نەییات.

جاربەجار لە ماڵمان دەبێتە ژاوەژاو، هەرکەس قسەی خۆی دەکات، لە بیرمە ڕۆژێک خوشکە گەورەکەم لە ژوور سەرم دانیشتبوو بە کاوەخۆ گوتی: دایە گیان، ساڵانی ساڵە دڵم پڕە، شەو نییە بە ئاسوودەیی سەر بنێمەوە، ئەگەر من پێداگریم لەسەرت نەدەکرد و هانم نەدەدایت کە لەم ئاخیری تەمەنەوە لە باری ببەیت، ئەم چارەڕەشەمان...!

دایکم ڕاچەڵەکا و گوتی: ڕۆڵە ئەمە قسمەت و نسیبە، هەر دوێنێ لە پرسەی خاڵۆ سایە، مەلەک سوڵتانم پێ گەیشت، خۆشت دەزانی زانای گوندەکەمانە، دڵنیای کردم پیرەزا هەر وایە، ئەگەر پیرەزا نەبایە دڵنیا بە...

هەردوویان بەسەریەکدا دەستیان بە گریان کرد و شین و شەپۆڕیان بۆ دەگێڕام، باوکم لە ژوورەکەی ترەوە هاتە دەنگ و گوتی: پێ دەچێت ئەمە تاوانی باپیرانمان بێت، ئێمە لە دینی خۆمان هەڵگەڕاوین کە ئاوامان بەسەردا دێت، ئەوە دە ساڵە دەڵێم با بگەڕێینەوە بۆ سەر هێڵی خۆمان، ئێوە خۆ قسەتان بە گوێدا ناچێت! ئەوە دە بۆ پازدە ساڵە وەک سەگ دەحەپێنم، بەڵام کەس گوێم بۆ ڕا ناگرێت.

لە دڵمەوە پێیان پێدەکەنیم و جاربەجاریش ڕقم هەڵدەستا، بەڵام ئەمە هەموو ڕاستییەکە نییە، هیچ کەس ڕاستی نازانێت، پێ دەچێت هەر بەو جۆرەی باپیری باوکم لە شەست و نۆیەمین بەدیهاتنم گوتی: «مرۆڤەکان دەسکەوتی ژیان و مردنەکانی پێشوویانن»، بەڵام هیچ جارێک لەم ٧٢ جارەدا بۆم ڕوون نەبووەوە کە من دەسکەوتی ژیانی پێشووم، یان نیم، بەڵام باش دەزانم جاربەجار دەبمە گیانەوەرێک و گیانەوەرێکی تر دەمخوات و جاربەجاریش گیانەوەرێکم کە زیندەوەرەکانی دیکە هەڵدەدڕم؟

(سفر)

لەبەر ئەوە سفر هەڵدەبژێرم کە تەنیا سفرە دەتوانێ ژیان و نەمانم باس بکات، هەر بەم هۆیەشەوە نازانم ئەو بیرەوەرییانە کە دێنە خەیاڵم و مردن و ژیانە یەک لە دوای یەکەکان کە دێنە بەرچاوم، ڕاستە، یان خەیاڵ، لە خەودام، یان بێدارم، بەڵام ٧٢ کەس گەمارۆیان داوم و ئازارم دەدەن، هەڵبەت خۆیشم یەکێک هەر لەوانەم، هەر ئەم ٧٢ کەسە ١٠٠٠٠٠٠٠ بەرابەر دەبوونەوە و چنگیان لە قورگم گیر کرد، هەر لەم ساتەدا کە لە دایک دەبم و دەمرم، لە پەسا دەژیم و دەمرم، لە پەسا ئاگرم پێوەدەنێن و دەمخەنە بەرحەیوانەکان، دەمنێژن و هێشتا هەناسە دەدەم...

مونشن- ٢٠١٨



# مردن لە دەروونمدا دەژی
# تا نەمر ببمەوە

ژیار جەهانفەرد
لە کوردیی کەڵهوڕییەوە: هەژیر هاشمی
(ئەڵمانیا)

٧٢

پێش ئەوەی بمرم، هەردەم ترسی ئەوەم لە دڵدا بوو ئەم جارە لە جارانی تر چارەم ڕەشتر بێت، پێش ئەوەی بمرم، مردنەکانی پێشووم وەک ڕۆژی ڕوون لە پێش چاو بوون، نازانم بۆ ئەمەم گوت، ئەم جارە نە چاوێکم هەبوو بۆ بینین و نە لاقێکم هەبوو بۆ ڕۆشتن، لە کونجی ژوورەکەوە گرمۆڵە بووبووم و پەنام بردبووە سووچ و تاقێک کە نەها دە ساڵە لەبەردەم دەلاقەکەی لەدایک بووم.

زۆرێک لە بەدیهاتن و مردنەکانم لە بیرە، هەر چەن مردن نییە، هەرچەن هەر جار ئاواتم دەخواست لە دایک بم، بەڵام ئەم جارە ئیدی ماندوو بووم و پێم خۆشە بمرم، ئەگەرچی دەزانم مردن لە ڕێگام نییە، خۆزگەم بە مردن کە لە ناو دەچێت، خۆزگە مردن هەبوونێک با و لە ناو چووبا.

ئێستا چارەنووسی من بە گەردنی قەلەڕەشێکەوە گرێ دراوە کە نازانم لە کوێی دنیا ون بووە، زۆرێک لە بەدیهاتنەکانم وەک خەونێک لە بیرە، زۆربەی چارەنووسم لە نێو شاخی کەڵ و بزنە کێوییەکان بوو، جار بە جاریش لە ژێر پێستی گورگەکان، زۆربەی ژیانم بۆ پاراستنی چارەنووسم کە لای ئاژەڵەکان بوو، تەرخان کرد، ناو بە ناو لەگەڵ جەستەی دوایین کەس کە مردووە، قسە دەکەم و لێی دەپاڕێمەوە کە بۆ منت خستووەتە ئەم دوونی شەڕە.

١- ٤٦

(ئێستا بەم بۆنەوە لەم بەشەدا لەگەڵت قسە دەکەم، دەمەوێ لە زمانی خۆت لە نێو چیرۆکەکەم باس لە یەکەم بەدیهاتنت بکەی)

ئەگەرچی ئەمە یەکەم بەدیهاتنم بوو، بەڵام شمشێرم لە عەرشدا کاری دەکرد، زۆرینەی مرۆڤە دلێر و پێشڕەوەکان لەگەڵم بوون و هەرجارەی باس و خواسیان بۆ ژێر خستنی مرۆڤە گەمژە و دواکەوتووەکان، شان و شکۆ و باوەڕێک بوو کە لە وتارەکانی مندا هەبوو، ئەڵبەت ئەوەش پێ دەچێت لە باپیرانمان پێم گەیشتبێت کە بەم شەوکەتە گەیشتووم.

ڕەنگە ئەمە یەکەمین ئەزموونم لەسەر زەوی بووبێت، دنیا لە ژێر فەرمانم بوو، کاتێک وڵاتی خۆمانم بە جێهێشت و وڵاتی خاڵەکانم چەپاو کرد، چێژێکی خۆشی پێ بەخشیم، وڵاتانی دیکەمان بڕی، زۆرتر ددانەکانم تیژ بوونەوە، وڵاتخۆری وردە وردە بوو بە بەشێک لە ژیانی من و هاوڕێیانم شانبەشانی من چێژیان لێ دەبرد. زۆر لە ڕێبازەکەمان سەرکەوتوو بووین، بەرم پێوە نابوو کەس نەیدەوێرا پێشم لێ بگرێت، دنیا دنیای خۆم بوو، کاتێک سەرم کەوتە ناو تەشتێکی خوێن، بە گاوڵکێ بەسەریدا تێپەڕ بووم و سەگەکانی ئەو شارەم ڕاو نا.

(جارانی دیکەت بیر نییە کە ئاوەها بەدی هاتبێت و دنیا لە ژێر فەرمانت بووبێت ؟)

هەرچەن جارە سەرەتاییەکانم بو گێڕایتەوە، بەڵام لە دوای ٤٦ جاری تر دیسان سەر لە نوێ بەو هەڵسوکەوتەوە لە دنیایەکی دیکە لە دایک بووم، ئەم جارە نە تەنیا وڵاتی خۆمان، بەڵکوو زۆربەی دنیا لە ژێر فەرمانی شمشێرم بوون، کە مردیشم ئەوەندەی تر شمشێرەکەم تیژ بوویەوە.

شمشێر: ئەگەر ئێوە لە زمانی من بیگێڕنەوە کە منیش لە خواوەندی کاییناتەوە بەشم دراوە، دڵنیا بن کفر و نەهامەتی لە دنیادا بنبڕ دەبێت بۆ ئەوەی کە خودای سەر زەویش لە خودای ئاسمانەوە ئەم بەهرەیەی پێ دراوە.

١٣

ئەم جارەیان بە ددانی خوێنی لە دایک بووم، بەیانیان بە خوێنی گەرم گۆشیان دەکردم، لەگەڵ بەدیهاتنم، دایکم نەیهێشت بلوورێنم، دەسبەجێ هەندێک خوێنی گەرم کە لە گۆشتی بزنێکی حەوت ساڵان بوو، بەسەر زمانمدا چۆڕاندی و ددانەکانم لە ئارۆکانم بەرزتر هەڵهاتن، چوار ددانی پێشووم درێژتر لەوانی دیکە بوون، هیچ گۆشت و خوێنێک تێری نەدەکردم، تا ڕۆژێک لەسەر پەچەی پیاوێکی هەژارەوە کە هەموو سامانی چەن بزنێک بوو، ڕێبوارێک چاوی پێکەوتبووم و لە پەسارەوە بەردێکی تێ هاویشتم، تەنیا لوورەیەکم کرد و هەڵپلۆسکام.

٥٤

کاتێک کەوتمە ناو گەڵاڵێکەوە و لە لێواری کانیاوێک، پەلم کێشا وەک بڵێی شەو ئاویان دابم، ڕۆژێکم بە مانگێک و مانگێکم بە ساڵێک تێ دەپەڕی، زۆر لە بوونەوەرەکان پارێزیان لێ دەکردم، زۆر بوونەوەریش قاویشیان دەکردم و هەڵیان دەهێنامەوە، ڕۆژێک ماینێکی دووگیان کە ژانی گرتبوو، هات و گوتی: لە مێژە دەم پارێزدەکەم و هیچ جۆرە گیایەکم نەخواردووە، ئێستا نازانم بۆ ئەوەندە تامەزرۆم و دەمەوێ چی زووتر تا سەر ڕیشە بتکرمێنم.

تەزییەک بەگیانمدا هات، بەڵام بڕوا بکە خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو، ڕاستە دەڵێن: تانەکەویتە تەنگانە، قەدری ژیان نازانی! ئەم مەودای بێدەنگییە بۆ من چارەساز بوو کە جارێکی تر بیر لە خۆم بکەمەوە، نە لە هیچ

کەسێکی دیکە، تەنانەت جارێکی تر بە خۆمدا بچمەوە و بزانم کێم و بە شێوەیەکی دیکە بژیم، لەم کاتەدا بوو کە بە ماینم گوت: ئەم جارە زۆر دڵخۆشم ئاوەها ماینێکی ڕەسەن هاتووە و ئەوداڵی منە، ئەوەم گوت و دەسبەجێ لە گیانی ماییندا ئاوێتە بووم.

٥٥

دایکم ژانی بە منەوە گرتبوو و ئارامی لێ بڕابوو، لە لێوار ئاوێکی دوور لە ئینسانەکان لە دایک بووم، پاش حەوت ڕۆژ هەوساریان لە سەری دایکم نا و قاچی پاشوویان بەستم، من سەرشێتتر لە دایکم بووم، لە پێشەوەی ڕەوک غارم دەدا و بەرەو هەر دەرێک لە تاودان بووم. هاوڕێی ژنێک و دوو پیاو بووم، ڕۆژێک لە ڕۆژان کاتێک ئەو ژنە لەسەر تاشێکی بەرز جڵەوکێشم بوو، لاقمان خزا و لە بن دۆڵێک جەستەی من و ژن بوو بە یەک، ئەم جارە ڕوحێکی ئارامم هەبوو، دڵی کەسم نەڕەنجاندبوو.

٥٧، ٦٠، ٦١...

- (پێشتر باسی یەکەمین بەدیهاتنت کرد، دەمەوێ باس لە بوون و نەبوونەکانی دیکەشتم بۆ بکەی؟)

- مان ! نەمان ! ؟؟؟؟ مردن! ژیان!؟ هههههه زۆر پێکەنیناوییە! هەوڵ دەدەم هەندێک شت باس بکەم، بەڵام ڕاستیت بوێت، پێم خۆشە زیاتر باس لە مردنم بکەم تا بەدیهاتنم، چونکە زیاتر ئەوانەن لە یادەوەریم جێگیر کراون و باشتر دەتوانم لەسەریان بدوێم، بەڵام چیت لێ بشارمەوە، زمانی گێڕانەوەیانم نییە، حەز دەکەم لەگەڵ خۆم بیاننێژم، ئەگەرچی لەپاش هەموو نێژتنێک دیسانەوە دەژێمەوە، هەر بەم بۆنەوە دەمەوێ کورت و پوخت بڵێم: ئاگریان تێ بەردام، لە قووڕیان نام، دوای چل ڕۆژ گۆڕ بە گۆڕیان کردم، ئێسکیان بردم لە شوێنی دیکە ناشتیان. لەسەر قنگ و دەست بە چۆک لە چاڵیان نام، لەسەر لاوە پاڵیان خستمە ناو ماڵێکی تەسک، دەیانهاوێشتمە ناو لەشی کەسێکی تر، زۆر جار خورام و بوومە ژەمێکی کەسانی تر، بۆ ئەوەی کە نەمێنم، هەرجار ژیامەوە و هەر جاریش داترووسکام، بەڵام چی بکەم چارەم نییە!

٦٥

لە مردن باش لە بیرمە ئەو ئێوارانە کە لەسەر جێگەکەم بووم، دایکم بە باوکمی گوت:

- بەندی جەرگم بڕاوە، بەرگەی دووری ناگرم.

خوشکم: بەڵام چی بکەین، خواگیان ئاوەها ڕازی بووە، ئینشائەڵڵا بە بەهەشتی بەرین شاد بێتەوە، هەر بەم بۆنەوە دەبێ حەڵوایەکی زۆری بۆ بکەین بە خێر، فاتیحەیەکی زۆری بۆ بنێرین.

باوکم : من بەڵێنم داوە چل ملیۆن بدەم بە کەسێکی ئیماندار و داوێن پاک کە نوێژە قەزاکانی بۆ بگێڕێتەوە.

ئەمانە وتەی کەسێکی نوێژقایمە کە ئەم ئێوارەیە لە بن گوێم باسی دەکرد.

- وایە باوکە ڕاستە، بێگومان ئاوەها ڕوحی دەچێتە بەهەشتی بەرین.

- بەڵێ ئازیزم، ئەگەر براکەشت لە ژیاندا هەندێ جار خەڵەتابێ، خواگیان لێی خۆش دەبێ.

- باوکە من زۆر کتێبم خوێندووە، هیچ وەکوو نوێژی دوای مردوو کاریگەر نییە، جیا لەوەی کە چەندیش پاداشتی خێری هەیە. یەکسەر بە بێ پردی سیرات و لێپرسینەوە دەچیتە بەهەشت، چونکە هەر ئەم نوێژ و دوعا و فاتیحەی دوای مردنە دەڕوانێتە نزا و نزوولەکانی و هەموو گوناحەکانی دەسڕێتەوە.

- كەواتــە ئێســتا کــە دڵنیــات کــردم، دەبــێ گەورەتریــن پرســەی دنیــای بــۆ ڕێــک خەیــن و هەمــوو ئــەو خەڵکــە فاتیحــەی بــۆ بنێــرن!

٧٢

لــەم ســاتەدا کــە ئــەم باســەتان بــۆ دەکــەم، لەســەر جێگایەک گرمۆڵــەم و ڕۆژێ ســێ جار بۆ خاوێـن کردنــەوە، هەڵگێــڕ و وەرگێــڕم دەکــەن.

ئێواران کە ماڵــی باوکم پــڕ لە میوان دەبێت، دەمبــەن و دەمخەنــە ژوورێکــی پشــتەوە، تەنانــەت ناهێڵــن کــەس لــە دەرەوەی ئــەو ماڵــە بمبینێــت، ڕاســتە کــە مــن چــاوم نییــە بــۆ بینینیــان، بــەڵام گوێــم هەیــە بــۆ بیســتنی قســەکانیان، لــە دوای ئــەوەی کــە ماڵمــان چــۆڵ دەبێــت، باوکــم بــە خوشکە گەورەکــەم دەڵێت: ڕۆڵــە دەستوبرد بکە پیــرەزا بهێنــە ئــەم دیــو بــا ســەرما نەییــات.

جاربەجــار لــە ماڵمــان دەبێتــە ژاوەژاو، هەرکــەس قســەی خــۆی دەکات، لــە بیرمــە ڕۆژێــک خوشــکە گەورەکــەم لــە ژوور ســەرم دانیشــتبوو بــە کاوەخــۆ گوتــی: دایــە گیــان، ســاڵانی ســاڵە دڵــم پــڕە، شــەو نییــە بــە ئاســوودەیی ســەر بنێمــەوە، ئەگــەر مــن پێداگریــم لەســەرت نەدەکــرد و هانــم نەدەدایــت کــە لــەم ئاخیــری تەمەنــەوە لــە بــاری ببەیــت، ئــەم چارەڕەشــەمان...!

دایکــم ڕاچەڵــەکا و گوتــی: ڕۆڵــە ئەمــە قســمەت و نســیبە، هــەر دوێنــێ لــە پرســەی خاڵــۆ ســایە، مەلــەک ســوڵتانم پــێ گەیشــت، خۆشــت دەزانــی زانــای گوندەکەمانــە، دڵنیــای کــردم پیــرەزا هــەر وایــە، ئەگــەر پیــرەزا نەبایــە دڵنیــا بــە...

هەردوویــان بەســەریەکدا دەســتیان بــە گریــان کــرد و شــین و شــەپۆڕیان بــۆ دەگێــڕام، باوکــم لــە ژوورەکــەی تــرەوە هاتــە دەنــگ و گوتــی: پــێ دەچێــت ئەمــە تاوانــی باپیرانمــان بێــت، ئێمــە لــە دینــی خۆمــان هەڵگەڕاویــن کــە ئاوامــان بەســەردا دێــت، ئــەوە دە ســاڵە دەڵێــم بــا بگەڕێینــەوە بــۆ ســەر هێڵــی خۆمــان، ئێــوە خــۆ قســەتان بــە گوێــدا ناچێــت! ئــەوە دە بــۆ پــازدە ســاڵە وەک ســەگ دەحەپێنــم، بــەڵام کــەس گوێــم بــۆ ڕا ناگرێــت.

لــە دڵمــەوە پێیــان پێدەکەنیــم و جاربەجاریــش ڕقــم هەڵدەســتا، بــەڵام ئەمــە هەمــوو ڕاســتییەکە نییــە، هیــچ کــەس ڕاســتی نازانێــت، پــێ دەچێــت هــەر بــەو جــۆرەی باپیــری باوکــم لــە شەســت و نۆیەمیــن بەدیهاتنــم گوتــی: «مرۆڤــەکان دەســکەوتی ژیــان و مردنەکانــی پێشــوویانن»، بــەڵام هیــچ جارێــک لــەم ٧٢ جــارەدا بــۆم ڕوون نەبــووەوە کــە مــن دەســکەوتی ژیانــی پێشــووم، یــان نیــم، بــەڵام بــاش دەزانــم جاربەجــار دەبمــە گیانەوەرێــک و گیانەوەرێکــی تــر دەمخــوات و جاربەجاریــش گیانەوەرێکــم کــە زیندەوەرەکانــی دیکــە هەڵــدەدڕم؟

(سفر)

لەبــەر ئــەوە سفر هەڵدەبژێرم کە تەنیا سفرە دەتوانــێ ژیــان و نەمانــم بــاس بــکات، هــەر بــەم هۆیەشــەوە نازانــم ئــەو بیرەوەرییانــە کــە دێنــە خەیاڵــم و مــردن و ژیانــە یــەک لــە دوای یەکــەکان کــە دێنــە بەرچــاوم، ڕاســتە، یــان خەیــاڵ، لــە خــەودام، یــان بێــدارم، بــەڵام ٧٢ کــەس گەمارۆیان داوم و ئــازارم دەدەن، هەڵبــەت خۆیشــم یەکێــک هــەر لەوانــەم، هــەر ئــەم ٧٢ کەســە ١٠٠٠٠٠٠٠ بەرابــەر دەبوونــەوە و چنگیــان لــە قورگــم گیــر کــرد، هــەر لــەم ساتەدا کــە لــە دایک دەبــم و دەمــرم، لــە پەســا دەژیــم و دەمــرم، لــە پەســا ئاگــرم پێوەدەنێــن و دەمخەنــە بەرحەیوانــەکان، دەمنێــژن و هێشــتا هەناســە دەدەم...

مونشن- ٢٠١٨



# مردن لە دەروونمدا دەژی تا نەمر ببمەوە

ژیار جەهانفەرد
لە کوردیی کەڵهوڕییەوە: هەژیر هاشمی
(ئەڵمانیا)

٧٢

پێش ئەوەی بمرم، هەردەم ترسی ئەوەم لە دڵدا بوو ئەم جارە لە جارانی تر چارەم ڕەشتر بێت، پێش ئەوەی بمرم، مردنەکانی پێشووم وەک ڕۆژی ڕوون لە پێش چاو بوون، نازانم بۆ ئەمەم گوت، ئەم جارە نە چاوێکم هەبوو بۆ بینین و نە لاقێکم هەبوو بۆ ڕۆشتن، لە کونجی ژوورەکەوە گرمۆڵە بووبووم و پەنام بردبووە سووچ و تاقێک کە نەها دە ساڵە لەبەردەم دەلاقەکەی لەدایک بووم.

زۆرێک لە بەدیهاتن و مردنەکانم لە بیرە، هەر چەن مردن نییە، هەرچەن هەر جار ئاواتم دەخواست لە دایک بم، بەڵام ئەم جارە ئیدی ماندوو بووم و پێم خۆشە بمرم، ئەگەرچی دەزانم مردن لە ڕێگام نییە، خۆزگەم بە مردن کە لە ناو دەچێت، خۆزگە مردن هەبوونێک با و لە ناو چووبا.

ئێستا چارەنووسی من بە گەردنی قەلەڕەشێکەوە گرێ دراوە کە نازانم لە کوێی دنیا ون بووە، زۆرێک لە بەدیهاتنەکانم وەک خەونێک لە بیرە، زۆربەی چارەنووسم لە نێو شاخی کەڵ و بزنە کێوییەکان بوو، جار بە جاریش لە ژێر پێستی گورگەکان، زۆربەی ژیانم بۆ پاراستنی چارەنووسم کە لای ئاژەڵەکان بوو، تەرخان کرد، ناو بە ناو لەگەڵ جەستەی دوایین کەس کە مردووە، قسە دەکەم و لێی دەپاڕێمەوە کە بۆ منت خستووەتە ئەم دوونی شەڕە.

١- ٤٦

(ئێستا بەم بۆنەوە لەم بەشەدا لەگەڵت قسە دەکەم، دەمەوێ لە زمانی خۆت لە نێو چیرۆکەکەم باس لە یەکەم بەدیهاتنت بکەی)

ئەگەرچی ئەمە یەکەم بەدیهاتنم بوو، بەڵام شمشێرم لە عەرشدا کاری دەکرد، زۆرینەی مرۆڤە دلێر و پێشڕەوەکان لەگەڵم بوون و هەرجارەی باس و خواسیان بۆ ژێر خستنی مرۆڤە گەمژە و دواکەوتووەکان، شان و شکۆ و باوەڕێک بوو کە لە وتارەکانی مندا هەبوو، ئەڵبەت ئەوەش پێ دەچێت لە باپیرانمان پێم گەیشتبێت کە بەم شەوکەتە گەیشتووم.

ڕەنگە ئەمە یەکەمین ئەزموونم لەسەر زەوی بووبێت، دنیا لە ژێر فەرمانم بوو، کاتێک وڵاتی خۆمانم بە جێهێشت و وڵاتی خاڵەکانم چەپاو کرد، چێژێکی خۆشی پێ بەخشیم، وڵاتانی دیکەمان بڕی، زۆرتر ددانەکانم تیژ بوونەوە، وڵاتخۆری وردە وردە بوو بە بەشێک لە ژیانی من و هاوڕێیانم شانبەشانی من چێژیان لێ دەبرد. زۆر لە ڕێبازەکەمان سەرکەوتوو بووین، بەرم پێوە نابوو کەس نەیدەوێرا پێشم لێ بگرێت، دنیا دنیای خۆم بوو، کاتێک سەرم کەوتە ناو تەشتێکی خوێن، بە گاوڵکێ بەسەریدا تێپەڕ بووم و سەگەکانی ئەو شارەم ڕاو نا.

(جارانی دیکەت بیر نییە کە ئاوەها بەدی هاتبێت و دنیا لە ژێر فەرمانت بووبێت ؟)

هەرچەن جارە سەرەتاییەکانم بو گێڕایتەوە، بەڵام لە دوای ٤٦ جاری تر دیسان سەر لە نوێ بەو هەڵسوکەوتەوە لە دنیایەکی دیکە لە دایک بووم، ئەم جارە نە تەنیا وڵاتی خۆمان، بەڵکوو زۆربەی دنیا لە ژێر فەرمانی شمشێرم بوون، کە مردیشم ئەوەندەی تر شمشێرەکەم تیژ بوویەوە.

شمشێر: ئەگەر ئێوە لە زمانی من بیگێڕنەوە کە منیش لە خواوەندی کایناتەوە بەشم دراوە، دڵنیا بن کفر و نەهامەتی لە دنیادا بنبڕ دەبێت بۆ ئەوەی کە خودای سەر زەویش لە خودای ئاسمانەوە ئەم بەهرەیەی پێ دراوە.

١٣

ئەم جارەیان بە ددانی خوێنی لە دایک بووم، بەیانیان بە خوێنی گەرم گۆشیان دەکردم، لەگەڵ بەدیهاتنم، دایکم نەیهێشت بلوورێنم، دەسبەجێ هەندێک خوێنی گەرم کە لە گۆشتی بزنێکی حەوت ساڵان بوو، بەسەر زمانمدا چۆڕاندی و ددانەکانم لە ئارۆکانم بەرزتر هەڵهاتن، چوار ددانی پێشووم درێژتر لەوانی دیکە بوون، هیچ گۆشت و خوێنێک تێری نەدەکردم، تا ڕۆژێک لەسەر پەچەی پیاوێکی هەژارەوە کە هەموو سامانی چەن بزنێک بوو، ڕێبوارێک چاوی پێکەوتبووم و لە پەسارەوە بەردێکی تێ هاویشتم، تەنیا لوورەیەکم کرد و هەڵپلۆسکام.

٥٤

کاتێک کەوتمە ناو گەڵاڵێکەوە و لە لێواری کانیاوێک، پەلم کێشا وەک بڵێی شەو ئاویان دابم، ڕۆژێکم بە مانگێک و مانگێکم بە ساڵێک تێ دەپەڕی، زۆر لە بوونەوەرەکان پارێزیان لێ دەکردم، زۆر بوونەوەریش قاویشیان دەکردم و هەڵیان دەهێنامەوە، ڕۆژێک ماینێکی دووگیان کە ژانی گرتبوو، هات و گوتی: لە مێژە دەم پارێزدەکەم و هیچ جۆرە گیایەکم نەخواردووە، ئێستا نازانم بۆ ئەوەندە تامەزرۆم و دەمەوێ چی زووتر تا سەر ڕیشە بتکرمێنم.

تەزییەک بەگیانمدا هات، بەڵام بڕوا بکە خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو، ڕاستە دەڵێن: تانەکەویتە تەنگانە، قەدری ژیان نازانی! ئەم مەودای بێدەنگییە بۆ من چارەساز بوو کە جارێکی تر بیر لە خۆم بکەمەوە، نە لە هیچ

کەسێکی دیکە، تەنانەت جارێکی تر بە خۆمدا بچمەوە و بزانم کێم و بە شێوەیەکی دیکە بژیم، لەم کاتەدا بوو کە بە ماینم گوت: ئەم جارە زۆر دڵخۆشم ئاوەها ماینێکی ڕەسەن هاتووە و ئەودالی منە، ئەوەم گوت و دەسبەجێ لە گیانی ماییندا ئاوێتە بووم.

٥٥

دایکم ژانی بە منەوە گرتبوو و ئارامی لێ بڕابوو، لە لێوار ئاوێکی دوور لە ئینسانەکان لە دایک بووم، پاش حەوت ڕۆژ هەوسارێان لە سەری دایکم نا و قاچی پاشوویان بەستم، من سەرشێتتر لە دایکم بووم، لە پێشەوەی ڕەوک غارم دەدا و بەرەو هەر دەرێک لە تاودان بووم. هاوڕێی ژنێک و دوو پیاو بووم، ڕۆژێک لە ڕۆژان کاتێک ئەو ژنە لەسەر تاشێکی بەرز جڵەوکێشم بوو، لاقمان خزا و لە بن دۆڵێک جەستەی من و ژن بوو بە یەک، ئەم جارە ڕوحێکی ئارامم هەبوو، دڵی کەسم نەڕەنجاندبوو.

٥٧، ٦٠، ٦١...

- (پێشتر باسی یەکەمین بەدیهاتنت کرد، دەمەوێ باس لە بوون و نەبوونەکانی دیکەشتم بۆ بکەی؟)

- مان ! نەمان ! ؟؟؟؟؟ مردن! ژیان!؟ هەهەهەهە زۆر پێکەنیناوییە! هەوڵ دەدەم هەندێک شت باس بکەم، بەڵام ڕاستیت بوێت، پێم خۆشە زیاتر باس لە مردنم بکەم تا بەدیهاتنم، چونکە زیاتر ئەوانەن لە یادەوەریم جێگیر کراون و باشتر دەتوانم لەسەریان بدوێم، بەڵام چیت لێ بشارمەوە، زمانی گێڕانەوەیانم نییە، حەز دەکەم لەگەڵ خۆم بیاننێژم، ئەگەرچی لەپاش هەموو نێژتنێک دیسانەوە دەژێمەوە، هەر بەم بۆنەوە دەمەوێ کورت و پوخت بڵێم: ئاگریان تێ بەردام، لە قووڕیان نام، دوای چل ڕۆژ گۆڕ بە گۆڕیان کردم، ئێسکیان بردم لە شوێنی دیکە ناشتیان. لەسەر قنگ و دەست بە چۆک لە چاڵیان نام، لەسەر لاوە پاڵیان خستمە ناوماڵێکی تەسک، دەیانهاوێشتمە ناو لەشی کەسێکی تر، زۆر جار خورام و بوومە ژەمێکی کەسانی تر، بۆ ئەوەی کە نەمێنم، هەرجار ژیامەوە و هەر جاریش داترووسکام، بەڵام چی بکەم چارەم نییە!

٦٥

لە مردن باش لە بیرمە ئەو ئێوارانە کە لەسەر جێگەکەم بووم، دایکم بە باوکمی گوت:
- بەندی جەرگم بڕاوە، بەرگەی دووری ناگرم.

خوشکم: بەڵام چی بکەین، خواگیان ئاوەها ڕازی بووە، ئینشائەڵڵا بە بەهەشتی بەرین شاد بێتەوە، هەر بەم بۆنەوە دەبێ حەڵوایەکی زۆری بۆ بکەین بە خێر، فاتیحەیەکی زۆری بۆ بنێرین.

باوکم : من بەڵێنم داوە چل ملیۆن بدەم بە کەسێکی ئیماندار و داوێن پاک کە نوێژە قەزاکانی بۆ بگێڕێتەوە.

ئەمانە وتەی کەسێکی نوێژقایمە کە ئەم ئێوارەیە لە بن گوێم باسی دەکرد.

- وایە باوکە ڕاستە، بێگومان ئاوەها ڕوحی دەچێتە بەهەشتی بەرین.

- بەڵێ ئازیزم، ئەگەر براکەشت لە ژیاندا هەندێ جار خەڵەتابێ، خواگیان لێی خۆش دەبێ.

- باوکە من زۆر کتێبم خوێندووە، هیچ وەکوو نوێژی دوای مردوو کاریگەر نییە، جیا لەوەی کە چەندیش پاداشتی خێری هەیە. یەکسەر بە بێ پردی سیرات و لێپرسینەوە دەچێتە بەهەشت، چونکە هەر ئەم نوێژ و دوعا و فاتیحەی دوای مردنە دەڕوانێتە نزا و نزوولەکانی و هەموو گوناحەکانی دەسڕێتەوە.

- کەواتــە ئێســتا کــە دڵنیــات کــردم، دەبــێ گەورەتریــن پرســەی دنیــای بــۆ ڕێــک خەیــن و هەمــوو ئــەو خەڵکــە فاتیحــەی بــۆ بنێــرن!

۷۲

لــەم ســاتەدا کــە ئــەم باســەتان بــۆ دەکــەم، لەســەر جێگایــەک گرمۆڵــەم و ڕۆژێ ســێ جار بۆ خاوێـن کردنــەوە، هەڵگێــڕ و وەرگێــڕم دەکــەن.

ئێواران کە ماڵــی باوکم پــڕ لــە میوان دەبێت، دەمبــەن و دەمخەنــە ژوورێکــی پشــتەوە، تەنانــەت ناهێڵــن کــەس لــە دەرەوەی ئــەو ماڵــە بمبینێــت، ڕاســتە کــە مــن چــاوم نییــە بــۆ بینینیــان، بــەڵام گوێــم هەیــە بــۆ بیســتنی قســەکانیان، لــە دوای ئــەوەی کــە ماڵمــان چــۆڵ دەبێــت، باوکــم بــە خوشکە گەورەکــەم دەڵێت: ڕۆڵــە دەســتوبرد بکە پیــرەزا بهێنــە ئــەم دیــو بــا ســەرما نەییــات.

جاربەجــار لــە ماڵمــان دەبێتــە ژاوەژاو، هەرکــەس قســەی خــۆی دەکات، لــە بیرمــە ڕۆژێــک خوشــکە گەورەکــەم لــە ژوور ســەرم دانیشــتبوو بــە کاوەخــۆ گوتــی: دایــە گیــان، ســاڵانی ســاڵە دڵــم پــڕە، شــەو نییــە بــە ئاســوودەیی ســەر بنێمــەوە، ئەگــەر مــن پێداگریــم لەســەرت نەدەکــرد و هانــم نەدەدایــت کــە لــەم ئاخیــری تەمەنــەوە لــە بــاری ببەیــت، ئــەم چارەڕەشــەمان...!

دایکــم ڕاچەڵــەکا و گوتــی: ڕۆڵــە ئەمــە قســمەت و نســیبە، هــەر دوێنــێ لــە پرســەی خاڵــۆ ســایە، مەلــەک ســوڵتانم پــێ گەیشــت، خۆشــت دەزانــی زانــای گوندەکەمانــە، دڵنیــای کــردم پیــرەزا هــەر وایــە، ئەگــەر پیــرەزا نەبایــە دڵنیــا بــە...

هەردوویــان بەســەریەکدا دەســتیان بــە گریــان کــرد و شــین و شــەپۆڕیان بــۆ دەگێــڕام، باوکــم لــە ژوورەکــەی تــرەوە هاتــە دەنــگ و گوتــی: پــێ دەچێــت ئەمــە تاوانــی باپیرانمــان بێــت، ئێمــە لــە دینــی خۆمــان هەڵگەڕاویــن کــە ئاوامــان بەســەردا دێــت، ئــەوە دە ســاڵە دەڵێــم بــا بگەڕێینــەوە بــۆ ســەر هێڵــی خۆمــان، ئێــوە خــۆ قســەتان بــە گوێــدا ناچێــت! ئــەوە دە بــۆ پــازدە ســاڵە وەک ســەگ دەحەپێنــم، بــەڵام کــەس گوێــم بــۆ ڕا ناگرێــت.

لــە دڵمــەوە پێیــان پێدەکەنیــم و جاربەجاریــش ڕقــم هەڵدەســتا، بــەڵام ئەمــە هەمــوو ڕاســتییەکە نییــە، هیــچ کــەس ڕاســتی نازانێــت، پــێ دەچێــت هــەر بــەو جــۆرەی باپیــری باوکــم لــە شەســت و نۆیەمیــن بەدیهاتنــم گوتــی: «مرۆڤــەکان دەســکەوتی ژیــان و مردنەکانــی پێشــوویانن»، بــەڵام هیــچ جارێــک لــەم ۷۲ جــارەدا بــۆم ڕوون نەبــووەوە کــە مــن دەســکەوتی ژیانــی پێشــووم، یــان نیــم، بــەڵام بــاش دەزانــم جاربەجــار دەبمــە گیانەوەرێــک و گیانەوەرێکــی تــر دەمخــوات و جاربەجاریــش گیانەوەرێکــم کــە زیندەوەرەکانــی دیکــە هەڵــدەدڕم؟

(سفر)

لەبــەر ئــەوە سفر هەڵدەبژێرم کە تەنیا سفرە دەتوانــێ ژیان و نەمانــم بــاس بــکات، هــەر بــەم هۆیەشــەوە نازانــم ئــەو بیرەوەرییانــە کــە دێنــە خەیاڵــم و مــردن و ژیانــە یــەک لــە دوای یەکــەکان کــە دێنــە بەرچــاوم، ڕاســتە، یــان خەیــاڵ، لــە خــەودام، یــان بێدارم، بــەڵام ۷۲ کــەس گەمارۆیان داوم و ئــازارم دەدەن، هەڵبــەت خۆیشــم یەکێــک هــەر لەوانــەم، هــەر ئــەم ۷۲ کەســە ۱۰۰۰۰۰۰۰ بەرابــەر دەبوونــەوە و چنگیــان لــە قوڕگــم گیــر کــرد، هــەر لــەم ساتەدا کــە لــە دایک دەبــم و دەمــرم، لــە پەســا دەژیــم و دەمــرم، لــە پەســا ئاگــرم پێوەدەنێــن و دەمخەنــە بەرحەیوانــەکان، دەمنێــژن و هێشــتا هەناســە دەدەم...

مونشن- ۲۰۱۸



# مردن لە دەروونمدا دەژی تا نەمر ببمەوە

ژیار جەهانفەرد
لە کوردیی کەڵهوڕییەوە: هەژیر هاشمی
(ئەڵمانیا)

٧٢
پێش ئەوەی بمرم، هەردەم ترسی ئەوەم لە دڵدا بوو ئەم جارە لە جارانی تر چارەم ڕەشتر بێت، پێش ئەوەی بمرم، مردنەکانی پێشووم وەک ڕۆژی ڕوون لە پێش چاو بوون، نازانم بۆ ئەمەم گوت، ئەم جارە نە چاوێکم هەبوو بۆ بینین و نە لاقێکم هەبوو بۆ ڕۆشتن، لە کونجی ژوورەکەوە گرمۆڵە بووبووم و پەنام بردبووە سووچ و تاقێک کە نەها دە ساڵە لەبەردەم دەلاقەکەی لەدایک بووم.

زۆرێک لە بەدیهاتن و مردنەکانم لە بیرە، هەر چەن مردن نییە، هەرچەن هەر جار ئاواتم دەخواست لە دایک بم، بەڵام ئەم جارە ئیدی ماندوو بووم و پێم خۆشە بمرم، ئەگەرچی دەزانم مردن لە ڕێگام نییە، خۆزگەم بە مردن کە لە ناو دەچێت، خۆزگە مردن هەبوونێک با و لە ناو چووبا.

ئێستا چارەنووسی من بە گەردنی قەلەڕەشێکەوە گرێ دراوە کە نازانم لە کوێی دنیا ون بووە، زۆرێک لە بەدیهاتنەکانم وەک خەونێک لە بیرە، زۆربەی چارەنووسم لە نێو شاخی کەڵ و بزنە کێوییەکان بوو، جار بە جاریش لە ژێر پێستی گورگەکان، زۆربەی ژیانم بۆ پاراستنی چارەنووسم کە لای ئاژەڵەکان بوو، تەرخان کرد، ناو بە ناو لەگەڵ جەستەی دوایین کەس کە مردووە، قسە دەکەم و لێی دەپاڕێمەوە کە بۆ منت خستووەتە ئەم دوونی شەڕە.

١- ٤٦

(ئێستا بەم بۆنەوە لەم بەشەدا لەگەڵت قسە دەکەم، دەمەوێ لە زمانی خۆت لە نێو چیرۆکەکەم باس لە یەکەم بەدیهاتنت بکەی)

ئەگەرچی ئەمە یەکەم بەدیهاتنم بوو، بەلام شمشێرم لە عەرشدا کاری دەکرد، زۆرینەی مرۆڤە دلێر و پێشڕەوەکان لەگەڵم بوون و هەرجارەی باس و خواسیان بۆ ژێر خستنی مرۆڤە گەمژە و دواکەوتووەکان، شان و شکۆ و باوەڕێک بوو کە لە وتارەکانی مندا هەبوو، ئەڵبەت ئەوەش پێ دەچێت لە باپیرانمان پێم گەیشتبێت کە بەم شەوکەتە گەیشتووم.

ڕەنگە ئەمە یەکەمین ئەزموونم لەسەر زەوی بووبێت، دنیا لە ژێر فەرمانم بوو، کاتێک وڵاتی خۆمانم بە جێهێشت و وڵاتی خاڵەکانم چەپاو کرد، چێژێکی خۆشی پێ بەخشیم، وڵاتانی دیکەمان بڕی، زۆرتر ددانەکانم تیژ بوونەوە، وڵاتخۆری وردە وردە بوو بە بەشێک لە ژیانی من و هاوڕێیانم شانبەشانی من چێژیان لێ دەبرد.

زۆر لە ڕێبازەکەمان سەرکەوتوو بووین، بەرەم پێوە نابوو کەس نەیدەوێرا پێشم لێ بگرێت، دنیا دنیای خۆم بوو، کاتێک سەرم کەوتە ناو تەشتێکی خوێن، بە گاوڵکێ بەسەریدا تێپەڕ بووم و سەگەکانی ئەو شارەم ڕاو نا.

(جارانی دیکەت بیر نییە کە ئاوەها بەدی هاتبێت و دنیا لە ژێر فەرمانت بووبێت ؟)

هەرچەن جارە سەرەتاییەکانم بو گێڕایتەوە، بەلام لە دوای ٤٦ جاری تر دیسان سەر لە نوێ بەو هەڵسوکەوتەوە لە دنیایەکی دیکە لە دایک بووم، ئەم جارە نە تەنیا وڵاتی خۆمان، بەڵکوو زۆربەی دنیا لە ژێر فەرمانی شمشێرم بوون، کە مردیشم ئەوەندەی تر شمشێرەکەم تیژ بوویەوە.

شمشێر: ئەگەر ئێوە لە زمانی من بیگێڕنەوە کە منیش لە خواوەندی کاییناتەوە بەشم دراوە، دڵنیا بن کفر و نەهامەتی لە دنیادا بنبڕ دەبێت بۆ ئەوەی کە خودای سەر زەویش لە خودای ئاسمانەوە ئەم بەهرەیەی پێ دراوە.

١٣

ئەم جارەیان بە ددانی خوێنی لە دایک بووم، بەیانیان بە خوێنی گەرم گۆشیان دەکردم، لەگەڵ بەدیهاتنم، دایکم نەیهێشت بلوورێنم، دەسبەجێ هەندێک خوێنی گەرم کە لە گۆشتی بزنێکی حەوت ساڵان بوو، بەسەر زمانمدا چۆڕاندی و ددانەکانم لە ئارۆکانم بەرزتر هەڵهاتن، چوار ددانی پێشووم درێژتر لەوانی دیکە بوون، هیچ گۆشت و خوێنێک تێری نەدەکردم، تا ڕۆژێک لەسەر پەچەی پیاوێکی هەژارەوە کە هەموو سامانی چەن بزنێک بوو، ڕێبوارێک چاوی پێکەوتبووم و لە پەسارەوە بەردێکی تێ هاویشتم، تەنیا لوورەیەکم کرد و هەڵپلۆسکام.

٥٤

کاتێک کەوتمە ناو گەلالێکەوە و لە لێواری کانیاوێک، پەلم کێشا وەک بڵێی شەو ئاویان دابم، ڕۆژێکم بە مانگێک و مانگێکم بە ساڵێک تێ دەپەڕی، زۆر لە بوونەوەرەکان پارێزیان لێ دەکردم، زۆر بوونەوەریش قاویشیان دەکردم و هەڵیان دەهێنامەوە، ڕۆژێک ماینێکی دووگیان کە ژانی گرتبوو، هات و گوتی: لە مێژە دەم پارێزدەکەم و هیچ جۆرە گیایەکم نەخواردووە، ئێستا نازانم بۆ ئەوەندە تامەزرۆم و دەمەوێ چی زووتر تا سەر ڕیشە بتکرمێنم.

تەزییەک بەگیانمدا هات، بەلام بڕوا بکە خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو، ڕاستە دەڵێن: تانەکەویتە تەنگانە، قەدری ژیان نازانی! ئەم مەودای بێدەنگییە بۆ من چارەساز بوو کە جارێکی تر بیر لە خۆم بکەمەوە، نە لە هیچ

کەسێکی دیکە، تەنانەت جارێکی تر بە خۆمدا بچمەوە و بزانم کێم و بە شێوەیەکی دیکە بژیم، لەم کاتەدا بوو کە بەماینم گوت: ئەم جارە زۆر دڵخۆشم ئاوەها ماینێکی ڕەسەن هاتووە و ئەودالی منە، ئەوەم گوت و دەسبەجێ لە گیانی مایندا ئاوێتە بووم.

٥٥

دایکم ژانی بە منەوە گرتبوو و ئارامی لێ بڕابوو، لە لێوار ئاوێکی دوور لە ئینسانەکان لە دایک بووم، پاش حەوت ڕۆژ هەوساریان لە سەری دایکم نا و قاچی پاشوویان بەستم، من سەرشێتتر لە دایکم بووم، لە پێشەوەی ڕەوک غارم دەدا و بەرەو هەر دەرێک لە تاودان بووم. هاوڕێی ژنێک و دوو پیاو بووم، ڕۆژێک لە ڕۆژان کاتێک ئەو ژنە لەسەر تاشێکی بەرز جڵەوکێشم بوو، لاقمان خزا و لە بن دۆڵێک جەستەی من و ژن بوو بە یەک، ئەم جارە ڕوحێکی ئارامم هەبوو، دڵی کەسم نەڕەنجاندبوو.

٥٧، ٦٠، ٦١...

- (پێشتر باسی یەکەمین بەدیهاتنت کرد، دەمەوێ باس لە بوون و نەبوونەکانی دیکەشتم بۆ بکەی؟)

- مان ! نەمان ! ؟؟؟؟؟ مردن! ژیان!؟ هههههە زۆر پێکەنیناوییە! هەوڵ دەدەم هەندێک شت باس بکەم، بەڵام ڕاستیت بوێت، پێم خۆشە زیاتر باس لە مردنم بکەم تا بەدیهاتنم، چونکە زیاتر ئەوانەن لە یادەوەریم جێگیر کراون و باشتر دەتوانم لەسەریان بدوێم، بەڵام چیت لێ بشارمەوە، زمانی گێڕانەوەیانم نییە، حەز دەکەم لەگەڵ خۆم بیاننێژم، ئەگەرچی لەپاش هەموو نێژتنێک دیسانەوە دەژێمەوە، هەر بەم بۆنەوە دەمەوێ کورت و پوخت بڵێم: ئاگریان تێ بەردام، لە قووڕیان نام، دوای چل ڕۆژ گۆڕ بە گۆڕیان کردم، ئێسکیان بردم لە شوێنی دیکە ناشتیان. لەسەر قنگ و دەست بە چۆک لە چاڵیان نام، لەسەر لاوە پاڵیان خستمە ناو ماڵێکی تەسک، دەیانهاوێشتمە ناو لەشی کەسێکی تر، زۆر جار خورام و بوومە ژەمێکی کەسانی تر، بۆ ئەوەی کە نەمێنم، هەرجار ژیامەوە و هەر جاریش داترووسکام، بەڵام چی بکەم چارەم نییە!

٦٥

لە مردن باش لە بیرمە ئەو ئێوارانە کە لەسەر جێگەکەم بووم، دایکم بە باوکمی گوت:

- بەندی جەرگم بڕاوە، بەرگەی دووری ناگرم.

خوشکم: بەڵام چی بکەین، خواگیان ئاوەها ڕازی بووە، ئینشائەڵڵا بە بەهەشتی بەرین شاد بێتەوە، هەر بەم بۆنەوە دەبێ حەڵوایەکی زۆری بۆ بکەین بە خێر، فاتیحەیەکی زۆری بۆ بنێرین.

باوکم : من بەڵێنم داوە چل ملیۆن بدەم بە کەسێکی ئیماندار و داوێن پاک کە نوێژە قەزاکانی بۆ بگێڕێتەوە.

ئەمانە وتەی کەسێکی نوێژقایمە کە ئەم ئێوارەیە لە بن گوێم باسی دەکرد.

- وایە باوکە ڕاستە، بێگومان ئاوەها ڕوحی دەچێتە بەهەشتی بەرین.

- بەڵێ ئازیزم، ئەگەر براکەشت لە ژیاندا هەندێ جار خەڵەتابێ، خواگیان لێی خۆش دەبێ.

- باوکە من زۆر کتێبم خوێندووە، هیچ وەکوو نوێژی دوای مردوو کاریگەر نییە، جیا لەوەی کە چەندیش پاداشتی خێری هەیە. یەکسەر بە بێ پردی سیرات و لێپرسینەوە دەچیتە بەهەشت، چونکە هەر ئەم نوێژ و دوعا و فاتیحەی دوای مردنە دەڕوانێتە نزا و نزوولەکانی و هەموو گوناحەکانی دەسڕێتەوە.

- کەواتە ئێستا کە دڵنیات کردم، دەبێ گەورەترین پرسەی دنیای بۆ ڕێک خەین و هەموو ئەو خەڵکە فاتیحەی بۆ بنێرن!

٧٢

لەم ساتەدا کە ئەم باسەتان بۆ دەکەم، لەسەر جێگایەک گرمۆڵەم و ڕۆژێ سێ جار بۆ خاوێن کردنەوە، هەڵگێڕ و وەرگێڕم دەکەن.

ئێواران کە ماڵی باوکم پڕ لە میوان دەبێت، دەمبەن و دەمخەنە ژوورێکی پشتەوە، تەنانەت ناهێڵن کەس لە دەرەوەی ئەو ماڵە بمبینێت، ڕاستە کە من چاوم نییە بۆ بینینیان، بەڵام گوێم هەیە بۆ بیستنی قسەکانیان، لە دوای ئەوەی کە ماڵمان چۆڵ دەبێت، باوکم بە خوشکە گەورەکەم دەڵێت: ڕۆڵە دەستوبرد بکە پیرەزا بهێنە ئەم دیو با سەرما نەییات.

جاربەجار لە ماڵمان دەبێتە ژاوەژاو، هەرکەس قسەی خۆی دەکات، لە بیرمە ڕۆژێک خوشکە گەورەکەم لە ژوور سەرم دانیشتبوو بە کاوەخۆ گوتی: دایە گیان، ساڵانی ساڵە دڵم پڕە، شەو نییە بە ئاسوودەیی سەر بنێمەوە، ئەگەر من پێداگریم لەسەرت نەدەکرد و هانم نەدەدایت کە لەم ئاخیری تەمەنەوە لە باری ببەیت، ئەم چارەڕەشەمان...!

دایکم ڕاچەڵەکا و گوتی: ڕۆڵە ئەمە قسمەت و نسیبە، هەر دوێنێ لە پرسەی خاڵۆ سایە، مەلەک سوڵتانم پێ گەیشت، خۆشت دەزانی زانای گوندەکەمانە، دڵنیای کردم پیرەزا هەر وایە، ئەگەر پیرەزا نەبایە دڵنیا بە...

هەردوویان بەسەریەکدا دەستیان بە گریان کرد و شین و شەپۆڕیان بۆ دەگێڕام، باوکم لە ژوورەکەی ترەوە هاتە دەنگ و گوتی: پێ دەچێت ئەمە تاوانی باپیرانمان بێت، ئێمە لە دینی خۆمان هەڵگەڕاوین کە ئاوامان بەسەردا دێت، ئەوە دە ساڵە دەڵێم با بگەڕێینەوە بۆ سەر هێڵی خۆمان، ئێوە خۆ قسەتان بە گوێدا ناچێت! ئەوە دە بۆ پازدە ساڵە وەک سەگ دەحەپێنم، بەڵام کەس گوێم بۆ ڕا ناگرێت.

لە دڵمەوە پێیان پێدەکەنیم و جاربەجاریش ڕقم هەڵدەستا، بەڵام ئەمە هەموو ڕاستییەکە نییە، هیچ کەس ڕاستی نازانێت، پێ دەچێت هەر بەو جۆرەی باپیری باوکم لە شەست و نۆیەمین بەدیهاتنم گوتی: «مرۆڤەکان دەسکەوتی ژیان و مردنەکانی پێشوویانن»، بەڵام هیچ جارێک لەم ٧٢ جارەدا بۆم ڕوون نەبووەوە کە من دەسکەوتی ژیانی پێشووم، یان نیم، بەڵام باش دەزانم جاربەجار دەبمە گیانەوەرێک و گیانەوەرێکی تر دەمخوات و جاربەجاریش گیانەوەرێکم کە زیندەوەرەکانی دیکە هەڵدەدڕم؟

(سفر)

لەبەر ئەوە سفر هەڵدەبژێرم کە تەنیا سفرە دەتوانێ ژیان و نەمانم باس بکات، هەر بەم هۆیەشەوە نازانم ئەو بیرەوەرییانە کە دێنە خەیاڵم و مردن و ژیانە یەک لە دوای یەکەکان کە دێنە بەرچاوم، ڕاستە، یان خەیاڵ، لە خەودام، یان بێدارم، بەڵام ٧٢ کەس گەمارۆیان داوم و ئازارم دەدەن، هەڵبەت خۆیشم یەکێک هەر لەوانەم، هەر ئەم ٧٢ کەسە ١٠٠٠٠٠٠٠ بەرابەر دەبوونەوە و چنگیان لە قورگم گیر کرد، هەر لەم ساتەدا کە لە دایک دەبم و دەمرم، لە پەسا دەژیم و دەمرم، لە پەسا ئاگرم پێوەدەنێن و دەمخەنە بەرحەیوانەکان، دەمنێژن و هێشتا هەناسە دەدەم...

مونشن- ٢٠١٨



# سەمای مەستیی پیاوێکی سپی


**یاسین برایم**
**(ڕواندز)**


بەسەری ڕەش لەشار ڕۆیی، بەسەری سپی گەڕایەوە ئەو شارەی تێیدا لە دایک بوو. لە هەمان گەڕەک خانوویەکی کۆنی کڕی، لە شوێنێکی دڵگیر و بەسەر گەلییەکی قووڵ و سەرنجڕاکێش و تا چاویش هەتەر دەکات و شاخی باڵا بڵند و سەرسپی دیارن. ئێواران بەر لەوەی ڕۆژ ڕەنگی لیمۆیی خۆی ون بکات، لە بەلەکۆنەی ماڵەکەی، لەسەر کورسییەکی لاستیکی سپی قرێژگرتوو دادەنیشێت. سەیری گەڕەک و بەشە دیارەکەی شار دەکات، ئەو شارەی بەهرەکانی تێدا چەکەرەیان کرد و ئێستاش بۆنی پەلکەزێڕینە لە دەست و پەنجەکانی دێت. ئەو پەنجانەی کانیاوی بەهرەن و وێنەی یادگارییەکی لاوی ئەومان بۆ دەگێڕێتەوە. وێنەیەک نیشان دەدات، کۆمەڵە بەردی وردی ڕەنگاوڕەنگی وەک مرواری، کەناری ڕووباری شار، جوان دەبینرێت.

ئەو لە (سەمای بەردەکان)، بەردەکانی هێنانە گۆ. ئەو دەڵێ: من بەردی وردی ڕووبارەکانم هێنا و وێنەم لەسەر دروست کردن و مانام پێ دەبەخشین. بەردەکان بەبزەبوون، تریفەی مانگ و ڕەنگی هیوا و ڕازی ئەوین و چێژی ماچ و باوەشی گەرم و چاوی دەریایی و دڵی خوێناوی و ملوانەکەی زێڕین. لەسەر ڕوو و سینگی بەردەکان بێگەردانە دەپەیڤین و بە کۆد و هێمایەکان، بینەری پەلکێش دەکرد. پێکێکی بەسەر کرد و کەمێک چاوی قوچاند و لێوی خوارەوەی گەزی و دیسان پەڕەیەکی تری یادەوەری و خەیاڵی هەڵدەداوە. «من یەکەم جار تابلۆکانم لەنێو هۆڵ هێنادەر

و بردمنە نێو سروشت و شەقام. ئەز تابلۆم ئازاد کرد و تا هەموو کەس بەئازادی ببینێ. لێرە، لە باخچەی شار، تابلۆکانم بەدارەکانەوە هەڵواسین و کردمن بە میوەی جۆراوجۆر. بوون بە هەناری یار و سێوی ڤالانتاین و گوڵی ئاڵ و چاوی دەریایی و ملوانکەی گێلاس و هێشووە ترێ و هەرمێی زەرد، خۆیان نمایش دەکرد و تام و بۆنیان دەبەخشی.»

پێکێکی تر، مێژووی دوو سەدەی شاری خستەوە یاد: « باپیرم، لێرە.» دەستێکی بۆ خوارەوەی شار درێژ کرد. « تۆپ و شیر و تفەنگ و دەمانچەی دروست کرد. من سوودم لە بەهرەی ئەو وەرگرت و کەرستەکانی شەڕم کردە ئامێر و کەرستەکانی ئاشتی و جوانی و خۆشی و ئارامی دەروون. من تۆپم کردە فلچە و شیرم کردە قامیشی خۆشنووسین و تفەنگم کردە قەڵەمی نووسین و دەمانچەم کردە کەمانچە.. با.. پی.. رم .. باپیر! داهێنەری تۆپی کوردی. ئا.. لێرە.. لێرە.. هەر ماوە .. ماوە .. ئەویش هونەرمەند بوو.»

دەستێکی برد بۆ چەند ڕۆژنامەیەکی کۆنی هەرزڕاو و وێنەی گەچراو و شێواو. وێنەی ئەو کیژۆڵەیەی چاو پێکەوت و ماچی کرد، کە چەند ساڵێک پێش ئێستا لەگەڵ ئەو کاری مامۆستایەتی کردبوو. لە وێنەکەدا لە تەنیشتییەوە وەستابوو».. ئەوە.. ئەوە.. هەزارجار.. ماچم.. کردییە.. هەزار.. جار.. زیاتر..» وێنەکەی بە ماچەکان تەڕکرد. «هەموو شەو بە دیاریەوە دادەنیشم، سەیری دەکەم .. شەکرە سێوە.. شەکرە.. سێو.. هەزار جار.. « ماچێکی تری لە وێنەکە کرد و پاش ئەو جارەش دیسان دەمی نا بە وێنەکە و مووچ.. مووچ.. کچە وەستاوەکەی ناو وێنەکەی ماچباران کرد.. «ئەوە .. ئەوە .. ئەمنی کوشت!!»

دێڕە شیعرێکی ئەڤینداڕانی (نەزهەت)ی وت: (عاشقی ڕووی تۆمە جانا هێندە گریانم مەکە/ زۆر بە ئاهـ و ناڵەمە ئیتر پەرێشانم مەکە)، یەکەم جارم بوو شیعرەکە ببیسم. «نەزهەت عاشق بوو.. شاعیر بوو.. من یەکەم کەس بووم، لێرە .. لێرە.. کۆڕێکم بۆ ئەو شاعیرە بەست.» وتم: «نەزهەت شاعیرە و عاشقە!! ئەو عاشق بوو.. منیش عاشقم، شیعری عەشقی ئەوم خوێندەوە، منیش عاشق بووم.. شیعری عەشقم نووسی.. بۆ چاوڕەشەکە.. پرچ ڕەشەکە..»، دیسان پەنجەی خستە سەر کچەکە.. «ئەوە.. ئەوە..» ماچێکی کرد و بە هەنیەی خۆیەوەی نووساند. ئاهێکی قووڵیشی هەڵکێشا. «ئەوێ ڕۆژێ لێرەبوو بینیم، تۆقەشم لەگەڵ کرد» پێی وتم: «تۆ هەرماوی!» دەستی بۆ قاپی میوەکە برد و دوو گێلاسی بەکلکەوە بڵند کرد.. «ئەوە جووتە گوارەی ئەوە..» خستییە دەم و ئاو و تەڕایەتی بە لێوەکانیدا هاتنە خوارەوە و بە زمانی لێستییەوە. «ئەوە شەرابی گێلاسە، دڵی گێلاسیم تێر دەکات.»

– «بازۆ! بازۆ! دیاربە دیار. (ڤلادیمیر نابۆکۆڤ)، لۆلیتا جوانە، لۆلیتای بازۆم خوێندەوە.. جوانە.. ئەویش عاشقە!»

بازۆش، ساڵێک زیاتربوو، یەکەم نۆبەرە شیعری خۆی گیرۆ کرد، لەسەر بەڵێنی مامۆستای، تا مۆتیڤەکانی بۆ دروست بکات. دەستی بۆ کاغەزەکانی سەر مێزەکەی درێژکرد بۆ ئەوەی بڵێت، ئەوە مۆتیڤم دروست کردووە. کاغەزی چا بەسەرداڕژاو، زەرد و پیس، شیعرە تەواو نەکراوەکان، هێڵکاری و وێنەی جۆراوجۆر و شێواو، بۆنی ئارەقە و چا و هاڕاوی ناتۆکە

و کۆنە سەمموونی گرمخاو و لە تابلۆی سوریالی مامۆستا دەچوو.

خودی ژوورەکەش، تابلۆیەکی سوریالی بوو. لە ژووری (عەلی عاشق) دەچوو، هەموو شت لەوی گۆڕەی، پەرداخ، ڕۆژنامە، کووپەی چا، وایەری مۆبایل، قەڵەمی بێ سەر، لیمۆی کۆن، مۆزی شل و ڕەشبوو، چوکلێت، نایلۆن، قوتووی بەتاڵ، کیسەی گوڵەبەڕۆژە، لەسەر دۆشەک و مافوور بە بێ نازی کەوتبوون. (بریا)ش مردبوو، ئەو هەندەی ئەو ژوورە پاک بکاتەوە و ڕێکی بخاتەوە. بۆ ڕۆژی دواتریش، هەمان کەلوپەل بە شێوازێکی تر، خۆی لە تابلۆیەکی تر دەنواند.

- «مامۆستا وەڵڵا لەبەر بۆنی ئارەقە و سیر گێژبووم! چی دیکە، خاوێن ناکەمەوە.. بەسە.. هەموو... جارێ.. وەک خۆی لێ دەکەیتەوە!! کوو وا دەبی!!»

- «باشە، باشە، تەواو، با ئەوە تەواو بێ، تەواو، چیتر.. نا.. خۆ.. مە .. وە. شەوا پێبچین، هەوشۆیە! ناخۆمۆ ، نا !»

ئاوڕێکی بۆ لای من دایەوە:» بژی ئەتوو! کورتە چیرۆک گرینگە. ئەتوو بنووسە، ئەمنیش ئەخوینمۆۆۆۆۆ.»

دوای ئەوەی وەک بڵێی کەس گوێی لە ئاخاوتنەکانی ئەو نییە، دەیگوت:

- «بریا، کوڕێکی ژیرە! ئاگاتان لێ بێت. کوڕی باشە. ئەمن دەخۆمەوە، ئەو ناخواتەوە، وەک یەک سەڵتین.. ئەمن لۆخۆم دەخۆمەوە، پڕنادەمە ناموسی کەس! لە ماڵی خۆم، من (جان دەمۆ)م. بۆ خۆم دەخۆمەوە.. شیعر دەنووسم، خراپە ناکەم، کێ دەڵێ من خراپم! بۆخۆم خراپم دەخۆمەوە و تەواو.. دە .. خۆ.. مە.. وە..»

بریاش، هەموو مەترێک لە ئەو دووربوو، گوێی لە هەموو قسەکانی بوو:

- «وەڵڵاهی مامۆستا! هەموو شەوێ ئەو بەزمەیە. بخۆوە، بخۆوە، بەس ئەوهاش نا، پێی دەمریت، بۆ لەشدروستیش خراپە، نابینی چت لێ هاتووە!»

- «ئەوەی با بخۆمەوە، تەواو.. چیتر.. نا .. خۆ.. مە.. وە..»

لەمێژبوو سمێڵ و ڕدینەکەی چاک نەکردبوو، قژیشی هاتبوو، ڕوخساری پێش چاو نەبوو، شوێنی دووری ئەو، دووکانەی تەنیشتی ماڵی بوو. شتێ بهێنێ و بخوات و تەواو. من وەک قوتابییەکی ئەو هەمیشە خۆشم دەویست و ئێستاش هەرخۆشم دەوێت، بە قسە و وتەکانی، بەکارە هونەرییەکانی، بە بەهرە جوانەکانی، سەرسام بووم. خەمی منیش، بۆ ئەوە بوو ئەو جەستەی زیاتر خراپ نەبێت، خەمی ئەوەمە ئەو بەهرە جوانانەی هەیە و فەرامۆشی دەکات و هەموو حەزی خۆی بۆ ئەو ئارەقە کۆکردیتەوە. ئالوودەیەکی بێتام. وەک خۆی دەڵێت: نزانم بخۆمەوە! کە سەیری چاوە میهرەبانەکەی دەکەیت، چ عەشقێکی جوان لە چاوەکانی دەتکێ. من بۆ قۆناغی ناوەندی دەگەڕێمەوە. لەسەر ڕەحلەیەکی داری ڕەق و تەق، ئاقڵانە دادەنیشم، گوێ دەگرم. (ڤانکوخ)م بیردێتەوە، کە گوێی خۆی دەبڕێت. پەیکەرەکانی مایکل ئەنجیلۆ و تابلۆکانی بیکاسۆم دێنە بەرچاو. ئاوازەکانی بیتهۆڤن و مۆزارتم لە گوێچکە دەزرنگێنەوە. ئەو چەند ڕێکپۆش و قۆز و جوان بوو، بەو جوانییەش، وانەی هونەری دەکردە تابلۆ و موزیک و فلچە و بۆیە و ڕەنگ و کتێب.

- «من دەخۆمەوە! (بێبەش) مەلابوو (زامدار) یش دەیخواردەوە، دوو برای جوان بوون.

(زێوەر) شیعرێکی نووسی (من عارەق ناخۆم)، (بێکەس)یش هاوڕێی ئەو بوو، پاش چەند ساڵێک، بەرسڤی دایەوە (عارەق دەخۆم). لە شیعرەکەدا دەڵێ: با بامیە و قبووری لە گیانت نۆش بێ و منیش بۆ خۆم ئەخۆمەوە، (با من بە عەرەق تووشی زەرەر بم). چەند جوان بوون دوو شاعیر و دوو مامۆستای مەزن. بێکەس تا مرد ئارەقخۆربوو، وەسیەتی کرد کە مرد بە مەی بیشۆن.. مەی.. مەی..»

پێکەنینێکی کرد و دوای دەستەکانی لێک خشاندن و دەستی ڕاستی وەک گۆ نیشان دا، وتی:

- «مەی و مەمک هەردووکیان خۆشن!»

ئێمەش، پێکەنینەکانمان لەسەر ئەو دوو پەیڤە، ئاوێزانی پێکەنینی ئەو کرد و ئەویش پێکێکی تری ئاودیوکرد.

دیواری ژوورەکە، چەند تابلۆیەکی دروستکراوی خۆی، کە لەخۆی زیاتر کەس بە جوانی تێیناگەیشت، ئەوانیش بۆنی عەرەقیان گرتبوو. پەنجەی بۆ تابلۆیەکی درێژ کرد و بە ڕەنگی شین و چەند فرچەیەکی بە تابلۆکەدا هاتبوو، ڕەنگە منداڵێکیش ئەو شتەی پێ دروست بکرێت. دوو سێ فلچە و بینە و ببە، کەچی ئەو وەک دەقێکی فەلسەفی شرۆڤەی دەکرد. «خەڵک لە هونەر تێناگات!» دەستێکی لە سینگی خۆی دا. « من هونەرمەند نیم، ها، پیاو نابێ ستایشی خۆی بکات، شاعیریش نیم، بارۆ شاعیرە. ئەو ناخواتۆۆۆ. ئەمن ئەخۆمۆۆۆ. وەک بێکەس گوتی: عارەق، ئە.. خۆ..م!»

- «بارۆ! ئەو شیعرانە هی منن، بۆ خۆت ببە بیانخوێنەوە، وێنەی هونەریی تێدایە!»

- «بریا ئاقڵە! ناهێڵێ بخۆ.. مەوە.. گووو.. ناهە.. چی .. دیش.. ئەمن .. ناخۆ.. مۆۆۆۆ. تەواووووو!!!»

سەیری بوتڵە گەورەکەی کرد و بەتاڵی کرد، گلەیی لە شووشەکەی دەکرد: «کەمی تێدایە!» هەستا، ڕاژا، بەولا و بەولادا دەکەوت: «برادەرەکانم بێ وەفابوون! هەموو پۆستی گەورەیان هەیە، منیان بەجێهێشت.»

دوای دانیشتەوە، پەنجەیەکی بۆ ئێمە درێژ کرد و بە بزەیەکی شیرین: «بژی ئەنگۆ!»

دیسان هەڵگێڕ و وەرگێڕی بە هەندێک وێنەی خۆی کرد. «ئەوانە من فێری زۆر شتم کردن، هیچیان نەدەزانی، ئێستا دەوڵەمەند بوونە، ئەوان ماستاوچی بوون، منیان بەجێهێشت. من عارەقخۆر بووم، عارەقخۆر، ئەوانیش ماستاوچی! من بۆ پارە لەو شارە ناڕۆم، با لێرە بمرم، هەر عارەق دەخۆمەوە.. عارەق. عارەقخۆر باشتر و پاکترە لە ماستاوچی!!»

مۆبایلە شاشە شکاوەکەی، هەڵگرت و بۆ بریای فڕێ دا. مەیخۆرەکانی شار چەند جارێک لەکاتی مەستی مۆبایلەکەیان دزیوە، بە ناچاری ئەوەی هەڵگرتبوو، تا سەری مانگ دانەیەکی نوێ بکرێت. «بژی ئەتوو!»

- «جان دەمۆ، ئەویش شاعیر بوو، تەنیا بوو لەسەر شەقام و چایخانەکان دەژیا و عارەقی دەخواردەوە. شاعیر بوو بە عەرەقی مرد. بەس من شاعیر نیم! لەسەر شەقام و چایخانە ناخۆمەوە.. لۆخۆم لێرە، لەو ژوورە بەهەشتییە، دەخۆمەوە.. وەکوو بێکەس وەسیەت دەکەم: بەمەی بمشۆن.. مەی.. مەی !»

- «بریا لە گوگڵی لێ دە. (جان دەمۆ).»

ئەویش بە وشەی «سبەی سبەی» وەڵامی دایەوە، سەیری مامۆستای دەکرد. قسە بەنرخەکانی بۆنی عارەقیان گرتبوو. هەناسەی،

لێوەکانــی، پەنجەکانــی، جلەکانــی، جێگــە و ژوورەکــەی، یــەک بــۆن، بۆنێکی ســارد، لــە بۆنــی ســیر و ماســی مــردوو. ئــەو لــە ژوورێکــی شــێواو، لەناویــدا، هونەرمەندێــک، شــاعیرێک، مەســت و دامــاو، عاشــق و بــە عەشــق ســووتاو، جەســتەی لاواز و زەرد، پــڕ بریــن و خــەم و دەرد. زوو زووش کۆخەیــەک دەکات، خیــزەی لــە ســینەی دێ، نەخــۆش، نەخــۆش، عــارەق کوشــتوویەتی. کات لەگــەڵ ئــەو شــیرین و بەنــرخ بــوو، شــەوی کــورت دەکــردەوە. کــە ویســتمان ماڵئاوایــی لــێ بکەیــن، بەڕێــزەوە هەســتاو دەســتی ڕاســتی خســتە ســەر ســینگ: «گەردەنــم ئــازا بکــەن، خــۆ قســەی هەڵــەم نەکــرد!»

بریــا لــە نێــو جێگاکــەی درێــژی کــرد و بەتانییەکــەی پێدادا، ئەویش لەخــۆی پێچا، وەک بڵێــی ســەرمای بێــت، دەســتی بڵنــد کــرد:

- «سبەی شەو دیاربن، دیار!»
- «بریا لە گوگڵی لێ بدە.»
- «من خراپەی کەسم نییە!»
- «بژی ئەنگۆ!».
- «دەرگا.. قەپات..»
- «بژی!..»

مامۆســتامان بەشــەو ســپارد و ئەویــش لــە نێــو مەســتی و تەنیایــی شــەو، ئاوێــزان بــوو.

بەیانــی کــە لــە خــەو هەســتام، مۆبایلەکــەم کــردەوە، نامەیەکــی ئەوهــای بریــا هاتبــوو: «ســڵاو! بەداخــەوە، مامۆســتا بــە عــارەق مــردووە!!»

٢٠٢٠ ڕواندز



# دارا خوەزیێ

د. خەلیل عومار
(دیمەشق)

ئەڤ دەمەکە کۆ هەمزۆ مژوول بوویە و سەرێ خوە راناکە و هەر ژ بیستەکێ دکە نچە- نچ و سەرێ خوە دهەژینە. ئەڤ رەوشا هەمزۆ گەڵەکی ل تەڵێ عەباسۆ هات و د دلێ خوە دە هێڤیکر، کۆ ئەڤ بێدەنگیا هەڤێل دوودرێژ بە و یا هین چێتر، کۆ هەمزۆ کەڕ و لال بووبە! لێ هەمزۆ نەما خوە گرت و بوو فرتە-فرتا وی و زیڤری زەر هەڤالێ بێهنتەنگ و گۆت:

- ل وێ دنیێ، چرا هنەکان ب ئاڤێ ڤێدکەت و قردێ وان ل هوستێن مرۆڤان دخست و ژیانا وان ب کێف و خوەشی دەرباسدبوو و چرا کەسێن مینا من، ب دۆنێ گازێ ژی ڤێنەدکەت و من تو خێر ژ خوە نەدیت! هەمزۆ گۆت و کەسەرەک رادا.

- چما تو وسا دبێژی باڤێ بەدرۆ؟ ئەلحەمدووڵلا تو ب ژن و زارۆک بوو و حالێ تە دقەدیا! عەباسۆ ڤێ جارێ ب دۆستانی د بەردلێ هەڤێل دە دا.

- حەشی گۆتنا تە، ژ کووچکان رە ژی دقەدیا! هەگەر من خوەندنا خوە تمام کربا ئەزێ ژ خوە رە بووباما تەختۆر، (خوەدی قەدر و پەرە)، ما قەی وێ دنیا خەرابووبا؟ ..چما وێ تەکسیا «مارسیدس» نە ل بەر دەری با؟ چما وێ تومبلا دو دوولاب ل بەر دەری با (یا کۆ بەرگیلێ ئەز بووم)؟.. چما منێ ژیانا خوە د هۆلکان و د قوڵکا خانیێ پی تە دە بهورتبا؟ چما وێ خانیێ من نە قەسرەک، ب دیکۆر و "چاکووزی" با؟.. چما وێ کارێ من ئاڤدان و جەناتی و وێ ئالاڤێن من مەڕ و بێر با؟ چما وێ ئالاڤێن من نە پێنووس و قەلەمتەراش با؟ ..چما وێ

نە نوورسێن مینا کەبۆکان ب بهنا لەوەنتۆ د بەر من رە نە چوونا و نە هاتبانا؟.. چما وێ ل دۆرا من ژن و کەچێن تەڤر و ئەشێڤێ و بهنا خوێدانا وانی تووژ مینا قوزەلقەرتێ با؟.. چما وەختا راوەستنا من وێ نە ل «کەسەب»١ و «بلوودان»٢ با؟ چما وێ ب تە رە ل بەر دیوارێن گوند با؟... چما وێ زارۆکێن من، نە ل نستیتووت و زانینگەهان پەروەردەببانا؟ چما وێ ب چۆل و پۆلان کەتبانا و وێ سێنیک و فراخێن خوارنگەهان شوشتبانا؟.. چما وێ جلێن زارێن من ژ «بالان» با؟ چما وێ نە ژ مارکێن «سامی» و «لۆرد» بانا؟.. چما منێ هەر رۆژ شیشک و کوباب و نانێ فرنێ نەخواربا؟ چما منێ هەر سبە شۆربا نیسکێ و هەر ئێڤار مەیرا خاڤلۆرکی خواربا! ..چما منێ ژ خوە رە جازیا کەچا حەسەن ئاغا (خوەدیا گەردەنی و بازنێن زێر) نە ئانیبا؟ چما منێ فەریدا کەچا سۆفی خدر خوەدیا تەپک و پشتێن پووش ئانیبا! هەمزۆ ل ڤێدەرێ ل فرێمێ خست و ل دۆرا خوە زیڤڕی، باشبوو کۆ ژ عەباسۆ پێ ڤە کەسەک نەبوو.

– هەمزۆ هەموو گۆتنێن تە ڤالا نە و دارا خوەزیێ تو جاران بەر نەگرتبوو! تو مر ژێ و تە کولا جازیا ب خوە رە بر گۆڕێ و خویایە ڤا ب تە رە گهیشت ئاخرەتێ. باشە کۆ دیا بەدرۆ نە ل ڤرە! وەڵەهـ وێ کووچک ژ تە چێتر کربا! مالاڤا تو خوڕوفیە ئان تو دێهن بوویە؟ ما تو نزانی کۆ تەڤ کەت و تەڤ رابوو و ئەو دنیا چوو و نەما ڤەدگەڕە؟! عەباسۆ گۆت و مەزەل شانی خوەدیێ خەونێن هشیاری کر.

– بڕا تو ئەهمەقە! ما ئەز نزانم کۆ ئەڤ ئاخرەتە و قیر و قیامەتە! ..من خوەست هنەکی ژ خوە رە ئەز وەنسا بینم و پچەکی بهنا خوە فرەهە بکم. هەمزۆ لێڤەگەراند و خوە قولاپت سەر کێلەکا دن و دوور دوور ل ئاسۆیێ نەری.

**١ و ٢ دو دەڤەرێن راوەستنێ ل سووریێ نن.**

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ مالپەڕێ (وەلاتێ مە) هاتیە وەرگرتن. ژ ئالیێ مە ڤە ژ ڕێنڤیسا کوردی یا لاتینی هاتیە ڤەگواستن ژبۆ ڕێنڤیسا نها ل هەرێمی لکارە.**

**(ڕامان)**



# کلۆشێت

**گی دۆ مۆپەسان**
**لە فرەنسییەوە: هیوا شەمسی بورهان**
**(فرەنسا)**

چەندە سەیرن ئەو بیرەوەرییانەی کە لێتان دەبنە مۆتەکە و ناتوانن خۆتان لە دەستیان ڕزگار بکەن !

ئەمەیان هێندە کۆنە کە تێناگەم چۆن وەها زەق و زیندوو لە زەینمدا ماوەتەوە، کەچی لە دوای ئەو، گەلێک شتی کارەسات، دڵهەژێن و ترسناکم دیوە کە بۆ خۆم پێم سەیرە چۆن نەمتوانیوە ڕۆژێک، تەنانەت ڕۆژێکیش لە ژیانمدا تێپەڕ بکەم، بێ ئەوەی دەموچاوی دایکە «کلۆشێت» (١) نەیەتە پێش چاوم، دەموچاوی هەر بەو شێوەیە کە من چەندان ساڵ لەمەوبەر ناسیم، کاتێک دە، یان دوازدە ساڵ بووم.

خەیاتێکی پیر بوو کە حەفتەی جارێک، هەموو سێشەممان دەهاتە لای دایک و بابم تا جلەکانمان پینە و پەڕۆ بکا. ئێمە لە یەکێک لەو خانووە گەورانەدا دەژیاین کە کۆشکیان پێدەگوتن و بریتی بوون لەو خانووە کۆنانە بە میچی تیژەوە کە چوار پێنج مەزرای دەورووپشتی، سەر بە ئەو بوون. (٢) گوندی تەنیشتمان میرەدێیەک بوو کە چەند سەد مەتر لێمان دوور بوو و لە دەوری کڵێسەیەک ساز کرابوو، کڵێسەیەک بە خشتی سوورەوە کە بە تێپەڕبوونی کات ڕەش هەڵگەڕابوو.

ئەوجا هەموو سێشەممان دایە کلۆشێت بەیانی لەنێوان کاتژمێر شەش و نیو و حەوت دەگەیشت و هەمان کاتیش دەچووە نهۆمی سەرەوە و لە ژووری خەیاتیدا دەستبەکار دەبوو. ژنێکی بڵیند و کز بوو، تووکن بوو، چونکە لەسەر گشت دەموچاوی ڕدێنی هەبوو، ڕدێنێکی سەیر و چاوەڕوان

نەکراو کە چین چین بە دۆخێکی لوولدراو ڕوابوو و دەتگوت شتێک ئەو ڕدێنەی لەسەر دەموچاوی ئەو ئافرەتە چاندووە. لەسەر لووتی، لەبن لووتی، دەوری کەپووی، لەسەر چەنەی، لەسەر کولمەکانی مووی هەبوو و برۆکانی وەها پان و درێژ و خۆلەمێشی و کێشراو بوون، دەتگوت جووتێک سمێڵن کە بە هەڵە لەوێ دانراون. (٣)

دەشەلی، بەڵام نەک وەک ئەو نەقوستانانەی دەشەلن، بەڵکوو وەک گەمییەکی سەر دەریا، کاتێک خۆی دەخستە سەر قاچە تەواوەکەی، دەتگوت لەشی زەلام و ئێسکن و خواری کەوتووەتە سەر شەپۆلێکی مەزن و چووەتە سەرێ، پاشان لەپڕا ڕۆ دەهاتە خوارێ وەک بلێی نوقمی ئاو بێ و وە عەرزی کەوێ. ڕێگا پێوانەکەی بیرۆکەی تۆفانێکی دێنا بەر چاوان هێندە لەشی سەر و خواری دەکرد، لە هەمان کاتیشدا هەمیشە کڵاوێکی گەورەی سپی لەسەر بوو کە تیتۆڵەکانی لە پشتەوە لە هەوادا هەڵدەفڕین و بە هەر جووڵەی لەشی، دەتگوت دەیانەوێ بە ئاسۆدا بێن و بڕۆن، لە باکوورەوە بۆ باشوور و لە باشوورەوە بۆ باکوور.

دایکە کلۆشێتم زۆر خۆش دەویست. هەر کە لە خەو هەڵدەستام، دەچوومە ژووری خەیاتی و دەمدی لەوێ دانیشتووە و خەریکی دروونە و مەنقەڵێکی لەژێر پێی داناوە تا گەرمی کاتەوە. (٤) هەر کە دەگەیشتمە لای ناچاری دەکردم مەنقەڵەکە لەبن خۆم بنێم تا لەو ژوورە گەورە و ساردەی بن میچی خانوو، تووشی هەڵامەت نەبم. پێی دەگوتم: «بەو سەرمایە گەرووت تووشی نەخۆشی دەبێ».

لە هەمان کاتدا کە پارچە و کوتاڵی بە قامکە درێژ و کۆڵەکانی دێنا و دەبرد، چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە. دەستەکانی چوستوچالاک بوون، چاوەکانی لەژێر شووشە ئەستوورەکانی چاویلکەدا بوون، چونکە بە هەڵگەڕانی تەمەن، حوکمی چاوی کەم بووبوون و ئاوا چاوەکانی بە شێوەیەکی سەیر قووڵ و زلتر دەبینران.

تا ئەو جێیەی وەبیرم بێ و ئاقڵ و دڵی منداڵیم لێی حاڵی بووبێ، ژنێکی بەستەزمان بوو بە ڕووحێکی زۆر بەخشندەوە. ژیانی گەورە و سادە دەدیت. باسی ڕووداوەکانی گوندی بۆ دەکردم، چیرۆکی مانگایەک کە سەری خۆی هەڵگرتبوو و لە تەویلە چووبووە دەر و بەیانییەک لە پێش ئاشی «پرۆسپێر مالێ» دا (٥) دۆزیبوویانەوە کە سەیری سووڕانەوەی باڵەکانی ئاشەکەی دەکرد (٦)، یان باسی هێلکەیەکی بۆ دەکردم کە لەبن ناقووسی کڵێسەدا دۆزرابووەوە، بێ ئەوەی کەس بزانێ چ باڵندەیەک لەوێ هەڵنیشتبوو و هێلکەی کردبوو؛ یان نەقڵی سەگی ژان- ژان پیلاس (٧) کە دە فرسەخ (٨) لە گوند دوور کەوتبوو تا بچێ و دەرپێی دزراوی خاوەنەکەی بێنێتەوە کە کابرایەکی ڕێبوار کاتێک هەڵیانخستبوو ویشک بێ، دەستی دابوویە و دزیبووی. هەموو ئەو نەقڵ و نەزیلە سادانەی بە شێوەیەک بۆ دەگێڕامەوە کە لە زەینی مندا هیچ چیرۆکی نێو بەیت و باوان، یان هیچ شیعرێکی بەرز و پڕ لە ڕەمز، یان هیچێک لەو چیرۆکە جوانانەی کە شاعیران هۆندوویانەتەوە و دایکم شەوانە بۆمی دەخوێندەوە، شتاقیان تام و هێز و خۆشیی گێڕانەوەکانی ئەو ژنە گوندییەی نەبوو.

سێشەممەیەک کە هەموو بەیانییەکەی لە لای دایکە کلۆشێت دانیشتبووم و گوێم لە قسەکانی گرتبوو، دوایە لەگەڵ خزمەتکارێکمان هەستاین چووین لە دارستانی «هالێ» (٩) کە دەکەوتە

پشت مەزرای «نوارپرێ» (١٠) بەروو بچنین. وردەکارییەکانی ئەو ڕۆژەم وەک دوێنێ لەبیر ماون.

کاتێک دەرگای ژووری خەیاتیم کردەوە، بینیم خەیاتی پیر لە تەنیشت کورسییەکەی بەسەر دەموچاودا بەربووەتەوە، قۆڵەکانی درێژ بووبوون و هێشتاش دەرزیلەیەکی بە دەستێک و کراسێکی منی بە دەستەکەی دیکەوە بوو، دەرپێیەکی شینی لەبەردا بوو و یەکێک لە قاچەکانی، بێگومان ئەوەی تەواو و ساغ بوو، کەوتبووە ژێر کورسییەکە. چاویلکەکە لێی دوور کەوتبووە و لە خوار دیوارەوە شووشەکانی دەبریقانەوە.

بە قیژەی توند ڕام کرد، خەڵکی ماڵ هەڵاتن و دوای چەند خولەک تێگەیشتم کە دایە کلۆشێت مردووە. قەت ناتوانم وەسفی ئەو هەستە قووڵ و تاڵ و زاڵە بکەم کە چۆناوچۆن دڵی منداڵیی منی ڕێک گوشی. بە سووکە هەنگاو و بەسەر پەنجان چوومە سالۆنی خوارەوە و چووم لە سووچێکی تاریک، لەنێو مۆبلێکی کۆن و ڕەحەتی ماڵمان لەسەر ئەژنۆ دانیشتم و دەستم بە گریان کرد، بێگومان کاتێکی باش لەوێ مابوومەوە، چونکە دواتر نیوەشەو داهاتبوو.

لە ناکاو چەند کەس بە چرایەکەوە وەژوور کەوتن، بەڵام منیان نەدیت، لە دەنگیان ڕا زانیم کە باب و دایکمن و لەگەڵ پزیشک دەدوێن. دیار بوو زوو چووبوونە دوای و ئەویش خەریکی شیکردنەوەی چۆنایەتی ڕووداوەکە بوو.

ڕاستییەکەی من هیچ لە قسەکانی حاڵی نەبووم، پاشان پزیشک دانیشت و ڕازی بوو پەرداخێک مەشرووب و غوڕابییەک (١١) بخوا.

ئەو هەر قسەی دەکرد و ئەو شتەی گێڕایەوە، تا ئێستاش لە ڕووحمدا ماوەتەوە و تا زیندووم هەر دەمێنێ! تەنانەت پێموایە دەتوانم ڕێک ئەو وشانە بەکار بێنم کە بەسەر زمانی خودی پزیشکدا هاتن.

گێڕایەوە: ئاخ ژنی فەقیر! ئەو لێرە یەکەم نەخۆشی من بوو، ڕۆژی گەیشتنم بۆ ئێرە قاچی شکا و خەڵک هێندە بەپەلە هاتنە دووم کە لە فایتوون دابەزیم، کاتم نەبوو دەستەکانم بشۆم، ئاخر شتەکە ناخۆش بوو، زۆر ناخۆش.

حەڤدە ساڵی بوو و کچێکی زۆر جوان بوو، یەکجار جوان! قەت باوەڕم پێدەکەن؟ سەبارەت بە بەسەرهاتەکەی قەت بۆ کەسم نەگێڕاوەتەوە، بێجگە لە من و پیاوێکی دیکە کە ئێستا لەم مەڵبەندە نەماوە، کەس ئاگادار نەبوو، ئێستا کە مردووە، دەتوانم بیدرکێنم.

لەو سەردەمەدا مامۆستایەکی گەنج و قۆز و کەڵەگەت گەیشتە ئەم گوندە. هەموو کچانی گوند بە دوایەوە بوون و پێیان جوان بوو، بەڵام ئەو بە هێندی نەدەگرتن، چونکە زۆر لە سەرۆکی خوێندنگا، باوکە «گرابوو» (١٢) دەترسا، بە تایبەتی کە ئەو پیاوە توورە و تۆسن بوو و زۆرجار خۆش ئەخلاق نەبوو.

ئەو کچە جوانە کە ناوی «هۆرتانس» (١٣) بوو و لە ماڵی ئێوەدا کۆچی دوایی کرد، پێشتر دەهاتە لای باوکە گرابوو و وەک خەیات کاری بۆ دەکرد، دواتر بە هۆی ئەو ڕووداوەی دەیگێڕمەوە، ناویان نا کلۆشێت. مامۆستای گەنج ئەو کچە جوانەی هاتە بەرچاو و ئەویش کە توانیبووی دڵی ئەو پیاوە سەختە وەدەست بێنێ، وەک ئافرەت شایی بە خۆی بوو، بۆیە شەو درەنگانێک لە ژووری بن میچی خوێندنگا، دوای ڕۆژێک کاری خەیاتی، لەگەڵی چووە ژوانێ.

ئەو وای نواند کە دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی،

بەڵام کە لە ماڵی بەڕێز گرابوو هاتەدەر، لەباتی ئەوەی بچێتە خوارێ، لە پلیکانان وەسەر کەوت و چوو خۆی لەنێو کا و کلۆشاندا شاردەوە و چاوەڕوانی دڵدارەکەی بوو، کوڕە زوو خۆی گەیاندە لای و دەستی کرد بە قسەی دڵدارانە کە لەناکاو دەرگای ژووری بن میچێ کراوە و بەرپرسی خوێندنگا پەیدا بوو و پرسی: «لەو سەرە خەریکی چن (سیڤیس بێر) (١٤)؟»

مامۆستای گەنج کە لە ترسان شێت بووبوو بە شێوەیەکی منداڵانە وەڵامی دایەوە: «بەڕێز گرابوو، هاتبوومە سەرەوە تۆزێک لەسەر باقە کایەکان ڕاکشێم و بحەسێمەوە.» ژوورەکەی بن میچێ زۆر گەورە و بەرین بوو. سیڤیس بێر هەر کچی گەنجی سەرلێشێواوی بەرەو قووڵایی ژوورەکە پاڵ پێوە دەنا و پێی گوت: «بڕۆنە وێ، خۆتان بشارنەوە، کارەکەم لەدەست دەدەم، ڕاکەن و خۆتان بشارنەوە!» (١٥)

سەرۆکی خوێندنگا کە گوێی لەو سرتە سرتە بوو گوتی: «دیارە لەوێ بە تەنیا نین؟

– نەخێر بەڕێز گرابوو بە تەنیام!

– نەخێر وا نییە، چونکە قسان دەکەن.

– سوێندتان بۆ دەخۆم بەڕێز گرابوو کە بە تەنێم.

– دەی باشە ئێستا لێم مەعلووم دەبێ.»

کابرای پیر وای گوت، دوو جار کلیلی لە دەرگادا سووڕاندەوە و قفڵی دا تا بچێتە خوارێ و مۆمێک بێنێ.

ئەوجا پیاوی گەنج کە لەو خوێڕییانە بوو زۆر تووشیان دەبین، ئاقڵی لەدەست دا و بە تووڕەیی دووپاتەی کردەوە: «ئاخر خۆتان بشارنەوە تا نەتانبینێ. وا دەکەن تا کۆتایی ژیانم نان نەبێ بیخۆم، وا دەکەن ئیش و کارەکەم وێران بێ... دەی خۆتان بشارنەوە دەی!»

دیسان دەنگی کلیلی هاتەوە بەرگوێ. کە لە قفڵی دەرگادا دەسووڕایەوە، هۆرتانس بەرەو ئەو دەربیجەیە ڕای کرد کە دەیڕوانییە سەر شەقام، لەپڕا کردییەوە، پاشان بە دەنگێکی نزم و هێدییەوە گوتی: «دوایی کە لێرە ڕۆیشت، وەرن لە خوارەوە هەڵم گرنەوە» ئەوجا خۆی فڕێ دا.

باوکە گرابوو کە کەسی دیکەی لەوێ نەدۆزیبووەوە، بە سەرسوڕماوی دیسان چووە خوارێ، چارەگێک دواتر بەڕێز سیڤیس بێر هاتە لای من و تەواوی سەربوردەی بۆ گێڕامەوە، کچی گەنج کە لە نهۆمی دووەمەوە خۆی هەڵداشتبوو، بێ هیچ جووڵەیەک لەبن دیواری کەوتبوو. دەگەڵ کابرای گەنج چوومە سەر سەری. وەک گۆزەی سەرەونخوون باران دەباری. ئەو کچە چارەڕەشەم هەڵگرت و هێنامە ماڵی خۆم کە قاچی لە سێ جێوە شکابوو، ئێسکی وەها تێک قرمابوو کە گۆشتی لەشی ڕەش و شین هەڵگەڕابوو. هیچ نەیدەناڵاند و تەنیا وەک تەسلیم بوونێکی ئازایانە دەیگوت: «خوداگیر بووم، خراپی بەسەر هێنام!»

داوای یارمەتیم لە پەرستارێک کرد و بانگی دایک و بابی کچەم کرد و ئەو چیرۆکەم بۆ گێڕانەوە کە فایتوونێکی سەرکێش لەبەر دەرگای ماڵەکەم وەبەری دا و نەقوستانی کرد. خەڵک بڕوایان بە قسەکەم کرد و ژاندرمەکان بێ ئەوەی سەرکەوتوو بن، مانگێک لە کابرای فایتوونچی گەڕان. فەرموون! بۆیە دەڵێم ئەو ژنە قارەمانێک بوو، لە تۆرەمەی ئەو ژنە قارەمانانە کە جوانترین ڕووداوەکانی نێو مێژوویان خوڵقاندووە.

ئەو خۆشەویستییە تەنیا عیشقی ژیانی

بوو، ئەو بە کچی مرد، شەهیدێکە، ڕووحێکی گەورە، گیانفیدایەکی مەزن! بەڕاستی ئەگەر هێندە ستایشم نەکردبا، قەت ئەو چیرۆکەم بۆ نەدەگێڕایەوە کە لە کاتی زیندوو بوونی خۆی نەمویست بۆ کەسی باس بکەم؛ بێگومان ئێستا لێم تێدەگەن.

پزیشک بێدەنگ بوو. دایکم بە کوڵ دەگریا. باوکم چەند وشەیەکی گوت کە لێی حاڵی نەبووم؛ پاشان گشتیان لەوێ ڕۆیشتن.

لەسەر کورسییە ئاسوودەکە ئەژنۆم لە باوەش گرتبوون و فرمێسکم دەوەراند. لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی پێی قورسی چەندان کەس بوو کە قرچەیان لە پلیکانە دارەکان دێنا، ئەوان تەرمی کلۆشێتیان دەبردە خوارێ.

**پەراوێزەکان:**

**١- Clochette لێرەدا نازناوی ژنێکە، بەڵام ئەسڵی وشەکە واتە «زەنگوڵە».**

**٢- جۆرێک ماڵی ئاغاواتی بووە.**

**٣- ئەم جۆرە تووکن بوونە لەوانەیە پەیوەندی بە کچ بوونی قارەمانی چیرۆکەوە هەبێ، زۆربەی جاران قەیرەکچ تووکنن، بە تایبەتی لە گوند و دێهاتی جاران وا بووە. (پەراوێزی دانراو لە دەقی فەڕەنسیدا)**

**٤- Chaufferette جۆرێک مەنقەڵی سەر داپۆشراوە کە جاران خەڵکی فەڕەنسا (وەک سۆبەیەکی بچووک) خۆیان پێ گەرم دەکردەوە.**

**٥- Prosper Malet ناوی ئاشەکەیە.**

**٦- لێرەدا مەبەست ئاشێکە بە با بسووڕێتەوە.**

**٧- Jean-Jean Pilas**

**٨- فرسەخ: مەودایەکی ڕێگایە بەرانبەر بە ٦ کیلۆمەتر.**

**٩- Hallets ناوی دارستانێکە.**

**١٠- Noirpré ناوی کێڵگە و مەزرایەکە.**

**١١- غوڕابی: بیسکویت، هەروەها لە یۆنان و تورکیا بە جۆرێک شیرینی دەڵێن (کوورابیە).**

**١٢- Le père Grabu**

**١٣- Hortense**

**١٤- Sigisbert لەقەبی مامۆستای گەنج بووە.**

**١٥- لە دەقی فەڕەنسیدا پیاوی گەنج بە (ئێوە) کچەکە دەدوێنێ.**

**سەرچاوە:**

**هۆرلا ؛ نووسەر: مۆپەسان ؛ پێداچوونەوە: ئاندرێ فێرمیژیە؛ چاپەمەنیی گالیمەر، فەڕەنسا، مارسی ٢٠٢٠.**

Le Horla, Maupassant, édition d'André Fermigier, Gallimard, imprimé en France, .mars 2022

# لە چاوەڕوانیدا

داستان بەرزان
(سلێمانی)

**شانۆنامەیەک بۆ گەنجان**



دوو منداڵ تەمەنیان لە نێوان ١٢بۆ ١٨ساڵدان، لە ژوورێکی گەورەی ناو فەرمانگەی منداڵانی بێسەرپەرشتدان، کە چەند سیسەمێکی چۆڵی خەوی تێدایە، هەندێک جلوبەرگ و وێنەی سەمەرەی هەریەک لە ڕەنگ و مانایەک بە دیوارەکانیدا هەڵواسراون، بە دەنگی دەرەوەدا دیارە شەوی سەری ساڵە و خەڵکی لەسەر شەقامەکان سەرقاڵی ئاهەنگ و خواردن و خواردنەوەن، منداڵەکانی دیکەی هەمان ژووریش بۆ مەبەستی جیاجیا لە پەنجەرە و دیوارەکانی فەرمانگەکەوە چوونەتە دەرەوە، تەنیا ئەمان لەوێدا ماون.

**منداڵی١:** (خەریکی وردبوونەوەیە لە ئایپادێکی شکاوەوە، لەبەر خۆیەوە قسە دەکات) ئەمڕۆ لە سەرەنوێڵکەکەی ڕۆژئاوای شار دۆزیمەوە، سەرەتا وامزانی کێشەیەکی ئاسانی هەیە و دەتوانم زوو چاکی بکەمەوە، (زیاتر لە ئایپادەکە وردە دەبێتەوە) ئێستا دەبینم چەندان کێشەی هەیە، (لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات) بەڵێ ڕاستە من وەستای چاککردنەوەی ئامێرە کارەباییەکان نیم، (وچانێک) بەڵام ئەوەتا دەبینم ئەم بەڕێزە هەر لە ڕووکەشدا دووگمەی داگیرساندنی پێوە نەماوە، ئەوەتا درزێکی گەورەش کەوتووەتە سەر شاشەکەی، وەکی دیکەش پشتی پێوە نییە و لە ناو شتە بچووکە جۆراوجۆرەکانی ناویشیدا جێگەی هەندێکیان بەتاڵە.

**منداڵی٢:** (سەرقاڵی خواردنی پارووەیەکە) ئەگەر کێشەی نەبووایە فڕێ نەدەدرا!

منداڵی١: هەندێک جار وادەزانم خەڵکی بە دەستی ئەنقەست هەندێک شت لە سەرەنوێڵکەکە فڕێ دەدەن، بۆ ئەوەی ئێمە سوودێکیان لێوەربگرین.
منداڵی٢: خەڵکی هەرگیز کاری واناکەن.
منداڵی١: تۆ زۆر زوو کۆڵ بە شتەکان دەدەیت.
منداڵی٢: خەڵکی شتێک ئەگەر تۆزێک بە کەڵکیش بێت، ئامادەنین تەنانەت بشیبەخشن، نەک فڕێی بدەن.
منداڵی١: بەڵام ئەو شتانەی دەبەخشرێن، پێویستە بەکاربێن!
منداڵی٢: خەڵکی کە دڵنیادەبنەوە شتێک کەڵکی هیچی نەماوە، پاشان دەیبەخشن.
منداڵی١: بەڵام بۆچی خەڵکی لەو شتانەی هەیانە هەندێک جار بەشی ئێمەش ناخەنە ناو سەتڵی خۆڵەکانیانەوە؟ بۆ ئەوەی ئێمەش سوودێکیان لێوەربگرین!
منداڵی٢: ئەم قسانەمان چەندان جار باس کردووە، ماندوو نەبوویت؟
منداڵی١: پرسیارێکە زۆرجار لە خۆمی دەکەم، لە تۆش،لە هاوڕێکانی دیکەشمان.
منداڵی٢: خەڵکی هەرگیز وەهایان نەکردووە و نایکەن، ئەگین بۆ یارمەتیدانی ئێمە، شێواز زۆرە.
منداڵی١: ئەمەش شێوازێکە.
منداڵی٢: لانیکەم ئەو خواردنەی فڕێی دەدەن، بەو جۆرە بەناو یەکدا تێکەڵی نەکەن و نەیکەنە هەمان کیسەوە کە دەبە و شووشەی دەرمان و کلێنس و دایبی و سانتی و کۆندۆمەکانیانی تێدەکەن.
منداڵی١: من زۆرجار ڕانە مریشکم لە ناو دایبیدا دەرهێناوە، بەڵام تەنیا میزاوی بووە!
منداڵی٢: منیش زۆر شتم لەوێدا دۆزیوەتەوە.
منداڵی١: وەکوو چی؟
منداڵی٢: کتێب
منداڵی١: چ کتێبێک؟
منداڵی٢: ئینجیل
منداڵی١: باسی چی دەکرد؟
منداڵی٢: دروستبوونی جیهان.
منداڵی١: چیتر؟
منداڵی٢: پیاوێک
منداڵی١: کام پیاو؟
منداڵی٢: پیاوێکە لە خاچ دەدرێت.
منداڵی١: بۆچی؟
منداڵی٢: میهرەبان بوو؟
منداڵی١: تا کۆتایی میهرەبان بوو؟
منداڵی٢: لە کۆتاییدا گلەیی دەکات.
منداڵی١: گلەیی؟!
منداڵی٢: بەڵێ گلەیی.
منداڵی١: گلەیی چی؟
منداڵی٢: دەڵێت: (باوکە بۆ بە تەنیا بەجێت هێشتم؟)
منداڵی١: ئەی پاشان؟
منداڵی٢: هەر کتێبەو بە جۆرێک ئەم چیرۆکە دەگێڕنەوە.
منداڵی١: تۆ ئەمانە چۆن دەزانیت؟
منداڵی٢: بەهۆی سەرەنوێڵکەکەوە.
منداڵی١: (وەک ئەوەی هەست بکات ئاپادەکە دەنگێکی لێوە دێت، لە گوێی نزیک دەکاتەوە.) سەرەنوێڵک بۆ ئێمە زۆر شتە.
منداڵی٢: (وێنەیەکی گەورەی پیس و پۆخڵ لە ژێر سیسەمەکەیدا دەردەهێنێت، دەست بە پاککردنەوەی دەکات) دەمەوێت ئەگەر وێنەکەم بەلاوە جوان بوو بە جێیەکی یەکێک لەم دیوارانەوەی هەڵبواسم.
منداڵی١: بیرت نەچێت تەنیا دیواری ژوور

سەری خۆت، بۆ تۆیە! لاتەنیشتیشت ئەوەیان بێگومان ئەگەر هەتبوو.

**منداڵی٢:** دەزانم هەر بۆ خۆشی ئەو قسەیەم کرد، بە خەونی ئەوەی ڕۆژێک بێت...

**منداڵی١:** (قسەکەی پێدەبڕێت) کێ بێت؟

**منداڵی٢:** ڕۆژێک.

**منداڵی١:** ئاخر لەو ڕۆژەدا کێ بێت؟ ئەی ئەو هەموو جارێک لە شەودا نایەت؟

**منداڵی٢:** تۆ هەرگیز بینیوتە؟

**منداڵی١:** نەخێر

**منداڵی٢:** دەزانی ڕەنگی چۆنە؟

**منداڵی١:** تەنیا لەوێنەدا.

**منداڵی٢:** کێ دەڵێت ئەوەی ناو وێنەکان خۆیەتی؟

**منداڵی١:** ئەو کاتە کە هێشتا لە قوتابخانە مابووم، مامۆستاکەشمان هەمان وێنەی نیشان دەدایین و دەیگوت ئەوە خۆیەتی!

**منداڵی٢:** مامۆستاکان تەنیا کاتەکانمان پێ بەڕێ دەکەن.

**منداڵی١:** پاش ئەویش چەندجار بینیومە دایکان و باوکان جلوبەرگەکەیان بۆ منداڵەکانیان کڕیوە، هەر هەمان شێوەی هەبووە!

**منداڵی٢:** (لە خەیاڵەوە چووە) بەقسەی مامۆستاکان بووایە، ئێستا ئێمە دەبوو لە بەهەشت بین.

**منداڵی١:** چۆن؟

**منداڵی٢:** بیرتە مامۆستاکەمان هەمیشە دەیگوت هەر کەسێک ئایەتێک لەبەر بکات، خودا دەیخاتە بەهەشت؟

**منداڵی١:** ئەو مەبەستی بووە کاتێک مردین، پاشان دەچینە بەهەشت!.

**منداڵی٢:** من کە مردم حەزناکەم بچمە بەهەشت..

**منداڵی١:** کەوایە حەزەکەی بچیتە کوێ؟

**منداڵی٢:** حەزەکەم هەر لە سەرەنوێڵکدا بمێنمەوە.

**منداڵی١:** ئاخر ئاسمان سەرەنوێڵک نییە!

**منداڵی٢:** (وێنە گەورەکە بە تەواوی پاک دەکاتەوە، بە ژوور سەریدا دەست دەکات بە هەڵواسینی)

**منداڵی١:** (سەیری وێنەکە دەکات) شێوەیەکی سەیری هەیە!

**منداڵی٢:** لە باوکمان دەچێت!

**منداڵی١:** بەڵام باوکی ئێمە سمێڵی وەها نەبوو.

**منداڵی٢:** ڕاستە تەنیا قژی وەها دادەهێنا، بەتاییەت ئەو کاتانەی دەگەڕایەوە بۆ جەنگ.

**منداڵی١:** (وێنەیەکی باوکی لە ژێر سەرینەکەی دەردەهێنێت) ئەو زۆر بەرگریی کرد، بەڵام دوژمنەکان هەر کوشتیان.

**منداڵی٢:** (وێنەیەکی دایکی لە ژێر سەرینەکەی دەردەهێنێت) ئەویش زۆر هاواری کرد، بەڵام دوژمنەکان هەر بردیان.

**منداڵی١:** تۆبڵێی ئەم شەو بێت؟

**منداڵی٢:** کێ؟

**منداڵی١:** پیاوە قژ و ڕیش سپییە جلوبەرگ سوورەکە.

**منداڵی٢:** ئەوەی قسەکەی دڵمانی پێ دەڵێین تا لەگەڵ خۆی بیبات بۆ لای خودا؟

**منداڵی١:** کێ.

**منداڵی٢:** پیاوە قژ و ڕیش سپییە جلوبەرگ سوورەکە.

**منداڵی١:** ئەوەی قسەی دڵمان دەبات بۆ خودا؟

**منداڵی٢:** هەموو جارێک لە ئاسمانەوە بەسەر هەورەکاندا دێتەخوارەوە، پاشان بە

خۆی و گالیسکەکەیەوە کە چەند ئاسکێک، یان چەند مەڕەکێوییەک ڕایدەکێشن، بەسەر بەفری چیاکاندا شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو شارەکان.
(لەسەر سیسەمەکەی وەک ئەوەی لەسەر گالیسکەیەک بێت، چەرچەفەکەی بەسەر شانیدا دەدات و سەتڵێکی سوور کە لەوێدا دانراوە، دەیکاتە سەری و خۆی دەکاتە بابانوئێل) لەل لا، لەل لەل لا، لەل لەل للا.... ها کوڕە جوانەکە حەزت لە چ دیارییەکە؟
**منداڵی١:** حەزم لە هیچ دیارییەک نییە!
**منداڵی٢:** (بەسەرسوڕمانەوە) چۆن؟ (سەتڵەکە لەسەری دەهێنێتە خوارەوە) پێی بڵێ کوا دایکمان؟
**منداڵی١:** کوا دایکمان؟
**منداڵی٢:** (سەتڵەکە دەکاتەوە سەری) تەنیا خودا دەیزانێت.
**منداڵی١:** ئێمەش دەمانەوێت لەو بۆمان بپرسیت.
**منداڵی٢:** هەر ئەم شەو کە گەڕامەوە، هەر ئەم شەویش دەتانبەم بۆ لای.
(هەردووکیان لە نێوانی سیسەمەکانیاندا پێکەوە بەدەم لەل لەل لا.. لەل لەل لا... لەل لەل لەل لا، دەکەونە سەما و شادیی دەربڕین).
(دەنگی هۆڕن و هاواری خەڵکی دەرەوە لە خەیاڵەکەیانیان دادەبڕێت، دەچنەوە سەر سیسەمەکانیان).
**منداڵی١:** هەر دێت؟
**منداڵی٢:** ئەم شەو دوایین شەوی ساڵە، دەبێت هەر بێ.
**منداڵی١:** ساڵی پاریش هەروات گوت.
**منداڵی٢:** وتم چی؟
**منداڵی١:** وتت هەر دێت.
**منداڵی٢:** بەهیوام ئەم ساڵ بێت، چونکە زۆر بێزاربووین.
**منداڵی١:** لە چی؟
**منداڵی٢:** لە چاوەڕوانی.
**منداڵی١:** تۆبڵێیت منداڵانی دیکەش هەبن چاوەڕوانی بکەن؟
**منداڵی٢:** ڕەنگە
**منداڵی١:** تەنیا ئەوانەی دایکیان ڕفێنراوە؟
**منداڵی٢:** نەخێر من چەند جار دیومە لە تەلەفزیۆنەکانەوە چووە بۆلایان و وێنەی لەگەڵ گرتوون.
**منداڵی١:** بەڵام ئێمە نامانەوێت وێنەی لەگەڵدا بگرین.
**منداڵی٢:** ڕاستە ئێمە نامانەوێت وێنەی لەگەڵدا بگرین.
(بە دەنگی شووشەی پێک و هاوار و پێکەنینیاندا دیارە لە دەرەوە خەڵکی خۆیان بۆ کاتژمێر ١٢ی شەو ئامادە دەکەن، تاکوو گرنگترین ساتی ئەو شەوە لەگەڵ خۆشەویستانیان بەسەر ببەن).
**منداڵی١:** (خۆی گیف دەکاتەوە، چەشنی ئەوەی لەگەڵ بابانوئێلدا قسە بکات، ڕوودەکاتە منداڵی دوو) ئێمە دەمێکە چاوەڕێی تۆین، بۆچی وا درەنگ کەوتیت؟
**منداڵی٢:** (خۆی گیف دەکاتەوە، چەشنی ئەوەی لەگەڵ بابانوئێلدا قسە بکات، ڕوودەکاتە منداڵی یەک) ڕاستەکات ئێمە چاوەڕێت بووین، نەدەبوو وەها درەنگ بێیت.
**منداڵی١:** ئەی ئەگەر وتی کام خەون؟
**منداڵی٢:** خەونی گەڕانەوەی دایکمان
**منداڵی١:** نازانم! بیرم نییە! خەونی چی؟
**منداڵی٢:** خەونەکەمان؟
**منداڵی١:** بەڵێ
**منداڵی٢:** نازانم! بیرم نییە! خەونی چی؟
(بەدەم خەیاڵەوە بە ناو ژوورەکەدا دەگەڕێن،

بەدەم خەونەوە دەست دەکەن بە وڕێنەکردن)

**منداڵی٢:** خەونی زوو گەورەبوون.

**منداڵی١:** خەونی ڕزگاربوونمان لەم شوێنە.

**منداڵی٢:** خەونی ئەوەی کێڵگەیەک لە گوندەکەمان دروست بکەین.

**منداڵی١:** (بە شێوەیەکی گێلانە) ئەها کێڵگەکە! ئەی باشە ئەگەر کێڵگەکەمان دروست کرد، مریشک ڕادەگرین؟

**منداڵی٢:** بەڵێ.

**منداڵی١:** ئەی کەروێشک؟

**منداڵی٢:** بەڵێ بێگومان.

**منداڵی١:** ئەی تۆ دەهێڵیت من گیا بدەم بە کەروێشکەکان؟

**منداڵی٢:** بەڵێ دەهێڵم.

**منداڵی١:** کەواتە با لە چاوەڕوانی بەردەوام بین.

**منداڵی٢:** با بەردەوام بین.

**منداڵی١:** لەچی؟

**منداڵی٢:** لە چاوەڕوانی.

**منداڵی١:** من حەزەکەم لێرە بڕۆم.

**منداڵی٢:** بە مەرجێک.

**منداڵی١:** مەرجی چی؟

**منداڵی٢:** کە هەرگیز نەیەیتەوە بۆ لای من.

**منداڵی١:** ئاخر بەیانی کابرای چاودێر دێت، کە من دیارنەبم لە تۆ هەڵدەدات.

**منداڵی٢:** قەیناکە بیرم دەچێتەوە.

(منداڵی یەک دەچێتە دەرەوە، منداڵی دوو سەیرێکی وێنەکەی هیتلەر دەکات و پاشان هەڵدەستێت و هەڵیدەگێڕێتەوە بە دیوەکەی دیکەیدا، کە وێنەیەکی نیمچەڕووتی شاکیرایە، بە قووڵی دەچێتە ناو وێنەکەوە، ماوەیەک بێدەنگی دروست دەبێت)

**منداڵی١:** (بەدەم هەڵکێشانی بیجامەکەیەوە) دەمێک بوو ئارەزووم دەکرد پێکەوە تەماشای ئەم وێنەیە بکەین.

**منداڵی٢:** (لە سەیرکردن بەردەوام و خۆی تێک نادات، تەنانەت ئاوڕیش ناداتەوە) چوویت بۆ کوێ؟

**منداڵی١:** (دەچێتە سەر سیسەمەکەی و بەرانبەر وێنەکە دادەنیشێت) چووم میزم کرد.

**منداڵی٢:** بیرتە ئەو جارە کارمەندە گەنجەکەی ئێرە لە سالۆنەکەدا بە چ زەبرێک دارەکەی کێشا بەسەرتدا؟

**منداڵی١:** پاشان تۆ هاوارت کرد و بۆ من گریایت.

**منداڵی٢:** دواتر ئەویش پڕ بە سالۆنەکە هاواری کرد: ئێوە دوو برای گێلن، ئەگەر باش بوونایە باوکتان نەدەکوژرا و دایکتان هەڵنەدەگیرا.

**منداڵی١:** ئەو مرۆڤێکی کهولیست و تووڕەبوو.

**منداڵی٢:** پاش ماوەیەک لێرە نەما، گواستیانەوە بۆ نەخۆشخانەی دەروونی.

**منداڵی١:** بە نەخۆشی خۆی؟

**منداڵی٢:** نەخێر کردیانە بەڕێوەبەر.

**منداڵی١:** ئەی ئەو کهولیست و تووڕە نەبوو؟

**منداڵی٢:** ئەوانیش کەسێکی وەهایان بۆ ئەوێ دەویست.

(وچانێکی زۆر)

**منداڵی١:** بڵێیت بێت؟

**منداڵی٢:** هەر دێت.

(گوێیان لە دەنگی کردنەوەی دەرگا و تەقە تەق دەبێت، پاش تۆزێک گوێهەڵخستن، کارمەندەکانی فەرمانگەکەن، خێرا خۆیان دەخزێننە ناو جێگا خەوەکانیان)

دەنگی کارمەندێک لە دەرەوە: (بەسەرخۆشی) ڕۆیشتوون، یان هاتوون کێشەی ئێمە نییە،

ئێمە شەوەکەی خۆمان تێک نادەین، بەیانی هەر خۆیان دەگەڕێنەوە.

دەنگی کارمەندێکی دیکە: پشکوێیان بخە و هەر بیریشیان لێ مەکەرەوە، بێنە ویسکییەکە، سەرووپێکی دیکە دەخۆین و بۆ ناو خەڵکەکە دەڕۆینەوە، ئەوەندەشی نەماوە ببێتە کاتژمێر دوازدە.

(دەنگی شووشە و پێک و بڵمەبڵمیان دێت، پاشان دەڕۆنەوە دەرەوە و دەرگایەک بە توندی لە دوای خۆیانەوە دادەخەن، منداڵەکان ڕادەچڵەکێن)

**منداڵی١:** خەونم پێوە بینی!

**منداڵی٢:** دایکم؟

**منداڵی١:** پیاوە قژ و ڕیش سپییەکەی لە ئاسمانەوە دێت.

**منداڵی٢:** وتی چی؟

**منداڵی١:** وتی هەر دێم.

**منداڵی٢:** وتت ئێمە چاوەڕێی ئەوین؟

**منداڵی١:** براکەم بەڵێ.

**منداڵی٢:** وتت ئێمە بێزاربووین؟

**منداڵی١:** براکەم بەڵێ.

**منداڵی٢:** شێوەی چۆن بوو؟

**منداڵی١:** لە نزیکەوە نەمبینی، تەنیا دەزانم جلەکانی سوور، لەسەر گالیسکەیەک کە چەند ئاسکێک، یان مەڕەکێوییەک ڕایان دەکێشا، بەسەر بەفرەکەدا بەرەو جێگایەک دەخلیسکان!

**منداڵی٢:** چ جێیەک؟

**منداڵی١:** ڕەنگە ئێرە!

**منداڵی٢:** کەواتە با چاوەڕوان بین.

(دەنگی یاریی ئاگرین و هاوار و قیژەی خۆشیی خەڵکی لە دەرەوە دێن، ڕووناکیی یارییە ئاگرینەکان لە هەندێک بەشی دیوارەکانی ژوورەکە دەدەن، ئەمان بێزاری دەنوێنن و نازانن چی بکەن تا هەست بەو ساتە نەکەن، سەریان بە دیوارەکانەوە دەنووسێنن، خۆیان دەخەنە ناو جێگە خەوەکانیان، دێن و دەچن و بە ناو ژوورەکەدا، هاوار دەکەن، بێدەنگ دەبن، بەڵام دەنگی دەرەوە تا دێت کەشەکە داگیر دەکات، منداڵەکان لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دەدەن بە زەویدا، بەهێواشی دەنگەکەی دەرەوە نامێنێت، ئەوان وەک دوو پەیکەر بە دانیشتنەوە پشتیان پێکەوە نووساندووە، وەک ئەوەی هەر یەکێکیان پاڵی بە درەختێکەوە دابێت، ماوەیەکی درێژ بەو شێوەیە دەمێننەوە، کەشی شانۆ بێدەنگە).

**منداڵی٢:** تۆ دەڵێی دێت؟

**منداڵی١:** مادام ئێمە دەتوانین چاوەڕوانی بکەین ئەو هەر دێت.

**منداڵی٢:** پێی دەڵێین باپیرە گیان ئێمە باوکمان بە دیار چاوی خۆمانەوە کوژراوە، دایکمان ڕفێنراوە.

**منداڵی١:** دەزانین باوکمان مردووە، بەڵام دەمانەوێت بزانین دایکمان چی لێهاتووە؟

**منداڵی٢:** ئەی باپیرە چی؟

**منداڵی١:** ئەو کات ئەویش لێرە دەرمان دەهێنێت.

**منداڵی٢:** پاشان ڕێگای گوندەکەی خۆمانمان نیشان دەدات.

**منداڵی١:** (بە شێوەیەکی گێلانە) ئەها کێڵگەکە! ئەی باشە ئەگەر کێڵگەکەمان دروست کرد، مریشک ڕادەگرین؟

**منداڵی٢:** بەڵێ.

**منداڵی١:** ئەی کەروێشک؟

**منداڵی٢:** بەڵێ بێگومان.

**منداڵی١:** ئەی تۆ دەهێڵیت من گیا بە کەروێشکەکان بدەم؟

**منداڵی٢:** بەڵێ دەهێڵم.

**منداڵی١:** کەواتە با لە چاوەڕوانی بەردەوام بین.

**منداڵی٢:** با بەردەوام بین.

**منداڵی١:** لەچی؟

**منداڵی٢:** لە چاوەڕوانی.

**منداڵی١:** بۆچی؟

**منداڵی٢:** بۆ ئەوەی دوای ئەوەی دایکمان دۆزییەوە، بڕۆین لە گوندەکەی خۆمان کێڵگەیەک دروست بکەین.

**منداڵی١:** دایکیشمان دەبەینەوە بۆ گوندەکەمان؟

**منداڵی٢:** بەڵێ، ئەویش لەگەڵمان کێڵگەکە دروست دەکات.

**منداڵی١:** تۆ و دایکم دەهێڵن گیا بە کەروێشکەکان بدەم؟

**منداڵی٢:** بەڵێ

(هەڵدەستن و دەچن بۆ سەر جێگە خەوەکەیان، دەست دەکەن بە داپۆشینی خۆیان)

**منداڵی١:** ئەگەر ئەم شەویش نەهات سەبەینێش هەر چاوەڕوان دەبین.

**منداڵی٢:** بێگومان

**منداڵی١:** چونکە کە دایکم گەڕایەوە دەچینەوە بۆ گوندەکەی خۆمان.

**منداڵی٢:** کێڵگەیەک دروست دەکەین.

(وردە وردە هەردووکیان خاودەبنەوە)

**منداڵی١:** (نزیکە خەو بیباتەوە) تۆ و دایکم دەهێڵن من گیا بدەمە کەروێشکەکان.

**منداڵی٢:** بەڵێ بێگومان.

**منداڵی١:** لە گوندەکەی خۆمان مریشکیش ڕادەگرین.

(منداڵی دوو وەک ئەوەی خەوی لێکەوتبێت، هیچ دەنگ و جوولەیەکی نامێنێت، جۆرێک لە سامناکی باڵ بەسەر کەشی گشتیی شانۆدا دەکێشێت.)

**منداڵی١:** (چەشنی ئەوەی وڕێنە بکات، لەبەرخۆیەوە دەپەیڤێت) هەردووکمان بە یاوەری دایکم کاتێک کێڵگەکەمان دروست کرد، بۆ گۆڕی باوکیشم دەگەڕێین (ترسی لێ دەنیشێت، پاشان بۆ دەمێک بێدەنگی دایدەگرێت...) باوکم دەدۆزینەوە، من و دایکم، هەروەها تۆش ئەگەر هێزی گێڕانەوەی ڕابوردووت هەبوو، سەربووردەی هەموو ئەو کاتانەی بۆ دەگێڕینەوە، کە دوور لە یەکتر تێمان پەڕاندن، ناخۆشییەکان، ئاستەنگەکان، دزێوی، فریودان، ئەشکەنجە، بێدەرەتانی... (لە خەیاڵەوە دەچێت، ورتە ورت دەکات، پاشان بێدەنگییەک کە ترس لە دڵدا ساز دەکات...) باسی سەرەنوێڵکەکە، باسی ئێرە و کارمەندە تووڕەکانی، باسی ڕۆژان و شەوانی چاوەڕوانی و خەون بینین بە ڕۆژانێکی دیکەوە، باسی برینەکانی سەر جەستەمان بە دەستی پیاوانی دڵڕەق، کاتێک وەک ئاژەڵێکی نەفرەتلێکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردین و لە پاش هەر...... (دەیەوێت بگری، بەڵام ڕێگا نادات و دەیگرێتەوە، بە تووڕەییەوە خۆی بۆ سەر سیسەمی خەوەکەی دەهاوێت و لەگەڵ سەرینەکەی ئاماژەکانی دەستدرێژی سێکسی بەرجەستە دەکات، تا دەگات بە دوو جۆر هاوار، یەکێکیان هانکە هانکی پیاوێک کە خەریکە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵێک دەکات، ئەوی تریان نرکە و پاڕانەوەی منداڵەکە بەدەم ئازاری جەستە و دەروونەوە...) کێ؟ دایکم؟ دەرفەت بە ئەویش دەدەین با خۆی چیرۆکی خۆی بێگرێتەوە، خۆ ئێمە نازانین ئەو بۆ کوێ براوە و چی بەسەرهاتووە! من و تۆ تەنیا باسی خۆمانی بۆ دەکەین، دایکیشم باسی خۆی (بێدەنگی) کێ دەڵێت دایکم باسی خۆی بۆ کەس دەکات؟! ئەی

باوکم دەتوانێت بەرگەی بەسەرهاتەکانی ئێمە بگرێت؟ دایکە تۆ لە کوێیت؟ (بێدەنگی) ئەی من بە تەنیا چۆن باسی هەموو شتێک بکەم؟ (وچانێک) ئەی پیاوانی سەرکردە سیاسییە ناشیرینەکە؟ ئەوەی لە بەرانبەر برێک پارەدا هەموو جەستەیان دەکردین بە وێنەی سەرۆک و ئاڵای حزبەکەیان و بەدەم هوتاف کێشان بۆ سەرۆک و حزب ڕەوانەی بازاڕیان دەکردین؟ (دەیەوێت بگری، بەڵام ڕێگا نادات) ڕۆژێک لە داخی ئەم ڕەفتارەمان گرووپێک لە حزبەکەی دیکە پەلکێشیان کردین بۆ ناو ئۆتۆمۆبێلێکی جام ڕەش و بردیانین بۆ جێگایەک کە وابزانم تەنیا خودا دەیزانی کوێیە، لەوێدا چەند توانییان سووکایەتییان پێ کردین، پاشان زۆر بێبەزەییانە کەوتنە لاقەکردنمان (لێرەدا ئاکتینی کەسانی گرووپەکە دەکات، هاوشێوەی چەند کەسێکی سەرخۆش) دەبڕۆن بەچکە بەرازینە، بڕۆن لە کوڵمان بنەوە، (پێدەکەنێت) ناڕۆن... تازە چەشە بوون (وچانێکی کورت) دەبڕۆن تووتکە سەگینە، بڕۆن بزانین سەرۆکە پەڕۆینەکەتان چیتان بۆ دەکات؟ بڕۆن پاشەڵی خوێناوی خۆتانی پێ نیشان بدەن، بەڵکوو پارەی ڕۆژانەکەتان هەندێک بۆ زیاتر بکات.... بەڵێ.. بەڵێ باسی دەکەم، (بێدەنگی) پاشان داوا لە باوکیشم دەکەین باسی مردنی خۆیمان بۆ بکات (وچانێکی کورت) بڵێی مردن چۆن بێت؟ باوکە... ئەرێ بەڕاست مردن چۆنە؟

ئادەی پێم بڵێن: کە چووینەوە گوندەکەی خۆمان و کێڵگەکەمان دروست کرد، ئێوە دەهێڵن من گیا بە کەروێشکەکان بدەم؟ ئەی لە کێڵگەکەدا مریشک ڕادەگرین؟ بڵێی بهێڵن من گیا بە کەروێشکەکان بدەم؟ باوکە... دایکە... ئێوە لە کوێن؟

(ڕووناکی سەر شانۆ لە پێشتر زیاتر دەکات، تەواوی سەر شانۆکە زۆر ڕووناک دەبێتەوە، بێدەنگییەکی درێژ کەشەکە داگیردەکات، بە ئاستێک بینەران هەست بە کەمێک وەڕسی بکەن، پاشان منداڵی دوو لە جێگەکەی خۆی هەڵدەستێت و بە پشتییەکەی دەستییەوە ڕووەو منداڵی یەک دەڕوات، کە لەسەر جێگە خەوەکەی خەوی لێکەوتووە، هەر بە گەیشتنی بۆ بەردەم سیسەمەکەی لە ڕێکی سەری، پشتییەکە لەسەر دەمی دادەنێت و تابێت توندتر لە دەمی گیر دەکات، منداڵی یەک دەکەوێتە لنگەفرتە، منداڵی دوو قایمتر پشتییەکە لەسەر دەمی توند دەکات، تا هێواش هێواش منداڵی یەک جووڵەی لێ دەبڕێت و جەستەی خاودەبێتەوە، لەو دۆخەدا کە هێشتا منداڵی دوو پشتییەکەی لەسەر دەمی هەڵنەگرتووە، بەهێواشی ڕووناکی سەر شانۆ دەکوژێتەوە، تۆزێک سەر شانۆ بە تاریکی دەمێنێتەوە، دواتر بەهەمان ئاستی پێشوو ڕووناکی هەڵدەبێتەوە، هەردوو منداڵەکە بە بێدەنگی لەسەر سیسەمەکانیانەوە سەیری یەکتر دەکەن، دوای کەمێک وردە وردە دەست بە پێکەنین دەکەن، لە نزمەوە ئاستی پێکەنینەکەیان بۆ بەرزتر دەڕوات، بە ڕادەیەک تەواوی کەشی شانۆکە لە دەنگی بەرزی قاقای پێکەنینی ئەوان پڕ دەبێت، لە ناکاو پێکەوە ڕووناکی سەر شانۆکە و دەنگی ئەوان نامێنن.)

کۆتایی...

**تێبینی: بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیە بەهرەم لە ڕۆمانی (خەونی مشکەکان و پیاوەکان)ی (جۆن شتاینبێگ)، هەروەها شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ)وەی (سامۆئیل بیکێت) وەرگرتووە.**



## عەبدولقادر عەلی مەردان:
## یەکەم فیلمی بەڵگەنامەیی کوردیی کەرستە مێژووییەکە و بیرۆکەکەی هی من بوو.. لە بەغداش بیرم لە دزینی تابلۆیەکی هونەرمەند لالە عەبدە کردەوە.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٤ - ٤)**

* عەبدولقادر عەلی مەردان کە کوڕی گەورەی هونەرمەندی بەناوودەنگی کورد، ئوستادی مەقامات (عەلی مەردان)ــە، هەر لەگەڵ فامی کردووەتەوە باوکێکی هونەرمەندی ناسراوی دیوە، بۆیە لە کاریگەرییەکانی کەسێتی و هونەری ئەو باوکە بە دوور نەبووە، منیش لەوەتەی لەناو دنیای ئەدەبیات و ڕۆشنبیریدا چاوم کردووەتەوە، ئەم پیاوە ماندووەم لە ناوەندی ڕۆژنامەوانی و هونەر و ئەدەبیات و ڕۆشنبیریدا بینیوە و ناسیوە. یەکەم جار لە بەغدا دیتم، ئەوسا چۆنم دیوە، ئێستاش هەروەک خۆی ماوەتەوە، پیاوێکی هێمن و لەسەرەخۆ، کەمدوو، دەم پاک و داوێن پاک و دڵسۆز، عاشق و جیددی بۆ کارەکەی، ئەگەرچی دەرچووی هیچ خوێندنێکی ئەکادیمیی تایبەتمەند و بەرز نەبووە، بەڵام زۆر بە جوانی و بە وردی سەری بەسەر ئیشەکەی خۆیدا شۆڕکردووەتەوە و دوای ساڵانێکی زۆری کارکردن، بووەتە خاوەنی ئەزموونێکی کەڵەکەبووی گەورە. پاش ڕاپەڕینیش کە بە یەکجاری گەڕاوەتەوە کوردستان، خزمەتێکی زۆری بە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی کردووە. لە بواری دیزاینی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بەردەوام سەرقاڵی هونەرکارییە و جێ پەنجەی بەسەر بزاڤی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنییەکانەوە دیار بووە.

* ئەو کاتەی لە بەغدا بوو، لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی، دواتر دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی فەرمانبەر بوو، دوای ئەوەی ناسیم، هەر جارێک سەردانی ئەو دوو دەزگایەم کردبێ، سەرم لێ داوە، دەمبینی هەمیشە سەرقاڵی کارکردنە، ئەنکێتی ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێکی لەسەر مێزەکەی بەردەمی هەڵخستووە و خەریکی دیزاین

کردنیانە، ئەو سەردەمە وەک ئەمڕۆ نەبوو بەهۆی بەرنامە پێشکەوتووەکانی کۆمپیوتەر و فۆتۆشۆپەوە بە ئاسانی ئەو کارە بکرێ، بەڵکوو دوای ئەوەی نووسینەکان تایپ دەکران و هەڵەبڕییان تەواو دەبوو، بەستوونی باریک ڕادەکێشران و دەخرانە سەر کاغەز، ئەو بە مەقەست دەیبڕین و بەدەست بەسەر ئەو ئەنکێتەی بەردەستی خۆی دابەشی دەکردن و بە (پێوەلکاندن- لصق) ئەو لاپەڕەی ئەنکێتانەی پڕ دەکردەوە، ئەمەش کارێکی زەحمەت بوو، بە هەموو کەس نەدەکرا، ئارامی و پشوودرێژی و سەلیقە و هونەر و وردەکاری دەویست، بۆیە لەو قۆناغەی کاری ڕۆژنامەگەریدا، ڕۆژنامەنووسیی کوردی قەرزاری ئەو پیاوەیە.

* سەرەتا هەر بەڕێکەوت بەسەر کاری دیزایندا کەوتووە، ئەوەش کاتێک لە ساڵی ١٩٥٥ کە لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووە، ڕۆژێک بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان بە پۆلەکاندا گەڕاوە و باسی دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی بۆ قوتابییەکان کردووە، لە پۆلەکەی ئەواندا کە داوای لێ کردوون ناوی خۆیان بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی سەر دیوار بنووسن، بێجگە لە عەبدولقادر عەلی مەردان و هاوڕێ وێنەکێشەکەی تەنیشتی و هاوپۆلێکی دیکەیان، کەسی دی ناوی خۆی نەنووسیوە، هەر لەو یەکەم هەنگاوەوە هەوڵی داوە بیرۆکەی نوێ بخاتە گەڕ و ئیشێکی نوێ بکات، بۆیە لەجیاتی ئەوەی بڵاوکراوەکە هی سەر دیوار بێ، کارەکەی بە جۆرێکی دی، بە ستێنسڵ و قەڵەمەکەی جێبەجێ کردووە، واتە بەشێوەی نامیلکە بووە. کە بڵاوکراوەکەیان تەواو دەکەن، سەرنجی بەڕێوەبەرەکەیان ڕادەکێشێ و ڕیکلامی دەرچوونەکەی بۆ (٣) ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەو سەردەمە دەنێرێ بە ناوەکانی: (ئەلزەمان، ئەلڕەئی، ئەلعەمەل)، کاتێک هەواڵەکە و ناوەکانیان بڵاو دەکرێنەوە، ئەوەندەی دی عیشقی کاری هونەری دەبێ و دەبێتە هاندەرێکی گەورە بۆی تا لە داهاتوودا لەسەر ئەو حەز و خولیایە بەردەوام بێ.

* عەبدولقادر عەلی مەردان لە تەمەنی (٧)



**ئازاد عەبدولواحید- عەبدولقادر عەلی مەردان**

ساڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن، سەرەتا لە گەڕەکی (گەهوەت شوکر) چووەتە بەر خوێندنی سەرەتایی و لە قوتابخانەی (ئەلتەسابیل) پۆلی یەک و دوو دەخوێنێ، باوکی پاکەتی جگەرە و شقارتەی بۆ پاسەوانی قوتابخانەکە کڕیوە تا لە قوتابخانە چاوی لێ بێت، ڕانەکات و بگەڕێتەوە ماڵەوە، چونکە زۆر لە قوتابخانە و قوتابییەکان ترساوە، ئەوجا بۆ پۆلی سێ و چوار چووەتە قوتابخانەی (ئەلموستەقبەل)، دوایی لە قوتابخانەی (الرصافة الثانية) پۆلی پێنج و شەشی تەواو کردووە. بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی کۆڵ نادات، ساڵی ١٩٦٠ بە مەبەستی خوێندن، لە قۆناغی ناوەندی تێهەڵچووەتەوە، دوای تەواوکردنی ناوەندی، ساڵی ١٩٦٧ لەڕێی خوێندنی ئێوارانەوە ئامادەییش تەواو دەکات. ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧١ لە زانکۆی مونتبلیەی فەرەنسا لە کۆلێژی یاسا و زانستی ئابووری وەرگیراوە، وەلێ بۆی نەچووە، دوایی کە لە مووسڵ فەرمانبەر بووە، لقێکی زانکۆی موستەنسرییە کراوەتەوە و لەوێ وەرگیراوە، بەڵام لەبەر گوێزانەوەی بۆ بەغدا نەیتوانیوە بخوێنێ.

* ئەو هونەرکارە دەستڕەنگینە لەوەتەی هەیە بۆ دابینکردنی بژێوی خۆی خەریکی کارکردنە و ڕەنج دەدا، یەکەم جار لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا، واتە لە ساڵی ١٩٥٨ وەک کرێکار ڕۆژانە بە (٣٠٠) فلس لە بەڕێوەبەرایەتیی پێداویستیی پزیشکی لە بەغدا کاری

کردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٦٤ لە بەڕێوەبەرایەتیی نانەواخانەکانی بەغدا کە سەر بە (مصلحة الاعاشة العامة) بووە کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٦٨ لە بەڕێوەبەرایەتیی (اعمار الشمال) بەناوونیشانی (کۆپیکەری نەخشەکان- ناسخ خرائط)، بە ڕۆژانەی (٧٠٠) فلس کاری کردووە، پاشان بۆ موتەسەڕیفیەتی لیوای (کەرکووک)ی دەنێرن و لەوێ تا ساڵی ١٩٦٩ دەمێنێتەوە، لەو شوێنەش کاری نەخشەسازی بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کردووە، هەر لێرەش فێری بەکارهێنانی قەڵەمی (ڕۆترینگ) بووە.

* لە ژیانیدا زۆر کار و ئەرکی کارگێڕی بینیوە و زۆر جێگۆڕکێی پێ کراوە، ئەرکەکانی لە بەغدا، کەرکووک، مووسڵ جێبەجێ کردووە، بۆ نموونە کە لە ساڵی ١٩٧٠ بووەتە فەرمانبەری هەمیشەیی لە (دەزگای ڕۆشنبیریی کرێکاری- مؤسسة الثقافة العمالیة) دەینێرنە شاری کەرکووک و مووسڵ کە لقی ئەو دەزگایە لەو دوو شارەدا هەبووە. ساڵی ١٩٧٢ بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیریی و هونەر دەیگوێزنەوە، لەوێوە بۆ (بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی) تەنسیبی دەکەن. دوای یەکگرتنەوەی هەردوو (بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی) و خانەی (هاوکاری) ناوەکەی دەکرێتە: (دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی) و عوسمان فایەق دەکرێتە بەڕێوەبەری گشتیی دەزگاکە، ئەویش یەکسەر (١٣) کارمەندی دەزگاکە دوور دەخاتەوە، کە یەکێکیان (عەبدولقادر عەلی مەردان) بووە، بەڵام زۆر نابات و دوای مانگێک دەیگەڕێنێتەوە سەر کارەکەی خۆی. جارێکی دی دەیبەنە سەر میلاکی وەزارەتی ڕاگەیاندن، دواتر لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی، لەو ماوەیەشدا لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) و هەردوو گۆڤاری (بەیان) و (ڕۆشنبیری نوێ)دا کار دەکات، هەروەها دەیان کتێب و نامیلکەی کوردیی دەزگاکەی بە دەستیی دیزاین کردووە، سەرەڕای ئەوەش سەرپەرشتیاری چاپەمەنییەکانی دەزگاکەش بووە.

* لە ١٩٧٣/١٢/١٩، بە تۆمەتی پێوەندی بە (پارتی دیموکراتی کوردستان)ـەوە دەست بەسەر دەکرێ، لەبەر ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٠ بەهۆی پێشمەرگایەتییەوە لە سەربازی تەسریح کراوە، (٤٣) ڕۆژ لە هەواڵگەریی سەربازی لە بەعقووبە تووشی ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر دەبێ، دواتر هەر لەو شوێنەدا بۆ ماوەی (٢) ساڵ زیندانیی دەکرێ، لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا (٦) کەڕەت لە دادگای سەربازیدا دادگایی دەکەن، دوای ئەوەی دۆسیەکەی ڕەوانەی دادگای بەناو (شۆڕش) دەکرێ، لە دوای (٣) دانیشتن، بە (٢) ساڵ زیندانی حوکم دەدرێ، بەهۆی حسێوکردنی ماوەی (٢) ساڵی زیندانی بوونەکەی، ئیدی لە ١٩٧٥/١٠/٢٠ ئازاد دەکرێ، دوای (١٢) ڕۆژ لە خزمەتی سەربازی، تەسریح دەکرێ، ئەوجا دەیگەڕێننەوە سەر وەزیفەکەی پێشووی و لە ١٩٧٥/١٠/٢٥ لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی دەستبەکار دەبێ.

* گوزەرانی خانەوادەی عەلی مەردان مام ناوەندی بووە، نە هەژار و نە دەوڵەمەند بوون، بە خێزانێکی (٥) کەسی جاجمێکی کۆنی خوری و لێفە شڕەیەکیان هەبووە و لەیەک ژووردا ژیاون، بەڵام خۆیان بە هەژار نەزانیوە و قەناعەتیان بە بەشی خۆیان هەبووە، هەرچەندە باوکی قەت هانی منداڵەکانی نەداوە لە هونەر نزیک ببنەوە و توخنی کاری هونەریی بکەون، بۆ ئەوەی بپەرژێنە سەر خوێندن و زیاتر بە تەنگ داهاتووی خۆیانەوە بن و بەهۆی هونەرەوە وەک خۆی ڕەنج بە خەسار و داماو نەبن، نەگبەتی نەیانگرێ و ژیان و پاشەڕۆژی خۆیان نەفەوتێنن. دیارە بۆ ئەو هەڵوێستەی باوکیان لەخۆیەوە سەیری هونەری کردووە کە ئەو لە سایەی هونەرەوە هیچی بەهیچ نەکردووە، هونەری ڕەسەن و ڕاستەقینە دەبێ هەموو ژیانتی پێ ببەخشی، بەڵام مەمرەومەژی ژیانێکی کولەمەرگی بەسەر ببەی.

* عەبدولقادر عەلی مەردان لە سەرەتاوە مەیلی وێنەکێشانی هەبووە، هەندێ جار پۆرترێتی دایک و باوکی کێشاوە، ئەو دەڵێ ئێستاش (٢) لەو کارانەی لەلا ماون، ئەو مەیلە هونەرییەشی لەو کاتەوە دەستی پێکردووە کە لە پۆلەکەیدا یەکێک لە

قوتابییەکان کە لەتەنیشتییەوە دانیشتووە مەندائی بووە و براکەی هونەرمەندێکی بەناوبانگی ئەو ڕۆژگارەی عێراق بووە، ئەویش بە کاریگەری براکەی بەردەوام وێنەی کێشاوە، بۆیە کوڕەکەی عەلی مەردان لەجیاتی گۆرانی و مەقامات، خوو دەداتە وێنەکێشان و ڕۆژ دوای ڕۆژ هونەرەکەی پێش دەکەوێ، کەچی دەست لە هونەری وێنەکێشان هەڵدەگرێ، هەرچەندە دواتر بەردەوام ئیشی پۆستەری کردووە، لەوانە: ساڵی ١٩٧٠ پۆستەری (گەڵایەک و چوار کۆتر)ی کردووە وەک ئاماژەیەک بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەی ئادار لە ماوەی (٤) ساڵدا، لە پاش ڕاپەڕینیش خەریکی دروستکردنی پۆستەر بووە و بۆ هەموو بۆنەکان پۆستەری کردووە، کە ئەوەش درێژەپێدانی کاری هونەری نیگارکێشانیەتی.

* سەرەتای ساڵی ١٩٧٣ بیرۆکەی نووسینی سیناریۆی فیلمی دۆکیومێنتاری لە بارەی قەڵای هەولێر دەداتە هاوڕێکانی. ساڵی ٢٠٠٥یش دوو فیلمی دۆکیومێنتاری بۆ (حوزنی موکریانی) و فیلمێک لە بارەی تەکنیکی چاپەمەنی منداڵان بۆ سلێمانی ئامادە دەکات.

* جگە لە کورد، عەرەبەکانیش سوودیان لە بەهرە و توانایی هونەریی ئەو وەرگرتووە و دیزاینی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بۆ کردوون وەک: (لاپەڕە ڕۆشنبیرییەکەی ڕۆژنامەی العراق، پۆستەری بۆ دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەی الجمهورية کردووە، اخبار الاسبوع القطرية، المؤتمر، المواطن، العمل الأسلامية)، ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانیش کە کاری تێدا کردوون ئەمانەن: (هاوکاری، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ)، دوای ڕاپەڕینیش تا ساڵی ٢٠١٤ ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی دیزاین کردووە: (خەبات، کوردستانی نوێ، بارزان، پزیشکی، (دۆغۆش)ی تورکمانی، وڵات، پارێزگاران، گوڵان، شارستانیەتی، دواڕۆژ، کوردستان تریبیۆن) لەگەڵ چەند ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەکی ئینگلیزی. لە بەغدا لەگەڵ بورهان قانیع و مەجید نەدیم خەریکی تایپکردنی نووسینەکانی ڕۆژنامە و بە (زەنگوغراف) وێنە و ناونیشانەکانی داناوە و وەک (جێبەجێکار - منفذ) کاری کردووە. بێجگە لە دیزاین، لە کوردستان سەرپەرشتیی دەیان کتێب و بەرگی کتێب و پۆستەر و ڕۆژنامە و گۆڤاری کردووە، لە ساڵی ١٩٩٣ تا ٢٠١٤ لێپرسراوی هونەریی گۆڤاری (هەنگ)یش بووە، کە گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵانی کورد بووە.

* ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٦ کەوتووەتە کۆکردنەوە و لە چاپدانی دوو کتێبی باوکی بەناوونیشانی: (گۆرانییەکانم) بەرگی یەکەم و دووەم، بە یارمەتی مەجید نەدیم چاپی کردوون کە سەرپەرشتیی کوردییەکەی بۆ کردووە. ساڵی ١٩٩٠ کتێبێکی دیکەی بە ناوی (عەلی مەردان و شیعری هەڵبژاردەی کوردی) ئامادە کردووە، ساڵی ٢٠١٢ چاوپێکەوتنەکانی باوکی (بینراو و بیستراو) لە کتێبێکدا بەناوی (بیرەوەری گەڵای پایین)ی کۆکردووەتەوە و بەهاوکاری (ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی) چاپی کردووە، دوو کتێبی خۆیشی بەناوەکانی: (دیزاین و نەخشەسازی) و (سینەما و هونەری سینەمایی) دیسانەوە بە یارمەتی (ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی) بە چاپ گەیاندووە.

* بۆ پێگەیاندنی وەچەیەکی نوێ لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و فیستیڤاڵی بەدرخان و کۆنفراسی میدیای منداڵان لە سلێمانی هەوڵی داوە، هەروەها لە شاری دهۆکیش لەگەڵ (محەمەد زادە)ی دیزاینەر و جواننووس وەک وانەبێژ بەشدار بووە، وانەی وتووەتەوە و هەوڵی گەیاندنی ئەزموون و زانیارییەکانی خۆی بەوانی دی داوە.

* لە ساڵی ١٩٩١ لە بەغدا خۆی خانەنشین کردووە و ڕووی کردووەتە هەولێر، تا ساڵی ٢٠١٤ کاری زۆری کردووە و بە گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە ماندوو بووە تا بەشێوە و تەکنیکێکی جوان و ڕازاوە بیانخاتە بەر دەستی خوێنەرانی کوردەوە، بۆیە هەقی لەسەرمانە بەسەری بکەینەوە و لەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی بدوێین و بە وەچەی ئەمڕۆ و داهاتووی ئاشنا بکەین.. لەو هەڤپەیڤینە بەرفراوانەدا سەرمان بەسەر هەموو ئەو ئەزموونە دەوڵەمەند و وێستگانەدا داگرتووە، پێم خۆشە پێکەوە بیخوێنینەوە تا بزانین لە سەرەتاوە چۆنی هێناوە.

**ڕامان:** یەکەم جارت بوو بەند بکرێیت و بەندیخانە ببینیت؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، لەوێ ڕاڕەوێک هەبوو، لە ڕاڕەوەکە نزیکەی سێ چوار سەعات دانیشتم، وەرەقەیەکیان دا پێی کەوا کارەکە تەواو، ئەو کەسە لەلایەن ئێمەوە وەرگیراوە، ئیدی ئەو ڕۆیشت.

**ڕامان:** باشە، دوای ئەوەی وەرگیرای، تۆیان بۆ کوێ برد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** جێگری ئەفسەرێک هات و منی بردە ژوورێک، ئەفسەرێکی لێ بوو، ئەفسەرێکی یەک ئەستێرە بوو، چوومە ژوورەوە دیم نووسرابوو مولازم عەباس خەڵەف، من لە قۆناغی ناوەندی، برادەرێکم هەبوو ناوی عەباس خەڵەف بوو، هەر زۆر برادەر بووین، ئەو ساڵانەی کە سەددام حسێن هاتە سەر حوکم هەوڵی دا کۆمەڵێک گەنج بێنێتە پێشەوە، ئەوکاتە ئەویش بووبووە ئەفسەر.

**ڕامان:** کە ساڵی ١٩٧٩ سەددام حسێن هات و بووە فەرمانڕەوای یەکەمی عێراق؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، نا، پێش ساڵی ١٩٧٩، کە ساڵی ١٩٦٨ تازە بەعسییەکان هاتبوونە سەر دەسەڵات.

**ڕامان:** ئەو کاتە جێگری سەرۆکی عێراق بوو.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەگەر بێتە بیرت ئەوانە ئەفسەری مووسیان پێ دەوتن، دوای یەک لیژنە، مووسیان پێیان دەدا. پاش خولی شەش مانگی دەکرانە ئەفسەر، ئیتر ئەوانە هەموویان چوونە ناو دەزگای هەواڵگری و بەسەر جێگای هەستیاردا دابەش کران، ئەو ئەفسەرە یەکێک لەوانە بوو. وەستابووم قسەیەکی کرد، وتی تۆ بۆ جوێن بە حکوومەت دەدەیت، بۆ جوێن بە ئەحمەد حەسەن بەکر دەدەی؟

**ڕامان:** ئەو تۆمەتە زۆر گران لەسەر مرۆڤ دەکەوت، دەبوو باجی قورسی بۆ بدرێ.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** وتم جوێنم نەداوە. وتی ئێستا کەسەکە دەهێنمە بەرچاوت کە لە پێش ئەو جوێنت داوە. وتم کوانێ بیهێنە با ببینم. درۆی دەکرد، دەیویست قسەم لێ دەربهێنێ. بانگی جێگری ئەفسەرەکەی کرد، وتی بیبەن بۆ وەرزش، من چ بزانم وەرزش چییە.

**ڕامان:** بەڵێ، لەلای ئەوان، وەرزش کردن، واتە ئەشکەنجەدان.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بردمیانە ژوورێک، ژوورێکی بچووکی کۆنکریت بوو، هیچی تێدا نەبوو، عەموودێکی ئاسن هەڵواسراوە، دووانیش لە ژوورەکە بوون، گەنجێک و یەکێکی بەتەمەن لەوێ بوون. یەکەم جار نەمزانی کە کوردن، ناوی پیرەکە کەریم ئەرکەوازی و گەنجەکەش کەمال ئەرکەوازی بوو کە پۆلۆنییەکیان هەبوو لەنێوان گۆڕەپانی (نهضة) و گۆڕەپانی (طیران) کاریان دەکرد.

**ڕامان:** هەر بە جلەکانی خۆتەوە تۆیان بردە ژوورەوە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، هەر بەو جلانەوە چووم، کە چوومە ژوورەوە، قەیتانی پێڵاوەکەمیان دەرهێنا، لەگەڵ قەیتانێک لە بێرییەکەمدا هەبوو، ئەویشیان ڕاکێشا، لەگەڵ پشتێنە سەربازییەکەشیان برد، منیان خستە ژوورەوە، لە پەنایەک دانیشتم، ترس و سامێک هەبوو.

**ڕامان:** چەند ڕۆژ لەو ژوورەدا مایتەوە و ئەشکەنجە درای؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ٤٣ ڕۆژ و چەند سەعاتێک لەو ژوورە مامەوە، ڕۆژێ ٨ سەعات بە ئاسنەکەوە

هەڵدەواسرام، شەوێکیان دایک و کوڕێکیان هێنایە لامان، گوایە لە بازگە بە نارنجۆکەوە گیراون، ئەوەندە ئەشکەنجەیان دابوون، دەموچاویان تێک چووبوو، دوایی هەردووکیان بردن و گوللەبارانیان کردن، دایکەکەی نازانم ناوی چ بوو، بەڵام کوڕەکەی ناوی قادی ئەرکەوازی بوو، دواتر ناوەکەیم لەسەر دیوار هەڵکۆڵی. ڕۆژانە دەستم لە پشتەوە دەبەسترا و ئەشکەنجەیان دەدام، ئێستا ئەگەر حەز دەکەی شوێنەکەی ببینە.

**ڕامان:** نا، پێویست ناکات، بێ قەزا بی خۆ من لیژنەی قەرەبووکردنەوە نیم.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەوە پەنجەم، ئەمە سەرە پەنجەمە، ئەمە شکاوە، ئەمیش شکاوە.

**ڕامان:** بۆچی وایان لێهاتووە؟ دیارە بە ئەشکەنجەدان شکاون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەها سەیرکە، چونکە هەموو قورساییم لە بان پەنجە گەورەکانم بوو، دووجار بە کێبڵ لێدرام، دوای ئەوە ڕۆژێک هاتن، بەیانییەکەی بوو، تازە هەڵواسرابووم، منیان داگرت و وتیان دەچین بۆ لێکۆڵینەوە، منیان بردە لای هەمان ئەفسەر، ڕیشم درێژ بووبوو، لە گیڤارای شۆڕشەکەی کووبام دەکرد، چوومە ژوورەوە بە دەمی خۆی وتی بووی بە گیڤارا، بارودۆخم تەواو تێک چووبوو.

**ڕامان:** هەر ئەو ئەفسەرە وای بە تۆ گوت، ئەوەی ناوی عەبباس خەڵەف بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، ئەفسەری لێکۆڵینەوە، عەباس خەڵەف بوو.

**ڕامان:** دواجار دەرچوو ئەو ناوە برادەرەکەت نییە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، نا، ڕاستە برادەرەکەیشم ناوی عەباس خەڵەف بوو، بەڵام ئەو نەبوو. مەسەلەی سەربازییەکە کاری



**هەولێر، هۆڵی هوتێل ئەربیل، ساڵی ١٩٧٠، بە بۆنەی جەژنەکانی ئادار و نەورۆز، میوانی هونەرمەند (تایەر تۆفیق) بوون.**
**لە ڕاستەوە: تاریق ئیبراهیم شەریف، هاشم جەباری، عەلی مەردان، فوئاد ئەحمەد، تەحسین تەها، باکووری، عیسا بەرواری، تایەر تۆفیق.**

کردە سەر ماڵ و مناڵم، مناڵەکانم هیچ کەس یارمەتیانی نەدەدا.

**ڕامان:** ماڵەوە ئاگایان لەوە نەبوو کە تۆ گیراوی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** با، بە بەند کردنەیان زانیبوو.

**ڕامان:** چۆن زانییان؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەوانەی لەگەڵم بوون، یەکێکیان وەلید خالیدی ناو بوو، هاوسێمان بوو، کە نەچووبوومەوە، ڕۆیشتبوون لێیان پرسیبوو، وتبووی بردیان.

**ڕامان:** ئەمەی بە باوکت وتبوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، بە ماڵی ئێمەی وتبوو بردیان، ئەوجا دۆخی ژیانی خێزانم زۆر تێک چوو، چونکە کەس یارمەتی نەدەدان.

**ڕامان:** وەکوو خێزانی خۆت، ماڵەکەی ئێوە، لە ماڵی باوکتەوە دوور بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** لێیان جیا بووین، خانووم گرتبوو، ئێمە بەتەنیا بووین، بەڵام

لێک نزیک بووین، هەر لە هەمان گەڕەکی ئەوان بووین.

**ڕامان:** لە ماڵی باوکت زۆر دوور نەبوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، نا، دوور نەبووین، بەڵام دەترسان نەک حکومەت بچێتە سەریان، ئیتر ئەوە بوو خێزانم چووە کەرکووک، ئەو کاتە خەڵکی دەردەچوون و دەچوونە پێنجوێن، لەوێوە دەچوونە ئێران، ساڵی ١٩٧٤ بوو، هاوژینەکەم لە کەرکووک باوکی و خوشکەکانی دەرچوون، ئەو بە تەنیا چووە ماڵی باوکی دانیشت، ئەگەر کەس یارمەتیت نەدا، نەختێک زەحمەتە.

**ڕامان:** زۆر زەحمەتە.. هاوژینەکەت لە کەرکووک خزمێک، کەسێکی نەبوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** خوشکێکی لەوێ بوو، هەر لەو ناوە دانیشتبوو، ڕۆیشتبوو بۆ لای و پێی وتبوو تۆ بە تەنیا لێرە چی دەکەی، حکومەت دێت دەتگرێ، لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکا. ئەویش لە ترسان دەرچووبوو، لە کەرکووکەوە گەڕابووەوە بەغدا، ئیتر ماڵی باوکی کە چوونە دەرەوە، حکومەت هەموو ماڵەکەیانی زەوت کرد، ئەوەی هەیانبوو و نەیانبوو ڕۆیی و فەوتا، ئەوە لایەنە خێزانییەکە.

**ڕامان:** بگەڕێینەوە سەر مەسەلەکەی باست دەکرد، لێکۆڵینەوە لەگەڵت لەلایەن ئەفسەرەکەوە گەیشتە کوێ؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئیتر قسەمان کردو ئەو پرسیاری دەکرد، من بەڕێکەوت (عەباس)ـەکەی برادەرم هاتەوە بیر، پێیم وت برادەرێکم هەیە ناوی (عەباس خەڵەف زوبێدی)یە. وتی ئەوە چۆنی دەناسی؟ ئەوە برادەرمە، لە یەک خولی سەربازی تەواومان کردووە. وتم ئێمە زۆر برادەرین، نە هەر ئەو، هاوسێکەشمان ڕیاز حسێن جبووری هاوڕێمە، ئەویش ئێستا لە فرۆکەخانەی سەربازییە.

**ڕامان:** ناوهێنانی ئەو دوو هاوڕێیەت سوودی بۆت هەبوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، وتی تۆ چۆن لەسەر ئەم مەسەلەیە گیراویت و ئەمانە دەناسی؟ وتم هیچ نەبووە، هەر ئەوەندە بوو، چۆن ئاوا لەگەڵ تۆ قسە دەکەم، هەر قسە بوو کرا بە ڕاپۆرت. پێی وتم دانیشە، دانیشتم. ڕێکەوت کاتی نیوەڕۆ بوو، قسەکان تا نیوەڕۆی ڕاکێشا، خواردنیان بۆی هاورد، ئێستایش دێتە بیرم، مەنجەڵێک برنج و بامیە بوو، وتی کەوچکێک بێنن با دانیشێ لەگەڵم نان بخوا، ئەو قسانەی کرد.

**ڕامان:** ئیتر پێکەوە نانتان خوارد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** من نانم نەخوارد، هەروا بە دەم وتی، نان خواردنەکەی تەواو کرد، وتی برۆ لە دەرەوە دانیشە. چووم دانیشتم، بانگی جێگری ئەفسەرەکەی کرد، وا بزانم قسەیەکی لەگەڵ کرد، کە جێگری ئەفسەرەکە گەڕایەوە، جارێکی تر ئیفادەیەکی نووسی.

**ڕامان:** قسە و ئیفادەی نوێی لە تۆ وەرگرت؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، ئەمجارە نووسینەکەی بە باشی نووسیبوو، شتە خراوەکان کە بەهۆیانەوە زۆر ئەزیەتمیان دەدا، یان بڵێین بەرەو ئیعدامیان دەبردم، ئەوانەی لابردبوو، دەستکاری کردبوو، ئەفسەرەکە ناردییە شوێنم، وتی ئێستا ئەگەر بتگەڕێنمەوە کەتیبە تۆ بەتەنیا دەڕۆی؟ کەوای وت، دڵم ئاوی خواردەوە، وتم وا دیارە کێشەکەم تەواو بوو. گوتی دەزانم پارەت نییە، ئێمە دەتنێرین، جارێکی تر منیان بە مەئمووردا بۆ کەتیبەکەم ناردەوە.

**ڕامان:** ئیتر وەک سەرباز لە کەتیبەکەی خۆت

دەستبەکار بوویتەوە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نەوەڵڵا، جارێکی تر بۆ ناو بەندیخانەیان بردم، من دوو ساڵ لە گۆشەیەک، لەناو تەویلەیەکدا بەند کرابووم، دوای ئەوە منیان بۆ دادگای سەربازی نارد، ئەو دادگایە تەماشای بابەتی سیاسەت ناکا، هەر تەنیا سەیری کێشەی سەربازی دەکا، بۆ نموونە ئەگەر لە سەربازی ڕات کردبێ، یا غیابت هەبووبێ و نەچووبێتییەوە بۆ دەوام، ئەوان دادگایی ئەو کەسانەیان دەکرد، بەڵام بەلای بابەتی سیاسەتەوە ناچن.

**ڕامان:** لەو ماوەیەدا چەند کەڕەت تۆیان بۆ دادگای سەربازی برد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** شەش جار بۆ دادگای سەربازییان بردم کە لە بەغدا، لە ئەعزەمییە دادگایەک، لە بەعقووبە دادگایەک هەبوو، لە دوای شەش جارەکە منیان بۆ کەتیبەکەم گەڕاندەوە، هەر منیان دەهاورد و دەبرد، بەڵام بە دەست کەلەبچەکراوی.

**ڕامان:** هەر بەو شێوەیە مایتەوە، یان گۆڕانێک ڕووی دا؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، دواجار ڕەوانەی (دادگای شۆڕش- محكمة الثورة) کرام، یەکەم دانیشتن دواخرا، بەڵام دادگای چی؟ یەکەم جار بە پیکابێکی داخراو دەتبەن، بیناکە لە کەڕادە خاریج بوو، لەناو بیناکە لێژاییەک بوو، دادەبەزیتە خوارەوە، قاپییەکە دەکرایەوە، تۆ یەکسەر لەناو ژێرزەمینێک خۆت دەدۆزیتەوە.

**ڕامان:** باسێکی ئەو ژێرزەمینەمان بۆ بکە، چی ئەوێت لەبیرماوە، یادگاریت لەگەڵی چییە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ژێرزەمینی ئەو دادگایە، لەسەر هەموو دیوارەکانی بە زمانی کوردی نووسرابوو، نووسرابوو من فلاّنە کەسم، کوردم، بە لە سێدارەدان حوکم دراوم، ئەوەی ئەو نووسینە دەخوێنێتەوە خەبەر بداتە ماڵەوەمان، یان من فلاّنە کەسی کوردم، فلاّنە ساڵ حوکم دراوم، زۆر لەو جۆرە شتانە نووسرابوون.

**ڕامان:** کە بە زمانی کوردی نووسیبوویان، مانای وایە تەنیا کوردی لێ بووە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، ئەو کاتە جیابووەوە سوورییاییەکان پەیدا بووبوون، ئەوانە ئینشیقاقیان کردبوو، ئەوانیش گیرابوون و نووسینیان لەسەر دیوارەکان هەبوو.

**هۆکاری داخستنی گۆڤاری (ئەستێرە)ی منداڵان، وێنەی تاوەری نەوتی کەرکووک و باباگوڕگوڕ بوو، کە منداڵان بە جلی کوردییەوە لە بان تاوەرەکە بوون.**

**ڕامان:** ئەوانە چەپی بەعسیی سووری بوون و لە بەعسییەکانی عێراق جیا بووبوونەوە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** لەبان دیوارەکان ناوی هەندێ لەوانیش نووسرابوو، ئەوە حوکمی لە سێدارەدانە، ئەوەیان هەتا هەتاییە، واتە جۆرە ترسێک دەچووە دڵتەوە، چونکە کە لە قادرمەکە سەردەکەوتی بۆ ناو هۆڵی دادگاکە، یەکسەر لەناو قەفەسی دادگاکە خۆت دەدۆزییەوە، واتە دەرفەتی ئەملاوئەولای نەبوو، هەر لە قادرمەکەوە دادەبەزیتە ناو قەفەسەکەوە. لەناو ژێرزەمینەکەش هەر هەنگاوێک ئینزباتێک بە ڕەشاشەوە وەستاوە، ئەم دیمەنانە زۆر ترسناک بوون، ئەوە تۆ هێشتا نەچوویتە بۆ ناو هۆڵی دادگا.

**ڕامان:** وەڵامی ئەو پرسیارەم دەست نەکەوت، وتم تۆ هەر ئەو جارە بەندیخانەت دیوە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، هەر ئەو جارە بوو، ماوەی گرتنەکەم دوو ساڵ پتر بوو، سێیەمین دانیشتنی دادگاییەکە بوو. وەک پێشتر وتم بەهۆی ئەوەی خوشکم لە بەدالەی تەلەفوونات بوو، لەو دایرەیە کچەکان دەهاتنە لای دادەنیشتن، ئەو قسەیان بۆ دەکا و دەڵێ برام گیراوە و لە بەندیخانەیە و ڕەوانەی دادگای شۆڕش کراوە. یەکێک لە ئافرەتەکان دەڵێ ئافرەتێک هەیە دەیناسم و برادەرمە، سستەری نەخۆشخانەیە، برینپێچە، بەتەمەنە، ئەو دەچێ برینپێچیی بۆ دایکی یەکێک لە ئەندامانی ئەو دادگایە دەکات، ئەو ئەندامی دادگایە ناوی عەقید (ڕاغیب فەخری)یە.

**ڕامان:** ڕێکەوتێکی باش بووە، دواتر قسەکەی بردەسەر و ڕاست دەرچوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، لە دادگا دوو ئەندام بوون، ئوسامە و عەقید ڕاغیب فەخری، ئوسامەکە ناوی باوکی نازانم، هەردووکیان مووسڵاوی بوون. ئەو (ڕاغیب فەخری)یە دایکی نەخۆش دەبێ، برینپێچێکی بۆ گرتووە و چارەسەری دەکا، ئەو ئافرەتە، ئەو برینپێچە دەناسێ.

**ڕامان:** خوا دەرووی ڕەحمەتی لێت کردووەتەوە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بزانە چ ڕێکەوتێکە، ساڵی پەنجاکان بوو، باوکم نەشتەرگەرییەکی بۆ میزەڵانی کرد، من لە نەخۆشخانە لەگەڵی بووم، نەخۆشخانەی (مەجیدییە)یان پێ دەوت، ئەم نەخۆشخانەیە یەک نهۆم بوو، باوکم لە قاوشی دوازدە خەوتبوو، من لەگەڵی بووم.

**ڕامان:** ناشێ ئافرەتە برینپێچەکەتان لەو نەخۆشخانەیەدا ناسیبێ؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ڕێک وابوو، ئافرەتێکی برینپێچ هەبوو دەستی کەمێک گۆج



**بەغدا، تەلەفزیۆنی بەغدا، ساڵی ١٩٧٠**
**لە ڕاستەوە: ئەحمەد سالار، عەلی مەردان، فەرهاد شەریف، کە لەو ڕۆژەدا گۆرانی کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردوون کەشی تۆمار کردووە.**

بوو، زۆر کەم دەیتوانی دەستی بجووڵێنێ، ئەو گرفتی لە پلە بەرزکردنەوەدا هەبوو، ئەو کاتە هەندێ لێپرسراو کە دەهاتن لە نەخۆشخانە سەردانی باوکمیان دەکرد، هەندێکیان لە کەرتی تەندروستی ئیشیان دەکرد، ئەو ئافرەتە دەیناسین کە ئەوانە لە کەرتی تەندروستیدا لێپرسراون، کە باوکم نەختێک لە نەخۆشییەکەی باش بوو، بە باوکمی وت بێزەحمەت ئەگەر دەرچووی من کێشەی پلەبەرزکردنەوەم هەیە، بەڵکوو یارمەتیم بدەی. باوکم ئیشەکەی بۆ کرد، ئەوە لە ساڵانی پەنجاکان بوو، ئیتر ساڵان تێپەڕین تا لە ساڵی ١٩٧٤دا ئەو مەسەلەی گرتنی منی بەسەرداهات.

**ڕامان:** کورد دەڵێ چاکە بکە بیدە بەدەم ئاوەوە، ئەو چاکەیەی باوکت هاتەوە ڕێتان.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ئیتر ئەو ئافرەتە بە خوشکم دەڵێ دایکت بێنە و بێن بچینە لای ئەو برینپێچە. دەچن دادەنیشن قسەی بۆ دەکەن، پێیان دەڵێ ناوەکەیم بۆ بنووسن، بۆی دەنووسن عەبدولقادر عەلی مەردان، ئەو یەکسەر پێیان دەڵێ کام عەلی

مەردان؟ خوشکم دەڵێ ئەوەی گۆرانیبێژە. دەڵێ ئۆهـ، ئەوە چاکەی لەسەرم هەیە، ئەوە ئاوا و ئاوای بۆ کردووم، یەکسەر پێیانی وتبوو کارەکەی بۆ دەکەم، بە سەرچاو، ماڵی ئاوا بێ بە عەقیدەکەی وتبوو.

**ڕامان:** دوای بەڵێنی برینپێچەکەو لە یەکەم دانیشتنی دادگایی کردنەکەت، هیچ گۆڕانێک تۆ لە بەرژەوەندیی تۆ ڕووی دا؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** سێیەمین دانیشتن کە چوومە ناو قەفەسەکەوە و ناومیان بانگ کرد، چوومە پێشەوە، داواکاری گشتی قسەی کرد، وتی ئەو تاوانبارەی بەرانبەرتان وەستاوە، ئەوە موخەریبە - تێکدەرە، ئەوە سەر بە یاخیبووەکانە.

**ڕامان:** تۆی کردووەتە سەرکردەیەکی ناو هێزی پێشمەرگە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** هەر لەبەر ئەوەی دیفاعم لە بارزانی و پێشمەرگە کردبوو. دوای ئەوەی تەواو بوو، ئەو (ڕاغیب فەخری)یە لای کردەوە بە لای سەرۆکی دادگاکە و قسەی بە گوێچکەیدا چرپاند، نازانم چی پێوت. ئەویش کاغەزێکی نووسی و دایە دەست سەربازێک کە لەوێ وەستابوو، وتی بیدە بە داواکاری گشتی و بزەیەکی کرد، ئیتر دادوەرەکە بانگی دوو شاهێدەکەی کرد، ئەوانەی لە سەربازی لەگەڵم بوون، محەمەد عەلی جاف لە شیوعییەکان بوو، ئەوەی کە وا من لە پێشی ڕەخنەم گرت و وتم حیزبی شیوعی لەگەڵ بەعسییەکان چووەتە ناو جەبهەی قەومی و وەتەنی.

**ڕامان:** ئەوەشیان لەسەر تۆ کردبووە شاهێد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، لەسەرم شاهێد بوون، حەمید مەڕووگی، ئەویش باکگراوندی شیوعی بوو، لە مەسیحییەکانی بەغدا بوو، ئەویش لە دژم بوو بە شاهێد. لە هەردووکیانی پرسی ئەوە دەناسن؟ وتیان ئا ئەوە لە کەتیبە و لە حەزیرە لەگەڵمانە و پێکەوە نانمان دەخوارد.

**ڕامان:** دادوەرەکە هەر ئەوەندەی پێیان وت؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، دادوەرەکە قسەی ناشیرینی پێیان وت، وتی ئەگەر پێکەوە نانتان خواردووە، ئەی چۆن دەچن ڕاپۆرتی لەسەر دەنووسن؟ ئەوە هاتووە خزمەتی نیشتمان بکا و داکۆکی لە عێراق دەکات، لەم جۆرە قسانەی زۆر کرد، دڵم خۆش بوو کە دیتم ئەوە خەریکە نەختێک لە بەرژەوەندی من قسە دەکا، ئەوە بوو دەریانی کردە دەرەوە.

**ڕامان:** ئەو دوو شاهێدە هیچ قسەیەکی دیکەیان نەکرد، داکۆکییان لە خۆیان نەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** دووەمین کەس کە ناوی (محەمەد عەلی) بوو کە قسەی دەکرد زمانی دەیگرت، کە تووڕە دەبوو، ئەوەندەی دی زمانی تێک دەئاڵا، کە بینی دادوەر قسەی پێ دەڵێ، لە ترسان زمانی بە یەکجاری گیرا، ئەوە بوو دەریانی کردە دەرەوە.

**ڕامان:** ئەوە هەڵوێستی دادوەرەکە، ئەی هەڵوێستی داواکاری گشتی چی بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەویش زۆر گۆڕا، دادوەرەکە بە داواکاری گشتی وت، دەی مورافەعەکەت بکە. وتی هاتووە بۆ خزمەتی نیشتمان، واتە لە سەداسەد قسەکەی گۆڕی، ئیتر من ئیسراحەتم کرد. دوایی وتی بڕیاری دوو ساڵ بەندکردنی دەدرێ، ماوەی گیرانەکەی تا ئێستاشی بۆ حیساب دەکەین.

**ڕامان:** کەواتە بەندبوونەکەت بە خزمەت بۆ حیساب کرا؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، بە خزمەت

حیساب بوو، بەوەش خزمەتی سەربازییەکەم تەواو بوو، ئیتر منیان گەڕاندەوە کەتیبە و شەوێک لەوێ مامەوە، تا دووەمین ڕۆژ نووسراوێکیان بۆ تەسریح بوونەکەم کرد، ئەوە بوو تەسریح بووم.

**ڕامان:** کە سەربازیت لەسەر نەما، ئەوجا چوویتەوە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، گەڕامەوە ڕۆشنبیری.

**ڕامان:** مەبەستت (بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی)یە لە بەغدا؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، بەڵام با نەختێک باسی بەندبوونەکەمت بۆ بکەم، ئەو ناوچەیە چۆڵەوانییە، ڕێی خانەقینە، تۆ لە بەندیخانەیەک بیت و هۆڵەکە دڵۆپە بکا و ئاوی لێ بتکێ، بەندیخانەکە زۆر ناخۆش بوو، بەنگەڵەکەی چینکۆی زەمانی فەرمانڕەوایی بەریتانیا بوو، دەبێ لەو شوێنەدا چۆنی بگوزەرێنی؟ منیش لە گۆشەیەک و دۆخێکی زۆر خراپ و قوڕدا بووم، دوو کوڕ هەبوون پاسەوان بوون، یەکێکیان خەڵکی تووێریچ بوو، ناوی ساتع حسێن، ئەوی تر بەهجەت ئەلبەیاتی بوو.

**ڕامان:** تۆ ئەوەت باشە ئەو ناوانەت لە بیر ماون.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەرێوەڵڵا، بەهجەت ئەلبەیاتی لە بەغدا خەڵکی گەڕەکی فەزڵ بوو، ساتع حسێن ماڵیان لە گەڕەکی ١٤ی ڕەمەزان بوو، برایەکی لە کشتوکاڵ ئیشی دەکرد، کوڕێکی زۆر بەڕێز بوو، ئەوانە بە چەکەوە دەهاتن منیان بۆ کاری پێویست دەبردە دەرەوەی بەندیخانەکە، ئیتر جۆرە برادەرییەک لە نێوانمان دروست بووبوو.

**ڕامان:** جۆری هاوڕێیەتییەکەتان چۆن بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** هەندێ جار دەیانوت خۆت نەخۆش بکە، منیش خۆم وا نیشان دەدا کە نەخۆشم، ئیتر هەر لە کەتیبەکەی خۆم نوسراویان بۆ نەخۆشخانەی سەربازی بۆ دەکردم، ئەوان دوو تفەنگدار بوون و من دەستم بەستراوە، نەختێک دەڕۆیشتین، دەستیان دەکردمەوە و لەژێر دارەکان دادەنیشتین.

**ڕامان:** لەو بن دارانە چیتان دەکرد، باسوخواستەکانتان چ بوون؟

**نەشتەرگەرییەکی میزڵدانی عەلی مەردان لە بەغدای ساڵانی پەنجاکان، کوڕەکەی لە سزای قورسی دادگای بە ناو (شۆڕش)ی بەعسییەکان ڕزگار دەکات.**

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بە قسەوە خەریک دەبووین، کە برسی دەبووم ساتع حسێن قاپێکی دەهاورد، دەچووینە چێشتخانەی سەربازی، لەوێ بنکڕی برنجی دەخستە ناو قاپەکەم، ئەوجا دوو کوڕ لە حانوتەکە بوون، خانەقینی بوون، یەکێکیان بەعسی بوو، ئەو کاتە هەموو خەڵکی بەعسی بوون، سەددام حسێن هەموو جار دەیوت ئێمە هەموومان بەعسین، ئەوەی ئینتیماشی نەکردبێ هەر بەعسییە، ئەو (سەلاح جومعە)یە کوڕێکی زۆر بەڕێز بوو، کورتەباڵایەک بوو، کوڕێکی لەگەڵ بوو، کوڕەکە لە حیزبی شۆڕشگێڕ بوو، دوایی بووە یەکێتیی نیشتمانی، ناوی ئیسماعیل خوداداد بوو، ئەویش خانەقینی بوو.

**ڕامان:** چی (خوداداد عەلی)ی هونەرمەند بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نازانم، باوەڕ ناکەم پێوەندی پێوە هەبێ. ئیسماعیل خوداداد

حسێن، کوڕێکی زۆر بەڕێز بوو، خاڵۆیەکی لە سێدارە درابوو، پێشمەرگە بوو گیرابوو، بەڵام ئەو بووبوو بە حیزبی شۆڕشگێڕی کوردستان، ئەوەی لە شەستەکان جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا دایانمەزراند.

**ڕامان:** ئەم حزبە لەم دواییەدا شێخ ستار (عەبدولسەتتار تاهیر شەریف) بەڕێوەی دەبرد.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ڕاستە، ئەو کاتە کە دامەزرا ئەو کۆمەڵە کەسە بوون، ئەو لەو حیزبە بوو، هاتبوو بووبووە سەرباز، ئەوان لە حانووت بوون، دەڕۆیشتمە حانووت باینجانی سوورەوە دەکرد، باینجانی دەخستە بان برنجەکەم، سێ سینالکۆیان دەدایێ، فەقیرە پارەی وەرنەدەگرت، هاوین بوو کە لە بەندیخانە بووم، چارەکێک قاڵبە سەهۆڵی بۆمان دەهێنا، ئەو دووانە زۆر کوردپەروەر بوون، چاکەیان لەسەرم هەیە، ئێستایش هەواڵیان دەپرسم، ئیسماعیل خوداداد ئەمری خوای کرد، بەڵام سەلاح جومعە ماوە، دەڵێن لە ئەڵمانیایە، بۆیە سپاسیان دەکەم بۆ ئەو خزمەتەی کردیانم.

**ڕامان:** وتت گەڕایتەوە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، کە گەڕامەوە ڕۆشنبیریی کوردی فیلمەکەیان کردبوو.

**ڕامان:** دیارە لەبەر ئەوە ناوی تۆیان نەبردووە، چونکە تۆ بەند کرابووی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، هەر لە دایرە دوور کەوتبوومەوە، فیلمەکەیان کردبوو، تەنانەت وێنەگرێک هەبوو، وجیە ئەحمەد تەها، ئەویش مووسڵاوی بوو، وێنەگر بوو.

**ڕامان:** لە تەلەڤزیۆنی بەغدا ئیشی دەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، وێنەگری سەرۆک کۆمار بوو، واتە وێنەگرێکی پشت قایم بوو.

**ڕامان:** دەبێ وێنەگری ئەحمەد حەسەن بەکر بووبێ؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، بەڵێ، ئەو و ئیبراهیم محەمەدئەمین حەوێزی، کاکە، پێیان دەوت ئیبراهیم کاکە.

**ڕامان:** ئەوە ئیشی چ بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەویش وێنەگر بوو.

**ڕامان:** ئەو وێنەگرانە لە بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێوە بوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، لە تەلەڤزیۆن بوون، بەڵام کە ئیشەکەیان کرد، وجیە ئەحمەد تەها کاری وێنەگرییەکەی کردبوو، ئیبراهیم کاکە نەیکرد، ئەو ئیشێکی تری کردبوو، ئیتر کە فیلمەکە تەواو بووبوو، ئەوانە پاداشتی باشیان وەرگرتبوو، لە کاتێکدا من لە بەندیخانەی سەربازی چوار دینار ڕوبعێک کەم مووچەم وەردەگرت، ئەو چوار دینار ڕوبع کەمەش نەبوو، چونکە بەند کرابووم.

**ڕامان:** لەو کاتەدا هیچ ئاگات لە ماڵ و منداڵت نەمابوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ناوەڵڵا، هەواڵیانم نەدەزانی.

**ڕامان:** ماڵ و منداڵ و کەسوکارت سەردانیان نەکردی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** تەنیا جارێک سەریان لێدام، ئەویش دوایی کە گەڕامەوە.

**ڕامان:** چەند جار باوکت هات بۆ لات؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** جارێک لەگەڵ دایکم هات.

**ڕامان:** بۆچی جارێک؟ ئەی باوکت نییە، تۆ کوڕی گەورەی ئەو نەبووی، پێویست بوو زوو

زوو بێت بۆ لات و سەردانیت بکا، ئەوە من لەجیاتی تۆ بۆ مێژوو ئەو گلەییەی لێ دەکەم، بەڵام دیارە باوکت سۆزی بۆ منداڵەکانی لاواز بووە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، ئاخر ئەوە شتی تر بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێ، خێزانم فەقیرە لە کەرکووکەوە دەهاتە بەغدا، لە بەغداوە دەهاتە مەنسوورییەی جەبەلی پێ دەڵێن، لەگەڵ دوو منداڵ، دایکم لەگەڵی دەهات، دایکم جارێک هات و ئەو زەحمەتەی کێشا.

**ڕامان:** بۆ ئیش کردن لەو فیلمەی باست کرد، وتت پاداشتی هەبووە، وەک بزانی چەندیان وەرگرتبوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، چۆن پاداشتی نەبووە، کە گەڕامەوە فیلمەکەیان تەواو کردبوو، ئەوان پاداشتی باشیان وەرگرتبوو، سەعید زەنگەنە شەش سەد دیناری سویسری وەرگرتبوو. شەش سەد دیناری سویسری یەکجار زۆر بوو، ئەوانی دی هەر یەکی لە سەروو چوارسەد، چوارسەدیان وەرگرتبوو.

**ڕامان:** ئەوانەی پاداشتیان وەرگرتبوو کێی دی بوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** زامدار، موختار فایق، فاروق ئامێدی، وێنەگرەکەش وەریگرتبوو، فیلمەکە، فیلمێکی گەورە بوو.

**ڕامان:** زۆر جار دەخوێنمەوە و دەبیستم کە ئەوە یەکەم فیلمی کوردییە، ئەمە چۆنە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، یەکەم فیلمی بەڵگەنامەیی کوردییە کە دەربارەی مێژووی قەڵای هەولێر کراوە.

**ڕامان:** چەند جارێک لە تەلەڤزیۆن گفتوگۆم بینیوە، وەکوو یەکەم فیلم باسی لێوە کراوە، وەک یەکەم فیلمی بەڵگەنامەیی لەناو کورد باس کراوە.. باشە تۆ دەڵێی فیلمێکی درێژ بوو، ئەمە چەند دەققە بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ماوەکەی زۆر بوو، نزیکەی سەعاتێک، سەعات و نیوێک دەبوو.

**ڕامان:** سەعات و نیوێک زۆرە، کاتی خۆی من لە تەلەڤزیۆن بە ڕەش و سپی دیومە، زامداریش بە کوردی و بە دەنگێکی کەرخ لێدوانەکەی دەخوێندەوە، لە بیرمە لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا کە لە وەزیرییە بوو، لەوێش نمایش کرا.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، لەوێ نمایش کرا، لە نمایشەکە هەموو فەرمانبەرەکان دانیشتبوون، قوتابییە کوردەکانی بەغدا، بە تایبەتی قوتابیانی کوللیەی ئاداب، هەروەها هەموو کوللییەکانی دیکەی بەغدا بۆ بینینی یەکەم فیلمی کوردی هاتبوون کە دەربارەی مێژووی قەڵای هەولێر بوو.

**ڕامان:** ئەوە بۆ یەکەم جار ساڵی چەند نمایش کرا؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** دوای ساڵی ١٩٧٥ نمایش کرا، من ساڵی ١٩٧٦ لە بەندیخانە دەرچووم.

**ڕامان:** دوایی گلەییت لە برادەرەکانت نەکرد کە بۆچی ئەوەیان لەگەڵ کردی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ناوەڵڵا.

**ڕامان:** هیچت نەگوت، ئەوانیش هیچیان نەگوت و لە بارەیەوە قسەیان نەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ناوەڵڵا، بە هیچ شێوەیەک ئەوان قسەیان نەکرد، بەڵام ڕۆژێک کە لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی نمایش کرا، ئەحمەد جەزراوی هەبوو، ئەوە سەرەتای ساڵانی حەفتا کە هاتە ڕۆشنبیریی کوردی، جێگری نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی سەردەمی

شۆڕشی ئەیلوول بوو، ئەوان وەکوو پلەوپایە کردبوویانە جێگر، بەڵام بەم دواییە ئەحمەد جزراوی هاوڕێی عوسمان فایق بوو، عوسمان فایق کۆمەڵێک گەنجی لەناو ڕۆشنبیریی کوردی کردبووە بەعسی و بۆ لای بەعس ڕایکێشابوون.

**ڕامان:** ئەوانە هەموویان کورد بوون، نووسەر و ئەدیبیان تێدا بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، کورد بوون، ئەحمەد جزراوی یەکێک لەوانە بوو کە پاڵپشتی لە (عوسمان فایق)ی دەکرد.

**ڕامان:** ئەی ئەوانی دیکە کێ بوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئێستا ناوی ئەوانە ناڵێم، دەترسم ناوێک بڵێم و دوایی وا دەرنەچێ.

**ڕامان:** بەو بیانووەوە خۆت لە مێژوو دزییەوە، ئەوانە نووسەر بوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، نا، نووسەر نەبوون، پتر فەرمانبەر بوون، ئیتر کاتێ فیلمەکە لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی، لە وەزیرییە نمایشی کرا، دوایی لەسەر فیلمەکە قسە و گفتوگۆ کرا، ئەحمەد جەزراوی هەڵسا ڕەخنەی لە سەعید زەنگەنە گرت کە بۆ ناوی منی تێدا نییە، بۆچی حەقی منی تێدا نەبوو، لە کاتێکدا من بابەتەکەم بۆ سەعید زەنگەنە نووسیبوو.

**ڕامان:** ئەوکاتە ئەو پیاوە (ئەحمەد جەزراوی) هەر بە عەرەبیش قسەی دەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بە عەرەبی قسەی دەکرد، پێی وت بۆ ئەو شتە نەکرا؟ خەریک بوو شەڕ بکەوێتە نێوانیان، چونکە ئەو زۆر پێی ناخۆش بوو ڕەخنەی لێ بگیرێت.

**ڕامان:** باشە بۆچی ددانی بەوەدا نەدەنا؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نازانم بۆ؟ ئێستایش لەوانەیە هەر بڵێ خۆی ئیشەکەی کردووە و من هیچ نازانم، تێناگەم نەزانینەکەی من چی بوو؟ من کەرستە مێژووییەکە، بیرۆکەکەم دایە دەست سەعید زەنگەنە.

**ڕامان:** هەتا کەی لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی مانەوە؟ دواتر چۆن ئەو دایرەیە نەما؟ حەز دەکەم لە دەمی تۆ ئەوە زانیاریانە بزانین.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** د. ئیحسان فوئاد لەوێ نەما، دوای ماوەیەکیش جەمیل شەلەش، شاعیرە عێراقییەکە هات، لە ساڵی ١٩٧٦ (عوسمان فایق)یان هێنا.

**ڕامان:** دەزانم، بەڵام چۆن لەگەڵ خانەی هاوکاری (دار التضامن) تێکەڵ بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ڕۆژێک (عوسمان فایق)یان وەک بەڕێوەبەری گشتی هێنا، ئەو بیرۆکەی تێکەڵکردنەکەی هێنایە پێشەوە، ئەوە بوو بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی، لەگەڵ خانەی هاوکاری (دار التضامن) تێکەڵ کران.

**ڕامان:** ئیتر بووە (خانەی ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی – دار الثقافة والنشر الكردية)، ناوی بڵاوکراوە (١٠) ڕۆژییەکەی جارانی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی، بووە ناوی گۆڤارە نوێیەکەی ئەو دەزگایە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەوە بوو هەردووکی کردە یەک بەڕێوەبەرایەتی، عوسمان فایق کۆمەڵە کەسێکی هەبوو، چەند کتێبمان چاپ کردبوو، ئەو کاتە ئەو هەر لەوێ نەبوو کە کتێبەکان چاپ کرابوون، ئەو کەسانەی ڕاسپارد چ کتێبێک وشەی کورد و کوردستانی تێدا بوو، هەموویان بۆ عوسمان فایق کردبووە ڕاپۆرت، ئەوجا لە ژووری بەڕێوەبەری گشتی دیوارەکە هەمووی دۆڵاب بوو، ئەو کتێبانە هەمووی خستبووە ناو ئەو دۆڵابانەوە، لەناو ئەو کتێبانەدا بەرگی دووی دەوڵەتی دۆستەکی

(الدولة الدوستكية)ی عەبدولڕەقیب یووسف هەبوو.

**ڕامان:** ئەو کتێبە هەر هەمووی قەدەغە کرا، ناردیانەوە بەسرا بۆ ئەوەی لە کارگەی کاغەز دروستکردنی ئەوێ بیکەنەوە بە هەویر.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ئەوە بەرگی دووی کتێبەکە بوو، بەرگی یەکەم کاتی خۆی ڕەزامەندیی لەسەر درابوو، چاپ کراو ڕۆیی، لەو دایرەیەی کردییە یەک، ئەو کتێبانە هەمووی لەناو دۆڵابی عوسمان فایق بوون، نووسراوێکیشی دەرکرد نزیکەی سێزدە کەس بووین، ئێمەی لە دایرەکە دوور خستەوە، گوتی پێوەندیمان پێتانەوە نییە، دەچنە هەر جێگایەک بچن.

**ڕامان:** ئێوەی سەرپشک کرد بۆ کوێ دەچن، بچن، ئەوکاتە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری وەکوو هەیکەلێکی کارگێڕی مابوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، ئا، بیناکەی هەر مابوو.

**ڕامان:** باسی ئەوەمان بۆ بکە، مەسەلەی لابردنی دوکتۆر ئیحسان فوئاد چۆن بوو؟ پێموایە لەسەر گۆڤاری (ئەستێرە)ی منداڵان بوو، بێجگە لەوە هۆکاری دیکەی دوور خستنەوەی د. ئیحسان فوئاد و داخستنی دایرەکە چی بوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** هۆکاری داخستنی گۆڤارەکە، بەرگێک لە بەرگەکانی گۆڤاری ئەستێرە بوو، وێنەی شاری کەرکووک، تاوەری نەوتی کەرکووک و بابەگوڕگوڕ بوو کە منداڵان بە جلی کوردییەوە لەبان تاوەرەکە بوون.

**ڕامان:** وەک بزانی ئەو وێنەیە کێ کردبووی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئێستا نایەتەوە بیرم، بەڵام ژمارەکەم هەیە، کە دابەش کرا، لەسەر ئەوە هەموو ژمارەکەیان لە بازاڕ کێشایەوە، زوو لە بازاڕ سەحبیان کردەوە، ئەوە بوو بە هۆکاری ئەوەی د. ئیحسان فوئاد نەمێنێ. دواتر ئەو لیستە دەرچوو کە سێزدە کەس بووین، حسێن عارف، ڕەئووف حەسەن، موحەڕەم محەمەدئەمین و من بووین دوور خراینەوە.

**ڕامان:** موحەڕەم محەمەدئەمین چیرۆکنووسێکی بەناوبانگە، لەبیرمە کە ساڵی ١٩٧٨ چوومە سلێمانی، ماڵی لە سلێمانی بوو، بەڵام ماوەیەک لە گۆڤاری بەیان، لە بەغدا کاری کرد.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** لە سێزدە کەسەکە (دڵشاد محەمەدئەمین)ێکمان هەبوو، ئەویش نووسەر بوو، ئەو بوو، لەگەڵ حەمید عەزیز لە لیستەکەدا بوون.

**ڕامان:** دڵشاد مەریوانی دەڵێی، چونکە ئەویش ماوەیەک بە ناوی دڵشاد محەمەدئەمین دەینووسی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، (دڵشاد محەمەدئەمین)ێکی دی هەبوو، ئەوە جیا بوو، وەکوو دڵشاد مەریوانی، ئەویش کەسێکی درێژ بوو، بەڵام زەعیفکەلانەیەک بوو، بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی تەواو کردبوو.

**ڕامان:** بۆچی ئێوە، ئەو سێزدە کەسە پەسند کراو نەبوون و گوێزرانەوە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** لەبەر ئەوەی بەعسی نەبووین.

**ڕامان:** تەنیا لەبەر ئەوە بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەرێوەڵڵا.

**ڕامان:** لەناو هەموو فەرمانبەرەکان هەر ئەوانەی لێ جیا کردنەوە، واتە هەر ئێوە بوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ڕۆژێک هێشتا ئەو لیستەیە دەرنەچووبوو، عوسمان فایق ناردییە شوێنم، بە عەرەبی قسەی دەکرد، ئەوەی بیویستبا بۆ لای خۆی ڕایکێشێ، پێی

دەوت چاوم لەسەرتە، تۆ کوڕێکی باشی، وەرە لەگەڵمان ئیش بکە، ڕاستەوخۆ نەیدەوت ببەرە بەعسی، دەیوت بێ لەگەڵمان ئیش بکە، من تێدەگەیشتم مەسەلەکە چییە، پێم وت کاتم نییە، دۆخەکەم وایە و وایە و ئەوە دەوامە و ماڵ و منداڵم هەیە، واتە بە هەر شێوەیەک بێت خۆم دزییەوە، ئیتر کەوتمە ناو ئەو لیستەیەوە کە وا لە دایرەکە دوورخراینەوە.

**ڕامان:** ناوی سێزدە کەسەکە هەمووی دەزانی، لەبیرتە کێ و کێ بوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، تەڵعەت نادر، حسێن عارف، حەمید عەزیز، محەرەم محەمەدئەمین، ئەو (دڵشاد محەمەدئەمین)ـە و من بووم، ئافرەتێک لەسەر بەدالەی وەزارەتی ڕاگەیاندن ئیشی دەکرد، پێوەندیی تەلەفوونی نێوان سەددام حسێن و تاریق عەزیزی پچڕاندبوو، لەسەر ئەوە ئەویشیان لە وەزارەت دەرکردبوو، ئەویشیان خستبووە ناو لیستەکەوە.

**ڕامان:** ناوی سێزدە کەسەکەت تەواو نەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** یەکێک هەبوو ئەرمەنی بوو، ژمێریاری ڕۆژنامەی هاوکاری بوو، هی ئێمە نەبوو، زەلامێکی درێژ بوو، ئیتر ئەو کۆمەڵە کەسە بووین، وتی بۆ کام لا دەچن، بچن، ئەوە بوو ئێمە دەچووین لە چایخانە دادەنیشتین.

**ڕامان:** بیناکەی ئەولاتان بە چۆڵی مابوویەوە و بە یەکجاری وازتان لێ هێنابوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، دوایی دەستمان لێی بەرداو نەما.

**ڕامان:** بێجگە لەو وێنەیەی کەرکووک و ئاگرەکەی باباگوڕگوڕ و منداڵ بە جلی کوردییەوە کە لەسەر تاوەرەکە بوون، بیستم هۆکاری تریش بۆ لابردنی د. ئیحسان فوئاد هەبووە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەو کتێبەی دەوڵەتی دۆستەکی (الدولة الدوستكية) و نامەی قانیع، کە چاپکراوێکی قانیع بوو، هۆکار بوون.

**ڕامان:** دیوانە شیعرییە چاپکراوەکەی قانیع و دەڵەتی دۆستەکی بۆ ئەو ڕۆژگارە دوو کتێبی گرنگ بوون.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڕای من ئەو هۆکارەش بوو.

**ڕامان:** ئەی بە هۆکاری ئەو چیرۆکەی منداڵان نەبوو کە منداڵەکە فڕۆکەکەی خۆی بە شەکرشکێن دەشکێنێ، دایک و باوکی کە پێیان گوتووە بۆ وا دەکەی، بۆچی فڕۆکەکەت دەشکێنی؟ گوتوویە ئەو فڕۆکانە دەچن گوندەکانمان وێران دەکەن؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەوە هی ناو گۆڤارەکە بوو.

**ڕامان:** بەڵێ، لەناو گۆڤاری ئەستێرەی منداڵان بڵاوکرابووەوە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەو چیرۆکێکی ناو گۆڤارەکە بوو، واتە چەند هۆیەک بوون، هۆیەکی دیکەشی ئەوەیە بەهۆی شەڕی کوردەوە، حکوومەت ئەو بایەخەی جارانی بە داوودەزگاکانی کورد نەدەدا، ئیتر ئەو تێکەڵ کردنەکەی ڕێک خست و دوور خراینەوە، ئێمە چیمان دەکرد، چایخانەیەک لە پشت وەزارەتی ڕاگەیاندن هەبوو، لە گۆڕەپانی تەحریر، لە چایخانەکە دادەنیشتین، حەفتەی یەک دوو ڕۆژ لەوێ یەکتریمان دەدی.

**ڕامان:** ئەو قسانەی دەیکەین، ساڵی چەند بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ساڵی ١٩٧٦ بوو، ئەوە بوو هەندێک لە نووسەرەکانی هەولێر و سلێمانی کەوتنە قسەکردن و نووسینیان بڵاو

کردەوە کە بۆچی ئەو دەستەبژێرە ئاوایان لێ بەسەرهات؟ ئەوە بوو سەمیر عەزیز نەجم بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ڕاگەیاندن بوو، وتی بڕۆن بگەڕێنەوە بینای ڕۆشنبیریی کوردی، بۆ لە چایخانە دادەنیشن، بچن لەوێ کاتەکەتان بکوژن، ئیتر دەفتەرێکیان دانا، ناوەکانمانی لەسەر نووسرابوو، بۆ ئەوەی گشت ڕۆژێک بچین ئیمزا بکەین تا بزانن لەوێ ئامادەبووین.

**ڕامان:** ئەوە بەڕێوەبەری گشتی خۆی بە ئێوەی گوت بچنەوە لەوێ دەوام بکەن؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، سەمیر عەزیز نەجم کە بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەت بوو.

**ڕامان:** بە ڕەسمیی پێتانی گوت بڕۆنەوە بۆ دەوام؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ئیتر دەڕۆیشتین و لەوێ دادەنیشتین، لەو ڕۆیشتنەدا نازانم دەتوانم ناو بێنم؟

**ڕامان:** بەڵێ، ناو بێنە، بۆ مێژوو زۆر گرنگە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەو کتێبانەی لەناو ئەو دۆڵابانە دانرابوون.

**ڕامان:** ئەوەی ژوورەکەی (عوسمان فایق)ت مەبەستە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەوە ویستم پێت بڵێم دواجار ئەو کتێبانەیان چ لێکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** هەر لەناو دۆڵابەکەدا مابوون.

**ڕامان:** لە پێش چاوی خۆی داینابوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، بەڵام کە ئێمە گەڕاینەوە بیناکەی ڕۆشنبیری، دەبینین هەر شتێ لەناو دۆڵابدا هەڵگیرابوو، هەمووی لەو ناوە فڕێ درابوون، یەکێک لەو شتانەی فڕێ درابوو فیلمەکەی هەولێر بوو، ئەوەی پێشتر باسمان لێوە کرد.

**ڕامان:** پاش چوونتان بۆ دایرە کۆنەکەتان، ئەو کەلوپەلانە لەوێ مابوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، هەر لەناو بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی کەلوپەلەکان فڕێ درابوون.

**ڕامان:** باشە ئەو کەلوپەلانەیان بۆ لەگەڵ خۆیان نەبردبوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەوان زۆربەی کەلوپەلەکانیان بردبوو، بەڵام ئەو شتانەی کە نەیانویستبوون، عوسمان فایق وتبووی فڕێیان بدەن، بۆیە هەر لەسەر زەوی کەوتبوون.

**ڕامان:** لەگەڵ خۆیان نەیانبردبوون و هەر لەوێ بە پەرشوبڵاوی فڕێیان دابوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، هەر لە بەڕێوەبەرایەتی مابوون، هەندێ وێنە هەن، وێنەی فۆتۆگرافی ناوچەی سلێمانی و هەولێر و دەوروپشتی، ئێستاش ئەوانەم هەڵگرتووە، وێنەی نایاب بوون.

**ڕامان:** کێ ئەو وێنانەی گرتبوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** وێنەگرەکانی خۆمان گرتبوویانن، ئەرشیڤێکیان بۆ هونەرمەندان دروست کردبوو، هەر هونەرمەندێک چی هەیە، ئەرشیڤی خۆی دەهاورد، تەنانەت لەناو ئەو وێنە ئەرشیف کراوانە کە لەسەر زەوی فڕێ درابوون وێنەی ئەحمەد سالارم دۆزییەوە، وێنەکەی و مێژووی ژیانی، ئەوکاتە فۆرمێکیان بەسەر هونەرمەندان دابەش دەکرد، بۆ ئەرشیف پڕیان دەکردەوە، ئەو وێنانە و فیلمەکەم هەڵگرت.

**ڕامان:** ئیتر لەگەڵ لابردنی دوکتۆر ئیحسان فوئاد یەکسەر ئەو دەزگایە نەما و ڕایانگرت،

هـەردوو دایـرەش تێکـەڵ بـوون و فەرمانبەرەکانیان لـەو دەزگا نوێیـەدا کۆکـردەوە؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، هەردووکـی نەمـان، بـووە دەزگای ڕۆشـنبیریی و بڵاوکردنـەوەی کـوردی.

**ڕامـان:** بەڕێوەبەرایەتیـی ڕۆشـنبیریی کـوردی و خانـەی هـاوکاری (دار التضامـن)، ناوەکەیـان کرایە دەزگای ڕۆشـنبیریی و بڵاوکردنـەوەی کـوردی.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، بەڵێ.

**ڕامـان:** کـە تێکـەڵ بـوون، ئەوکاتـە ئـەو دەزگایە ڕۆژنامـەی هـاوکاری و هـەردوو گۆڤـاری ڕۆشـنبیری نـوێ و (بەیـان)ی دەردەکـرد.

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** دوایـی گۆڤـاری (ڕەنگین)یشـی هاتـە سـەر، کۆمەڵێـک کتێبـی باشـیش چـاپ کـران، ئێمـەش کەوتینـە شـکاندنی ئـەو دۆڵابانـە تـا بزانیـن چییـان تێدایـە.

**ڕامـان:** بەڕێوەبـەری گشـتیی دیوانـی وەزارەت، (عوسـمان فایـەق)ی ئـاگادار کـردەوە کـە ئـەو هەنـگاوەی نـاوە؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڕێوەبـەری گشـتی پێـی وت بـا ئەوانـە بچـن بـۆ ئـەوێ، بیناکـە چۆڵـە، لـە جیاتـی ئـەوەی لـە چایخانـە دانیشـن، لـەوێ دەوام بکـەن، تاکـوو بزانیـن چارەنووسـیان چـی لێـدێ.

**ڕامـان:** کەوابـێ عوسـمان فایـق ئـاگای لـێ بـوو کـە بـە ئێـوەی گوتـووە بـڕۆن لـەوێ دەوام بکـەن؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، بەڵـێ، بـەڵام پێوەنـدی پێمانـەوە نەبـوو، ئێمـە بـە تـەواوی لەوێ دەرچووبووین، کەوتینە سـەر میلاکی وەزارەت.

**ڕامـان:** عوسـمان فایـەق ئـەو سـێزدە کەسـەی لابـرد، بـەڵام بەڕێوەبـەری گشـتی سـەمیر عەزیـز گوتـی بچنـەوە لـەوێ دەوام بکـەن؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، بەڕێوەبـەری گشـتیی دیوانـی وەزارەت، ئینسـانێک بـوو گوێـی دەگـرت و تێگەیشـتنی هەبـوو.

**ڕامـان:** بەڕێوەبـەری گشـتی دیوانـی وەزارەت بـوو، بـەڵام دیـارە کەسـێکی دەسـتڕۆیشـتووی بەهێـز بـووە؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، ئیتر ڕۆیشـتین لـەوێ ئـەو شـتانەمان کرد.

**ڕامان:** ئەی زامدارتان لەگەڵ نەبوو؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** نـا، زامـدار لـە ڕۆژنامـەی هـاوکاری بـوو، لەگـەڵ خـۆی بـردی.

**ڕامـان:** ئـەو سـێزدە کەسـەتان دەرکران، ئـەوان لـەوێ مانـەوە؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، ئیتـر کـە دۆڵابەکانمـان شـکاند، مـن دانەیەکـم لـە کتێبەکـەی نامـەی قانـع، هەروەهـا دانەیەکـم لـە کتێبەکـەی دەوڵەتـی دۆسـتەکی (الدولة الدوستكية) بـۆ خـۆم هەڵگـرت.

**ڕامان:** مەبەستت بەرگی دووەمی ئەو کتێبەیە؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، وێنـە فۆتۆگرافییەکانـم هەڵگـرت، فیلمەکـەم هەڵگـرت، تابلۆیەکـی زۆر گـەورە هەبـوو، هەوڵـم دا بیبـەم.

**ڕامـان:** ئێسـتا ئـەو فیلمـە لـەلای تـۆ نەبـێ، لای کەسـی دی نییـە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، هەڵم گرتووە.

**ڕامان:** تەنیا تۆ هەتە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ.

**ڕامـان:** دیـارە تـۆ قایمـکاری، زۆر بایـەخ بـە ئەرشـیف دەدەی؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** ئـەو فیلمـە و فیلمێکـی تریش کـە سـاڵی ١٩٧٠ تۆمار کرا، ئەو کاتە کاک مەسـعوود و کاک ئیدریس بارزانی و دارا تۆفیـق و حەبیـب محەمـەد کەریم و سـەرکردایەتی پارتـی لـە ئاهەنگەکـەی سـەلمان پـاک بـوون.

**ڕامان:** ساڵح یووسفی و ئەوانی دیش بوون.. ئەو فیلمە بە چ بۆنەیەک گیرا؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** لە سەلمان پاک ئاهەنگێکیان کرد.

**ڕامان:** دیارە ئاهەنگی نەورۆز بووە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ئەوجا ئەو فیلمە ئیبراهیم محەمەدئەمین حەوێزی، ئیبراهیم کاکە گرتی، بەڵام بە سی و شەش ملیم گرتی، باریک بوو، فیلمەکە بچکۆلانەیەک بوو.

**ڕامان:** ئەی فیلمەکەی دی، ئەوەی لە بارەی قەڵای هەولێر گیرا، ئەوە چەند ملیم بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** فیلمەکەی تر بە سی و هەشت ملیم بوو، سینەماییە، ئێستاش لەلام ماوە، قوتوویەکم بۆی سەند، خستمە ناو ئەو قوتووەوە.

**ڕامان:** ئێستا بەو ئامێرە نوێیانە پەخش دەکرێ، یان زەحمەتە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، دەبێ بخرێتە سەر سی دی، لەوانەیە ئەگەر ئامێری سینەمایی مابێ، بە ئامێری سینەمایی نمایش بکرێ.

**ڕامان:** بەڵام هەتا زووە بکرێ باشترە، نەوەک ئاووهەوا و شێ و گەرمی و ڕووناکی و ئەمانە کاری تێبکات و تێکی بدات، زوو نوسخەی لێ زیاد بکە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** باش بوو تۆ ئەو باسەت کردەوە، با باسێکت بۆ بکەم. لە مەکتەبی ڕاگەیاندنی پارتی کە لەلای ڕۆژنامەی خەبات بوو، بە سەرۆ قادرم وت، ئەمە بۆ مێژوو دەڵێم، وتم ئەو دوو فیلمەم هەیە، لێم بکڕن، بە ئەمانەت دامێ، عەیب نییە من ئەوکاتە دەستم کورت بوو، پێویستم بە پارە بوو. وتم ئەو شتانەم هەیە لێم بکڕن با تێک نەچن، ئێوە لە تەلەفزیۆن سوودیان لێ دەکەن، دەتوانن ئەوەی کە پۆزەتیڤە بیکەنە نێگەتیڤ و نمایشی بکەن، یەکێکیان فیلمێکی بەڵگەییە، بەڵگەی مێژووییە.

**ڕامان:** وەڵامی بۆ کڕینی دوو فیلمەکە چی بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** وتی باشە، فیلمەکانم بۆی برد، دوای دوو سێ مانگ ئاریان فەرەج تەلەفۆنی کرد، وتی وەرە سەرێکمان لێدە. ڕۆیشتم فیلمەکانی دامەوە، وتی ڕەزامەندیی کڕینی نەدرا، ئیشەکە نەکراوە و فیلمەکانی پێم دایەوە، ئێستا ئەوە لەلای خۆم پاراستوومن.

**ڕامان:** لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری چی دیکەت برد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەوەی لەوێ بوو هەڵمگرت، تابلۆیەکی زۆر گەورە هەبوو، نزیکەی دوو بە سێ مەتر بوو، هونەرمەند لالە عەبدە کردبووی، تابلۆکە دەرەبەگێک بوو، تفەنگ لە شانی و پیاوێکی چەکدار لەگەڵی، خەڵکێکی زۆر وەستاون، ژنێک کە منداڵێکی بەدەستەوەیە، لە دواوەی وەستاوە و دەگری، یەکێک کوژراوە و لەسەر زەوی کەوتووە، ئێستایش ئەوە لە مێشکمە، تابلۆکە زۆر جوان بوو، ئەو تابلۆیەش فڕێ درابوو.

**ڕامان:** من لەبیرمە لە بەڕێوەبەرایەتییەکەتان تابلۆی محەمەد عارف سیامەنسووریش هەبوو.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەوەیان بردە ئەوێ، هەموویان گوێزایەوە، بەڵام ئەوەیان نەبردبوو، لەگەڵ تابلۆی دوو سێ هونەرمەندی فەقیر نەیانبردبوون.

**ڕامان:** ئەو هونەرمەندانە فەقیر نین، تابلۆکانیان ناوەڕۆکی سیاسییان هەبووە.. بێجگە لە لالە عەبدە، ئەو هونەرمەندانەی دی ناویان چ بوو؟ وابزانم (سمکۆ تۆفیق)یش

تابلۆی لەوێ هەڵواسرابوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** کۆمەڵێک هونەرمەند بوون.

**ڕامان:** ناوەکانیانت لەبیر نییە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** یەکێکیان ئەوەی زوو ئەمری خوای کرد، سەروەر سەوز.

**ڕامان:** هونەرمەندە سەر سپییەکە، سەروەت ئەنوەر سەوز دەڵێی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** گەنجێک بوو.

**ڕامان:** ئێ دەزانم کێ دەڵێی، ئەوە پێش چەند ساڵێک لە سلێمانی ئۆتۆمبێل لێی دا و کۆچی دوایی کرد.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەوە زوو ئەمری خوای کرد، تابلۆیەکی ئەویش بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک تابلۆی تر بوون، بەڵام بیرم کردەوە ئەوەی لالە عەبدە بدزم و بە دزییەوە دەری بکەمە دەرەوە. باشە دەبێ چۆن بیدزم، ئەوە قەبارەی گەورەیە، دەبێ پیکابی بۆ بگرم، لە دایرەیەکی ڕەسمی دەری بکەی بە پیکاب زەحمەتە.

**ڕامان:** دواتر هیچ دەرفەتێک بۆ بردنە دەرەوەی ئەو تابلۆیە نەڕەخسا؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** پاسەوانێکمان هەبوو، کورد بوو، ناوی ڕەزا بوو، خەڵکی دوزخورماتوو بوو، پێم وت ئەو تابلۆیە فڕێ دراوە، حەزدەکەم ئەوە دەرکەم. وتی نایەڵم، چونکە من پاسەوانم، ئەوە لەسەر دەزگا حیساب کراوە، دوایی دێن لێپێچینەوەم لەگەڵ دەکەن و دەمگرن، فەقیرە خۆیشی تەواو نەبوو، کەم ئەندام بوو.

**ڕامان:** باوکی ڕەزا ناوی چ بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** وەڵڵا نازانم، تەنیا ناوی ڕەزا بوو، خەڵکی دوزخورماتوو بوو.

**ڕامان:** ئێستا لە ژیاندا ماوە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئاگام لێی نییە، ئەوە حەفتاکان بوو، ئینسانێکی بەڕێز بوو، بەڵام هەر لە مێشکم بوو تابلۆکە دەربکەم، ئەوە بوو لەوێ ماینەوە تا جارێکی تر لە وەزارەت ناردیانە شوێنمان، وتیان بگەڕێنەوە هاوکاری، ئەوە عوسمان فایق ڕەزامەند بووە بگەڕێنەوە، بەڵام کە گەڕاینەوە سەرپشکی کردین و گوتی ئەوەی دەیەوێ بمینێ، دەمێنێ، ئەوەی گەرەکیەتی بۆ شوێنێکی دی بگوێزرێتەوە، با داواکاری پێشکەش بکات، ئێمە لەسەر گوێزانەوەکەی ڕەزامەند دەبین، ئەوەبوو کۆمەڵێک گوێزرانەوە سلێمانی، یان هاتنە هەولێر، بۆ ئەمینداریتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان.

**ڕامان:** وابزانم ئەوسا (سەردار میران)یشتان لەگەڵ بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** سەردار میران لەگەڵمان فەرمانبەر بوو، ئەو زوو خۆی گوێزایەوە هەولێر.

**ڕامان:** سەردار میران لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری بوو، کە پێشتر ناوەکانمان گوت، ئەومان لەبیر چوو.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، ڕاستە، لەوێ بوو، ئاخر ئەو زوو گوێزرایەوە، ئەو بوو، کوڕێکی تری هەولێری ناوی دڵشاد دزەیی، کەشخەیەک بوو، لەگەڵ شامل مەردان، سکرتێری بەڕێوەبەری گشتی بوو.

**ڕامان:** ئاگام لێ بوو ئەوانە هەموویان هاتنە هەولێر.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەشێک لەوانە ڕۆیشتنە هاوکاری.

**ڕامان:** لە ناوی سێزدە کەسەکە، جەمال خەزنەدار لە لیستی ئەو ناوانە بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** لەگەڵ ئەوانە پێکەوە گەڕاینەوە ڕۆشنبیریی کوردی، من و جەمال خەزنەدار گەڕاینەوە.

**ڕامان:** هەموو سێزدە کەسەکە گەڕانەوە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، ئەرمەنییەکە و موحەڕەم محەمەدئەمین خانەنشین کران.

**ڕامان:** ئەو کاتە م. موحەڕەم محەمەدئەمین ماڵیشی لە بەغدا بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ماڵیان لە شاری هەولێر بوو، چونکە من جارێک چوومە ماڵیان، کۆمەڵە ماڵێک لە گەڕەکی ئیسکان هەن، کە بەرانبەر تابلۆمۆڵ پێچ دەکەیتەوە، دێیتە ئیسکان، کۆمەڵە خانوویەک هەبوو، دوایی (کاتب عەدل)یش لەوێ بوو.

**ڕامان:** ماڵی (محەمەد مەولوود مەم)یش لەو ناوە بوو.. پێموانییە و نەمبیستووە ماڵی موحەڕەم محەمەدئەمین لە هەولێر بووبێ.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** موحەڕەم محەمەدئەمین، یان محەمەد مەولوود مەم، ناوی لەلام هەیە، دەترسم تێکەڵاوم کردبێ.

**ڕامان:** ئاخر من کە لە گۆڤاری بەیان کاری دەکرد برادەرم بوو، هەموو جارێک دەچووم بۆ لای و سەردانم دەکرد، لە گۆڤاری بەیان نووسەر - موحەریر بوو، بەڵام گوێی گران بوو، زۆر بە زەحمەت لێت حاڵی دەبوو، ئەوە موحەڕەم محەمەدئەمین بوو.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەها، تەواوم گوتووە، موحەڕەم محەمەدئەمین بوو کە خانەنشین بوو، ئەوانی دی ئەوەی گوێزرایەوە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیریی و لاوان، گوێزرایەوە، عەزیز نەجم پێی وتم، وتی تۆ پێوەندیت بەوانەوە چییە، بگەڕێوە.

**ڕامان:** واتە خۆت حەزت کرد بگەڕێیتەوە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** هەر دەبوو بگەڕێینەوە، حکوومەت چیمان لێ دەکا، واتە نابێ هەروا بە هەڵواسراوی بمێنینەوە، ئیتر گەڕاینەوە.

**ڕامان:** ئەوانی دی بەجێیان هێشت؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، ئەوەی ڕۆییشت جێیهێشت، کۆمەڵە کەسێک گوێزرانەوە سلێمانی و هەولێر، من مامەوە.

**ڕامان:** ئەی ئەمین شوان کەی هاتە ئەوێ؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەمین شوان هەر لە سەرەتاوە لەوێ سکرتێر بوو.

**ڕامان:** لەوێوە بووە هاوڕێم و پێی ئاشنا بووم، ئەو سەرەتا لە کوێ کاری دەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** پێشتر لە هاوکاری بوو.

**ڕامان:** لە کەرکووکەوە هاتبوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** لەوانەیە لە کەرکووکەوە هاتبێ، دامەزراندنەکەی لە بەغدا بوو.

**ڕامان:** بەڵێ، دەبێ وابێ، چونکە من سەرەتا لەوێ بینیم و ناسیم، دوای ماوەیەک یاداشتەکانی (چارلی چاپلن)ی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاو بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوی دەکردنەوە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، ئەو سکرتێر بوو، سکرتێری بەڕێوەبەری گشتی بوو.

**ڕامان:** (بورهان قانیع)یشم هەر لەوێ دەدی.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ئیتر کە ڕۆیشتین ئەمین شوان بە حوکمی ئەوەی کەرکووکی بوو، وتی بگەڕێرەوە و دەوامەکەی خۆت بکە و دانیشە، چ پێوەندییەکت بەو جەماعەتەوە هەیە، بگەڕێرەوە خۆت بەوانەوە مەفەوتێنە.

**ڕامان:** کە گەڕایتەوە هیچ مەرجێکیان نەبوو، بڵێن وەرە لەگەڵمان ئیش بکە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نەخێر، ئیدی بەگوێی (ئەمین شوان)م کرد و گەڕامەوە.

**ڕامان:** دواتر پێت باش بوو بە قسەی ئەوت کرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، ئینسانێکی لە رووی تۆ نەبێ نەجیب و بەڕێز بوو، ئەوە بوو گەڕامەوە، کە منیان گەڕاندەوە یەکسەر وتیان بڕۆ بۆ هاوکاری، لە ژوورێک لەگەڵ مەجید نەدیم کە ئەویش شاعیرە، لەگەڵ بورهان قانیع و من و محەمەد سەلیم بووین.

**ڕامان:** محەمەد سەلیم کامەیانە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** محەمەد سەلیم سەعید درێژێک بوو، خەڵکی سلێمانییە، ئەویش شاعیرە.

**ڕامان:** ئەها، بەڵێ، پیاوە پیرەکە، محەمەد سەلیم سەعید جاف، ئەویشم لە نزیکەوە دەناسی، دوای ڕاپەڕینیش ئەو هاوڕێیەتییەمان بەردەوام بوو، دوو نامەی لە ئەرشیڤەکەم هەیە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ئەوجا بورهان قانیع هەمیشە گێچەڵی پێ دەکرد و ڕەخنەی لێ دەگرت.

**ڕامان:** شۆخی و سوعبەتی لەگەڵ دەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، لەگەڵ مەجید نەدیم کە ڕۆیشتین بۆ ئەو ژوورە، بورهان قانیع پێی ناخۆش بوو کەسێک بڕوا لەگەڵی ئیشی ڕۆژنامەی هاوکاری بکات.

**ڕامان:** پێی ناخۆش بوو! بۆچی پێی ناخۆش بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** حەزی نەدەکرد کەس فێری ئیشەکە ببێ، ئەوە بە ئەمانەت بۆ مێژوو دەیڵێم.

**ڕامان:** سەیرە کە حەزی نەکردووە، بەڵام بۆ مێژوو دەبێ بیڵێی، نەیڵێی خوا دەتگرێ.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ڕۆژێک چووینە چاپخانە، ئەو ماوەیە کەنعان موفتی و هێرش محەمەدئەمین دامەزرابوون.

**ڕامان:** ئەوانە لە هاوکاری دامەزرابوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، لە هاوکاری دامەزرابوون، کە دامەزران هێشتا قوتابی بوون.

**ڕامان:** لەتیف هەڵمەت لە کوێوە بۆ ئەو دایرەیە هات؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** لەتیف هەڵمەت بەر لە من لە ڕۆژنامەی هاوکاری بوو.

**ڕامان:** ساڵی چەند بوو، لە ساڵی ١٩٧٦ـەوە هەر لەوێ بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، بەڵێ.

**ڕامان:** بە ڕۆژ لەوێ بوو، ئێوارانیش لە پاشکۆی عێراق ئیشی دەکرد، لەلای ئێوە جێبەجێکار- مونەفیز بوو، واتە دەچوو وتارەکانی دەبرد بۆ چاپخانە، لەوێش کە وتارەکان تایپ دەکران، ئەو دەیهێنانەوە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، لەتیف هەڵمەت هەر لەوێ بوو، فەرمانبەری هاوکاری بوو، چونکە وەک دەزانی کە سەرەتا هاوکاری دامەزرا، چەند کەسێکی باش ئیشیان تێدا کرد، لەوانە جەلالی میرزا کەریم.

**ڕامان:** ئا، ڕاستە، جەلال میرزا کەریم کەسێکی گرنگە، ماوەیەک سکرتێری نووسینی گۆڤاری (بەیان)یش بوو.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** (سەربەست بامەڕنی)یش لە هاوکاری ئیشی دەکرد.

**ڕامان:** لەبیرمە شاسوار جەلال (ئارام)، ئەویش لەوێ کاری دەکردو سەرپەرشتیی لاپەڕەی (٢)ی دەکرد کە بە ناوی (خەباتی گەلان)ـەوە بوو.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ڕاستە (ئارام)یش بوو.

**ڕامان:** هەروەها (حیلمی عەلی شەریف)یش بوو.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەو هەر لە هاوکاری بوو، چونکە ئەوان سەر بە خانەی نیشتمانیی بڵاوکردنەوە و دابەش کردن بوون، ئەوان لە (هاوکاری)یش ئیشیان دەکرد، محەمەد زادەش لەوێ ئیشی دەکرد.

**ڕامان:** زادە لە کوێوە هات بۆ ئەوێ؟ پێشتر لە چ دایرەیەک کاری دەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** محەمەد زادە کە لە بەغدا قوتابی بوو، لە ڕاگەیاندن دامەزرابوو، لەوێ دەوامی دەکرد، عەبدوڵڵا عەبباس و عەبدولوەهاب تاڵەبانی و ئەوانەش لەوێ بوون، سەربەست بامەڕنی و جەلال میرزا کەریم و ئەوانەش لەوێ دەوامیان دەکرد، لە هاوکاری کۆن، دێتە بیرم کە لە شاخ گەڕابوونەوە بەر لەوەی من بچم بۆ سەربازی، ڕۆژێک لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردیی بینییانم.

**ڕامان:** سەرەتای ئیشکردنی ئەوان کەی بوو، وا بزانم سەرەتای ساڵانی حەفتا بوو کە ڕێککەوتننامەی ئازار مۆر کرا، ئەوانە هاتنە ئەوێ؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** من ڕۆژێک لە بەڕێوەبەرایەتی بووم، کە چووم بینیم کۆمەڵێک نووسەر گەڕابوونەوە، ئەوانە لە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلوول ئیشیان دەکرد، عەبدوڵڵا عەباس، عەبدولوەهاب تاڵەبانی، جەلالی میرزا کەریم بوون.

**ڕامان:** ئەی هەندێک لەوانە پێشتر لە ڕۆژنامەی نوور ئیشیان نەدەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، دوایی هاتنە هاوکاری، ناوەکانیان لە ئەرشیف هەیە، ئیتر ئەوە بوو لەگەڵ بورهان قانیع گەڕامەوە، یەکەم ڕۆژ کە ڕۆیشتین بۆ چاپخانە، ئەو ئیشەی کە من ساڵی ١٩٦٠- ١٩٦١ لە ڕۆژنامەی ئەخبار دەمکرد، دەبینم هەمان ئەو ئیشە دەکەن. (موداور) کرێکارێکی عەرەب بوو، تۆ پێشتر وتت بە پەت دەبەسترا و نوسخەیەک ڕادەکێشرا، ئەگەر هەڵەی تێدا بوو ڕاست دەکرایەوە، دیم بورهان قانیع ئەو ئیشە دەکا، کە پیتێک، یان وشەیەک هەڵە بوایە، ئەو پیتەکەی دەردەکرد، بە مەقەست پیتێکی دەبڕی، یان پیتێکیان لێ دەدا، پێیەوەی دەنووساند و دایدەگرت.

**ڕامان:** تۆ بە (بورهان قانیع)ت وت ئەو کارە دەزانیت و پێشتر کردووتە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، بە یەک دانیشتن ئەو ئیشەم وەرگرت و فێری بووم، ئەوە بوو لەگەڵ بورهان قانیع هەر هاتوچۆمان دەکرد، ئەو نەختێک پشووی دەدا، منیش یارمەتیم دەدا، ئیتر پێکەوە ئیشمان دەکرد.

**ڕامان:** مەبەستت ئەوەیە بڵێی پێکەوە هاتوچۆی چاپخانەتان دەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، کەنعان موفتی و هێرش محەمەدئەمین دامەزران، یەکەم جار کە هاتن بورهان قانیع حەزی نەدەکرد بێنە ژوورەکەی و فێری ئیشەکە ببن، بۆیە ڕوبعی دینار هەبوو، دووسەد و پەنجا فلس، ڕوبعە دینارێکی دەردەهێنا و پێیانی دەگوت ئەوە (کاهوو- خاس)ی پێ بسێنن و بیشۆنەوە و دانیشن بیخۆن.

**ڕامان:** ئەگەر ئەوانە نەچنە ژوورەکەی، ئەی لە کوێ دانیشن و کاهوو بخۆن؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** چاپچییەک هەبوو، هەم چاپچی، هەم پاسەوانی چاپخانەی

دارولحورپییە بوو، ئیشی هاوکاریمان لە چاپخانەی دارولحورپییە دەکرد، ئەو کاتە لاینۆ بوو، بەوانی دەوت کاهوو بسێنن و بیشۆرنەوە و لای فازڵ، چاپچییەکە ناوی فازڵ بوو، دانیشن بۆخۆتان کاهوو بخۆن و چای بخۆنەوە تا ئێمە دەردەچین، ئیتر لەگەڵ بورهان قانیع ماوەیەک ئیشمان کرد. بورهان قانیع کتێبێکی لە بارەی مادەوە دانا.

**ڕامان:** ئەوە کتێبی ئەو نەبوو، وەرگێڕان بوو، دانەرەکەی دیاکۆ بوو، ئەو لە فارسییەوە وەریگێڕاو بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوی دەکردنەوە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بورهان قانیع دەقە فارسییەکەی هەبوو، لە نوسخە فارسییەکەوە وەری دەگێڕا و لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوی دەکردنەوە، هەم خۆی دەینووسی، دوایی نوسخە فارسییەکەی گوم کرد، زۆر هەوڵی دا تا نووسخەیەکی عەرەبی دۆزییەوە، ئەو عەرەبییەکەی لاواز بوو، من کە چوومە ئەوێ عەرەبییەکەم فوولە، ئەوکاتە من مێزم نەبوو، ئەو مێزێکی هەبوو لە پشت مێزەکە دادەنیشت، من لەسەر کورسییەک لە تەنیشت مێزەکەی ئەو دادەنیشتم.

**ڕامان:** چۆنە هێشتوویەتی تۆ لە ژوور ئەو بمێنیتەوە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بۆ ئەوەی بوو دەیوت تۆ بیخوێنەوە و بە کوردییەکەی خۆت بۆمی ڕوون بکەرەوە، من ڕاستی دەکەمەوە، هەرواش بوو، من کتێبەکەی دیاکۆم بە عەرەبییەکە بۆی دەخوێندەوە، بەو کوردییەی من کە ئەو کاتە کوردییەکەم ئەوەندە باش نەبوو، ئێستا نەختێک باشترە.

**ڕامان:** ماشەڵڵا کە باش نییە، بەنگلادیشی، سومالی، تەنانەت عەرەبم بینیوە کە بە کوردی قسەیان کردووە نەمزانیوە ئەوانە کورد نین، شەرواڵی پۆشیبوو، گوتیان دەزانی ئەوە عەرەبە، باوەڕت هەبێ ئەوەندە فۆنەتیک و کوردییەکەی ڕەوان بوو نەتدەزانی کورد نییە، ماڵت ئاوا بێت، تۆ هەر هیچ نەبێ لە دوای ڕاپەڕینەوە لەو کوردستانە ژیاوی، تۆزێک کوردییەکەت چاک بکردایە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئیتر هەر چۆنێک بێ بۆم مانا دەکردەوە، ئەو دەینووسی، بەوە کتێبەکەی تەواو کرد و چاپی کرد، ئەوە بوو بەرگەکەم بۆی کرد و وێنەی نەخشەکانی ناوەوەی زیاتر من بۆیم کردووە، هەندێکیانم لەوەکەی دیاکۆ بە ترێس بۆ ناو کتێبەکە گواستەوە، دەمانکردە کلێشە، دواتر لە چاپخانەی ڕەشاد چاپی کرد کە لە شەقامی ئەلموتەنەبی بوو، ئەوە بورهان قانیع و ئیشەکانی.

**ڕامان:** مولازم جوامێر کە لە ئالای سوور کاری دەکرد و (عوسمان فایق)ی کوشت، تۆ ئەو کاتە لە کوێ بووی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** من و مەجید نەدیم و بورهان قانیع لە نهۆمی سێیەم لە یەک ژوور بووین، ژوورەکە دەیڕوانییە سەر گۆڕەپانی خوڵانی، بەیانیان لەو پەنجەرەیەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، ئەو بەیانییە بە ڕێکەوت زەلامێکم دی لە کۆڵانەکەی پشت دایرەکەمانەوە دەرچوو، ڕۆژنامەیەکی بە دەستەوە گرتبوو، هاتە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەکان، لە پشت ئۆتۆمبێلەکان، پەرژینێکی ئاسنی نزم هەبوو، کەسەکە وردە وردە بەرەو لای دەرگای دایرەکەمان دەهات، کە چاوم گوێزایەوە سەر شوێنێکی دی، دەنگی دوو فیشەک هات، یەکسەر دەنگۆ بڵاوبووەوە کە عوسمان فایەق کوژرا، تومەز

مـولازم جوامێـر، دەیزانـی کـەی عوسـمان فایـەق دەگاتـە شـوێنی کارەکـەی.

**ڕامان:** دواتر زانیتان کوشتنەکەی چۆن بوو؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بـۆ نەگبەتـی عوسـمان فایـەق، ئـەو ڕۆژە لەجیاتـی ئـەوەی لای دەرگای پشت شوفێرەکەوە دابـەزێ و بچێتـە نـاو دەرگای دایـرەوە، ئـەو ڕۆژە لـە دەرگای ڕاسـتەوە دابەزیبـوو کـە نزیکـی دەرگای گەراجەکـە بـوو، ئیتـر لەگـەڵ ویسـتبووی قاچـی بێنێتـە دەرەوە، دوو فیشـەکی لـێ دابـوو.

**ڕامـان:** دەڵێـن یەکـەم جـار ئەحـلام مەنسـوور گەیشـتبووە سـەری و دوا وشـەی بـە کـوردی گـۆ کردبـوو؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، ئەحـلام مەنسـوور کـە لەبـەردەم ئەسانسـۆرەکە بـووە تـا بچێتـە شـوێنی کارەکـەی خـۆی، کـە گوێـی لـە فیشـەکەکان دەبـێ، یەکسـەر دێتـە دەرەوە و عوسـمان فایـەق بـەو حاڵـەوە دەبینـێ کـە کەوتووەتـە سـەر زەوی، ئیتـر سـەری بـەرز دەکاتـەوە، بـەڵام کۆتایـی بـە ژیانـی دێ، مـولازم جوامێریـش بـە هەمـان کـۆڵان کـە پێیـدا هاتبـوو، دەڕوات و بـۆی دەردەچـێ.

**ڕامـان:** ئەوانـەی لـە هـاوکاری ئیشـیان دەکـرد، لـە هەنـدێ لەوانـەی لـەوێ دامـەزرا بـوون، بیسـتوومە هـەر نهۆمێـک لێپرسـراوی خـۆی هەبـووە، یەکێـک لێپرسـراوی نهۆمـی دارایـی، یەکێـک لێپرسـراوی نهۆمـی کارمەنـدان و یەکێکـی دی بەرپرسـی نهۆمێکی دیکـە بـووە، تەلارەکەتـان چەنـد نهـۆم بـوو؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** خـۆی چـوار نهـۆم بـوو.

**ڕامـان:** چـوار نهـۆم بـوو، هـەر نهۆمێـک یەکێـک لێپرسـراوی ئەمنـی بـووە؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** ئەمنـی نـا، بەرپرسـی حیزبـی بـوو، ئیشـیان ئـەوە بـوو چاودێرییـان دەکـرد، ئـەوە مـن و تـۆ دانیشـتووین، دەڕۆیشـتن بـە سـکرتێری بەڕێوەبـەری گشـتییان دەوت ئـەوە فـڵان و فـڵان، لـە فـڵان جێگـە دانیشـتوون، دواتـر بـە بەڕێوەبەریـان دەوت، یـان تەلەفوونیـان بـۆی دەکـرد، یەکسـەر دەگەیشـتە عوسـمان فایـق کـە ئـەوە دوو کـەس پێکـەوە دانیشـتوون، دەهاتـن پێیـان دەوتـی هەڵسـە، ئـەوە بـۆ لێـرە دانیشـتووی؟ یـان خزمەتگوزارەکـە دەهـات بـە بیانوویـەک دەری دەکـردی، ئیـدی دەچوویتـەوە جێگاکـەی خـۆت، بـە ڕاپـۆرت و چاودێـری کـردن، جـۆرە توندییـەک هەبـوو. کـە کوژرا، سـتوونێکی لـە هـاوکاری هەبوو.

**ڕامـان:** سـتوونەکەی نـاوی (بـە یارمەتـی ئێـوە) بـوو.

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، دوا ژمـارە کـە نووسـینەکەی (عوسـمان فایەق)مـان بـردە چاپخانـە، مـن و بورهـان قانیـع بردمـان، دەبوو ئەو ڕۆژەی هـاوکاری دەردەچێـت گۆشـەکە داببـەزێ، شـەو بـوو، ئـەو کاتـە سـکرتێری نووسـین ئەکرەم بـوو، لەگـەڵ ئەحمـەد جـەزراوی هاتنـە چاپخانـە.

**ڕامـان:** ئەکرەم مەحمـوود سـەمین کـە خانەقینی بـوو، سـکرتێری نووسـینی ڕۆژنامـەی هـاوکاری بـوو؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، ئەکـرەم مەحمـوود سـەمین سـکرتێری نووسـین بـوو، لەگـەڵ ئەحمـەد جـەزراوی و دیزاینـەری هـاوکاری کـە عەدنـان جبـووری بـوو، عـەرەب بـوو هاتـن، ئـەو دیزاینـی ڕۆژنامـەی جمهـووری و عێراقـی دیکـەی دەکـرد، خـۆی دوو دیزاینـەر لـە بەغـدا هەبـوون، عەدنـان جبـووری و زوهێـر ئەلنعێمـی لـە هـاوکاری کاریـان دەکـرد، زوهێـر ئەلنعێمـی پێش عەدنـان جبـووری لـە هـاوکاری بـوو، ئـەو یەکـەم دیزاینـەری ڕۆژنامـەی هـاوکاری بـوو.

# ڕۆمانی ژیاننامەیی

**د. کەمال سەعدی مستەفا**
**(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی یاسا)**

**(١- ٢)**

## دەستپێک

وەک دەزانین هونەری نووسینەوەی ژیاننامە لقێکە لە لقەکانی ئەدەب و لە کۆنەوە ئەدیب و نووسەران بایەخیان پێ داوە و کەسە ناودارەکانیش بۆ گێڕانەوەی سەربردەی ژیانیان و ئەزموونەکانیان بەکاریان هێناوە.

ئەم بابەتە شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو لە کۆنەوە هەبووە و سەرچاوەیەکی گرنگیش بووە بۆ مێژوونووسان بە مەبەستی تۆمارکردنی ئەو ڕووداوە مێژووییە گرنگانەی کە کتێبەکانی ژیاننامە و بیرەوەرییەکان لەخۆیان گرتوون.

بەڵام هەروەک زانایانی بواری دەروونناسی دەڵێن مرۆڤ بە پێی سروشتەکەی بە گشتی لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی تەنیا باسی ئەو لایەنانەی ژیانی دەکات کە شانازییان پێوە دەکات، بە پێچەوانەشەوە چاوپۆشی لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە دەکات کە بۆ خۆی و کەسە نزیکەکانی مایەی شەرمەزارین، یان بۆ ئەو کەسانەی کە خۆشی دەوێن و نایەوێ لەکەداریان بکات.

لەم بارەیەوە کاتێک یەکێک لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە داوای لە زانای دەروونناسی بەناوبانگ سیگمۆند فرۆید کرد کە بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە و مافی بڵاوکردنەوەیان پێ بفرۆشێت، ناوبراو داواکارییەکەی ڕەتکردنەوە و وتی: ((گێڕانەوەی بیرەوەری کەمێک قورسە بۆ ئەو کەسەی دەیگێڕێتەوە، چونکە گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە ڕاستیودروستی و بە ڕوونی دەبێتە مایەی ناوزڕاندنی خاوەنەکەی و ئەو کەسانەش کە ناویان دەهێنێ، بە تایبەتی ئەوانەی زۆربەیان زیندوون، لە لایەکی تریشەوە گێڕانەوەی ژیاننامە لای من هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە، چونکە بریتییە لە درۆکردن و هەڵخەڵەتاندن و چەواشەکردن، چونکە کەس نایەوێ ڕووداوەکان وەک خۆیان و بێ دەستکاری بگێڕێتەوە، ئەگەر زیان بە ناوبانگی بگەیەنێت و دڵی هاوڕێکانی بڕەنجێنێ، بۆیە ناچارە درۆ بکات)).

هەروەها کاتێک ڕۆماننووسی ئینگلیزی بەناوبانگ ڤیرجینیا وولف لە سەر داوای خوشکەکەی

دەستی بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی کرد، نەیتوانی بەردەوام بێت، چونکە لە گەنجێتی زڕ براکەی دەستدرێژیی سێکسی کردبووە سەری، بۆیە دەستی هەڵگرت و کارەکەی تەواو نەکرد. (جان جاك روسو: اعترافات جان جاك روسو، ترجمة حلمي مراد، منشورات دار البشير للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق-بيروت، بلا سنة طبع، ص٩).

هەرچەند جان جاك ڕۆسۆ و قەدیس ئۆغستینۆس لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیان بەوپەڕی ڕاستگۆیی و ڕاشکاوییەوە ئاماژەیان بە ڕووداوەکانی ژیانیان و کەسایەتیی خۆیان کردووە و لەم ڕووەوە جان جاك ڕۆسۆ لە پێشەکی کتێبەکەیدا کە بە ناوی (دانپێدانانەکانی جان جاك ڕۆسۆ) ناسراوە دەڵێ: ((بڕیارم دا دەست بە پڕۆژەیەک بکەم هاوشێوەی نەبێ، کاتێک کە تەواوی دەکەم، کەس ناتوانێ لاسایی بکاتەوە، ئامانجم لەمەدا ئەوەیە وێنەی خۆم بە شێوەیەکی سروشتی و ڕاستەقینە بخەمە ڕوو، ئەو کەسایەتییەی کە دەیخەمە ڕوو، ئەوە کەسایەتیی خۆمە)).

ئەوجا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ ئەوانەی بیرەوەرییەکانیان دەنووسنەوە، بەسەر هەندێکیاندا باز دەدەن و هەندێکی دیکەیش دەستکاری دەکەن، بە شێوەیەک کە زیانی بۆ کەسایەتیی خۆیان و ئەو کەسانەش نەبێت کە خۆشیان دەوێن، یان بە پێچەوانەوە تیشک دەخەنە سەر هەندێک ڕووداو بۆ لەکەدارکردنی کەسانێک بیانەوێ بە ئەنقەست کەسایەتییان لەکەدار بکەن، بۆیە وێڕای ئەوەی گێڕانەوەی بیرەوەری لقێکی گرنگە لە لقەکانی ئەدەب و سەرچاوەیەکی گرنگیشە لە سەرچاوەکانی زانیاری و مێژوویی و کۆمەڵایەتی، بەڵام لەم ڕووەوە کەموکورتی تێدایە، لەبەر ئەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابوردوو لقێکی تری



جان جاك ڕۆسۆ

ئەدەب پەیدا بوو بە ناوی (ڕۆمانی ژیاننامەیی) ئەم جۆرە ڕۆمانە لە ڕووداوەکانیدا پشت بە بیرەوەری خاوەنەکەی دەبەستێت و لە هەندێک شوێنیش بە پێی پێویست تێکەڵی خەیاڵی ئەدەبی دەکرێت، بەمەش لەگەڵ ژانرێکی تری ئەدەبی جیاوازی دەبێت، کە ئەدەبی ژیاننامەیە، بەوەی کە دانەر بە تەواوەتی وەک خۆی خۆی پابەندی گێڕانەوەی بیرەوەری و سەربردەکانی ژیانی خۆی نەکردووە، هەروەها جیاوازیشی لەگەڵ جۆرەکانی تری ڕۆمان دەبێت کە زیاتر پشت بە خەیاڵی ئەدەبی دەبەستێت، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە ڕۆمانە تێکەڵەیەکە لە هەردوو لقی ئەدەبی (ژیاننامە و ڕۆمان)، هەر بۆیە زانکۆکان و ناوەندە ئەکادیمییەکان بە ناوی (ڕۆمانی ژیاننامەیی) ناوزەدیان کردووە.

ئەحمەد مەنسوور لە نووسینێکدا دەڵێ: ((ئەدەبی جیهانی بە شێوەیەکی گشتی و ئەدەبی عەرەبی بە تایبەتی، بە چەند ژانرێکی ئەدەبی پەیوەست بووە کە ژمارەیان زۆرە و

جیاوازن. لەوانەیش ژانری ڕۆمان. بەناوبانگترین ڕۆمانی ژیاننامەیی جیهانی کە بە یەکێک لەو جۆرە ئەدەبانە دادەنرێت کە هەن، ڕۆمانی (جینێیر) و (بەرزاییەکانی وێدەرینگ) لە نووسینی هەردوو خوشک شارلووت و ئیمێلی برۆنتی)یە. (احمد منصور: رواية السيرة الذاتية في الأدب الجزائري المعاصر، منشور في مجلة (المسألة) العدد/١، سنة ١٩٩١، ص١٨٥).

هەر لەم بارەیەوە یاغودا ئاماژەی بەوە کردووە کە (دانێل دیفۆ) ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووسی بریتانی زۆربەی ڕۆمانەکانی لە شێوەی ژیاننامە نووسیوەتەوە، ئەمەو چەندان توێژینەوە و ماستەرنامە و تێزی دوکتۆرا لە سەر ڕۆمانی ژیاننامەیی لە زانکۆکانی جیهان و عەرەبیدا نووسراونەتەوە.

یەکێک لەوانە ماستەرنامەیەکە بە ناونیشانی (السيرة الذاتية في الرواية الجزائرية، من يوميات مدرسة حرة) لە ئامادەکردنی (زهور وتيسي) لە ساڵی ٢٠١٧ پێشکەشی کۆلێژی ئاداب و زمان لە زانکۆی (العربي بن مهيس ام البواقي) کراوە.

هەروەها ماستەرنامەیەک بە ناوی (السرد فى رواية السيرة الذاتية العربية) کە لەلایەن قوتابی فائز صلاح قاسم لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی یەرمووک لە ٢٠١٠/٧/٢١ تاووتوو کراوە،

هەروەها ماستەرنامەیەک بە ناوی (رواية السيرة الذاتية - مزاج المراهقة - لفضيلة الفاروق) ساڵی ٢٠١١ لە کۆلێژی ئاداب و زمان، زانکۆی (منتوري قسنطينة) لەلایەن قوتابی (نجاة سويس)ـەوە ئامادەکراوە. ماستەرنامەیەکی تریش بە ناوی (رواية السيرة الذاتية فى ادب توفيق الحكيم) لەلایەن قوتابی (سامر صدقي محمد موسى) لە ساڵی ٢٠١٠ لە کۆلێژی خوێندنی باڵا، زانکۆی (النجاح الوطنية) لە فەلەستین تاووتوو کراوە.

یەکێک لە ڕۆمانەکانی ژیاننامەیی جیهانی لە نووسینی ڕۆماننووسی فەرەنسی (پاتریک مۆدیلۆ) بە ناوی (سلالة) کە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە و لەلایەن (دانيال صالح)ـەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، هەروەها ڕۆمانی (اولاد حارتنا) لە نووسینی نووسەری عەرەبی بەناوبانگ نەجیب مەحفووز کە خەڵاتی نۆبلی لە سەر وەرگرت.

بەم شێوەیە ئەو نموونانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دان، مشتێکن لە خەروارێک، لە ناو ئەدەبی جیهانی و عەرەبیدا، تەنانەت لەناو ئەدەبی کوردیشدا نموونەی ڕۆمانی ژیاننامەیی زۆرن، بەندە یەکێکم لەو کەسانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا چەند ڕۆمانێکی ژیاننامەییم بڵاوکردەوە، ئەوجا بۆ ئەوەی خوێنەری کوردیش ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم جۆرە ڕۆمانە هەبێت و زانیاری لە سەر ئەم ژانرە نوێیەی ئەدەب هەبێت کە لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر بایەخی پێ دراوە، بە پێویستم زانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بخەمە بەر دەستی هەموو لایەک، هیوادارم سوودێکم بە کتێبخانەی کوردی گەیاندبێت.

## ڕەنگدانەوەی ژیاننامە لە ناو ڕۆماندا

مەبەستمان لە ژیاننامە ژیانی مرۆڤە کە لەلایەن خۆیەوە نووسراوەتەوە، بەمەش لەگەڵ بیرەوەریدا جیاوازی هەیە، کە هەندێک ڕووداو لە خۆ دەگرن، لەوانەیە پێوەندی بە کەسی گێڕەرەوە نەبێت.

فیلیپ لۆجۆن لە کتیبەکەی (السيرة الذاتية، الميثاق والتاريخ الأدبي)دا لە سەر زاری ڤابێرۆ دەڵێ ڤابیرۆ لە کتێبەکەیدا بە ناوی (المعجم الكوني للأدب) کە لە ساڵی ١٨٧٦ دەریکردووە دەڵێ: ((ژیاننامە کارێکی ئەدەبییە، جا چ ڕۆمان، یان شیعر، یان وتارێکی فەلسەفی

بێت، دانەر بە شێوەیەکی ناڕاشکاو، یان بە ڕاشکاوی بە مەبەستی گێڕانەوەی سەربردەکانی ژیانی خۆی، ژیاننامەی خۆی دەگێڕێتەوە و بیرۆکەکانی و هەستەکانی خۆی دەخاتە ڕوو)). (بڕوانە فیلیب لوجون: السيرة الذاتية، الميثاق والتاريخ الأدبي، منشورات المركز الثقافي العربي، بيروت، ساڵی ١٩٩٤، ل١٠).

فیلیپ لوجون لە درێژەی قسەکانیدا لەم بارەیەوە دەڵێ: ((ئەو کەسەی کە ژیاننامەی خۆی دەنووسێتەوە، ناچار نییە هەموو ڕووداوەکانی ژیانی بە وردەکارییەوە بگێڕێتەوە، بە پێچەوانەی بیرەوەری، یان بە شێوەیەکی ڕەها هەقیقەتەکان بڵێ، هەروەک لە دانپێدانانەدا ڕوودەدات)).(بڕوانە فیلیب لوجون: هەمان سەرچاوە، ل١٠)

لە سەردەمی ڕۆمانەکان هونەری نووسینەوەی ژیاننامە بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد و لە ئەدەبی جیهانیدا بایەخێکی زۆری پێ درا و چەندان پێناسەی جیا جیایان بۆ کرد، هەرچەندە نەیانتوانی لە سەر پێناسەیەکی دیاریکراو کۆک بن، ڕەنگە هۆیەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە پێوەندی بە ژانرەکانی تری ئەدەبییەوە هەبێت.

یەکێک لەو پێناسانە کە لەلایەن (عبدالعزيز شرف)ـەوە کراوە دەڵێ: ((ژیاننامە بە مانای خستنە ڕووی ژیانی مرۆڤە کە خۆی چۆن دەیبینێت)). (بڕوانە عبدالعزيز شرف: أدب السيرة الذاتية، منشورات مؤسسة الأهرام للنشر والتوزيع، القاهرة، مصر، عام ١٩٩٢، ص٢٧).

کەواتە ژیاننامە بریتییە لە گوزارشتکردن لە گرنگترین دیاردەکانی ژیانی کەسایەتی نووسەرەکەی.

بەڵام دەستەواژەی (ڕۆمانی ژیاننامەیی) لەلایەن زانایان و شارەزایانەوە پێناسە کراوە کە ((بریتییە لە کەرەستەیەکی خودی و کەرەستەیەکی خەیاڵ، بەو پێیەی بابەتی ئەو چیرۆکەی کە دەگێڕرێتەوە، لەو دوو کەرەستەیە پێکهاتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕۆمانی ژیاننامەیی گرنگترین ڕەگەزەکانی بریتین لە خود و خەیاڵ، بەو پێیەی کە ئەو دەقەی لە بەر دەستدایە، ڕۆمانە)). (بڕوانە ممدوح سراج النابي: رواية السيرة الذاتية في مصر، دراسة في التأصيل والتشكيل، منشورات الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة، مصر، عام ٢٠١١، ص٤٧).

کەواتە ڕۆمانی ژیاننامەیی بەو جۆرە ڕۆمانە دەوترێ ژیاننامە و بیرەوەرییەکانی ڕۆماننووسەکە دەبێتە کەرەستەی سەرەکی ڕۆمانەکە، ئەوجا ئەگەر باسی سەرهەڵدان و پێشکەوتنی ئەم جۆرە ئەدەبە بکەین، دەبینین لە کۆنەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لایەنگری هەبووە، وەک هونەرێکی سەربەخۆ تەماشایان کردووە، مێژوونووسانیش کۆک بوونە لە سەر ئەوەی ئەم بابەتە لە کۆنەوە لە ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوادا سەری هەڵداوە، بۆ نموونە ئەگەر ڕۆمانی ڕۆبنسۆن کرۆسۆ بخوێنینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە لەلایەن دانیال دیفۆوە لە ساڵی ١٧١٩ بۆ یەکەم جار بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە و ڕۆماننووس ڕووداوەکانی ژیانی خۆی تێدا دەگێڕێتەوە، لە بەشەکانی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە بە درێژی باسی دەکەین.

هەرچەندە وەک زاراوە، ناکۆکییەکی زۆر لە سەر زاراوەی (ڕۆمانی ژیاننامەیی) هاتووەتە ئاراوە، هەندێک لە توێژەران و ڕەخنەگران پێیان وایە یەکێکە لە کۆنترین ژانرەکانی ئەدەبی و هونەری، بەڵام هەندێکی تر ڕایەکی جیاوازیان هەیە و دەڵێن یەکێکە لە نوێترین ژانری ئەدەبی. (رواية السيرة الذاتية غرفة

الذكريات لبشير مفتي أنموذجا، بحث مشترك أعدت من قبل الطالبتين بوشريم هاجر و بوكليو ايمان، قدمت الى كلية الاداب واللغات قسم الأدب العربي بجامعة محمد الصديق، في الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، عام ٢٠١٩، ص٩-١٠).

لە بەر ئەوەی ئەم جۆرە ڕۆمانە سروشتێکی نەرمونیانی هەیە، بۆیە بە ئاسانی سنوورەکەی دەبەزێنرێت، ئەمەش بۆ لە دایکبوونی زۆر جۆری تری ژانری ئەدەبی یارمەتیدەر دەبێت کە هەڵگری سیفەتێکی زۆرە لە سیفەتەکانی ئەم ژانرەی ئەدەب، مەبەستم ڕۆمانی ژیاننامەییە، لە هەمان کاتیشدا لەوانی تر بەوە جیادەکرێتەوە کە ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە، بۆیە ئاسان نییە هەموویان لەژێر یەک ناوونیشاندا پۆلێن بکرێن. بەم شێوەیە جیاکردنەوەی ڕۆمانی ژیاننامەیی لە ژانرەکانی تری ئەدەبیدا یەکێکە لە ئاستەنگەکانی بەردەم ڕەخنەگران و توێژەران، بە تایبەتی ئەوانەی کە دەیانەوێ سنوورێک بۆ هەریەکێک لەو ژانرانەی ئەدەب دابنێن، تا لە یەکتری جیایان بکەنەوە، چونکە تەداخولێکی زۆر لە نێوان ژیاننامە و ڕۆماندا هەیە، ئەمەش وای لە هەندێک کەس کردووە بڵێن مەحاڵە دوو ژانری ئەدەبی بە تەواوەتی لە یەکتری جیابکرێنەوە، لەوانە جۆرج مای کە بە ڕاشکاوییەوە دەڵێ: ((مەحاڵە دوو ژانری ئەدەبی بە تەواوەتی لە یەکتری جیا بکەینەوە، چونکە تەداخول لە نێوان ڕۆمان و ژیاننامە بەردەوامە و کۆمەڵێک شتی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، نەک تەنیا لە ڕووی شێوەوە، بەڵکوو لە ڕووی مەبەست و ئامانجیشەوە کە بۆی تێدەکۆشێ)). (ممدوح سراج النابي: سەرچاوەی پێشوو ل ٥١)

## ڕۆمانی ژیاننامەیی و بیرەوەری و تێکەڵبوونی لەگەڵ ژانرەکانی تری ئەدەب

لەبەر ئەوەی ڕۆمانی ژیاننامەیی و بیرەوەری سروشتێکی نەرمونیانیان هەیە، بۆیە زۆر ئاسانە سنوورەکەی ببەزێنرێت، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ لەدایکبوونی زۆر جۆری تر، کە هەڵگری چەندان سیفەتی جیاجیا دەبن و لە هەمان کاتیشدا جیاواز و سەربەخۆن، کە زەحمەتە لە ناو پۆلێکدا پۆلێن بکرێن.

بەم شێوەیە ئاستەنگ لە بەردەم ڕەخنەگرەکان دروست دەبێت، بە تایبەتی ئەو ڕەخنەگرانەی کە لە نێوان ئەو جۆرانەدا بە دوای سنوورێکی دیاریکراودا دەگەڕێن، کە جۆرێک لە تێهەڵکێشی لە نێوان ئەو جۆرە ژانرە ئەدەبیانە لە نێوان خۆیاندا هەیە، هەروەک چۆن ئەم جۆرە تێکهەڵکێشییە لە نێوان ژیاننامە و ڕۆماندا هەیە، کە ئەمەش وای کردووە کەسێکی وەک جۆرج مای ڕاشکاوانە بڵێ مەحاڵە بە تەواوەتی دوو ژانری ئەدەبی لە یەکتری جیا بکەینەوە، وەک دەبینین تەداخول لە نێوان ڕۆمان و ژیاننامە بەردەوامە، کە ئەمەش وای کردووە چەندان شتی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو جۆرەدا هەبێت، نەک تەنیا لە ڕووی شێوەوە، بەڵکوو لە ڕووی مەبەست و ئامانجیشەوە. (جورج ماي: السيرة الذاتية، ترجمة محمد القاضي وعبدالله صولة، منشورات دار الحكمة، تونس، ط/١، سنة ١٩٩٤، ص١٩٩-٢٠٣).

بەم شێوەیە جۆرێک لە تێکەڵبوونی سنوور لە نێوان جۆرەکانی ژانری ئەدەبی ڕووی دا، بە شێوەیەک کە بەر لە ١٨٠٠ ساڵ پێش ئێستا ژیاننامە لە زمانی ئەدەبی ئەوروپیدا پەیدا بوو، هەروەک جۆرج مای وا دەڵێ، یان بە وتەی هەندێکی تر مێژووەکەی بۆ مێژوویەکی کۆنتر دەگەڕێتەوە کە سەرەتاکەی بۆ دانپێدانانەکانی

(قەدیس ئۆغستین) پێش چواردە سەدە بەر لە دانپێدانانەکانی (جان جاک ڕۆسۆ) دەگەڕێتەوە.

بەم شێوەیە مێژووی نووسینەوەی ژیاننامە بۆ پێش ڕۆمانی ژیاننامەیی دەگەڕێتەوە و بیرەوەری لە قۆناغەکانی دوای ئەو پەیدابووە و لە سەدەی هەژدەوە لە ئەورووپا بووە دیاردەیەکی بەرچاو و چووە پاڵ ژانرەکانی تری ئەدەب. (میخائیل باختین: الخطاب الروائي، ترجمة د. محمد برادة، منشورات دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، القاهرة، ط/١، عام ١٩٨٧، ص٥٧).

تا ئێستاش تەداخول لە نێوان ئەو دوو ژانرەی ئەدەب بەردەوامە و ناکرێ نکوڵی لێ بکرێت، بە چەشنێک هەندێک کاری ئەدەبی لە ژێر ناوونیشانی ژیاننامەیی پۆلێن کرا، هەرچەندە هەمان شت لەلایەن هەندێک کەسی ترەوە لە ژێر ناوونیشانی ڕۆمانی ژیاننامەیی پۆلێن کرا، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ژانرە ئەدەبییانە سروشتێکی نەرمونیانیان هەیە، وادەکات تەداخولات لە نێوانیاندا دروست بێت.

ئەم سروشتە نەرمونیان و تەداخولانەی نێوان ژیاننامە و ڕۆمانی ژیاننامەیی وای کردووە کەسێکی وەک (جۆن) لەو کتێبەی کە بە ناوی (میساقی نهێنی) نووسیویەتی هەندێک جار ئەم ژانرە ئەدەبییە بە ناوی (ژیاننامە) ناوزەد بکات بە پێی ئەو ڕاستییانەی کە لە خۆی گرتوون، هەندێک جاری تریش لە ژێر ناوی (ڕۆمان) ناوزەدی بکات، بەو پێیەی ئەو خەیاڵە ئەدەبییانەی کە لە خۆی گرتوون. دوای دەرچوونی کتێبەکەی جۆن بە ناوی (میساقی نهێنی) دەرکەوت هەموو جۆرەکانی ژانری ئەدەبی (ژیاننامە و ڕۆمان)ی لەخۆ نەگرتووە، ئەمەش وای کرد جۆرج مای درک بە هەڵەی جۆن بکات و وتی لە نێوان ژیاننامە و ڕۆماندا لەو نێوەندەدا زۆر جۆری تری ژانری ئەدەبی هەن، بۆیە ئەو جۆرە ژیاننامەیەی کە پاڵەوان و کارەکتەرەکانی بەناوی خوازراو ئاماژەیان پێ کراوە، جیای کردەوە و لە ژێر ناوونیشانی ڕۆمانی ژیاننامەیی تۆماری کردن. (ممدوح فراج النابي: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢).

بەم شێوەیە تەداخولی (ژیاننامەی ڕۆمان ئامێز) لە نێوان (ژیاننامە و ڕۆمان)دا ڕووی دا، کە جۆن لە میساقەکەیدا ئاماژەی پێ داوە و ئەم جۆرە ژانرە ئەدەبییە ناگرێتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ نەرمونیانیی ئەو سنوورەی کە بۆ ئەم ژانرە ئەدەبییە دانراوە و وابکات بە ئاسانی ببەزێنرێت و هەندێک ژانری تری ئەدەبی دەرکەوێت کە هەڵگری هەندێک لە سیفەتەکانی ئەو ژانرە بێت کە لێی جیا بووەتەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ژانرەکانی ئەدەب جێگیر و بەردەوام نین، ئەمەش وا دەکات لە ئەنجامی ئەم تەداخولاتانەوە هەندێک جۆری تێکەڵاو (الانواع الهجينة) لەدایک بن، ئەمەش دەبێتە کۆسپێک لە بەردەم هەوڵ و کۆششی ڕەخنەگران کە هەوڵ دەدەن سنوورێکی تۆکمە بۆ هەر ژانرێکی ئەدەبی لەو ژانرانە دابنێن کە ڕێگربێت لە بەزاندنیان. (ممدوح فراج النابي: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢-٥٣).

لە ئاکامی ئەمەشدا ڕۆمانی ژیاننامەیی بەو پێیەی جۆرێکە لەو ژانرە ئەدەبییانەی کە سنوورەکەی ئەم جۆرە تەداخولاتانە و یەکتربڕینانە لەگەڵ زۆر جۆری تری ژانری ئەدەبی قبووڵ دەکات و ڕێگایان لێ ناگرێت، ئەم تەداخولاتانەش خۆی لە چوارچێوە شێوەیی و هونەرییەکەیدا دەبینێتەوە. سەبارەت بە تەداخولاتی چوارچێوە شێوەییەکە، شێوەی ژیاننامەیی (الشكل السيري) هەژموونی لە سەر هەیە، بەڵام سەبارەت بە تەداخولاتی تایبەت بە (چوارچێوە هونەرییەکەی) وەک دەبینین

جێناوی قسەکەر (ضمير المتكلم) هەژموونی لە سەر گێڕانەوەکەدا هەیە، یان بە شاردنەوەی ناوەکەی بە ناوی خوازراو، یان بەبێ ناو هێنان. (ممدوح فراج النابي: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣).

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، ژیاننامەی دانپێدانانی خودی (السيرة الاعترافية الذاتية) یەکێکە لەو جۆرە ژانرانەی ئەدەب کە لەگەڵ (ڕۆمانی ژیاننامەیی) یەکتر دەبڕێ، خود (الذات)ی تێدا بەبێ هیچ گوشارێک لەلایەن کەسێکەوە دان بە نهێنییەکانی ژیانی خۆیدا دەنێت. بەم شێوەیە لە ناوەوە سەیری نووسەرەکەی دەکرێ، هەروەک سپندەر دەڵێ: ((هەموو دانپێدانانێک لە خودەوە بۆ بابەت دەست پێ دەکات، لە تاکەکانەوە بۆ کۆمەڵگە، تەنانەت ئاژەڵەکانیش بەبێ شەرم پەردە لە سەر خۆیان لادەدەن و پرسی خۆیان دەخەنە بەرانبەر سیستمێکی ئاکاریانە کە بەشێکە لە واقیعێکی بابەتیی دەرەکی، ئەو شتانەیش کە دانیان پێدا دەنرێت، یان دەسەلمێنرێن، بریتین لە گەورەترین دانپێدانان و دەرچوون لە سنووری باو، کە زۆربەی ئەوانەی کۆمەڵگە ڕەت دەکەنەوە، بەرگەی ناگرن)). (نقلا عن جورج ماي: السيرة الذاتية، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠).

دیارترین نموونەی ئەم جۆرە دانپێدانانە، ڕۆمانی (قەشە ڕیکفیلد)ـە لە ساڵی ١٧٦٦ لە نووسینی گۆڵد سمیس، هەروەها ڕۆمانی ڕووخان ساڵی ١٩٥٦ نووسینی ئەلبێر کاموو، ئەم نموونانە لە ڕۆمان کە ئاماژەمان پێ کردن پشت بە (جێناوی قسەکەر) دەبەستن و ڕۆماننووس پێ بە پێ خۆی ئاشکرا دەکات. (ممدوح فراج النابي: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥).

هەروەها جۆرێکی تر لە ژانری ئەدەبی کە ڕۆمانی ژیاننامەیییە ئیزافەی سەر ئەو یەکتربڕینانەی سەرەوە دەکرێ کە جۆرج مای لە زۆنی ناوەڕاست (لە نێوان ژیاننامە و ڕۆمان)دا دەریهێناوە، کە بریتییە لە ڕۆمانی ژیاننامەیی و ژیاننامە بە ناوی خوازراوەوە.

جۆرج مای سەبارەت بە کتێبی ژیاننامە بە ناوی خوازراوەوە دەڵێ: ((ئەوانەی ژیاننامەی خۆیان بە ناوێکی خوازراو دەنووسنەوە، لەبەر هۆیەکە لە هۆیەکان)) ئەمەو هەندێک نموونەی بۆ هێناوەتەوە، وەک ڕۆمانی هنری پرۆلار لاستاند، هەروەها ڕۆمانی (پشیلە) لە نووسینی ڕۆماننووس فیولیت لودوک کە خاوەنەکەی بە چیرۆک ناوزەدی کردووە بێ ئەوەی جۆرەکەی دیاری بکات. (جورج ماي: السيرة الذاتية، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣).

هەروەها (گرازییلا graziella)ی لامارتین کە بە زنجیرە لە ڕۆژنامەدا بڵاوی کردەوە و دواتریش لە دووتوێی بەرگێکدا لە ساڵی ١٨٥٢ چاپی کرد، لە یاداشتنامەکەیدا باسی لێکردووە و ئاماژەی بەوە داوە کە ڕۆمانێکە گشت ڕووداوەکانی ڕاستەقینەن. لامارتین لە ڕۆمانەکەیدا تەنیا یەک ڕەگەزی خەیاڵی بەکارهێناوە، ئەویش دانانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی بە کرێکاری مەرجان کە ڕاستییەکەی ئەو تەنیا جگەرەی پێچاوەتەوە و لەو بوارەدا کاری کردووە، بێ لەوە هەموو ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەی وەک خۆی گێڕاوەتەوە، ئەوجا بە هۆی ئەو لێدوانەوە کە لامارتین لە بارەی ڕۆمانەکەیەوە دای، دوودڵ بوو لەوەی ئایا ئەو بەرهەمە ئەدەبییەی لە ڕیزی ڕۆمان، یان لە ڕیزی ژیاننامە دابنێ؟! (میخائیل باختین: الخطاب الروائي، ترجمة د. محمد برادة، منشورات دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، القاهرة، ط/١، سنة ١٩٨٧، ص٣٦).

ئەمەش وای لە جۆرج مای کرد کە ناچاربێت دووبارە زۆنی ناوەڕاست (المنطقة الوسطى) بە

جۆرێک دابڕێژێتـەوە کـە هەندێـک ژانـری ئەدەبـی لەخـۆ بگرێـت کـە میسـاقی جـۆن ئامـاژەی پـێ نەکردبوون، ئەمـەش وای کـرد جۆرێکـی نـوێ لـەو ژانـرە ئەدەبییانـە جیـا بکرێتـەوە کـە ڕەخنەگـران ناتوانـن لـە ژێـر ئـەو نـاوەی دابنێـن کـە لێـی دەرچـووە، چونکـە هەندێـک تایبەتمەندیـی هەیـە لەوانـی دیکـەی جیـا دەکاتـەوە، هەرچەنـدە زۆربەی تایبەتمەندییەکانی ئەویشی هەیە. (ممدوح فـراج النابي: سـەرچاوەی پێشـوو، ل٥٦).

## چەمکی ڕۆمانی ژیاننامەیی

هیـچ زاراوەیـەک وەک زاراوەی ڕۆمانـی ژیاننامەیی نەرمونیانـی نەبـووە، کـە ئەمـەش وای کـردووە سنوورەکەی جێگیـر نەبێـت و تێکەڵ بـە ژانرەکانی تـری ئـەدەب بێـت کـە لێـوەی نزیکـن. ئـەم ژانـرەی ئـەدەب هـەردەم لـە نێـوان دوو ژانـری ئەدەبـی تـری جیـاواز بمێنێتـەوە، کـە ژانـری (ژیاننامـە و ڕۆمـان)ن. ئـەم نەرمونیانییـەی وای کـردووە کـە ڕەخنەگـران لەسـەر ئـەوە کـۆک نەبـن زاراوەیەکـی بـۆ دانێـن، بەڵکـوو بـە پێچەوانـەوە زاراوەکـە لـە ژێـر چەنـدان نـاوی جیاجیـادا هاتـووە، هەرچەنـدە گشـتیان ئامـاژە بـە هەمـان نـاوەڕۆک دەکـەن.

ڕەخنەگـران هەندێـک جـار ژانـری (ژیاننامـە) دەخەنـە پێـش (ڕۆمـان) و زاراوەکـە دەبێتـە ژیاننامـەی ڕۆمـان ئامێـز (السیرة الذاتیة الروائیة)، لەوانـە ڕەخنەگـر دوکتـۆر (یمنـی العیـد) لـە توێژینەوەیەکیدا بـە نـاوی (السیرة الذاتیة الروائیة والوضعیـة المزدوجـة) کـە لـە لاپـەڕە (١١)ی گۆڤـاری (فصـول) بەرگـی (١٥) زسـتانی سـاڵی ١٩٩٧ بـڵاوی کردووەتـەوە و وای وێنـا کـردووە.

هەندێـک جاریش وشـەی (ڕۆمـان) دەخەنە پێش وشـەی (ژیاننامـە) و دەبێتـە (ڕۆمانـی ژیاننامەیی) وەک فیلیـپ لـو جـۆن و جابـر عوسـفوور و دوکتـۆر خەیـری دۆمـە بـەم شـێوەیە ناوزەدیـان کـردووە.

(جابـر عصفـور: زمـن الروایـة، مکتبـة الأسـرة، الهیئـة المصریـة العامـة للکتـاب، القاهـرة، سـنة ١٩٩٩، ص٢١٩، هەروەهـا د. خیري دومـة: روایة السیرة الذاتیة الجدیدة، قراءة فی بعض روایات البنـات فـي مصـر، مجلـة کلیـة الاداب، جامعـة القاهرة، المجلد ٦٣، کانون الثاني ٢٠٠٣، ص٥٨).

دوکتـۆر (فـەرەح مەهـدی سـاڵح) مامۆسـتا لـە بەشـی عەرەبـی کۆلێـژی پـەروەردەی زانکـۆی قادسـییە لـە توێژینەوەیەکیدا کە بە نـاوی (الروایة السـیر ذاتیـة) لـە ماڵپـەڕی زانکـۆی قادسـییە بـڵاوی کردووەتـەوە، لـە بـارەی دەستنیشـانکردنی ناسـنامەی دەقـە ئەدەبییـەکان لـە ڕووی جۆرییـەوە دەڵـێ: ((بێگومـان دەستنیشـانکردنی ناسـنامەی دەقـەکان لـە ڕووی جۆرییـەوە لای خوێنـەر بووەتـە کارێکـی قـورس، بەتایبەتـی هەندێـک جـۆری تێکـەڵ (الانـواع الهجینـة) کـە لـە نێـوان خۆیانـدا دەپێتێنرێـن (تەلقیـح دەبـن)، جۆرێکـی تـری سـەربەخۆ کـە بوونێکـی تایبەتـی هەیـە، دروسـت دەکەن)).توێـژەری ناوبراو لـە درێـژەی قسـەکانیدا دەڵـێ: ((نووسـینی ڕۆمانـی نـوێ بـە شـێوەیەکی بـەردەوام کێشـەی ژانـری ئەدەبـی دەورووژێنێـت، ئەمەشـمان لـە بەدواداچوونـی ئـەو ڕۆمانـە نوێیانـە بـۆ دەردەکەوێـت کـە لـە دوا چارەگـە سـەدەی بیسـتەم دەرچوونـە و ئـەو سـنوورەی کـە ژانـرە ئەدەبییـەکان لـە یەکتـری جیـا دەکاتـەوە تێیـدا ون بـووە و نەمـاوە)).

کرانـەوەی ڕۆمـان بـە ڕووی ژانرەکانـی تـری ئەدەبیـدا وای کـردووە لەگەڵیـان ئاوێتـە بێـت، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە ڕۆمـان ژانرێکـی ئەدەبییـە ژانـرەکان دەبڕێـت (عابـرة للاجنـاس)، بـەو پێیـەی توانایـی لەخۆگرتـن و گۆڕینـی هەیـە. (د. صبیحـة احمد علقم: تداخـل الاجنـاس الآدبیـة فـی الروایـة العربیـة (الروایـة الدرامیـة أنموذجـا)، ص٧).

بوونی ڕەگەزی ژیاننامە لەو دەقە ئەدەبییە نوێیانەی گێڕانەوەیان تێدایە، کە هەندێک کەس بە جۆرێک لە ڕۆمانی نوێی دادەنێن، ڕەنگدانەوەی ئەو پێشکەوتن و وەرچەرخانە گەورەیەن کە لە سی ساڵی ڕابوردوودا جیهانی عەرەبی بە خۆوەی بینیوە، ئەمەش وای لە ڕۆماننووسەکان کردووە هەندێک کاری داهێنانی نوێ تاقی بکەنەوە، لەوانە ڕۆمانی ژیاننامەیی بە شێوەیەک بەشێک لە غەم و پەژارە و گۆشەنیگاکانیان لە خۆی بگرێت، لەم بارەیەوە دوکتۆر (جابر عوسفوور) لە کتێبەکەیدا (زمن الروایة) هۆکاری پێداگرتنی ڕۆماننووسەکان لەم چەند ساڵانەی دواییدا لە سەر ڕۆمانی ژیاننامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاڵۆزی و گوشاری ژیانی هاوچەرخ کە وا لە خود دەکات بە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ جیهان و پێوەندییەکانی لەگەڵ خودی خۆیدا بچێتەوە، ئەوجا لە ڕوانگەی خۆیەوە و دوور لە خودی ڕۆمانێکی کۆن وێنای بکات. (جابر عصفور: زمن الرواية، منشورات دار المدى للطباعة والنشر والتوزيع، العراق، عام ١٩٩٩، ص٤٥).

ڕۆماننووسی ئێراقی عەلی بەدر هەر لە یەکەمین ڕۆمانیەوە (بابا سارتر) تا دەگاتە ڕۆمانی (استاذة الوهم) لەسەر بنەمای سوود وەرگرتن لە ژیاننامەی ڕۆماننووس و ئەو ڕووداوانەی کە خۆی، یان کەسە نزیکەکانی تێیدا ژیاون نووسراونەتەوە، بۆیە دەبینین نووسەر ژیاننامەی خۆی لە دووتوێی ڕۆمانەکانی گێڕاوەتەوە و مێژوو و ئەزموونی خۆی و کەسانی دیکەی ئاشکرا کردووە و باسی ئەو سەردەمە دەکات کە تێیدا ژیاوە، هەروەها مێژووی ڕۆشنبیرانی ئێراقی نەوەی دوای خۆی کە لەگەڵیان ژیاوە و خۆی بەشێک بووە لە تاکەکانی، لێرەدا ژیاننامە لە ناو ڕۆمانەکانی عەلی بەدر گرنگی و نرخی خۆی دەبێت، چونکە لە خەون و ویستەکانی کەسانی دیکە بە دەر نییە کە لە ناو ڕۆمانەکانیدا ئاشکرای کردوون.

ئەگەر بێتو ڕۆمانی ژیاننامەیی بەشێک لە ژیاننامەی نووسەرەکەی لەخۆبگرێت، پێوەری پۆلێنکردنی وەک پێوەری پۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئایا ڕۆماننووس چ نیشانەیەکی لە ناو ڕۆمانەکەدا بەجێ هێشتووە تا لەسەر ئەو بنەمایە پۆلێنی بکەین.

(حسن مجاد عبدالكريم: ما وراء السرد في الرواية العراقية، رسالة ماجستير، قدمت الى جامعة القادسية كلية التربية، قسم اللغة العربية، سنة ٢٠٠٨/٢٠٠٩، ص١٢٢).

جا ئەو نیشانە و بەڵگانەی لە ناو ڕۆمانەکەدا هەن و پێوەندییان بە ژیاننامەی ڕۆماننووسەوە هەیە، ئەو پێوەندییەمان بۆ دەردەخەن کە لە نێوان ڕۆمانەکە و نووسەرەکەیدا هەیە، لە خوارەوە لە چەند خاڵێکدا ئاماژە بەو نیشانە و بەڵگانە دەکەین لە بەر ڕۆشنایی هەندێک نموونە لە ڕۆمانی ژیاننامەیی:

**یەکەم:** بەکارهێنانی جێناوی قسەکەر (من):

کاتێک باسی خۆمان و بیروڕا و ئەو شتانە دەکەین بە گشتی بە دەستەواژەی (شێوە)ی قسەکەر دەدوێین وەک (من). (مستەفا ڕابەر: هونەری نووسینی ڕۆمان، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١، ل٢٨).

جێناوی قسەکەری (من) یەکێکە لە بەناوبانگترین شێواز بۆ ئاماژەکردن بە ژیاننامە، چونکە وا دەکات ئەو چیرۆکەی دەگێڕێتەوە، یان ئەو ڕووداوەی کە لە خۆی گرتووە لەگەڵ گیانی دانەرەکە تێکەڵ بێت، هەروەک ئەوە وایە چیرۆکەکە بداتە پاڵ خود، واتە خودی دانەرەکە.

نانسی کریس دەڵێ نووسەر لەگەڵ بگێڕەوە (الراوي) لە ڕێگەی جێناوی قسەکەر یەک دەگرێت، بەمەش هیچ دەرفەتێک نامێنێتەوە کە زانیاریمان پێ بدات، یان ڕوونکردنەوەیەک کە ڕۆمان بگێڕەوە (الراوي) نەیزانێت، ئەمەش مانای ئەوەیە نووسەرەکە دەبێتە کەسایەتییەکی ئەوتۆ کە لە هەر بۆچوونێکی دیکە زۆر بەرزترە.

لەم بارەیەوە نانسی کرێس دەڵێ نووسەر لە ڕێگای ئامرازی قسەکەری (من) بە تەواوەتی لەگەڵ حیکایەتخوان یەکدەگرێت، ئەمەش وا دەکات کە هیچ گومان و لێکدانەوەیەک نەکرێ کە حیکایەتخوان هەموو شتێک دەزانێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر دەبێتە کەسایەتییەک لە ناو ڕۆمانەکە. (نانسي كريس: تقنيات كتابة الرواية، ترجمة زينة جابر ادريس، منشورات الدار العربية للعلوم، ناشرون، ط/١، عام ٢٠٠٩، لبنان، ص٢٦٣-٢٦٤)

لەم بارەیەوە عەبدولمەلیک مرتاس دەڵێ: ئەوەی جێگەی سەرنجە بەکارهێنانی جێناوی قسەکەر (من) شان بە شانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ژیاننامە سەری هەڵداوە، وەک ئەوە وایە کە درێژەپێدەری ئەو بێت، یان ئەوەی تریان درێژەپێدەری ئەو بێت.

ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە بەکارهێنانی ئامرازی قسەکەر کە لەگەڵ گەشەسەندنی ژیاننامە گەشەی کرد وەک ئەوە وایە کە درێژکراوەی ئەو بێت. (د. فرح مهدي صالح: الرواية السير ذاتية، روايات علي بدر انموذجا، بحث متاح على الانترنت في موقع كلية التربية بجامعة القادسية https;www.qu.edu.com).

ئەگەر بێتو لە ڕۆمانەکانی (عەلی بەدر) ورد بینەوە هەر لە ڕۆمانی (بابا سارتر) تا دەگاتە (استاذة الوهم) دەبینین بە جێناوی قسەکەر (من) پێداگری لەسەر حیکایەتخوان دەکات، کە بە تەواوەتی لەگەڵ نووسەرەکە دەبنە یەک، ئەوەش کە ئەو یەکبوونە پشتڕاست دەکاتەوە، حیکایەتخوانەکانی (رواة) عەلی بەدر لە هەموو ڕۆمانەکانیدا بەبێ ناون، دانەر ناوێکیان پێ دەبەخشێت، تا بناسرێنەوە، هەروەها هیچ زانیاریمان لە بارەی شێوەی دەرەوەیان پێ نادات، زۆر گرنگ نییە حیکایەتخوان چۆن دەردەکەوێت، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە چۆن ئەوانی تر بە چاوی ئەو دەردەکەون، هەروەها چۆن خۆی دەبینێت، ئەمەش وا دەکات هەڵوێست و دیدی نووسەر بەسەر ڕووداوەکاندا زاڵ بێت، حیکایەتخوان (دانەر) بە جێناوی (من) لە ڕۆمانەکانیدا دەست بە قسە دەکات و گشت ئەو سەرەداوانەی دەیانگێڕێتەوە لە دەست خۆی گرتووە، هیچ شتێک نابینین جگە لەو شتانەی خۆی ڕێگای پێ داوین بیانبینین، چونکە ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکەی تێیدا ژیاون بێ ئەوەی هیچ دەرفەتیان پێ بدات گوزارشت لە خۆیان بکەن، هەروەها پەنا دەباتە بەر توانج و ڕەخنەگرتن و تەنز و هێنانی هەندێک کەسی ڕاستەقینە (شخصيات واقيعية) بۆ ناو ڕۆمانەکەی، ئەو کەسایەتییانە دەخاتە بەردەم هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە و کۆنترۆڵیان دەکات.

بەم شێوەیە ئەگەر لە ڕۆمانی ژیاننامەیی ورد بینەوە دەبینین بریتییە لە گێڕانەوەی یادگاری و دانپێدانان و بیرەوەرییەکانی نووسەر کە لە میانی گێڕانەوەیاندا باسی ژیانی خۆی دەکات بە بەکارهێنانی جێناوی قسەکەری (من). (بڕوانە د. احمد حيدوش: السيرة الذاتية في الرواية، منشورات المركز الجامعي البويرة، متاح على الانترنت، ص16، https;www.asp.ceri.dz.com).

# شەبەک و بزربوونی ناسنامە

فەرەیدوون سامان

(٢- ٢)

**شەبەک و پلانی خۆ بە کەمینە ناساندن**

بە هۆی بە سیاسەتکردنی پرسی شەبەک و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی جوگرافیای دانیشتوانانی کورد لە مووسڵ، پلانێکی کارا بۆ ناساندنی شەبەک وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی جیاواز لە کورد هەیە، بۆ ئەم مەبەستە حزبی سیاسی و دارایی و پشتگیری سیاسی ناوخۆ و دەرەکی (بە تایبەت لە هەندێک ناوەندی شۆڤێنی لە ناو تورکیا بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراوە).

ئەو نووسەر و توێژەرانەی لەبارەی شەبەکیان نووسیوە لەسەر دیارکردنی ئەسڵی شەبەک کۆک نین و لەو بارەیەوە هەر یەکێکیان دیدی خۆی هەیە، تەنانەت زۆرینەی لێکۆڵەرە عەرەبەکان بۆ مەبەستی سیاسی، یان ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی خۆیان بنەچەی شەبەک دەبەنەوە سەر عەرەب. کە ئەوانە قەومێکن لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون و لە ناوچەکانی مووسڵ نیشتەجێن، دواتر لە ڕێگەی خزمایەتییەوە تێکەڵ بە هەندێ هۆزی کورد و تورکمان بوون، دابونەریت و کولتوور و زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە، بێگومان ئەوانە بەوە لە پێکهاتەکانی دیکەی عێراق جیادەبنەوە کە تایبەتمەندی و ناسنامەی خۆیان پاراستووە.

لەو تێڕوانینە جیایانەی لەسەر ئەسڵی شەبەک هەن، بۆچوونی تر هەیە دەڵێت ئەوانە ئەسڵیان تورکە و لە سەردەمی سەفەوییەکان بە بیروباوەڕ و مەزهەبەکەیانەوە ئاوارەی عێراق بوون.

دکتۆر داوود چەلەبی لە کتێبەکەیدا (العراف) لاپەڕە ٨ وای دەبینێت: (کە شەبەک لە باشووری ئێرانەوە هاتوون و زمانەکەیان تێکەڵەیەکە لەنێوان فارسی و کوردی و عەرەبی، لەگەڵ کەمێک تورکی، شێوەزارەکەشیان نزیکە لە زمانی بەلووچی.

چەندان ڕووناکبیری کورد لەوانە تەیب تاهیری شرۆڤەکاری کتێبی پیرۆزی یارسان، هەروەها نووسەرێکی کورد بەناوی شاخەوان لە نووسینێکیدا کە لە گۆڤاری (سەرهەڵدان) بڵاوکراوەتەوە بۆچوونی کورد لەبارەی شەبەک پوخت دەکاتەوە و دەڵێت: (بە پێی بەڵگەنامە زانستییە مێژووییەکان سەلمێنراوە کە بێ هیچ

گومانێک شەبەک کوردن و شێوەزارەکەشیان باجەڵانییە و سەر بە شێوەزاری گۆرانە، شێوەزاری گۆرانیش یەکێکە لەچوار شێوەزارەکەی زمانی کوردی)، بەڵام بۆچوونی زۆرینەش ئەوەیە کە شەبەک ئەسڵیان کوردە و هەر لە زووەوە لە سەر خاکی کوردستانی باشوور ژیاون.

شەبەکەکان موسڵمانن و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییان لە پلەبەندی سۆفیگەرییەوە نزیکن، بۆ نموونە بە پیاوانی ئایینی تازەیان دەڵێن (مورید)، کە ئەوە لەلایەنی ڕوحییەوە پێوەندی بە مەرتەبەی سەرووی خۆیەوە هەیە کە پێی دەڵێن (مورشید)، مورشیدیش پێوەندی بە مەرتەبەی سەرووی خۆیەوە هەیە کە پەناگای باڵایە و پێی دەگوترێت (پیر). پیرۆزترین کتێبی ئایینی لای شەبەک کە دەستنووسێکی تورکییە پێی دەوترێت (بویورق- ئەلئەوامر).

لە نووسەرانی عەرەبیش ئەحمەد حامد مەحموود ئەلسەڕاف لە کتێبێکی گەورەیدا کە خۆی زیاتر لە ٥٠٠ لاپەڕە دەدات بە ناوی (شەبەک)، لێتوێژینەوەی لەسەر ئەسڵی شەبەک و شوێنی نیشتەجێبوونیان و پەرستەگاکانیان کردووە، بە توێژینەوەی مەیدانیش سەردانی ژمارەیەک گوندی کردووە لەوانە گوندی (تیس خراب) کە مەزارگەی (ئیمام ڕەزا)ی لێیە. هەروا وێنەیەکی (زێوان)ی بڵاوکردووەتەوە بە دیمەنێک کە دیمەنەکەی بەرچاو نییە، بۆیە باس لە جلوبەرگەکەی دەکات و دەڵێت هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ جلوبەرگی ئێزدییەکان نییە، هەرچەندە ئەو زێوانە بەرگی کۆنی شەبەکی لەبەر بووە.

هەروەها نووسەری عێراقی عەلی ڕەزا لەبارەی ئەسڵی شەبەکەوە دەڵێت: لەبەر ئەوەی جیاوازییەکی زۆر لە نێوان نووسەر و توێژەران لە سەر ئەسڵی شەبەک هەیە و لەسەر دیارکردنیشی ڕێکنەکەوتوون دەتوانین ئەو سێ بۆچوونە بخەینە ڕوو:

بۆچوونی یەکەم: ئەو بۆچوونە دەڵێت شەبەک قەومێکن لە ڕۆژاوای ئێرانەوە هاتوون و هەر لە کۆنەوە لەو ناوچەیە نیشتەجێن، هەرچەندە جیاوازییش لەسەر مێژووی هاتنیان بۆ ناوچەکە هەیە.

بۆچوونێکی دیکە هەیە دەڵێ: ئەوانە بە هەزار ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح لە ناوچەی باکووری دەریای قەزوێنەوە ئاوارە بوون و هاتوونەتە ناوچەکە، هەرچەندە سەرچاوەیەک لەبەر دەستدا نییە بیسەلمێنێت لە چ مێژوویەکەوە لە ناوچەکە نیشتەجێن.

بۆچوونێکی دیکە هەیە دەڵێت: شەبەک پاشماوەی میدیاییەکانن کە لە ساڵی ٦١٢ پ ز دەستیان بەسەر ئیمپراتۆریەتی ئاشووریدا گرت.

ئیبن کەسیر لە کتێبەکەیدا لەبارەی مێژوو دەڵێت: کاتێ ساسانییەکان دەسەڵاتیان بەسەر وڵاتدا گرت دووبارە قەڵاتی (مووسڵ)یان نۆژەن کردەوە و سەربازەکانیان لەوێ نیشتەجێ کردن و دەوروبەرەکەیان قایم کرد، بەو گوندانەی لەوێ بوون کە جووتیار و پیشەکاری فارس و لوڕ و کورد و هەندێک کریستانی تێدا نیشتەجێ بوون.

باسیل نیکیتین ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە و دەڵێت:

(جڵەوی بەرفرەوانبوونی دەسەڵاتی میدییەکان لە ساڵی ٧١٤ پ ز بەرەو باشوور و بەسەر تەواوی ناوچەکەدا (مانەوییەکان- کە خوو و ڕەوشتی ئێرانیان هەیە بۆ ناوچەکە هاتن، دواتر سیتونییەکان هاتن کە بە ڕەچەڵەک ئێرانین. پاش ئەوەی مەملەکەتی ئاشوور لە ساڵی ٦١٢ پ. ز ڕووخا، بۆشاییەکی گەورە لە ناوچەکە پەیدابوو، تەنیا ئەو هۆزە ئێرانیانە پڕیان کردەوە کە تازە هاتبوونە ناوچەکە و لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە نیشتەجێ بوون.

هەروەها قەشە سلێمان ئەلسائغ دەڵێت: (ئەوانە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون و لە ناوچەکە نیشتەجێ بوون، وەک براکانیان عەرەب و کورد کە بۆ ماوەی جیا جیا لە مووسڵ نیشتەجێ بووبوون.

بۆچوونێکی تریش هەیە دەڵێت: ئەوانە سەر بە هۆزی شوانکارە (شبانکارە)ن کە سەر بە بنەماڵەی ڕەسەنی دەیلەمین و لەسەر مەزهەبی ئیسماعیلین. لەسەردەمی سەلجووقییەکان هۆزی شەبانکارە و کورد بەسەر ئەتابەگەکاندا سەرکەوتن، پاش ڕووخانی دەوڵەتی سەلجووقییەکان هۆزی شەبانکارە دەستیان بەسەر بەشی ڕۆژهەڵاتی هەرێمی فارسدا گرت، بەم شێوەیە ناوی شەبەکیان لێ نرا.

هەندێک لە نووسەران دەڵێن شەبەک بە ئەسڵ تورکن و لە سەردەمی سوڵتان تۆغرۆڵی سەلجووقی لە ساڵی ٤٤٧ ک لە باکووری تورکیاوە ئاوارە بوون، هاتوونەتە عێراق (کە چەند هۆزێکی تورک بوونە) و لە گوندەکانی مووسڵ نیشتەجێ بوون، بۆ ئەوەی فریای خەلیفەی عەبباسی- قائیم بیئەمریللا- بکەون تا بەسەر دەسەڵاتی بوەیهییەکاندا زاڵ بن.

بۆچوونی دیکە هەیە دەڵێت: ئەوانە پاشماوەی ململانێی نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکانن لە ناوچەکەدا، لەم ڕووەوە- دوکتۆر مستەفا کامل ئەلشەبیبی وای دەبینێت کە (شەبەک هۆزگەلێکی تورکمانن، یان لەوانەیە بەکتاشی ڕەسەن بن و ئینتیمایان بۆ سەفەوییەکان گۆڕابێت پاش ئەوەی حەیدەر بن جونەیدی سەفەوی بانگهێشتی کردن بچنە سەر باوەڕەکەی کە لە نێوان سۆفیگەریەتی و شیعەگەریەتی بوو، واتە سۆفیگەری و شیعەگەری بە یەکەوە کۆکردبووەوە، کە دروشمێکی سووری هەبوو بە شوێنکەوتووانی دەگوترا، دواتر بەشێک لە تورکمان و بەکتاشی گۆڕان و بوون بە قزڵباش، پاشان کە دەوڵەتی سەفەوی سەری هەڵدا، ڕوون بووەوە کە ئەوان مکوڕن لەسەر ئەوەی کێبڕکێی دەوڵەتی عوسمانی دەکەن و لە هەوڵی ئەوەشدان بەسەر دەسەڵاتەکەیدا زاڵبن، بۆیە سروشتییە عوسمانییەکان قزڵباشەکان دەربکەن بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان پارێزراو بێت و لە هەمان کاتدا سزایەکی توندیشیان دەرکرد بۆ ئەو کەسانەی کە لەسەریان ئاشکرا بێت قزڵباشن، کاتێ چەوساندنەوەیان زیادی کرد، قزڵباشەکان بەردەوامبوون لەوەی خۆپیشاندان بە بەکتاشییەکان بکەن بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆن، بە ئومێدی ئەوەی پێوەندی بە سوپای سەفەوییەکانەوە بکەن، بەڵام کاتێک زانییان ڕەوشەکەیان بۆ لەبار نییە و ئامانجەکەیان پێ ناپێکرێت، بەسەر لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی مووسڵدا دابەشبوون و لە ڕێگەی ڕاماڵینی دەوڵەتە تازەکەیەوە کە لە ناوچەکە هەبوو پێوەندییان بە هاوکارانیان و هاونیشتیمانیانی خۆیانەوە کردەوە، پاشان لەوێ سەقامگیر بوون و دەستیان بە کاری کشتوکاڵی کرد، بێ ئەوەی لەو کۆمەڵگە تازەیەدا بتوێنەوە، یان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خۆیان ون بکەن.

هەروەها نووسەر چەند بەڵگەیەکی لاواز لەسەر ئەوە دێنێتەوە کە ئەسڵی شەبەک تورکن وەک: سمێڵ هێشتنەوە و لێک نزیکی زمانەکانیان، دەرکەوتنی شێوازی بیناسازی سەلجووقی لە شوێنە پیرۆزەکانیاندا، بە تایبەت لە مەزارگەی ئیمام زەینلعابدین بن عەلی لە گوندی عەلی ڕەش، هەروا کتێبە پیرۆزەکەیان کە بە زمانی تورکی نووسراوە. هەندێ لە نەتەوەکانی تورک بەڵگە بە هەندێ سەرچاوە دێننەوە کە شەبەک بە بنەچە تورکن کە ئەوەش دەقەکەیە (شرۆڤەی لۆرانس لوکهارت کە باس لە بوونی تورکمانی سەفەوی (قزڵباش) لەعێراق دەکات، بۆ ئەوەی شا ئیسماعیل ئەو هۆزە تورکمانیانە

وەک (تاکاللو، ئەستاجلو، زولقەدەر، شاملو، ڕاملو، ئوشار، قاجار، فارشاک) کەسب بکات، کە ئەوسا لە کوردستان و (باکووری عێراق و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و سووریا و ئازەربایجان) هەبوون، چونکە تورکمان بڕبڕەی پشتی هێزی سەربازیی سەفەوییەکان بوون. پاش ئەوەی شا ئیسماعیل لە شەڕی چاڵدێران شکستی هێنا و زۆرینەی شوێنکەوتووانی لە باکووری عێراق پەرتەوازە بوون، شا ئیسماعیل لە ساڵی ١٥٠٨ تا ١٥١٠ حوکمڕانی کوردستان و بەشێک لە باکووری عێراقی کردووە.

پرفیسۆر مووسا مەتی دەڵێت: وا دیارە شەبەکەکان پێوەندییەکی پتەویان بە بەکتاشییەکان و قزڵباش و سەفەوییەکانەوە هەبووە، ئەم بۆچوونەی ئەلسەڕراف پشتڕاستی دەکاتەوە، بەو پێیەی سەربازی شا ئیسماعیل بوونە و لە مووسڵ دانیشتوون.

هەروەها مووسا مەتی دەڵێت: زمانی شەبەک لە بنەڕەتدا تورکییە و تێکەڵ بە فارسی و کوردی و عەرەبی بووە، کتێبە پیرۆزەکەشیان کە ناوی (بویروق)ـە، ئەویش بە زمانی تورکی نووسراوەتەوە، بیروباوەڕەکەشیان بۆ هەمان مەزهەبی بەکتاشی و عەلەوی دەگەڕێتەوە.

ئەدمۆنز کە لە چەندان پۆست لە پارێزگاکان و وەزارەتەکانی عێراق کاری کردووە و بۆ ماوەی چەند دەیەیەکیش لە عێراق ژیاوە، دەڵێت: زۆرینەی شەبەکەکانی عێراق تورکمانن.

(ئەلعومەری)یش وای بۆ دەچێت کە شەبەک لە سەر مەزهەبی شیعەی تورکمانین، هەندێکی دیکە گریمانەی ئەوەیان هەیە کە شەبەکی مووسڵ لە پاشماوەی هۆزەکانی (ئاققۆینیلوو، یان قەرەقۆینیلوو)ی تورکمانی بن.

هەندێک لە توێژەران بۆچوونیان وایە کە شەبەک بە ئەسڵ کورد بن و هەر لە دێرزەمانەوە لە شاری مووسڵ نیشتەجێ بووبن، یەکێک لەو نووسەرانەی کە زۆر لەسەر ئەو بۆچوونە پێداگیری دەکات نووسەری ناسراوی کوردی شەبەک (ئەحمەد شەوکەت)ـە و وای بۆ دەچێت کە شەبەک بنیادنەری شاری مووسڵ بن، چونکە (نەوادشیر کوردی کە میدییە ئەو قەڵاتەی لە کەرتی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە دروست کردووە، پێش ئەوەی ئاشوورییەکان بێنە ناوچەکە بە پێنج سەدە بە لایەنی کەم بۆ ئەوەی ببێتە شوێنی حەوانەوەی ئەو کاروانانەی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە بە ناوچەی حەریردا گوزەر دەکەن، ئەم نووسەرە پشت بە چەند سەرچاوەیەک دەبەستێت وەک: بۆچوونی مێژوونووسی ئەڵمانی فۆن هامەر کە لە ساڵی ١٧٧٤ ز لەدایک بووە، دەڵێت: دانیشتووانی مووسڵ بە زمانی کوردی قسە دەکەن و ئەوان کوردن، سەرەڕای ئەوەی کە کوردن بە هەر سێ زمانی عەرەبی و فارسی و تورکیش قسە دەکەن، هەروەها ئەو ڕاستییە مێژوونووسی بەناوبانگ لسترانگ پشتڕاستی دەکاتەوە و دەڵێت: هەر لە دێرزەمانەوە خەڵکی مووسڵ کوردن، هەروا مێژوونووسی بەناوبانگی کورد ئەمین زەکی بەگ دەڵێت: خەڵکی مووسڵ کوردن، نووسەر چەلەبی زادەش کاتێک سەردانی مووسڵ دەکات و کتێبی (کشف الظنون) دەنووسێت، دەڵێت: بینیم خەڵکی مووسڵ بە زمانی کوردی قسە دەکەن، گەڕۆکی بە ناوبانگی ئیتاڵی مارکو پۆلۆ کە لە ساڵی ١٢٨٠ ز بە مووسڵدا تێپەڕدەبێت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە گەر لە پشتێنەی مووسڵ بچیتە دەرەوە هۆزگەلێک دەبینی کە مێژەری گەورەیان لەسەر سەرەو بە ژیانی کۆچەری دەژین و پێیان دەوترێت کورد.

نووسەی ناوداری شەبەک ئەحمەد شەوکەت لە پوختەی بیرۆکەکەیدا دەڵێت: شەبەک لە بنەچەوە نەوەی کوردن و لە هەمان کاتدا ئەو پرسیارەش دەکات (گەر نیشتیمانی کورد بە

دریژایی سروشتی کوردستان دریژبێتەوە، ئیتر بۆ شەبەکەکان هیچ نامێنێتەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە کوردن).

جگە لەوە نووسەری تریش هەن دەڵێن: شەبەک ئەسڵیان کوردە، بەڵام ئاماژە بە هاتنیان و مێژوو و چۆنیەتی نیشتەجێبوونیان لە ناوچەکانی مووسڵ ناکەن.

بۆچوونەکانی تر شەبەک بۆ یەک بنەچە ناگەڕێننەوە، بەڵکوو وای دەبینن کە ئەسڵی شەبەک لە زۆر پێکهاتە پێکهاتوون، لەم بارەوە توێژەری ئینگلیز مەکنیزی ساڵی ١٩٥٨ وای دەبینێت کە (شەبەک لە ئەسڵی زۆر ڕەگەز پێکهاتوونە و لە ناوچەکەدا بوونە، شەبەکیش بە زمانی عەرەبی، واتە تێکەڵبوون و تێکهەڵکێش. نەک وەک قەومەکانی دیکە عەرەب و کورد و فارس و تورکمان).

هەر یەکێک لەو قەومانە لە هەوڵی ئەوەدان ڕەگەزی شەبەک بە خۆیانەوە بلکێنن و بیانکەن بە عەرەب، یان تورکمان، یان فارس، زوهێر کازم عەبوود ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: شەبەک لە ڕەگەزی چەند قەومێک پێکهاتوونە و تێهەڵکێش بوون، بەڵگەشی بۆ ئەمە مانا زاراوەکەیەتی کە (شەبەک) مانای تێلبەند دەگەیەنێت. وەک چۆن دەڵێن پەنجەکانم تێک هەڵدەکێشم. لێرە تێکهەڵکێشان بۆ زۆرشت دێت، شەبەک واتە لێرەدا تێکەڵبوون و چوونە ناویەکی چەند ڕەگەزێک.

## شەبەک و کریستیان و گۆڕانکاریی دیمۆگرافی

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە نیسانی ٢٠٠٣، هەردوو پێکهاتەی شەبەک و کریستیان لە دەشتی نەینەوا لە ململانێیەکی توندان و یەکتر تۆمەتباردەکەن لەبارەی گومانەکانی «گۆڕینی دیمۆگرافی»ـەوە کە ئەو دوو پێکهاتەیە پێکهێنەری سەرەکی دانیشتووانەکەین. چارەسەری کێشەکەش پێناچێت هەروا ئاسان بێت، ناوهێنانی ئێران و دەستوەردانی هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ تاپۆکردنی زەوییەکان لەسەرپێکهاتەی شەبەک، ئەگەری هەیە ململانێکان بباتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە. ئەو کێشەیە ڕەگی لە مێژووی دەشتی نەینەوا و ناوچەکەدایە، بەڵام شەڕی داعش و ئاوارەبوونی خەڵکەکەی و باڵادەستی هێزەکانی حەشدی شەعبی نزیک لە ئێران و دابەشبوونی هەردوو پێکهاتەی شەبەک و کریستیان بەسەر هێز و بلۆکی جودا جودای هەرێمایەتیدا کێشەکەی قووڵترکردووە، ئەم ململانێیە لە دەشتی نەینەوا، بەتایبەت لە قەزای حەمدانییە، ناحیەی باشیک، بەرتڵە و گوندەکانی دەوروبەری بەڕێوەدەچێت، کە دانیشتووانەکەی تێکەڵەیەکن لە کریستیان، شەبەک و بەشێکیش لە پێکهاتەی کوردی ئێزدی. کاتێک وەزارەتی پلاندانانی عێراق هەندێک پێشنیاری گۆڕینی یەکەی ئیداریی کرد لە دەشتی نەینەوا ململانێکە چووە قۆناغێکی ترەوە، لە نێویاندا بەستنەوەی هەندێک گوندی ناحیەی بەرتڵە بە ناحیەی (باشیک)ی سەر بە ناوەندی قەزای مووسڵ و بەستنەوەی بەشێک لە گوندەکانی قەزای حەمدانییە بە ناحیەی کەڵەک لە قەزای خەبات.

شەبەکەکان کە دەمێکە لەنێو حەشدی شەعبی ڕۆڵ و قورساییان هەیە، بڕیارەکەیان ڕەت کردەوە و بە پەرتەوازەکردنی پێکهاتەکەیان و «دروستکردنی کانتۆنێک بۆ کریستیانەکان» ناویان برد. سەرکردایەتی گردبوونەوەی دیموکراتی شەبەک، کە نوێنەرایەتی لایەنە سیاسییەکانی شەبەک دەکات، لە ٢٥ی ئایاری ٢٠١٩دا لە بەیاننامەیەکدا جەختیان کردەوە «ئێمە ئەو پیلانانە ڕەت دەکەینەوە کە لەژێر ڕۆشنایی ڕێکارەکانی وەزارەتی پلاندانان هەندێک سەرکردەی سیاسیی کریستیان و پیاوانی ئایینی بۆ دابەشکردنی دەشتی نەینەوا گرتوویانەتە بەر، سەرکردایەتی شەبەک ناوچەکە بە زێدی

خۆیان ناودەبەن لەوانەش ئاماژە بۆ ناحیەی نەمروود، قەزای حەمدانییە، ناحییەکانی بەرتڵە و باشیک و گوندەکانی دەکەن.

بەڵام حزبی بەیت نەهرەین کە نوێنەرایەتی زۆرینەی کریستیانەکان دەکات لە دەشتی نەینەوا دەڵێن تووشی سەرسوڕمان بوون بە ڕەتکردنەوەی بابەتی نوێکردنەوەی یەکە ئیدارییەکان لەلایەن شەبەکەکانەوە. لە ڕاگەیەنراوێکدا لە ٢ی حوزەیران٢٠١٩ بەیت نەهرەین دەڵێت «بابەتی نوێکردنەوەی یەکە ئیدارییەکانی دەشتی نەینەوا لە کۆبوونەوەکاندا خرایە بەرباس و ئێمە بە ئەرێنی وەرمانگرت، کە لە ئەمری واقیعدا ئەو یەکە ئیدارییانە هەن، ئەمەش لە پێناو ئەوەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ببنەوە خاوەنی زەوی خۆیان». لەگەڵ ئاماژەدان بەوەی ڕەتکردنەوەی پێشنیازەکانی بەغدا «ئاماژەن بۆ ئەجێندای سیاسی، مەبەستیش لێی بەتاڵکردنەوەی دەشتی نەینەوایە لە ڕۆڵە ڕەسەنەکانی».

ئەوەش لەکاتێکدایە شەبەکەکان دەڵێن «گۆڕانکارییەکان بۆ پەرتەوازەکردنی ئەو گوند و ناوچانەیە کە شەبەکیان تێدا زۆرینەیە».

بەگشتی ناکۆکییەکانی نێو ئەو دوو پێکهاتەیە لە ناوچەکە نوێ نییە و پێشنیازەکەی وەزارەتی پلاندانان بەشێکی بچووکی کێشەکەیە، ئەوەی ئێستا هەیە نەگەڕانەوەی بەشێکی زۆری کریستیانەکانە بۆ زێدی خۆیان، لە بەرانبەردا هاتنی خێزانێکی زۆری شەبەکە بۆ ناوچەکە، هەروەها دابەشکردنی زەوی بەسەر چەندان خێزانی شەبەک و دروستکردن و تاپۆکردنی یەکەی نیشتەجێبون لەسەریان گرێکوێرەیەکی تری کێشەکەیە. سەرکردایەتی گردبوونەوەی دیموکراتی شەبەک لە ڕاگەیەنراوەکەیاندا دەڵێن: «هەندێک سەرکردەی سیاسیی مەسیحی و پیاوانی ئایینی هەوڵی شێواندنی ناوبانگی لیوای ٣٠ی حەشد دەدەن لەڕێی درۆ و گەورەکردنی ڕووداوە تاکەکەسییەکانەوە کە لە هەموو شوێنێکی دنیادا ڕوودەدەن، بەڵام ئەوان ئامانجیانە سووکایەتی بە شەبەک بکەن.

کریستیانەکان پێیان وایە دیمۆگرافیای ناوچەکەیان دەگۆڕێت و دەیانەوێت بەرگری لە بوونی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەش بانگەوازیان بۆ هەردوو حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەنێرن و نەتەوە یەکگرتووەکانیان ئاگادارکردووەتەوە. پێشتر و لە ئاداری ئەم ساڵدا، کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا داوای ڕاگرتنی پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونیان کرد لە بەرتڵە و وەک هەوڵێک بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکەیان، ناکۆکییەکە لەوەوە سەرچاوەی گرت کە زەوی پرۆژەکە (سوڵتان سیتی، لە ١٨٢ خانووی ٢٠٠مەتری پێکهاتووە)، موڵکی کریستیانەکانە، بەڵام ئێستا زۆرینەی یەکەکان بە خێزانانی شەبەک دەفرۆشرێن.

بەمەبەستی تەواوکردنی توێژینەوەکەم لەسەر پرسی شەبەکەکان، چەند پرسیارێکم ئاراستەی چەند کەسایەتیەکی شەبەک کرد و ڕاوبۆچوونی ئەوانم لەسەر ئەو کارەساتە تراژیدییە وەرگرت و پرسیارەکانیشم ئەمانە بوون:

* ئێوە وەک خەڵکی شەبەک چۆن دەڕواننە کەیسی کۆمەڵکوژی و ئاوارەبوونتان لە دەڤەرەکانی خۆتان لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە؟

* ئایا ئێوە هەر تەنیا ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بە تاوانبار دەزانن، یان هێزە ئیقلیمی و ناوچەییەکانیش لەو تاوانەدا بەشدارن؟

* پێشنیار و ڕاسپاردەی ئێوە چییە بۆ ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی ئاوارەکان و گەڕانەوەی هاووڵاتیانی شەبەکی بەردەستی داعش و گەڕاندنەوەیان بۆ سەر ماڵ و موڵکی خۆیان و قەرەبووکردنەوەیان؟

* داهاتووی شەبەکەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا چۆن دەبینن؟

- شێخ یوونس (کەسایەتی ناسراوی شەبەک)

دەڵێت: ئێمە باوەڕمان نەدەکرد لەم سەردەمەدا تووشی فەرمانێکی وەها ماڵوێران و ئاوارە بین، لە هەموو بوارێکدا بەرخودانمان کردووە، لە ناو وڵات و دەرەوەش، بەڕای من داعش تاوانباری سەرەکییە، بەڵام دەوڵەتانی هەرێمی دەستیان لەو کۆمەڵکوژییەدا هەبووە و هێزەکانی عێراقی خەمساردییان هەبوو، بۆیە بە ڕای من پێویستە تاوانباران و کەمتەرخەمەکان سزای یاسایی بدرێن، ڕزگارکردنی دەشتی نەینەوا و قەرەبووکردنەوەی ماددی و دەروونی خەڵکی ئێمە بەتایبەت لە مووسڵ، هەروەها بایەخدان بە خزمەت و گیانی خەڵکی، جێبەجێکردنی یاسا و ڕەچاوکردنی مافی شەبەک لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاری لە پێشینەن.

**عەمار غانم (کەسایەتی ناسراوی شەبەک):**

ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە جینۆسایدی پێکهاتەکانی کوردستان جیاوازی نەکرد لەوانەش شەبەک و ئێزدی و کاکەیی و تورکمانی شیعە و مەسیحییەکان، بۆیە پێویستە دوای ئازادکردنی مووسل و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر خاک و ماڵی خۆیان، سەرەتا دەڤەرەکانیان ئاوەدان بکرێنەوە، قەرەبوو بکرێنەوە و بریندار و سەقەت و کەمئەندامەکانیان چارەسەر بکرێن و پرۆژەی کارکردن بۆ بێکارەکان دابین بکرێت، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا خوێندن بە زمانی دایک بێت تا ڕۆڵەکانی ئێمەش وەک منداڵانی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی بخوێنین.

## ڕاسپاردەکان

پێویستە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەمەودوا بایەخی پتر بەم پێکهاتە ڕەسەنەی کوردستان بدات لە بوارەیلی جیاوازی کولتووری (زمان و کەلەپووری میللی و وێژە و هونەر) دا، هەروەها لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن دەرفەتی گونجاویان بۆ بڕەخسێنێت تا نەوەکانیان لە زانست و زانیاری بێ بەش نەبن، لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی وەک هەر هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان بە پێی پلان و بەرنامەڕێژی دەڤەرەکەیان ببووژێنێتەوە و دواجاریش هەوڵی دڵسۆزانە بدرێت ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە سنووری ماددەی ١٤٠ بگەڕێنرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

هەنگاوی خێرا بگیرێتە بەر بۆ یارمەتیدانی هەموو ئەو هاووڵاتییە شەبەکانەی کە بە هۆی جەنگەوە ئاوارە و بێخانە و لانە بوون کە بەسەریاندا سەپێنراوە، بە جیا لە ئایین و ڕەگەزیان.

ئەو لایەن و حزبە سیاسییانەی کە لەو بارودۆخەوە تێوەگلاون و کەوتوونەتە هەڵخڕاندنی هەستی ڕەگەزپەرستی و تایفی، عەرەب لە دژی کورد، سوننی لە دژی شیعە و بە پێچەوانەوە. بە هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستانەوە لەوانەش خوشک و برا شەبەکەکان، ئەم سیاسەتەش بووەتە مایەی کارەسات و هەلومەرجێکی نامرۆڤانە و ڕەگەزپەرستانە لە عێراق و کوردستان. پێویستە گوشار بخرێتە سەر پارتە سیاسییەکان بۆ کۆتایی هێنان بەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستەی لە هەمبەریاندا گرتوویانەتە.

شەبەکە ئاوارەکان ژیانیان دابین بکرێت و ڕەوشی ژیانی سەختی شەبەکەکان لە ناو کەمپەکاندا هەروەک ئێزدییەکان لای هەموو جیهان ئاشکرابوو، ئەویش سەبارەت بە چالاکی کەسایەتی و ڕێکخراوەکان و میدیاکان، بەتایبەت لە کۆژانی هەندێ هاووڵاتی شەبەک لە کەمپەکانی ناو هەرێمی کوردستان، هەروەها چارەسەرکردنی گرفتی لاوان و ئاستی بەرزی ڕێژەی بێکاری و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و وازهینان لە خوێندن، هەروەها ڕەوشی هەڵایساوی پەنابەرانیان لە تورکیا و یۆنان.

کـەم ئەندامـە تایبەتـە سـەختەکان کە بە گرفتی کۆمەڵایەتـی و دەروونـی و نەبوونـی خوێنـدن و فێرکـردن و کێشـەی خێزانییـەوە دەناڵێنـن، ئـەو منداڵانـەی کـە بـە گشـت سـرووتە مەحاڵەکانـی کات و شـوێن گەمـارۆدراون.

بایەخـدان بـە پـەروەردە و فێرکـردن لـە ناوچـە کوردییەکانی شـەبەک تـا نـەوەی نوێ بـە زمانـی دایکـی خـۆی کـە کوردییـە گـۆش بکرێـت و لـە سیسـتمی پـەروەردە و خوێنـدن دانەبڕێـن.

### ئەنجام

پێکهاتـەی شـەبەک لـە چەنـد هۆزێکـی زۆرینـەی کـورد و کەمینەیەکـی عـەرەب و تورکمـان پێکهاتـوون و بـە درێژایـی مێـژووی پێکـەوە ژیانیان تێکەڵـی یەکتـر بـوون. هـەر یـەک لـەو هۆزانـەش شـانازی بـەوەوە دەکـەن کـە شـەبەکن ئەویـش بـە هـۆی پابەندبوونیـان بـە ئایینزاکەیـان و بەهـا بەرزەکانی نێـو کۆمەڵگاکەیـان، کـە تـا ئێسـتاشی لەگەڵـدا بێـت کۆمەڵـگـەی مووسـڵ بـە ڕێـزەوە سـەیری ئـەو پابەندبوونـەی شـەبەک دەکـەن، لـەوەدا بۆمـان ئاشـکرا دەبێـت زۆرینـەی ئـەو نووسـەر و توێژەرانـەی قسـەیان لەسـەر بنەچـە و زمـان و بـاوەڕی ئایینـی شـەبەکەکان کـردووە زانسـتی نەبـوون، لەوانـە هەندێکیـان سـەبارەت بـە کـەم زانیارییـان، هەندێکیشـیان بـە هـۆکاری ڕەگەزپەرسـتی نەتەوەییـان ئەسـڵی شـەبەکیان بـۆ سـەر نەتەوەکانـی خۆیـان گەڕاندووەتـەوە. هەندێکیـش لـەو مێژوونـووس و توێـژەرە بیانیانـە بـە مەبەسـتی سیاسـی و سـیخوڕی و لێکترازانـی ڕیـزی پێکهاتەکانـی گەلـی کوردسـتان، شـەبەکیان بردووەتـەوە سـەر بنەچـەی دیکـەی غەیـری کـورد، هـەروەک چـۆن بەرانبـەر بـە زازاکـی و لـوڕ و هەورامییـەکان هەمـان سیاسـەتیان گرتووەتـە بـەر، مخابـن ئەمـڕۆ لەلایـەن کەسانی نابەرپرسـەوە بـە خـراپ بەرهەمەکـەی دەچننـەوە لـە بانگەشـەکردن بـۆ ئـەوەی کـە ئـەم پێکهاتانـە کـورد نیـن و بـە هـۆی بـە سیاسـەتکردنی پرسـی کەمینـەکان لـە کوردسـتاندا وەک کوردانـی ئێـزدی و کاکەیـی و فەیلی و شـەبەک...تاد، هەوڵـدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریـی جوگرافیـای دانیشـتووانی کـورد لـە عێـراق، بـە تایبەتیـش لـە مووسـڵ، پلانێکـی کارا هەیـە بـۆ ناساندنیان وەک کەمینەیەکـی نەتەوەیی جیـاواز لـە کـورد، بـۆ ئـەم مەبەسـتە حزبـی سیاسـی و دارایـی و پشـتگیری سیاسـیی ناوخـۆ و دەرەکـی دەکـەن، (بـە تایبـەت لـە هەندێـک ناوەنـدی شـۆڤێنی لـە نـاو تورکیـا) بـە پـلان و بەرنامـەی تۆکمـە کاری جـددی بـۆ کـراوە.

سەرچاوەکان:

١- مردان. نصر- الشبك. اصلهم، لغتهم، دیانتهم واعدادهم -جنیف ٢٠١٠.
٢- مردان. نصر- عراقیون اصلیون متبعا المذاهب و الدیانات، جنیف ٢٠١٠.
٣- الجدوي، نجمة، ما هي الطائفة الشبكية، الموقع الالكتروني، للسيد احمد الحسين، ٢٠١٥.
٤- توفيق. هوگر طاهر، الكرد والمسألة الأرمنية، ١٨٧٧-١٩٢٠، دار الفارابي، دار اراس، ٢٠١٤.
٥- غينتر. مايكل ام، كورد العراق، آلام وآمال، ترجمة: عبدالسلام النقشبندي، دار اراس، ٢٠١٢.
٦ - جاليانـد. جيـرارد. الماسـاة الكورديـة. ترجمـة: عبدالسـلام النقشـبندى، دار اراس، ٢٠١٢.
٧ - الهويـة و الامـة فـى العـراق، شـيركو كرمانـج، دار السـاقي، ٢٠١٣.
٨- كـرد العـراق، بنـاء الدولـة داخـل الدولـة، دار السـاقي، ٢٠١٤.
٩- تاريخ الكرد فـى العهـود الاسـلامية، د. احمـد محمـود الخليـل، دار السـاقي، ٢٠١٣.
١٠- دليل الصحفيين للكتابة عن قضايا الأقليات، مقومات عملية، أسس مهنية، خضر دوملي، مطبعة ماردين، اربيل، ٢٠١٧.
١١- کاکەیـی، هەردەوێـڵ، فەرهەنگـی شـەبەک، ئەنیسـتوتی کەلەپـوری کـوردی، سـلێمانی، ٢٠١٣.
١٢- میران. د. ڕەشاد، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە (٣٧).

# فۆیەرباخ: پرۆژەی فەلسەفەیەکی نوێ

هانز مارتین زاس
لە ئەڵمانییەوە: پ. د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

( ٢- ٢ )

تا ئێستا هەوڵی یەکخستنی هەردوو جەمسەری پراکتیک و تیوری هیچ کاتێک نەبووەتە مایەی ئەوەی ئێمە لەگەڵ خۆماندا یەک بین، لەگەڵ جیهان و لەگەڵ هەڵکەوتی دەوروبەردا یەک بین و بگونجێین.

ئێمە خۆمان لەگەڵ خۆماندا و لەگەڵ جیهاندا بەشتێکی تری سێیەم یەک دەبین، ئێمە هیچ کاتێک ناگەینە سەرچاوە، ئێمە هەمیشە لە جیاتی بەرهەمهێنەر، هەر بەرهەممان هەیە، ئێمە ئەو دنیایەی ترمان هەیە، ئەگەر هیچی تر لە دەرەوەماندا نەبێ ئەوە لە ناخماندایە، ئێمە خۆمان هەمیشە لە شپرزەیی دووبەش بووندا، لەنێوان ژیان و فەلسەفەدا، لەنێوان پراکسیس و تیوریدا دەبینینەوە (٢٨)، ئیتر ئەگەر بابەتی گەوهەریی پراکسیس لە هەمان کاتدا بابەتی گەوهەری و ڕەهای تیوری بێت، ئەوە دوو ڕەنگی و دابەشبوونی فەلسەفە و ژین کۆتایی دێت و نامێنێ، جێگیر بوونی پراکسیس بۆ تیوری وا دەگەیەنێ کە ئەو لەگەڵ ئەو بنەمایەدا دێتەوە: ((مرۆڤ لە گەوهەردا گەوهەرێکی هەستەکی ژیرە)) (٢٩) لە کتێبی چەند بیرۆکەیەکی سەرپێی گاڵتەجاڕیی لە فەلسەفەدا دەربارەی پێوەندی نێوان نووسەر و مرۆڤساڵی ١٨٣٤ز گیان (ژیر) و خۆشەویستیی جەستەیی وەک چەند لقێکی قەدێک دیاری کراوە، ئەمەش

ڕاستە کە دەیەوێ وێنەی ئەو لابردنە ڕوون بکاتەوە (٣٠).

تیوری (بێگوناحی و پاکی) ژیان کەم دەکاتەوە، بەڵام ئەو لە دەستدانە و بە کەم دانانی ئەو پاکی و بێگوناحییە وەک تەرازوو گرتنێک بە سایەی هۆشیاری ژیانەوە کە بەهۆیەوە مرۆڤ وەک نووسەر بە یەکەم دادگایی دەربارەی خۆی، بیروبۆچوونەکانی و هەست و تێبینییەکانی دادەنێ، نووسەرە ڕاستەقینەکان ئەوانەن سەرزەنشتی ویژدانی مرۆڤایەتی دەکەن، ویژدان بە جۆرێکی دیکەی جیا لەوەی دەردەکەوێ شمەک دەردەخات، ئەو میکرۆسکۆپە، شت گەورە دەکات بۆ ئەوەی ئەمانە بۆ هەستە کۆڵەوارەکانمان ڕوون بکاتەوە و بتوانرێ بناسرێن و بزانرێن.

((ئەمە میتافیزیکی دڵە))، بەڵام نەک بۆ فەیلەسووف، نەک بۆ هیگڵ و ڤۆڵف کە سەر بە ڕێبازی ژیرەکی و هزرمەندی تیوریستیانەن، ئەوان نموونەن!، بەڵکوو بۆ ئەو نووسەرەی کە هیچ ئاستەنگ و بەربەستێکی میتودەیی، سنوورەکانی کۆلێج و سکوڵەکان تەنگەبەر و تەنگەتاوی ناکەنەوە، بۆ فۆیەرباخ گیان و ژیری ئازاد و ڕەخنەگرانە بەرجەستە دەکەن. لەلایەکەوە ژیر (گیان) هەیە Geist بۆ ئەوەی کڵۆڵییە تایبەتییەکەی خۆی پەردەپۆش بکات، کۆسپوتەگەرەی بەردەم ((بەرچاو تەنگییەکەی)) وەک کۆسپوتەگەرە ((ژیری تامەزرۆ)) نیشان دەدات، لەلایەکی دیکەوە، ژیر (گیان) کە هاوڵاتییەکی ئازادی جیهانە لە ناخەوە بەرانبەر بە هێزی ژین و تێروپڕی پاڵ دەنرێ، دەکرێ وەک نموونە ناوی سوکرات و دیکارت بهێنرێن. ئەوەی ساڵی ١٨٣٤ز وەک ئەرکی سەرشانی نووسەری دەستڕەنگینی کەمدوێ، قسەی لێ



فۆیەرباخ

کراوە: پرۆگرامەکەی فەلسەفەی نوێیە: بەڵام ساڵی ١٨٤١- ١٩٤٣ ئەرکی ژیر پتر تەسک و تەنگەبەرتر لەو بایەخەیدایە کە بۆ ئازادی مرۆڤ هەیەتی، لە سایەی ڕێبازی هەستەکیدا، سەرنج دراوە (٣١). ناوونیشانی فەلسەفەی نوێ ((مرۆڤە)) تۆی خوێنەرە، هەروەک چۆن ڕۆسۆ لە توێژینەوەکەی ساڵی ١٧٥٠زدا ڕووی گوفتاری کردووەتە ئەندامانی ئەکادیمی، نەک وەک زانایان، بەڵکوو ڕووی لە مرۆڤ کردووە، ڕووی لە مرۆڤە چاکەخواز و چاکەکار و ڕاستودروستەکان کردووە (٣٢)، ئیتر ئەمەیە خەسڵەت و ناوونیشانی نووسینەکانی زانایان و هی تێزە پرۆگرامییەکانی مرۆڤ، مرۆڤ لەنێو ناخی زانادا، لەنێو لاهووتیاندا لەنێو ئیمانداراندا، پێش هەموو شتێک ئەو مرۆڤەی بە کردەوە ئیمان و باوەڕی لە دەست داوە و بێ ئیمانە! ئەو مرۆڤەی لە تیوریدا خۆی بەلایەنگری کڵێسە، یان سەر بە ڕێبازێکی فەلسەفە هەژمار دەکات.

- پرۆگرامی فەلسەفە نوێیەکە وەک چۆن ساڵی ١٨٤٢- ١٨٤٣ز نیشان دراوە، هیچ جۆرە نەزم و سیستمێک تێیدا ڕەنگ نەڕێژراوە، بەڵام پرۆگرامەکە لێرەدا، یان لە جێگایەکی تر، تۆزێک جێگیر و کۆنکرێتیترە، بابەتی سەرەکی بەرهەمەکانی دیکەی فۆیەرباخ - بەپێی چەندێتیش- نووسینە زۆر و زەبەندەکانی ڕەخنەکردنی ئایینە کە بە هیچ جۆرێک دەستبەرداری دەستپێک و ڕەخنەکردنی ئایین نابن و ئەو دەڤەرە بەجێ ناهێڵن، پتر هەمیشە تێیاندا کۆشش کراوە پشت ئەستوور هەمیشە بە کەرەستەی نوێ خوازراو کە ((سروشت)) بە دڵنیاییەوە بکەن بە گەوهەری ئایین (٣٣ - ٣٤).

لە ساڵی ١٨٦٦ز فۆیەرباخ کۆشاوە لەسەر بنەمای پاڵنەری بەختەوەریی (من- ماف) و تۆ (ئەرکی سەرشان) بنەما بنەڕەتییەکانی ئاکار ڕەنگ بڕێژێ و بنیاد بنێ. خواست و پاڵنەری بەختەوەری یەک شتن، ئیتر بۆیە ئەو ئازادییەی لەسەر بنەمای بەختەوەری دامەزراوە، هێزێکی گەلییە و بەربەرەکانی لێ ناکرێ. ئاکار (مۆراڵ) لە پێوەندی و بەیەکەوە گرێدانی (من) و (تۆ) دەکەوێتەوە ((چاکەکاری ئارێ کردن و بەدکاری ناکردنی بەختەوەرییە. بەمە قانوونی ئاکاری دادەمەزرێ و دەستەبەر دەبێ، هەروەها بەختەوەری (تۆ) دابین دەبێت، ئەرکی ویژدان، ویژدان خۆی لەوە بەولاوە نییە کە ((هی من)) دەچێتە جێگای (من کە تۆی ئازار داوە، لەوە بەولاوە نییە کە نوێنەری بەختەوەری ئەوانی دیکە بێت لەسەر بنەما و خواست و فرمانی پاڵنەری بەختەوەری تایبەت بەخۆی، بەڵام ویژدان ئیتر لەلای من خۆم ناڕەزایی دەربڕین و سەرزەنشتی پاڵنەری چەوساوەیە دژی چەوسێنەرەکەی، فۆیەرباخ ناخوازێ پاڵنەری یاخی بوون و ڕکابەری بەختەوەری نێوان ((من)) و ((تۆ)) ببینێ، مۆدێلە بنەڕەتییەکەی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان لەلای ئەو بریتییە لە خۆشەویستی، بەتایبەتی هی ڕەگەزەییانە وەک پاڵنەری بەختەوەری مرۆڤەکان کە تەنیا هەر بە سایەی ڕازی کردنی پاڵنەری بەختەوەری ئەوانی دیکە ڕەزامەند دەبێ.

ئەوەی پێوەندی بە ڕکابەرێتی نێوان پاڵنەرەکانی (من)ەوە هەیە، ئەوە پێویستە من لە نواندن و شەڕی پاڵنەرەکاندا جۆرە تەرازوویەک بگرم و پەرەی پێ بدەم، کە دەبێ بۆ هەر پاڵنەرێک و بەپێی کات، یان لە کاتی دەست ڕۆیشتنی دوور و درێژی ئەوانی تردا خۆشگوزەرانی ئازادی دەستەبەر ببێ، بۆ نموونە دەبێ هاوکێشە لەنێوان پاڵنەری چێژتن و پاڵنەری کارکردن دەستەبەر ببێ، بنیادنان و دامەزراندنی ئاکار و کۆمەڵگا لەسەر بنەمای پاڵنەری سروشتی مرۆڤ، کاتێک دەستەبەر دەبێ ئەگەر هاتو بنەمای بەرینی پاڵنەری چەند (من)ی جیاواز نەگونجاوانە گەورە بێ، بۆیە فۆیەرباخ ئەو سنوورە لە بەزین نەهاتووانەی سروشتئاسا لە ئارادان، هی پاڵنەری ژیان بەسەربردن و بنیاد و سنوورە هەڕەمەکییەکانن لە یەکتری جیا دەکاتەوە، ئەمانە دەبنە مایەی ئەوەی مرۆڤ حەسوود و سەرزەنشتکار و تەماڵ و تەوەزەل و ڕادە و سنوور ڕێژی ئەوانی تر بێ، لە بنەڕەتدا، ئەوەی ڕاستی بێ، گووران و توانایی گەشەکردن و پەرەسەندنی مرۆڤ... ((لە ئازادییەکەی تێناپەڕێ و بە پێچەوانەشەوە)) (٣٥).

ئیتر پێوەری ئەرستۆتالیس دەربارەی

ناوەڕاست وەک نموونەیەک بۆ تەرازوو وەرگرتنی ئەم پاڵنەرە لە (من) دایە، ڕکابەریکردنێکی بنەڕەت شیاوەکیانە لەنێوان کۆششی پاڵنەری بەختەوەری من و هی ئەوانی دیکەدا تەنیا هەر بەهۆی مۆدێلی بنەڕەتی خۆشەویستی هەستەکییەوە دەبێت، ئەوەی کە نموونەییانەیە بۆ هەموو پێوەندییەکی نێو مرۆڤەکانی بەختەوەریی تایبەتی هەر بەهۆی بەختەوەری ئەوانی ترەوە دابین دەبێ، ئەمە لەخۆیدا گونجاو و لە بارە کە فۆیەرباخ توانیویەتی دەستبەرداری تیوری- ڕێبازی ڕاوێژکاریی ببێ، چونکە لەودا هەمیشە تەنیا هەر هەمان چوارچێوە- نموونە توێژینەوەی لە بارەوە کراوە، بەتایبەتی بۆ ئاکاری نوێ ئەو ڕاوێژکارییە گرنگ نییە، بەڵکوو ئەوی گرنگە هۆشیارییە، لە کاتێکدا ئەوانی تر پێ لەسەر هەبوونی ڕیفۆرمی باشتری مرۆڤیانە، یان شۆڕشی دەزگا و دامەزراو و شێوازی کۆمەڵایەتی و پیشەسازی (سنعات) دادەگرن، فۆیەرباخ پێ لەسەر ڕیفۆرم (چاکسازی)، یان شۆڕشی هۆش و هۆشیاری دادەگرێ کە لێیەوە- بۆ مرۆڤی نوێ- دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت، کۆمەڵگا و بەرهەمهێنان دەبن بەناچاریی، پێویستە بگۆڕدرێن، یان ئیتر گۆڕانە شیاوەکییەکەیان بایەخی نامێنێ، یان بێ کەڵک دەبێ، لە جێگای تیورییە کۆنەکە، نەک پراکتیکی ڕاستەوخۆی سیاسی، نەک کاروچالاکییەکی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی، یان ئابووری سیاسی، بەڵکوو یەکێکی نوێ دادەنرێ، فەلسەفە کۆنەکە- بە وەرچەرخانێکی کۆپەرنیکۆسییانە - بە فەلسەفەیەکی نوێ جێگاکەی دەگیرێتەوە.

فەلسەفەیەک بەڕاستی و بێ دوودڵی کردن دەستپێکە ئەنترۆپۆلۆجییەکەی بێ چەند و چۆن و پێداگرییانە دەبێتە مۆدێلێکی نەگۆڕی بنەڕەتی گشت پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو لە بەرانبەر هزرمەندانی سەردەم و هاوچەرخاندا لە چاو: کارل مارکس و لۆرێنتس فۆن شتاین، تەنیا ئەم- دووانە ناودەهێنین- بەڕاستی لە هەمەڕەنگیی زانین و شارەزایی ڕوونکردنەوەی کۆمەڵایەتی و پراکتیکی سیاسیدا لاواز و هەژارە.

ئەگەر نووسینەکانی فۆیەرباخ و ئەوانەی دوایی لەگەڵ پڕۆگرامە تایبەتییەکەی فەلسەفەی نوێدا بەراورد بکەین و بەو پێوەرە هەڵیان بسەنگێنین، ئیتر ئەوەی دەمێنێتەوە، تاڕادەیەکی زۆر ڕازیمان ناکات و دەستخەڕۆ دەبین! لەو جێگایەی توێژینەوە و کاری سیستمیانە پێویست دەکات، لەوێ مرۆڤ شێوازی چیرۆکنووسین، وتاردان و ساکار و سادەیی و تێهەڵچوونەوە دەبینێ! تێزەی ئەو مرۆڤەی کە وەک تاکێک، تەنیا لە پێوەندی نێوان (من) و (تۆ) دا گەوهەرێکی هەستەکی زیندووی بەختەوەر دەبێ، لە چوارچێوە هەمەکییە گشتییەکەدا قەتیس دەبێ، کە لەپراکسیسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تاکەکاندا ڕاستەوخۆ توانایی بوون بە (ڕاستەقینە) و جێبەجێ کردنی نییە. لە نارێئالستییە هەمەکییە گشتییەکەیدا بە چەواشە بەکارهێنانی ئیدیۆلۆجی، لە چالاکی نامرۆڤی شاردراوە و پەردەپۆش کراو و بنیادنراو ((برای گەورە)) خۆی دێتە پێشەوە.

ئەدەبی نووسراوەی ((تۆ)) وەک ناوونیشان دەبێتە دەستەواژەیەکی زبری وشک، دواتر دەکرێ مۆنۆلۆجێکی بێ کۆتایی مرۆڤ بێ کە تاک و تەنیایە و بەپێی زانست و لە سۆنگەکەیەوە بێ سوود و بێ بڕشت و بێ بەر دەبێ. نموونە پەسندەکەی لۆدڤیک فۆیەرباخ دەبێ؟! ئەو نموونەی مرۆڤی نوێ و سروشتی

ئاسایی نەبووە کە بەپێی حەز و ئارەزوو پۆلێن کرابێ. ئەو نە مرۆڤی ڕێنێسانس بووە کە حەز و ئارەزووی هەستەکی و سروشتی گیانی خۆی بێ چەند و چۆن هەتا سەر چێژتبێ و نە ئەو کەسە بووە کە بەلای کەمەوە بە هەژموون و دەسەڵاتەکەی دابونەریتی مەدەنی و وردە بۆرجوازی سەردەمی خۆی بریندارکردبێ، تەبایی و پێکەوە گونجانی سنووورداری هاوسەرگیری و کارکردن و سەرجەم چێژی ڕۆژانە ژیانی هزرمەندێکی پێوەندی لاواز بەو ئاراستەیەدا تەکان دەدا- لەبیر بچێتەوە، هەژار و نەدار بێ، نابینابێ- بەبێ ئەوەی لەلایەن تێکڕای جیهانی مەزنەوە هەستی پێ بکرێ لە ژیان جیاکراوەتەوە، ڕاستی بە خاک سپاردنەکەشی تەنیا بۆ چەند ڕۆژێک دەکات بە کەرەستە و بایەخی حەزی سیاسەتی ناوچەیی، بەڵام ئایا ئەمە چی بە پرۆگرامی فەلسەفەی نوێ دەڵێ و دەگەیەنێ؟! هێزی تەقینەوەی دەستپێکەکەی و فاکتی وەرچەرخانێکی کۆپەرنیکۆسیانە کە لە فەلسەفەدا دوای درێژایی سەدان ساڵ هەژموون و دەسەڵاتی هزری مێژوویی و ترانسندێنتالی جوولەکە و مەسیحی هیچ کارێکیان لێ نەکراوە.

ئەو ڕاستەقینەیەی فەلسەفەی نوێ کاریگەری و مەترسییەکەی بۆ سەر بیری مێژوویی کلاسیکی بە ئاشکرا وا نیشانی دەدات وەک هەموو ئەو هێرشانەی لاهووتییەکان کرانە سەر فۆیەرباخ، کتێبە یەکلایی کەرەوەکەی فرەدریش ئینگڵز ساڵی ١٨٧٠ز بەو مەبەستە بووە کە گرووپە هەمەڕەنگ و جیاوازەکانی بیرمەندانی ئازاد و ڕۆشنبیرانی سۆشیالیست خوازان و کارگەران پشت ئەستوور بە پرۆگرامی مارکس- ئینگڵز داکۆکی و بەرگری بکەن. بەهێرش بردنە سەر فۆیەرباخ، ئینگڵز ویستوویەتی ((سۆسیالیستییە ڕاستەقینەکان)) و (ئایدیالیستییە) سۆسیالیستەکانیش بپێکێ، ئەوانە گشتیان دەیانویست لە جێگای ئیپستمۆلۆجی زانستی، ڕستە و دەستەواژەی کۆنی ئەدەبی دابنێن و لەجیاتی ڕزگارکردنی پرۆلیتاریات بەهۆی گۆڕینی سەرتاپاگیری ئابوورییانەی بەرهەم هێنان، خۆشەویستیان کردووە بە هۆکاری ڕزگاربوونی مرۆڤ (٣٦).

لە بەرانبەر هزری قیامەت و دنیاخراپ بوونی لاهووتییە بڕوا بوون بە مێژووە پێشکەوتنەکان و فەیلەسووفان، فۆیەرباخ شکست و هەرەسهێنانی هەمیشەیی سروشتی مرۆڤی لە بەرانبەردا داناوە. تەنیا هەر بە پشت بەستن بە لە گۆڕان نەهاتنی سروشتی مرۆڤ توانیویەتی بەگشتی فەلسەفە و لاهووت بە ڕێبازە هەمەجۆرە جیاوازەکانیانەوە بپێکێ و پێکەوە بیانخاتە لاوە. ئەمانە چەند مۆدێلێکی هزر و بیرکردنەوەی ئومێدیان بە کامڵی و تەواوەتی جیهان و مرۆڤ هەیە لە چوارچێوەی پشت بەستن بە پرۆسەیەکی پێشکەوتنی مێژوویی کە ئۆنتۆلۆجیانە (٣٧) بنیاد بنرێ و دابمەزرێ.

هێز و توانایی و تووێژی نەپساوەی ڕێئالیستیانەی فەلسەفەی نوێ، لە پشت بەستندایە بە لە گۆڕان نەهاتنی سروشتی مرۆڤ، چونکە ئەو دژی ئەوانەیە کە باوەڕی سیاسی و فەلسەفەیی قیامەت و دنیاخراپ بوونیان هەیە. ئەوان لەو باوەڕەدان کە دەچنە ژێرباری پەرەسەندن و پێشکەوتنی مێژوو و لێوەی بەرپرسن. سەرلەنوێ هاتنەوەی هەمان شت لە سروشتدا توانایی نە گۆڕان لە سروشتدا لێرەدا نە گۆڕانی مرۆڤ- وەک خواستی بەختەوەری، لە سەرەو دڵ گەوهەری وەک یەک لە شایستەییدا دەکات بە مەرج،

ئیتر لەو سۆنگەیەوە و بەو مەبەستە هەمیشە هێرش براوەتە سەر فەلسەفەی فۆیەرباخ لەوەدا کە شۆڕشی جۆری بیرکردنەوەیە، کە وەرچەرخانێکی کۆپەرنیکۆسییە، ناکردنی بیرۆکەی دنیایی و نادنیایی ڕێبازی باوەڕبوون بە قیامەت و خراپ بوونی دنیا دەگەیەنێ.

بەهۆی گوژمەی ئەو نووسین و باسکردنەی ئەو فەلسەفە نوێیە (٣٨)، دەبێ و پێویستە، بۆ نموونە، بە کورتییەکی ناشایستە، دوو هەڵوێستی سوودبەخشی سەردەم ناوبەرین کە کۆپەرنیکۆسییەکەی فۆیەرباخ وەک فاکتێک پێشبینیانە گریمانە دەکەن:

کاڕڵ لۆڤیت: لە بنەما بنەڕەتییەکانی ڕێبازی (هەستەکی و ئەوی دی ویست)ی فۆیەرباخەوە هەنگاو هەڵدەگرێ، شیکردنەوەی فینۆمینۆلۆجیانەی سترۆکتۆری (بنیادی) هاوچەرخ پەرەپێ بدات و ڕەنگ بڕێژێ (٣٩).

شیکردنەوەکانی لۆڤیت دەکرێ وا بخوێنرێنەوە کە پێشەکییەکی ڕەخنەگرانەی ڕێبازی نوێی ئاکار و تیوری کۆمەڵگا و ڕەخنەکردنی ئۆنتۆلۆجییانەی ئەنترۆپۆلۆجی (زانستی مرۆڤ) و ئامانجەکانی مێژوون. لە بەرهەمەکانی دواییدا لۆڤیت دەستپێکەکەی فۆیەرباخ فراوانتر دەکات لەوەدا کە ئەو مرۆڤی تاک لە ڕۆڵی ئەوی تردا هیچی تر لەو چوارچێوە پێوەندییەی (من و تۆ) کە لە پاشماوەی سروشت دابڕاوەدا نابینێ، بەڵکوو ئەمە لە پێوەندی نێوان جیهان و جیهانی مرۆڤدا ڕێک دەخات بەوەی کە جیهان لەسەرووی جیهانی مرۆڤەوە دێت: سەرجەمی جیهان کە لە سروشتەوە پەیدا بووە هیچی تر جیهانێکی مرۆڤ نییە، مرۆڤ کە نامێنی و لە ناو دەچێ ئامانجی سەرجەم و تێکڕای داهێنان نییە (خەڵق) کە هەمیشە (٤٠) لە گۆڕاندایە.

ئەگەر نامۆبوونەکەی ڕیواقی (ستۆوا)ی ئەو ڕەوشەی دژ بە فەلسەفەی مێژوو توزقاڵێک گومان بورووژێنێ سەبارەت بە پرسی توانایی چوونە ژێر باری بەرپرسیاریەتییەوە لە بارەی بە ڕێئالیستی کردن و بەدیهێنانی ((مرۆڤی نوێ- مۆدێرن)) و ((فەلسەفەی نوێ)) ئەوە کۆشش و هەوڵەکەی سایکۆلۆجی (دەروونزانی) کۆمەڵایەتی ئێریش فرۆم دەربارەی پلانی مرۆڤ پەروەرانە، بە سایەی فرۆیدەوە دەربڕ و نواندنی ئەنجامێکی تری شیاوەکی بارگۆڕینی فەلسەفەی فۆیەرباخە:

بە بەروبووم و بە برشتکردنی چاکسازی هۆشیاری بۆ چاکسازی کۆمەڵگا و وەک نەخشە و پلانێکی تەکنۆلۆجی پرۆسەی کۆمەڵایەتییە (٤١).

فرۆم وەک فۆیەرباخ لەوەوە هەنگاو هەڵدەگرێ کە دەشێ و لە کردن دێت، مرۆڤ وەک گەوهەرێکی سروشتی، پێوەری ئاکاریی گونجاوی بابەتییانە سروشتی دابنێ و ڕەنگ بڕێژێ، واتە دیار و دەستنیشانی بکات چی باش و بە سوودە بۆ کرانەوە و گەشەکردنی توانایی و شیاوەکییەکانی سەرجەم مرۆڤ (٤٢).)) ئەو دەخوازێ شیکردنەوەی نەزم و سیستەم: مرۆڤ بە بەشێکی سەرەکی و گرینگی جیانەبووەوە لە تیوری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و ئابووری دابنێ و مودێلێکی کارەکتەری بنیادنەرانە ڕەنگ بڕێژێ کە ئەوپەڕی چالاکی و خزمەت و کەمترین بە فیرۆدانی وزەی لێ بکەوێتەوە، ئەمەش بەپێی پلان ئەوە دەگەیەنێ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی (سنعات) دابمەزرێنێ کە دەبێ بە سەنتەر و ناوەندی گەشەکردن و کرانەوەی مرۆڤ، بەڵام نەک بۆ بەرهەمهێنانی زۆر و زەبەندە و مشەو بەکاربردن، توانایی و شیاوەکی ڕشتنی ڕەنگی کارەکتەری بنیادێکی مرۆڤی لە پێگەدا سنووری

خواست و بڕیارەکەی فۆیەرباخ دەربارەی سروشتی (سروشتیانە) دەبەزێنێ و تێدەپەڕێ، لەوێ فرۆم لە شیاوەکی توانایی کارلێکرانی مرۆڤ بە ڕێگای تەکنیکەوە لە چوارچێوەی پانتایی جیهاندیدی فۆیەرباخ لە سروشتدا بەهۆی بەڕێوەبردنی نەخشە بۆڕێژراوی کۆمەڵگا و ئابووری وەک کارێکی پراکتیکی بە بڕشت و سوودبەخش بیری کردووەتەوە، گۆڕینی سروشتی مرۆڤ نەخشەی بۆ نەکێشراوە، پتر لە پاشەکشەکار، کە دەپرسێ: ئایا پێویستە مرۆڤی نەخۆش دابهێنین بۆ ئەوەی ئابوورییەکی ساغ و دروستمان هەبێ؟ پرسیار لە بارەی ((باشترین)) لە جیهاندیدە سیستمەکەوە کە (مرۆڤە) بە ئاماژەدانیشەوە بە بنەمای ((ناوەڕاست))ی ئەرستۆتالیس چییە؟ لە وەڵامدا دەڵێ: ئەگەر بێتو هەمووان بە باشترین شێوە و بە تەواوەتی توانایی هێز، خۆیان گەشە و پەرەپێ بدەن و کەمترین بەریەک کەوتن و وزە بە فیڕۆدان لە مرۆڤدا لە ئارادابێ و لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤدا و لەنێوان مرۆڤ و دەوروبەردا، ئامانج بەدی دێت (٤٣).

ئاماژەدان بە فرۆم و لۆڤیت ڕوون دەبێتەوە کە بە چ ڕێگا و شێوازێک پێویستە بارگۆڕینەکەی فۆیەرباخ بە بڕشت و بەرووبوومی هەبێ و ڕاستەقینە بێ؟ لە پشت بەستنی دژە فەلسەفەی مێژوو بە سروشتی مرۆڤ، لە ئاوێتەکردنی توانایی ژیرەکی لەنێو بنیادی سروشتی پێداویستی مرۆڤدا هەروەک ئەو گەوهەرەی بە هەمان پێوەری وەک یەک لە کەللە و دڵ پەیدابووبێ و لەنێو پرۆگرامی دیالۆگیدا تەنیا هەر ئەوەی بە شارەزایی و ئەزموونە لە بەرەوپێشچووندا پەی پێ دەبرێ، دەبێ بەڕاستی و ڕاستەقینە. لەو سێ بنەمایەدا کەموکووڕی ڕێئالیستی سیاسی پەیدادەبێ، بەپێی بۆچوون و لە سۆنگەی ئامانجی دواڕۆژییەکانی لاهووت و دنیایی کە بەبێ کۆڵدان و ڕادیکالیانە هەوڵیان بۆ دەدرێ، وەک ڕزگارکار و ئاشتیپارێز کاریگەر و کار دەکات. بە پێچەوانەی ئامانجە بەرز و مەزنەکانی فەلسەفەی مێژووی کۆن و نوێ ((فەلسەفەی نوێی)) فۆیەرباخ بەو ئاماژە کردەکییەی بە مرۆڤ کارا دەبێ کە وەک ((من و تۆ)) نا کامڵە و نا فەلسەفەییە! هەروەها بە دژە فەلسەفە ناودەبرێ- مۆدێلی ئیپستمۆلۆجی ڕاستی (حەقیقەت) کە دەبێ هەر بە شێوازی دیالۆگ پەی پێ ببرێ و بزانرێ، لە پێوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە پێوەندییەکی دوو جەمسەری دەکات بە مەرج: وەک یەکی سروشتی و جیاوازی و وەک یەک نەبوونی مرۆڤ و هاوسەردەمەکانی. بەبێ وەک یەکی سروشتی لە توانایی ژیرەکیدا و لە بنیادی گونجاوی جۆرەکیدا هیچ جۆرە دیالۆگێک بوونی (٤٤) نابێ و نە لە ئارادا دەبێ، بگرە لە ڕەوشی لەیەکچوونی سروشتی مرۆڤ و هاوچەرخانیدا دیالۆگ بێ سوود و بێ کەڵک دەبێ، لە هەر جێگا و کاتێکدا گەیشتن بە (ڕاستی) وەک باشترین مۆدێلی ئیپستمۆلۆجی (زانین) دەکرێ کاریگەربێ، بەڵام ئەمە هەردەمێنێ کە ڕاستەقینە هەمیشە لە هەندەکی و وردەکاریدا دەکرێ قسەی لێ بکرێ و نیشان بدرێ. لە هەر جێگا و کاتێکدا توانایی ژیرەکی دەبێ بە دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەوە هێمن و لەسەرخۆ بێ، بگرە سەرلەنوێ جارێکی تر پابەند بکرێ بە ئەرکێک بۆ سوودی مرۆڤ وەک گەوهەرێکی بەختەوەری و لەشساغی خوازی سروشتی، ئەوکاتە و لەوێ ئەرکێکی نوێ دەخرێتە سەرشان و ئەستۆی تاکەکان و کۆمەڵگا لەپێناوی مرۆڤدۆستی مرۆڤانی جیهانی

سەردەم.

پرۆگرامەکەی فۆیەرباخ لە بارەی فەلسەفەی دواڕۆژەوە، دەخوازێ ئەو مرۆڤەی بەهۆی نامۆبوونەوە نەخۆش بووە، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵگاکەی جارێکی دیکە ساغ و لەشساغ بکاتەوە، نەیتوانیوە تا ئێستا هیچ ڕێئالیستییەکی فەلسەفەیی و سیاسی یەکلاییکەرەوە بەدەست بهێنی - دوور نییە ئەمەش بەهۆی ئەو کەموکورتیانەوە بووبێ کە لە کەسایەتی نووسەردا هەبووبن - لەگەڵ ئەوەشدا وەک ئەوەی فریدیش هارمز ساغی کردووەتەوە (٤٥) (١٨٤٥ز) هۆکارەکە لە دەروازەی پێشەکییەکەی فەلسەفەی نوێ و جێبەجێکردنی فەلسەفەی نوێدا بووبێ، لەوانەش بووە هێز و توانایی جیهانگۆڕ لە ڕەنگڕشتن و نەخشەسازی جیهانێکی مرۆڤ دۆستانەدا نیشان بدرێ. بەدڵنیاییەوە، دوور نییە ئەمە بۆ نەخشەسازی مرۆڤ دروستی بەس نەبێ - دەکرێ ئەو ئەرکە لە کاتبەدەرە، سروشتی ڕەخنەگرانەی هەبێ، ڕەخنەکردنی ئەو لاهووتی و میتافیزیککارانەی دەخوازن جیهان چاک بکەن و ئەوانەی لاهووت، یان میتافیزیک تەنیا هەر بۆ هێز و دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان و بۆ تاڵان و بڕۆ و دەسکەوت بەکاردەهێنن، ڕەخنەگرتنێک بەرانبەر بە گشت ئامانجە بەرز و خوازراوەکان لەم جیهانەدا، تەنیا شتێک دەهێننەوە یاد و بەبیر دەهێننەوە: مرۆڤی سروشتی!

**سەرچاوە و پەراوێز:**


28- a,a, O, S.231.
29- a,a, O, S.231.f.
30- Werke. lll,. S.258.
31- a,a, O, S.358-363.
32- J.J.Rousseau, Schriften Zur Kultw, hg. k. Weigand 1955, S.4.f.

**٣٣ - ئەو پرسیارەی لە هەندێک نووسینی لاوەکیدا کراوە بریتی بووە لەوەی: ئایا گەوهەری ئایین چییە؟ مرۆڤە، یان سروشت؟**
- Feuerbach: erste Anmerkung in: Das Wesen der Religion. In: Die Epigonen. 1849.
34- Feuerbach: Vorwort Zum lound letzten Band Sinener Werk 1866:
**- لەوێدا وتراوە: مرۆڤ ئەوەیە کە دەیخوات.**
35- Werke X.S.58. f.60. 62. 66,. 77.f.
36- Fr. Engels؛ L. Feuerbach.. S.23.
37- K. Lowith,: Weltgeschite und Heilgeschichte 1953, 4. Auflage. 1963. S.26.
38- H. H. Schrey, Dialogisches Denken. Darmstadt 1970.
39- K. Lowith, Das Individuum in der Rolle des Mitmensch, 2. Aufl. 1962.24.
40- a, ,a, O., S.IX؛ vgl.oben Anm32.
41- Erich From,. Aalytische Sozialpschlogie und Gesell schaftsteorie. 1970. S.166.
42- a. a., O. S.169- 172.
43- Werke. I. S.72.
44- Fr. Harms: Der Anthroplogismus in der Entwicklung der Philosophie seit kant. Leopziq. 1845. S.267.f.

# (وێژەی جیهانی) لە ڕەهەندی زمانی نەتەوەیی و ڕەخنەی ئەدەبییەوە

هادی حەبیبی
(بۆکان)

**کورتەی وتار:**
ڕاستییەکەی ئەو ڕێبازەی کە ئاکامەکەی گەیشتن بە لووتکە و بوون بە وێژەی جیهانییە، هەمان ڕێبازە کە بە فەرهەنگی نەتەوەیی و فۆلکلۆر و کەلەپووری گەلەکاندا تێدەپەڕێ، ئەم پەیڤە واتای ئەوەیە کە ئەدەبی جیهانی، بێگومان ڕیشەی لە بایەخی هزری و فەرهەنگی نەتەوەکاندا هەیە، پاشان بە کەرەستەی (زمان)ـەوە لە قۆناغی زارەکی بوون دەردەچێ و وەک پاژێک لە ئەدەبیاتی نووسراوەیی و دوای سەرکەوتن و وەرگرتنێکی فرەلایەنە، دەبێتە وێژەی جیهانی، ئەم وتارە هەوڵ دەدا بە لێکۆڵینەوە لەو بابەتە و بە هێنانەوەی چەند نموونەی سەرکەوتوو لەم شێوازە، تیشک بخاتە سەر چۆنیەتی تێپەڕین لە قۆناغی ناوچەییەوە بۆ قۆناغی جیهانیبوونی ئەم مۆدێلە لە ئەدەبیات:

**چەمکە کلیلییەکان:**
وێژەی جیهانی، هزر، نۆم چۆمسکی، مۆدێرنیتە، ڕۆلان بارت، چیرۆکی پاڵەوانیەتی، شوناس، دەقی ئەدەبی.

**سەرەتا:** دەق و داهێنانی ئەدەبی، هونەرێکی کارامە و بایەخێکی هزرییە کە سەرچاوەکەی بۆ هێزی فیکر و ڕاستییەکەی بۆ خەیاڵی داهێنەرەکەی دەگەڕێتەوە. بە واتایەکی دیکە

داهێنەر بە هێزی خەیاڵی و هزریی خۆیەوە، لە شتگەلی ئاسایی و دیمەنی باو و بەرچاوی دەوروبەری، شکڵی مۆدێرن و جیاواز دەخوڵقێنێ و بەو بۆنەیەوە پێوەندییەکی تازە لە نێوان خۆی و جیهانی دەوروبەریدا ساز دەکا، لە تەعبیرێکی جیاواز و لە ڕوانینێکی بەرفراوانتردا، هەنگاوی پێشکەوتووانە هەڵدێنێتەوە و بیری جیاواز ساز دەکات و سامانێکی هزری بە موڵکی ئەدەبیی نەتەوەکەی زیاد دەکا. وێژە (وەک تیوری) و خاوەنی هەر بەرهەمێکی خەیاڵکرد (وەک بە کردەوە دەرهێنەری وێژە) دیاردە سروشتییەکانی کۆمەڵگەمان بە جیلوەیەکی تازەوە دێننە پێش چاو و نهێنییەکان ئاشکرا دەکەن و وێڕای سازکردنی شوناسی ئەدەبی، زانستێکی نوێ لە مەعریفەت و جیهانی هەستیی دەخەنە ڕوو، کەوابوو خەیاڵ و دەسەڵاتی هزریی نووسەر، یان (شاعیر) سەرەتا ڕازی دانوستان و پێوەندی نێوان خۆی لەگەڵ بابەتگەلی دەوروبەریدا ئاشکرا دەکا و دواتر گیان بە بەر هەموو ئەو وێنە هەست بزوێنانەدا دەکا کە ڕوح و هەستیان تەنیوەتەوە، سەرجەمی ئەو ڕاستییانەش بە بۆنەی کەرەستەی زمانەوە دێنە بەرهەم. سروشتییە کە زمانی شاعیر جیاوازە لەو زمانەی کە پسپۆڕێک بابەتێکی زانستی پێ ڕوون دەکاتەوە، یان جیاوازە لەو زمانەی کە مێژووزانێک قۆناغێکی مێژوویی پێ تاووتوو دەکا، بێجگە لە جیاوازیی زمانی، لە کەڵک وەرگرتنی زمانێکی شاعیرانەدا هەم خودی واژە ڕۆڵی خۆی هەیە، هەمیش بواری ئاهەنگینی سەرجەمی ئەو واژانە خاوەنی گرنگایەتییەکی تایبەتن، ڕاستییەکەی زمانی شیعر، پێکهاتەیەک لە مانا و مۆسیقایە، واتا هەم مەبەستێک دەپێکێ و هەم وەک پارچەیەک مۆسیقا،



**خانی**

ڕیتمێکی ڕێکوپێک و کێشدار بە دەستەوە دەدا. (میرصادقی، ١٣٧٥: ٢٧).

زمان بە گشتی بۆ کەسی شاعیر و داهێنەر کەرەستەیەکی ناتەواوە و گەلێک بۆشایی تایبەت بە خۆی هەیە، ڕاستییەکەی ئەوە شاعیرە کە بە داهێنان و ڕچەشکاندنی هزری و مانایی و ڕێزمانییەوە، زمان دەوڵەمەند دەکات و دەیگەیەنێتە ئاستێکی ئیدیال. (طاهباز، ١٣٧٦: ١٦٢). هەرچەند نابێ لە گشتییەتی زماندا ئەم تیورییەی نۆم چۆمسکی لە بیر بکرێ کە پێی وایە : «کەڵک وەرگرتنی ڕاستەقینە لە زمان، لە هەقیقەتدا زۆرجار ڕەگەزگەلێک لە زەین/ مێشک دەگرێتەوە، کە لە ئاستی لێهاتوویی زمان تێدەپەڕێ، هەر بۆیە ئەوەی وێژەر دەریدەبڕێ، یان دەرکی دەکا، ڕاستییەکەی بە تەنیا دەسکەوتی تایبەتمەندییەکانی لێهاتوویی (زمان) نییە». (چامسکی، ١٣٧٧: ١٢٠).

دیارە ئەم بۆچوونەی نۆم چۆمسکی،

خوێندنەوەیەکی زانستییانەیە بەرانبەر بە زمان و زانستی وەک ڕێزمان و تەکنیکی زمانی و زمانناسی و دەستووری زمان لە خۆ دەگرێ، ڕێک ئەم بۆچوونە لە خوێندنەوەی هونەرییانەش بەرانبەر بە زماندا هەر هەیە و وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، زمانی شاعیر جیاوازە لەو زمانەی کە پسپۆڕێک بابەتێکی زانستی پێ ڕوون دەکاتەوە. بەو جیاوازییەی کە لەم ڕوانگەیەدا (واتا: خوێندنەوەی هونەرییانە بەرانبەر بە زمان) زەرفییەتە هونەرییەکانی زمان بە تایبەت لە بواری جوانناسیدا گەلێک بەرچاوترن و زۆرجاریش زیاتر هەست پێ دەکرێن. ئەو هەموو قوتابخانە ئەدەبییەی کە بە درێژایی مێژوو لە نێو هونەری نەتەوە جۆراجۆرەکاندا سەری هەڵداوە، هەمووی هەر دەسکەوتی بەرهەمی خوڵقێنراو بووە. بەرهەمێک کە لە کاتی ئەفراندندا، خودی داهێنەرەکەی تەنیا و تەنیا بە لایەنی هەست (حسی)ی و هونەرییەوە هۆندوویەتییەوە، نەک بە لایەنی میتودی و زانستییەوە.

بوونی قوتابخانە ڕەخنەییەکانیش هەر ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە بەرهەمی وێژەی جیهانی، هزری دوای خۆی و داهاتووی بەرەو مۆدێلێک لە ڕەخنەی ئەدەبی هان داوە کە دواتر لە مێژووی کردەی ڕەخنەدا وەک قۆناغێکی تایبەت سەیر کراوە و مسۆگەر بووە. ئەوەی بەردەنگ بە ناوی قوتابخانە، یان بزاڤی (ڕەخنەی نوێ) دەیناسێ، ڕاستییەکەی هەر لە شۆڕشی مەزنی فەڕەنسییەوە بگرە تا ئێستا، ئەوە دەسکەوتی تێکۆشان و چەمک باوەڕیی ڕەخنەگرانێکی وەک میشل. دۆ. مۆنتنی تا مارسێل پرۆستە، کە بە خوێندنەوەی بنەمایی لە ئەدەبیاتی نەریتی، ڕێگەیان بۆ پێداچوونەوە لە بەستێنی فەلسەفەی نوێ خۆش کردووە، ڕۆلان بارت ڕەخنەی واتایی (تەئویلی) کە لە خۆیدا ڕەنگدانەوەیەک لە هێرمۆنۆتیکە، بە ڕوانگەی گرنگی سەردەمی خۆی وەک ئێگزستانسیالیسم، مارکسیسم، ڕەوانکاوی و دیاردەناسییەوە گرێ دەداتەوە و بەو بۆنەیەوە ڕەخنە لە پێوەندی لەگەڵ قوتابخانە فەلسەفییەکاندا مانا دەکاتەوە. (بارت، ١٣٧٧: ٦).

لەم سەردەمە لە ڕەخنەنووسیی فەڕەنسیدا، ژان. پۆل. سارتر خەریکی ڕەخنەی فەلسەفی ئێگزستانسیالیسم و لۆسیەن گۆڵدمەن سەرقاڵی ڕەخنەی کۆمەڵناسی، هەروەها ژێرژ پولە خۆی بە دیاردەناسییەوە ماندوو دەکا. (ڕەخنەی نوێ) وردبوونەوە لە چییەتی دەقە و ڕۆلان بارت ئەم بیرمەندەیە کە ڕەخنەی ئەدەبی بە هاوتەراز لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبی، هەروەها ڕەخنەنووس بە هاوشانی نووسەر، یان داهێنەر دادەنێ. (شمیسا، ١٣٩٣: ٣٥). بارت لە ماوەی بیست و پێنج ساڵ تەمەنی ئەدەبی خۆیدا، نوێنەری هەموو ئەو ڕاستییانە بووە کە لە هزریی ڕەخنەیی، هەروەها لە زانستی زمانناسی فەڕەنسیدا بە قۆناغێکی مۆدێرن پێناسە کراوە. (تادیە، ١٣٩٠: ٢٤٨)، ئەگەرچی نابێ ئەو ڕاستییەمان لە بیر بچێ کە دەق لە هەقیقەتی خۆیدا، وەک کانیاوێکی بێگەرد، یان وەک ئاوێنەیەک دەچێ و هەر بەردەنگێک بە پێی داشتە و پاشەکەوتی زانستی و هزریی خۆیەوە لێی دەڕوانێ و بە پێی پێویست بەهرەی لێ وەردەگرێ، دەنا دیسان هەر بە وتەی بارت، ئێمە لە هەر چەشنە نیزامێکی وەک مارکسیسم و فۆرمالیسمەوە بگرە تا پێکهاتەخوازی و ڕەوانکاوی و هەر جۆرە نیزامێکی فیکریی دیکە، بێتو بمانەوێ گرێی بدەینەوە بە دەق، ئەوە

تەنیا توانیومانە یەک، یان چەند ڕاڤەی گونجاو لە باقی ڕاڤەکانی دیکە بە دەستەوە بدەین. کەوابوو دەق ڕێی تێدەچێ کەسی بەردەنگ، یان نووسەر، یان ڕەخنەگر بە شێوازی خۆی لێی بڕوانێ و گرنگ ئەوەیە کە جۆری ئەم ڕوانینە، ڕوانینێکی بە ئاکام گەیشتوو بێ. بە واتایەکی دیکە ڕوانینێکی مۆدێرن و جیاواز لە ڕابوردوو بێ، لە بەر ئەوەی کە (مۆدێرن بوون) لە واتای خۆیدا نەسەلماندنی بایەخە هزرییەکانی دوێنێ، تەنانەت ئەمڕۆشە، بارت کاتی خۆی جەختی لە سەر ئەو ڕاستییە کردبوو کە (مۆدێرن بوون)، یانی ئەوەی بزانین چ شتگەلێک ئیتر بۆ ئەمڕۆ ناگونجێن. (احمدی، ١٣٧٧: ٢٧٣).

جەخت لە سەر (ئەوڕۆیی بوون) لە خۆیدا، بنەمای مۆدێرنیتە بوو، کە بارت ژیانی هونەری و هزریی خۆی لە سەر دانا، یان لە ڕەخنەی (واساختی)دا کە بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ژاک دریدا دەگەڕێتەوە و لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠دا کاریگەری زۆر بەرچاوی لە سەر ڕەوتی ئەدەبیاتی جیهانی دانا، لە هەقیقەتی خۆیدا ئەزموون و ململانێی نێوان ئایدۆلۆژی و بایەخە هزرییەکانی نێو چوارچێوەی دەقە.

ڕاستییەکەی دەرفەتێکە بۆ دەرکی ئەو ئایدیۆلۆژییانەی کە بە تایبەت لە دوو بزاڤی (مارکسیسم و فێمینیزم)دا ڕوونکەرەوەی ئەزموونەکانی مرۆڤن و لە زمانی مرۆڤدا بە کار هاتوون. (تایسن، ١٣٨٧: ٤٠٦). هەر کامەی لەو قوتابخانە ڕەخنەییانە کە بێگومان بنەمایەکی بەهێزی فەلسەفییان تێدایە، ئەوە ئەرکیان سازکردن و بە دەستەوەدانی شوناسە لە نێو دەقی ئەدەبیدا، لە بنچینەدا خودی فەلسەفەش لە چاخی بۆرژوایی و لە نێوان دوو تاقمی دژوازدا، بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندا بووە، پرسیاری بنەڕەتی ئەو دوو تاقمە جیاوازە ئەوە بووە کە ئەزموونی هەست پێکراو، یان ئاوەزێک کە یەک بڕیارە بە سەر هەمووان‌دا دەبڕێتەوە (عقل تعمیم بخشنده — عەقلی گشتگیر)، ئاخۆ دەتوانێ داهێنەر و پێکهێنەری شوناس، هەروەها ڕوونکەرەوەی لێبڕاوانەی ئەم ڕێچکەیە بێ؟ ئا لێرەدایە کە ئەو دوو تاقمە جیاوازە لە وەڵامدانەوەدا، هەرکام ڕێبازی خۆی لەوەی دیکە جیا دەکاتەوە. تاقمی هەوەڵ فەیلەسووفی ئەزموونگەرای وەک (ژان لاک)ـە کە جەخت لە سەر کردەی ئەزموون دەکا و تاقمی دووەمیش ئاوەزخوازیی وەک دیکارت تا (هیگڵ)ـە، کە وەڵام بۆ سەلماندنی مەنتیقی و تێڕوانینی ڕوون و جیاوازیی ئاوەز دەگەڕێننەوە. (نواک، ١٣٨٤: ٨٤).

ئەگەر سەرنج بدەین، خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئامانج یەکە و ئەویش هەمان دۆزینەوە و سازکردنی شوناسە، بەڵام بڕوا و شێوازی بۆچوون و لە کۆتاییدا ئەوە ڕێبازەکانن کە لەگەڵ یەکتردا جیاوازن، ئەسڵێکی کە هەموو کات بۆ زەقکردنەوەی شوناس لە دەقدا پێویستە، ئەسڵی بێ لایەنانە و بێ لایەنگرانەیە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا، وەک چۆن لە ڕەخنەی دیاردەناسیدا ئەوەی کە بایەخە هزرییەکانی ئەم شێوازە لە ڕەخنەی ئەدەبی لە سەر ساغ بووەتەوە، ئەوە هەمان ئەسڵی بێ لایەنانەیە. لەم شێوازە ڕەخنەیەدا، دەبێ ڕەخنەنووس خۆی لە چنگ پشتگیری و لایەنگری تایبەت دەرباز بکا و بە هاودڵی تەواوەوە لەگەڵ جیهانی بەرهەمی ئەدەبیدا تێکەڵ بێ و لەوپەڕی سەرنجدا و لەوپەڕی بێ لایەنی و بە دوور لە هەر جۆرە

دەمارگرژییەک، ئەوەی لە نێو دەقی ئەدەبیدا دەیبینێ، سەرلەنوێ دایبرێژێتەوە. (ایگلتون، ١٣٨٠: ٨٣). خاڵی هاوبەشی وێژەی جیهانی کە بنەمای ئەم وتارەی لە سەر ساغ بووەتەوە، نەتەوەیی بوونی ئەم شێوازە لە ئەدەبیاتە، واتا هەم ڕەگەزی سەرەکی لێرەدا حەماسەیە و هەمیش لە قۆناغی هەوەڵدا بە زمانی گەلەکەی خۆی نووسراوەتەوە، پاشان دوای سەرکەوتنێکی گشتی لە لایەن جەماوەری خەڵکەوە، وەک شاکارێکی جیهانی دەنگی داوەتەوە و ناسراوە. کاتی خۆی ویلیام فۆکنەر سەلماندی کە جیهانیبوونی بەرهەمێک لە ڕەهەندی خۆماڵیی بوونی ئەو بەرهەمەوە تێدەپەڕێ. دوو شاکاری گەورەی جیهانی (ئیلیاد) و (ئۆدیسە) وەک بەشێک لە ناسراوترین حەماسە و چیرۆکی پاڵەوانی تایبەت بە وڵاتی یۆنانی کۆنن، کە پێشینەیەکی سێ هەزار ساڵەیان لە مێژووی ئەو وڵاتەدا هەیە. ئەو دوو مەنزوومەیە بە زمانی یۆنانی کۆن و لە لایەن هۆمێر شاعیری گەورەی یۆنانەوە نووسراونەتەوە. دیارە یۆنانی کۆن، تەنانەت بەر لە (ئیلیاد و ئۆدیسە)ش هەر خاوەنی وێژەی مەنزووم بووە و وێدەچێ وێژەری سەرەتایی ئەم شێوازە ئەدەبە، هەمان ڕاهیب، یان کەسی ڕەبەنی تەرکەدنیا بووبێ کە خەڵکی یۆنان پێیان دەڵێ (ئائۆئیدۆس) و ئەم وشەیە لە زمانی ئەمڕۆی فەڕەنسیدا (ئائێد)ی پێ دەکوترێ. (هومر، ١٣٨٠: ٤٠).

سەرچاوە و دەسپێکی جیهانیبوونی ئەم بەرهەمە، ڕاستییەکەی بۆ فەرهەنگ و زمانی خۆماڵی و فۆلکلۆر و مێژووی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە و لەو دیمەنەوە (ئیلیاد و ئۆدیسە) وەک شاکارێکی جیهانی، لە لایەن سەرانسەری نەتەوەکانی دیکەوە وەرگیراون. یان (شانامە)ی فیردەوسی لە زمان و فەرهەنگی ئێرانیدا شاکارێکی کەم وێنەی ئەدەبییە. پاژێک لە شانامە لە هەقیقەتدا ڕووداوی خەیاڵی و چیرۆکی بە تەمەنن، کە هەر لە سەردەمی زۆر کۆنەوە سنگاوسنگ لە ڕابوردووەوە بە خەڵکی ئێستا گەیشتوون، پاژێکی تری ئەم کتێبە بەنرخە، بەسەرهاتی بنەماڵە و خانزادەکانی ئێرانە کە لە قوناغێکی زۆر کۆنی مێژووییدا لەگەڵ هیندییەکان بە یەکەوە ژیاون، بۆ سەلماندنی ئەم پەیڤەش ناوی پاڵەوانی وەک جەمشید، فەرەیدوون، کاوس و کەیخوسرەو هەم لە نووسراوە کەونینەکانی ئێران وەک (ئاوێستا) دا هاتوون و هەمیش لە یادداشتە مێژووییەکانی هیندی وەک (ڕیگ ودا) ئاماژەیان پێ کراوە. (فردوسی، ١٣٧٨: ٢٣).

فیردەوسی خۆی لە هەنگاوی یەکەمدا ئێرانی بووە و شانازی بە ئێرانی بوونی خۆیشی کردووە و ئامانجی لە نووسینەوەی (شانامە)ش زیندووکردنەوەی زمان و فەرهەنگی ڕەسەنی وڵاتەکەی بووە، بە ڕوانینێکی (واساختی) لە شانامە، بۆمان دەردەکەوێ کە فیردەوسی کێشەی نێوان ئایدیۆلۆژی زاڵ لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە بایەخە هزری و میللییەکانی نەتەوەی فارسی بە ئەوپەڕی خۆی گەیاندووە و بڕیاری کۆتاییشی وەها داوە کە فارس، وێڕای وێرانگەری و تالان و بڕۆی بێگانە و دەستدرێژی داگیرکەر بۆ سەر وڵاتەکەی، هەنووکەش خاوەنی ژیارێکی درەوشاوە و مێژوویەکی پڕشنگدارە کە بۆ سەرانسەری نەتەوەکانی دیکە نموونە و سەرمەشقە. جیهانیبوونی ئەم بەرهەمەش دیسان لە تانوپۆی پەیڤی بەنرخ و هزریی شاعیرانەی فیردەوسییەوە — کە زایەڵەی هەمان فەرهەنگ و ئەدەبی کۆنی ئێرانییە- سەری هەڵداوە و لەو

ڕەهەندەوە، بوونی خۆی بە بەردەنگی ئەدەبی جیهانی سەلماندووە.

نموونەی تر لەم چەشنە ئەدەبیاتە، (مەم و زین)ی خانی (١٦٥٠- ١٧٠٦) شاعیر و عارفی جیهانی و بەناوبانگی کوردە. ئەحمەدی خانی بە بۆنەی (مەم و زین)ـەوە، هەروەها ئاشکراترین نموونەی خەبات و ڕاپەڕینی نەتەوەیی کورد لە کۆتایی سەدەی حەڤدەدا بە دەستەوە دەدا، ئەو ڕاستییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیر لە قۆناغی هەوەڵدا، ڕەنج و ئازاری نەتەوەی خۆی بە باشی هەست پێ کردووە، وێڕای ژیان لەگەڵ ئەو ئازارەدا، ڕێگای چارە و ڕزگاری گەلی کوردیشی دەستنیشان کردووە.

(خانی، ١٣٩٦: ٢٠٣). خانی سەوداسەر لە مرۆڤایەتی و خوداناسین و نیشتمانپەروەریدا قاڵ بووە و ڕەنجی دەربەدەری و هەڵوەداییشی بە نرخی هۆنینەوەی مەم و زین، بە گیان و ڕوح قەبووڵ کردووە. لە کوردستانێکی پڕ لە خان و ئاغا و میر و بەگ و چەکمەڕەق، لە کوردەوارییەکی کە بە هەزاران پیر و مەلا و بوێری وای تێدابووە کە هەریەکی خۆی بە نۆ مانگای زاو نەگۆڕیوەتەوە، هەرگیز هەستیان بە هۆرەی تورکان نەدەکرد، کەچی لەو ناوەدا مەلایەک لە قوژبنی مزگەوتێکدا لە شاری بایەزید، کە بیرێک لە خۆی دەکاتەوە، هەیاران! من خۆم دەزانم لە نیزامی و جەلالەدینی ڕۆمی کەمتر نیم و چەپێکم دەبەر فیردەوسی و سەعدیدا نییە، بۆ کەس لە من ناپرسێ؟ بۆ ناوێرم لای کەس بڵێم منیش شتێکم؟ پێم دەڵێن کوردی و کورتی! بەڵێ کورتم! بەڵام بۆیە کورتم، چونکە گەلەکەم دەستی کورتە؛ چونکە هیچ پەنا و پەسیوێکمان نییە، چونکە کەسمان نییە نرخی هونەر و کردەوەمان بزانێ، ئەگەریش باوەڕ ناکەن، ئەوە من مەم و زینێک دەهۆنمەوە کە هەزاری وەک لەیل و مەجنوون و شانامە و مانامە بە تۆزیشی ڕانەگەن. (خانی، ١٣٨٩: ٢٧). لەم پاژەشدا خانی وەک هۆمێر و فیردەوسی، بە بۆنەی (مەم و زین)ـەوە وێژەی کوردی لە ئاستی سنوورەکانی کوردستان تێدەپەڕێنێ و دەیکاتە وێژەیەکی جیهانی کە وەک ئاماژەی پێ کرا، لە هەر سێ نموونەکەدا ئەوە کەڵکەڵەی هزری و ئازاری دەروونی و خەمی نیشتمانییە کە شاعیر وەها لێ دەکا وێڕای تۆمارکردنی دەردە نەتەوەییەکانی، ئەدەب و گەلانی دیکەی جیهانیش لە دۆخی خۆی تێبگەیەنێ و بەو بۆنەیەوە لە کێبەرکێی وێژەی جیهانیدا، قسەیەکی باشی هەتاهەتایی بۆ کوتن پێ بێ.

**ئەنجامی توێژینەوە:** ئەدەبیاتی جیهانی بە هەموو تێم، یان نێوەرۆکێکی وەک حەماسە، دڵداری، ئایینی، یان هەر بابەتگەلێکی دیکەوە، بێجگە لەوەی لە دەسپێکی خۆیدا دەسکەوتی هزری تاکی کۆمەڵگەی مرۆڤە، لە هەنگاوی دواتریشدا گرنگ ئەوەیە لە لایەن هەموو مرۆڤەکانەوە بە هەر ڕەنگ و زمانێکی ئاخاوتنەوە، کەڵکی لێ وەردەگیرێ و گەلێک جار دەبێتە سەرمەشق بۆ کەس، یان نەتەوەیەکی کە کەمترین پێوەندیی هزری، یان تەنانەت جوگرافی بەو بەرهەمەوە نییە، کەوابوو ڕەگەزی بنەڕەتی پێوەندی لەم جۆرە ئەدەبیاتەدا، چەمکی مرۆڤ و بابەتی مرۆڤایەتییە. ڕۆمیۆ و جولێت بێ، یان شیرین و فەرهاد، مەم و زین بێ، یان لەیلی و مەجنوون، ئەوە ڕەگەز ڕەگەزی ئەوین و دڵدارییە، ئاکامیش خەبات و گیانبازی و فیداکارییە، ماژینۆ بێ، یان دمدم، ئەوە ئامانج پاراستنی بایەخی نەتەوەیی و ئینسانییە، بۆیە

لـەم شـێوازە ئەدەبییاتـەدا مـرۆڤ حـەز و بریـا و ئاواتەکانی خـۆی، بـە باشـی دەبینێتـەوە و لەگـەڵ هـەر مرۆڤێکـی نیشـتەجێی ئـەم گـوێ هـەردەدا، هەسـت بـە ئازارێکـی هاوبـەش دەکا.

سەرچاوەکان:

(١) میرصادقی، میمنت (١٣٧٥)، با صبح دمان (برگزیدەی شعر معاصر ایران، از مشروطیت تا انقلاب)، تهران، انتشارات سخن.

(٢) طاهباز، سیروس (١٣٧٦)، پردرد کوهستان (دربارەی زندگی و هنر نیما یوشیج)، تهران، زریاب.

(٣) چامسکی، نوم (١٣٧٧)، زبان و مسائل دانش، ترجمەی علی درزی، تهران، انتشارات آگاه.

(٤) بارت، رولان (١٣٧٧) نقد و حقیقت، ترجمەی شیرین دخت دقیقیان، تهران، نشر مرکز.

(٥) شمیسا، سیروس (١٣٩٣)، نقد ادبی (ویراست سوم)، تهران، نشر میترا.

(٦) تادیە، ژان ایو (١٣٩٠)، نقد ادبی در قرن بیستم، ترجمەی مهشید نونهالی، تهران، نیلوفر.

(٧) احمدی، بابک (١٣٧٧)، معمای مدرنیتە، تهران، نشر مرکز، چاپ سوم (اسفند ١٣٨٢).

(٨) تایسن، لیس (١٣٩٢)، نظریەهای نقد ادبی معاصر، ترجمەی مازیار حسین زادە و فاطمە حسینی (ویراستار: حسین پاینده)، تهران، نگاه امروز، حکایت قلم نوین.

(٩) نواک، جرج (١٣٨٤)، فلسفەی تجربەگرا (از لاک تا پوپر)، ترجمەی پرویز بابایی، تهران، آزادمهر.

(١٠) ایگلتون، تری (١٣٨٠)، پیشدرآمدی بر نظریەی ادبی، ترجمەی عباس مخبر، تهران، نشر مرکز.

(١١) هومر (١٣٨٠)، ایلیاد، ترجمەی سعید نفیسی، تهران، شرکت انتشارات علمی فرهنگی.

(١٢) فردوسی، ابوالقاسم (١٣٧٨)، غمنامەی رستم و سهراب (شاهنامە: برگزیدەی رستم و سهراب)، انتخاب و شرح: جعفر شعار و حسن انوری، تهران، نشر قطرە، چاپ بیستم.

(١٣) خانی، احمد (١٣٩٦)، مەم و زین، بە انضمام تحلیل و بررسی، مترجم و شارح: سعداله مجیدی (عەودالّ)، بوکان، انتشارات زانکو.

(١٤) خانی، ئەحمەد (١٣٨٩)، مەم و زین، وەرگێڕانی هەژار بە موکریانی، سلێمانی، پەخشانگای ئازادی.

# هایدان د ناڤبەرا وێژە و هونەریدا

موحسن عەبدلڕەحمان
(دهۆک)

## پێشگۆتن:

هەر کەسێ ب شێوەیەکێ هۆنەری / نیگار، ژەنین، ستران، پەیکەرتاشی، نڤیسین.../ ب رستەیەکێ یان دەستەواژەیەکێ دەربڕین ژ هەستێن خۆ یان بارەک مرۆڤینی کر، ئەو کەسە تۆڤێ داهێنانێ د وی دا هەیە، تۆڤی بۆ وەرارێ پێدڤی ب ئاخەکا ب پیت و چاڤدان و سەقایەک گۆنجای هەیە، هەر وەسا داهێنانێ ژی پێدڤی ب پویتەدان و چاڤدێرییێ بۆ گەشەکرنێ، و بەهرە پێدڤی ب حولیکرنێ هەیە، هەکە دێ د جهـ دا مینیت تاکو خراب دبیت و دڕزیت، وەسا ب زکمامی مرۆڤ د بەهرەمەندن، لێ بەهرەمەند دبیت د ژینگەهەکا نەگۆنجای دا بیت، ئەگەر ئەو شڤانەک ڤەدەر یا گۆندییەک بەلنگاز و ژبیرکری د ژینگەهەکا هزر گرتی دا بیت، ل وی دەمێ هەکو نیشانێن داهێنان و بەهرەمەندیێ ل جەم پەیدابوون، ب باشترین کاودان ب دیناتی یان هنگاڤتنا ئەجنان دهێتە نیاسین، چنکو ئەوی تشتەک نامۆ و نەکەهی ئینایە، لەورا هەر کارەک نامۆ د جڤاکەک پاشڤەمای دا دبیتە ژ کارێن گاوری، سێهربەندی، مولحدی، زەندیقی... (بەهایێ رەنگان و کارتێکرنا وان ل سەر هەستێن مرۆڤی دبیتە ئەگەرێ چێکرنا وی وێنەیێ هەستدار ئەوێ ماکا هزرێ ژێ چێدبیت) (١). سپیێ فریشتایی، رەنگێ پاکی و پاکیزایێ یە، (ئێزدینە جل سپینە بەهەشتینە) جلکێن

زەرەدەشتییان و حەجیان سپینە، بەروڤاژی رەنگێ رەش رەنگێ هەرە تارییە و نیشانا تارییا تمام و نەمانا دیتنێ یە، ئەو هێمایا خەم و ترسێ، نەبوون و نەمانێ یە، ب رەشبینیێ ڤە هاتییە گرێدان و قەل ژبەر رەشیێ هێمایێ رەشبینیێ و ئیبلیسییە، هەروەسا کولا رەش ب (تاعوون) هاتییە نیاسین.

**دەرازینک:**

هێز و مەودایێ وێ دەڤەرا هەڤپشکا د ناڤبەرا وێژە و هۆنەری دا ڤەدگەریت بۆ رادەیا پێدڤیبوون، و هێزا پەیوەندی و مفا وەرگرتنا هەر ژانرەکی ژ یێ دی یە، کو د ئەنجام دا وەکهەڤییا ئەرک و رۆلێ ژانرێن وێژەیی و جۆرێن هۆنەرێ د پەیاما مرۆڤانە و هۆندر سرۆشتێ د ناڤبەرا وان دا / ژێکوەرگرتن/ دیاردبیت، چنکو هەردو ژ گۆتار و پەیامێن داهێنانێ یێن بۆ مرۆڤی؛ ب ئارمانجا ڤەژاندن و گەشەکرنا مرۆڤبوونێ پێکدهێن، یەک ب قەلەمی یەک ب رەنەک/ فلچە/ ی دەربرینی دکەت، د ڤێ دەڤەرا هەڤپشک دا زمانەکێ نیمچە هەڤپشک و تێکەل هەیە، وەکو دەستەواژەیێن/ دەریا هێمایان، مۆزیکا رەنگان، سەلیقەیا نەخشان، سەمایا پەیڤان، خوەزایا شێوەیان، دەنگێن



تابلۆیان، کووراتیا دەربرینێ، بیاڤێ دەقی، رەهەندێن هەڤدژ و هەڤواتا، دویراتیێن دیتی…/ ئەڤ وەکهەڤییە ژ هۆنەرێن مۆزیک، نیگار، پەیکەرتاشی، نەخشەسازی.. دگەل ژانرێن وێژەیی ژ شعر، چیرۆک، ئەفسانە، داستان، شانۆ ل دەڤەرا هەڤپشک هەڤ هەمبێزدکەن، لەورا» شعر چاوابیت، نیگار ژی وەسا دبیت، ئانکو تابلۆ هەلبەستەکا بێ پەیڤە« (٢). ب رێکا پەیوەندییا نڤیسەری ب هۆنەرێ شێوەکاریێ، پتر هزر و کەساتییا نڤیسەری رۆهن دبیت و پتر رۆناهیێ بەردەدت سەر نڤیسینا وی، ئانکو چەند نڤیسەر شارەزای هۆنەران بیت، بەرهەمێ وی کویر و راستگۆتر دبیت، هندی پەیوەندییا وێژەیە ب سەما و مۆزیکێ ئەو گرییا پێکڤەگرێدانێ یە د ناڤبەرا وێژە و هۆنەرێن وێنەدار دا» ب سەدان شاعر و هۆنەرمەندان کارتێکرن و کارلێکرن لێکگوهارتینە، شاعری هایدان ژ تابلۆ، وێنە، نیگار، پەیکەر..وەرگرتینە و ئەو هایدان د هەلبەستەکێ دا تۆمارکرییە، دیسان نیگارکێشی، وینەگری، باشنڤیسی، تەلارسازی.. هایدان ژ شاعرەکی وەرگرتینە، ئەڤە چیرۆکا لێکگۆهارتنا هۆنەرانە ئەوا بۆ سێ هزار سالان ڤەدگەریت» (٣). ئانکو پەیوەندی و دەڤەرەک هەڤپشک د ناڤبەرا وێژە و نیگارکێشیێ دا هەیە، موزیکژەنێ ئەلمانی هاوزەر: (هەوە لایەنێ دۆژەهی نەیێ جوانکاری ژ رویدانا ١١ – سیپتەمبەرێ دیت)!

**هۆنەرمەند:**

هۆنەرمەند بنەمایێ کارێ هۆنەرییە، کارێ هۆنەری ژی بنەمایێ هۆنەرمەندییە، هۆنەرمەند و هۆنەر تمامکەرێن هەڤن و ب کارتێکرن و کارلێکرنا یەکتر تشتێ سێیێ

پەیدابیت، کو پێشی هەردوویانە و هەردوو ناڤێ خۆ ژێ وەرگرن ئەوژی کارێ هۆنەرییە!

ب هزرا من هەر کەسێ ب رستەکێ، هزرەکێ، نیگارەکی، سترانەکێ/ ژەنینەکێ، نڤیسینەکێ ...، دەربرینێ ژ هەستێن خۆ یان کاودانەک مرۆڤینی ب شێوەیەک هۆنەری بکەت، ئەو کەسەکە تۆڤەکێ داهێنانێ د ناخی دا یە، و بۆ گەشەکرنێ تۆڤی پێدڤی ب ئاخەک پێت و چاڤدان و سەقایەک گۆنجای هەیە، هەر وەسا داهێنان پێدڤی ب گرنگیپێدانێ یە بۆ گەشەکرنێ و بەهرە پێدڤی ب حولیکرنێ یە، ئەگەر نە دێ ئەو تۆڤ د جهێ خۆ دا رزیت، مرۆڤ ژی وەسا ب زکماکی د بەهرەمەندن، لێ دبیت بەهرەمەند د ژینگەهەک نەگۆنجای دا شڤان یان گاڤانەکێ ژبیرکری د جڤاکەکێ هزر گرتی دا بیت، کو ل دەمێ پەیدابوونا نیشانێن بلیمەتی و داهێنەریێ ب دینبوون و سەرداچوون و هنگاڤتنێ دهێتە تاوانبارکرن، چنکو تشتەک دەرڤەی نەریتێن جڤاکی ئینانە، و نها باشترین ژینگە رۆژهەلاتا ناڤەراستە ئەوا گەشەیێ نەکەت و پێشنەکەفتنێ رەتدکەت، ئەوا ل ژێر سها ڤان سەرکردایەتیێن عەقل خیفی/ غەیبی/ و هزر بەدەوی و هۆزەکی، ئەوا ب باشترین کاودان دا تێدا هێشتا سەرۆک خۆزان / مۆلهە/ ئەوە یێ هەر تشتی ددەت و دستینیت ژ نانی تا گیانی! هەروەکو ستەمکاری گۆتی: ئەز زەمبەلا خۆدێ مە ل سەر رزقێ بەنیێن وی! یان گەندەلێ وێ: ئەورۆ کیڤە بچی؛ هەرە، باچا تە هەر دێ ڤەگەڕیتە دەستێ من! ئەڤە ب شانازی د گۆتاران دا دهێتە گۆتن، لێ ئەو نەنیشانا هێز و مەزنی و دەستهەلاتێیە هندی دەربرین ژ ستەمکاریا تاکێ خۆزان! مخابن نها ژی د کەرتێ پەروەردە و فێرکرنێ دا، کو هزردکەم پەروەردە هەما یا زێدەیە و فێرکرن یا لەنگ و شلکییە، چنکو وانەیێن هۆنەر، سروود و وەرزش ل شوینا وانەیێن داهێنان و ڤەدیتنا شیان و بەهرەیێن خویندکاران بن، بووینە وانەیێن بێهنڤەدانا ماموستایان یان تەمامکەرێن وانەیێن بابەت ڤەمای و تمامنەکری!

«دبیت بۆ تێگەهشتنا مرۆڤی؛ ژبلی د هۆندری یا هۆنەری دا چ رێک نەبن» ڤێژەڤان (نادین گوردیمیر) ب زانابوون یان ژنەئاگەه د ڤێ رستەیێ دا خوەرسکا پتریا مرۆڤان تێدا د هەڤپشک دگەهینیت، ئەوژی مایتێکرنە د ئاشکراکرنا نهێنییان دا.

گەلەک رێک هەنە کو مرۆڤ پێ دەربرینێ ژ ناخێ خۆ بکەت، چنکو مرۆڤ بۆنەوەرەکە حەزا دەربرینێ ژ هەستێن خۆ هەیە، چ ب گۆتن، خامە، رەنەک، و جاران شعرەکێ دبێژیت یان ئاوازەکی ل سەر ژەنەکی / وتر/ دژەنیت، شێوازێ دەربرینا مرۆڤان ژ هەستێن خۆ ژێکجودانە، ئەڤە جوداهییە ڤەدگەڕیت بۆ گەلەک هۆکاران وەکو شیان و حەزێن کەسی، پاشخانەیا جڤاکی، دینی، کلتوری و رەوشەنبیری د ناڤبەرا خەلکی دا (٤).

## نیگار و وێژە:

ئەڤە د گەلەکیا خواندنێن گرێدای تابلۆیا جیوکاندا/ مونالیزا/ وەک نموونە دیاردبیت، کو هژمارەکا هەلبەستان ڤەڕێتنە، لەورا دێ چەند نموونەیەکا بەرچاڤکەین:

١- مونالیزا- ئیدوارد دودن (٥) هوزانڤانێ ئیرلەندی ١٨٤٣- ١٩١٣.

٢- ژن- برونو ستیڤان شیرر (٦) هوزانڤانێ ئەلمانی ١٩٠٧- ١٩٨١.

٣- جیوکاندا — توماس مکجرڤی

هەروەسا گەلەک هۆزانڤانێن دی هایدان

ژ وێنە و تابلۆیان وەرگرتینە، چنکو «چاڤ دشێت هویرتر ژ گوهی تشتان ژ هەڤجودا و خۆیابکەت؛ و تیشکا ڕۆناهیێ ژ پێلا دەنگی زویتر دگەهیت، لەورا کارتێکرنا رەنگی ل سەر مرۆڤی پترە، و پتر مرۆڤ دشێت هەلچوونا جوانگەری و ئەیستەتیکی ((فەلسەفەیا جوانیێ)) (٧) د وێنەیان دا « وەکو (بیت برشبیل) ئەوی دیوانەک تمام ژ هایدانا تابلۆیێن جودا وەرگرتی و ب ناڤێ / وێنە و ئەز/ ل ١٩٦٨ێ نڤیسی.

هەروەسا هۆزانڤان (برستیل) ژ هایدانا تابلۆیا / زورافەیا سۆتی/ یا سلڤادور دالی، و هۆزانڤانێ ئەلمانی (پیتەر یوکوسترا) (٨) ژ تابلۆیا / چەند کەس و سەیەک ل بەر تاڤێ/ یا هۆنەرمەندێ ئیسپانی (خوان میرو) هایدان وەرگرتی، دیسان تابلۆیا / زەڤییا گەنمی دگەل قەلان/ یا (ڤان کوخی) کو داوی نیگارێ ڤان کوخی بوو؛ بەری خۆ بکوژیت، ئەوا تاڤیەکا دەقێن شعرییێن مەزنە هۆزانڤانان ژێ ڤەڕژتی.

هەروەسا و ب هەمان تەرز ڕۆمانا / کودێ داڤنشی/ یا نڤیسەر (داون براون)، کو تابلۆیێ (مونالیزاییێ) ڕۆلێ ناڤەندی و گرنگ تێدا هەیە، چنکو ئەو تابلۆ کلیلا سەرەکی و ئێکانەیە بۆ / نهێنییا جامەیا پیرۆز/ ب هەمان شێوە تابلۆیا / شیڤا دووماهیێ/ یا عیسای و شاگردێن وی، ئەوا ب نهێنی و هێمایان داگرتی، د ڤی تابلۆی دا داکوکیێ ل سەر پەیوەندییەکا رهدار د ناڤبەرا وێژە و هۆنەری دا کرییە. یان (پرا میرابو) ل پاریس کو ناڤێ وی د چەند هەلبەستێن (ئاپولینیر) (٩) دا هاتیە، دیارە هۆزانڤانی ژی وەکو نیگارکێشی نەریتەک هەیە، ئەوژی بێدارکرنا بیرئانینا هەر جهەکێ لێ نیشتەچی یان تێرا دەربازبووی هەیە، ب تایبەت جهێ زارۆکینیێ و ئەڤینا ئێکێ (گۆتنە کەوی کیش جە خۆشترە، گۆت ئەو جهێ لێ بوویمە تێشک).

## ئەزێ چیرۆکنڤیس و ستار عەلیێ نیگارکێش:

کەرەستێ سەرەکیێ وەکو وێنە د تابلۆیێن هۆنەرمەندێ کورد (ستار عەلی)دا دهێتە دیتن، کەڤرن! وەسا دیارە خەریبی بۆ کەڤرێن گۆندێ خۆ یێ زارۆکینی لێ بوراندی دکەت، یان پێکهاتەیێ سەرەکیێ سرۆشتێ وەلاتێ وی، هاندایە کو کەڤران بکەتە هیڤینێ نیگارێن خۆ. ئەوی خەریبیا پزدان و ژینگەها یەکێ ب شێوەیەکێ هۆنەری د تابلۆیان دا دەربڕین ژێ کرییە، ئەوی ڤیایە ڤێ پەرۆشیێ سوفییانە ب هێما و ئاماژە و نیشانان دەربڕیت، ب نیگارکرنا کەڤر و شکەفتان ئاماژە ب سرۆشتێ تایبەتێ گۆندێ خۆ (زێوە پیرامیس) دایە، کو نە ل بنارێ یە، ئەو د گەلییەکی دایە، د هەمبیزا چیایێ مەتینی دا ، گۆندێ مینا پزۆیێ د گەرم و ئێمنە پزدانا دایکێ دا یە، لەورا هەر پارچەیەک ژ گۆندی دبیتە پارچەیەکە ژ هەمییا چیایی، ل شوینا ڤەگێڕانا بەیت و ئەفسانەیێن دلداریا سوفیان ئەوێن ل بەر کوچکان / دهاتنە ڤەگێڕان، ستران و لاڤژەیێن ئەڤینداران ل شەڤەڕۆکێن ستاری هێرانێ ..، ب رەنەک و رەنگان تراژیدییێن مللەتێ خۆ مینا زڤرۆکا ئاڤێ نیگارکرینە و کەڤر وەکو ئازرێنەر بۆ راکێشانا چاڤێ بینەری بەرەڤ کویراتیێ. ئانکو ژ کەڤری بەرەڤ کەڤری، هەچکو دبێژیت کو مرۆڤێ کورد و چیا هێز و وزەیا خۆ ژێکوەردگرن! ڤیان و خۆراگرییا مرۆڤێ کورد ژ رەقییا کەڤرانە! دبیت شکەفت پەناگەه و پزدانا یەکەم بیت بۆ مرۆڤێ دەستپێکی، لێ ئەو پەناگەهێ گەرم و ئێمن دیارە بۆ هۆنەرمەندی و مللەتێ وی هێش

قۆناخا دەستپێکی دەربازنەبوویە! چاوا د وی سەرمی دا مرۆڤی خۆ ژ دەهبە و هۆڤان وەسا ل ڤی سەردەمی هێش کورد ب شەکفتان خۆ ژ هۆڤێن مرۆڤ دپارێزن!

ئەوی ب ئێخستنا زومێ ل سەر کەڤران ستایلەک تایبەت و ناوازە بۆ خۆ هەلبژاردییە، دەمێ گۆژیا زەرەبینا چاڤی ددەتە دێمێن کەڤرین، وەکو دەربڕین ژ هەلگرتنا هیڤی و هێز، خەم و رەقاتی...، د وێنەیێ رەش و سپیێ / کۆبانێ/ دا، هەلاتگەریانە بینەری ڤەدگەڕینیت هەڤڕکیا هەردەمییا ئاهۆرا و ئەهریمەنی، ژیوارێ جوتکارێ چیا و تالانچییێن بیابانێ، سپی هێزا پێت و بەخشینیێ و رەش سەرگەرمییا ب سەرداگرتنێ!

د تابلۆیێ ئەنفال دا دێمێن کەڤرین د باڤ و پێتی و پەتخینە، چاڤ ب ئاخیڤە د شۆر، گیان ب ئەسمانی ڤە د هەلاویستی و دل ب گەروویيان ڤەد گڤاشتی، ڤیژییێن دەروونێن شکەستی د هناڤان دا خەندقی، ئەو دیمەن نەتنێ درویکرنا خۆشباوەری و براییییا یەک لایەن بوو، بەلکو فرەهکرنا کەلشتەیا / گاوری و ئیبلیسکرنێ/ د بیردانکا کوردی دا بوو!

لێ تابلۆیێ شنگال بیرئانینە بۆ هەلکێشان و بلندبوونێ، ئەو فشارێ ل بیردانکێ دکەت، کو نابیت چیایێ شنگالێ یێ هزار سالا شەنگیا خۆ پاراستی، ب کرێتە رەشی بهێتە داپۆشین، ئەو بانگێ هشیارکرنا ئاگەهی/ چارەنڤیس/ د نەهشێ مرۆڤێ کورد دا هەلددێریت، کو ئارمانج کرێتکرنا جوانیێ یە، و شنگال ب هەمی هێما و نیشان و ئاماژەیێن خۆڤە یا پیرۆزە، و مێیاتی سەرڕێژبوونا نهێنییانە، ئەو دایکا پیرۆزە یا هەر بەرسینگێ موغلاجییێن بەریێ گرتی، ئەوێن ژن کرینە ئارمانج چنکو ئەو ژیان و بیردانک و کەنجینەیا ئێزدبوونێ یە، و ئێزدبوون ئەو کوردبوونە یا ل سەر حەلاندن و بوهۆژاندنێ ئەستەم، ئەو ب زمان و ئۆل یەکن و یەک و دابەشیێ بەگەم ناکەن.

## ئەزێ چیرۆکنڤیس و ستارێ هۆنەرمەند:

یەکەم بەشداریا من د گۆڤارا / پەیڤ/ ژمارە (١١) دا، ب کورتەچیرۆکا / گۆڤەندا شازادێ/ بوو، ئەوا هایدان و هزرا وێ چیرۆکێ من ژ تابلۆیەکا نیگارکێش ستاری وەگرتی، دەمێ رێڤەبەرێ تەلەفزیونا / گەلی کوردستان/ ل سالا ١٩٩٤ێ. و رێککەفت کو ئەو یەکەم چیرۆک بیت د کۆمەلەیا کورتەچیرۆکێن / پێتیبوونا رەنگان/ دا، ئەوا ب سوپاسیڤە دەزگەهێ / هاڤیبوون/ ل بەرلینێ چاپکری، دیسان کورتە چیرۆکا / پێتیبوونا رەنگان/ ب خۆ دەقەکە هایدانا وێ هەر گرێدای (ستار)ی یە، ئەوژی دەمێ من سەرەدانا وی کری، کو هینگێ مالا وی ل جهەکێ بلندێ تاخێ / شیڤەشورکێ/ بوو، خانییەکێ کەڤن ژ دو ئودەیێن شهگرتی، د حەوشەکا ڤەکری یا جوتەکێ هژیرێن مەزن ل لایەکی سیبەردکر، ل ژێر وان هژیران ستاند دانابوو، خانیێ رۆژهەلاتی یێ کەڤن و بەلگێن هژیرا ئەوێن بەرەڤ زەربووی و وەریانێ، فشارا کاودانێن ژین و ژیارا سەخت، هەمی پێکڤە ببوونە تابلۆیەکێ زیندنیێ پێتی و باڤ، بوونە هێڤێنێ ڤێ چیرۆکێ.

## وێژە و هۆنەر:

ڤەگێران د شعرێ دا گەلەک جودانینە ژ بکارئینانا کەرەستەیێن هۆنەری، چ هایدانا وێنەکرن یان بکارئینانا رەنگان ب هەمی هێما و ئاماژەیێن دهەلگرن، ئانکو شیانا هۆنەرمەندی ل سەر دەربڕینێ ب گۆتنی هەڤتەریبە دگەل رەنگکرنێ، ئەگەر ئامراز

درست هاتنە بکارئینان.

گرنگییا بکارئینانا رەنگی ب گۆتن د شعرێ دا، نەکێمترە ژ بکارئینانا وی د تابلۆی دا، نڤیسەر و هۆنەرمەند بزاڤێ دکەن ب باشترین شێوە پەیامێ بگەهینن وەرگری، ژ یا بوری دیاردبیت کو کارتێکرن و کارلێکرنا مەزن د ناڤبەرا وێژە و هۆنەری دا هەیە. ل ڤێرە پەیوەندییا موکوم د ناڤبەرا نڤیسەر و هۆنەرمەندی دا ب رۆهنی دیاردبیت، کو د بەرهەم و شێوازێ وان یێ هزری و داهێنانا پیشەکار دا رەنگڤەددەت. دەق چەند راستگۆتر و دەربرین کویرتر و هەستدارتربیت، ئەو پیڤەرێ سەرکەفتنا ئافرێنەرییە، شاعر و هۆنەرمەندان کارتێکرن و کارلێکرن لێکگوهارتییە، دەمێ شاعران هایدان ژ وێنە، نیگار، پەیکەر، میل، تەلارسازی، گۆلدان... وەرگرتین و د دەقێ شعرێ دا بکارئینایین، هەروەسا نیگارکێش، وێنەگر، نەخشەساز، باشنڤیس... ژ هەلبەستێن شاعران هایدان وەرگرتییە، وەکو وێنەیێن/ شەرەفنامە/ یان نیگارێن ل دێران د چەرخێ رێنسانسی دا..، پەیکەرێن خوداوەندان ل هندستانێ .. ئەو نیگار و پەیکەر بەرجەستەکرنا ئەفسانە، داستان و پەیڤێن شاعرانە، ئەوێن د ئاشۆپا خۆ دا هزرکرین و ب کێش و سەروا دارشتین، هەروەسا مۆزیک و ئۆپێراییێن ناڤدار.. ئەڤ پەیوەندییە بۆ پتری سێ هزار سالان ڤەدگەریت (١٠)

هاندەرێ بنەرەتی بۆ پێکهاتەیێ هزرێ د بنەمایێ هۆنەری د تابلۆی دا، ئەو د نیگارکرنێ دا متمانەیێ ل سەر ئاڤاکرنا هزرێ دکەت ، دبینین هەڤگرێکا / سیاق/ ناڤەرۆکێ ژ هێما و ئاماژەیان پڕە، ئەڤ دارشتن نەرەڤینەکە ژ چاڤدێرەکی یان سەپاندنە، بەلکو دەقی رەنگین دکەت و بیاڤەکێ بەرفرەهێ هزر و داهێنانێ ددەتێ، چوونا د ناڤ جیهانا تابلۆیان دا دخوازیتە خواندنا هویرییان، لەورا دبینین گەلەک تابلۆیان هزر و هایدان ژ دەقەکێ ئەدەبی وەرگرتییە، و د چەرخێ نوی دا چیرۆک و رۆمانێ د بەرهەمهێنانا هۆنەری دا رۆلێ سەرەکی گێڕا.

دەهمەن و پەراوێز:

(١) فەلسەفەیا جوانیێ، غەیاسەدین نەقشبەندی، ٢٠٢١، لپ ٣٥٥.

(٢) هوراتیوس (٦٥ – ٨ پ.ز)، هوزانڤانەکێ سترانکی و رەخنەگرەکێ رومانی بوو.

(٣) د. عبد الغفار مکاوی – قصیدة وصورة –عالم المعرفة، عدد (١١٩)- ١٩٨٧.

(٤) علياء كنعان، الجزيرة نت، ميدان، ٢٠١٨/٩/٩.

(٥) هوزانڤانێ ئیرلەندی ١٨٤٣ – ١٩١٣.

(٦) هوزانڤانێ ئەلمانی ١٩٠٧ – ١٩٨١.

(٧) فەلسەفەیا جوانیێ، غەیاسەدین نەقشبەندی، ٢٠٢١، بپ ٣٥٥ .

(٨) یوهان پیتەر ئێکرمان ١٧٩٢ – ١٨٥٤.

(٩) شاعر، شانۆڤان، چیرۆکنڤیس و رەخنەگرێ هۆنەرییێ فرەنسی ١٨٨٠ – ١٩١٨.

(١٠) عبدالغفار مکاوی، قصیدة وصورة - مجلة عالم المعرفة، عدد١١٩ -١٩٨٧.

ژێدەر:

١- صلاح بيصار، كتابة بالالوان، مجلة الهلال( عدد خاص: عش الف عام)، ديسمبر٢٠٠٥.

٢- سمير غريب، فی تاريخ الفنون التشكيلية، دار الشروق، ص٦٦.

٣- رينية ويليك و ئۆستن وارن، نظرية الادب، ت: محي الدين صبحي. مراجعة د. حسام الخطيب، المؤسسة العربية للدراسات و النشر،ط٢، بيروت،١٩٨١، ص١٣٣.

٤- چەند مالپەرێن ئینتەرنێتێ.

# ئەحمەد شوكری، یان دوكتۆر شۆ كێیە؟

د. ئازاد هیدایەت دەلۆ
(زانكۆی سۆران- كۆلێژی ئاداب)

بەم ناوونیشانەی سەرەوە زیاتر لە بیست ساڵ دەبێت دەسنووسێكم لە لایە و لە دووتوێی پەڕە كۆن و زەرد هەڵگەڕاوەكانی كتێبخانەكەمدا لەگەڵ چەندان دەسنووسی تر پارێزراون، ئەمەیان بە خەتێكی زۆر جوان و شاش و گەورە نووسراوەتەوە و هەر خەتی خوالێی خوشبێت ئەحمەد شوكری خۆیەتی، چونكە زۆر بە ڕاشكاوانە باس لە خۆی و بەرهەمەكانی دەكات و لە كۆتاییشدا ئیمزای خۆی كردووە، وا ئێمەش دەقاودەق بە ئەمانەتەوە وەك خۆی دەینووسینەوە و بە ئومێدی زیاتر ناسینی ناوبراو لەگەڵ بەرهەمەكانی دەیخەینە پێش چاو.

- ئەحمەد شوكری كوڕی حاجی شێخ محەمەدی حاجی شێخ عەبدولسەمەدە، بە ڕەگوڕیشە ئەچێتەوە سەر (شێخ عەلییە كۆسەی دۆڵ پەمو).

دۆڵ پەمو گوندێكە لە قەزای شارباژێڕ ناوندەی سرۆچك (بەرزنجە) پارێزگای سلێمانی. ئەحمەد شوكری لەساڵی ١٣٣٠ ی كۆچی لە شارە خنجیلانە بچكۆلانەكەی (هەڵەبجە) پارێزگای سلێمانی پێی ناوەتە جیهانی پڕ مەینەتییەوە، لە تەمەنی پێنج ساڵانیدا لە لای دایكی (حەلیمە) دەستی كردووە بە خوێندنی ئەلف و بێ، تا چاوی بە خوێندن

و نووسین ڕاهاتووە هەر لە لای دایک و باوکی خوێندوویەتی.

ئەحمەد شوکری ئینجا چووەتە حوجرەی فەقێیان لەم شار و دێهاتانە کە ناویان ئەبەین خوێندوویەتی (هەڵەبجە، سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، کفری، خانەقین، کۆیە)، گوندەکان (بیارە، وارماوە، واتە فەقێ جنە، کەلار، قەرەبلاغ، کوڵەجۆ).

ئەحمەد شوکری لە قوتابخانەی میری نەیخوێندووە، بەڵام بە ئاوەکی (خارجی) شەهادەی سەرەتایی و سێی ناوەندی وەرگرتووە. ئەحمەد شوکری نامیلکە عەرەبییەکانی حوجرەی بەشی زۆریانی خوێندووە وەک نەحوو، سەرف، بەلاغە و مەنتیق و تادوایی. ئەحمەد شوکری کەشمەکەش و بەسەرهاتی خۆی نووسیوەتەوە، زیاد لە هەزار لاپەڕەیە، لەساڵی ١٩٢٨ پێنووسی ئەحمەد شوکری کەوتووەتە نووسین، لە پێشان بە فارسی نووسیویە، چونکە نووسینی کوردی بڵاو نەبوویەوە. لە خانەقینەوە نووسینی ناردووە بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئێران بە تایبەت ڕۆژنامەی (شوورا) کە لە تاران دەردەچوو.

ئەحمەد شوکری هەر لە منداڵییەوە خولیای نووسینی هۆنراوە لە مێشکیدا خولی خواردووە و هەر خول ئەخوات تا ئەچێتە گۆڕەوە.

ئەم نامیلکانەی لە سەر شانی خۆی خستووەتە پێش چاو خوێندەواران:

١- (شەڕی پشیلە و مشک) بەرگی یەکەم کە دوو بەرگە کە ٢٠ لاپەڕەیە، لە شوباتی ١٩٥٨دا لە کەرکووک لە چاپخانەی شیمال چاپ کردووە (١٠٠٠) دانە، یەکی بە ٥٠ فلس.

٢- (ئامۆژگاری) بەرگی یەک کە پێنج بەرگە لە ١٩٥٨/٩/٢٥ لە چاپخانەی کامەرانی لە



ئەحمەد شوکری

سلێمانی چاپ کردووە، کە ٢٤ لاپەڕەیە و نرخی ٥٠ فلسە.

٣- (پێبکەنە) بەرگی یەک کە دوو بەرگە، لە ٢٠ کانونی دووەمی ١٩٥٩دا پێشکەش بە خونەرەوان کردووە کە ٤٦ لاپەڕەیە بە ٦٠ فلسە.

٤- (مژدە) بەرگی یەکەم کە دوو بەرگە لە ٢٩ تشرینی یەکەمی ١٩٥٩دا لە چاپخانەی کامەرانی لە سلێمانی چاپکردووە، ١٥ لاپەڕەیە، دانەی ٣٠ فلسە.

٥- (هەمە جۆر) بەرگی یەک کە ٢ بەرگە لە سلێمانی لە چاپخانەی کامەرانی چاپ کردووە، دانەی بە ١٠٠ فلسە، ٧٤ لاپەڕەیە، لە ١٩٦١/٢/٢ کەوتووەتە بەر چاوی خوێندەواران، وە وێنەی هەندێ لەوانەی کە مێژووی دوا کۆچی لە سەر ژمارەی ئەبجەدی بۆ داناون وێنەیانی تیایە و ئەوەش ناوەکانیان:

١- شاعیری نەمر پیرە مێرد حاجی تۆفیق.

٢- شێخ عەلائەددین نەقشبەندی.

٣- شێخ نووری شێخ ساڵح شاعیری شیرین وتار.

٤- بێخود مەلا مەحموود شاعیری کوردی فارسی.

٥- شێخ مەحموودی نەمر، شۆڕشگێڕ.

٦- بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە وێنەی کاوەی ئاسنگەر.

٧- لافاوەکەی ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٧ باسی کارەساتەکە.

ئەم نامیلکانەی کە چاپی کردوون پارەی چاپکردن لە گیرفانی خۆی دەرچووە، لەسەر کاغەزی ڕۆژنامە، چونکە کاغەزی ڕۆژنامە وەک مژۆک وایە زوو وشک ئەبێتەوە و پیتەکانی جوان دەرئەکەون.

٦- (پێنجینەی شۆڕش) بەرگی یەکەم کە ٢ بەرگە لە چاپخانەی کامەرانی سلێمانی،


احمد شوکری یا دوکتور شۆکی یە؟.
ئەحمەد شوکری کوڕی حاجی شێخ محمد ی حاجی شێخ عبد الصمدە. بە ڕەگ و ڕیشە
ئەچێتەوە سەر شێخ علی ی کوسەی [دۆڵ پەموو].
دۆڵپەموو گوندێکە لە قەراغی شارباژێر ناوچەی سەرۆچک [بەرزنجە].
پارێزگای سلێمانی.
ئەحمەد شوکری لە ساڵی ١٣٢٠ کۆچی لە شارە فنجیلانە بچکولانەکەی [هەڵەبجە]
پارێزگای سلێمانی پێی ناوەتە جیهانی پڕ مەینەتیەوە. لە تەمەنی پێنج ساڵانیدا
لە لای دایکی [حەلیمە] دەسی کردووە بە خوێندنی ئەلف و بێ. تا چاوی بە خوێندن و نووسین
ڕاهاتوە هەر لە لای دایک و باوکی خوێندوویەتی.
ئەحمەد شوکری ئەنجا چووەتە حوجرەی فەقێیان لەم شار و دێهاتانە کە ناویان ئەبەین
خوێندوویەتی [هەڵەبجە، سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، کفری، خانەقی، کۆیە]
گوندەکان [بیارە، وارماوە، یالی فەقێ حەبە، کەلار، قەرەبلاغ، کولەجو]
ئەحمەد شوکری لە قوتابخانەی میری نەی خوێندوە. بەڵام بە ئادەکی [خارجی]
شەهادەی سەرەتایی دەستی ناوەنجی وەرگرتوە. ئەحمەد شوکری نامیلکە عەرەبیە
کانی حوجرەی بەشی زۆریانی خوێندوە وەکو نەحو بسرف. بەلاغە و
مەنتیق تا دووای.

٦٥ لاپەڕەیە، نرخی ١٢٠ فلسە، لە ١٩٧٠/٧/٥ کەوتە بازاڕەوە.

ئەحمەد شوکری خاوەنی ١١٩ هەزار هۆنراوە و (١٤٠٠ چیرۆکە، چیرۆکی وای هەیە (١٠ لاپەڕەیە) کە هینی واشی هەیە زیاد لە ٤٠ لاپەڕەیە. ڕۆژ بە ڕۆژیش چ هۆنراوە چ چیرۆک لە زیاد بوونایە، پەیمانی داوە کۆڵ نادات لە نووسین تا دەس و پەنجە و چاوی کار بکات.

ڕەنگە هەندێ کەس بڵێن ئەوە ئەحمەد شوکری بۆچی نامیلکەکانی وا ورد و بچووکە، بۆچی گەورە نین؟ ئەی ئەو کەسەی کەوا ئەڵێت بە ڕای ئەحمەد شوکری ئەوی خۆشی بێت لە خوێندنەوەی نامیلکە و گۆڤار و ڕۆژنامەیە بەشی زۆریان گیرفانیان پۆت و پووچە، ئەگەر نامیلکەیەک لە چواریەکە دینارێک زیاتر بوو ناتوانێ بیکڕێت ئەو گیرفان پووچە.

خاوەن سامان بە دەگمەن حەز لە خوێندنی نامیلکە و گۆڤار و ڕۆژنامە ئەکات، هەر ئەیەوێ پارە کۆکاتەوە خوێندنەوەی بۆ چییە؟.

جا ئەگەر بەشی دڵدارییەکانی کە کردوویەتی بە ٨ بەشەوە بە جارێک چاپی کە کردایە زیاد لە ٥٠٠ لاپەڕەیە، ئەبێ نرخی لە دیناریش زیاتر بێت.

جا ئەمە بۆ گیرفان پووت دەس نادات ناتوانێ بیکڕێت، ئەبێ هەردەم بتەقێنێ و بڵێت خۆزگە پارەم ئەبوو ئەو نامیلکەیەم ئەکڕی، بەڵام بە چواریەکە دینارێک بێت ئەتوانێ هەر چۆنی بێت بیکڕێت.

ئەنجا لە بەر ئەم هۆیەیە ئەحمەد شوکری وا پارچە پارچە چاپیان ئەکات.

ئیمزا : د. شۆ

# ئانتۆن پاڤلۆڤیچ چیخەف لە ئاوێنەی دەقدا

گەلاوێژ عوسمان زادە
(بۆکان)

**کورتەیەک لە ژیانی چیخەف**

«ئانتـۆن پاڤلۆڤیـچ چیخەف»پزیشـک، نووسـەر، تەنزنـووس و شانۆنامەنووسـی بـە نێوبانگـی ڕووسـییە، سـاڵی١٨٦٣ لە «تاگانروگ»ـی ڕووسیا لـە دایـک بـووە و ١٩٠٤ لـە «بـادن وایلر»ـی ئەڵمـان کۆچـی دوایـی کـردووە، ژیانـی کورتـی بـە هـۆی نەخۆشـی سـیلەوە بووەتـە هـۆکاری نووسـینی کورتـە چیـرۆک کـە لەگـەڵ نووسـەرانی بە نێوبانگـی وەک «گۆگـۆڵ، مۆپاسـان و ئیـدگار ئـالان پـۆ» لـە گرینگترین کورتـە چیرۆکنووسـانی جیهـان بـە ئەژمـار دێـت. لـەم مـاوە کورتـەدا توانیویەتـی ٧٠٠ بەرهەمـی ئەدەبـی بخوڵقێنـێ، هەروەهـا کۆمەڵێـک شـانۆنامەی سـەرکەوتووی لـە دوای خـۆی بەجـێ هێشـتووە، چیخـەف سـاڵی ١٨٨٠ خوێندنـی لـە زانکـۆی مۆسـکۆ لـە بـواری پزیشـکیدا دەسـت پـێ کردووە، هـەر لـەم ساڵەدا یەکـەم نووسـینی بـڵاو کردووەتـەوە، هـەر بۆیـە سـاڵی ١٨٨٠ بـە دەسـپێکی نووسـەریی چیخـەف دادەنـرێ.

چیخـەف لەگـەڵ نووسـەرانی بەنێوبانگـی جیهانی وەک سـتاندال، تۆلسـتۆی، بالـزاک، گوسـتاڤ فلۆبێـر و دەستۆیڤسـکی لـە سـەر شـێوازی ڕیالیـزم کاری کـردووە و توانیویەتـی کورتـە چیـرۆک، نامـە، شـانۆنامە و دوو چیرۆکـی درێـژ بـە نێـوی «کارەسـات لـە ڕاودا و بیابـان» بنووسـێ.

## ماکەکانی چیرۆک لە کارەکانی چیخەفدا

### نێوی چیرۆک:

نێوی چیرۆکەکانی چیخەف تا ڕادەیەک ناوەڕۆک ئاشکرا دەکەن، هەڵبەت ئەم لاوازییە تایبەتمەندی کۆی چیرۆکەکانی نییە، بۆ وێنە « گریشا، ئاگافیا، ئانیۆتا، ڤانکا و پیاوێک لە قاوغدا و...» کە نێوی کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکانیەتی، ناوەڕۆک ئاشکرا ناکەن.

### گۆشەنیگا:

زۆربەی چیرۆکەکانی چیخەف بە گۆشەنیگای سێیەم کەسی تاک، واتا (ئەو) دەست پێ دەکات، بەڵام زۆر کەم لە گۆشەنیگاکانی دیکە کەڵک وەردەگرێ.

چیخەف هەندێ جار بە گۆڕینی گۆشەنیگا، ڕەوتی گێڕانەوەی چیرۆک لە یەک هەوا بوون دەپارێزێ.

### دیالۆگ:

چیخەف بە هۆی نووسینی شانۆنامە و سەرکەوتنی لەم بوارەدا، توانیویەتی تا ڕادەیەک لە دیالۆگدا سەرکەوتوو بێت، بۆ دیالۆگی بەهێز، دەتوانین ئاماژە بە چیرۆکی «ساڵژمێری زیندوو، ڤانکا، شینگێڕی، هەزار ڕەنگ و کۆڕی یادەوەری» بکەین.

### کەسایەتی سازکردن:

چیخەف لە داڕشتنی کەسایەتیدا، کەسایەتی بەهێز، واتا کەسایەتییەک ناخوڵقێنێ کە لە بیری خوێنەردا بمێنێتەوە، بەڵام لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا توانیویەتی لە تیپ جیایان بکاتەوە.



چیخەف

### شوێن/ کات:

شوێن، کات، بیچم و قەڵافەتی کارەکتەر، ئاکار، پیشە، تەمەن و وڵات ئەم شتانەن کە ڕاستەوخۆ لە چیرۆکەکانیدا ئاماژەیان پێ دەکات.

### وەسف و وێنەسازی:

دەتوانم بە ڕاشکاوی ئاماژە بکەم کە خاڵی گرینگی چیرۆکەکانی چیخەف وەسف و وێنەسازییە، بیچم، شوێن و ئاکاری کارەکتەرەکان بە ئەوپەڕی وردبینییەوە وەک تابلۆیەکی وێنەگەری دەیهێنێتە بەر چاوی خوێنەر.

### ئاکامی چیرۆک:

کۆتایی چیرۆک لە کارەکانی (چیخەف)دا زۆربەی جار ئاکامی داخراوەی هەیە کە ئەمەش یەک لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی ڕیالیزمە.

**تاووتوکردنی چیرۆکی شینگێڕی:**

«ئانتۆن چیخەف» چیرۆکی «شینگێڕی»، لە ساڵی ١٨٨٦ لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا نووسیوە، ئەم چیرۆکە بە شێوازی ڕیالیزم نووسراوە.

لە قوتابخانەی ڕیالیزمدا، نووسەر ڕێک ژیانی ئاسایی و ڕاستەقینە بە شێوەیەکی وردبینانە دەگێڕێتەوە و لە هیچ کام لە لایەنەکانیدا زێدەڕۆیی ناکات، بۆ وێنە؛ شینگێڕی باس لە غەمێکی گەورەی کەسایەتی سەرەکی چیرۆک دەکات، بەڵام لە نیشاندانی ئەم غەم و پەژارەیەدا زێدەڕۆیی ناکات، غەم نە هێندە بێتامە کە خوێنەر چێژی لێ نەبات و نە هێندە سوێرە کە لەبەر چاوی بکەوێ. زێدەڕۆیی لە غەم و تاڵیی و تاریکیدا تایبەت بە قوتابخانەی ڕۆمانتیزمە کە بەر لە ڕیالیزم، نووسەرانی وەک ڤیکتۆر هۆگۆ، جۆرج ساند، ئالفرێد دۆمای باوک، لامارتین، شارل ئاگۆستێن، سانت بۆڤ و... کاریان تێدا کردووە کە خەریک بوو دەبووە پەتای سەدە.

«شینگێڕی» هەر وەک چیرۆکەکانی دیکەی چیخەف لە سەر شێوازی ڕیالیزم نووسراوە کە باس لە ساردیوسڕی، لەبز ناخۆشی و بێبەزەیی بوونی مرۆڤەکان لە بەرانبەر غەمی مردنی «کوزما»ی کوڕی «ئیونا» کارەکتەری سەرەکی چیرۆک دەکات، ئیونا لە دوای حەوتوویەک کە لە مردنی کوزما ڕادەبووری، تووشی خەمۆکی دەبێت، غەم وەک بەفرێکی ساردوسڕ بە سەر شان و پیلیدا دەکەوێ و لە ژێر قورسایی ئەم غەمە گەورەیەدا دەچەمێتەوە، هەست دەکات هەر کە هۆی غەمەکەی لای کەسێک باس بکات، ئەهوەن دەبێتەوە، بەڵام بەداخەوە کەس گوێی بۆ ناگرێت.

***

نێوی چیرۆکی «شینگێڕی» ناوەڕۆکەکەی ئاشکرا دەکات و پێشینەیەک لە چیرۆک بە خوێنەر دەدات، خوێنەر لە مەودای چیرۆکدا مێشکی بۆ ڕووداوێکی ناخۆش ساز دەکات کە یان پێش دێت، یان هاتووە.

هەر لە سەرەتاوە نووسەر لەم ڕستەیەدا کە دەڵێ: «هەوا بوومەلێڵە. کلووە گەورەکانی بەفر...»١ (١) خوێنەر لەگەڵ فەزایەکی سارد و خەفەتباری پترسبۆرگ بەرەو ڕوو دەکات. ساردییەک کە بەسەر شار و مرۆڤ، تەنانەت دار و دیواریشدا زاڵە کە نێوی چیرۆک دێنێتەوە زەینی خوێنەر و چاوەڕوانی ڕووداوێکی ناخۆش دەکات.

سەرەتای چیرۆک بە وەسفێکی وردبینانە دەست پێ دەکرێ، نووسەر بە کات « گڵۆپەکانی شەقام کە تازە هەڵکراون ...» (٢) شوێن « توێژێکی تەنک لە سەربان و پشتی ئەسپەکان...، بەفر بە دەوری چراکانەوە....» (٣) ڕاستەوخۆ ئاماژە دەکات.

لێرەدا نووسەر باشترین کاتی بۆ ڕووداوی چیرۆک هەڵبژاردووە، بارینی بەفر لە ئێوارەدا خۆی کاتێکی غەم هێنەرە، جا ئەگەر مرۆڤ خەمێکیشی لە دڵیدا بێت، سەد هێندە دژوار و سەختترە.

کووڕبوونەوەی ئیونا لە ژێر بەفردا هێمای چەمانەوەی لە ژێر باری غەمدایە کە جار لەگەڵ جار مرۆڤ بێهێز و لاوازتر دەکات؛ هەروەها سپی هەڵگەڕانی خۆی و ئەسپەکەی بە هۆی بەفر، هێمای پاکی و یەکڕەنگییانە.

ئیونا لەبەر ئاڵۆزیی مێشک و دڵی پڕ لە غەمی، تەنانەت بۆی گرینگ نییە لە ژێر بەفردا نەخۆش بکەوێ، یان ڕەق هەڵێ، هەر بۆیە بەفرەکە لە خۆی ناتەکێنێ.

لەم چیرۆکەدا خوێنەر لەگەڵ کەسایەتییەکی دیکە هاوشێوەی ئیونا بەرەوڕوو دەبێتەوە؛

ئەسپێک کە بە هۆی دووربوونەوە لە بنەماڵە و زێدی خۆی تووشی خەمۆکی بووە، جەستەی لاواز و بێهێزی لە ژێر بەفر و سەرمادا، بێ جووڵە ڕاوەستاوە و لاقەکانی وەک کۆڵەوژیان لێهاتووە، تەنیا کەسێک کە هاوغەم و هاودەردی ئیونایە و هەر ئەویشە کە لە ئاکامی چیرۆکدا گوێگری غەم و دەردی دەبێت. بە ڕای من نووسەر لەم چیرۆکەدا پێگەی ئاژەڵی لە مرۆڤ بەرزتر نیشان داوە.

لەم ڕستەیەدا کە دەڵێ: «ئەگەر ئێوەشیان لە کەسوکار، لەو شوێنەی کە خووتان پێیگرتووە داپچڕیبایە....» (٤) نووسەر کەڵکی لە گۆشەنیگای نمایەشی وەرگرتووە، واتا خوێنەر لە دەقدا بوونی هەیە و نووسەر بە بەردەنگ دانانی دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی زیاتری خوێنەر لەگەڵ بارودۆخی ناخۆشی ئەسپەکە، کەڵک وەرگرتن لە گۆشەنیگای نمایشی، پێوەندی نێوان خوێنەر و دەق بەهێزتر دەکات، کە خاڵێکی زیرەکانە و بەهێزە.

لە ڕستەی «لەم زەلکاوە کە پڕە لە چرای زەبەلاح ...» (٥) نووسەر دنیای ماشێنی لە ڕوانگەی ئەسپەکەوە وێنا دەکات، کە بە لای ئەوەوە دنیایەکی ترسێنەر، بێبایەخ و ساردوسڕە.

***

ڕستەی « لە مێژە ئیونا و ئەسپە چکۆلەکەی لە شوێنی خۆیان جووڵەیان نەکردووە.» (٦) تەواو زیادەیە و ئیجاز دەشکێنێ، چون لە سەرەوە باس لە ژێر بەفردا بوونیان دەکات کە دەڵێ: وەک مۆتە سپی هەڵگەڕاون؛ خوێنەر دەزانێ کە لە جێی خۆیان جووڵەیان نەکردووە.

سپیتر بوونی گڵۆپی شەقامەکان زۆر جوان وێنا کراوە، بە شێوەی ئاسایی کاتێک کە بە هۆی بارینی زۆری بەفر، وڵات سپیتر دەبێت، تیشکی گڵۆپەکان ڕووناکتر دیاری دەکەن، هەڵبەت هۆی سپی بوونی وڵاتە، نەک زیاتر ڕووناک بوونی گڵۆپەکان، کە پێی دەڵێین هەڵەی دیتن، دیالۆگەکانی ئەفسەرەکە دیالۆگێکی بەهێزن، بەهۆی ئەوەی کە ئەم دیالۆگانە تایبەت بە کارەکتەرن.

«گالیسکەچی بەرەو شەقامی ڤیبۆرگ بڕۆ! گالیسکەچی.» (٧)

«شەقامی ڤیبۆرگ، مامە خەوت لێ کەوتووە؟! شەقامی ڤیبۆرگ». (٨)

لەم دیالۆگانەدا ئەفسەر دووجار دەستەواژەیەک دووپات دەکاتەوە.

وەڵامدانەوەی ئیونا بە ئاماژەی سەر، یان بڵێین بە کردەوەیەک، باس لە بێهێزبوونی بە هۆی غەم و پەژارەی دەکات.

لە ماوەی چیرۆکدا داماوی ئیونا جار لەگەڵ جار زیاتر ورەی لاوازتر دەبێت؛ بەتایبەتی کە هەر جارێک لەگەڵ جنێو، قسەی ناخۆش، تووڕەیی خەڵک و تانە و تەشەری سەروانەکە بەرەورووو دەبێتەوە.

ئیونا لە دوو شوێندا ئەم دیالۆگانە دووپات دەکاتەوە:

«خودا وای ویستووە» (٩)

«خودا وای ڕەزا لەسەر بووە.» (١٠)

لێرەدا لەگەڵ زەینییەتێکی کۆن و نەگۆڕ بەرەوڕووین وەک کارەکتەری ئاندرێ لە چیرۆکی «کۆڕی یادەوەری»دا کە هەموو شتێک لە چارەنووس دەبینێ، تەنانەت هەڵەکانی خۆیشی.

لەم دیالۆگەدا کە دەڵێ: «پشت کوور پچڕ پچڕ دەڵێ...» (١١) دەبوایە دیالۆگەکانی هەر بەم شێوەیە نووسیبایەوە.

لەم ڕستەدا زاڵبوونی مرۆڤە گەورەکان، ئەوجا قەڵافەت بێت، یان پلە و پایە، بە ئاشکرایی باس کراوە «بڕیار دەدرێ لەبەر ئەوەی پشت

کـوورِ چکۆلەتـرە، بـە پێـوە ڕاوەسـتێ». (١٢) «ئیونـا» کـە وردە وردە بـە هـۆی دوان لەگـەڵ موسـافیرەکانی هێندێـک بەسـەر غەمەکەیـدا زاڵ دەبێت، لـە ئاکامی شـەو کـە دەگەڕێتـەوە شـوێنی حەسانەوەی، غـەم بـە هێزێکی زیاتـرەوە هێرشـی بۆ دێنـێ، لـە باری دەروونناسـییەوە مرۆڤ کاتێک لـە بارودۆخێکی ناخـۆش دەکەوێتـە خۆشـییەوە، لـە پاشـان دەگەڕێتـەوە بـۆ هەمـان بارودۆخـی پێشوو، لاوازتـر دەبێت، ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بۆ سروشـتی مـرۆڤ کـە خۆشـی و ئاسـایش لاوازی دەکـەن و بـە پێچەوانـەوە لـە ناخۆشـیدا بەهێزتـر دەبێ.

– «ئەگـەر دڵـی شـەق بـەرێ و غەمەکانـی بڕژێنـێ، هەمـوو وڵات دادەگـرێ». (١٣) لـەم ڕستەیەدا نووسـەر لـە جوانـکاری زێدەوێـژی کەڵـکی وەرگرتـووە کـە تایبـەت بـە شـیعرە و سـەبارەت بـە زیاتـر نیشـاندانی غەمـی ئیونـا بـەکاری دێنـێ.

هەروەها وێچواندنی دڵ بە سەدەف، شوبهاندنێکی جوان، نوێ و ناباوە.

لـە ڕسـتەی «ئەوەنـدەی جەسـتە پێویسـتی بـە ئـاوە، ڕووح بـە قسـە و دەردی دڵ کـردن». (١٤) واتا ڕۆحی ئیونا بۆ مانەوە و ژیان پێویستە لـە بابـەت مردنی کوزما لەگـەڵ کەسێک قسە بکات، بـەڵام بـە داخـەوە ڕوو لـە هـەر کەسـێک دەنـێ ناهومێد دەگەڕێتـەوە، ناچار لـە ئاکامـی چیـرۆک غەمەکانـی دڵـی بـۆ ئەسـپەکەی هەڵدەڕێـژێ و چیـرۆک بـە ئاکامی داخـراو تـەواو دەبێـت.

کەسایەتسـازی بەلامـەوە بـاش بـوو، بـەڵام چیخـەف نەیتوانیوە کەسایەتییەک ساز بکات کە لـە زەینـی منـی خوێنـەردا بمێنێتـەوە، هەڵبـەت بـە پێچەوانـەوە سـووژەی چیـرۆک توانیویەتـی ئـەم تایبەتمەندییـە تـا ڕادەیەکـی زۆر بپارێـزێ.

**ڕستە وەرگێڕدراوەکانی ناو دەق:**

١– هـوا گـرگ و میـش اسـت. دانەهای درشـت بـرف...

٢– چـراغ برقهـای خیابـان، کـە تـازە روشـن شـدەاند...

٣– لایەهـای نـرم و نـازک روی بامهـا، پشـت اسـبها ... برف گرداگـرد چراغهـا...

٤– اگـر شـما را هـم از خویـش، از محیـط مانـوس خودتـان جـدا میکردنـد...

٥– در ایـن گنـداب کـە انباشـتە از چراغهـای غولپیکـر ...

٦– ایونـا و اسـب کوچکش مدت زیـادی است کـە از جـای خـود تـکان نخوردەانـد.

٧– درشکەچی برو جادە وییورگ! درشکەچی!

٨ – جـادە وییـورگ، خوابـی عمـو؟ جـادە وییـورگ!

٩– خدا این طور خواستە.

١٠– خواست خدا بودە.

١١– گوژپشت بریدە بریدە میگوید....

١٢– تصمیـم گرفتـە میشـود کـە گوژپشـت چـون کوچکتـر اسـت، بایسـتد.

١٣– اگر قلبش دو نیم شـود و اندوە را بیـرون بریزد همە زمیـن را میپوشاند.

١٤– همـان اندازە کـە جـوان بـە آب نیـاز دارد، پیرمـرد میخواهـد حـرف بزنـد

**ژێدەر:**

**– چیخـەف. ئانتـۆن پاڤلۆڤیـچ، باشـترین کورتـە چیرۆکـەکان، ئەحمـەد گوڵشـیری، دەزگای چاپەمەنـی نـگاه، ١٣٩٤، چاپـی نۆیـەم.**

# زمان و پاچڤە

حەمەکەریم عارف
(سلێمانی)

(١- ٢)

«١»

زمان یەکێکە لە تایبەتمەندی و نیشانە هەرە دیارەکانی ئینسان و لە هەر هەموو بوونەوەرانی دیکەی جیا دەکاتەوە.. بێگومان ئەگەر زمان نەبوایە تیرەی بەشەر هەرگیز نەیدەتوانی جیهان بەم شێوەیەی کە ئەمڕۆکە هەیە دروست بکا و پێکبهێنێ. ئەگەر دیقەت بدەین پێشکەوتنی تیرەی بەشەر لە هەر هەموو ڕوویەکەوە، لە ئەدەبیات و هونەرەوە بیگرە تا دەگاتە زانست و تەکنۆلۆجیا قەرزاربارى زمانە، کەواتە بەم پێودانگە زمان دەکاتە ئەوزارێکی ڕەسەنی دەستی خەڵکی بۆ چێکردنی پێوەندی و هەڤبەندی دەگەڵ یەکدیدا، بەڵام هەندێک بە تەشەرەوە یەژن هۆیەکی سەرەکی بەدحاڵی بوونی نێوان خەڵکییە، دیارە واقیع ئەم بۆچوونەی بە درۆ خستووەتەوە و بە پێچەوانەوە نەبوونی زمانێکی هاوبەش بووەتە کۆسپ لەبەردەم تێگەیشتنی تیرەی بەشەر لە یەکدی و ئەم حەقیقەتە زیاتر لای ئەو کەسانە دەردەکەوێ تەنیا زمانێکی ناوچەیی لۆکاڵی دەزانن و سەفەری وڵاتانی دی دەکەن و ناچارن بەرخوردی خوێندەڤانی، بازرگانی، سیاسی و کولتووری و...تاد بکەن.

بەهەرحاڵ بۆ چارەسەری کۆسپ و تەگەرەی زمانەوانی وەک گرفتێکی گەورە لەبەردەم پێوەندی نێونەتەوەیی، زۆر ڕێگە و ڕێبازان پێشکەش و پێشنیازکراون لەوانە:

١ - بایەخدان بە زیادکرنی خزمەتگوزاری پاچڤەی نڤیساری و زارەکی و سوود وەرگرتن لە زانستێن کۆمپیووتەری.

٢- دروستکردنی زمانێکی کۆمەکی نێونەتەوەیی دەستکردی میناکی زمانی سپرانتۆ تا هەر تاکێک بتوانێ بە ئاسانی فێری ببێ و سوودی لێ وەربگرێت.

٣ - هاندانی خوێندن و فێربوونی زمانێکی ئاسایی ئەم دنیایە وەک زمانێکی جیهانی، واتە زمانێک هەمان ڕۆڵ بدینێ کە لاتینی لە سەدەکانی ناڤیندا لە مەڵبەندە زانکۆییەکاندا

دەیبینی و ئەمڕۆکە تا ڕادەیەک ئینگلیزی لە هەندێ ئاستدا دەیگێڕێت.

٤- دانان و داڕشتنی بەرنامەیەکی فێرکاری چەند زمانە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، جا هەر بۆ جەختکردنەوە لەسەر زمان و ڕۆڵی زمان لە ژیان و ژیاری تیرەی بەشەردا، پێویستە بە پەلە و خێرا چاوێک بە ڕابوردوودا بگێڕین. وەک تەورات دەڵێت: « لە ڕۆژگاری کۆندا، ڕۆڵەکانی ئادەم لەسەر ڕووی زەمین هەموو بە یەک زمان دەئاخافتن. تا ڕۆژێ هات لێبڕان لە ڕۆژهەڵات کۆچ بکەن، بەڕێکەوتن تا گەیینە دەشتێکی دەڤەری شینعار و لەوێندەر هەواریان خست، ئەوجا بە یەکتریان گوت: وەرن با بۆ خۆمان شارێک دروست بکەین و بورجێکی لەسەر ڕۆبنەین، بورجێک هێندە بەرز و بڵند بێ کە سەر لە ئاسمان بسوێ تا بەم جۆرە بگەینە عەرش و لەسەر زەوی پانوبەرین پەڕاگەندە و پەرتەوازە نەبین. لەم کاتەدا یەهووە (یەزدان) هاتە خوارێ تا تەماشای ئەو بورجە بکات کە ڕۆڵەکانی ئادەم خەریکی دروستکردنی بوون. یەهووە لە سەرکێشی و بێ پەروایی و بێباکی ئەم قەومە ترسا و لە دڵی خۆیدا گوتی ئەم خەڵکە یەکگرتوو و یەکزمانن و بەم یەگرتوویی و یەکێتییە هەموو کارێکیان لێ دەوەشێتەوە و لە دەست دێت، ئیدی یەهووە بیری لەوە کردەوە کە ئەم نەخشەیەیان لێ تێک بدات و کارێکی وەهای کرد کە چیتر لە زمانی یەکتر تێنەگەن. کە لە زمانی یەکدی تێنەگەیشتن ناکۆکی و دووبەرەکییان تێکەوت و دەستیان لە دروستکردنی بورجەکە هەڵگرت و بەسەر زەوی پانوبەریندا پەرتەوازە بوون. (تەورات، بابی یازدەیەم).

دیارە زمان بە جۆرێ تانوپۆی ژیانی کۆمەڵایەتی بەشەری تەنیوە و بووە بە بەشێک لە حاڵەت و دیاردە ئاسایی و پێویستەکانی میناکی خواردن و خواردنەوە و خەوتن و هەستان و کار، کە بەدەگمەن خەڵکی بیر لە ڕۆڵ و کار و پێکهاتە و سەرەتا و سەرهەڵدانی دەکەنەوەو یەکجار زەحمەتە وێنای کۆمەڵگەیەکی مرۆڤانی بێ زمان بکرێت.

ڕاستە ناتوانرێ مێژووی سەرهەڵدان و پەیدابوونی زمان دیاری بکرێت، بەڵام خۆیایە (ڕوونە) کە دیاردەیەکی یەکجار کۆن و دێرینە و زۆر زەحمەتە پەی بەوە ببرێ کە زمان چۆن هاتووەتە ئاراوە، چونکە کە هەندێ نیشانانی ژیانی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی دەدۆزرێنەوە کە بۆ پتر لە نیو ملێون ساڵ دەگەڕێتەوە، هیچ بەڵگەنامە و دۆکیومێنتێکی ڕوون دەربارەی زمانی زارەکی تیرەی بەشەر لە دەستدا نییە، چونکە هیچ شوێنەوارێکی زمانی زارەکی نەماوەتەوە، هەر بۆیەش تا ئێستا سەدان گریمانە و تیوری دەربارەی سەرەتا و سەرهەڵدانی زمانی زارەکی مرۆڤ خراونەتە ڕوو. دوور نییە یەکەمین زمانی بنیادەم بریتی بووبێ لە کۆمەڵە دەنگێکی خۆبەخۆیی و ئاماژان، کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار هەر جوڵە و کردەوە و دەنگێک قاڵبێکی ڕەمزی وەرگرتووە و مانایەک، یان چەند مانایەکی پەیدا کردووە و بووە بە ئەڵقەی پێوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی.. هەندێک زانا پێیان وایە یەکەمین وشەی زمان ئەو کاتە پەیدا بووە کە مرۆڤ ئامێر و ئەوزاری داهێناوە و بە دەم بەکارهێنانی ئەو ئامێر و ئەوزارانەوە، بۆ پێوەندی کار، دەگەڵ خەڵکی تردا کۆمەڵێک دەنگی بەکارهێناوە کە لە ئەنجامدا گۆڕاون بە پەیڤ و واژە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمان و ئەوزار لە یەک کاتدا سەریان هەڵداوە و پەیدا بوون.

دیارە زۆر تیوری و بۆچوونان لەمەڕ پەیدابوون و سەرهەڵدانی زمان هەیە لەوانە: بۆچوونێکی مەزەبی ئەفسانەیی هەیە کە گوایە زمان ڕیشەیەکی ئاسمانی هەیە و دیاریی خوا

بووە بۆ تیرەی بەشەر، ئەمە لە هەندێ مەزەب و باوەڕی هیندییەکاندا هەیە و لە تەوراتیشدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە یەزدان گەردوون و بوونی لە ڕێگەی وشەوە خوڵقاندووە. تیۆرییەکی دیکە سەرچاوەی سەرهەڵدانی زمان بۆ دەنگەکانی ناو سروشت دەگێڕێتەوە، واتە لەگێنە یەکەم وشەی مرۆڤ لاسایی کردنەوەی دەنگەکانی سروشت بووبێ، واتە لاسایی کردنەوەی ئەو دەنگانە بووبێ کە مرۆڤی ئەو ڕۆژگارانە لە ژینگە و دەوروبەری خۆیانەوە ژنەوتوویانە. بۆ نموونە کاتێ باڵندەیەک خوێندوویەتی مرۆڤ لاسایی دەنگەکەی کردووەتەوە و زۆرجار ئەو دەنگەی کردووە بە ناو بۆ باڵندەکەش وەک کوکوختی، کە ڕەنگە لە جۆری خوێندنەکەیەوە کە دەڵێت «کوکو» وەرگیرابێ. هەندێکی تر پێیان وایە دەنگە سەرەتاییەکانی زمان، زادە و کاردانەوەی هەستکردنی مرۆڤ بە ئازار، بە تووڕەیی و بە لەزەت، بە خۆشی و ناخۆشی و ئەو شتانە بووە.. بەهەرحاڵ تا زیاتر هەوڵی ئەوە بدەین پەی بە چۆنیەتی و هۆی داهێنانی زمان لە لایەن مرۆڤەوە بەرین، زیاتر گومڕا دەبین و دەکەوینە گێژەنگ و گێژاوەوە، بەڵام وادیارە مەسەلەی زمانگرتنی تیرەی بەشەر و کەوتنە قسانی، ڕووداوێکی لە ناکاو و کوتوپڕ نەبووە و شان بە شانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی بەشەرەکە، ئەویش پەرەی سەندووە و گەشەی کردووەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە، واتە زمان وەک هەر دیاردەیەکی زیندوو، لە زاووزێ و گەشەکردن و مردندایە، یانی لە گۆڕانی بەردەوامدایە. وەک چۆن مرۆڤ بوونەوەرێکە لە گۆڕانی بەردەوامدایە و قەت لە پێستێکدا نەماوەتەوە و نامێنێتەوە، زمانیش کە زادە و بەرەنجامی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی مرۆڤە، دەبێ وەک هەموو شتەکانی دیکەی مرۆڤ، لە دابونەریت و خوو خدە و ڕێوڕەسم و جلوبەرگان، بە گوێرەی کات و شوێن بگۆڕێت. دیارە ئەو فاکتەرانەی بەشداری لە گۆڕان و گۆڕینی زمان دەکەن زۆرن، لەوانە گۆڕانی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی تیرەی بەشەر. گۆڕانی وشەکانی زمان لە قۆناغێکی ژیانەوە بۆ قۆناغێکی تر. چۆنیەتی گەردان کردنی وشە و فرمانی ناو زمان، گۆڕانی دەستووری زمان، داتاشینی وشەی تازە بە گوێرەی دەستووره باو و ناوخۆکانی زمان. وەرگرتنی وشە لە زمانانی خزم و بێگانەش، ئەوجا وەرە ئەم پرۆسەی گۆڕانە زمانەوانییە بە درێژایی بوونی بەشەری بێنە بەرچاو و وێنای ئەوە بکە کە زمان چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە، هەڵبەتە ئەم گۆڕانە دەرەکی و ناوخۆییانە کردیانە کارێک مەسەلەی لێکدی حاڵی بوونی بەشەر زیاتر ئاڵۆز و دژوار بووە، شتێک چێ بووە دەشێت ناوی بەرهەڵست، یان لەمپەری زمانەوانی لێ بنرێ، ئیدی جیاوازی زمانان بووەتە مایەی ئەوە کە تیرەی بەشەر بۆ بەرقەرارکردنی پێوەندییە ماددی و مەعنەوییەکانی خۆی پەنا وەبەر وەرگێڕان بەرێت.

«٢»

وەرگێڕان، بە شێوەیەکی زۆر کۆنی پێوەندی مرۆڤانی دێتە ژماردن و پردێک بووە بۆ لێکدی حاڵی بوونی تیرەی بەشەر. پێشینەی لێکۆڵینەوە لە وەرگێڕان بایەخ و کاریگەری، چۆنیەتی و مەرجەکانی وەرگێڕان بە شێوەیەکی پەراگەندە و پچڕپچڕ بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش دەگەڕێتەوە، بەڵام لێکۆڵینەوەی سیستماتیک و ڕێکوپێک لەم بوارەدا لە دوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە دەستی پێ کردووە.. پێدەچێت یەکەم کەس لە ڕۆژاوادا بەتایبەتی خۆی لە باسی تیوری پاچڤە دابێت (ئاتین دولە)ی نووسەر

و وەرگێڕ و چاپخانەداری فەڕەنسی بووبێ، کە کتێبێکی بە ناوونیشانی (پرنسیپەکانی وەرگێڕان) بڵاوکردووەتەوە و باسی شێواز و چۆنیەتی وەرگێڕانی دەقێن جیاوازی کردووە و ناوبانگێکی باشی دەرکردووە، لێ بۆچوونە نوێیەکانی بوون بە بەڵای سەری و لە تەمەنی سی و حەوت ساڵیدا، بە تۆمەتی وەرگێڕانی نادروستی یەکێک لە باسەکانی ئەفلاتوون کە بێباوەڕی بە بوونی ڕوح گەیاندووە، دادگایی کراوە و بە تاوانی لە ئایین دەرچوون بە بەرهەمەکانییەوە سووتاندوویانە.

(ئاتین دولە) لە کتێبەکەیدا ئەرکەکانی وەرگێڕی دیاری کردووە کە دەشێت زۆر بە کورتی لەم خاڵانەدا چڕبکرێنەوە:

١ - وەرگێڕ لەسەرێتی ناوەڕۆکی دەق و مەبەست و مەرامی نووسەر بەباشی تێبگات.

٢ - دەبێت شارەزاییەکی فرەی لە هەدوو زمانی یەکەم و دووەمدا هەبێت.

٣ - دەبێت وەرگێڕ خۆی لە وەرگێڕانی وشە بە وشە بپارێزێت، چونکە هەم چەمکی دەقە ئەسڵییەکە زەدەدار دەکات و هەم جوانی گوزارشت و دەربڕینەکەی دەشێوێنێ.

٤ - دەبێ وەرگێڕ شێوە زارە باوەکان بەکاربێنێ.

٥- دەبێت وەرگێڕ لە ڕێگەی هەڵبژاردن و داڕشتنی گونجاوی وشانەوە هەمان کاریگەری و ڕوونی و ڕەوانی دەقە ئەسڵەکە بە وەرگێڕانەکەی ببەخشێت. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: زبان، ترجمە، وارتباط فرهنگ ها، ترجمە وتالیف حسین یعقوبی/ص١٥، کە لە صفار زادەی وەرگرتووە)

هەڵبەتە ئەوەی (دولە) دەربارەی ڕەوانی چەمک و دوورەپەرێزی لە وەرگێڕانی وشە بە وشە گوتوویەتی، هەمیشە سەبارەت بە هەموو جۆرە وەرگێڕانێکی نقیساری، زارەکی، ئەدەبی، زانستی، هونەری... تاد زەرووری و پێویستە. هەڵبەتە (جاحز) لە کتێبی (الحیوان)دا زۆر بە جوانی و کارامەیی بۆچوونی خۆی لەمەڕ وەرگێڕان دەربڕیوە و لەم بوارەدا شەش سەد ساڵێک پێش (دولە) کەوتووە و بۆچوونەکانی هێندە تەڕوتازەن لە تۆ وایە بۆ ئەمڕۆ نووسراون، بۆیە جێی خۆیەتی پوختەیەکیان لێ هەڵێنجرێ و لێرەدا پێشکەش بکرێت:

١ - توانایی زەینی وەرگێڕ دەبێ هاوتای توانایی زەینی خودان بەرهەمەکە بێت.

٢ - دەبێت وەرگێڕ شارەزاییەکی تەواوی لە هەردوو زمانی یەکەم و دووەمدا هەبێت.

٣ - چوونیەکی لە نێوان زمانانی دنیادا نییە، هەر زمانێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە شێوەی دەربڕین و زاراوە و ئیدیۆم و پێکهاتە و بنیاد و دەستوور و توانایی کورتبڕی و درێژبڕی زمانێک لە زمانێکی دیکە جیاوازە.

٤ - زمانی یەکەم و دووەم ئاسیو بە یەکدی دەگەیەنن، هەریەکەیان بەلای ئەوی تردا دەکشێت دەستوور و پێکهاتە و بنیاد و ڕستەسازی و تایبەتمەندیانی دیکەی یەکتر وەردەگرن.

وەک پێشتر ئاماژەمان کردێ، وەرگێڕان، لە دوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە زیاتر و بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر خراوەتە بەر وردبینی لێکۆڵینەوەوە و بووە بە بابەت و خەمی هەندێک لە زمانەوانان، لەوانە:

و. هـ. کومیساڕۆف کە زمانەوانێکی ڕوسییە، پێیوایە تیوری وەرگێڕان پێتڤییە لەسەر سێ بنەمایان ڕۆبنرێ: گوێزانەوەی زانیاری، گوێزانەوەی مانا، گوێزانەوەی بنیادی دەستووری (نەحو و سەرف) گونجاو. گوێزانەوەی زانیاری تیمە و ناوەڕۆک دەگرێتەوە، گوێزانەوەی مانا و بنیادی دەستووریش کە دەکاتە دۆزینەوەی هاوتای ورد لە هەردوو ئاستی وشە و ڕێزماندا، فۆرم و شێوە دەگرێتەوە و زۆر کەسی دیکەش

لـەو بـوارەدا قەڵەمڕانییـان کـردووە، لەوانـە تیوریزانانـی قوتابخانـەی وەرگێڕانـی لایپزیـک وەک: ئۆبـرت، کیـد، فتچـاک، جاگـر، هلبیـگ و ڕۆزیـکا، هەروەهـا یۆجیـن نایـدا کـە یەکێکـە لـە تیوریسـێنانی بەناوبانگـی وەرگێـڕان و لایەنـە هەمەجـۆر و سـەخت و دژوارەکانـی وەرگێڕانـی لێزانانـە خستـووەتە بـەر وردبینـی لێکۆڵینـەوەوە و تاوتـووی کـردوون، هەروەهـا (کـوت فـۆرد) ی زمانەوانـی ئینگلیزیـش لـەو بـوارەدا قەڵەمـی تـاوداوە و پێیوایـە جگـە لە بەرهەڵسـت و لەمپەری زمانەوانـی، کۆسـپ و تەگـەرە و بەرهەڵسـت و لەمپـەری کولتووریـش هەیـە و ئـەو وشانـەی کـە بـە ڕواڵـەت لـە دوو زمانـی جیـاوازدا هاوواتـان، یـان واتـای چوونیەکیـان هەیـە، هەمـوو کاتێـک مانایەکـی یەکسـان ناگەیەنـن.

کەواتـە جیاوازیـی زمـان یەکێـک بـووە لـە کۆسـپەکانی بـەردەم پێوەندییـە مرۆڤانییـەکان، بۆیـە هـەر لـە کۆنـەوە بیـر لـە زمانێکـی هاوبەشـی جیهانـی کراوەتـەوە. زانایـان و هزرڤانـان هەمیشـە بـە ئاواتـی ئـەوەوە بـوون کـە هەمـوو خەڵکـی جیهـان بـە یـەک زمـان قسـان بکـەن، چونکـە پێیـان وابـووە کـە زۆربـەی شـەڕەکانی تیـرەی بەشـەر زادەی بەدحاڵـی بـوون، بـوون، واتـە بەرەنجامـی جیـاوازی زمانـە و ئەگـەر خەڵکـی دنیـا بـە یـەک زمـان قسـە بکـەن، ڕەنگـە لـە کارەساتـی زۆر جەنـگ و شـەڕان بخەلەسـن. ئـەم بیرۆکەیـە بوو بـە هانـدەری ژمارەیـەک لە زانایان کـە بکەونـە هەوڵـی دۆزینـەوە و دروسـتکردنی زمانێکـی جیهانـی. ئەمانـە پێیـان وابـوو ئەگـەر تیرەی بەشـەر یـەک زمانیـان هەبوایە، یـان بـەلای کەمـەوە زمانێکـی دووەمیـان وەک زمانـی کۆمـەک بەکارهێنابـا وەرچەرخانێکـی دیـار و بەرچـاو لـە پێوەنـدی نێـوان مرۆڤـدا دەهاتـە ئـاراوە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی هـەر کۆمەڵگەیـەک پابەندبـووە بـە زمانـی خۆیـەوە و ئامـادە نەبـووە دەسـتبەرداری زمانـی خـۆی بـێ و لەبـەر کۆمەڵێـک هـۆکاری سیاسـی و نەتەوەیـی ئامـادە نەبـوون زمانـی میللەتێکـی تـر لـە زمانـی میللەتـی خۆ بـە باشتر بزانـن و وەک زمانێکـی نێونەتەوەیی بەکاری بێنن، بۆیـە ژمارەیـەک کەوتنـە سـەر ئـەو بیـرەی کـە زمانێکـی ئاسـان و سادەی ئەوتـۆ دروسـت بکرێ کـە لەلایەکـەوە فێربوونـی بـۆ هەمـوو کەسێک زۆر ئاسـان بێـت و لەلایەکـی تـرەوە زمانـی نەتەوەیـی هیـچ میللەتێـک نەبێـت و کاردانـەوەی نەرێنـی لای کـەس دروسـت نـەکات و زوو قەبـووڵ بکـرێ.

ئیـدی لـە سـەدەی هەڤـدەوە کۆمەڵێـک هـەوڵ بـۆ دروسـتکردنی زمانانـی دەسـتکرد دراوە، لـێ لـە نێـوان سـەدان پـرۆژە هـەوڵ درا تەنیـا چەنـد هەوڵێکـی زۆر کـەم، کـە ژمارەیـان لـە ژمـارەی پەنجـەی دەسـتێک تێناپـەڕێ سـووکە سـەرکەوتنیان بەدەست هێنـاوە لەوانە: ڤولاپـوک، سـپرانتۆ و ئایـدۆ، بـەڵام لەبـەر زۆر هـۆی واقیعـی و سـایکۆلۆژی و سیاسـی هیـچ یەکێـک لـەو زمانـە دەسکردانـە نەبـوون بـە زمانـی جیهانـی، بۆیـە بیـر لـەوە کرایـەوە بـۆ چارەسـەری کێشـەی لەمپـەر و کۆسـپی زمانەوانـی، پـەرە بـە زمانێکـی سروشـتی و ئاسـایی وەک زمانێکـی جیهانـی بـدرێ. دیـارە ئـەم بیرۆکەیـەش بـۆ چەنـد سـەد سـاڵێک لەمەوبـەر دەگەڕێتـەوە. بـۆ نموونـە سـەردەمانێک لـە سـەدەکانی ناڤینـدا زمانـی لاتینـی زمانـی ئەکادیمـی سەرانسـەری ئەورووپـا بـوو، عەرەبـی زمانـی بازرگانـی و خوندەڤانـی سەرانسـەری قەڵەمـڕەوی ئیمپراتۆریەتـی ئیسلامی بـوو، بـەڵام دوای ئـەوەی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی لـە ئەورووپـادا گەشـەی کـرد و پـەرەی سـەند و زمانـی نەتەوەیـی بایەخـی پەیداکـرد، زمانـی لاتینـی پێگـەی جارانـی نەمـا و زمانـی فەڕەنسـی لـە مـاوەی سـەدەی هەڤـدەوە تـا سـەدەی نـۆزدە، وەک زمانـی نێونەتەوەیـی سیاسـەت و دیبلۆماسیەت، شـوێن و جێگەیەکـی تایبەتـی وەدەسـت هێنـا، بـەڵام لـە

سەدەی نۆزدەدا و لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لە بریتانیا و پەرەسەندنی چالاکی ئیمپریالیستانەی بریتانیا لە سەرانسەری جیهاندا، زمانی ئینگلیزی بەرەبەرە جێی بە زمانی فەڕەنسی لەق کرد. لە سەدەی بیستەمیشدا کە ئەمریکا وەک زلهێزێکی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی سوپایی دەرکەوت و هاتە ئاراوە، ئیدی زمانی ئینگلیزی پێگەیەکی تایبەتی و ڕیزپەڕی لە پێوەندی و چێکرنی پێوەندی لە نێوان میللەتاندا پەیدا کرد، لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمیشدا بە هۆی بزووتنەوەی گلۆبالیزەیشن و جیهانەوانییەوە و تەشەنەکردنی ئینتەرنێتەوە ئیدی زمانی ئینگلزی زیاتر برەوی سەند و لە هەوڵی ئەوەدایە بە کردەوە بوونی خۆی وەک زمانێکی جیهانی بسەلمێنێ.

دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ڕەقیبانی زمانی ئینگلیزی ژمارەیان کەمە و ئومێدێکی ئەوتۆیان نییە کە بتوانن ململانێی زمانی ئینگلیزی بکەن و بەخەنیم و ڕەقیبی مەترسیدار حەساوبکرێن، بۆ نموونە زمانی چینی وەربگرین، ڕاستە خەڵکێکی یەکجار فرە قسەی پێ دەکەن، بەڵام لە ڕۆژاوادا لەوە بێگانەترە کە بتوانێت ڕکە دەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا بکات، ئەوەی کە کۆسپە لەبەردەم بە جیهانی بوونی ئینگلیزی ئەوەیە کە وڵاتان مایلن ناسنامەی زمانەوانی خۆیان بپارێزن و سەرهەڵدانی شێوە زاری تری زمانی ئینگلیزی و دوورکەوتنەوە و جیابوونەوەی بەرەبەرەی ئەو شێوە زارانەیە لە یەکتری، واتە زمان بە تەبیعەت لقوپۆپ دەهاوێ و ئەو لقانە هەوڵی ئەوە دەدەن سەربەخۆیی خۆ وەربگرن و لە ئەنجامدا تایبەتمەندی خۆیان پەیدا دەکەن و با لە ڕەگوڕیشەشدا یەک بن، دەبن بە زمانی سەربەخۆ و جیا لە دایکە زمانەکە.

یەکێک لەو خزمەتانەی کە زمانەوانی لە بواری نیشاندانی بنیادی زانستی شێوەکانی لابردنی کۆسپ و لەمپەری زمانیدا پێشکەشی کردووە ئەوەیە کە بنیادی فۆرمی و ناوەرۆکی زمانانی جۆراوجۆر لە یەکدی جیاوازن کە دوو زمان بەیەکدی دەگیرێن و دەگەڵ یەکدیدا بەراورد دەکرێن، خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان دەردەکەوێ، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوە کە کار بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نێوان هەردوو زمانەکە بکرێت.

ئەم ڕێبازە ئەوەی سەلماند کە بنیاد و پێکهاتەی فۆرم و ناوەرۆکی هیچ جووتە زمانێک وەک یەک نییە، ئەمەش هەنگاوێک بوو بۆ چارەسەری یەکێک لە مەسەلە بنەڕەتییەکانی پاچڤە، دیارە هەر زمانێک بگری تا ڕادەیەک هزرینی ئەو کەسانە دەنوێنێ کە قسەی پێ دەکەن، واتە زمان و کولتوور پێوەندییەکی سفت و چڕیان پیکڤە هەیە، لە هەر شوێنێ کولتوور و زمان پێکڤە گەشەیان کردبێ، پێوەندییەکی پتەو لە نێوان بنەما گشتییەکانی دەستووری زمان و تایبەتمەندییەکانی کولتووری ئەو زمانەدا دەبینرێ. خۆ هەر بە سووکە سەرنجێک ئەوە بە دیاردەکەوێ کە زمانان لە ڕووی وشە و فەرهەنگی وشەوە بە ئاشکرا لێکدی جیاوازن، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی پێوەندی بە ژینگە و دەوروبەری ئەو خەڵکانەوە هەس کە بەو زمانە دەدوێن. بۆ نموونە زمانی کوردی بۆ ناوی (چیا) وشەی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام لە هەندێ بواری تردا زۆر هەژارە (بۆ نموونە دەریاوانی)، واتە زمان بە ئاشکرا ژینگەی جوگرافیایی و کۆمەڵایەتی هەر گەل و نەتەوەیەک دەنوێنێ، یانی زمانی هەر کۆمەڵێک وشەدانێکی یەکجار ئاڵۆزە و هەموو خەون و خەیاڵ و حەز و خولیا و کول و کۆڤان و کار و کردەوەکانی ئەو کۆمەڵەی لە خۆگرتووە، واتە زمان ڕەنگدانەوەی ژینگەی سروشتی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە. بەم

پێیە هەر چەمک و دیاردەیەک لە وشەدانی هەر زمانێکدا کۆد و کلیلێکی تایبەتی خۆی هەیە و بەو کلیلە (وشە) دێتە کردنەوە و تێگەیشتن، ئەم کۆدانەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی جیاوازن، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوە کە تێگەیشتنی تەواوەتی چەمک و مانای ئەو وشانە لە زمانێکی دیدا هەندێک جار دژوار و ئەستەم بێت. لەم بارەیەشەوە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەن. هەندێک پێیان وایە مادامێکی بنیاد و پێکهاتەی زمانان لە یەکدی جیاوازن، ناتوانرێت چەمک و مانایانی زمانێک بە تەواوەتی و وەک خۆی بۆ زمانێکی دی بگوێزرێتەوە، بۆیە هەوادارانی ئەم بۆچوونە باوەڕیان وایە کە وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، یان گونجاندن و جێکردنەوەی چەمکی زمانانی جیاواز لە زمانێکی دەستکرددا، یان زمانێکی سروشتی و ئاسایی جیهانیدا مەحاڵە، چونکە چەمک و زاراوانی هەر زمانێک بە جۆرێ لە بنیادی ئەو زمانەدا تەنراوە کە لە جیابوونەوە نایەت، بۆیە نەک هەر چێکردنی پێوەندی هاوبەشی زمانی لە نێوان جیهانیاندا کاری کردەنی نییە، بەڵکوو زمان کۆسپە لە ڕێگەی تێگەیشتن لە واقیعیش، چونکە زمان لەمپەر و کۆسپە لە نێوان تیرەی بەشەر واقیعدا، واقیع وەک خودی واقیع نانوێنێ، بەڵکوو وەک خودی (زمان) دەیەوێ نیشانی دەدا (بڕوانە: گفتمان و ترجمە/ علی صلح جو/١٣٧٧)

بەهەرحاڵ هەندێکی دی لایان وایە جیاوازی بنیادی زمانان لە یەکدی بەو ڕادەیە نییە کە نەتوانرێ بۆ یەکتر پاچڤە بکرێن. ڕاستە ناتوانرێ بۆ هەموو وشەکانی زمانێک (وشەی هاوتا) لە زمانێکی دیدا بدۆزرێتەوە، بەڵام وەرگێڕان، تەنیا (گوێزانەوەی وشە) نییە. لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، دەکرێت ناوەرۆکی وشەیەک لە ڕێگەی چەند وشەیەکەوە بگوێزرێتەوە و پاچڤە بکرێت، واتە گواستنەوەی چەمکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر شیاوە و دەشێت.

«٣»

زمان کاتێک بەرەو ئەوە دەچێت ببێ بە زمانێکی جیهانی کە لە زۆر وڵاتانی جیهاندا نەخش و ڕۆڵی دیار و تایبەتی و کاریگەری هەبێت، و میناکی زمانی ئەسڵی و زگماک و دایک لەلایەن خەڵکی ئەو وڵاتانەوە بەکاربێت، واتە خەڵکەکە بە زمانی خۆیانی بزانن، بۆ نموونە میناکی زمانی ئینگلیزی لە وڵاتانی: بریتانیا، ئیرلەندا، ئەمریکا، ئوسترالیا، نیوزیلاندا، ئەفریقیای باشوور و دوورگەکانی کاریبی، هەڵبەتە هیچ زمانێک نییە کە زمانی زگماک و ئەسڵی زۆربەی وڵاتانی دنیا بێت. بۆ نموونە زمانی ئیسپانیایی کە زمانی زگماکی نزیکەی بیست وڵاتێکی ئەمریکای ناوەندی و باشووره، ئەمە حاڵەتێکی ڕیزپەڕ و دەگمەنە. جا بەم پێودانگە مەرج و ماکی بە جیهانی بوونی هەر زمانێک جگە لەوەی کە دەبێ زمانی زگماکی چەند وڵاتێکی جیهان بێت، دەبێت لە وڵاتانی دیکەشدا کاریگەریی هەبێ و کەم و زۆر بەکار ببرێ، ئەوجا ئەم زمانە پێویستە لە ئاستی جهانیدا زۆر بایەخدار و گرینگ بێت، لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بە ڕادەیەک زمانی بەخشش بێ، کە وڵاتانی دیکە خۆ بەخۆ و بە ناچاری هەوڵی فێربوون و بەکارهێنانی بدەن و قوتابخانە و بنکەی فێرکاری بۆ بکەنەوە.

لێرەدا دوو حاڵەت دێنە پێشێ، حاڵەتی یەکەم ئەوەیە کە زمانێک وەک زمانی فەرمی - نەک زمانی زگماک، یان نەتەوەیی- وڵاتێک وەک کەناڵێکی پێوەندی لە مەیدانانی سیاسەت، یاسای دادڤانی و کەناڵی پێوەندی گشتی و سستمی فێرکای بەکاردەبرێت و بە زمانی دووەم ناودەبرێت و وەک تەواوکەری زمانی زگماک،

یان زمانی یەکەمی خەڵکی ئەو وڵاتە سوودی لێ وەردەگیرێت. نموونەی ئەمەش لە دنیادا زۆرە وەک: هیندستان و سەنگافوورە و گینیا و نەیجیریا... تاد.

حاڵەتی دووەم ئەمەیە هەرچەندە ئەو زمانە، زمانی فەرمی دەوڵەت نییە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتە بۆ مەبەست و مەرامی خۆیان، ئیدی چ مەرامی بازرگانی بێ، یان ئابووری، سەفەر و سیاحەت، سیاسی و کولتووری بێت، خۆبەخش و خۆ بەخۆیی هەوڵی فێربوونی دەدەن و پێشوازی لێ دەکەن، لەم حاڵەتەدا ئەو زمانە وەک زمانی بێگانەی یەکەم لەو وڵاتەدا ناودەبرێ.

ئەم زمانەش بە زۆری ئەو زمانەیە کە منداڵان لەسەرەتاوە و لە قوتابخانە و فێرگەکاندا دەیخوێنن و فێری دەبن، زۆر نموونەش بۆ ئەمە هەیە وەک زمانی ڕووسی لە کۆنە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، زمانی ئینگلیزی لە زۆر وڵاتانی جیاوازی دنیادا وەک زمانی یەکەمی بیانی دەخوێنرێ و لە برەودایە و درێ بەو زمانە بیانیانە داوە کە پێشتر زمانی یەکەمی بیانی هەندێ لە وڵاتانی دنیابوون، وەک زمانی فەرەنسی لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی جەزایر. جا کاتێ کە زمانێکی بیانی وەک زمانی فەرمی وڵاتێک وەردەگیرێت، ڕەنگە تەنیا وەک زمانی فەرمی دەوڵەت بەکاربێت، یان لەوەیە شەقڵێکی نیمچە فەرمی وەربگرێت و تەنیا لە هەندێ بواری تایبەتیدا بەکاربێت و سوودی لێ وەربگیرێت. دیارە زۆر فاکتەری میناکی: پێشینەی مێژوویی هاوبەش، هاوکێشەی سیاسی و بەرژەوەندی ئابووری و پێوەندی تەکنۆلۆژی و ئاڵوویێری بازرگانی و بازاڕگەرمی و کارلێکی کولتووری هەن بۆ هەڵبژاردنی زمانێک وەک زمانی یەکەمی بیانی لە هەر وڵاتێکدا، هەڵبەتە لە ڕۆژگار و سەردەمی ئەمڕۆکەشدا هەلومەرج و واقیعەکان بۆ فێرخوازانی زمانی بیانی یەکجار لەبارە و چەندان جۆرە کەناڵی ڕاگەیاندنەوانی، کتێبخانانی کاغەزی و ئەلیکترۆنی، قوتابخانە، سیدی، فێرگە و سستمی فێرکاری لە دوورەوە، خولی فێربوونی زمان هەن و ئاسانکارییەکی یەکجار گەورە بۆ فێرخوازان دەکەن و زەمینە بۆ بڵاوبوونەوەی (زمانی یەکەمی بیانی) لە وڵاتاندا خۆش دەکەن، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوە کە زمان بەرەبەرە ڕۆڵ و دەورێکی جیهانی پەیدا بکات.

***

ڕەنگە هەندێ کەس پێیان وابێت زۆریی ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە زمانێکی تایبەتی دەدوێن، ڕۆڵێکی گەورە لە بەجیهانی بوونی ئەو زمانەدا ببینێت، بەڵام واقیع پێمان دەڵێت ئەگەر زۆریی ژمارە فاکتەرێکیش بێت، ئەوە ڕۆڵێکی زۆر کەمی هەیە. بۆ نموونە زمانی چینی پتر لە ملیارێک خەڵکی قسەی پێ دەکەن، کەچی زمانێکی جیهانی نییە و تەنیا لە چین و لە چەند وڵاتێکی زۆر کەمدا بەکاردێت. خۆ ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە زۆر نموونەی لەم بارەیەوە تێدایە. بۆ نموونە زمانی لاتینی لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا لە جیهانی شارستانیەتی ئەو ڕۆژگارەدا زمانێکی جیهانی بووە، هەڵبەتە نەک بەهۆی زۆریی ژمارەی خەڵکی ڕۆمەوە، بەڵکوو بەهۆی هێزی سوپایی بێ شومار و بێ ڕەزای دەسەڵاتەوە بووە، پاشان کە دەسەڵاتی ڕۆم لاواز بوو و هەرەسی هێنا، ئەوسا زمانی لاتینی لە سایەی بەرەکەتی دەسەڵاتی ئاسمانی کڵێسای کاتۆلیکی ڕۆمدا سەدان ساڵی دیکە، بەهەمان تین و تاوی نێونەتەوەیی خۆیەوە بەردەوام بوو.

هەڵبەتە هیچ زمانێک ناتوانێت بەبێ هێم و بناغەیەکی بەهێز و پتەوی سیاسی سوپایی، یان ئابووری، یان زانستی، یان ڕۆشنبیری ڕۆڵی کەناڵێکی پێوەندی نێونەتەوەیی بگێڕێت.

هەڵبەتە زمان هەرگیز لەو خەڵکەی کە قسەی پێ دەکەن و بەکاری دێنن نایەتە دابڕان، واتە زادە و بەرەنجامی پێداویستییە بەشەری و ژیاری و شارستانیەتەکانی کۆمەڵگەیە. هەرکاتێک زمانێک لە ئاستی نێونەتەوەیی و جیهانیدا بوو بە زمانی بەرهەمهێنان و بەخششی زانستی، ئەدەبی، هونەری و ئابووری، ئیدی خۆبەخۆ لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە پێشوازی لێ دەکرێت.

ڕەنگە هەندێک کەس خۆشی و ڕوونی و سادەیی و دەوڵەمەندیی ئەدەبی و لایەنی ئایینی و ئاسایی دەستووری، زمانێک بە هۆی ڕەواج و برەوی جیهانی ئەو زمانە دابنەن، لەگینە ئەمە لە هەندێ ئاستدا بۆ خۆی فاکتەرێک بێت، بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە فاکتەرێکی بنجبڕ و زۆر پەسەند نییە. بۆ نموونە زمانی لاتینی هەرچەندە ئاڵۆزی و قورسی و لە ڕووی ڕێزمانی و دەستوورییەوە جیاوازیی نێوان نێر و مێی هەبووە، بەڵام لە ڕۆژگاری خۆیدا ڕەواجێکی جیهانی هەبووە، یان فەڕەنسی وێڕای هەموو ئاڵۆزی و وردەکارییەکانی خۆی لە هەردوو سەدەی هەڤدە و هەژدەدا ڕۆڵێکی نیمچە جیهانی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا هەبووە، کەواتە بەم پێودانگە ئاسانی فێربوونی زمان ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە بە جیهانی بوونی ئەو زمانەدا نابینێت، بۆ نموونە منداڵانی وڵاتانی جیاوازی دنیا لە یەک ماوەی زەمەنیدا، سەرباری جیاوازی دەستووری و واژەیی زمانی زگماکی خۆیان فێری زمانی خۆیان دەبن. بۆ نموونە منداڵێکی چینی کە دەبێت بەلای کەمەوە سێ چوار هەزار حەرف و پیت فێربێت، لە هەمان ئەو تەمەنەدا زمانی زگماکی خۆی کۆنتڕۆڵ دەکات کە منداڵە ئینگلیزێک کە زمانەکەیان تەنیا بیست و شەش حەرف و پیتی هەیە، فێری ئینگلیزی دەبێت، ڕاستە هەندێک تایبەتمەندی زمان هەن کە دەورێکی باش لە بڵاوبوونەوە و بە جیهانیبوونی ئەو زمانەدا دەبینن، بەڵام فاکتەری بنجبڕ و چارەنووسساز نین. بۆ نموونە خەڵکی باسی ئاسانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەکەن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەمەیە کە هیچ زمانێک هێندەی زمانی ئینگلیزی وشە و زاراوەی لەو زمانانەوە کە تەماسی دەگەڵدا هەبوون وەرنەگرتووە، بۆیە خوازیارانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی وا هەست دەکەن کە وشەکانی زمانی ئینگلیزی ئاشنا و ئاسانن، یانی زمانی ئینگلیزی دەرگای لە وشە و زاراوەی بیانی دانەخستووە، بەڵکوو پێشوازییەکی گەرمی لێ کردوون و لەناو خودی زمانی ئینگلیزیدا مشتوماڵی داون و سیقالی کردوونەتەوە و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بوون بە بەشێک لە زمانی ئینگلیزی و دەوڵەمەندیان کردووە، بێ ئەوەی ڕستەبەندی و داڕشتنی زمانی ئینگلیزی بشێوێنن، بە پێچەوانەوە ئەو زمانانەی کە هەوڵدرابێ لە وشە و زاراوەیێن بیانی پاک بکرێنەوە پاشەکشەیان کردووە. بە ڕاستیش زمانی پەتی دیاردەیەکی ساغڵەم و دروست نییە، بە پێچەوانەوە نیشانەی گۆشەگیرییە، نیشانەی ئەوەیە تەماسێکی ڕۆشنبیریی ئەوتۆی نییە، بۆ نموونە سەبارەت بە زمانی کوردی کە مەخابن تا ئیستا زمانی ئەدەبی یەکگرتوومان نییە، واتە زمانی ستاندارد کە هەر کوردێک پێی بنووسێت و بخوێنێتەوە، لە نیوەی سەدەی بیستەمدا هەندێک هەوڵ بە ناوی زمانی کوردی پەتییەوە درا بۆ پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشە و زاراوەیێن بیانی، کە بەڕای من ئەو کارە ئەنجامی نەزانی بووە، نەک خزمەتی زمانی کوردی نەکردووە، بەڵکوو زەرەری لێ داوە، چونکە ئەوەی زمان دەشێوێنێ وەرگرتنی وشە و زاراوەی بیانی- هەڵبەتە لە ڕادەی ماقووڵدا-نییە، بە تایبەتی کە لە قاڵبی دەستوور و فۆنەتیکی زمانی دووەم بدرێن، ئەوە زمانەکە دەوڵەمەند دەکەن، بەپێچەوانەوە ئەوەی زمان دەشێوێنێت و

لە گرێژنەی دەبا ڕستەسازی و داڕشتنی بیانییە کە مەخابن لە ڕۆژنامەوانی کوردی و کەناڵە ڕاگەیاندنەوانییەکانی ئەمڕۆدا هێندە زەق و دیارە کە خەڵکی نەخوێنەواریش هەستی پێ دەکەن و پێی تووڕە و قەڵس دەبن.

جا بەم پێیە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونانەی سەرێ دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی کە هەرچەندە تایبەتمەندییە بنیادییەکانی زمان، دەوڵەمەندیی فەرهەنگی وشەی زمان، کەلەپووری دەوڵەمەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی زمان، وابەستەیی زمان بە ئایینێکی ئاسمانی کاریگەر و ئیقلیمگیرەوە دەوریان لە بڵاوبوونەوەی زماندا هەیە، بەڵام هێز و دەسەڵاتی سیاسی خودانانی ئەو زمانە، بەتایبەتی هێز و دەسەڵاتی سوپایی فاکتەری هەرە گرینگی بە جیهانی بوونی ئەو زمانە بووە. هەڵبەتە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا فاکتەر و هاوکێشەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە دەبینین زمانی یۆنانی پێش نزیکەی سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر لە دەڤەری ڕۆژهەڵاتی ناڤین ڕەواجێکی نێونەتەوەیی پەیداکردووە، هەڵبەتە هۆی ئەمە فەلسەفەی بەرزی ئەفلاتوون و شانۆنامە پوختە و بەرزەکانی سۆفۆکل و ئاسخیلۆس نەبووە، بەڵکوو زیاتر هێرش و پەلامار و لەشکرکێشی و سەرکەوتنە سوپاییەکانی ئەسکەندەری گەورە بووە، نموونەی دیکە زۆرن، بۆ نموونە بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بە پلەی یەکەم قەرزاریاری فتووحاتی ئیسلامییە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمەشدا ناکرێت فاکتەری سوپایی و هێزی لەشکری بە تاکە فاکتەر و هۆکاری ڕەواجی جیهانیی زمانێک بزانرێ، بۆ نموونە مەغۆلەکانیش لە قۆناغێکی مێژوویيدا نیوەی ئاسیایان داگیرکرد و یەک دوو سەدەیەکیش حوکمڕانی ناوچە داگیرکراوەکانیان کرد، بەڵام نەیانتوانی تەنانەت لە ناوچەیەکی بچووکیشدا ڕەواج و برەو بە زمانی مەغۆلی بدەن، کەواتە ئەگەر هێزی سوپایی زمان بەگەڵ خۆی بخات و لە سنووری نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیی بپەڕێنێتەوە بۆ مەرز و بوومی وڵاتانی دی، ئەوە بەبێ هێزی پشتیوانی ئابووری و ڕۆشنبیریی گەورە لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا جێگیر و ڕیشاژۆ نابێت، بەڵکوو بەربەرەکانێش دەکرێت و دەبێزێنرێ، ئەم مەسەلەیەش لە سەدەی بیستەمدا و بە زەبری پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی کەناڵە گشتییەکانی پێوەندی وەک مۆبایل و ئینتەرنێت و سەتەلایت و ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی...تاد، ڕەواج و برەوێکی زیاتری پەیداکردووە و هەر هەموو سنوورە جوگرافیایی و دەروونییەکانی بڕیوە و زمانی ئینگلیزی لە هەر هەموو زمانەکانی دیکەی دنیا پتر سوودی لەو کەناڵانە وەرگرتووە و زۆر بە خێرایی قۆناغەکانی بە جیهانی بوون دەبڕێت. بێگومان ڕەگی ئەم حاڵەتی بە جیهانیبوونی زمانی ئینگلیزییە دەچێتەوە سەر چالاکییە ئیمپریالیسییەکانی ئینگلتەرا لە سەدەی نۆزدەدا لەلایەک و بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی لەو وڵاتەدا لە سەدەی هەژدەدا، واتە سیاسەتی ئیمپریالیستی ئینگلتەرا، زمانی ئەو وڵاتەی گەیاندە زۆر شوێنی دووری دنیا و کار گەییە ئەوەی کە بریتانیا و کۆڵۆنییەکانی بە ڕادەیەک فراوان بوو کە هەتاو لە خاکیا ئاوا نەدەبوو، ئەم ئامادەگی و حوزوورە جیهانییەی زمانی ئینگلیزی، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە، وێرای هاتنەخوارەوەی گێچی دەسەڵاتی بریتانیا، لەلایەن زلهێزی ئینگلیزی زمانی دنیاوە، واتە لەلایەن ئەمریکاوە، پارێزراو ڕیشاژۆکرا.

# کورتە باسێک لەبارەی مێژووی ژنی کوردەوە

د. زرار سدیق تۆفیق
(زانکۆی دهۆک - کۆلێژی ئاداب)

- ژن نەک ئافرەت:

سەرەتا و بەر لەوەی لە بابەتەکە بدوێین، پێویستە ئەو هەقیقەتە بزانین کە لە گشت خەرمانی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆریی کوردی و لە سەرجەم ئەدەبیاتی کلاسیکیی کوردیدا، بۆ ناوهێنانی ڕەگەزی مێینە و لە بەرانبەر پیاو و مێرددا، هەردەم ژن بەکار هاتووە: ژن و پیاو، یان ژن و مێرد و وشەی داتاشراو و نادروستی (ئافرەت) بوونی نییە و تازەباوە و نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر لە بێئاگایی و ناشارەزاییەوە هێنرایە ناو زمان و فەرهەنگی کوردییەوە و ناڕەوایانە وەک هاوواتای پەیڤی ڕەسەنی (ژن) جێگیر کرا، بگرە پتر بەکار دەهێنرا تا جێگای گرتەوە و ساڵی ١٩٣٠ بۆ داکۆکیکردن لە ماف و خواستەکانی ژنانی کورد، ڕێکخراوی (کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد) لە سلێمانی دامەزرا و دواتریش ڕۆژی ١١- ١٢ - ١٩٥٣ یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان هاتە دامەزراندن.

ڕوون و ئاشکرایە وشەی (ئافرەت) نە لە ناوی ژنە خوداوەندی گریکی (ئەفرۆدایت) و نە لە چاوگی (ئەفراناندن) و نە لە چ وشەیەکی کۆنی دیی زمانە ئێرانییەکانەوە نەهاتووە وەک کەسانی ناشارەزا لەخۆیانەوە دەیلێنەوە، بەڵکوو بەکوردیکراوی عەورات (عورات)ی فارسییە و

ئەویش لە (عورة)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، بە واتای کەموکووڕی و ناتەواوی و عەیبداری (الخلل والنقص والعیب) (١) و وەک صیفەتێک زیاتر بە ژنانەوە دەلکێنرا، بەو پێیەی لە کولتووری ئایینیی ئیسلامیدا زۆربەی هەرەزۆری جەستەی ژن عەیبدارە و مایەی شەرمەزارییە و نابێت لە ماڵ بێتەدەر و کەسانی بیانی بیبینن، ئەگەر بێتە دەر، ئەوە شەیتان فریوی دەدات تا خۆی برازێنێتەوە و لەخشتەی دەبات و خەڵکیی پێ گیرۆدە دەکات، بڕوانە: الترمذي (م: ٢٧٩ک/ ٨٩٢ز)، سنن الترمذي، حديث رقم ١١٧٣)، دواتر فارس ئەم صیفەیەی ژنیان وەک ناو وەرگرت و هاوواتای (زن- ژن) بەکاریان دەهێنا، بەڵام ئەوان لەمێژە دەستبەرداری بوون و لە فارسیی ئەمڕۆدا نەماوە.

لە چەند تێکستێکی فارسیی سەدەکانی ناوەڕاستدا، زیاد لە جارێک وشەی (عورات) تەواو بە واتای ژن هاتووە، لە دەقێکی سەدەی ٦ک/١٢ز هاتووە: " وبر دل أطفال وعورات او کی یتیم وبیوە شوند نمی بخشاید" (٢)، لە دەقێکی دی هاتووە کە بۆ ساڵی ٧٢٩ک/ ١٣٢٩ز دەگەڕێتەوە: ساڵانە لە وەرزی نەورۆزدا، سەرپاکی خەڵکی ئەسپەهان لە "... وخاص وعام وأطفال وعورات" خۆیان سازدەدا و ئاهەنگیان دەگێڕا (٣).

ئەسکەندەر بێگی تورکمان (م: ١٦٣٢ز) مێژوونووسی شا عەباسی سەفەوی لە میانەی گێڕانەوەی گرتنی قەڵای دمدمی دەڤەری تەرگەوەڕی ئورمێ و ڕەشبگیریی خەڵکەکەی دەڵێت: نزیکەی هەزار کەس لە " ... وأطفال وعورات" بەدیل گیران (٤). ڕاستییەکی گومانبڕیشە کە عەورات بەرەبەرە سووا و دەنگەکانی سووک کران تا بوو بە ئافرەت.




دیارە ژیاننامە و ڕۆڵی ژنانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد لە بوارەکانی ئەدەب و کۆمەڵایەتی و کوردایەتیدا، لەوێنەی مەستوورەی ئەردەلان (١٨٠٤ - ١٨٤٨) و عادیلە خانمی کچی عەبدولقادری ساحێبقران (١٨٥٩- ١٩٢٤) و حەپسەخانی نەقیب (١٨٩١ -١٩٥٣) و شەهید لەیلا قاسم (١٩٥٢- ١٩٧٤)... تاد تا ڕادەیەک ڕوونە و کتێب و گوتار و توێژینەوەیان لەبارەوە بڵاوکراوەتەوە و خوێنەرانیان پێ ئاشنا کراون (٥)، ئێمە لەم گوتارەدا لە ژنی کورد دەدوێین لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامی و سەردەمی عوسمانی بەگوێرەی ئەو زانیارییە کەمەی وا دەست کەوتوون.

### - ئازایی و سەربەستیی ژنی کورد:

لای هەمووان ئاشکرایە و هۆکارەکەشی بەڕوونی دەزانرێت، لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا، هەواڵ و زانیاری لەسەر ڕەگەزی مێینە- ژنان (الحریم)

کەم و ناتەواوە و لەچاو قەبارەی زانیارییەکان هەر بەراورد ناکرێت، وەلێ لەسەر ژنی کورد زانیاری یەکجار کەمترە، بگرە هەر نییە، ئەوەندە هەیە گۆشەیەک لە ژیاننامەی چەند ژنێک لە سەرچاوەکاندا هاتووە و لە پێنج شەش هەواڵێکی ڕاگوزاری و لابەلادا، ئاماژە بە ڕۆڵیان دراوە کە لە زۆربەیاندا وەک کەسایەتییەکی بەهێز بەدی دەکرێن و ئامادەییەکی کاریگەر و ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕن، بگرە ژنانی چاونەترسی وا هەبوون دەچوونە مەیدانی شەڕ و شان بەشانی کەسوکاریان دەجەنگان (٦)، وەک پیرە دایکی میر دەولەتیارخانی سیامەنصوری کە سواری ئەسپێک بوو و بە هاندانی پیاوانی کوڕەکەی، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی گێڕا لە شەڕی بەرهەنگاربوونەوەی هێزی قزلباشی صەفەوی و تێکشکاندن و بڵاوەپێکردنیان (٧).

فاتیمەی کچی ئەحمەدی کوڕی هەزارمێرد لە کوردانی دەڤەری هەکاری- بەهدینان، کەڵەژنێکی خودان کەسایەتی بەهێز بوو و باندۆر و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاراستەکردنی سیاسەت و هەڵسوکەوتی میر (ناصرالدولة) حەسەنی کوڕی عەبدوڵلای حەمدانی (م:٣٥٦ک /٩٦٧ز) مێردییەوە هەبووە (٨)، (نازبانو)ش خانمێکی بەساڵاچووی بەئەزموون و دنیادیدە و نهێنی پارێزبوو، ئەبوو تەغلوبی حەمدانی کوڕی فاتیمەی کورد بڕوای تەواوی پێ هەبوو و وەکوو بەرپرس و چاودێری زیندانیکردنی نەیارانی لە قەڵای ئەردەمشت پشتی پێدەبەست (٩).

خەدیجەی هاوژینی میر عەبدوڵلای کوڕی میر عیسای هەکاریی خاوەندی قەڵاکانی ڕابیە و فەرەح لە ڕۆژانەکانی هەکاری لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٦ک/١٢ز، ئەمیش ڕۆڵی خۆی لە دەربازکردنی دەسەڵاتی پشتاوپشتی مێردەکەی و هێشتنەوەی قەڵاکان بۆ کوڕەکەی گێڕا، هاوژینەکەی میر ئیبراهیمی بەشنەوی خاوەندی قەڵای فەنەک (٥٧٢ک/ ١١٧٧ز)، ژنێکی زۆرزان و چاونەترس و لێهاتوو بوو، دڵسۆزی مێردەکەی بوو، بە بوێری و زیرەکی خۆی توانی مێردەکەی لە پیلانی عیسای شووبرای دەرباز بکات و کارێکی وا بکات پلانەکەی سەرنەگرێت و شکست بهێنێت (١٠).

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای بایەخ و هەڵوەستەیە و تا بڵێی گرنگە دەرهەق ژنی کورد، ئەوەیە کە بەدڵنیاییەوە دەشێ بڵێین هەر لەکۆنەوە، لە ناوخۆی کوردستان و دەنێو کۆمەڵگای خاکی و خۆڕسکی کوردەواریدا، ژنی کورد ئازادی بۆ دەستەبەرکراوە و هەرگیز گوشاری نەخراوەتە سەر لەچک و سەرپۆش بپۆشێت و ناچار نەکراوە بە نادڵی ئەم کارە بکات، بەڵکوو بەوپەڕی سەربەستی و سەرفرازییەوە جووڵاوەتەوە و شانبەشانی پیاوان، بەشداریی ڕاپەڕاندنی کار و ئەرکەکانی سەرشانی کردووە و بە ئازادی و بێ لەمپەر تێکەڵی پیاوان بووە، ئەمەش یەکێکە لە لایەنە هەرە ئەرێنییەکانی کۆمەڵگای دێرینی کوردەواری و نیشانەیەکی تێگەیشتوویی و هۆشیاری و دڵپاکی پیاوی کوردە، صۆفی نەجمەددین مەحموودی ئەصفەهانی بەر لە حەوت سەدە، ساڵانێکی درێژ لە چیاکانی هەورامان گۆشەگیر بوو و تا مردنی سەرقاڵی دینداری و خوداپەرستی بووە و لە پاوە نیژواوە و لە نزیکەوە ئاشنای جڤاکی کوردەواری بووە، ئەم ئازادی بەخشینەی کورد بە ژنانیان، بە بێغیرەتی و نامەردیی ژماردووە و بە کارێکی ناڕەوا و ناپەسند و دەرچوون لە شەرعی ئیسلام داناوە و دەڵێت نەک تەنیا لەم دەڤەرە، بەڵکوو لە سەرپاکی کوردستان ئەم

دیارده دزێو و باوه بە توندی ڕەخنە و گازندەی لێ گرتوون و گوایە چ بیانوو و پاساوێکی دینی و مەعقوول و چ سوود و بەرژەوندییەک لەم بیدعەیە نییە (١١).

دیاردەی سەرنەپۆشینی ژنانی کورد تا ئەم ساڵانەی دوایی هەر مابوو و مایەی سەرنجی کەسانی بیانی و گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان بوو و لە یاداشتەکانیاندا لەبارەیەوە ئاخافتوون، بەڵکوو وەک خاڵێکی جیاکردنەوەیان بوو لە ژنانی میللەتانی دەرهاوسێ، زۆربەی ئەو گەشتیار و دیبلۆمات و گەڕیدانەی هاتوونەتە کوردستان و بەچاوی خۆیان ژنی کوردیان بینیوە، پێداگیرییان لەسەر ئەم ڕاستییە کردووە و بەڕاشکاوی باسی ئازادی و کراوەییان کردووە، یان هەر هیچ نەبێت، دانیان بەوەدا ناوە کە لە هی عەرەب و تورک و فارس ئازادتر و سەربەخۆترن، لەوانەش پیوتەر لیرخ (١٨٢٨ - ١٨٨٤) کە دەڵێت بەلای فارس و تورکەوە، کوردان سەربەستیی تەواویان بەخشیوەتە ژنانیان و لە گەلێک ڕووەوە هاوشێوەی ئەوروپییەکانن (١٢) و پێشتر گەڕۆکی ئیتاڵی پیترۆ دیلا ڤالا (١٥٨٦- ١٦٥٢) کە ساڵی١٦١٧ز هاتووەتە کوردستان، دەڵێت ژنانی کورد بێ سەرپۆش و بە سەربەستی بەنێو پیاواندا دەسووڕێنەوە، چ لەگەڵ پیاوانی خۆیی بێت، یان بیانی، ئازادانە دەدوێن (١٣)، کلۆدیۆس جیمس ڕیچ (١٧٨٧ -١٨٢١)یش دەڵێت: " پلەوپایەی ژنانی کوردستان گەلێک چاکترە لەوەی تورکیا و ئێران و مێردەکانیان بە یەکسانی ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەن و ژنانی کورد گاڵتە بە ژنانی تورک دەکەن کە کۆیلەئاسا ملکەچ و ژێردەستن" (١٤)، یەکێکی دی دەڵێت ژنی کورد بێ سەرپۆشن، چ لە دەمی کار و فرماندا و چ لە دەمی کۆبوونەوەیان لەگەڵ پیاواندا و پێوەندیی ژن و مێردی کورد، ژیانی خێزانیی ئەوروپاییم بەبیر دەهێنێتەوە (١٥).

ژنی کورد بۆ پرسی شەرەف و ناموسیش تا بڵێی مکوڕ بوو، ئەگەر بیانزانیایە یەکێکی بیانی چاوی بڕیوەتە ناموسیان، ئەوە بێ دوودڵی دەهاتنە دەست و ڕپیان دەدایێ، وەک چۆن شێرەکچەکەی هۆزی بڵباس زگی بەرپرسێکی تورکی عوسمانیی تەعداکەری هەڵدڕی (١٦)، یان هاوژینەکەی لێ ئاگادار دەکردەوە، دیارە پیاوانیش لە ئاست زێدەگاڤی بۆ سەر شەرەفیان بە توندترین شێواز لەگەڵ کەسانی بیانی دەجووڵانەوە، لەم بارەیەوە لە بەسەرهاتێکدا هاتووە کە چۆن کوردێکی ناوچەکانی واست-کوت، دەمێک هاوژینەکەی ئاگاداری کردووەتەوە کە ئەو حەکیمە نەصرانییەی وا کەڵەشاخ لە ڕانی دەگرێت، نیازی خراپە و بەتەمایە دەستدرێژی بکاتەسەری، بێ سێ و دوو ڕابووە حەکیمەکەی گرتووە و بردوویەتی بۆ چۆڵەوانییەک و کەرت کەرتی کردووە (١٧).

لێرەدا مادام بابەتەکە لەمەڕ ژنی کوردەوەیە، بە پێویستی دەزانم بەسەرهاتی کچە کوردێک دووبارە بگێڕمەوە، کوردێک بە خاووخێزانەوە ئاوارەی وڵاتی شام بووبوو و لە قەڵای شیزەر گیرسابووەوە و خزمەتی بنەماڵەی (اسامة بن منقذ الكناني: م٥٨٤ک/ ١١٨٨ز)ی دەکرد، ئەم قەڵایە دەکەوێتە سەرووی شاری حەما (حماه)ەوە و لە لێواری زێی عاصی، کابرای کورد کچێکی بە ناوی ڕەفول هەبوو، لە ڕۆژێکی ساڵانی٥١٧ -٥١٨ک/ ١١٢٢-١١٢٣ز فەڕەنجە خاچهەڵگرەکان لە پڕێکدا پەلاماری قەڵای شیزەریان دا و کەوتنە تاڵانکردن، سوارەیەکی فەڕەنجە ڕەفولی چنگ کەوت و ڕفاندی، ئەم کارەساتە کابرای کورد و موسڵمانی پەست و دڵگران کرد و تووشی هەر

کەسێک دەهات دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕشت و تێی دەگەیاند کچەکەی ڕفێنراوە، بەڵام ڕفول لای نەنگی بوو بکەوێتە چنگی بیانییەک و دوژمنێک و بوێرانە خۆی لەسەر ئەسپی فەرەنجییەکەوە فڕێ دابووە ناو زێی عاصییەوە و خنکابوو، ئوسامە دەڵێت: بۆ بەیانییەکەی بەسەر عاصی دا دەڕۆیشتین و لە کەنار ئاوەکەوە تارماییەکمان بەدی کرد، غوڵامێکمان نارد بەمەلە بڕوات، بزانێت چییە، کە هاتەوە زانیمان ئەو ڕەشاییە تەرمی ڕفولە کە جلێکی شینی پۆشیبوو و لە داربییەک- صەفصاف- گیر بووبوو، پێمایە سەربوردەی کچە کافرۆشی لەم بەسەرهاتەوە سەرچاوەی گرتووە و پێشتر بە درێژی لەم بابەتە دواوم (١٨).

جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێم کە برادەرێک ساڵی ٢٠٠٩، گوتارێکی لەبارەی بەسەرهاتی دێرینی کچە کافرۆشیی لە گۆڤاری (هەڵبوون) بڵاوکردەوە و لە زاری کابرایەکەوە، گێڕابوویەوە بۆ هەولێری ساڵانی سی سەدەی ڕابوردوو و ڕۆژگاری دەسەڵاتدارانی ئینگلیز و گوایە کچەی کافرۆش لە بنەماڵەیەکی ئاوارەی شکاک بووە و ئەفسەرێکی ئینگلیز ڕفاندوویەتی، دواتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چەندان ڕۆژنامە و سایتدا بڵاوکرایەوە و وەک ڕاستییەکی مێژوویی سەلما، ئەوجا کرایە فیلمی سینەمایی و ڕۆمان، ئەو برادەرە بەم دواییە و پاش نزیکەی سێزدە ساڵ، گەیشتە قەناعەت و ڕای گەیاند کە ئەو چیرۆکە هەڵبەستراوە و وێنەکەش دەستکردە و فۆتۆ نییە و ئەو کەسەی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاوەتەوە جێگای باوەڕ نییە و لەخۆیەوە پێکەوەی ناوە، بەمەش ڕاستیی بۆچوون و گومانی منی لەو سیناریۆیە سەلماند و ئەم هەڵوێستەشی شایانی دەستخۆشی و سپاسە و بێگومان دەستبەرداربوون لە بۆچوونێکی پێشتر و داننان بە حەقیقەتی پرسێک، مەرجێکی بنەڕەتیی توێژەرەی زانستخوازە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


(١) بۆ نموونە بڕوانە: ابن منظور (م: ٧١١ک/ ١٣١١ز)، لسان العرب، دار صادر(بیروت: ١٩٩٣)، ٦٢٥/٤.

(٢) محمد بن علی ظهیری سمرقندی، سندبادنامه (ئیستانبول: ١٩٤٨)، ص٥٩.

(٣) حسین بن محمد بن أبی الرضا آوی، ترجمه محاسن أصفهان، بإهتمام عباس إقبال (طهران: ١٣٢٨ش)، ص١٧.

(٤) تاریخ عالم آرای عباسی، إنتشارات أمیر کبیر (تهران: ١٣٨٧ش)، ٧٩٩/٢.

(٥) لەوانە کتێبەکەی شەهید جەبار جەباری: ئافرەتە ناودارەکانی کورد، چ. شیمال (کەرکوک: ١٩٦٩) ل٧٦.

(٦) پیوتر لیرخ، دراسات عن الأکراد، ترجمة د. عبدي حاجي (دمشق: ١٩٩٢)، ص٢١.

(٧) شرفنامه، الترجمة العربیة (أربیل: ٢٠٠١)، ص ٥٥٥.

(٨) التنوخي، الفرج بعد الشدة (بیروت: ١٩٧١)، ١٠٨/٢، ١٠٩، نشوار المحاضرة (بیروت: ١٩٧٨)، ٣/ ٢٢-٢٣، ابن الأثیر، الکامل في التأریخ (بیروت: ٢٠٠٧)، ٤٥/٧.

(٩) الفرج بعد الشدة، ١٨٤/٢-١٨٥.

(١٠) الکامل، ٧٠٤/٨، ٣٠٥/٩-٣٠٦.

(١١) مناهج الطالبین ومسالک الصادقین (تهران: ١٣٩٣ش)، ص١٩٤.

(١٢) دراسات عن الأکراد، ص٢١، ٣٣.

(١٣) رحلة بیترو دیللا فالیه الی العراق ، ص٨٤-٨٥.

(١٤) رحلة ریج الی العراق عام ١٨٢٠، ترجمة بهاء الدین نوري (بیروت: ٢٠٠٨)، ص٢٧٢.

(١٥) دراسات عن الأکراد، ص٢١-٢٢.

(١٦) رحلة ریج، ص٢٧٢- ٢٧٣.

(١٧) إبن الجوزي، ذم الهوی (بیروت ١٩٦٢)، ٤٩٣/١.

(١٨) کتاب الإعتبار (بیروت: ٢٠٠٣)، ص٢٤٢-٢٤٣، لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ کتێبەکەم: لەبارەی مێژوو و کەلتوری کوردییەوە(سلێمانی: ٢٠٢١)، ل٤٧- ٦٣.

# وێستگەی ڕادیۆی دوکتۆر واڵتەر بنیامین دەربارەی پێوەندیی پێداگۆگیی، فیلم و ڕادیۆ

**پێشڕەو محەمەد**
**(ئەڵمانیا)**

**(٢- ٢)**

لەنێو ئەم دەقە کارتۆنییانەدا، ئامرازەکانی سەرمایەدارانەی کارکردن بەسەر کرێکاردا فەرمان دەکات و ئامێری کاریگەری بە فۆرمێکی کۆنکریتی تەواو تەکنیکیانە ئەم جووڵەیە پیشان دەدات و بەدەستەوەی دەدات. ئامێر دەبێتە شتێکی زیندوو، لەکاتێکدا مرۆڤەکان دەبنە پاشکۆی ئامێر، فیلم ئەم شێوازی کارکردنە بە باشی پیشان دەدات.

لە تێبینییەکدا دەربارەی بودلێر لە کتێبی پرۆژەی پاساژەکاندا بنیامین ئاماژە بە ئەفسانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەکات کە شۆکی لێکۆڵەر بۆ ئەو کەسانە دەهێنن کە سیحریان لێ کراوە. ئەزموونێکی وەهای شۆک وەک «پێکەنین و خەندەی ڕەقی دۆزەخ» دەهێنرێتەوە، وەک ئەو هێزانە دەردەکەوێت کە زانین و مەعریفەی هەنووکەیی دەبڕن. بنیامین پێمان دەڵێت کە بودلێر- جۆشوخرۆشێکی زۆری بۆ ئامرازە یاریکردنە خۆجۆڵێنەرەکان هەبوو- ئەم پێکەنینە قاقا گوێکەڕکەرەی بەباشی دەناسی، هەروەها بنیامین ئاماژە بە لێکۆڵینەوەکەی خۆی دەربارەی شانۆی ماتەمی بارۆک دەکات، کە دەڵێت لە پێکەنیندا، بابەت پڕیەتیی ڕوح بەدەست دەهێنێت، لە بەرگێکی تەواو گۆڕاوی ڕیزپەڕ و ناباودا. بێدەنگیی بابەت لە پێکەنیندا تێدەپەڕێنرێت. بابەت ڕەهەندی ڕوحی وەردەگرێت. ئەم وزانە هاوشێوەی ئەو وزانەن جیهانی کاڵایی لە فیتیشیزمەکەی خۆیدا زیندوو دەکەنەوە. ڕوحێکی وەهای جادوویی، ژینگەیەکی تەواو زیندوو، زیاتر جیهانی ڕیکلامی بازرگانییە تا ئەوەی جیهانی میکی ماوس، یان تارماییەکانی پێش نانی بەیانی (Vormittagsspuk)ی هانس ڕیشتەر بن، یان هەر بەرهەمێک کە کۆمەڵێک شۆکی جووڵێنەر بە مادده و بابەت دەبەخشێت.

بە دووبارە داڕشتنەوەی ئەو شتەی بنیامین لەبارەی بیستنی پێکەنینی بەرز لەلایەن

بودلێرەوە گوتوویەتی، دەکرێت بڵێین ئەمە دووبارە دەنگدانەوەیەتی لە گوێکانماندا و شتێکی زۆرمان دەداتێ بیری لێ بکەینەوە، واتە بە دووبارە بنیادنانەوەکانمانەوە خەریک بین. ئەم خزمەتە هەم فیلمی کۆمیدیی ئەمریکی و هەم فیلمەکانی یەکێتیی سۆڤێت دابینیان کردووە.

ئەم جۆرە فیلمە بریتییە لە فیلمی کۆمیدی، بەڵام تەنیا بەو مانایە کە پێکەنین خولانەوە و سووڕانەوەیەک بە دەوری خەرەندێکی ترس و تۆقیندا دەورووژێنێت. لە یەکەمیاندا، واتە فیلمی کۆمیدی، تەکنۆلۆژیا بە شێوەیەکی پێکەنیناوی بەرەڵڵا دەکرێت تا کۆمەڵە ئەگەر و تواناییەکی نوێی جووڵە و دەرککردن بە بینەری مرۆیی ببەخشێت. لە دووەمیاندا، واتا فیلمی سۆڤێت، کاتێک جەنگی چینایەتی بە هەموو دڕندەیی خۆی دووبارە دەخرێتەوە سەر شاشەی سینەما، دەسەڵاتی وێرانکەری تەکنۆلۆژیا بانگ دەکرێتەوە و بەردەوامیش بەپاڵ دەسەڵاتە ڕزگاریخوازییەکەیەوە پیشان دەدرێت.

## ڕادیۆ

وەک سەرەتا لەم نووسینەدا باسمان کرد، بنیامین پەنا دەباتە بەر فۆرمە تازەکانی نواندن و میدیا تازە جەماوەرییەکان بۆ داڕشتنی تیورەیەکی ڕادیکاڵی پێداگۆگی و پەروەردەیی. فیلم یاوەرێکی سەرەکیی گەشتەکەیەتی، بەڵام ڕادیۆ پێکهێنەرێکی زۆر بنچینەی ئەم گەشتەیە کە زۆر کەم ئاوڕی لێ دراوەتەوە. بنیامین لەنێوان ١٩٢٧ تا ١٩٣٣ نزیکەی ٩٠ بەرنامەی ڕادیۆیی دەنووسێت و خۆی پێشکەشیان دەکات، هەم لە وێستگەی ڕادیۆی فرانکفورت و هەم بەرلین و ئەم پۆدکاستانەش بە «ڕادیۆی دوکتۆر واڵتەر بنیامین» ناسراون و خۆشبەختانە ئەمڕۆ لە کتێبی سەربەخۆدا بە زمانە جیاوازەکان



واڵتەر بنیامین

چاپ کراون. بنیامین پێی وایە دەکرێت لە ئاراستەی ڕۆیشتن بەرەو سۆسیالیزمدا، ئەم ئامێر و تەکنۆلۆژیا تازانە لەپێناوی تواناییەکان بۆ گۆڕانکارییە ڕاستەقینە و ڕادیکاڵەکان بەکاربهێنرێن. بەرنامە ڕادیۆییەکانی بنیامین، لەم ڕووەوە، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ڕۆڵێکی زۆر بنچینەیی پەروەردەیی و پێداگۆگی دەگێڕن. یەکێک لە ناوەڕۆک و تێما بنچینەییەکانی بەرنامە ڕادیۆییەکان ڕەهەندی پێداگۆگیی حیکایەتی پەرییانە، کە پاشان لە ١٩٣٦دا زۆر فراوانتر لە وتاری «حیکایەتخوان»دا درێژەی پێ دەدات. خواستی پەروەردەیی و پێداگۆگیی حیکایەتی پەرییان یەکێکە لەو نموونەی پێوەندیی نێوان دەرککردن و ئەکت نواندن (تێگەیشتن و جووڵە) [Wahrnehmung und Handlung] دەردەخات. تێمایەی دیکەی بەرنامە ڕادیۆییەکان شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی ڕووداوە سروشتییەکانە. بۆ نموونە «جیهانێکی وێران»: ئەمە بەمانای وشەکە بابەتی وانەیەکی ڕادیۆیی بنیامینە لە ١٩٣١دا دەربارەی بوومەلەرزەی لیشبۆنە لە ساڵی ١٧٥٥دا. لەم وانەیەدا بنیامین باس لە دوایین

دۆزینەوەکانی ناو زانستی بوومەلەرزەناسی دەکات، کە دەریدەخات زەوی بە جووڵەیە، زیندووە، هەمیشە دەلەرزێت، بەڵام لەوانەیە ئێمەی مرۆڤەکان وشیارانە تێبینیی ئەمە نەکەین. زەوی بوونێکی ناچالاک نییە، بەڵکوو لەڕووی مێژووییەوە گشتێتییەکی گەردوونیی ڕووەو گۆڕانە لە پێوەندیی ناوەکیی پڕ لە جووڵەدا لەگەڵ خۆی، هەروەها لەگەڵ ئێمە و تەکنۆلۆژیاشدا. بنیامین پێمان دەڵێت ئێستا ئێمە دەزانین کە تۆفان و شەپۆلەکان کار لە توێژاڵی زەوی دەکەن، چیاکان دادەڕووخێن، ڕووکاری دەریا لەگەڵ هەڵچوونەکانیدا خەست دەبێتەوە، زەوی سارد دەبێتەوە و بەردەکان بەهۆی گرژییە ناوەکییەکانەوە دەشکێن و درز دەبەن، پاڵەپەستۆکانی کێشکردنیش کار لە ڕووکاری زەوی دەکەن. پێشووتر وا بیردەکرایەوە - لە یۆنانییەکانەوە تا ئەمانوێل کانت، تا دۆزینەوەکانی ١٨٧٠- کە بوومەلەرزەکان بەهۆی غازەکان و بەهەڵمبوونەکانی دوای سووتان و گەرمبوون لە ناوەندی زەویدا ڕوودەدەن.

ڕاستییەکەی، وەک بنیامین تێبینی دەکات، بومەلەرزەکان، وەک خەڵک پێی وایە، لە کاکڵەی ناوەکیی زەوییەوە نایەن، کە وا دەبینرێت توابێتەوە، یان بووبێت بە قوڕ، بەڵکوو لە ڕووداوەکانی ناو توێژاڵی زەوییەوە دێن. بابەت، مادده بە بەردەوامی دەجووڵێت و بەهۆی شوێنگۆڕکێی بێ کۆتایی تیکتۆنیکی پەڕەیی (Plate tectonics)- وەک تەکنیکەکانی بڕین و دووبارە-داڕشتنەوەکانی مۆنتاژ- زەوی هەمیشە هەوڵی بەرقەرارکردنی هاوسەنگی دەدات. گەشتە زیندووەکەی بۆ سەقامگیری دەبێتە ناسەقامگیربوونی ئێمە لە فۆرمی بوومەلەرزەکاندا. بەو جووڵە شاراوانەیەوە کە لە هەندێک ئاستدا لە وێستگە تازەکانی بوومەلەرزەناسی لە ئەڵمانیا و شوێنەکانی دیکە بەڕووی گشتیدا کرانەوە، ئەم جەستە چالاکە (زەوی) ئێستا ڕووبەڕووی تەکنۆلۆژیا دەبێتەوە، بەو جۆرەی لە ڕێگای مرۆڤەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە نێوانگری کراوە. بنیامین لێرەدا سەبارەت بە پێوەندییەکانی داهاتووی نێوان مرۆڤەکان و هەسارە جووڵاوەکەیان گەشبینە. تەکنۆلۆژیا، لە ڕێگای پێشبینییەوە، ڕێگایەک دەدۆزێتەوە کە بەهۆیەوە پێگەیەکی یەکسان بە پێشکەوتووترین ئامرازەکان دەبەخشێت، لانی کەم بە ئەندامە هەستەوەرییە ڕوونەکانی ئەو سەگانەی لە ڕۆژانی پێش بوومەلەرزەیەکی گەورەدا توانایی پێشبینیکردنیان هەیە.

لە ڕادیۆ بوو کاتێک بنیامینی پێگەیشتوو کار لەسەر تایبەتترین بەرهەمی پێداگۆگی و پەروەردەییانەی خۆی دەکات، زۆر بەتایبەتتر لەو وانە زۆر و زەوەندانەیدا بۆ ساتی لاوی پێشکەشی دەکردن. ئەو ڕادیۆیەی لە بنەڕەتدا وەک میدیایەکی پەروەردەیی دەبینی. ڕادیۆ دەتوانێت ئەزموونی پەروەردەیی بە بیسەرانی ببەخشێت، هەندێکیان داوای بەشداریکردنیان لێ دەکرێت، ئەگەر هاتوو لۆژیکی فۆرمە تەکنیکییەکەیان گرتەبەر. بنیامین هەروەها لە ناوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٢٠دا، بەشداری لە یارییە ڕادیۆییەکان و «مۆدێلەکانی بیستن»ی ئەزموونیدا دەکات، کە هەندێکیان بۆ منداڵان و کەسانی دیکە لە ڕادیۆی گشتیدا پێشکەش دەکران. کار و بەرهەمی ڕادیۆیی بنیامین- کە خۆیان لە ٨٠ بەرنامە دەدا- بەهۆی سیاسەتی لیبراڵی کۆماری ڤایمار بەرانبەر بە میدیا، دەستەبەر بووبوو. کەسانی داهێنەری وەک هانس فلێش، زاوای پاول هیندمیسی ئاوازدانەری بەناوبانگ و ئێرنست شۆن ئەرکی بەرنامەدانانی کولتووریی هەرێمایەتییان لەسەر شان بوو. بۆ نموونە، فلێش لە یەکەم بەرنامە ڕادیۆییەکانیدا لە ١٩٢٤، دەستیکردبوو بە ئەنجامدانی

تاقیکردنەوەکانی دەنگی زیندوو و ڕاستەوخۆ تا وابکات بیسەر ئاگای لە نێوانگیریی خۆی و بابەتەکە و ماددەکە هەبێت. فلێش ئامادەکاری بۆ شانۆ ڕادیۆییەکانی بێرتۆڵد برێخت و فلیکس ڤایل کردبوو، ئێرنست کرێنێکی بەڕووی مۆسیقای ڕادیۆییدا کردبووەوە و لە ١٩٣١دا یەکەم وێستگەی ئەڵمانی بۆ بەرهەمی ئەلیکترۆنیی ڕادیۆیی دامەزراندبوو. شۆن کەمتر لە فلێش تاقیکارێکی فەرمی بوو. سەرسام بوو بە درامای ڕادیۆیی کە توانایی شیکردنەوەی هەلومەرجە سۆسیۆلۆژییەکان و ژیانی ڕۆژانەی هەبووە. بۆ واڵتەر بنیامین، کە لە نزیکەوە کاری لەگەڵ شۆن دەکرد، کاری ڕادیۆیی ڕێگایەک بوو بۆ گەشەدان و تاقیکردنەوەی تیورەکانی خۆی سەبارەت بە کولتووری میدیایی و گۆڕانی پێگەی بەرهەمهێنەری کولتووری و ڕۆشنبیری. بەشێکی زۆر لە لێکۆڵینەوەکانی بەدواداچوون بوون هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی هەڵبەز و دابەزکەر لە سەدەی نۆزدە بەدواوە. نووسراوە بەناوبانگەکانی وەک «نووسەر وەک بەرهەمهێنەر» (١٩٣٤) و «کاری هونەری لە سەردەمی بەرهەمهێنانەوەی تەکنیکییدا» (١٩٣٥ - ١٩٣٦) بە مەبەستی کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەک لەو ئاسۆیانە نووسرابوون کە ببنە بنەما بۆ ڕۆشنبیرانی ڕەخنەیی سەردەمی مۆدێرن، بەتایبەت ئەوانەی نەیاندەویست بانگەشە بۆ هونەر وەک ئایینێکی نوێ بکەن. ڕادیۆ، بە تواناییەکەیەوە بۆ ڕۆشنکردنەوەی جەماوەری و دیموکراتیزەکردنی دەستکەوتەکانی ڕۆشنگەری، سیاقێکی ئێجگار گرنگی بۆ کرێکارانی مەعریفەسازی سەردەمی مۆدێرن دابینکرد.

لە ساڵی ١٩٣١دا، بنیامین دەقە بەناوبانگەکەی «چەند ڕامانێک دەربارەی ڕادیۆ» دەنووسێت، کە تێیدا دەست بە تیوریزەکردنی ڕادیۆ دەکات وەک فۆرمێکی کولتووری جەماوەری لەگەڵ مۆنتاژ و تاقیکردنەوەدا بگونجێت، بەڵام ڕادیۆ ناتوانێت وزە ناوەکییەکەی خۆی بەدیبهێنێت. سەرەکیترین شکستی ڕادیۆ هەوڵە هەمیشەییەکەیەتی بۆ «جیابوونەوەیەکی بنچینەیی نێوان پێشکەشکار و بیسەر، جیابوونەوەیەک کە بەهۆی بنچینە تەکنۆلۆژییەکەیەوە دەردەکەوێت». بنیامین دەڵێت تەنانەت منداڵێکیش ئاگای لەوەیە کە «لەبەرژەوەندیی ڕادیۆ خۆیدایە هەر کەسێک لە هەر دەرفەتێکدا بهێنێتە بەردەم مایکرۆفۆن، وابکات بواری گشتی ببێتە شایەتحاڵی کۆمەڵە چاوپێکەوتن و دانوستان و گفتوگۆیەک کە تێیدا هەرکەسێک دەشێت قسەی بۆ گوتن هەبێت». بە شێوەیەکی پۆتێنشیاڵ بوار و مەیدانێکی دیموکراتییە و دەکرێت بەهۆیەوە زۆربەی زۆری دەنگە نەبیستراوەکان ببیسترێن. بەڵێنەکانی میدیا تازەکە لە سەردەمی بنیامیندا ئەمانە بوون: دانانی بناغەی مۆنتاژ، سروشتێک بکرێت دووبارە بەرهەم بهێنرێتەوە، چالاککردنێکی خواستی بیسەر، مەودا و نزیکی هاوکات...تاد:

«تا ئێستا هیچ دامەزراوەیەکی کولتووریی ڕاستەقینە نەبووە کە بەهۆی ئەو شارەزاییەی لە بیسەردا لە ڕێگای فۆرم و تەکنۆلۆژیاکەیەوە دەیچێنێت، هێندە ڕەوایەتیی وەرگرتبێت».

بەڵام توانایی و ئەگەرە تەکنۆلۆژییەکان بەدەگمەن ڕوون دەکرێنەوە. حوکمەکەی بنیامین دەربارەی ڕادیۆی هاوچەرخ بڕیارێکی توند و ڕەقە، نەیتوانیوە ڕووبەڕووی «عەقڵییەتی بەکاربەر»ی باڵادەستی سەردەمەکە ببێتەوە، کە بەهۆیەوە «جەماوەری ناڕوون و ناڕێک و ناڕێکخراو» دروست بووە، کە توانایی بڕیاردانی نییە، ناتوانێت هەست و سۆزەکانی خۆی دەرببڕێت. ڕادیۆ نەیتوانی کار بە دیوە تەکنۆلۆژی و فۆرمالەکانی خۆی بکات- وەک تۆن و شێوازی دەنگ. بنیامین دەڵێت، ئەوەی دەبێت بکرێت، دروستکردنی بیسەرانی شارەزایە، شارەزایەکی

نوێ لەگەڵ ئەم میدیایەدا بگونجێت. ڕادیۆ دەتوانێت بیسەرانی شارەزای ڕادیۆ دروست بکات، واتە ئەو خەڵکانەی لە ڕووی دەنگییەوە دەگونجێن و بەکەڵک دێن، چالاکانە بەشداری لەو شتەدا دەکەن کە دەیبیستن و بەو توانایی و ئەگەرە تایبەتانەی ڕادیۆ سەرسام دەبن، نەک ئەو کەسانەی هەر لە سەرەتاوە بەدوای بەرژەوەندییە لەپێشینەکانی خۆیاندا دەگەڕێن کە دەبێت ئەو میدیایە ڕەنگدانەوەی ئەو بەرژەوەندییانە بێت، بۆ نموونە ئەم تاقمی دووەمە زیاتر لەگەڵ ڕۆمان، مۆسیقای کلاسیک و گەشتنامەدا دەگونجێن تا ڕادیۆ.

بنیامین لەو دەرفەتە تێگەیشتبوو کە لە ڕادیۆدا هەبوو، بەڵام لای ئەویش ڕادیۆ پرۆسەیەکی فێربوون بوو. لە ١٩٣٤دا بابەتێکی کورتی ڕۆژنامەوانی بەناوی «بۆ خولەکێک» دەنووسێت، کە بەدەوری بابەت و ناوەڕۆکی نێوان ڕۆمان/ فیکشن و ئۆتۆبایۆگرافیدا، هەروەها بەمەبەستی خستنەڕووی جۆرە مۆدێلێکی فێربوونیش نووسرابوو، کە تێیدا تیورەیەک دادەڕێژێت تا ڕوونی بکاتەوە چۆن دەکرێت دەنگ لە ڕادیۆدا بەکاربهێنرێت. وتارەکە پێشنیاری شێواز و ڕێگایەکی بیرکردنەوە دەربارەی کۆیەتیی بیسەران وەک جەماوەرێکی تاکەکەسەکان دەکات:

«دوای پرۆسەیەکی پێشکەشکردن کە چەند مانگێکی خایاند، لە کۆتاییدا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی وێستگەی D ئەرکی ئەوەم پێ سپێرا...، بۆ ٢٠ خولەک بیسەران بە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە بواری پسپۆڕیی خۆم، واتا کتێبناس، سەرگەرم بکەم. ئەگەر لێدوانەکانم دەنگدانەوەیەکیان دۆزیبایەوە، ئەوە ئاسۆی دووبارەکردنەوەیەکی بەردەوامی ئەم جۆرە نێرراوانە بوونی دەبوو. بەڕێوەبەری بەشەکە هێندە میهرەبان بوو پێی گوتم کە بەپاڵ نووسین و داڕشتنی ئەم ڕامانانەوە، بەڵام شێوازی گەیاندنیان بنچینەییتر بوو. گوتی «کەسانی سەرەتا، دەکەونە ئەو هەڵەیەوە پێیان وابێت کە ئەوان وانەکەیان لەبەردەم مەیدانێکی گشتیی کەم و زۆر، فراوانتردا پێشکەش دەکەن، کە تەنیا بەڕێکەوت نادیارە. هیچ شتێک لە پێشەوەی حەقیقەت بێت. بیسەری ڕادیۆ بەگشتی هەمیشە تەنیایە، تەنانەت ئەگەر تۆ بە هەزاران بیسەریش بگەیت تەنیا بە هەزاران تاکە بیسەری تەنیا دەگەیت. دەبێت هەمیشە بەو جۆرە بجووڵێیتەوە وەک بڵێیت تەنیا قسە بۆ یەک کەس دەکەیت- یان ژمارەیەکی زۆری یەک کەسی، ئەگەر حەزبکەیت: بەڵام هەرگیز بۆ برێکی گەورە نا»».

وانەیەکی دیکە، پێوەندیی بە کاتەوە هەیە. ڕادیۆ جەخت لەسەر پابەندبوون بە کاتەوە دەکات. ڕێکخەری وێستگەی ڕادیۆ پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێت «لەکاتی خۆیدا تەواو ببێت». بەرهەمەکە دەیەوێت حیکایەتی پیشکەشکارێکی زمانگیراو، لەوانەیە بنیامین مەبەستی خۆی بێت، لە ناوەوەی «ستۆدیۆی مۆدێرنی ڕادیۆدا» بگێڕێتەوە «کە هەموو شتێک بۆ ئەوە ڕێکخرابوو لە خزمەتی ئارامیی تەواوەتیی بێژەردا بێت، خونچە و چرۆکردنێکی بێ وێنەی توانستەکانی». بە سەیرکردنی کاتژمێر، ئەو ئاگادار دەبێتەوە لەوەی ببینێت چەندە کات تێپەڕیوە و بیر لەوە دەکاتەوە کە دەبێت لەکاتی خوێندنەوەی بابەتەکەیدا، خێرایی خۆی زیاد بکات:

«تەنیا جووڵەیەکی یەکلاکەرەوە یارمەتیدەر دەبێت: پێویستە سەرجەمی بەشەکان بکرێنە قوربانی. ئەو بیرکردنەوانەی بەرەو دەرەنجام دەڕۆن، دەبێت چاک بکرێن. بەخۆدوورخستنەوەم لە دەقەکەم، بێ مەترسی تێناپەڕێت، بەڵام هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو. وزەکانم کۆکردنەوە،

چەندان لاپەڕەی دەستنووسەکەم هەڵدانەوە، لە کاتێکدا بۆ ماوەیەکی درێژکراوە مامەوە و لە کۆتاییدا وەک فڕۆکەوانێک لەسەر ئەو مەیدانەی پێیدا دەفڕێت، بەخۆشحاڵییەوە لە مەیدانی بیرکردنەوەی بەشی دەرەنجامدا نیشتمەوە».

بەڵام پاشان ئەو تێدەگات کە بەهەڵە کاتژمێری خوێندووەتەوە و زۆر زووتر بەرنامەکەی تەواوکردووە. بێدەنگی وەک ترسێک سەرتاپای داگیردەکات، کە لەنێو هەزاران گوێچکە و هۆڵ و داڵاندا بڵاوبووەتەوە. دەست بۆ کاغەزێکی دەگمەن دەبات و پیتە بزوێنەکانی لێ دەردەهێنێت و کۆمەڵە پشوویەکی بەرواڵەت مانابەخش دروست دەکات، بەم جۆرە دەگاتە کۆتاییەکەی. کاتی بەرنامەی ڕادیۆیی هێشتا نەبووەتە خوو و نەریتێک بۆ ئەو. لەم ژینگە تەحەدداکەرە تازەیەدا ئەو منداڵێکە کە یەکەم هەنگاوی، شکستە و کەسێکە دەبێت دووبارە و چەندبارە بکاتەوە تا دواجار ئاوێتەی نێو مۆدێلی بوونی خۆی دەبێت. قسەی نەستەق و چیرۆکە کورتەکانی بنیامین ئێمە لە تەبایی و پەیمانە تازەکانی مرۆڤەکان و تەکنۆلۆژیا ئاگاداردەکاتەوە و شتمان لەبارەیانەوە فێردەکات. کات کاتی ئامێری ڕادیۆیە. پێش ئەوەی نمایشەکە دروست بکرێت، بۆ نێو ماڵەکان دەگوێزرێتەوە، لەوێ کە لەلایەن بیسەرانی فراوانەوە حوکمی لەسەر دەدرێت. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا لێدانێک هەیە. هاوڕێیەک ڕۆژی دواتر ستایشی نمایشەکە دەکات، بەڵام بەرانبەر بەو ڕاستییە غەمگینە کە بیسەری ڕادیۆ بۆ چرکەیەک بڵاوبوونەوەی بەرنامەی ڕادیۆی لەدەست داوە. وادەردەکەوێت تەکنۆلۆژیا و مرۆڤەکان هێشتا دەبێت لە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا فێری شتی زیاتر ببن.

بنیامین بە دووی کۆمەڵە ڕێگا و شێوازێکدا دەگەڕا کار لەگەڵ دەرفەتە تەکنۆلۆژییەکانی ڕادیۆدا بکات، بەتایبەت بیسەران هان بدات بیر لەو میدیایە بکەنەوە کە خەریکن کەشفی دەکەن. یەکێک لە بەرنامە ڕادیۆییەکانی بنیامین بەرهەمێکی ڕادیۆفۆنی (بەرنامەی ڕادیۆیی بە مۆسیقاوە) کە بۆ منداڵان داڕێژراوە بەناوی «هەراوزەنای زۆر لەسەر کاسپەر» (Radau um Kasper) لە ١٩٣٢، ئەمەش تاقیکردنەوەیەکە لەگەڵ شوێنی شایستە و دەنگی گوتاری ڕادیۆییدا. دەپرسێت دەبێت کێ بکەری بەرنامەی ڕادیۆیی بێت. دیالەکت و یاری دەنگی یەک دەخات. بیر لە شوێنی ڕادیۆ لە ماڵەوە، لە چوونی بەنێو دابەشبوونی شوێنە گشتیی و تایبەتەکاندا دەکاتەوە، هەروەها لە نامۆبوون و بەکاڵابوونی کاری کولتووری رادەمێنێت.

بەرنامەی ڕادیۆیی یارییە ڕادیۆییەکان (Funkspiele) بەرنامەیەکی ڕادیۆیی کانوونی دووەمی ١٩٣٢ بوو. بەم جۆرە لە ڕۆژنامە-ڕادیۆی زوود-دۆیچە بڵاوکرایەوە:

«ئێوارەی ڕۆژی شەممە جۆرێکی یاری کۆمەڵی ئەدەبی لە سەردەمە پێشوو و زۆر مۆسیقاییترەکاندا، لە هەمان کاتدا جوان ڕێکخراو، نەک لە دەرەوەی کاریگەریی تاقیکردنەوەی سایکۆلۆژی و پێداگۆگی بەناوونیشانی «یارییە ڕادیۆییەکان» پێشکەش دەکات و دوکتۆر واڵتەر بنیامین بەڕێوەی دەبات.

لیستێکی وشە سەرەکییە ناپێوەندیدارەکان لە مایکرۆفۆنەوە بۆ منداڵێک، بۆ ژنێک، بۆ شاعیرێک، بۆ ڕۆژنامەنووسێک بۆ بزنسمانێک - ئەو جۆرە مرۆییانەی دەکرێت بەباشی فراوان بکرێن، یان جێگیر بکرێت، وەک سروود دەگوترێتەوە. لەگەڵ خانەخوێدا، ئەرکەکەیان وەرگێڕانی ئەم وشانەیە بۆ نێو چیرۆکێکی کورتی مانابەخش».

بیسەران بانگهێشت کرابوون تا کۆمەڵە

ئەرکێکی قورس ئەنجام بدەن و خۆیان بەرنامە پێشکەش بکەن و دەرەنجامی کارکردنەکەشیان لە جۆرنالێکی وێستگەی ڕادیۆدا بڵاودەکرێتەوە. ئەو وشانەی بۆ ئەرکەکە هەڵبژێررابوون، لانی کەم، دوانەمانایان هەبوو: «Kiefer, Ball, Strauß, Kamm, Bauer, Atlas» (سنەوبەر/ شەویلگە، تۆپ، چەپکەگوڵ/ وشترمورغ/ خەبات، شانە/ بەربەست/ مل، جووتیار/ قەفەس، ئەتڵەس/ پەڵە)، وانەکە دەربارەی توانایی و فراوانی گۆڕانی زمان بوو. خەیاڵ، سوریالیزمی جەماوەری و ڕامانی پێداگۆگی لەسەر زمان بەتەواوی لە نوسخەی بنیامین بۆ کولتووری ڕادیۆیی دەردەکەون.

بنیامین پێی وابوو پەروەردەی باڵادەست لەناو مۆدێلی پەروەردەی بۆرژوازیدا، کۆلۆنیالیزەکردنی مێشکی منداڵ و لێسەندنەوەی سەربەستییەکەیەتی. دووبارە بەخشینەوەی دەرفەتی ئازاد بۆ پەروەردەیەکی نوێ نەک تەنیا مێشک و زەینی منداڵ، بەڵکوو هی گەورەساڵانیش بەشۆڕشگێڕی دەکات. نموونەیەک، وەک پێشتریش باسمان کرد، سەبارەت بە ڕۆڵی حیکایەتی پەرییان، بنیامین لە بەرنامەی «ڕێنیشاندەری ئامرازی یاری بەرلین ١» نموونەی حیکایەتێکی پەریانی ئەمێلی گۆدینی نووسەر دەهێنێتەوە، بەتایبەت لە حیکایەتی «تینچن»، کچێکی لاو کە دەبێت بە شێوەیەکی پاڵەوانخوازانە براکانی بپارێزێت. کاتێک منداڵان هەتیو دەکەون، حیکایەتێکی پەرییانی باش بەڵێنی ئەوە دەدات کە ئەوان دەبێت بەهیچ جۆرێک ئازار بەیەکتر نەگەیەنن. لە ناکاو جادووگەرێک دەگاتە ناو دیمەنی ڕووداوەکان و شەڕ و هەرا لەنێو براکان دروست دەکات و پاداشتیش بۆ بەرەندە دەبڕێتەوە. جادووگەر فێڵبازانە بەخشۆکی دەیانباتە ناو ئەشکەوتەکەیەوە، ئێستا ئەوە لەسەر شانی تینچنە ڕزگاریان بکات. ئەو دەبێت بگاتە ئەشکەوتی جادووگەرەکە، بەڵام بەبێ ئەوەی لە ڕێگا کات بەفیڕۆ بدات. جادووگەر داوی بۆ دەنێتەوە، تا بیخڵەتێنێت و بەداوەکانەوە بێت و ڕاستییەکەی ئەو داو و تەڵانە بە شێوەیەکی بەرچاو لە کۆگای بازاڕە گەورە هاوچەرخەکان دەچن کە کۆمەڵە ئامرازێکی یاریکردنی سەرنجڕاکێشیان تێدایە: «چەرخ و فەلەکی ئەسپی دارین و کۆمەڵە ڤاگۆنێک، کۆمەڵە ئەسپێکی بەردین و لەسەرووی هەموویەوە، ماڵە کارتۆنییە سەرسوڕهێنەرەکان»، بەڵام هاوپشتی و سۆڵیدارییەتی لەگەڵ براکانی ئەوەی لێ دەخوازێت کە دەبێت بەدژی وەسوەسە خرۆشێنەرەکانی فیتیشیزمی کاڵاییدا بووەستێتەوە، تەنانەت بنیامین ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ئەو وێنە یۆتۆپی و خەیاڵییانەی لە فرەیی ئامرازەکانی یاریدا کەڵەکەکراون، نابێت بە شێوەیەکی فراوان فەرامۆش بکرێن، بەڵکوو دەبێت لە جادووی سەرمایە ڕزگار بکرێن، وەک چۆن دەبێت داو و تەڵە ڕازاوەکانی جادووگەرەکە لە سیحر دابماڵرێن و ئامرازەکان خۆیان بۆ هەرێمی بەکاربردنی ئازادانە و سەربەست بگەڕێنرێنەوە.

ئامرازەکانی یاریکردن بە هۆی پیشاندانیان بە شێوەی فیتیشیزمی کاڵایی، لەوە کەوتوون وەڵامی خواستی ئازادانەی منداڵ بدەنەوە، بەڵکوو بەهۆی سیحر و جادووی سەرمایەوە جادوو لە منداڵان دەکەن و مێشکیان کۆلۆنیزە دەکەن، هاوشێوەی داو و تەڵەکانی جادووگەری ناو حیکایەتی پەرییان. بنیامین لە پرۆژەی پاساژەکاندا پێی وایە ئۆبژێکت و بابەت و ئامرازەکان خاوەن نەزم و ڕێکخستنی خۆیانن و دەنگ و سەدای خۆیان هەیە و بە لەجادووخستنیان، یان ڕزگارکردنیان لە دەسەڵاتی سەرمایە، دەتوانن پێوەندیی ڕاستەوخۆ

لەگەڵ منداڵاندا دروست بکەن. تینچن دەیەوێت نەریتی هاوپشتی زیندوو بکاتەوە، جادووگەر بە فێڵەکانی دەیەوێت بە تەڵەی وەسوەسە و هەوەسی سەرسامیی کاڵاکانییەوە بکات، بەو مانایە وەک مارکس دەڵێت فیتیشیزمی کاڵایی هاوپشتی کرێکاران لەناو دەبات، بۆ دروستبوونەوەی هاوپشتی دەبێت بەسەر سەرمایەدا زاڵ ببین، کەواتە بۆ زیندووبوونەوەی نەریتی هاوپشتی منداڵان و پەروەردەی ئازاد، دەبێت ئامرازەکانی یاریکردن، بەتایبەت ئەمڕۆ لەناو نەریتی پیشەسازی و ڤیدیۆ گەیمەکاندا، لەژێر هەیمەنەی جادووی کۆمپانیا زەبەللاحەکان دەربهێنرێت و وەک ئامرازی یاریکردنی سەربەستانەی منداڵ لە دەرەوەی ئارەزووی قازانج، دابنرێنەوە. لێرەوە کە سۆڵیداریەتیی دروستبوو، ئەو پەروەردەیەش لەناو دەچێت کە پێی وایە منداڵ لە قوتابخانەوە دەبێت سارد، ڕەق، توند و بێ هەست بێت.

**پەراوێزەکان:**

**١- بۆ زانیاریی دوورودرێژ لەبارەی کراکاوەرەوە بگەڕێنەوە بۆ:**

**پێشڕەو محەمەد، لەکۆدگۆڕینی کانتەوە بۆ تیوری فیلم: دەروازەیەک بۆ فینۆمینۆلۆژیای ماتریالیستیی زیگفرید کراکاوەر، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢١.**

**٢- بۆ ئەم مەبەستە بگەڕێنەوە بۆ نووسراوەیەکی من لەو بارەیەوە: پێشڕەو محەمەد، کێ واڵتەر بنیامینی کوشت،** https://trans-cultures.DA٪A٧٪D٨٪٨٨٪٨E-٪D٩٪DB٪fr/٪DA٪A٩D٪A٨٪D٨٪-B١٪D٨٪٩٥٪AA٪DB٪D٨٪٪B٥٨C٪D٪DB٪٨٥٪D٩٪A٧٪٨C٪D٨٪DB٪٨٦٪٩٪B٤٪D٨٪٨٨٪D٩٪٨C-٪DA٪A٩٪DB٪٨٦٪٩/٩F٪AA٪D٨٪D٨

**٣- بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بە زمانی کوردی بچنە ناو وردەکاریی بیری بنیامین لەسەر چەمکەکانی مێژوو، تیوری هونەر، سینەما، فۆتۆگرافی و شارسازی، پێشنیاری ئەم سێ کتێبە دەکەم:**

**پێشڕەو محەمەد، دیالەکتیکی هونەری سێیەم: دەربارەی مۆدێرنیتە، شار، سینەما، فۆتۆگرافی، تەکنیک، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢٠؛ پێشڕەو محەمەد، کەرنەڤاڵی شکستخواردوان: خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ تێزەکان دەربارەی چەمکی مێژووی واڵتەر بنیامین، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢٠؛ پێشڕەو محەمەد، تۆفانێک لە بەهەشتەوە هەڵدەکات: دەروازەیەک بۆ هزری واڵتەر بنیامین، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١٩.**

4- Walter Benjamin, Gesammelte Schriften. Band. 7. Herausgegeben von Rolf Tiedemann and Hermann Schweppenhäuser. Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 1989.

**٥- سەبارەت بەم چەمکانە بگەڕێنەوە بۆ وتارەکەی بنیامین لەبارەی سوریالیزمەوە:**
Walter Benjamin, Surrealismus, die letzte Momentaufnahme der europäischen Intelligenz, in Gesammelte Schriften. 7 Bände, Unter Mitarbeit von Theodor W. ADORNO herausgegeben von Rolf Tiedemann and Hermann Schweppenhäuser, Suhrkamp, Frankfurt am Main, 1972-1991.

6- Walter Benjamin, Der Erzähler: Betrachtungen zum Werk Nikolai Lesskows, in Walter Benjamin: Erzählen, Schriften zur Theorie der Narration und zur literarischen Prosa Ausgewählt und mit einem Nachwort von Alexander Honold, Suhrkamp Verlag Frankfurt am Main 2007.

**٧- هەمان سەرچاوە.**

8- Walter Benjamin, Einbahnstraße, Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 1997, s.123.

9- Theodor W. Adorno and Walter Benjamin, The Complete Correspondence: 1928-1940, translated by Nicholas Walker, Harvard University Press, Cambridge, MA, 1999, p.146.

10- Theodor Adorno, Else Fren-

kel-Brunswik, et al. The Authoritarian Personality, Verso, London, 2019.

11- Walter Benjamin, Einbahnstraße, ebenda, s.123-125.

12- Walter Benjamin, Old Toys, in Selected Writings, vol. 2 (1927-1934), edited by Michael W. Jennings, Howard Eiland and Gary Smith, Harvard University Press, Cambridge MA, 1999, p.101.

13- Walter Benjami, Kolonialpädagogik, in Kritiken und Rezensionen Gesammelte Schriften III. Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 1972, s.273.

14- Walter Benjamin, Response to Oscar A. H. Schmitz, in Selected Writings, vol. 2 (1927-1934), op.cit, pp.16-19.

١٥- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر فۆتۆگرافی لای بنیامین و پێوەندی بە سیاسەتی ڕادیکاڵ و پەروەردەوە بگەڕێنەوە بۆ:

پێشڕەو محەمەد، فۆتۆگرافی و سیاسەتی ڕادیکاڵ: دەربارەی سیاسەت، ئێستاتیکا، تەکنیک، ناوەندی چاپەمەنیی ڕۆسا و ڕێگە، هەولێر، ٢٠٢١.

16- Walter Benjamin, Response to Oscar A. H. Schmitz, op.cit, p.17.

17- Walter Benjamin, The Arcades Projects, translated by Howard Eiland and Kevin McLaughlin, Harvard University Press, Cambridge MA, 1999, p.156.

١٨- هەمان سەرچاوە، ل.١٤٧.

١٩- بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەربارەی ڕوانینی بنیامین بۆ میکی ماوس بگەڕێنەوە بۆ: پێشڕەو محەمەد، دیالەکتیکی هونەری سێیەم، سەرچاوەی پێشوو، کەرتی: میکی ماوس و مارکس.

٢٠- بگەڕێنەوە بۆ فایلی ٥٤ل، ١ لە کتێبی پرۆژەی پاساژەکان، ل.٣٢٥.

٢١- سەبارەت بە ڕوانگەی بنیامین بۆ بودلێر لە کتێبی پرۆژەی پاساژەکاندا بگەڕێنەوە بۆ:

پێشڕەو محەمەد: بودلێر و شەقامەکانی پاریس: دەربارەی بودلێری بنیامین، گۆڤاری شیعر، ژمارە ٨، سلێمانی، ٢٠١٩.

٢٢- ئەم وتارەم کردووە بە کوردی و لە داهاتوویەکی نزیکدا لەگەڵ کۆمەڵە وتارێکی دیکەی بنیامین چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

23- Walter Benjamin, Radio Benjamin, edited by Lecia Rosenthal, Verso, London, 2014, p.162.

٢٤- هەمان سەرچاوە، ل.٣٦٣.

٢٥- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

26- Walter Benjamin, Gesammelte Schriften, Band 4. Ebenda, s.761.

٢٧- هەمان سەرچاوە، ل.٧٦٣.

28- Radio Benjamin, op.cit, pp.201-220.

29- Südwestdeutsche Rundfunk-Zeitung, vol. 8, no. 1 (1932): 2.

30- Radio Benjamin, op.cit, p.38.

# چەند زێدەكرنەك
# ل دۆر فەرۆزێن نامەیێن (عەبدولڕەقیب یووسف)ی...!!

ئیسماعیل بادی
(دهۆک)

(٢- ٢)

**سیاهپۆش و ناڤهینانا وی د ژێدەران دا**

هۆزانڤانێ ب ناڤودەنگ (سیاهپۆش)، د راستا ژیانا وی و سالا بوونا وی دا، هەتا نۆکە ب دروستی نەهاتینە زانین، هەر چەندە هۆزانڤانەكێ شەهرەزا و خودان بەرکار و ناڤدار بوویە ل کوردستانێ، ب سەمەدێ کو ناڤێ وی ل نک چەند نڤیسەڤان و هۆزانڤانێن کورد هاتییە، ئەوژی: هۆزانڤانێ هەورامی، مەلا عومەرێ زەنگەنە (رەنجووری) (٢٧) د ناڤ هۆزانەکا خۆدا ناڤێ وی لگەل ناڤێ کۆمەکا هۆزانڤانێن کورد ئینایە ژ ئەوێن هەڤچاخێ وی، یان ژی دبیت هندەكێن بەری وی ژیبابن، ب دیتنا مە ئەڤ هۆزانە ئاشکرا دکەت کو هۆزانڤان (سیاهپۆش) بەری وی بوویە. ل بەراهییا هۆزانا خۆ دبێژیت:

**شوعەرایی کوردستان گۆیندانی خلاس**
**هەرچی مەشهوورەن پەرێت کەروو باس**

پشتی چەند رێزەکا و ناڤێ چەند هۆزانڤانەکان، ناڤێ (سیاهپۆش)ی ژی دئینیت:

**(ئەحمەد دۆڵەیی)، (عەبباس پانی) (باکی) و (سیاهپۆش)، (دەدە سێوانی) (٢٨).**

دبیت نێڕینا نڤیسەڤان محەمەد شێخۆی یا د جهێ خۆ دا بیت کو ئەو خەلکێ دەڤەرا سۆران بیت. چونکی ئەوی ژی هۆزانەک تێکەل ب سۆرانی و کرمانجی ڤەهاندییە، هەروەسا ناڤئینانا هەورامی بۆ ناڤێ وی، پتر باوەریێ موکۆم دکەت.

هۆزانڤان (جەگەرخوین) د هۆزانەکا خۆدا ناڤێ وی دئینیت، د هۆزانا (زمان و هینکرنا زمان)دا دەمێ بەحسێ زەنگینییا ئەدەبێ کوردی دکەت، ناڤێ هۆزانڤانی دگەل ناڤێ چەند هۆزانڤانێن ناڤدار دئینیت:

**(جزیری) و (خانی) چ گەرناسە ئەو**
**وەکی دجلە و زاب و ئاراسە ئەو**
**(سیاهپۆش) و (نالی) و (باتی) ببین**
**تو (مکسی) و (نووری) و (حاجی) بخوین (٢٩).**

هەروەسا د هۆزانا (هۆزان و شاعرێن کورد) دا جارەکا دی ناڤێ هۆزانڤان سیاهپۆش ئینایە،

دەما ناڤێ وی دئینیت، ئاماژەیێ ددەتە ناڤێ کتێبا وی (سەیفولمولووک) کو دانەیەک ب زمانێ کوردی ل مسرێ هەیە، جەگەرخوین دبێژیت:

**یەکی دی هەیە سەیدایە، سیاهپۆش**
**د وەلاتێ مە دا چەرخا گەردۆش**
**(سەیفولمولووک) چیرۆکا ڤی مەردی**
**ل مسرێ یە، ب زارێ کوردی (٣٠).**

هۆزانڤان (جەگەرخوین)ێ جارەکا دی د پەرتووکا (فەرهەنگا کوردی)دا، دو جارا میناک ژ هۆزانێت وی ڤەگوهاستینە. د میناکێ یەکێ دا ئەڤ بەیتە ئینایە دەمێ بەحسێ پەیڤا (تاوس) دکەت:

**تاوس ب ڤی شکلێ بەدیع**
**شەرمەندەئێ ساقیێ دڕەش**

پاشی مالکەکا دیتر ئینا کو تێدا دبێژیت:

**یا رەب چە عەجەب مامە ژ ڤێ حوسن و جەمالێ**
**ڤێ دێم زەری، سۆرپەری و حوری میپالێ (٣١).**

شێخ مەمدووحێ بریفکی ژی ناڤێ وی د لیستا (٥١) شاعرێت کورد دا نڤیسییە، بێی چ پێزانینا ل دۆر ژیانا وی قەید بکەت (٣٢).

قەشە تۆما بوا د پەرتووکا (مع الأكراد) دا، دەمێ بەحسێ هۆزانڤان (ئیسماعیل بایەزیدی) - ل دوریێت سالا ١٦٥٤ – ١٧٠٩ێ دا ژیایە- دکەت، دبێژیت کو سیاهپۆش ناڤێ هۆزانڤانەکێ دیترە ل سەر دەمێ وی ژیایە (٣٣)، بەلێ سەیدا عەبدولرەقیب یوسف دبێژیت: «ئەم نەشێین سەدا سەد ڤێ گۆتنێ ب راست بزانین هەتا گرۆڤەکێ دیتر نەکەڤتە دەستێ مە» (٣٤).

نڤیسەڤان ئەنوەرێ سولتانی، د گۆتارەکێ دا ل دۆر (بەیتا «سەیفولملووک و بەدیعولجەمال»ا «سیاهپۆش» دا، کو د راستا دەستنڤیسەکا کوردی دا ل کتێبخانەیا بەریتانیا – لەندەن نڤیسییە، بێی یەکودو هەر ل هەڤۆکا یەکێ ژ



عەبدولرەقیب یووسف

گوتارا خۆ، ناڤێ هۆزانڤانی ددەتە ئاشکراکرن و کرییە (مەردۆخی)، کو «محەمەد جەواد (سیاهپۆش) نڤیسەڤان و زانایەکێ مەزنێ کوردە، دبیت بشێین کەسینییا ئەڤی مرۆڤی ژ لایێ زانستی ڤە ب مەزنەکێ بنەمالا مەردۆخییا و ژ لایێ هۆزانڤانییێ ڤە ب (خانی) ب شۆپهینین...». پاشی ل جهەک دی دبێژیت: «د راستا (سیاهپۆش)ێ دا، ناڤێ وی مە دانایە (محەمەد جواد) و (سیاهپۆش) ژی دێ ناسناڤێ وی بیت، بەلێ ناڤێ ڤی هۆزانڤانێ مەزن چ بوو، چ سەرۆکانییا ئاڤرێ نەدایێ» (٣٥)

یەک ژ هەلبەستێن هۆزانڤان (سیاهپۆش)ێ:

**ئیرۆ مە ژ دەست غونجە لەبان نالە ژ د دل تێن**
**ئاهین و گرین و شیوەن ئەز جەرحێ د کول تێن**
**زێدە ژ جەفا ئو ئەلەمێن تیرێ د قزل تێن**
**صەد بلبلێ شەیدا ژ طەلەب بادەیێ د گول تێن**
**لێ جوملە ب زاری ژ خەدەنگان ب قەتل تێن**

**سەودا زەدەیێ عشقێ تو ئەم ئەی راحەتێ جان**
**تا کەنگی ژ هیجرانێ تە کەم نالە ئو ئەفغان**

بێ دیــن و ویصــالاتــە نهــن بوو مە چو دەرمان
ئەفلاطون و جالینۆس و عیسا (مع) لــوقمان
«باللە» ژ جەفا ئو ئەلەمێ ما موخەججەل تێن

سەرخوش و خومارم ژ مەیێ حور و سۆرشتان
عــەقل و دل و فەهمێ مە برن کاگول و قشـــتان
تــەعویــذ و طلمســات و دوعــایــێ د فریشــتان
نــاکــەن ئــەثــەرێ دل ببــرم ئەز ڕم و خشتان
لەوما کو ســیــەهـ مــار ب گــەڕ و ب فەتــل تێن

جــانــا چ بــکەم گەر نە بکەم نالە ئو زاری
رویە شود ئەز عشقێ دوصەد شێرێ شکاری
دل بر ب کەری کر صەنەما چەشم و خوماری
زولف و خەط و خاڵ و سەرێ جەعدێن ڕەش و تاری
رەنگ سونبول و رەیحان و بنەفش و قەنەفل تێن

ئەو دو عەین ب سەوادی تە چ ڕا زێدە ب نازن
ئەهدابێ ل جانێ مە میسال نشتەر و گازن
هەمرازێ مە ئیرۆ ژ هەوایەت نەی و سازن
قوربانێ دو چەشمێ تەبم و زەند و ببازن
صەد شوبهێ (سیاهپۆش) ژ جەفایان ب قەتل تێن
(٣٦).

**بەیتا (سیسەبان)ێ:**

بەیتــا سیســەبانێ ژ ڤەهانــدن و ڕســتنا (مــەلا خالــدێ زێبــاری) یــە، بــۆ جــارا یەکــێ ســەیدا (صــادق بەهائەدیــن ئامێــدی)، هنــدەک ژ بەیتــا سیســەبانێ د پەرتــووکا (هۆزانڤانێــت کــورد) دا بەلاڤکــر و ب دیتنــا وی یــا (خالــد ئاغایــێ زێبــاری) یــە (٣٧)، کــو ل دەڤــەرا ئامێدیــێ هاتبــوو تۆمارکــرن. پاشــی ســەیدا (ئەمینــێ ئۆســمان) دو تێکســتێن دی یێــن وێ د پەرتــووکا (دیوانــا مــەلان) دا بەلاڤکــرن، بەیتــا یەکــێ ب زارێ کورمانجییــا ژوورییــە (بەهدینــی)، ئــەوی ژی ژ چەنــد دەسنڤیســان وەرگرت بــوو کــو هــەر یــەک ژ لایــێ کەســەکی ڤــە پەیداکــر بــوو. بەیــت ل نــک ســەیدایێ (م. ئۆســمان) ژ ٤٣٦ مالــکا پێکدهێــت. یــا دووێ ب زارێ کورمانجییــا ناڤەراســتە (ســۆرانی)، ژ لایــێ هۆزانڤــان مەدحــەت بێخــەو گەهشــتبوویێ کــو کەســەکی ل نــک خــۆ نڤیســی بــوون یــا بــێ ناڤــێ دانەرییــە (٣٨).

بــۆ جارا یەکــێ وەکــو پەرتووکــەکا ســەربەخۆ، هۆزانڤــان (هزرڤــان)ی چەنــد دەســتخەتێن وێ کۆمکــرن و تویژانــدن و بەرهەڤکــر دگــەل ڤەکۆلینــەکا تێروتەســەل ل دۆر ژیــان و خــودان و بەرهەمــێ ڤــی هۆزانڤانــی، ژ وەشــانێن یەکەتییــا نڤیســەرێن کــورد/ تایــێ دهۆکــێ ڤــە ســالا ٢٠٠٧ێ هاتــە چاپکــرن (٣٩). هەروەســا ل باکــوور ل تیپێــن لاتینــی بێــی ناڤــێ هۆزانڤانــی ژ لایــێ ئەحمــەد دەمیــر ڤــە، کــو وەشــانێن نووبهــارێ یــە، هەتــا نوکــە دو جــاران هاتییــە چاپکــرن، چاپــا یەکــێ ســالا ٢٠١٢ چاپبوویــە، پاشــی ســالا ٢٠١٧ چاپــا دوویــێ دەرکەفتییــە. ئامــادەکاری دانوســتاندن ل ســەر کرییــە و تنــێ هــزر بــۆ هنــدێ چوویــە کــو یــا (خالــدێ زێبــاری) بیــت!! بەلــێ کیــش خالــدێ زێبــاری؟ چونکــی گەلــەک خالــد هەنــە ناڤــێ وان هاتییــە تۆمارکــرن وەکــو زانــا و مــەلا...!! (٤٠).

هەروەســا گەلــەک ڤەکۆلیــن ل دۆر بەیتــا سیســەبانێ هاتینــە نڤیســین و بەلاڤکــرن. وەکــو صــادق بەهائەدیــن ئامێــدی د گۆڤــارا (نووســەری کــورد) دا (٤١)، عەبدولرەقیــب یووســفی د گۆڤــارا (شــمس کردســتان) دا ب زمانــێ عەرەبــی (٤٢). عەبدولرەحمــان مــزوری د گۆڤــارا (ڕۆشــنبیری نــوێ) دا (٤٣).

**مەلا خالدێ زێباری:**

شــێخ خالــدێ زێبــاری زانــا و هۆزانڤانەکــێ کوردە، کوڕێ شــێخ حســێنێ کوڕێ شــێخ خالدێ

زێبارییە، باپیرێ وی چوویە جزیرا بۆتان و ل وێرێ گەلەک پێشکەفتییە، بابێ وی شێخ حسێن مرۆڤەکێ زانا و کورد پەروەر بوو، ژ لایێ رەشید پاشای ڤە هاتبوو گرتن ل گرتیخانا دیاربەکر، فەرمانا خودێ بجھ ئینا و چوو بەردلۆڤانیا خودێ. شێخ خالد ل خواندنگەها زانایێ مەزن (مەلا خەلیلێ سیرتی ل باژێرێ سێرتێ ل نک کورێ مەلا مستەفای خواندییە، هەروەسا ل خواندنگەها (طانزە) ل بۆتان خواندییە، پشتی خواندنا خۆ ب دووماهی ئینایی، هەر ل وێرێ وانە گۆتینە، پاشی چوویە گوندێ (باسرەت) و بوویە مەزنترین شێخێ بۆتان. ل سالا ١٢٨٧مش/١٨٧٠-١٨٧١ ز فەرمانا خودێ بجھ ئینایە و (٤٤) سالا ژیایە، کو ل سالا ١٢٤٣مش/ ١٨٢٧-١٨٢٨ ژ دایک ببوو(٤٤).

باپیرێ وی یێ دویر سەلیمێ زێباری د چەرخێ شازدێ زاینیدا، ل دەڤەرا زیبار رۆژئاڤایێ زاخۆ ژیایە، حوسێن بابێ خالدی ل سەردەمێ میرێ جزیرێ محەمەد کورێ میر شەرەف خانێ یەکێ دا ١٧٥٠- ١٧٩٢ز، مشەحتی دەڤەرا بۆتان بوویە. هۆزانڤان خالد ل گوندێ زڤنگۆک ل بۆتان سالا ١٧٥٦ز ژ دایک بوویە، پاشی ل گوندێ رەشیدیێ ل باکۆرێ میسل ئاکنجي بوویە. ل ڤی گوندی ئیجازا خۆ یا زانستی ژ ئیبراهیم کورێ عوسمان ئەلرەشیدی، یا سۆفیاتیێ ژ شێخ ئەحمەد کورێ سۆلتانێ رەشیدیێ قادری وەرگرتینە.

پشتی ئیجازە وەرگرتی، جارەکادی ڤەگەریا دەڤەرا بۆتان ل گوندێ رەشنیە سالا ١٨٠٥ز چوویە بەر دلۆڤانیا خودێ. (لڤێرە د ناڤبەرا سەیدایان عەبدولرەقیب و مزوری دا، سالێن بوون و مرنا وی جوداهی هەنە/ا. ب). ژ بەرهەمێن وی وەک: کرامات الشیخ احمد الرشیدي، وصایا الی الحسین (ولده)، بەیتا سیسەبانێ ب کوردی(٤٥).

هەر ل دۆر بەرهەمێن وی، سەیدا عەبدولرقیب دبێژیت کو ئەڤ بەرهەمێن خوارێ نڤیسینە:

١- قەولێ سیسەبانێ: ٣٥٠ دێرە شعرە. دو جارا ناڤێ خۆ تێدا ئینایە.

٢- تەجویدا کوردی: ئەو ژی ب کورمانجییە، د زانستێ تەجویدێ دایە.

٣ - الزواجر: ب زمانێ عەرەبییە، سالا ١٢٧٣مش/ ١٨٥٦ -١٩٥٧ز نڤیسییە(٤٦).

ئەو دانەیا سیسەبانێ ڤەکۆلەر (هزرڤان)ی چاپکری کو مەلا خدرێ مارینی سالا ١٨١٨ز نڤیسییە، دبێژیت: لبەر دەستنڤیسا ئەسلییا مەلا خالدێ زێباری هاتییە نەقلکرن(٤٧)، ئانکو پشتی چاردە سالان ژ وەغەرکرنا وی، شیایە ب ساناهی ژ دەستنڤیسا ئورگینالا هۆزانڤانی ڤەگوهیزیت(٤٨). هەروەسا عەبدولرەقیب یوسف ژی ل وێ باوەریێ یە کو ئەڤ زێبارییە خودانێ سیسەبانێ یە،

ژبلی ئەڤی هۆزانڤانی، چەند زانا و کەسایەتیێن دیتر ب ڤی ناڤی هەنە، کو جودانە، لەوا هندەک ڤەکۆلەر کەفتینە شاشییان و هزرکرییە ئەڤە خەلکێ زێبارا دەڤەرا ئاکرێ یە، بەلێ هەکە پێداچوونەکێ د بەیتا سیسەبانێ دا بکەین، دێ ب ساناهی دەڤۆکا بۆتان تێدا ئاشکرا بیت.

هۆزانەک ژ بەرهەمێن شێخ خالدێ زێباری:

**هات بسەرمندا ژ لیوانێ حەبیبا پر صفات**
**زینەت و خەملا موبارەک خاوەرا شەرقێ هلات**
**ژ عەکسا نیشانا تدارک خەملین دار و نەبات**
**احسن الله تبارک دلبەرا شیرین صفات**

**وا ژ لیوانێ جودا بو مثلێ نەجمان درژی**

شوبهەتی بەرق و بروسکێ رەعدێ کررەژی
شاهی کاسەک من بدەست وێ ئەو ژ خەمرێ بریژی
بی عبارەت گو من وەرە ژێ ڤەخو ئەی بێ مەژی

هاتە سەر من دلبەرا دێم خاوەرا رویێ زەمین
کەوکەب و هەیبەت هاتە پێش ئەو نازەنین
شوبهی سۆرگول هاتە نک من ئەو ب ئەلفاظێن شیرین
نێرگز شەهلا دیار بو بۆ مە ئەو نعم الأمین

دێم هەیڤا برچالە وری من دخودی ئەی برا
سین و صەدرێ پر مراری شوعلەدا شوبهی چرا
ئەز بریندارم ژ رەمز و غەمز و تیرێن ئاورا
ڕایەکێ هون ل من بکن ئەی گەلی دۆست و هۆگرا

بومە حەیران ئەز ل بەژن و قامەتا دوڕڕا یەتیم
حال وێ گاڤێ حەتا ئەڤرۆ ل چۆمامە سەقیم
حەبیریمە مامە حەیران ئەی گەلی یارێن نەدیم
ئەز بریندارم ژ دەست وێ گەلۆ کانێ حەکیم

ئەی گەلی یاران حەکیم چوویە نەنێڕا جورح و کول
سەد هەزار کۆڤان و ژان و ئاهێ من مانە ددل
گەر ببێژم ئاهـ و کۆڤانێن د خۆ ناچن سجل
لەو مودایێ ژ فراقێ من د چاڤ مابینە شل

احسن الله تبارک بەژن و باڵایا تەنک
حور و ولدان و غلمان هەم پەری گەر بێنە نک
شیڤ و رۆژان تا قیامەت وا نەڤێن ڕابن ژ نک
وێ هەیڤا ل چاردەها ئەبرۆ و هلالا برسقک

بێهن و بویەک خۆش د نورا ژ مەجمەرا سیمەن بەدەن
هەر وەکی کافور و قاقل ئەو ژ وێ دوڕڕا عەدەن
ئەز کرم سەرخۆش ب مسکێ ئاهوا دەشتا خەتەن
ئەز گرێدام ب دو زولفان بەستمە ئەز ب رەسەن

ئەز گرێدا مە ب قەیدا هەم ب زنجیرێن وەرەش
بو مە سەرخۆش ئەز ژ بێهنا وەرد و ریحانێن دڕەش
نێرگز و نەسرین و چیچەک هەم ب ئالائێ دگەش
تێنە جولان وەک سنوبەر نجم نابم وەک بنەفش

سوسن و سونبول ژ بێهنا وێ دەلالێ بۆ فهێت
حە چ کەسێ دیتن جەمالا زوێ ژبۆ وی نین تەبێت
وی ل دلدا هلبتن دا تو بزانی نار و پێت
دائما حوسن و جەمالا لالوا وەردا دڤێت

قەت نەدیتە چاڤ و قەلبان وەک حەبیبا من ددل
ژ هەیبەت و حوسن و جەمالێ دل بریندارە و کول
شکل و زیبایێ مونەووەر کاکل و مارێن دمل
احسن الله تبارک ژ سرڕا وێ بومە شل

هاتە پێش من شوعلە دا هەر شەش جهێ روێ زەمین
ب ئاورا وێ ئەز براشتم دایە بەر من وێ کەمین
چووە پشت پەردێ خو خەف کر هەردو رویێن ئاهەنین
لەو موداما هەر ژمن تێن ئاهـ و ئەفغان و ئەنین

ئەو ل پش پەردێ خو خەف بو مامە مەحروم و سڤیل
عەقل و تاقەت وێ ژمن بر بومە عەبدال و ذەلیل
ئەو ژبۆ (خالد) ئوستادە ئو مورشید هەم دەلیل
دەستگرێ من دڤێ رێ یێ بویە ئیبراهیم خەلیل (٤٩).

ژێدەر:

٢٧. هۆزانڤان (ڕەنجووری ) ژ عەشیرا زەنگەنانە ل دۆرێت کەرکووکێ، ، سالا (١٣٠٠ مش/ ١٨٨٣ ز) ل مەدینێ چوویە بەر دلۆڤانیا خودێ و ل وێرێ هاتییە ڤەشارتن، دیوانەکا تەڤاڤ هەیە و سالا ١٩٨٣ ل بەغدا ژلایێ محەمەد عەلی قەرەداغی ڤە هاتییە چاپکرن.

٢٨. محەمەد عەلی قەرەداغی، دیوانی ڕەنجووری

(مەلا عومەری زەنگەنە)/ (لێکۆڵینەوە)، چاپی یەکەم، بەغدا – ١٩٨٣، ل٧٠ – ٧١.

٢٩. جەگەرخوین، دیوانا زەند – ئاڤێستا/ ٥ (سەرجەمێ هۆزانێن جەگەرخوین، ڤەگوهاستن ژ لاتینی: مەحموود ئۆسمان هالۆ، ئامادەکرن وپێداچوون: د. فاخر حەسەن گولی، ٢٠٢١، ل٥٤. یان: نەوزاد عەبدوللا بامەڕنی، ئایدیۆلۆژیا د هۆزانێن (جەگەرخوین)ی دا، دهۆک – ٢٠٠٧، ل١٠٧.

٣٠. جەگەرخوین، دیوانا سەورا ئازادی/ ٢ (سەرجەمێ هۆزانێن جەگەرخوین، ڤەگوهاستن ژ لاتینی: مەحموود ئۆسمان هالۆ، ئامادەکرن وپێداچوون: د. فاخر حەسەن گولی، ٢٠٢١، ل١٧٤.

و ٢ جەگەرخوین، فەرهەنگا کوردی، هەژمار (١)، چ ١، بەغدا – ١٩٦٢، ل١٩٠ و ٢٠١.

٣٢. عبدالرحمن مزوری، پێنجی و ئێک شاعرێن کورد!! (گوتار)، رۆژنامەیا (بۆتان)، دهۆک، هژمار (٨) شواتا ١٩٩٢، ل٤. یان: زاهد بریفکانی، کوردستان – دیوانا شێخ مەمدوحێ بریفکانی، هەولێر – ٢٠٠٢، ل٢٣.

٣٣. توما بوا: مع الأكراد، ترجمة: ئاواز زنگنە، بغداد – ١٩٧٥، ص١٤٦. یان: توما بوا: ژیانی کوردەواری، وەرگێرانی: حەمە سەعید حەمە کەریم، سلێمانی- ١٩٨٠، ل٢٥٧.

٣٤. عبدالرقیب یوسف، سیاپۆش شاعیرێکی کوردی پایەبەرزە (گوتار)، گۆڤارا (بەیان)، ژێدەرێ بەرێ، ل٨٦.

٣٥. ئەنوەر سوڵتانی، داستانی «سەیفولملووک و بەدیعولجەمال»ی «سیاهپۆش» دەسنووسێکی کوردی لە «کتێبخانەیی بەریتانیا، ژێدەرێ بەرێ، بپ ٦٩ و ٧٥.

٣٦. ئیسماعیل بادی، سیاهپۆش، ژیان و بەرهەم (دیوان)، دهۆک – ٢٠٢٠، (بەرهەڤە بۆ چاپێ).

٣٧. صادق بهاءالدین ئامێدی، هۆزانڤانێت کورد، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا- ١٩٨٠، ل٢٦٣- ٢٧١.

٢٠ محەمەد ئەمین ئوسمان، دیوانا مەلان، ژ بەلاڤکرییێت ئەمینداریيەتا گشتییا رۆشنبیری و لاوان، هەولێر- ١٩٨٦، ل٨٩ - ٢٠٤.

٣٩. هزرڤان، سیسەبان ژ دانانا مەلا (خالد)ێ زێباری (توێژاندن و بەرهەڤکرن)، دهۆک – ٢٠٠٧.

٤٠. ئەحمەد دەمیر، قەولێ نەوالا سیسەبانێ (ئامادەکار و تیپگۆهین)، وەشانێن نووبهارێ، تەمبۆڵ - ٢٠١٧.

٤١. صادق بهاءالدین ئامێدی، خالد ئاغایێ زێباری و بەیتا سیسەبانێ، گۆڤارا (نووسەری کورد، ژمارە (٧) نەورۆزی ١٩٧٢، ل٢٤ -٢٦.

٤٢. عبدالرقیب یوسف، العالم والشاعر الكردي الشيخ خالد الزيباري، مجلة (شمس كردستان)، العدد (٥١) ايلول ١٩٧٨، ص٨-٩.

٤٣. عبدالرحمن مزوری، ڤەکۆلینەک د بەیتا سیسەبانا خالدێ زێباری دا، گۆڤارا (رۆشنبیری نوێ)، ژمارە (١١٩)، سالا ١٩٨٨، ل٥٢.

٤٤. عبدالرقیب یوسف، هۆزانەک ل بەرهەمێن زانا و هۆزانڤانێ کورد شێخ خالدێ زێباری (گوتار)، رۆژناما (هاوکاری)، ژمارە (٤٧٠)، رۆژا دووشەممە ١٩٧٩/٤/١٦، ل٦.

٤٥. عبدالرحمن مزوری، کاودانێن رەوشەنبیری ل میرگەها بەهدینا، گۆڤارا (دیرۆک)، هژمار (٥) هاڤینا ٢٠١٤، ل٢١-٢٢.

٤٦. عبدالرقیب یوسف، هۆزانەک ل بەرهەمێن زانا و هۆزانڤانێ کورد شێخ خالدێ زێباری (گوتار)، رۆژناما (هاوکاری)، ژێدەرێ بەرێ.

٤٧. هزرڤان، سیسەبان ژ دانانا مەلا (خالد)ێ زێباری (توێژاندن و بەرهەڤکرن)، دهۆک – ٢٠٠٧، ل٣١.

٤٨. عبدالرحمن مزوری، کاودانێن رەوشەنبیری ل میرگەها بەهدینا، گۆڤارا (دیرۆک)، هژمار (٥) هاڤینا ٢٠١٤، ل٢٢.

٤٩. عبدالرقیب یوسف، هۆزانەک ل بەرهەمێن زانا و هۆزانڤانێ کورد شێخ خالدێ زێباری (گوتار)، رۆژناما (هاوکاری)، ژێدەرێ بەرێ.




# ئەو هاوارەی نەبیسترا

## (نموونەی ڕۆمانی بنکۆڵکاری لە ئەدەبیاتی کوردیدا)

**سەنگەر زراری**

لەجیاتی ئەم ناوونیشانەی سەرەوە، دەمتوانی بنووسم «بەشە تەواونەکراوەکەی بیرەوەرییەکانی دڵدار»، چونکە ئەم ڕۆمانە هەمان کاریشی کردووە و بیرەوەرییەکانی دڵداری تەواو کردووە، بەڵام وردتر بڵێین لێرەدا ئەو بنکۆڵکارییەیە کە لە ڕۆمانەکەدا کاری لەسەر کراوە، چونکە هەم ئەو بیرەوەرییانەی تەواو کردووە کە دڵدار نووسیویەتی و بە نیوەچڵی گەیشتووەتە دەستی ئێمە، هەم کارێکی وردی بنکۆڵکاریشی کردووە لەسەر کۆی ژیانی دڵدار، تەنانەت بەو بەشەشدا چووەتەوە کە دڵدار خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی.

ئەگەر ورد تەماشا بکەن، لێرەدا گوزارشتی «بە نیوەچڵی گەیشتووەتە دەستی ئێمە»م بۆ بیرەوەرییەکانی دڵدار بەکار هێنا، لەمەشدا دەمەوێ ئەو گومانە بێنمەوە بەرباس کە ئایا دڵدار بیرەوەرییەکانی تەواو کردووە، یان بە لایەنی کەم لەوە زیاتری نووسیوە کە ئێستا لەبەردەستی خوێنەراندایە و لە پێشەکی دیوانەکەیدا بڵاو کراوەتەوە؟! یان هەر ئەوەندەیە و تەواو! ئەم گومانەم بە هۆی پەرەگرافی نووسینێکی د. کەمال مەزهەرەوەیە کە لەبارەی چاپکردنی بیرەوەرییەکانی دڵدار لە لایەن م. عەبدولخالق عەلائەددین دەڵێت: «لەسەر ڕای کاک مەسعوود محەمەد هەندێ لە بیرەوەرییەکانی لابرد بۆ فرسەتێکی دی، بۆ ئەوەی ڕۆژگارێک بێتە پێش و لە چاپەکانی تر بە تەواوی چاپیان بکات...» (١) کەواتە بەپێی ئەم قسەیەی د. کەمال مەزهەر ئەو بیرەوەرییانەی دڵدار کە لە دیوانەکەیدا بڵاو کراوەتەوە، هەمووی نییە، لە کاتێکدا پێویست بوو ئەو بیرەوەرییانە نەفەوتێن، چونکە ئەم بیرەوەرییانەی دڵدار یەکەمین هەوڵی نووسینەوەی بیرەوەرین کە بە زمانی کوردی نووسراون،

لەبەر چی ئەوکات هەمووی بڵاو نەکراوەتەوە و ئێستاش بۆ نەماوە؟! هۆکارەکەی دیار نییە!

لە خوێندنەوەی ڕۆمانی «ئەو هاوارەی نەبیسترا» یەکەم پرسیار کە لای خوێنەر دروست دەبێت، ئەوەیە کە بۆچی لەنێو زۆربەی کەسایەتییە دیارەکانی کورد، دڵدار بووەتە بابەتی ئەم ڕۆمانە، لە کاتێکدا دڵدار خۆیشی بەشێکی بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە و زۆر شتی لەبارەی خۆی گوتووە، بە بۆچوونی من نووسینی ئەم ڕۆمانە لە لایەن «ئارام محەمەد»ەوە چەند هۆکارێکی لەپشتە، لەوانە:

**یەکەم:** دڵدار لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیدا، زیاتر تیشکی خستووەتە سەر خودی خۆی، لە کاتێکدا بنەماڵەی مەلا ڕەئووفی باوکی دڵدار و خوشک و براکانی دیکەی دڵداریش کەسانی خاوەن توانست و چالاک بوونە و تەنیا دڵدار ناوی دەرکردووە. ئەم ڕۆمانە ویستوویەتی ئەوە دەربخات کە بنەماڵەکە بە گشتی کەسانی ناودارن و لە ناو و ناوبانگی خۆیان کەمتر ناسراون.

**دووەم:** ئاسەف و سەعدی برای و زەینەبی خوشکی دڵدار، کاریگەریی زۆریان لەسەر کۆی ژیانی دڵدار هەبووە، ئەمە کەمتر لە بیرەوەرییەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە وەکوو گوتمان جەختەکە زیاتر لەسەر خودی خۆیەتی.

**سێیەم:** بەشی زۆر و کاریگەری ژیانی دڵدار دوای ئەو کاتەیە کە لە کەرکووکەوە دەست پێ دەکات، ئەو بەشەش لە بیرەوەرییەکانیدا نییە.

هەر لەبەر ئەم خاڵانە، نووسەری ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانێکی بنکۆڵکاری لەبارەی ژیانی دڵدارەوە نووسیوە، «ڕۆمانی بنکۆڵکاری بە دوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێت بە مەبەستی داڕشتنەوەی ئەم ڕاستییانە بە شێوەی ڕۆمان، لەم جۆرە ڕۆمانەدا، مەرج نییە ڕۆماننووس بگاتە تەواوی حەقیقەتەکان، بەڵکوو ئەو ڕاستییانەی پێیان گەیشت تەوزیفیان دەکات و ئەوەشی نەیدۆزینەوە، دەتوانێ لە ڕێگای خەیاڵی ئەدەبی و ڕۆماننووسانەوە سپێتییەکانی پڕ بکاتەوە، کە نەیدۆزیونەتەوە، لێرەدا گەڕان و پشکنین ئامرازێکی ئەدەبییە و ئامانجە سەرەکییەکە نییە، بەڵام هاوکات ئەمە لەوەش کەم ناکاتەوە کە ڕۆماننووس بیەوێ ڕاستییە شاراوەکان ئاشکرا بکات و دەریان بخات.» (٢)

وەک دەزانین کاری بنکۆڵکاری زیاتر کارێکی ڕۆژنامەوانی و هەواڵگرییانەیە، بەڵام بنکۆڵکاری لە بواری ئەدەبیات و نووسینی ئەدەبیدا، ئەرکێکی جیاوازی هەیە و ئامانجیان جیاوازە، «ئەگەر لە کاری ڕۆژنامەوانیدا، ڕاپۆرتی بنکۆڵکاری ئامانجی ئەوە بێ کە هەندێ تاوان و بابەتی شاراوە ئاشکرا بکات و هەندێ ڕاستی بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و (گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویستی وەک سزا و پاداشت) دەربخات، ئەوە ڕۆمانی بنکۆڵکاری کاری ئەوەیە ڕاستییەکان دەربخات، بەڵام ئەو شوێنەی کە ڕاستییەکانی تێدا نەدۆزرایەوە لە کاری ڕۆژنامەوانیدا بە کراوەیی دەهێڵرێتەوە، کەچی لە ڕۆماندا بە شێوەیەکی ئەدەبی و هونەری دادەڕێژرێتەوە و ئەو کەلێنانە بە خەیاڵی ئەدەبی و بە زمانێکی ئەدەبی و لە فۆرمی دەقێکی ئەدەبیدا دەخرێنە ڕوو.» (٣)

لە لایەکی دیکەشەوە، «ئەو پشکنینە ئەدەبییانەی دەکرێن، زیاتر بە مێژووەوە پەیوەستن و لە ڕێگای دەقی ئەدەبییەوە دەردەبڕدرێن، واتا وەکوو پشکنینە ڕۆژنامەوانی و هەواڵگرییەکان نین پێوەندییان بە تاوان و ئێستاوە هەبێت، یان پەیوەست بن بە جۆرە پشکنینی وەکوو شوێنەوارناسی و ماددییەوە.» (٤)

بێگومان ئەم جۆرە ڕۆمانە کاری زۆری دەوێ، هەر بۆیە «ڕۆمانی بنکۆڵکاری ماندووکەرە، بەڵام وەک چۆن تاوانێک ئاشکرا دەکرێت و ڕاستییەکان ئاشکرا دەبن دڵخۆشکەرە، بە هەمان شێوە کاتێک ڕۆماننووسی بنکۆڵکاریش دەگاتە هەندێ ڕاستی، هەم خۆی دڵخۆش دەبێت و هەم شتێکی نوێش پێشکەشی خوێنەر دەکات، بێگومان ئەمەش چێژی بۆ خوێنەر دەبێت.» (٥)

لە خوێندنەوەی (ئەو هاوارەی نەبیسترا)، هەست بەوە دەکەین کە نووسەر هەم ماندوو بووە و زانیاریی زۆری کۆ کردووەتەوە، هەم دەبێ هەستی بە دڵخۆشییەکیش کردبێ، چونکە گەیشتووەتە هەندێ ئەنجامی جیاواز، یان شاراوەی جیا لەو زانیارییە سنووردارانەی ئێمە لەبارەی ژیانی دڵدارەوە دەیانزانین، هەر وەکوو خوێنەریش هەست بەو چێژی خوێندنەوە و زانیارییانەش دەکات کە لەم ئەنجامەدا بەدەست هاتوون.

لەو زانیارییانەی کە خوێنەر لە ڕێی ئەم ڕۆمانەوە پێیان دەگات و لە ئەنجامی وردبوونەوەی نووسەر و کارە بنکۆڵکارییەکەیەوە دەردەکەوێ، دەشێ لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان بکەین:

**یەک:** بنەماڵەی مەلا ڕەئووفی خادم سەجادە بە گشتی بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و لێهاتوو بوونە، ئەمە تەنیا لە دڵدار، یان بەم دواییەش هەندێ کار لەسەر «زەینەب خان - کچە کورد»ی خوشکی دڵدار کراوە و تواناییەکانی دەرکەوتووە، ڕەنگ ناداتەوە، بەڵکوو هەر یەکە لە مەلا ڕەئووفی خادم سەجادەی باوکیان و ئاسەفی براشیان، کەسایەتی دیار و کاریگەر بوونە، تەنانەت سەعدی براشیان کاریگەریی خۆی هەبووە هەم لەسەر دڵدار و هەم لەسەر ڕووداوەکانی ئەو کاتە.

**دوو:** وردبوونەوە لە پێوەندی نێوان هەندێ کەسایەتی دیاری ئەو سەردەمەی وەکوو بێکەس و ڕەفیق حیلمی و سەعیدئاغای هاوسەری زەینەب خان و چەندانی تر.. لەگەڵ دڵدار و بنەماڵەی مەلا ڕەئووف لەم ڕۆمانەدا تیشکی خراوەتە سەر و ئاشکرا کراوە، لە کاتێکدا لە بیرەوەرییەکانی دڵداردا ئەمانە باس نەکراون.

**سێ:** ڕۆڵی دڵدار لە دروستکردنی کۆمەڵەی دارکەر و دواتریش دامەزراندنی حزبی هیوا دەردەخات.

**چوار:** پێوەندیی نێوان زەینەب خان و ئاسەف و دڵدار و ئەو کاریگەرییانەی لەسەر دڵدار هەیانبووە، بە تایبەتیش کاریگەرییەکانی زەینەب خان، چونکە لە بیرەوەرییەکانیدا دڵدار هەر ئەوەندە لەبارەی کاریگەری زەینەبەوە دەڵێت: «بەڵام زروفی ئەوساکەی عائیلەوی مامۆستای هەرە گەورەم بووە و سوڵتەی دایکم و خوشکی لەخۆگەورەترم (مەبەستی زەینەبە) مورشیدم بوون.» (٦) کەچی ڕۆماننووس بە پشتبەستن بە بەدواداچوونەکانی، ئەم پێوەندییەی ورد کردووەتەوە و بە فراوانی کاری لەسەر کردووە، بۆی دەرکەوتووە کە کاریگەرییەکەی زەینەب گەلێک زۆر بووە، ئەوەشی دەرخستووە کە ئاست و شێوازی کاریگەرییەکەیان لەسەر دڵدار چۆنە؟

**پێنج:** ئەو پێوەندییەی لە نێوان دڵدار و «بەهیە فەرەجوڵڵا» هەبووە، بە گێڕانەوەکانی مامۆستا «مەسعوود محەمەد» زۆر جیاوازە لەو ئەنجامەی کە ڕۆماننووس پێی گەیشتووە، ئەگەر تەماشاش بکەین، مامۆستا مەسعوود محەمەد خۆیشی دڵنیا نییە لەو پێوەندییە بەو شێوەیە و هیچ بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرای لەبارەی ئەوەوە نییە کە پێوەندییەکە خۆشەویستی

بێت. بەپێی گێڕانەوەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد، دڵدار بۆ بەهیە سووتاوە و تاکلایەنە خۆشی ویستووە: «دڵدار و من لە یەک ژووری ئوتێلی (ڕەشید)ی گەڕەکی (سید سلطان علي) مان بەسەر برد، لەو دوو ساڵەی خوێندندا بە یەکەوە ژیانمان هەموو ئەو ڕووبەرە دەروونییە شرایەوەی کە بشێ بەرچاوی برادەر بکرێتەوە، بۆ یەکترمان کردەوە، بەڵام لە گۆشەی حەز و دڵدارییەوە باسی بەهیەم هەرگیز لە دڵدار نەپرسی، چونکە دەمزانی حەزلێکردنێکی یەکلاییە و بۆ ئەو بە سفتوسۆیە...» (٧) یان: «لەو دوو ساڵەدا دەروونی ئاوس بوو بە عیشقی بەهیە، بێ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بدرکێنێ خۆشی ویستووە...» (٨)

لێرەدا پرسیار ئەوەیە؛ ئایا ئەگەر دڵدار بە ڕاستی ئەم کچەی خۆش ویستووە و ئەوانیش دوو ساڵ بەیەکەوە لە یەک ژوور بوونە، چۆن ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیدرکاندووە؟! کەواتە ئایا ناکرێ ئەو لێکدانەوەیەی مامۆستا مەسعوود محەمەدیش وا دابنێین هەڵەتێگەیشتنێک، یان گومانێک بووە و دەشێ ڕاست بێت و دەشێ ڕاستیش نەبێت، هەر بۆیەش بەپێی ئەو ئەنجامە بنکۆڵکارییەی ڕۆماننووس پێی گەیشتووە (کە وەک بزانم لە ڕێی زانیاری و بەدواداچوونەوە پێی گەیشتووە)، هیچ پێوەندییەکی لەم جۆرە لە نێوان دڵدار و بەهیەدا نەبووە و تەنیا پێوەندییەکی هاوڕێیانە بووە، بۆیەشە لە ڕۆمانەکەدا بە جۆرێک وێنای کردووە کە وەکوو خوشک تەماشای بەهیەی کردووە: «دوو مانگە دەرسی پێ دەڵێم، تامی خوشک دەدا...» (٩).

یان لە نامەیەکدا بۆ زەینەب دەنووسێت: «بەهیە نووسینی کوردیی باش نییە، دەیەوێ بە کوردییەکی ڕەوان بخوێنێتەوە و بنووسێت، لەگەڵ دەرسخوێندندا باسی چالاکییەکانی خۆم بۆ کردووە، ئەویشم کردووەتە ئەندامی حیزب، جا خەیاڵت دوور نەڕوات، بۆیە بەو هەموو وردەکارییەوە باسم کرد تا وەک من وەک خوشک خۆشت بوێت...» (١٠)

ئەم ڕۆمانە بە شێوازی ژیاننامەی ڕۆمانئامێز نووسراوە، ژیاننامەی ڕۆمانئامێز، کارێکی داهێنەرانەی (دووڕەگی)ی ئەدەبییە، تێکەڵاوکردنی دوو هونەری گێڕانەوەی دیار و ناسراوە، کە ئەوانیش بریتین لە (ژیاننامە، یان یاداشتنامە و بیرەوەری) لەگەڵ (ڕۆمان)، واتا ڕەگەزەکانی ژیاننامەی ڕۆمانئامێز، پشت بە هەردوو ژانری (ڕۆمان) و (ژیاننامە) دەبەستێت.

لەم ژانرە ئەدەبییەدا، ژیاننامەی هەر کەسێک بگێڕدرێتەوە، دەبێ بەپێی ئەو مەرجانە بێت کە گێڕانەوەی ئەدەبی دەیخوازێ، واتا هاوشێوەییەکی تەواو نییە لە نێوان ئەم هونەرە و هونەری گێڕانەوەی ژیاننامە، یان نووسینی یاداشتنامەدا، کە تەواو واقیعین و گێڕانەوەی ڕاستەقینەی ژیانی کەسەکانن.

ژیاننامەی ڕۆمانئامێز، توانایی جۆراوجۆر و بێکۆتا بە نووسەرەکەی دەدات و دەستکراوەی دەکات بۆ ئەوەی ڕووداوە ڕاستەقینەکان تێکەڵ بە خەیاڵ و فەنتازیا بکات، کە هەر یەکە لەم دووانە، واتا چ ڕۆمان و چ ژیاننامە، ناتوانن بە تەنیا ئەم کارە بکەن. (١١)

وردیی گێڕانەوە و خستنە بەرچاوی وێنەی دراماتیکی بە شێوەیەکی هونەرییانە، تایبەتمەندیی ئەم ڕۆمانەن، لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا، خوێنەر هەست ناکات ڕووداوێک دەخوێنێتەوە، بەڵکوو هەست دەکات خۆی لەناو ڕووداوەکاندایە و دەیانبینێ و هەستیان پێ دەکات، هەر هیچ نەبێ هەست دەکات بە شێوەی فیلم ڕووداوەکانی دێتە بەرچاوی، تۆ سەیری ئەم وێنایە بکە: «لە کاتی یاریی شەترەنجدا، زەینەب بە باوکمی

گوت: با یارییەکەت لێ ببەمەوە جا ڕووداوێکت بۆ دەگێڕمەوە. باوکم پێی گوت: حاڵت باش نییە، پێنج سەرباز و هەردوو فیلت خوراوە، بردنەوەی چی؟! زەینەب گوتی: هەمووتان شایەد بن، بە سێ جووڵەی دیکەی ئەسپ و قەڵا، مەلیکی باوکم دەنێرمە سیبیریا. پێکەنین و چەپڵەمان بۆ لێ دا، هەمووانی سەرسام کردبوو، ئەوانەی دەهاتنە ماڵەوە و یارییان لەگەڵ دەکرد، بۆ ئەوە نەدەهاتن لێی ببنەوە، دەهاتن فێر بن چۆن یاری ببەنەوە، پێچەوانەی ئەو خەڵکە، هەرچەندە باوکم و خوشکم هەوڵیان دا، فێری شەترەنج نەبووم...» (١٢)

لە ڕێی ئەم جۆرە گرتەیەوە، نووسەر ناڕاستەوخۆ دەیەوێ شتی دیکە بڵێ، بۆ نموونە لەم گرتەیەدا دەیەوێ زیرەکی و بلیمەتی کەسایەتییەکی وەکوو زەینەب خان دەربخات، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئەمە بڵێت. لەمەوە دەردەکەوێ کە ڕۆماننووس چەندە بە دیقەتەوە کاری کردووە و وێنای ڕووداوەکانی کردووە، ئەمەش سەرکەوتوویی دەقەکە نیشان دەدات.

**پەراوێزەکان:**

١ - کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی (دەشتی هەولێر و وراتی کۆیە). کۆکردنەوەی: زەینەب خان مەلا ڕەئووف خادم سوجادە، لێکۆڵینەوە و پەراوێز: عەبدولخالق عەلائەددین، پێشەکی: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد. ل٧.

٢- الرواية الاستقصائية، واسيني الأعرج. موقع: جريدة القدس العربي.

٣- الرواية الاستقصائية. من النص والى النص، احمد عساف، موقع: جريدة البعث.

٤- الرواية الاستقصائية، واسيني الأعرج...

٥- الرواية الاستقصائية، واسيني الأعرج...

٦- دڵدار، بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، عەبدولخالق عەلائەدین، چاپخانەی سەلاحەدین (هەولێر)، چاپی دووەم، (٢٠١٩)، ل٣٥.

٧- شکۆی ئەدەب، مەسعود محەمەد، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، (٢٠٢١). ل١٤١.

٨- شکۆی ئەدەب...ل١٤٢.

٩ - ئەو هاوارەی نەبیسترا (ڕۆمان)، ئارام محەمەد، وەشانی نووسیار، چاپی یەکەم، (٢٠٢٢). ل١٣٦.

١٠- ئەو هاوارەی نەبیسترا... ل١٣٧.

١١- هونەری ژیاننامە: شێوازەکانی نووسینەوەی بیرەوەری، گەشتنامە، ڕۆمانی مێژوویی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، نووسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم، (٢٠١٩)، ل٢٥٣.

١٢- ئەو هاوارەی نەبیسترا...ل٤١.

**سەرچاوەکان:**

(١) ئەو هاوارەی نەبیسترا (ڕۆمان). ئارام محەمەد، وەشانی نووسیار، چاپی یەکەم (٢٠٢٢).

(٢) دڵدار، بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، عەبدولخالق عەلائەدین. چاپخانەی سەلاحەدین (هەولێر)، چاپی دووەم، (٢٠١٩).

(٣) کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی (دەشتی هەولێر و وراتی کۆیە)، کۆکردنەوەی: زەینەب خان مەلا ڕەئووف خادم سوجادە، لێکۆڵینەوە و پەراوێز: عەبدولخالق عەلائەددین، پێشەکی: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد.

(٤) الرواية الاستقصائية، واسيني الأعرج، موقع: جريدة القدس العربي.

(٥) الرواية الاستقصائية، من النص والى النص. احمد عساف، موقع: جريدة البعث.

(٦) شکۆی ئەدەب، مەسعود محەمەد، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم (٢٠٢١).

(٧) هونەری ژیاننامە: شێوازەکانی نووسینەوەی بیرەوەری، گەشتنامە، ڕۆمانی مێژوویی. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، نووسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم، (٢٠١٩).




# خوێندنەوەیەکی کورت بۆ ڕۆمانی (باڵندەکانیش دەنیشنەوە)

سەدیق سەعید ڕواندزی
(ڕواندن)

هیچ ژانرێکی ئەدەبی وەکوو ڕۆمان، لە چنینی ڕووداوەکان پێویستی بە وردەکاری و گێڕانەوە و وەسف نییە، بە جۆرێک کە ڕۆمان بە هونەری گێڕانەوە و وردەکارییەکان دەناسرێت. بە بڕوای من، ڕۆماننووس وەک ئەو ئەندازیارەیە کە نەخشەی کارێکی ئەندازەیی ڕێک دادەڕێژێت و ئەگەر بچووکترین لایەنی ئەو نەخشە و ئەندازەسازییە لە بەرچاو نەگرێت، ئەوە ڕەنگە کارێکی هونەریی سەرکەوتوو، نەخشەیەکی هونەرییانەی جوان دەرنەچێت، ڕۆمانیش بە هەمان شێوە، ئەگەر ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و وەسف و نیشاندان و ناساندنی کارەکتەرەکان، بەو شێوەیە ورد نەبێت، بێگومان دەکەوێتە هەڵەی وەها کە خۆیشی درکی پێ ناکات.

لە میانەی ئەزموونی خۆم وەک خوێنەرێک و لە پەراوێزی خوێندنەوەی ڕۆمانەوە، گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆماننووسەکانی ئێمە، لەو وردکارییە شارەزانین و دەکەونە هەڵەوە، بە جۆرێک وەسفی شتێک دەکەن، کەچی لە درێژەی ئەو وەسفەدا، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، دەکەونە هاودژییەوە. ڕۆماننووسەکانی ئێمە، زۆر جار (وەسف) کە توخمێکی سەرەکی و بنەڕەتی ژانری چیرۆک و ڕۆمانە، وەک پێکهاتەیەکی هونەری و یەک وێنەیی دەبینن و ناچنە نێو ئەو وردەکارییەی کە دەبێ لە نێو ئەو وەسفەدا هەبێت، بۆ نموونە: تۆ کە باسی وەرزی زستان دەکەیت، دەبێ ئەوەت لە خەیاڵ بێت بەفر و باران و ڕەهێڵەش لە زستان هەن، کە باسی هەڵەی میکانیکی فڕۆکەیەک دەکەیت کە بە ئاسمانەوەیە و دەفڕێت، دەبێ باسی ئەوەش بکەیت کە لەو کاتەدا سەرنشینانی لە چ دۆخێکی ترس و دڵەڕاوکێ و مەترسیی ژیان دان. ئەم جۆرە وەسفکردن

لە ژانری ڕۆمان و چیرۆکدا زۆر گرنگە، چونکە بە هۆیەوە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، مەودایەکی تر وەردەگرن و لە پەراوێزیشییەوە خوێنەر وردتر دەچێتە نێو بینای هونەری ڕۆمانەکەوە.

لەو ڕوانگەیەوە، لە ڕۆمانی (باڵندەکانیش دەنیشنەوە) جۆرێک پارادۆکسی لە وەسفی ڕووداو و کارەکتەر و تیمەی ڕۆمانەکە بە گشتی دەبینین. بە شێوەیەک کە ڕۆماننووس لە یەک دەربڕیندا، بە دوو جۆر وەسفی پێچەوانەی دژ بە یەکی شتێک دەکات. ئەم ڕۆمانە، چیرۆکی پەنابەرێتی چەند کەسێک دەگێڕێتەوە کە بە هۆی شەڕ و نالەباریی ژیانیانەوە، ڕووەو ئەورووپا بە ڕێگەیەکی یاساغ و پڕ نەهامەتی کۆچ دەکەن و سەرەنجام لە کەمپێکی پەنابەراندا یەک دەگرنەوە. ئەو کەسانە، قوربانیی شەڕ و نەهامەتییەکانی ژیانی نێو وڵاتەکەیانن و بەو خەونەوە دەچنە ئەورووپا، وەک ئەوەی لە دۆزەخێکەوە بچنە بەهەشتێک، کەچی کاتێ ئەو ژیانەی ئەوێش دەبینن، درک بەوە دەکەن کە ئەورووپاش ئەو بەهەشتە نییە، کە خۆیان وێنایان کردبوو، بەڵکوو لەوێش وەک نامۆیەک دەبینرێن و لە بەریەککەوتندان لەگەڵ ژیانی ئەوێش. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بەچەند توخمێکی بینای هونەری ڕۆمانەکە دەکەین.

**گێڕانەوە:**

یەکێک لە خەوشەکانی ئەو ڕۆمانە ئەوەیە کە کۆی ڕووداوەکان، لە سەریەک ڕیتمی گێڕانەوە دەڕۆن. بە جۆرێک کە ڕۆمانەکە دەخوێنینەوە، هەست بەوە دەکەین ئەوە ڕۆماننووسە دەدوێت و قسە دەکات، نەک کارەکتەرەکان، ئەگەرچی چەندان کارەکتەری جیاواز لە یەکتری، لە ڕووی سایکۆلۆژی و پەروەردەیی هەن، بەڵام لە میانەی بینینی ڕۆڵەکانیان، وەک یەک دەدوێن و بیر دەکەنەوە، وەک ئەوەی هەموویان کۆپی یەکتری بن. هەریەک لە (ئازاد، شەیما، ئامێز، کەریمە، مەریوان، فەرهاد، ساماڵ، کامەران، ڕەغدە) کارەکتەری ڕۆمانەکەن، بەڵام ئەگەر سەرنج لە زمانی ئاخاوتن و دوانیان بدەین، هەست بە جیاوازییەکی ئەوتۆ ناکەین، تەنانەت ڕۆماننووس تێبینی شێوەزار و دیالێکتی زمانەوانی کارەکتەرەکانیشی نەکردووە. بۆ نموونە لە لاپەڕە (٢٢) دا، کاتێ ئەفسەری لێکۆڵینەوە، پرسیار لە (فەرهاد عامر) دەکات کە خەڵکی (عەفرینە) و پێی دەڵێت پیشەت چییە؟ فەرهاد لە وەڵامدا دەڵێت: (ئەوجا لێرە دەبێ پیشەم چی بێت). بێگومان ئاخاوتنی کوردێکی عەفرین، جیاوازە لە کوردێکی باشوور، کەچی لێرەدا فەرهاد وەک هەولێرییەک وەڵامی پرسیارەکەی داوەتەوە، نەک عەفرینییەک. ئەم درک نەکردنە بە جیاوازی بنزار و ئاخاوتنی کارەکتەرەکان، هەڵەیە و دەبێ ڕۆماننووس بە وردەکارییەوە ڕەچاوی بکات. بە هەمان شێوە، کاتێ ئەفسەرەکە، بۆ ئەوەی لە هۆکاری هاتنی ئەو پەنابەرانە بگات، بانگی وەرگێڕێکی کورد دەکات، کەچی دواتر دیالۆگەکان، بە تەنیا دەبنە هی پەنابەرەکان و ئەفسەرەکە و ڕۆڵی وەرگێڕەکە هەر ون دەبێت، چونکە دیالۆگەکان، لە بری ئەوەی شێوازێکی سیانەیی (ئەفسەرە فەڕەنسییەکە- پەنابەرە کوردەکان- وەرگێڕە کوردەکە) وەربگێڕێت، بە پێچەوانەوە دەبێتە دیالۆگی ڕاستەوخۆی نێوان ئەفسەرەکە و کوردەکان، لە کاتێکدا لە وەرگێڕانی دوو زمانی جیاوازی دوو کەس، کەسی سێیەم ڕۆڵی سەرەکی هەیە کە وەرگێڕەکەیە. دەکرێ خوێنەران لەم ڕووەوە، سەرنج لە گفتوگۆی نێوان لاپەڕەکانی (٢١ تا ٢٩) بدەن، بۆیە زۆر گرنگە، لە میانەی گێڕانەوەی ڕووداوێکدا، دەنگی ڕۆماننووس نەبێتە

بگێڕەوەی سـەرەکی، بەڵـکوو دەبـێ سەربەسـتی بـە کارەکتـەرەکان بدرێـت، کـە خۆیـان بدوێـن و ڕۆڵەکەیـان بگێـڕن.

**وەسف:**

وەسـف، یەکێکـی دیکەیـە لـەو توخمـە سـەرەکییانەی لـە پـاڵ ڕەگەزەکانی دیکە، بینـای هونەریـی دەقـی ڕۆمـان پێکدەهێنـن و ڕۆڵێکـی سـەرەکی لـە میانـەی گێڕانـەوەی ڕووداوەکانـدا دەبینێت، زۆر جار لە ڕێگەی وەسفەوە، دەچینە نێـو وردەکاری ڕووداوەکان و کارەکتـەرەکان و دیمەنەکانـەوە، بـەڵام هـەر تەنیـا وەسـفکردنی شـتێک گرنـگ نییـە، لـەوە گرنگتـر، ئـەو وردەکارییەیـە کـە لـە وەسـفکردنەکەدا هەیـە، بـە جۆرێـک کـە ڕوویەکـی لۆژیکی و بابەتـی هەبێت. وەسـفەکان، دەبـێ لەگـەڵ ژینگـەی دوروبـەر و واقیعـی ڕووداوەکان و ڕۆڵـی کارەکتـەرەکان بگونجێـن، لـەو ڕۆمانـەدا، لـە گەلێـک شـوێن، وەسـفی دژ بەیەکـی یـەک ڕووداو، یـان کـردار و هەڵسـوکەوتێک هـەن. بـۆ نموونـە:

* لا ٢٧ نووسـیویەتی: (پەنجەرەکـە لە خۆیەوە شـکا نازانـم خەوتبـووم لـە وادەی هەڵسـانم ئـەو شـکابوو) ڕۆماننـووس لێرەدا جێنـاوی (ئـەو) کـە کەسـی سـێیەمی تاکـە، بـۆ (جـام) بـەکار هێنـاوە، ئایا ئەمـە وەسـفێکی گونجاو و بابەتییـە؟

* لا ٣٣ نووسـیویەتی: (ئـازاد گوتـی بۆیـە لـە نیشـتمان دەرچـووم، چونکـە هیچـم نەبـوو، باوکـم بـێ دەرامـەت بـوو)، بـەڵام پێشـتر و لەلاپـەڕە (١٨)دا دەڵێـت: (باوکـی ئـازاد، لـە نێـو بـازاڕی سلێمانی دوکانـی پێڵاوفرۆشـی هەبـوو) ئایا ئـەم دوو وسـفە، هـاودژ و پێچەوانـەی یەکتـری نیـن؟ کەسـێک دووکانـی پێڵاوفرۆشـی هەبێـت، بـێ دەرامەتـە؟ بێگومـان نەخێـر، دەرامەتێکـی هـەر هەیـە، ئەگـەر کەمیش بێـت.

* لا ٣٤ نووسیویەتی: (پۆلیس بە پەنابەرەکەی گـوت، دەزانـی ئەمـە تاوانـە و حوکمـی لـە سـەرە) لێـرەدا پۆلیس ڕۆڵـی دادوەر دەبینێـت، لـە کاتێکـدا هەمـوومـان دەزانیـن ئەرکـی پۆلیس نییـە حوکـم بـۆ تاوانبـار دەربـکات، بەڵـکوو ئـەوە ئەرکـی دادگایـە.

* لا ٧٦ نووسـیویەتی: (دوای چەنـد مانگێک، ئامێـز لـە زینـدان ئـازاد کـرا، نیـوە مـردوو، لووتـی شـکابوو، ڕەنگـی سـپی ببـوو، دەتگـوت چـی خوێنـە لێیـان هەڵمژیـوە، خواردنـی سـەموونی عەسـکەری خوسـاویش کێشـی زۆر زیـاد کردبـوو). ئـەم وەسـفە، وێـڕای ئـەوەی هـاودژ و نالۆژیکییـە، هـاوکات بـێ ئاگایـی ڕۆماننووسـیش لـە دۆخـی زیندانەکانی سـەردەمی بەعسی فاشی دەردەخات. ئاخـر کەسـێک لـە سـەردەمی بەعـس زیندانیـی بووایـە، وەک ئـەوەی لـە دۆزەخ بێـت، ئیـدی چـۆن ئەوەنـدە  ئاسـوودە و بـێ خـەم دەبێـت، کێشـی زیـاد بـکات؟

* لا ٧٨ نووسـیویەتی: (خـۆی کوتایـە نـاو سـەموونخانەیەک و گەرمـای تەنوورەکانـی پـێ گەیشـت) چونکـە لێـرەدا باسـەکە پەیوەسـتە بـە وەسـف لـە زمانـی کوردیـدا، ئیـدی دەبـێ لـە سـەر وردەکارییـەکان بوەسـتین. سـەموون، بـە تەنـوور دروسـت ناکرێـت ، بۆیەشـە سـەموونخانە و نانەواخانـە، هەردووکییـان لـە زمانـی کـوردی بـە کار دێـن.

* لا ١١٣ نووسـیویەتی: (یەکێکیـان بـە ئینگلیـزی سـڵاوی کـرد، بایـی خـۆی ئینگلیزیـم دەزانـی)، لێـرەدا مەبەسـتی گفتوگـۆی نێـوان (فرانسـوان)ی پیرەمێردە فەڕەنسییەکە و پەنابەرە کوردەکانـن، وەسـفەکە دیـارە کـە بایـی ئەوەنـدە ئینگلیـزی زانیـوە، کەچـی یـەک لاپـەڕە دواتـر، واتـا لـە لاپـەڕە (١١٥) دا ئـەم جارەیـان دەڵێـت: (زمانـی ئینگلیزییەکـەی ئـەوان و هـی منیش بایی

ئەوەندە نەبوو، لەو بەیت و بالۆرانەیان بگەم).
دیارە ڕۆماننووس دوو وەسفی دژ بە یەکی زانینی زمانی کردووە.

**زمان:**

بە درێژایی ئەو ڕۆمانە، زمانی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، لە زمانێکی ڕۆژنامەوانی و ڕۆژانەیی دەچێت نەک زمانی ڕۆمان، کە هونەرێکی باڵای گێڕانەوەی زمانییە. ڕووداوەکان، دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان، بە زمانێکە کە کەسێک لە نێو فەرمانگەی تایبەت بە پەنابەرانەوە یاداشتی کردبن. لە کەمترین جێگەی ڕۆمانەکە، هەست بە دیوێکی دیکەی هونەرییانەی زمان ناکەین کە ئاماژە بێت بۆ زمانی نووسینی ڕۆمان. دەکرێ خوێنەران بگەڕێنەوە سەر لاپەڕەکانی (١٠٠ تا ١١٥) ی ڕۆمانەکە و لەوێوە باشتر ئەو بۆچوونەی ئێمە دەردەکەوێت. وێڕای ئەمەش، تەنانەت لە ڕووی ڕێسکانی ڕێزمانیشەوە، لە چەندان شوێنی ڕۆمانەکە هەڵەی زەقی زمانەوانی هەن، وەک:

* لا ٢٨ نووسیویەتی: (من نازانم کەسم گوێ لێ نەبوو وا بڵێت)، ئەم ڕستەیە، پێویستی بە ئامرازی پێوەندی (لە) هەیە، تا مانای تەواوەتی بگەیەنێت، بۆیە دەبوو بڵێت: (من نازانم، لە کەسم گوێ لێ نەبوو وابڵێت).

* لا ٤٧ نووسیویەتی: (سەیری دوو پیاویان کرد، کە لەگەڵیان چاوەڕوان گەیشتن ئەسانسۆرەکە بوون، کە گەیشت پیاوەکان بە زمانی لووس پێشنیاری پێشکەوتنیان کردن). ئەم شێوازە زمانییە لە داڕشتن، لەنگییەکی زۆری تێدایە، بۆیە گونجاوتر بوو بنووسێت: دوای سەرکەوتنی ئەسانسۆرەکە، چونکە ئەسانسۆر سەردەکەوێت و دادەبەزێت، پیاوەکان بە زمانە لووسەکانیان (چونکە کۆیە) پێشنیاری ئەوەیان بۆ کردن، کە سەرەتا ئەوان بچنە نێو ئەسانسۆرەکە).

* لا ٤٩ نووسیویەتی: (ئینجا دوا بە دوای ڕاکێشانی هەواڵە پێویستەکان لە شوفێرەکانیان) لە ڕووی ڕێزمانییەوە سەرنج لە ڕستەکە بدەن و شایەنی ئاماژە کردنە لە گەلێک شوێنی ڕۆمانەکەدا، کەموکورتی لە لایەنی ڕێزمانی و زمانی ڕۆمانەکەدا هەیە، بەڵام ئێمە تەنیا ئەو نموونانەمان هێنایەوە.

دواجار دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم، کە لەم ساڵانەی دواییدا، دەیان چیرۆک و ڕۆمانی نووسەرە ناودارەکانی کوردم خوێندووەتەوە، بە داخەوە زۆربەی هەرە زۆریان، هەڵەی سەیر و زەق دەکەن و بە سەریاندا تێ دەپەڕێت، نازانم ئەمە لە بێ ئاگاییانە، یانیش پەلەپەلی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانیان؟

*** پەراوێز: باڵندەکانیش دەنیشنەوە، ڕۆمان، نووسینی: بەیان سەلمان، بڵاوکراوەی: نێوەندی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢١.**

# دوو نامەی م. عەبدولڕەقیب یووسف بۆ م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی و م. عەبدولمەجید ئەحمەد ئاسنگر (١)

ئا: سەرنووسەر

* نامەی یەکەم

سڵاوێکی گەرم (٢)

ئیمساڵیش وەکوو زوربەی ئەم ساڵانی دوایی بڕیاری سووتاندنی ئەوراقی دائیرەکان دەرچووە و ئێستا بڵاوبۆتەوە بەسەر دائیرەکاندا.

بە گوێرەی بڕیارەکە تەنیا ئەو ئەوراقە دەسووتێنرێ (ن) کە بە کەڵکی هیچ نایێ (ن)، بەڵام ئەو ئەوراقانەی بە کەڵک (ن) بۆ مێژووی وڵاتەکە لە هەموو ڕوویەکەوە سووتاندنیان قەدەغەیە، تا لە هاوینی پاردا یاسایەکی نوێ دەرچوو بۆ پارازتنی بەڵگەنامەکان (الوثائق)، بە گوێرەی ئەم یاسایە هەر کەسێک بەڵگەنامەیێک بفەوتێنێ و لەناوبەرێ تا (١٠،٠٠٠) دینار جەزایەتی. بێگومان ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە چەند بەڵگەنامە شتێکی بەنرخ و گرنگە.

میللەتانی پێشکەوتوو هەر لە زووەوە بایەخیان بە کەلەپووری بەڵگەنامەیی (التراث الوثائقي)ی خۆیان داوە و پارازتوویانە و بە ئاسانی دەکەوێتە بەردەستی باحیسان و مێژوونووسان، تا ئیمڕۆش لە تەڕابلسی غەرب (٣)، ئەو ئەوراقانەی دەربارەی عەشیرەتی (هەمەوەند)ـە (٤)، کە دەوڵەتی عوسمانی ئەم عەشیرەتە کوردە (ی) دوور خستبوو(ەوە) بۆ باکووری ئەفریقیا - ئەو ئەوراقانە تا ئیمڕۆ لەوێ ماونەتەوە و پارێزراوە (ن) تا ڕۆشنبیرێکی هەمەوەند توانیو (ی)ە (تی) ئەو ئەوراقانە ئیستینساخ بکا و بنێرێ کە هیچ نرخیان تەواو نابێ بۆ مێژووی ئەم عەشیرەتە، بەڵکوو بۆ مێژووی کورد.

- ئەم ئەوراقی ئیمڕۆی دائیرەکان کە ئێمە نرخیان نازانین، هەمووی بەڵگەنامەی گرنگە بۆ دواڕۆژ، سامانێکی گەورەیە بۆ مێژووی وڵاتمان: مێژووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و خوێندن و زانست و... بەڵکوو ئاوێنەیەکی سافە بۆ هەموو جۆرە بابەتی ژیانی ئیمڕۆمان، پێویستە لەسەر هەموو ڕۆشنبیرانمان نرخی ئەم سامانە گەورە (یە) بزانن و بەشداری بکەن لە پارازتنیدا، چونکە کەمتەرخەمی دەبێتە هۆی لەعنەتی مێژوو.

**بەشداری کردن بەم شێوەیە دەبێ:**

١- بڵاوکردنەوەی (وعي)یەک لەنێو خەڵکدا لە بارەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی بە شێوەیەکی

گشتی .

٢ – پەیوەنـدی کـردن بـە فەرمانبەرەکانـی دائیـرەکان، بـە تایبەتـی ئەندامانـی لیژنـەی لەناوبردنـی ئـەوراق (لجنـة اتـلاف الأوراق) بـۆ تێگەیاندنیـان تـا بـە شـێوەیەکی ورد و دڵسـۆزانە ئەوراقـەکان بپشـکنن و ئەوراقـی بەکەڵـک نەسـووتێنن.

لـە هـەر دائیرەیـەک لیژنەیـەک دروسـت دەکـرێ بـۆ پشـکنینی ئـەوراق، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئەندامەکانی لیژنەکـە زۆربەیـان هیـچ لـە مەوزووعی وەسـائیق (و) نرخیـان نا (ی)زانن و یا دڵسـۆز نیـن، ئەوراقـەکان بـاش ناپشـکنن و بـە وردی لێـک جیـا ناکەنـ (ەوە)، بـە گوێـرەی (ئـەو (تعلیمات)ـەکانی کـە بۆیـان هاتـووە (و) خۆیـان ماندوو ناکـەن، بەڵکـوو زۆربـەی ئەوراقەکانـی دائیـرەکان فـڕێ دەدەنـە سـەریەک و دەسـووتێنن و (موشـکیلەکە لەمەدایـە).

هەمووتـان برادەرتـان لـە دائیـرەکان هەیـە، دە (ی)توانـن پەیوەنـدی بکـەن بـە سـەرۆکی دائیـرە و فەرمانبـەرەکان، بـە تایبەتـی لیژنـەی لەناوبردنـی ئـەوراق و نرخـی ئەوراقـی وەسـائیقی بۆیـان ڕوون بکەنـەوە تـا بـە وردی و بـە دڵسۆزانە ئەوراقـەکان بـە گوێـرەی ئـەو (تعلیمات)انـەی کـە بۆیـان هاتـووە لێـک جیـا بکـەن (ەوە) و ئەوراقـی بەکەڵـک نەسـووتێنن.

ئەمـە واجبـی هەمـوو ئـەو کەسـانەیە کـە خۆیـان بـە ڕۆشـنبیر و دڵسـۆز و لایـەق بزانـن، وەک بەڕێـزان مامۆسـتا تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی مێژوونووسـی کۆیسـنجەق و مامۆسـتای نووسـەر مەجید ئاسـنگەر کـە پـار لـە کاتـی سـووتاندنی ئەوراقـی دائیرەکانـدا– دائیـرە بـە دائیـرە گـەڕاون لـە شـاری کۆیسـنجەق بـۆ ئـەم مەبەسـتە و هیمەتێکـی زۆریـان نوانـد کـە شـایانی سـوپاس و ڕێزگرتنـە (ن).

٣– پەیوەنـدی بـە فەرمانبەرەکانـی دائیـرەکان، بـە تایبەتـی بەڕێوەبـەر و ئەندامانـی لیژنـەکان بـۆ پاراستنـی ئەوراقـی کۆنـی (لـە) پێـش دە پـازدە سـاڵ و زیاتـر، دوور نییـە ئەوراقـی کـۆن لـە هەندێـک لـە ئیـرەکان مابـێ (ن)، ئـەم جـۆرە ئەوراقانـە بـە هیـچ جۆرێـک نابـێ بـە چاوێکـی کـەم تەماشـا بکرێ (ن)، ئەگـەر جنێویـش بـێ (ن) هـەر بـە نرخـن. جێگـەی داخـە کـە بەلەدییـەی سـلێمانی سـاڵی ڕابـوردوو ٣– ٤ تـەن ئەوراقـی خـۆی (کـۆن)، لەسـەر ڕووبـاری تانجـەڕۆ (٥) سـووتاند کـە هـی زەمانـی عوسـمانی و کاتـی شـێخ مەحمـوودی نەمـر (٦) و کاتـی ئینگلیـزەکان و دوای (ی) ئـەو کاتانـەش بـوون، بێگومـان هـەزاران و یـان دەیـان هـەزار وەسـائیق لەنێویانـدا هەبـووە دەربـارەی هەمـوو ئیـش و کارێکـی بازرگانـی، دارتاشـی، ئاسـنگەری، حەرەکـەی ئاوەدانکردنـەوە، پێـڵاو و جلوبـەرگ دروسـت کـردن، چاپەمەنـی، قوتابخانـەکان، فایلەکـی تایبەتـی بـۆ گۆرانـی و مۆسـیقا لـە چاپخانەکانـی سـلێمانی لـە سـاڵانی بیسـتەکاندا، ئیـش و


به ناوی من (طاهر احمد حویزی) وه ماموستا عبدالمجید احمد
ئاسنگەری ناردە

سلاوێکی گەرم

ئیمسالیش وەکو زوربەی ئەم سالانی دوای بریاری سوتاندنی ئەوراقی دائیرەکان دەرچوە و ئیستا بلاو بوتەوە بەسەر دائیرەکاندا.
بە گوێرەی بریارەکە تەنیا ئەو ئەوراقە دەسوتێنرێ کە بەکەلکی هیچ نایێ، بەلام ئەو ئەوراقانەی بەکەلکە بۆ مێژووی ولاتەکە لە هەمو رویەکەوە – سوتاندنیان قەدەغەیە تالە ئاوێنی پاردا یاسەیەکی زۆری دەرچوو بو پاراستنی بەلگەنامەکانی (الوثائق) بەگوێرەی ئەم یاسایە هەرکەسێک بەلگەنامەیێک بفەوتێنێ و لەناو بەرێ تا (١٠,٠٠٠) دینار جزایەتی. بێ گومان ئەمە ئیشانەی ئەوەیە کە چەند بەلگەنامە شتێکی بەنرخ و گرنگە.
میللەتانی پێشکەوتر لەهەر لەترووەوە بایەخیان بەکەلە پوری بەلگەنامەیی (التراث الوثائقي) ی خۆیان داوە و پاراستویانە و بە ئاسانی دەکەوێتە بەردەستی باحسیان و مێژوونوسان تائێستا لەتەرابلسی غەرب ئەو ئەوراقانەی دەربارەی عەشیرەتی (هەمەوەند)ە، کە دەولەتی عوسمانی ئەم عەشیرە ئەکوردە دوورخستبووە بو باکوری ئەفریقیا – ئەو ئەوراقانە تائێستا لەوێ ماوەتەوە و پارێزراوە تاروشنبیرێکی هەمەوەند توانیوە ئەو ئەوراقانە استنساخ بکا و بینێرێ کە هیچ نرخیان تەواو نابێ بو مێژووی ئەم عەشیرەتە بەلکو بو مێژووی کورد.
ئەم ئەوراقی ئیمرۆی دائیرەکان کە ئیمە نرخیان نازانین لەسەدەی بە بەلگەنامەی گرنگە بو دوا رۆژ، سامانێکی گەورەیە بو مێژووی ولاتمان: مێژووی ئابوری، کۆمەلایەتی و خوێندن و زانست و ..... بەلکو ئاوێنەیەکی ساغە بو هەموو جورە بابەتی ژیانی ئیمرومان پێویستە لەسەر هەموو روشنبیرانمان نرخی ئەم سامانە گەورەیە بزانین و بەشداری بکەین لە پاراستنیدا چونکە کە سەرەخەمی دەبێتە هۆی لەعنەتی مێژوو.

کاری دەباغخانەکان، زێرابەکان، کارێزەکان، ئاشەکان، کەنناسی، دەسەهەقی کرێکارەکان، نرخی دەغڵودان و خواردەمەنی و زۆر بابەتی تر کە ئەو کۆمەڵە ئەوراقە ئاوێنەیە بۆ مێژووی حەزاری شارەکە. بێگومان ئەمە بە کارەساتێکی ڕۆشنبیریی و کەلەپووری لە قەڵەم دەدرێ و بۆشم ئاشکرا بوو کە لە سووتاندنی ئەم چەند تەنەی ئەوراقی کۆنی بەلەدییەی سلێمانی تەنیا لەبەر نەبوونی (وعي) و نەزانینی نرخی وەسائیق بووە لەلای (ەن) فەرمانبەرەکانەوە کە هەندێکیان ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردن و ئێستا زۆر پەشیمانن.

کارەسات لە نەزانین و دواکەوتندایە، (وعي)یش ٨٠٪ لە گیروگرفتەکانی کەلەپووری کوردی چارەسەر دەکات. دواکەوتنمان لە ڕووی (فیکری) و ڕۆشنبیریی سەرەتاکانی کەلەپووری حەزاریمانە.

لە غەیری ئەوراقی دائیرەکان کە زۆربەیان ئەوراقی وەسائیقین، هەموو نامە گۆڕینێک (وەیەک) لە بەینی میر و پیاوە گەورەکان و لە بەینیان و بەینی میری، بەڵگەنامەن و هەروەها نامەکانی پیاوە ئایینییەکانی بەناوبانگ و بە تایبەتی ئەوانەی دەربارەی وەزعی ڕامیاری و سوڵحی عەشائیرە... و هەروەها سەنەدەکانی زەویوزار و جۆگە و ئاشەکان، کارێزەکان، ئیجازەی مەلایەتی و شێخایەتی، شەجەرەکانی سەیدەکان، بە تایبەتی ئەوانە کە مۆر و ئیمزای قازی و موفتی و مودەڕیس و پیاوە ئایینییەکان لەسەریەتی، نرخێکی تایبەتی بۆ ئەو مۆر و ئیمزایە هەیە و هەروەها زۆر لە وێنەی کۆن و ئەو زانیاری (یەکانی) بە نرخی لەسەر (شریت)یش لە وەسائیق دەژمێردرێن.

پێویستە هەوڵ بدەین خەڵک هیچیتر ئەم کەلەپوورە بەڵگەنامەییە نەفەوتێنن، هەروەکوو زۆربەی زۆریان فڕێ داون و یان سووتاندوویانن، چونکە نرخیان نەزانیوە، هەروەکوو دەیان هەزار وەسائیق لە ساڵی ١٩٧٦ لە سلێمانی و دەورووبەری لەناوچووە.

**سلێمانی- ص. ب ٢٠٢**

**عەبدولڕەقیب یووسف**

**١٩٨٤/٦/١٥**

*** دانەی ناردراوە بۆ هەولێر و دهۆک و زاخۆ**

*** نامەی دووەم**

**برایانی بەڕێز مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی - مامۆستا مەجید ئاسنگر**

سڵاوێکی برایانە

بێگومان ئێوە زۆر باش دەزانن کە زۆر بەردی مەڕمەڕی نەخشدار لە خانووە کۆنەکانی کۆیەدا هەیە (نە) و خەڵک ئەم خانووانە دەڕووخێنن وەک خانووی حەماغا کە زۆری لەم با (بە) تە تێدا بوو. ئەم بەردانە کەلەپوورێکی بە نرخ (ن)، گوناهە بفەوتـ(ێـ)ن و ورد ورد ببن لەبەردەمی شەفل و یا فڕێ بدرێن. پێویستە لەسەر ڕووناکبیرانی کۆیە و بە تایبەتی ئێوە هەردووکتان موراقەبەی ئەم خانووانە بکەن کە ڕووخێندران، ئەو بەردە مەڕمەڕانە، تا ئەگەر نەخشداریش نەبن ببەنە (بۆ) ئینحساری قەدیم و بیخەنە نێو هۆدەیەکی ئەوێ، هۆدەی خاڵی زۆرە ویی موئەسەسەی ئاسارە، نیازیان هەیە ئینحساری قەدیم بکەنە (مەتحەفی فۆلکلۆری) بۆ کۆیە، پێویستە ئەو بەردانە و دەرگا و پەنجەرە کۆنانە ببەنە (ئـ)ـەوێ و لە هۆدەیەکیدا کلیل بدەن، ئەمە واجبی ئێوەیە و ئەگەر نەکەن گوناهبارن، ئەی چیتان کردووە بەرامبەر پاراستنی کەلەپووری شارەکەتان، ئەو شارەی پڕ لە کەلەپوور(ە)، تا کۆڵانەکانیش هەر کەلەپوورە. ئایا مەعنایێ چی کە ئێوە ڕووناکبیرن، مەعنایێ چی ئێوە نووسەرن،

یان دەبێ لە ئاسمان خەڵک بێن کەلەپووری شارێکی وەها بپارێزن. ئێوە مەسئوول دەبن بەرامبەر مێژوو.

ئیبراهیم سابیر وەلی (٧) (عومری نەمێنێ)، خوا عەفوو بکە مامۆستا (وردی)ی (٨) دڵپاک و قسەخۆش و خزمەتکەری کەلەپوور، (ئیبراهیم)ی کردە (المصلح الاجتماعي) (٩)، بەڵام تا ئێستا ئیبراهیم هیچ کارێکی گرنگی نەکردووە بۆ ڕزگارکردنی کەلەپووری شارستانەتی شاری کۆیە، ئێستا کە من ئەم وشانە دەنووسم، فرمێسک لە چاوم دەڕژێ بۆ ئەو میحنەتەی کەلەپووری کوردی تێدایە و ئێوە هەستی پێناکەن، وەک چۆن شاعیر و چیرۆکنووسەکانمان هەستی پێناکەن و گوناهبارن. دەبایە کاک مەجید ئەتوو تا ئێستا دەیان قوتابی خۆت فێری کەلەپوور بکردبایە.

**عەبدولڕەقیب یووسف**
**١٩٨٥/١/١٢**


عبدالرقیب یوسف
١٩٨٥/١/١٢
برایانی بەڕێز مامۆستا طاهر احمد حویزی
مامۆستا مجید ئاسنگر
سلاوێکی برایانە

## پەراوێزەکان:

(١) بە دەستوخەتی م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی نووسراوە: بەناوی من (تاهیر ئەحمەد حەوێزی) و مامۆستا عەبدولمەجید ئەحمەد ئاسنگری ناردییە.

(٢) ئەم نامەیە بێجگە لە دێڕ و نیوێکی کۆتاییەکەی، ئەوەی دیکەی بە دەستخوخەتی کەسێکی دی نووسراوە، کە نازانم کێیە.

(٣) طرابلس الغرب: تەرابلسی ڕۆژئاوا، پایتەختی وڵاتی لیبیایە کە بە دڵی ئەو وڵاتە دەناسرێت، کەوتووەتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست، زۆرجار بەناوی (الفيحاء) هەڵدەدرێتەوە، چەندان شوێنەواری گرنگ و کۆنی تێدایە وەک: (جامع الناقة)، (برج الساعة)، (قصر الشعب)، (سوق الفاتح).

(٤) عەشیرەتی هەمەوەندی: یەکێکە لە عەشیرەتە ڕەسەنەکانی کورد، بە ئازایەتی و جوامێری ناسراون، لە بنەڕەتدا لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون، ئێستا لە دەوروبەری ناوچەی چەمچەماڵ و سەنگاو و دووزخورماتوو نیشتەجێن، عەشیرەتێکی ئازا و چاونەترسن، بۆیە بەردەوام سوڵتانی عوسمانی هێرشی کردووەتە سەریان، دواجار بۆ باکووری ئەفریقیا نەفی کردوون، چونکە هەمیشە سەریان بۆ دەسەڵاتی عوسمانی دانەنواندووە.

(٥) ڕووباری تانجەرۆ: ڕووبارێکی بچووکە، درێژییەکەی ٦٤ کم دەبێت، دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی سلێمانی و لەگەڵ ئاوی قلیاسان و کانی پانکە یەکدەگرن و دەبنە سەرچاوەیەک و دەڕژێنە بەنداوی دەربەندیخانەوە. ئەم ڕووبارە پێشتر سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی ئەو گوندانە بووە کە دەکەونە سەر ڕێڕەوەکەی و بەرهەمێکی زۆری کشتوکاڵ و ئاودێری و سامانی ماسی پێدەهێنا، بەڵام ئێستا بە ئاوی ڕەشی تانجەرۆ دەناسرێت کە بووەتە هەڕەشەیەکی گەورە و بەردەوامە بۆ سەر ژیانی خەڵکی شاری سلێمانی و دەربەندیخان، ژینگەی ناوچەکە و سەرچاوەی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی، بە تایبەتی بۆ سەر بەنداوی دەربەندیخان کە یەکێکە لە سەرچاوە

سەرەکییەکانی کوردستان و عێراق. پاشەڕۆی کارگەکان و زبڵ و خاشاکی سلێمانی و ئاوەڕۆی ئەم شارە، هەموو تایبەتمەندییەکانی لە ئاوی چەمی تانجەرۆ داماڵیوە. ئێستا ئەم ڕووبارە ڕەنگ و بۆن و تامی گۆڕاوە، بۆیە بووەتە ئاوێکی مەترسیدار و هەندێ جار پێی دەوترێ ئاوی خۆڵەمێشیی ڕەش، واتە پیسترین جۆری ئاو کە تێکەڵی کەرەستەی کیمیاوی و زبڵ و پاشەڕۆی مرۆڤ بووە. کەفێکی سپی بە درێژایی ڕووبارەکە بەدی دەکرێ، کە هەرچی ماددەی کانزایی و پاشماوەی کارگە و زێرابەکانە، تێکەڵ بە ئاوی ڕووبارەکە بووە، هەموو ئەو زیندەوارانەی پێشتر تێیدا ژیاون لەناوچوون، بە گشتی ئێستا ڕووبارەکە بووەتە ئاوەڕۆیەکی گەورەی چەوری و سەرچاوەی بۆنێکی کوشندە بەهۆی ئەوەی کەرەستە پاککەرەوەکانی ماڵان تێکەڵاوی ئەو ئاوە بووە، بۆیە هەموو سیمایەکی ڕووباری لێ سەندووەتەوە، ئێستاش زۆر بەرهەمی سەوزە و بەروبوومی کشتوکاڵی لەسەر ئەم ئاوە دەکرێ کە خواردنیان زیانی زۆر زیاترە لە سوودگەیاندن. زۆر لە پسپۆڕانی لەش دروستیی مەترسیی ئەم ئاوەیان ڕوون کردووەتەوە کە سەرچاوەی سەرەکی شێرپەنجە و گرانەتا و کولێرا و هەوکردنی ڤایرۆسی جگەرە. ئاوی تانجەڕۆ لەلایەک بووەتە هۆی پیسبوونی ژینگە و لەلایەکی دی بووەتە هۆی پیسبوونی ئاوی دەربەندیخان کە سەرچاوەی وزە و کشتوکاڵ و سامانی ماسییە. ئەمڕۆ بەهۆی ئەم ڕووبارەوە، ئاوی دەربەندیخان بووەتە مەترسییەکی گەورە، هەموو خاشاک و زبڵ و ئاوی زێراب و پاشماوەی کارگەکان ڕادەماڵێ و دەیکاتە ناو بەنداوی دەربەندیخانەوە، کە لە وەرزی پاییزدا ئاستی ئاوەکە زیاتر دادەبەزێنێ و چڕیی پیسبوونەکە زیاتر دەکات.

(٦) شێخ مەحموودی نەمر: ناوی تەواوی شێخ مەحموود کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەمەدە، لە ساڵی ١٨٧٨ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، ڕۆژی ١٩٥٦/١٠/٩ لە شاری بەغدا کۆچی کردووە، پاشان تەرمەکەی هێنراوەتەوە بۆ شاری سلێمانی و لەناو مزگەوتی گەورە بە خاک سپێردراوە. لە دژی دوژمنانی کورد ڕابەریی چەندان ڕاپەڕینی کردووە، لە ساڵی ١٩٢٣ دامەزرێنەری یەکەمین حکومەتی کوردستان بووە، دواجار بە پیلانی ئینگلیز کابینەکەی تێکدراوە و هێرش کراوەتە سەر سلێمانی، لە شەڕی دەربەندی بازیان بە بریندراری دەستگیری دەکەن و بۆ وڵاتی هیند نەفی دەکرێ، دواتر بە گوشاری زۆری خەڵکی کوردستان گەڕێنراوەتەوە.

(٧) ئیبراهیم سابیر وەلی: ئیبراهیم سابیر وەلی، ساڵی ١٩٣٦ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، باوکی خەڵکی کەرکووکە، لە بنەماڵەی (شەکرچییەکان)ـە، دایکیشی ناوی (ڕابیعەی کچی مەلای ڕەش)ی کۆیەیە. پاش تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی، لە خولێکی تایبەتدا بووەتە مامۆستای سەرەتایی. پیاوێکی ڕووناکبیرە، وەرزشوانێکی دیار بووە. لە ساڵانی ١٩٧٦- ١٩٧٧ کۆلێژی یاسای لە زانکۆی موستەنسرییەی بەغدا تەواو کردووە و لە شاری کۆیە خەریکی کاری پارێزەرایەتیی بووە، چەند ساڵێکە بە ماڵەوە هاتوونەتە شاری هەولێر و ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە. ئیبراهیم سابیر وەلی بە دامەزرێنەری (ڕۆژی کۆیە) دادەنرێ کە لە (١-٩)ی هەموو ساڵێکدا بەڕێوە دەچوو، لەم یادەدا لەسەر سەکۆیەکی ئازاد لە ناوەندی شار قسەی بۆ خەڵکەکەی دەکرد، خێزانەکەی کچی سەعیدی مەلا ئەحمەدە.

(٨) وردی: کە بە محەمەد تۆفیق وردی (١٩٢٣ - ١٩٧٥) ناسراوە، پێشتر لە ژمارە ٢٨٥- ٢٨٦ی گۆڤاری (ڕامان) لە بارەیەوە نووسراوە.

(٩) لە ساڵی ١٩٧٤ م. محەمەد تۆفیق وردی نامیلکەیەکی بە زمانی عەرەبی بەناوی (ابراهيم صابر ولي، المصلح الاجتماعي) نووسی.

به بۆنەی بیست و شەشەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# ڕامان فێرگەیەک بووە بۆ دەیان خوێنەری وردبین و چالاک

ڕزگار جەباری

ساڵی ١٩٩٨ بوو کە لە ئاوارەیی گەڕاینەوە کوردستان، ئەو دەم بۆ منی هەژدە ساڵان، دوو ساڵێک دەبوو هۆگری خوێندنەوە بووبووم، بەتایبەتی خوێندنەوەی شیعری کلاسیک. بۆ کڕینی کتێب هاتوچۆی کتێبفرۆشییەکانی لای قەڵای هەولێرم دەکرد کە کتێبی دەستی دوو و کۆن و گۆڤار و بڵاوکراوەکانیان دەفرۆشت. لەوێ بوو بۆ یەکەم جار چاوم بە گۆڤاری ڕامان کەوت و ئاشنای ئەم گۆڤارە بووم.

لە پاش کڕینی یەک دوو ژمارە و خوێندنەوەیان، بەهۆی بابەتە ئەدەبی و هونەرییەکانییەوە کەوتە بەر دڵم و هەر زوو بیرم لەوە کردەوە کە دەبێت هەموو ژمارەکانی ئەرشیڤ بکەم و لەلای خۆم گلیان بدەمەوە، ئەگەرچی ئەوکاتانە ژمارەکانی دوو سێ ساڵی پێشترم لەدەست چووبوو، بەڵام بە گوێرەی توانایی دەستم بە پەیداکردن و کۆکردنەوەی ژمارەکانی کرد، هەر جارێک سەرێکم لە کتێفرۆشییەکانی بەر قەڵا بدایە، چاوێکم بۆ ژمارەی نوێ و ژمارە کۆنەکانی گۆڤاری ڕامان دەگێڕا، جاری وا هەبوو دوو سێ ژمارەم پێکەوە دەکڕی. لەوکاتەوە ڕامان بوو بە یەکێک لە سەرچاوەکانی خوێندنەوەی من، بە تایبەتی توێژینەوەی ئەدەبی، دەقی شیعری و دواتر چاوپێکەوتنەکان. لە چاوپێکەوتنەکاندا کە تایبەتمەندیی هونەری ڕەخنەیی و هونەری گێڕانەوەیان تێدان، سوودێکی زۆرم لە زانیارییەکان و چێژێکی واتایی تایبەتیشم لێ وەردەگرتن. باسوخواسی ئەزموونی ئەدیبان و نووسەران دەروازەیەک بوو بۆ من کە هەستم دەکرت بۆ گەشتێک دەڕۆم و ڕێگایەکی دوورودرێژم بۆ کورت دەکاتەوە. گەنگەشە و تاووتووکردنی کۆمەڵێک پرس و بابەت لەو چاوپێکەوتنانەدا، بەرچاوڕوونییەکی باشی بە من دەبەخشی. بە ئاشنابوون و

خوێندنـــەوەی گۆڤـــاری ڕامـــان و هەڵســـەنگاندنی چارەگـــە ســـەدەیەک خزمەتکـــردن لـــە بـــواری ئەدەبـــی و هونـــەری و مەعریفـــەی گشـــتی، ئـــەوە ڕوون دەبێتـــەوە کـــە گۆڤـــاری ڕامـــان بەگشـــتی بـــۆ هەمـــوو نووســـەرانی کـــورد لـــە هـــەر چـــوار پارچـــەی کوردســـتان و نووســـەرانی هەنـــدەران ســـەکۆیەک بـــووە. ئـــەو ســـەردەمانەی تـــۆڕە کۆمەڵایەتییـــەکان بـــەو جـــۆرەی ئەمـــڕۆ نەبـــوون و بـــە یەکگەیشـــتن و ناســـینی نووســـەران و خوێنـــەران و ئاشـــنابوون بـــە بەرهەمەکانیـــان و بـــە بەرهەمـــی یەکـــدی بـــەو جـــۆرەی ئێســـتا ئاســـان نەبـــوو، گۆڤـــاری ڕامـــان ئـــەو کەناڵـــە بـــوو کـــە نووســـەران و خوێنەرانـــی بـــە بەرهەمـــی یەکـــدی ئاشـــنا دەکـــرد و وایانـــی لێدەکـــرد ئـــاگاداری ئاراســـتەی ڕەوتـــی ئـــەدەبی و ڕۆشـــنبیریی کوردســـتان بـــن. لـــە ســـەرێکی دیکـــەوە ڕامـــان کڵاوڕۆژنەیـــەک بـــووە بـــۆ تیشـــکی ئـــەو خامانـــەی وەکـــوو ئەزموونـــی ســـەرەتایی ویســـتوویانە بەشـــداریی لـــە ڕووناککردنـــەوەی گۆشـــەیەکی ژیـــان بکـــەن و ڕووپـــەڕێک بـــووە بـــۆ ئاشـــکراکردنی توانایـــی و بەهـــرەی ڕەســـەن، هەروەهـــا فێرگەیـــەک بـــووە بـــۆ دەیـــان خوێنـــەری وردبیـــن و چـــالاک.

گۆڤـــاری ڕامـــان لـــە جـــۆری خـــۆی و مێـــژووی ڕۆژنامەگەریـــی و بزاوتـــی ئەدەبیـــی کوردیـــدا باڵایـــە و بەشـــدارییەکی بەرچـــاوی کـــردووە لـــەم بزاوتـــەدا، خاوەنـــی پێگەیەکـــی دیـــارە کـــە بـــۆ نووســـینەوەی مێـــژووی ئـــەو قۆناغـــە، واتـــە قۆناغـــی هاوچـــەرخ ناکرێـــت بـــاز بەســـەر گۆڤـــاری (ڕامـــان)دا بدرێـــت، دەبێـــت وەکـــوو ســـەرچاوەیەکی ســـەرەکی بـــۆی بگەڕێینـــەوە.

مـــن وەکـــوو خوێنـــەری گۆڤـــاری ڕامـــان، پـــاش ساڵانێک ئـــەوەی بەبیـــری منـــدا نەدەهـــات ئـــەوە بـــوو کـــە ڕۆژێـــک دێتـــە پێشـــەوە و مـــن لـــەم گۆڤـــارەدا دەبمـــە خاوەنـــی بابەتـــی بڵاوکـــراوە. لـــە ژیانـــی کارنامـــە و چالاکیـــی خاکەڕایانـــە و هەژارانـــەی ئەدەبیـــی خۆمـــدا، شـــەرەف و شـــانازی ئـــەوەم پـــێ بـــڕاوە کـــە بـــە بابەتـــی خـــۆم و وەرگێـــڕان لـــە گۆڤـــاری ڕامانـــدا ببینـــم. ئـــەو کاتـــەی یەکـــەم بابەتـــم لـــەم گۆڤـــارەدا بڵاوکرایـــەوە، بـــۆ مـــن مایـــەی دڵخۆشـــییەکی گـــەورە بـــوو.

خاڵێکـــی ئێجـــگار گرینـــگ لـــە بـــارەی گۆڤـــاری (ڕامان)ـــەوە ئەوەیە، بەپێچەوانەی نەریتێکی بـاوی کۆمەڵگـــەی ئێمـــە کـــە تەنانـــەت لـــە زۆربـــەی هـــەرە زۆری چالاکییـــە ئەدەبیـــی و ڕۆشنبیرییەکانیشـــدا بـــەری دەکەویـــن کـــە ئەویـــش پابەندنەبوونـــە بـــە کات و ســـاتی دیاریکراوەوە، خۆشـــبەختانە هەمـــوو مانگێـــک لـــە کاتـــی خۆیـــدا ڕامـــان کەوتووەتـــە بـــەر دیـــدی خوێنەرانـــی، ئەمـــە بـــۆ خـــۆی وانەیەکـــی مەزنـــی مرۆڤایەتییـــە، ئەویـــش ڕێزگرتنـــە لـــە کاتـــی ئـــەوی دیکـــە.

گۆڤـــاری ڕامـــان قۆناغـــی ســـەختی تێپەڕانـــدووە و ئەزموونـــی چەنـــد نەوەیەکـــی بەســـەرکردووەتەوە. لـــەو ســـۆنگەیەوە هەرچـــۆن لـــە ڕابـــوردوودا ئەرکـــی مەزنـــی لـــە ئەســـتۆ گرتـــووە، لەمڕۆشـــماندا پێویســـتە هەبێـــت و لـــە داهاتووشـــدا بـــەردەوام بێـــت، تاکـــوو لـــە دیالۆگـــی ئەدەبیـــی و هزریـــی و ئەرشـــیڤکردنی داهێنانـــی ئەدەبـــی بەشـــدارییەکی کارا بـــکات.






# نووسراوە فەرامۆشکراوەکان

**تەها ئەحمەد ڕەسووڵ**
**(سلێمانی)**

هەندێک لایەنی درەوشاوە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا هەن جێگەی ئومێد و ترووسکەی گەشن، هەموومان وەکوو نەریتێکی ڕۆشنبیریی و ئاڵوگۆڕکردنی دیالۆگ و بیروڕا دەربڕین پەیڕەوی دەکەین، بەڵام مخابن تا ئەم چرکەساتەی تێیداین نەمانتوانیوە بەهەند وەریانبگرین و وەکوو پێویست بیانپارێزین و لە ڕێی چاپ و بڵاوکردنەوەوە بیانگەیەنینە خوێنەران، بەڵکوو هەموو ئەو لایەنانەش کە خاوەنی بیروڕا و دەربڕینەکانن و بۆ ڕۆشنبیریی هونەری و پێشخستنی هونەری نەتەوەیی ئێجگار سوودبەخشن.

هونەی شێوەکاریی کوردی ئەگەرچی بەراورد بە هونەری جیهانیی قۆناغەکانی سروشتیی خۆی نەبڕیوە کە کودەتا و شۆڕشی بەرپاکردووە و ڕۆڵی ئەوتۆی لە گۆڕانی ڕیشەیی و سەرهەڵدانی قۆناغە جۆربەجۆرەکاندا هەبووە، بەڵام لەهەمان کاتدا خاوەنی هونەری شێوەکارین و دەتوانین بڵێین هونەرێکی نەتەوەییمان هەیە و مۆرکی خۆماڵیبوون و دەربڕینی نێوخۆیی پێوە دیارە.

کردنەوەی پەیمانگە و کۆلیژی هونەر تایبەت بە هونەریشمان هەیە، وێڕای هەبوونی هونەرمەندان و هونەردۆستانیش، هەمیشە ئومێدی گەشەسەندنی ڕۆشنبیریی هونەری خەمی هەمووان بووەو لەو پێناوەدا بڵاڤۆک و کتێبی بەسوودیش چاپ کراون.. هەڵبەتە لەگەڵ نمایشکردنی کارە هونەرییەکانیشدا لە پێشانگەی تایبەتی و هاوبەشییەکاندا، دەفتەر و پەڕاوی کراوە هەمیشە ئامادەن لەبەردەم هونەردۆستان و ڕۆشنبیران و ڕووناکبیراندا تاوەکوو لەڕێیەوە سەرنج و تێبینی خۆیان تۆمار بکەن، جگە لە دەستخۆشی و پیرۆزبایی، نووسراوێکی درەوشاوەی ڕۆشنبیری لەو پەڕاو و دەفتەرانەدا بوونی هەیە.

بەداخەوە، پەڕاوی نووسراوەکان دوای کۆتاییهاتنی نمایشەکان، ئیتر لە دووتوێی بەرگەکانیاندا بەداخراوی ماونەتەوە و هێندەی وەکوو لایەنێکی خودی لای هونەرمەندان ماونەتەوە، هەرگیز ڕۆژێک بیر لەوە نەکراوەتەوە بەربڵاوتر بن و لە ڕێی بڵاوکردنەوە و چاپکردنیانەوە بگەنە خوێنەران و جووڵەیەکی ئەرێنی ببەخشنە بزاڤە هونەرییەکە.

جگە لە بیروڕای هونەردۆستان و سەرسامبوون و دەستخۆشییەکان، دەشێن ئەو نووسراوانە تژی بن لە ڕێنمایی و هاندان و پێداگریی هونەردۆستان لەسەر ئەو شێواز و ستایلانەی کاریگەریی جێدەهێڵن، لەهەمان کاتیشدا جۆرێک لە ڕاستگۆیی و وەشاندنی ئەوتۆ بوونیان هەبێت کە ئەوانیش کاریگەریی تەواویان لە کایە هونەرییەکەدا جێهێشتووە و بوونەتە داینەمۆی بەردەوامبوون و هەنگاوێکی دروست تاوەکوو هونەری شێوەکاریی کوردی قۆناغی گەشەسەندووتر بەخۆوە ببینێت.

بەو ئومێدەی نووسراوە ڕۆشنبیرییەکان، بەتایبەتیش هەموو ئەو سەرنج و بۆچوونانەی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و کەسانی شارەزا لە پەڕاوی نمایشەکاندا تۆماریان کردوون، ئیدی لە ڕێی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان بگەنە خوێنەران و سەرجەم هونەرمەندانیش بۆ ئەوەی زیاتر گوڕوتینی گەشتر ببەخشنە ڕۆشنبیریی کوردی و بەرەو قۆناغێکی پڕشنگدار ئاراستە بکرێت.

# ڕامان

299
300

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی چوارەم/ ساڵی بیست و شەش/٥ی ٩ ـ ١٠ی ٢٠٢٢

- **خاوەنی ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرترێت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام



**ناونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر**

**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net**

**ژمارە مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) / 07504494662**

**(دەرەوە) / 009647504494662**

**پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com**
**sarkautwali@yahoo.com**



**چاپخانەی ڕۆکسانا/ هەولێر**

**نرخ/ ٧٥٠ دینار**

## ناوەرۆکی ڕامان


● دەق

- لە بەرزاییەکانی نائومێدی/ جەلال بەرزنجی/ ٣
- خەونی نێرگز بە شەرابی شکۆفەوە/ لەیلا ساڵحی/ ٥
- گەشتێک لەگەڵ با بۆ باخی گشتیی دڵم/ بورهان بەرزنجی/ ٧
- (...) ...... شکۆیێ حەسەن، ناسح حوسێن سلێمان، ژ تیپێن کریلیکی بۆ تیپێن ک. ناڤین ڤەگوهاستیە/ ٩
- کاوە، یان ئەسکەندەر؟/ لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی/ ١١
- گیراوەکان هیچیان نەوت/ سەڵاح شاکەلی/ ١٤
- مردن لە دەروونمدا دەژی تا نەمر ببمەوە/ ژیار جەهانفەرد، لە کوردیی کەڵهوڕییەوە: هەژیر هاشمی/ ١٨
- سەمای مەستیی پیاوێکی سپی/ یاسین برایم/ ٢٢
- دارا خوەزیێ/ د. خەلیل عومار/ ٢٧
- کڵۆشێت.. گی دۆ موپاسان/ لە فەڕەنسییەوە: هیوا شەمسی بورهان/ ٢٩
- لە چاوەڕوانیدا/ داستان بەرزان/ ٣٤

● هەڤپەیڤین

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ (عەبدولقادر عەلی مەردان)ی هونەرکار/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ ٤٢

● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- ڕۆمانی ژیاننامەیی/ د. کەمال سەعدی مستەفا/ ٦٧
- شەبەک و بزربوونی ناسنامە/ فەرەیدوون سامان/ ٧٧

● هزر و فەلسەفە

- فۆیەرباخ: پرۆژەی فەلسەفەیەکی نوێ/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ ٨٦

● وتار

- (وێژەی جیهانی) لە ڕەهەندی زمانی نەتەوەیی و ڕەخنەی ئەدەبییەوە/ هادی حەبیبی/ ٩٣
- هایدان د ناڤبەرا وێژە و هونەریدا/ موحسن عەبدلڕەحمان/ ١٠٠
- ئەحمەد شوکری، یان دوکتۆر شۆ کێیە؟/ د. ئازاد هیدایەت دەلۆ/ ١٠٦
- ئانتۆن پاڤلۆڤیچ چیخەف لە ئاوێنەی دەقدا/ گەلاوێژ عوسمان زادە/ ١٠٩

● زمانزانی

- زمان و پاچڤە/ حەمەکەریم عارف/ ١١٤

● مێژوو

- کورتە باسێک لە بارەی مێژووی ژنی کوردەوە/ د. زرار سدیق تۆفیق/ ١٢٤

● هونەر

- وێستگەی ڕادیۆی دوکتۆر واڵتەر بنیامین، دەربارەی پێوەندی پێداگۆگیی فیلم و ڕادیۆ/ پێشڕەو محەمەد/ ١٢٩

● بەدواداچوون

- چەند زێدەکرنەک ل دۆر فەرۆزێن نامەیێن (عەبدولڕەقیب یووسف)ی..!/ ئیسماعیل بادی/ ١٣٨

● خوێندنەوەی کتێب

- ئەو هاوارەی نەبیسترا/ سەنگەر زراری/ ١٤٤
- خوێندنەوەیەکی کورت بۆ ڕۆمانی (باڵندەکانیش دەنیشنەوە)/ سەدیق سەعید ڕواندزی/ ١٤٩

● نامە

- دوو نامەی م. عەبدولڕەقیب یووسف بۆ م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی و م. مەجید ئاسنگر/ ئا: سەرنووسەر/ ١٥٣

● بە باڵابڕین

- ڕامان فێرگەیەک بووە بۆ دەیان خوێنەری وردبین و چالاک/ ڕزگار جەباری/ ١٥٨

● سووکە لەنگەر

- نووسراوە فەرامۆشکراوەکان/ تەها ئەحمەد ڕەسووڵ/ ١٦٠

# له بەرزاییەکانی نائومێدی

**جەلال بەرزنجی**
**(کەنەدا)**

**بۆ زێڕینی دایکم**

ئەم ساڵ گیا زۆر لە خاک بڵندتر نییە،
گەڵاکان بە غەمگینی سەردەردێنن.
ڕەوەند لە بنارەکان ڕەشماڵ هەڵنادەن،
دایکیشم وەک ساڵان بۆ نەورۆز ناچێتە ناو سروشت،
لەگەڵ چیرۆکەکانی نامانبات بۆ ڕێگا دوورەکان.
ئێستە وشە و خەیاڵ بەرانبەر،
ئەو قسانەی قورگی هەر دەڵێی لە بیرێکی بێ بندان.
ئای چ نائومێدییەکی گەورەیە،
کە وشە بەرانبەر فرمێسک بە بێ هێزی دەبینم.
سێ کێشوەر لەو جێگایەی دایکمی لە ناو کەوتووە، دوورم.
وەعدمان وایە هەتا ئەوجارە دەچمەوە
جێگەی چۆڵ نەکات، بەڵام
تارمایی مردنی غەددار وەک تیرۆریست ئاخاوتن نازانێ،
لێ ناگەڕێ ئەو بەڵێنانەی دەیاندەین بیانهێنینە دی.
دەزانم ئێستە لە بەرزاییەکانی نائومێدیت–
بیر لەو شتە دەکەیتەوە نە ئێمە دەمانەوێ بۆتی باس بکەین
نە تۆش دەتەوێت بە زمانە نوێیەکەت باسی بکەیت.
دەزانم ئێستە هیچ شتێک نەماوە مەینەتییەکانت تێر بکات
یان گوێی من بخەوێنێ.
ڕەنگە تا دەچمەوە ئەو ڕاستییانە ببن بە چیرۆک.



لە ناو ئەو ڕەوشە نەژیت نازانی،
بیستنی هەواڵی جەرگبڕی ئازیزان،
لە غەریبی چەند گرانە.
دڵم نایەت لە تەلەفۆن،
هەواڵی دوا قۆناغی نەخۆشییەکەت بپرسم ،
یادەوەرییەکان هاودەمم دەبن لە ڕێگە، بەڵام
لێرە بەهار درەنگ دێ،
هێشتا بەفر نەتواوەتەوە،
قاز و قولینگ نەگەڕاونەتەوە ماڵی دووەمیان،
لە دەم گۆمەکان.
کاتی گەڕانەوەم دیار نییە.
هێندەی نەماوە لە پێستی خۆم بێمە دەرەوە
سوپاسی بەوەفایی جەستەم دەکەم،
کە بەو غەمە زۆرەوە هەڵمدەگرێت.

**بەهاری ٢٠٢٢**

# خەونی نێرگز بە شەرابی شکۆفەوە..

لەیلا ساڵحی
(بۆکان)

لە ڕۆشنایی ڕستەکاندا
خەو دەبینم بە ڕوخساری نێرگزەوە..
نە ئێوارانی پاییزم لە بیر ماوە
نە زەردەپەڕ
نە ئەو نیشتمانەی کە نییە.

تاکێک.. لە گوێن کازیوە
بەرەو تیشک ئاوا دەبێ و
پێکەوە هەتا کۆتایی سپێدارێک هاوڕێ دەبووین
من دەبوو تێپەڕم لە چرا و
لە جەستەی گۆرانییەکدا
ببم بە مانگ..
تۆش لە سوێی باخ
دەبوو سوێسنێک بخوێنی و ڕووبارێکیش.
پێکەوە تا کۆتایی سپێدارێک هاوڕێ دەبووین.

وەکوو شەپۆلێکی شەراب چۆن ڕادەسێ بەرەو پاییز
دێی بەرەو من؛ بەرەو هەرێمی هەورەکان.
بە دەستت دوو باسکم دەگری و
دەدوێی لە مانگ..
دەستی ڕەز و
دووباسکی ڕەزبەرێکی زەرد.. ئۆکتۆبری هەنار و
هەور..

باسی گەنمەجاڕێک دەکەی ڕوونتر لە خۆر
چاوانت دلێر و دەریا
چاوانم فووارەیەک فوڕات لە پێناوی بەژنی بەهار..

باسی چەمکی حەیزەرانە کە دەتڕووانم
لە هەناوما



پێشەکییەک دەنووسمەوە بۆ باخ و
دوو میسرەع باڵ
دەگێڕمەوە بۆ درەختێکی پەری پۆش..
پێکەوە هەتا کۆتایی سپێدارێک
هاوڕێ دەبووین..

چرایەک باریوەتە ئێوارەی جەستەمەوە
هەورێکی نوێ
لە دەنگمدا پەڵەی داوە و
قەسیدەی بەلەمێکی سوور بە برینمدا تێدەپەڕێ..
جۆبارێک دەمشارێتەوە و
هێڵێک باران
دەمباتە ئاقاری شەونم..
پەیکێ شەرابی شکۆفە هەڵدەدەم و چۆرێک
دەپرژێنمە سبەی
هەوراوهەور
دەگەمە نیشتمانی تۆ..
ڕۆژهەڵاتیترین سووارۆ
ڕۆژهەڵاتیترین ئاسۆ..

ترپەی دڵم
دەسپێکی گوڵەباخە
ئەوەشیان تۆی.. تۆ.. ساتێکی پڕ
چرا .. چرۆ..

ئەمر کە باخ!
دادێنم سپێدارانێک وەک کانیاو
ئەمر کە خۆر!
هەردووک دەستم دەپشکوێ بەناو هەتاو
ئەمر کە شەو!
داگیر دەکەم من هەرێمی هەسارەکان
ئەمر کە یاس.. ئەمر کە سوێسنترین ڕاز...

چرایەک دەکەم لە مێخەک
(نێرگزوانە ئەو جەستە قەت نەحەجماوە)..

بە شوێنتەوەم..
بە هێڵی بەهارەکاندا
تا هەر کوێیەک کە نێودێر بێ بە گوڵەباخ
بە شوێنتەوەم..

من دەمهەوێ لە ئەرغەوانێکدا بمرم
لە تۆ بچێ
یان لە بەیانەو بارانێک
وەکوو نیشتمانی ناوت:
پاییزەمانگ..

چ خەونێک بوو وەرزی نێرگز..

هەورێک تاریکی دەپێکێ
بیر لە نیشتمانێک دەکەمەوە کە نەماوە و
لە زەردەپەڕ
بیر لە حەوزێکی گەورەی دووره ماسی و
پەنجەرەیەکی بێ هەتاو..

بەدی ناکەم
چ سووارۆیەکی وەک بەڕوو
بەدیت ناکەم..
پاسارییەکی نیوە مەست
ئاوا دەبێ لە ناخمدا...

ون بووە باڵات
لە هەرێمی دارستاندا
لێم گۆڕاوی لەگەڵ بەڕوو
لە گەڵ سپێدارێکی دوور..

دارستانەکانی پاییز دەکرا ناوێکی تریان با،
ناوێک وەک شکۆی خەمی تۆ ..
ئەو دەمانەی
بە بێ باران و باڵندە
بە شوێنتەوەم...

# گەشتێک لەگەڵ با
# بۆ باخی گشتیی دڵم

بورهان بەرزنجی
(کەرکووک)

(١)

**دەمێکە بەناوی خۆمەوە**
**بانگت نەکردووم**

**دەمێکە بەناوی خۆمەوە**
**بانگت نەکردووم،**
**درەختەکانی ڕۆحم لە بەراوی ئەوینت بێ ئاون،**
**غەریبیت دەکەم ئەی گۆرانیبێژەکەی ناخ،**
**چۆن ئەمچڕی بمچڕە،**
**لەوانەیە پێم بڵێی تۆ شاعیرێکی شێتی،**
**داری ڕۆحت لەڕەگەوە دەردەهێنم،**
**لەوانەشە..**
**ئاوی ژیانم وشک بکەیت و**
**لە تینوێتی عیشقا بمکوژی،**
**لەوانەیە حەز بکەی..**
**بەدەستی خۆت کفنی شیعرەکانم بکەیت و**
**ببێتە سەردانی مەزاری ئەو سۆزەم،**
**دەستی ڕۆحم بگری و بمبەی بۆ بازاڕی دڵت،**
**ژوورێکم بۆ بگریت بەکرێ،**
**لە باخەڵتا وەک جزدانەکەی باخەڵت بمخەوێنی،**
**لەوانەشە..**
**دڵت ڕێت پێ نەدا..**
**قەدم بکەیت و ئوتووی بەختمان بشکێنی،**
**دەزانم دڵت نایە بمشاریتەوە،**
**دەوڵەتێک ئاشکرام دەکەیت.. دەزانم،**
**دڵت دەبێتە سەرکردە و**
**منیش.. هاووڵاتییەکی هەڵکێشراو لە ناوی تۆ**
**ئەمناسێنی..!!**



(٢)

**چۆنی گەورەم**

چۆنی گەورەم
نازانم ئێستا
خۆر لە تەماشاکردنت گەیشتووەتە کوێ،
تا پێت بڵێم ..
بەیانیت باش
یان نیوەڕۆت باش، یان ئێوارەت،
دەزانی تۆ باش بیت..
سەراپا جەستەی ئەم سۆزەم پێدەکەنێ و
سەراپا گۆرانیم شاد ئەبێ!
گەورەم.. ئەم جەژنە
چیم بۆ لەبەر ئەکەیت کام شیعرم؟
وەکوو جەژنەکانی جاران ماچەکانتم بۆ ئەکەیت
بە کولیچەو بەشم بنێریت؟!
کام پێکەنینت ئەکەی بە تۆقەی قژت؟
چاوەکانم پڕ بکەیت لە کلی جوانیت.
گەورەم..
لە مەجلیسی ئەویندارانـدا پـڕچ درێژترین عیشق منم،
دەفی دڵگەرمیی جوانترین مەولوودنامە منم،
زایەڵەی گریانی زیارەتکارانی دەستی مەعشووقان منم،
گەورەم ئەی گەورەترین سۆز ..
تۆ باش بیت
وەک ئـاوی زەمـزەم هەمیشـە لێـوی شیعرسـتانم تـەڕ ئەمێنـێ،
شیعر بە دەمی کانیمدا ئەچۆڕێ و
خۆر لـە مەملەکەتـی خۆشەویسـتیم چاوەکانـی تـا ئەبـەد ناچێتـە خـەو!

(٣)

**دەبێ جەژنانەت چی بێ بۆ من!**

ئەم جەژنە
دەبێ جەژنانەت چی بێ بۆ من!
تـۆ بڵێی ڕۆحت بکەیتـە قوماشێک بەدڵـی خـۆت بـۆم بدووریت
تۆ بڵێی هەناسەکانت کۆ کەیتەوە و
بیانخەیتە گیرفانمەوە و
دەوڵەمەندترین بەختەوەر من بم
تۆ بڵێی
ماچێکـت بکەیتـە گـوڵ و بـە یەخـەی ژیانمـی هەڵواسـیت
تۆ بڵێی پڕ چنگێ گوڵە بەرۆژەی پێکەنینەکانت
بکەیتە ناو هەردوو دەستمەوە
تۆ بڵێی لە خۆر بەرزبوونەوەدا
بۆ ئاسمانی خەیاڵەکانم بەرزم بکەیتەوە
ئەم جەژنە
وەکوو جەژنی ڕابوردوو
بێ خۆتم مەکە
نـەوەک جـەژن بتـۆرێ و بـە جەژنانـەی تـۆ شـاد نەبمـەوە!!

# (...)

**شكۆیێ حەسەن**

**ناسح حوسێن سلێمان ژ تیپێن کریلیکی بۆ تیپێن ک. ناڤین ڤەگوهاستیە و فەرهەنگۆک ژێرا چێ کریە**



تو وەرە، هۆگرێ قەلەمێ،
ڤێ رۆژا بەختەوار، ڤێ دەمێ،
سازا خوە  بکوتن سازێ هەڤ،
تەڤی هەڤ ئەم بسترێن رۆژ و شەڤ،
ئو چاوا بلبلێ لاپ بەنگی
ب زارێ کوردایی پڕ زەنگین
نهوونن کلامێد حەواسی
ژ روحێ دەورێیی کوور، عەینسی
کیژانی پێ دژی ئەڤ وەتەن
بەختەوار و ئازا، و ب کەن،
ئو کیژان بۆنا دل بیە بەیراق.
عەرد، عەرشا بلند بیە تاق ب تاق.
شەوق دایە دەورانێ لاپە دوور،
 گوڕ کریە ئەڤینا مەیە کوور...
ئەم بسترێن ب حەیری، ب حەواس،
روحاڕا، دلاڕا ببن ناس...

**لێنینگراد**
**١٩٦٤**

**فەرهەنگۆک:**
**ئەم بسترێن: گورانی بلێین.**
**تەڤی هەڤ: تێکڕا، پێکەوە:**
**عەینیسی: هەمان؛ هەمان شت.**
**لاپ: زۆر.**
**بەنگی: ئاشق.**

دەوریێ، دەورە: گەردوون.
نهوونن: دەهۆننەوە:
ب کەن: بە پێکەنین.
لاپە دوور: زۆر دوور:
کوور: قووڵ.

شکۆییێ حەسەن ژ گوندێ چامووشڤانا بچووکدا ل ناحیا ئاغبارانێ (ئەرمەنیستانا سۆڤێتییێ) سالا (١٩٢٨)ا ژ دییا خوە بوویە.

شکۆی پێنج سالی بوو، وەختا باڤێ وی، ئەحمەدێ حەسەنێ مدۆ، کو شەڕێ حەمدنیاییێی پێشندا ژ گوندێ خوەیی شاترۆغلی ل قەزا قەرسێ (نها تورکیا)، جیشهتی بووبوو، ئێش و زەدە لێ کەتن، بیست پێنج سالییا خوەدا چوو ڕەمەتێ. ئاپێ شکۆ سۆفی، خوەییتییێ ل شکۆ دکە، مەزن دکە و ددە سەر خوەندنێ. شکۆ حەسەن بەرێ عەولن گوندێ خوەدا خوەندیە، حەتانی دەرسخانا چارا، پاشێ مەکتەبا گوندێ ئەلەگەزێیە ئۆرتەدا خوەندنا خوە هلدایە. سالا ١٩٨٤ پەی خلاسکرنا ڤێ مەکتەبێڕا ئونیڤێرسیتێتا ئێریڤانێیە دەولەتێدا، پارا ڕۆهلاتێدا تێ قەبوولکرنێ. کتێبا شاعیرێ پێشن ب سەرنڤیسارا (قالچیچەک) سالا ١٩٦١، یا دودا ب سەرنڤیسارا (تەمبووریێ کوردا) سالا ١٩٦٥ ڕۆنایی دیتنە. سالا ١٩٧٠یاندا بەرەڤۆکا سسیان ب ناڤێ (مەرەمێ دلێ کورد) تێ نەشرکرنێ.

- سالا ١٩٧٦ چوویە بەر دلۆڤانییا خوەدێ.

سەرچاوە:

مەرەمێ دلێ کورد، شکۆیی حەسەن، نەشریاتا هایاستان، ئێریڤان، ١٩٧٠.

# کاوە، یان ئەسکەندەر؟

مێهدی ئەخەوان سالێس
لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی
(یەزد)

پێلەکان (١) گیرسانەوە هێدی و کەدی، (٢)
دەنگی بۆڕی (٣) تەپڵی بۆران (٤) کەوتووە. (٥)
وشکەڵاتن کانی هەڵتۆقیوەکان، (٦)
هیچ هەرا نێ، ئاو لە ئاشان کەوتووە. (٧)

ئاوەدان گڵکۆی وڵاتی بێ تەپە، (٨)
لێی پەکووی (٩) کوندەبەبووش (١٠) نایاتە گوێ.
دەردەداران، بێ وەی و ئاخ و هەرا
تووڕەکان، هیچیان لە دەم هەڵناوەرێ.

ئاخی سنگان ڕێ بەدەر ناکاتەدەر
سەر لەژێر باڵن مەلانی بێ پەنا
هەرچی هاوار و هەرا و بانگ بوو لەناو
گشت لە بێدەنگیی هەتایی (١١) ناشترا.

هیچ هەرا نێ، ئاو لە ئاشان کەوتووە،
دارەکان کۆکراونەوە، خوێنیش ونە.
جێگە (١٢) بنجی (١٣) ژان و قین و تووڕەیی،
ئێستێ شین بووە بنچکی (١٤) گیابۆگەنە.

مستەکۆڵەی شەڕ لەگەڵ ئاسمان فروش (١٥)
بێ گرێ ماوە ئەمێستا ناوزڕاو. (١٦)
زلەگرتووی خۆیەتی (١٧) دیار و نەدیار
بووەتە کاسەی سواڵکەری، چی نێ لەناو.

ماڵ کرا تاڵان و کەوڵی نان دڕا،
پاشەڕۆکیش هیچ نەبوو تێیدا بەسات.



زاڵەشەوگارێکی سامدار بوو کە هات؛
خۆر لە ئەو دیو گردەوەش (١٨) هەر هەڵنەهات.

ماینەوە ئێمە و وڵاتی بێ تەپە
هاوسەفەر گورگ و ڕتۆپی (١٩) و کەمتیار.
هێندێ جار ئێژم کە دەنگێ هەڵبڕم،
داخ دەبینم نزمە دەنگم بۆ هەوار. (٢٠)

ئاو لە ئاشان کەوتووە ئێستا؛ بەڵام
ئێمە ماین و خوانەکەی فیسار فلان.
هەر لە سای سەر دۆستان و ناحەزان
بووینە بەنگی و مەی زەدەی کۆڵانەکان.

ئاو لە ئاشان کەوتووە ئێستا؛ بەڵام
ئێمە ماین و دادەکەی خواوەندی بان
وەک تۆ، هەر شەو پێم دەڵێ خێزانەکەم:
«هاتی دیسان دست بهتاڵ و سەرگران؟» (٢١)

ئەو کەسەی زێڕ و شەرەف سامانی بوو
مەی بەسەردا کرد (٢٢) و هیچ گوێی پێ نەدا.
چەتری پۆڵایین بەدەستی نادیار
ڕوو لە لێوارانی تر (٢٣) هەنگاوی نا.

من سەرم سووڕما لە تۆزی بێ سوار
تووڕە، ئێمەی بێ شەرەف چون ماین لە جێ.
ئاو لە ئاشان کەوتووە ئێستا؛ بەڵام
بەردەوام هەر پێل و بۆرانمان لە ڕێ.

هەرکەسێ هات باری بەست و ڕێ کەوت
ئێمە هەر بارکەوتە (٢٤) بووین و بەش خوراو
لەو چ دەست هات، بێجگە هەڵبەستە و درۆ؟
لەم چ دەست هات، بێجگە فرتوفێڵ و داو؟

هەر دەڵێن: ئەمرۆکە نا، ڕۆژێکی تر
دێ کەسێ تر، دان لەسەر دڵ دابنێ.
کاوەیەک نازێتەوە تازە، ئومێد!
خۆزگە هەڵکەوتایەوە ئەسکەندەرێ. (٢٥)

پەراوێزەکان:

١- پێل: شەپۆل.
٢- کەدی: کەوی، ڕام.
٣- بۆڕ: قـەوی. دەنگـی بـۆڕ: دەنگـی قـەوی و ناخـۆش.
٤- بۆران، تۆفان.
٥- دەنگکەوتن: دەنگگیران، دەنگنووسان.
٦ - کانـی هەڵتۆقـاو: کانییـەک کـە بەشـێوەی سروشـتی لـە دڵـی زەوییـەوە بێتـەدەر.
٧- «آب از آسـیاب افتـادن»: لـە کوردیشـدا ئـەم مەسـەلەمان هەیـە؛ لـە دوای شـتێک کـە زۆر بـە هـەرا و گرمـە بـێ و لەپـڕدا بێدەنـگ بـێ دەڵێـن: «دەڵێـی ئاشـە ئـاوی لـێ بـڕاوە».
٨- تەپە: جووڵە، تین (تپش).
٩- پەکوو: ئاخ، تۆف، مەخابن (ئەفسووس).
١٠- کوندەبەبـوو: کوندەبـوو، پەپـوو، پەپووکـەرە، پەپوویـک، پەپـۆک. بایەقـوش.
١١- هەتایی: هەتاهەتایی، هەمیشەیی.
١٢- جێگە: بەجێگەی، لەجێگەی.
١٣- بنج: ڕیشە.
١٤- بنچک: پنجک، پنچک، دەوەن، قەیار (بوتە).
١٥- مستەکۆڵەی شـەڕ لەگـەڵ ئاسـمان فـروش: واتـە ئـەو مسـتەگرێدراوەی کـە تەمایەتـی تەنانـەت بەگـژ ئاسمانیشـدا بچـێ.
١٦- ناوزڕاو: ڕسوا، خەنزار، ڕووسیا.

١٧- زلەگرتــووی خۆیەتــی: واتــە خــۆی وەبــەر زلــە داوە، بــە زلــە بەربووەتــە خــۆی.

١٨- گرد: گردۆڵکە، تەپۆڵکە، تەپک.

١٩- ڕتۆپی: ڕێوی.

٢٠- هەوار: هاوار.

٢١- سەرگران: مەست.

٢٢- مــەی بەســەردا کــرد: واتــە هیــچ بــۆی گرینــگ نەبــوو.

٢٣- لێوار: ڕەخ، کەناراو، بەستێن.

٢٤- بارکەوتــە: بارکەوتــوو، چارەڕەش، کۆســتکەوتوو، بەدبەخت.

٢٥- شــیعری «کاوە، یــان ئەســکەندەر؟» ســەرجەم لــە بیســت برگــە (بەنــد) پێکهاتــووە، کــە لێــرەدا تەنیا ســێزدە برگــەی وەرگێڕراوەتــە ســەر کــوردی. جێــی ئاماژەیــە کــە لــە هێنــدێ چاپــدا ســەرناوی شــیعرەکە «نــادر، یــان ئەســکەندەر؟» هاتــووە.

سەرچاوە:

اخــوان ثالــث، مهــدی (١٣٩٥)، شــعر مهــدی اخــوان ثالــث (م. امیــد)، چ١، چ اول، تهــران: نشــر زمســتان.



# گیراوەکان هیچیان نەوت

**سەلاح شاکەلی**
**(سلێمانی)**

زۆر نییە سروە هاتووەتە شارێکی گەورە و قەرەباڵغی پڕ لە خەڵک و ژاوەژاو، هێشتا لەگەڵ مامۆستا و قوتابییەکاندا ڕانەهاتووە، جۆرێک لە نامۆیی تێدا دەبینرێت، ئەو لە شەشی سەرەتاییدا تەنیا کچێک بوو لە پۆلەکەیدا، بەڵام ژمارەی هەموو قوتابیانی قوتابخانەکەی ئەوەندەی ژمارەی پۆلەکەی ئێستای نەدەبوون، هەمووشیان ناسیاو و دراوسێ و خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر بوون، بەڵام ئەوان هێندەیماڵی شەوکەت نزیک نەبوون بۆ سروە، لەگەڵ ئەماندا پێوەندییەکی کۆنیان هەیە، باپیرانیان لە دێیەکدا ژیابوون کە دانیشتوانەکەی ڕێز و خۆشەویستی پێکەوەی بەستبوون، هەموو کەسێ لەوێ دەیزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ گەورە و بچووکدا دەکات، وەک نەریتێک لەگەڵ قسەی خۆشی گەورەکاندا بۆیان مابووەوە، بەڵام بۆ سروە ئاسان نەبوو بەزوویی لەگەڵ منداڵەکانی شەوکەتدا بگونجێت، چونکە لە ساوای ناو بێشکەوە تاکوو یانزە ساڵییان تێدایە و بەشوێن یەکدا هاتوون.

سۆیبە زوو زوو ئاوی گەرم و سارد تێکەڵ دەکات و لە تەشتە پلێتەکەدا بەدەم قسەکردنەوە جلیش دەشۆرێت، بەڵام پرسیارەکانی سروە زۆرترن و سۆیبەیش پەلەی نییە و دەڵێ: ئەم منداڵانە تۆ دەیانبینی هەر یەکەیان لە شار و گەڕەکێکدا لەدایک بووە، بەهۆی کاری پۆلیسیی شەوکەتەوە زۆربەی شارەکانی ئەم وڵاتە گەڕاوین، لە هەمووشیاندا کرێچی بووینە، بەڵام موحتاجی کەس نەبووین، مووچەکەی شەوکەت سەروبەر بەشی کردووین... زۆرترین ماوەمان لەم خانووەدا

بەسەر بردووە، لە هیچ شوێنێ ئەوەندە نەماوینەتەوە، نازانم کەی دەبینە خاوەن خانووی خۆمان، ئەوەندە دراوسێیەتی خەڵکی جیاوازمان کردووە، منداڵەکانمان عەرەبی و تۆزێکیش تورکمانی دەزانن، بەڵام لە خوێندندا زیرەک نین، چونکە باوکیان خوێندەوار نییە تاکوو چاودێرییان بکات، شکور بۆ خوا وریا و بێ عەیبن... (سروشتی مرۆڤ وایە هەمیشە دەیەوێ وێنەیەکی جوانی خۆی و کەسەکانی پیشانی بەرانبەر بدات، بەتایبەت ئەگەر زانی بەرانبەرەکەی گوێگری چاکە و وەڵامی پرسیارەکانی دەوێت.. لەهەمان کاتدا بێباکی و خۆڕاگری لە ئاست ڕۆژگار و کوێرەوەریدا پیشان دەدات کە چۆن لە ڕۆژگەلێکی سەختدا خۆیان و منداڵەکانیان بەوپەڕی ورە و نەفس بەرزییەوە گوزەریان کردووە).

سروە مابووی وەڵامی هەموو پرسیارەکان وەرگرێتەوە، بەڵام دەبوو بچێتە پەنایەک ژیاننامە و شیعری شاعیرێکی عەرەب ئەزبەر بکات، لەم حەوشە بچکۆلەدا بواری سەعیکردن نییە، لە ژووریشەوە لەبەر بێنەوبەردە و قاڵەقاڵی منداڵەکان، ڕەوشێکی وا دەخولقێ نەک قوتابی پۆلی یەکی ناوەندی، توورفرۆشێکیش پێی ناکرێت حسێبی خۆی بزانێت، لەبەر ئەوانە دەبوو بچێتە سەربان بخوێنێ، لەوێشدا شەخەڵێکی زۆر کۆکراوەتەوە ڕووبەرێکی کەم ماوەتەوە بۆ ئەوەی سروە لەوێدا بەدانیشتنەوە بخوێنێت، بەڵام ئێرەش بێدەنگ نییە، هاڕە و هۆڕنی سەیارە، هاواری عەتار و بەقاڵ، قیڕەی منداڵانی گەمەکردوو، تەقەی ئاسنگەرەکانی ئەودیویش مرۆڤ بێزار دەکەن، سروە لەوپەڕی بێ ئومێدیدا دنیای لێهاتبووە یەک! لەبەرخۆیەوە وتی: ئای لەم شەنسە لەم شارە گەورەیەدا ماڵە ناسیاوێ نەبوو جێ و ڕێی باشتریان هەبێت لەنێو ئەم هەموو گێژاوەدا چۆن خوێندنم پێ دەکرێت، خۆزگە هێشتا لە سەرەتاییدا بوومایە، لەماڵی خۆماندا حەوشێکی گەورە جێی بیست و پێنج ماڵی وای تێدا دەبێتەوە کاکم بەهەوەسی خۆی پاسکیلی تێدا لێدەخوڕی و ئێمەیشی لە پاشکۆیەوە سواردەکرد... لە بانگە بانگی سۆییەدا، سروە ڕاپەڕی و هاتە خوارەوە، چونکە سۆییە پێی خۆش نەبوو لەسەربان بخوێنێ، نەبا لەگەڵ کچانی دەوروبەردا ببێتە هاوڕێ و لە خوێندندا سست بێت، سۆییە خۆی لای کەسوکارەکەی بە لێپرسراو دەزانی، هەموو جارێکیش لەو ڕوانگەیەوە دەڵێ: ئێمە لە ئاست ئێوەدا خاوەن ماڵ نین، یەک ماڵ بووین، (میمکم) بیری تیژ بوو، دەیگێڕایەوە لەو سەردەمەدا بە دەست و دەرزی و تیرە دروومانی کردووە، لە گەرمیاندا مەکینەی خەیاتی نەبووە، جلی کوردی (کراس و سوخمە، ئاوەڵکراس و لەچک و کەوای لۆکە لەناوی) بۆ ژنە بەگزادە و شێخزادەکانی دوورییە، پوورم دەستڕەنگین بووە، لە زەنگیانەی ڕەش و شین و نقێم و مێخەک و سمڵ، ملوانکەی هۆنیوەتەوە، تاسکڵاوی بۆ ڕازاندوونەتەوە و لە پێستی ئاسک و قەیفە و زەڕلی کلدانی، بۆ دووریون، میلچۆکەکەی لە داری گوێز بووە... دەیوت: بەرگی دۆشەک و متیلی لێفە و بەرگە پشتیم بە نەخشەوە دووریوە بۆیان، ئەوانیش خۆشیان ویستووە و ڕێزیان گرتووە، بیرەوەرییەکانی پووری سۆییە جۆرێک هەستی نزیکبوونەوەی زیاتری لای سروە دروست کرد و پاڵی پێوەنا بۆ ئەوەی زیاتر بکرێتەوە و بزانێت لەو ماڵەدا جۆرێک ئەرکی

دەکەوێتە سەر شان و پێویستە ناو بە ناو یارمەتییەکی سۆییە بدات، لە ژێرکردنەوەی ساواکەیدا، یان ئامادەکردنی مەمە و شیرەکەی، بەڵام پێی نەدەکرا لەکاتی سەعیکردندا ئەوانە بکات، ئەو بەتەنیا دەیخوێند، بێ هاوڕێ بوو، دوای دەوام هاوڕێکانی نەدەبینی تاکوو یارمەتی بدەن، هەرچەندە جیاوازی لە زماندا بۆ ئەم زۆر کێشە نەبوو، چونکە لە دێیەکەی خۆیاندا هاوڕێ نزیکەکانی تورکمان بوون، لێرەشدا مەیلی بەلای فێربوونی زیاتری تورکمانییەوەیە و سەرجەم قوتابییەکانی قوتابخانەکەی لەوان و عەرەبن، ئەوەی مایەی دڵگرانی بوو بۆی تا پێش بڕیاری قەدەغەکردنی خوێندنی کوردی، لەم قوتابخانەیەشدا قوتابی کورد هەبوون، سەرباری ئەوەیش مامەڵەی هەندێ مامۆستا و قوتابی گۆشکراوی بیری شۆڤێنی و حزبی قائید کە ڕقیان لە ناوەکەشی دەبووەوە.

خاڵی بەهێزی ئەوان لە دەریچەیەکی سیاسییەوە سەری دەردەکرد، لە ڕۆژانی هەڵکردنی ئاڵادا بەڕێوەبەر بە شانازییەوە هێرشەکانی سوپای بۆ شاخەکان بیردەهێنایەوە و خەڵکی ئێمەی بە ناشیرین پێناسە دەکرد، ئەوان ئەو قسانەیان لە شوێنێکدا دەکرد کە پەیامەکەیان بگاتە جێ و بەرانبەرەکەیان قەڵس بکەن، ئەو خەڵکە داماوەی ئێمەیش تروسکاییەک ئومێدیان نەمابوو، بەخەیاڵیش بێت ئایندەیەکی باشتری لەسەر هەڵچنن، ئەم زمان درێژییەیان لەدوای ڕێکەوتنی (الجزائر)ـەوە زیادی کرد، مخابن قوتابخانەکەیشی ناوی (الجزائر)ـە، سروە لەنێوان ئەو ڕەوشە تاڵ و ئاڵۆزەی ماڵی شەوکەت و قوتابخانەدا، دەروویەک نەبوو خەمەکانی لێوە هەڵوەرێنێ.. سۆییە بەردەوام بوو لە جل شۆردن و سروە لێی پرسی: ئەی میمکت چۆن ئەوەندە کات و تاقەتی هەبووە خەریکی ئەو وردەکارییانە بێت؟ سۆییە وتی: لەو سەردەمەدا جگە لە ژیانێکی ساکار شتێک نەبووە ڕێگر بێت، چونکە تەلەڤزیۆن و درامای شەو، ڕادیۆ و تەسجیل نەبووە... لە هەندێ لە ماڵە گەورەکاندا ئەوان هەبووە، دواتریش هەر لەو ماڵانەدا ڕادیۆ پەیدا بووە.

دوای چەند ڕۆژێک سروە نمرەکانی وەرزی یەکەمی وەرگرتەوە لە چەند وانەیەکدا کەوتبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا هەوای سەردانەوەی ماڵ و کەسوکار دابووی لە کەللەی.. کتێبی جوگرافیای گرتە دەستەوە بابەتی (الارض کرة عظیمة)ی دەخوێندەوە، بەڵام نەک لە تۆپی زەویدا، لە گەڕەکێکی ئەم شارەیشدا فریادڕەسێک، نییە گوێ لە گرفتەکانی بگرێت، لەو کاتەدا لە دەرگا درا، سروە ڕای کرد، سواڵکەرێک بوو ٥٠ فلسی خستە دەستی، دووبارە کەوتەوە شوێنی ٢٥ فلسی دیکەی دایێ، لە دڵی خۆیدا وتی، بەڵکوو لەوانە کەوتووەکان دەرچم، بەڵام لەوە خۆشتری بەدوادا هات، زۆری پێنەچوو کاکەی هاتە شوێنی، سروە لە وانە کەوتووەکان ئاگاداری کردەوە، کاکەی هیچی نەوت، لۆمەی نەکرد، دەیزانی لەچی کاتێکی ناسکدان، پێکەوە هاتنەوە بۆ ماڵی خۆیان، ئەوانەی لە ماڵدا بوون ئاسایی نەبوون، سروە لەناو چاویاندا زۆر نهێنی خوێندەوە، ناچاربوون ڕاستییەکان بدرکێنن: باوە و دایە و دادە لە باشوور گیراون، لە بەندیخانەدان دوای ماوەیەک دێنەوە، گریانی بە کوڵ و قوڵپی گریان مەودایان بۆ قسەکردن و پرسیار نەهێشتەوە، دوای ماندووبوون، ئەوجا سروە پرسی ئەی چۆن سێ کەس لەجیاتی کەسێک دەگیرێن؟ با یەک کەس لەجیاتی یەک

كەس بووایە؟

یەكێكیان وتی: بەكێ دەڵێی؟ بەس نییە ئیعدام نەكراون و ماون و سەردانیان دەكرێت.

سروە لە دڵەوە بەخۆی وت ڕاست دەكات، ئەمانە دەتوانن هەموو خراپەیەک بكەن چاكە نەبێت.. پشووەكەی زۆر نەبوو، لەگەڵ كاكەیدا هاتنەوە بۆ ماڵی شەوكەت و چووەوە قوتابخانە تاكوو تاقیكردنەوەی نیوەی ساڵ ڕۆژگارێكی تاڵی گوزەراند، كاكەیشی دیار نەبوو لەو ماوەیەدا سەردانی بكات، بەڕێوەبەری قوتابخانەكەی داوای تەسكەرەكەی كرد، ڕۆژی دووەم دایەوە و وتی: سروە تۆ لە تەسكەرەدا منداڵتر نووسراوی، دەبێ بۆت بگۆڕن و دوو ساڵ گەورەتر بكرێیتەوە، ئەمەش بارگرانییەكی تر بوو یەخەی گرت، ئەمە بە كێ و لەكوێ بكرێت؟ خۆ كەسە نزیكەكانی لە بەندیخانەدان، تەنانەت ئاگای لە گیرانی هەردوو كاكەیشی نەبوو، چونكە دوای ماوەیەک لە دوو كاتی جیاوازدا ئەوانیش لە بەندیخانەوە دوو نامەیان بۆ ناردبوو كاكەی لەژێر ئیمزاكەیدا نووسیبووی كەربەلا. بەجارێ باری دەروونی سروە ئاڵۆزتر بوو، بەڵام سۆییە لەگەڵ شیردانی منداڵەكەیدا لەسەر پەرەمێز و لە تاوەیەكی گەورەدا ناوساجی سوور دەكردەوە، لەسەرخۆ وتی: خەمت نەبێ هەر باوكت و ئەوان نین، هەرچەنێ شەوكەت وتی باسی مەكە، بەڵام دەڵێ: هەر لەم شارە و هەولێر و سلێمانی دەیان خێزان لە كەسوكاری (پ. م) گیراون و لە بەسرە و عیمارە بەندن، خوا بیانگرێ خۆ خوا لەسەر تاوانی هیچ كەسێ كەسێكی تر ئازار نادات، هەموو كەسێ خۆی لە تاوانی خۆی بەرپرسە نەک كەسوكاری، خەمت نەبێ زۆرداری لە ئەستووریدا پچڕاوە و هەروا بووە.

خوێندنەكەی سروە سووڕانەوە بوو لە خولگەیەكی بۆشدا، چونكە ئەو هەموو ڕووداوە سەختە بۆ تەمەنی ئەو ئاسایی نەبوون، ئاسۆی گەشیان تەڵخ كرد، لە تاقیكردنەوەی نیوەی ساڵ و وەرزی دووەمیشدا وەک پێویست نەبوو، سەردانەوەی بۆ ماڵەوە هەندێ دڵارامی پێ بەخشی، چونكە برا و خوشكی لەو بچووكتر بەرگەی خەمی دووریی باوک و دایكیان گرتبوو، دەبوو ئەمیش گوڕێک بداتە خۆی و لەوان بەهێزتر بێت، دەرەنجامی قوتابخانە و ڕووداوەكانیش بەهەند وەرنەگرێت (بەڵام من هەموو ئازیزانم لە بەندیخانەدا بن، خوێندن و ئایندە بەمن چی)، ئەمە وەڵامێكی كورت بوو بۆ خۆڕاگرتن، تەنانەت دوای كۆتایی ساڵی خوێندنیش كاتێ چوونە سەردانیان لەنێوان شیشەكانی دەرگای بەندیخانەكەوە، بێجگە لە فرمێسک هیچی دیكەی بۆ نەهات دەربیڕێ، چونكە هەموویان (گیراوەكان) دەیانزانی لەچی ڕەوشێكدایە و باسی هیچ و لۆمەشیان نەكرد.. كاكە وتی: گوێی مەدەرێ كاتت زۆر لەپێشە تۆ منداڵی، سروە قسەی بەڕێوەبەری قوتابخانەكەی بیركەوتەوە و هاتە قسە و وتی: بەڵام بەڕێوەرەكەمان دەڵێ: لە تەسكەرەكەتدا بە هەڵە بە منداڵ نووسراوی، لەڕووی یاساییەوە هەڵەیە دەبێ بگۆڕدرێت دوو ساڵ گەورەتر بكرێیتەوە. كاكە وتی: دوو ساڵیش گەورە بكرێیتەوە تۆ هەر منداڵی و هیچ ڕێگرییەک نییە بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندن بدەیت، كاتێک سروە دڵخۆش و ئاسایی بووەوە پۆلیسەكان بە زڕەی كلیل و تەقەی دەرگا دیدارەكەیان كۆتایی پێ هێنا و (كاتی دیداری تەواو) لەیەكیان دابڕین.



# مردن لە دەروونمدا دەژی
# تا نەمر ببمەوە

ژیار جەهانفەرد
لە کوردیی کەڵهوڕییەوە: هەژیر هاشمی
(ئەڵمانیا)

٧٢

پێش ئەوەی بمرم، هەردەم ترسی ئەوەم لە دڵدا بوو ئەم جارە لە جارانی تر چارەم ڕەشتر بێت، پێش ئەوەی بمرم، مردنەکانی پێشووم وەک ڕۆژی ڕوون لە پێش چاو بوون، نازانم بۆ ئەمەم گوت، ئەم جارە نە چاوێکم هەبوو بۆ بینین و نە لاقێکم هەبوو بۆ ڕۆشتن، لە کونجی ژوورەکەوە گرمۆڵە بووبووم و پەنام بردبووە سووچ و تاقێک کە نەها دە ساڵە لەبەردەم دەلاقەکەی لەدایک بووم.

زۆرێک لە بەدیهاتن و مردنەکانم لە بیرە، هەر چەن مردن نییە، هەرچەن هەر جار ئاواتم دەخواست لە دایک بم، بەڵام ئەم جارە ئیدی ماندوو بووم و پێم خۆشە بمرم، ئەگەرچی دەزانم مردن لە ڕێگام نییە، خۆزگەم بە مردن کە لە ناو دەچێت، خۆزگە مردن هەبوونێک با و لە ناو چووبا.

ئێستا چارەنووسی من بە گەردنی قەلەڕەشێکەوە گرێ دراوە کە نازانم لە کوێی دنیا ون بووە، زۆرێک لە بەدیهاتنەکانم وەک خەونێک لە بیرە، زۆربەی چارەنووسم لە نێو شاخی کەڵ و بزنە کێوییەکان بوو، جار بە جاریش لە ژێر پێستی گورگەکان، زۆربەی ژیانم بۆ پاراستنی چارەنووسم کە لای ئاژەڵەکان بوو، تەرخان کرد، ناو بە ناو لەگەڵ جەستەی دوایین کەس کە مردووە، قسە دەکەم و لێی دەپاڕێمەوە کە بۆ منت خستووەتە ئەم دوونی شەڕە.

١- ٤٦

(ئێستا بەم بۆنەوە لەم بەشەدا لەگەڵت قسە دەکەم، دەمەوێ لە زمانی خۆت لە نێو چیرۆکەکەم باس لە یەکەم بەدیهاتننت بکەی)

ئەگەرچی ئەمە یەکەم بەدیهاتنم بوو، بەڵام شمشێرم لە عەرشدا کاری دەکرد، زۆرینەی مرۆڤە دلێر و پێشڕەوەکان لەگەڵم بوون و هەرجارەی باس و خواسیان بۆ ژێر خستنی مرۆڤە گەمژە و دواکەوتووەکان، شان و شکۆ و باوەڕێک بوو کە لە وتارەکانی مندا هەبوو، ئەڵبەت ئەوەش پێ دەچێت لە باپیرانمان پێم گەیشتبێت کە بەم شەوکەتە گەیشتووم.

ڕەنگە ئەمە یەکەمین ئەزموونم لەسەر زەوی بووبێت، دنیا لە ژێر فەرمانم بوو، کاتێک وڵاتی خۆمانم بە جێهێشت و وڵاتی خاڵەکانم چەپاو کرد، چێژێکی خۆشی پێ بەخشیم، وڵاتانی دیکەمان بڕی، زۆرتر ددانەکانم تیژ بوونەوە، وڵاتخۆری وردە وردە بوو بە بەشێک لە ژیانی من و هاوڕێیانم شانبەشانی من چێژیان لێ دەبرد. زۆر لە ڕێبازەکەمان سەرکەوتوو بووین، بەرم پێوە نابوو کەس نەیدەوێرا پێشم لێ بگرێت، دنیا دنیای خۆم بوو، کاتێک سەرم کەوتە ناو تەشتێکی خوێن، بە گاوڵکێ بەسەریدا تێپەڕ بووم و سەگەکانی ئەو شارەم ڕاو نا.

(جارانی دیکەت بیر نییە کە ئاوەها بەدی هاتبێت و دنیا لە ژێر فەرمانت بووبێت ؟)

هەرچەن جارە سەرەتاییەکانم بو گێڕایتەوە، بەڵام لە دوای ٤٦ جاری تر دیسان سەر لە نوێ بەو هەڵسوکەوتەوە لە دنیایەکی دیکە لە دایک بووم، ئەم جارە نە تەنیا وڵاتی خۆمان، بەڵکوو زۆربەی دنیا لە ژێر فەرمانی شمشێرم بوون، کە مردیشم ئەوەندەی تر شمشێرەکەم تیژ بوویەوە.

شمشێر: ئەگەر ئێوە لە زمانی من بیگێڕنەوە کە منیش لە خواوەندی کایناتەوە بەشم دراوە، دڵنیا بن کفر و نەهامەتی لە دنیادا بنبڕ دەبێت بۆ ئەوەی کە خودای سەر زەویش لە خودای ئاسمانەوە ئەم بەهرەیەی پێ دراوە.

١٣

ئەم جارەیان بە ددانی خوێنی لە دایک بووم، بەیانیان بە خوێنی گەرم گۆشیان دەکردم، لەگەڵ بەدیهاتنم، دایکم نەیهێشت بلوورێنم، دەسبەجێ هەندێک خوێنی گەرم کە لە گۆشتی بزنێکی حەوتساڵان بوو، بەسەر زەمانمدا چۆڕاندی و ددانەکانم لە ئارۆکانم بەرزتر هەڵهاتن، چوار ددانی پێشووم درێژتر لەوانی دیکە بوون، هیچ گۆشت و خوێنێک تێری نەدەکردم، تا ڕۆژێک لەسەر پەچەی پیاوێکی هەژارەوە کە هەموو سامانی چەن بزنێک بوو، ڕێبوارێک چاوی پێکەوتبووم و لە پەسارەوە بەردێکی تێ هاویشتم، تەنیا لوورەیەکم کرد و هەڵپلۆسکام.

٥٤

کاتێک کەوتمە ناو گەلالێکەوە و لە لێواری کانیاوێک، پەلم کێشا وەک بڵێی شەو ئاویان دابم، ڕۆژێکم بە مانگێک و مانگێکم بە ساڵێک تێ دەپەڕی، زۆر لە بوونەوەرەکان پارێزیان لێ دەکردم، زۆر بوونەوەریش قاویشیان دەکردم و هەڵیان دەهێنامەوە، ڕۆژێک ماینێکی دووگیان کە ژانی گرتبوو، هات و گوتی: لە مێژە دەم پارێزدەکەم و هیچ جۆرە گیایەکم نەخواردووە، ئێستا نازانم بۆ ئەوەندە تامەزرۆم و دەمەوێ چی زووتر تا سەر ڕیشە بتکرمێنم.

تەزییەک بەگیانمدا هات، بەڵام بڕوا بکە خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو، ڕاستە دەڵێن: تانەکەویتە تەنگانە، قەدری ژیان نازانی! ئەم مەودای بێدەنگییە بۆ من چارەساز بوو کە جارێکی تر بیر لە خۆم بکەمەوە، نە لە هیچ

کەسێکی دیکە، تەنانەت جارێکی تر بە خۆمدا بچمەوە و بزانم کێم و بە شێوەیەکی دیکە بژیم، لەم کاتەدا بوو کە بە ماینم گوت: ئەم جارە زۆر دڵخۆشم ئاوەها ماینێکی ڕەسەن هاتووە و ئەودالی منە، ئەوەم گوت و دەسبەجێ لە گیانی ماییندا ئاوێتە بووم.

٥٥

دایکم ژانی بە منەوە گرتبوو و ئارامی لێ بڕابوو، لە لێوار ئاوێکی دوور لە ئینسانەکان لە دایک بووم، پاش حەوت ڕۆژ هەوسارییان لە سەری دایکم نا و قاچی پاشوویان بەستم، من سەرشێتتر لە دایکم بووم، لە پێشەوەی ڕەوک غارم دەدا و بەرەو هەر دەرێک لە تاودان بووم. هاوڕێی ژنێک و دوو پیاو بووم، ڕۆژێک لە ڕۆژان کاتێک ئەو ژنە لەسەر تاشێکی بەرز جڵەوکێشم بوو، لاقمان خزا و لە بن دۆڵێک جەستەی من و ژن بوو بە یەک، ئەم جارە ڕوحێکی ئارامم هەبوو، دڵی کەسم نەڕەنجاندبوو.

٥٧، ٦٠، ٦١...

– (پێشتر باسی یەکەمین بەدیهاتنت کرد، دەمەوێ باس لە بوون و نەبوونەکانی دیکەشتم بۆ بکەی؟)

– مان ! نەمان ! ؟؟؟؟ مردن! ژیان!؟ هەهههههە زۆر پێکەنیناوییە! هەوڵ دەدەم هەندێک شت باس بکەم، بەڵام ڕاستیت بوێت، پێم خۆشە زیاتر باس لە مردنم بکەم تا بەدیهاتنم، چونکە زیاتر ئەوانەن لە یادەوەریم جێگیر کراون و باشتر دەتوانم لەسەریان بدوێم، بەڵام چیت لێ بشارمەوە، زمانی گێڕانەوەیانم نییە، حەز دەکەم لەگەڵ خۆم بیاننێژم، ئەگەرچی لەپاش هەموو نێژتنێک دیسانەوە دەژێمەوە، هەر بەم بۆنەوە دەمەوێ کورت و پوخت بڵێم: ئاگریان تێ بەردام، لە قووڕیان نام، دوای چل ڕۆژ گۆڕ بە گۆڕیان کردم، ئێسکیان بردم لە شوێنی دیکە ناشتیان. لەسەر قنگ و دەست بە چۆک لە چاڵیان نام، لەسەر لاوە پاڵیان خستمە ناو ماڵێکی تەسک، دەیانهاوێشتمە ناو لەشی کەسێکی تر، زۆر جار خورام و بوومە ژەمێکی کەسانی تر، بۆ ئەوەی کە نەمێنم، هەرجار ژیامەوە و هەر جاریش داترووسکام، بەڵام چی بکەم چارەم نییە!

٦٥

لە مردن باش لە بیرمە ئەو ئێوارانە کە لەسەر جێگەکەم بووم، دایکم بە باوکمی گوت:

– بەندی جەرگم بڕاوە، بەرگەی دووری ناگرم.

خوشکم: بەڵام چی بکەین، خواگیان ئاوەها ڕازی بووە، ئینشائەڵڵا بە بەهەشتی بەرین شاد بێتەوە، هەر بەم بۆنەوە دەبێ حەڵوایەکی زۆری بۆ بکەین بە خێر، فاتیحەیەکی زۆری بۆ بنێرین.

باوکم : من بەڵێنم داوە چل ملیۆن بدەم بە کەسێکی ئیماندار و داوێن پاک کە نوێژە قەزاکانی بۆ بگێڕێتەوە.

ئەمانە وتەی کەسێکی نوێژقایمە کە ئەم ئێوارەیە لە بن گوێم باسی دەکرد.

– وایە باوکە ڕاستە، بێگومان ئاوەها ڕوحی دەچێتە بەهەشتی بەرین.

– بەڵێ ئازیزم، ئەگەر براکەشت لە ژیاندا هەندێ جار خەڵەتابێ، خواگیان لێی خۆش دەبێ.

– باوکە من زۆر کتێبم خوێندووە، هیچ وەکوو نوێژی دوای مردوو کاریگەر نییە، جیا لەوەی کە چەندیش پاداشتی خێری هەیە. یەکسەر بە بێ پردی سیرات و لێپرسینەوە دەچێتە بەهەشت، چونکە هەر ئەم نوێژ و دوعا و فاتیحەی دوای مردنە دەڕوانێتە نزا و نزوولەکانی و هەموو گوناحەکانی دەسڕێتەوە.

– کەواتە ئێستا کە دڵنیات کردم، دەبێ گەورەترین پرسەی دنیای بۆ ڕێک خەین و هەموو ئەو خەڵکە فاتیحەی بۆ بنێرن!

٧٢

لەم ساتەدا کە ئەم باسەتان بۆ دەکەم، لەسەر جێگایەک گرمۆڵەم و ڕۆژێ سێ جار بۆ خاوێن کردنەوە، هەڵگێڕ و وەرگێڕم دەکەن.

ئێواران کە ماڵی باوکم پڕ لە میوان دەبێت، دەمبەن و دەمخەنە ژوورێکی پشتەوە، تەنانەت ناهێڵن کەس لە دەرەوەی ئەو ماڵە بمبینێت، ڕاستە کە من چاوم نییە بۆ بینینیان، بەڵام گوێم هەیە بۆ بیستنی قسەکانیان، لە دوای ئەوەی کە ماڵمان چۆڵ دەبێت، باوکم بە خوشکە گەورەکەم دەڵێت: ڕۆڵە دەستوبرد بکە پیرەزا بهێنە ئەم دیو با سەرما نەییات.

جاربەجار لە ماڵمان دەبێتە ژاوەژاو، هەرکەس قسەی خۆی دەکات، لە بیرمە ڕۆژێک خوشکە گەورەکەم لە ژوور سەرم دانیشتبوو بە کاوەخۆ گوتی: دایە گیان، ساڵانی ساڵە دڵم پڕە، شەو نییە بە ئاسوودەیی سەر بنێمەوە، ئەگەر من پێداگریم لەسەرت نەدەکرد و هانم نەدەدایت کە لەم ئاخیری تەمەنەوە لە باری ببەیت، ئەم چارەڕەشەمان...!

دایکم ڕاچەڵەکا و گوتی: ڕۆڵە ئەمە قسمەت و نسیبە، هەر دوێنێ لە پرسەی خاڵۆ سایە، مەلەک سوڵتانم پێ گەیشت، خۆشت دەزانی زانای گوندەکەمانە، دڵنیای کردم پیرەزا هەر وایە، ئەگەر پیرەزا نەبایە دڵنیا بە...

هەردوویان بەسەریەکدا دەستیان بە گریان کرد و شین و شەپۆڕیان بۆ دەگێڕام، باوکم لە ژوورەکەی ترەوە هاتە دەنگ و گوتی: پێ دەچێت ئەمە تاوانی باپیرانمان بێت، ئێمە لە دینی خۆمان هەڵگەڕاوین کە ئاوامان بەسەردا دێت، ئەوە دە ساڵە دەڵێم با بگەڕێینەوە بۆ سەر هێڵی خۆمان، ئێوە خۆ قسەتان بە گوێدا ناچێت! ئەوە دە بۆ پازدە ساڵە وەک سەگ دەحەپێنم، بەڵام کەس گوێم بۆ ڕا ناگرێت.

لە دڵمەوە پێیان پێدەکەنیم و جاربەجاریش ڕقم هەڵدەستا، بەڵام ئەمە هەموو ڕاستییەکە نییە، هیچ کەس ڕاستی نازانێت، پێ دەچێت هەر بەو جۆرەی باپیری باوکم لە شەست و نۆیەمین بەدیهاتنم گوتی: «مرۆڤەکان دەسکەوتی ژیان و مردنەکانی پێشوویانن»، بەڵام هیچ جارێک لەم ٧٢ جارەدا بۆم ڕوون نەبووەوە کە من دەسکەوتی ژیانی پێشووم، یان نیم، بەڵام باش دەزانم جاربەجار دەبمە گیانەوەرێک و گیانەوەرێکی تر دەمخوات و جاربەجاریش گیانەوەرێکم کە زیندەوەرەکانی دیکە هەڵدەدڕم؟

(سفر)

لەبەر ئەوە سفر هەڵدەبژێرم کە تەنیا سفرە دەتوانێ ژیان و نەمانم باس بکات، هەر بەم هۆیەشەوە نازانم ئەو بیرەوەرییانە کە دێنە خەیاڵم و مردن و ژیانە یەک لە دوای یەکەکان کە دێنە بەرچاوم، ڕاستە، یان خەیاڵ، لە خەودام، یان بێدارم، بەڵام ٧٢ کەس گەمارۆیان داوم و ئازارم دەدەن، هەڵبەت خۆیشم یەکێک هەر لەوانەم، هەر ئەم ٧٢ کەسە ١٠٠٠٠٠٠٠ بەرابەر دەبوونەوە و چنگیان لە قورگم گیر کرد، هەر لەم ساتەدا کە لە دایک دەبم و دەمرم، لە پەسا دەژیم و دەمرم، لە پەسا ئاگرم پێوەدەنێن و دەمخەنە بەرحەیوانەکان، دەمنێژن و هێشتا هەناسە دەدەم...

مونشن– ٢٠١٨



# مردن لە دەروونمدا دەژی تا نەمر ببمەوە

ژیار جەهانفەرد
لە کوردیی کەڵهوڕییەوە: هەژیر هاشمی
(ئەڵمانیا)

٧٢

پێش ئەوەی بمرم، هەردەم ترسی ئەوەم لە دڵدا بوو ئەم جارە لە جارانی تر چارەم ڕەشتر بێت، پێش ئەوەی بمرم، مردنەکانی پێشووم وەک ڕۆژی ڕوون لە پێش چاو بوون، نازانم بۆ ئەمەم گوت، ئەم جارە نە چاوێکم هەبوو بۆ بینین و نە لاقێکم هەبوو بۆ ڕۆشتن، لە کونجی ژوورەکەوە گرمۆڵە بووبووم و پەنام بردبووە سووچ و تاقێک کە نەها دە ساڵە لەبەردەم دەلاقەکەی لەدایک بووم.

زۆرێک لە بەدیهاتن و مردنەکانم لە بیرە، هەر چەن مردن نییە، هەرچەن هەر جار ئاواتم دەخواست لە دایک بم، بەڵام ئەم جارە ئیدی ماندوو بووم و پێم خۆشە بمرم، ئەگەرچی دەزانم مردن لە ڕێگام نییە، خۆزگەم بە مردن کە لە ناو دەچێت، خۆزگە مردن هەبوونێک با و لە ناو چووبا.

ئێستا چارەنووسی من بە گەردنی قەلەڕەشێکەوە گرێ دراوە کە نازانم لە کوێی دنیا ون بووە، زۆرێک لە بەدیهاتنەکانم وەک خەونێک لە بیرە، زۆربەی چارەنووسم لە نێو شاخی کەڵ و بزنە کێوییەکان بوو، جار بە جاریش لە ژێر پێستی گورگەکان، زۆربەی ژیانم بۆ پاراستنی چارەنووسم کە لای ئاژەڵەکان بوو، تەرخان کرد، ناو بە ناو لەگەڵ جەستەی دوایین کەس کە مردووە، قسە دەکەم و لێی دەپاڕێمەوە کە بۆ منت خستووەتە ئەم دوونی شەڕە.

١- ٤٦

(ئێستا بەم بۆنەوە لەم بەشەدا لەگەڵت قسە دەکەم، دەمەوێ لە زمانی خۆت لە نێو چیرۆکەکەم باس لە یەکەم بەدیهاتنت بکەی)

ئەگەرچی ئەمە یەکەم بەدیهاتنم بوو، بەڵام شمشێرم لە عەرشدا کاری دەکرد، زۆرینەی مرۆڤە دلێر و پێشرەوەکان لەگەڵم بوون و هەرجارەی باس و خواسیان بۆ ژێر خستنی مرۆڤە گەمژە و دواکەوتووەکان، شان و شکۆ و باوەڕێک بوو کە لە وتارەکانی مندا هەبوو، ئەڵبەت ئەوەش پێ دەچێت لە باپیرانمان پێم گەیشتبێت کە بەم شەوکەتە گەیشتووم.

ڕەنگە ئەمە یەکەمین ئەزموونم لەسەر زەوی بووبێت، دنیا لە ژێر فەرمانم بوو، کاتێک وڵاتی خۆمانم بە جێهێشت و وڵاتی خاڵەکانم چەپاو کرد، چێژێکی خۆشی پێ بەخشیم، وڵاتانی دیکەمان بڕی، زۆرتر ددانەکانم تیژ بوونەوە، وڵاتخۆری ورده ورده بوو بە بەشێک لە ژیانی من و هاوڕێیانم شانبەشانی من چێژیان لێ دەبرد. زۆر لە ڕێبازەکەمان سەرکەوتوو بووین، بەرەم پێوە نابوو کەس نەیدەوێرا پێشم لێ بگرێت، دنیا دنیای خۆم بوو، کاتێک سەرم کەوتە ناو تەشتێکی خوێن، بە گاوڵکێ بەسەریدا تێپەڕ بووم و سەگەکانی ئەو شارەم ڕاو نا.

(جارانی دیکەت بیر نییە کە ئاوەها بەدی هاتبێت و دنیا لە ژێر فەرمانت بووبێت ؟)

هەرچەن جارە سەرەتاییەکانم بو گێڕایتەوە، بەڵام لە دوای ٤٦ جاری تر دیسان سەر لە نوێ بەو هەڵسوکەوتەوە لە دنیایەکی دیکە لە دایک بووم، ئەم جارە نە تەنیا وڵاتی خۆمان، بەڵکوو زۆربەی دنیا لە ژێر فەرمانی شمشێرم بوون، کە مردیشم ئەوەندەی تر شمشێرەکەم تیژ بوویەوە.

شمشێر: ئەگەر ئێوە لە زمانی من بیگێڕنەوە کە منیش لە خواوەندی کاییناتەوە بەشم دراوە، دڵنیا بن کفر و نەهامەتی لە دنیادا بنبڕ دەبێت بۆ ئەوەی کە خودای سەر زەویش لە خودای ئاسمانەوە ئەم بەهرەیەی پێ دراوە.

١٣

ئەم جارەیان بە ددانی خوێنی لە دایک بووم، بەیانیان بە خوێنی گەرم گۆشیان دەکردم، لەگەڵ بەدیهاتنم، دایکم نەیهێشت بلوورێنم، دەسبەجێ هەندێک خوێنی گەرم کە لە گۆشتی بزنێکی حەوت ساڵان بوو، بەسەر زمانمدا چۆڕاندی و ددانەکانم لە ئارۆکانم بەرزتر هەڵهاتن، چوار ددانی پێشووم درێژتر لەوانی دیکە بوون، هیچ گۆشت و خوێنێک تێری نەدەکردم، تا ڕۆژێک لەسەر پەچەی پیاوێکی هەژارەوە کە هەموو سامانی چەن بزنێک بوو، ڕێبوارێک چاوی پێکەوتبووم و لە پەسارەوە بەردێکی تێ هاویشتم، تەنیا لوورەیەکم کرد و هەڵپلۆسکام.

٥٤

کاتێک کەوتمە ناو گەلاڵێکەوە و لە لێواری کانیاوێک، پەلم کێشا وەک بڵێی شەو ئاویان دابم، ڕۆژێکم بە مانگێک و مانگێکم بە ساڵێک تێ دەپەڕی، زۆر لە بوونەوەرەکان پارێزیان لێ دەکردم، زۆر بوونەوەریش قاویشیان دەکردم و هەڵیان دەهێنامەوە، ڕۆژێک ماینێکی دووگیان کە ژانی گرتبوو، هات و گوتی: لە مێژە دەم پارێزدەکەم و هیچ جۆرە گیایەکم نەخواردووە، ئێستا نازانم بۆ ئەوەندە تامەزرۆم و دەمەوێ چی زووتر تا سەر ڕیشە بتکرمێنم.

تەزییەک بەگیانمدا هات، بەڵام بڕوا بکە خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو، ڕاستە دەڵێن: تانەکەویتە تەنگانە، قەدری ژیان نازانی! ئەم مەودای بێدەنگییە بۆ من چارەساز بوو کە جارێکی تر بیر لە خۆم بکەمەوە، نە لە هیچ

کەسێکی دیکە، تەنانەت جارێکی تر بە خۆمدا بچمەوە و بزانم کێم و بە شێوەیەکی دیکە بژیم، لەم کاتەدا بوو کە بە ماینم گوت: ئەم جارە زۆر دڵخۆشم ئاوەها ماینێکی ڕەسەن هاتووە و ئەودالی منە، ئەوەم گوت و دەسبەجێ لە گیانی ماییندا ئاوێتە بووم.

٥٥

دایکم ژانی بە منەوە گرتبوو و ئارامی لێ بڕابوو، لە لێوار ئاوێکی دوور لە ئینسانەکان لە دایک بووم، پاش حەوت ڕۆژ هەوساریان لە سەری دایکم نا و قاچی پاشوویان بەستم، من سەرشێتتر لە دایکم بووم، لە پێشەوەی ڕەوک غارم دەدا و بەرەو هەر دەرێک لە تاودان بووم. هاوڕێی ژنێک و دوو پیاو بووم، ڕۆژێک لە ڕۆژان کاتێک ئەو ژنە لەسەر تاشێکی بەرز جڵەوکێشم بوو، لاقمان خزا و لە بن دۆڵێک جەستەی من و ژن بوو بە یەک، ئەم جارە ڕوحێکی ئارامم هەبوو، دڵی کەسم نەڕەنجاندبوو.

٥٧، ٦٠، ٦١...

- (پێشتر باسی یەکەمین بەدیهاتنت کرد، دەمەوێ باس لە بوون و نەبوونەکانی دیکەشتم بۆ بکەی؟)

- مان ! نەمان ! ؟؟؟؟ مردن! ژیان!؟ هههههه زۆر پێکەنیناوییە! هەوڵ دەدەم هەندێک شت باس بکەم، بەڵام ڕاستیت بوێت، پێم خۆشە زیاتر باس لە مردنم بکەم تا بەدیهاتنم، چونکە زیاتر ئەوانەن لە یادەوەریم جێگیر کراون و باشتر دەتوانم لەسەریان بدوێم، بەڵام چیت لێ بشارمەوە، زمانی گێڕانەوەیانم نییە، حەز دەکەم لەگەڵ خۆم بیاننێژم، ئەگەرچی لەپاش هەموو نێژتنێک دیسانەوە دەژێمەوە، هەر بەم بۆنەوە دەمەوێ کورت و پوخت بڵێم: ئاگریان تێ بەردام، لە قووڕیان نام، دوای چل ڕۆژ گۆڕ بە گۆڕیان کردم، ئێسکیان بردم لە شوێنی دیکە ناشتیان. لەسەر قنگ و دەست بە چۆک لە چاڵیان نام، لەسەر لاوە پاڵیان خستمە ناو ماڵێکی تەسک، دەیانهاوێشتمە ناو لەشی کەسێکی تر، زۆر جار خورام و بوومە ژەمێکی کەسانی تر، بۆ ئەوەی کە نەمێنم، هەرجار ژیامەوە و هەر جاریش داترووسکام، بەڵام چی بکەم چارەم نییە!

٦٥

لە مردن باش لە بیرمە ئەو ئێوارانە کە لەسەر جێگەکەم بووم، دایکم بە باوکمی گوت:

- بەندی جەرگم بڕاوە، بەرگەی دووری ناگرم.

خوشکم: بەڵام چی بکەین، خواگیان ئاوەها ڕازی بووە، ئینشائەڵڵا بە بەهەشتی بەرین شاد بێتەوە، هەر بەم بۆنەوە دەبێ حەڵوایەکی زۆری بۆ بکەین بە خێر، فاتیحەیەکی زۆری بۆ بنێرین.

باوکم : من بەڵێنم داوە چل ملیۆن بدەم بە کەسێکی ئیماندار و داوێن پاک کە نوێژە قەزاکانی بۆ بگێڕێتەوە.

ئەمانە وتەی کەسێکی نوێژقایمە کە ئەم ئێوارەیە لە بن گوێم باسی دەکرد.

- وایە باوکە ڕاستە، بێگومان ئاوەها ڕوحی دەچێتە بەهەشتی بەرین.

- بەڵێ ئازیزم، ئەگەر براکەشت لە ژیاندا هەندێ جار خەڵەتابێ، خواگیان لێی خۆش دەبێ.

- باوکە من زۆر کتێبم خوێندووە، هیچ وەکوو نوێژی دوای مردوو کاریگەر نییە، جیا لەوەی کە چەندیش پاداشتی خێری هەیە. یەکسەر بە بێ پردی سیرات و لێپرسینەوە دەچێتە بەهەشت، چونکە هەر ئەم نوێژ و دوعا و فاتیحەی دوای مردنە دەڕوانێتە نزا و نزوولەکانی و هەموو گوناحەکانی دەسڕێتەوە.

- کەواتە ئێستا کە دڵنیات کردم، دەبێ گەورەترین پرسەی دنیای بۆ ڕێک خەین و هەموو ئەو خەڵکە فاتیحەی بۆ بنێرن!

٧٢

لەم ساتەدا کە ئەم باسەتان بۆ دەکەم، لەسەر جێگایەک گرمۆڵەم و ڕۆژێ سێ جار بۆ خاوێن کردنەوە، هەڵگێڕ و وەرگێڕم دەکەن.

ئێواران کە ماڵی باوکم پڕ لە میوان دەبێت، دەمبەن و دەمخەنە ژوورێکی پشتەوە، تەنانەت ناهێڵن کەس لە دەرەوەی ئەو ماڵە بمبینێت، ڕاستە کە من چاوم نییە بۆ بینینیان، بەڵام گوێم هەیە بۆ بیستنی قسەکانیان، لە دوای ئەوەی کە ماڵمان چۆڵ دەبێت، باوکم بە خوشکە گەورەکەم دەڵێت: ڕۆڵە دەستوبرد بکە پیرەزا بهێنە ئەم دیو با سەرما نەیبات.

جاربەجار لە ماڵمان دەبێتە ژاوەژاو، هەرکەس قسەی خۆی دەکات، لە بیرمە ڕۆژێک خوشکە گەورەکەم لە ژوور سەرم دانیشتبوو بە کاوەخۆ گوتی: دایە گیان، ساڵانی ساڵە دڵم پڕە، شەو نییە بە ئاسوودەیی سەر بنێمەوە، ئەگەر من پێداگریم لەسەرت نەدەکرد و هانم نەدەدایت کە لەم ئاخیری تەمەنەوە لە باری ببەیت، ئەم چارەڕەشەمان...!

دایکم ڕاچەڵەکا و گوتی: ڕۆڵە ئەمە قسمەت و نسیبە، هەر دوێنێ لە پرسەی خاڵۆ سایە، مەلەک سوڵتانم پێ گەیشت، خۆشت دەزانی زانای گوندەکەمانە، دڵنیای کردم پیرەزا هەر وایە، ئەگەر پیرەزا نەبایە دڵنیا بە...

هەردوویان بەسەریەکدا دەستیان بە گریان کرد و شین و شەپۆڕیان بۆ دەگێرام، باوکم لە ژوورەکەی ترەوە هاتە دەنگ و گوتی: پێ دەچێت ئەمە تاوانی باپیرانمان بێت، ئێمە لە دینی خۆمان هەڵگەڕاوین کە ئاوامان بەسەردا دێت، ئەوە دە ساڵە دەڵێم با بگەڕێینەوە بۆ سەر هێڵی خۆمان، ئێوە خۆ قسەتان بە گوێدا ناچێت! ئەوە دە بۆ پازدە ساڵە وەک سەگ دەحەپێنم، بەڵام کەس گوێم بۆ ڕا ناگرێت.

لە دڵمەوە پێیان پێدەکەنیم و جاربەجاریش ڕقم هەڵدەستا، بەڵام ئەمە هەموو ڕاستییەکە نییە، هیچ کەس ڕاستی نازانێت، پێ دەچێت هەر بەو جۆرەی باپیری باوکم لە شەست و نۆیەمین بەدیهاتنم گوتی: «مرۆڤەکان دەسکەوتی ژیان و مردنەکانی پێشوویانن»، بەڵام هیچ جارێک لەم ٧٢ جارەدا بۆم ڕوون نەبووەوە کە من دەسکەوتی ژیانی پێشووم، یان نیم، بەڵام باش دەزانم جاربەجار دەبمە گیانەوەرێک و گیانەوەرێکی تر دەمخوات و جاربەجاریش گیانەوەرێکم کە زیندەوەرەکانی دیکە هەڵدەدڕم؟

(سفر)

لەبەر ئەوە سفر هەڵدەبژێرم کە تەنیا سفرە دەتوانێ ژیان و نەمانم باس بکات، هەر بەم هۆیەشەوە نازانم ئەو بیرەوەرییانە کە دێنە خەیاڵم و مردن و ژیانە یەک لە دوای یەکەکان کە دێنە بەرچاوم، ڕاستە، یان خەیاڵ، لە خەودام، یان بێدارم، بەڵام ٧٢ کەس گەمارۆیان داوم و ئازارم دەدەن، هەڵبەت خۆیشم یەکێک هەر لەوانەم، هەر ئەم ٧٢ کەسە ١٠٠٠٠٠٠٠ بەرابەر دەبوونەوە و چنگیان لە قورگم گیر کرد، هەر لەم ساتەدا کە لە دایک دەبم و دەمرم، لە پەسا دەژیم و دەمرم، لە پەسا ئاگرم پێوەدەنێن و دەمخەنە بەرحەیوانەکان، دەمنێژن و هێشتا هەناسە دەدەم...

مونشن- ٢٠١٨



# مردن له دەروونمدا دەژی تا نەمر ببمەوە

ژیار جەهانفەرد

له کوردیی کەڵهوڕییەوە: هەژێر هاشمی

(ئەڵمانیا)

٧٢

پێش ئەوەی بمرم، هەردەم ترسی ئەوەم لە دڵدا بوو ئەم جارە لە جارانی تر چارەم ڕەشتر بێت، پێش ئەوەی بمرم، مردنەکانی پێشووم وەک ڕۆژی ڕوون لە پێش چاو بوون، نازانم بۆ ئەمەم گوت، ئەم جارە نە چاوێکم هەبوو بۆ بینین و نە لاقێکم هەبوو بۆ ڕۆشتن، لە کونجی ژوورەکەوە گرمۆڵە بووبووم و پەنام بردبووە سووچ و تاقێک کە نەها دە ساڵە لەبەردەم دەلاقەکەی لەدایک بووم.

زۆرێک لە بەدیهاتن و مردنەکانم لە بیرە، هەر چەن مردن نییە، هەرچەن هەر جار ئاواتم دەخواست لە دایک بم، بەڵام ئەم جارە ئیدی ماندوو بووم و پێم خۆشە بمرم، ئەگەرچی دەزانم مردن لە ڕێگام نییە، خۆزگەم بە مردن کە لە ناو دەچێت، خۆزگە مردن هەبوونێک با و لە ناو چووبا.

ئێستا چارەنووسی من بە گەردنی قەلەڕەشێکەوە گرێ دراوە کە نازانم لە کوێی دنیا ون بووە، زۆرێک لە بەدیهاتنەکانم وەک خەونێک لە بیرە، زۆربەی چارەنووسم لە نێو شاخی کەڵ و بزنە کێوییەکان بوو، جار بە جاریش لە ژێر پێستی گورگەکان، زۆربەی ژیانم بۆ پاراستنی چارەنووسم کە لای ئاژەڵەکان بوو، تەرخان کرد، ناو بە ناو لەگەڵ جەستەی دوایین کەس کە مردووە، قسە دەکەم و لێی دەپاڕێمەوە کە بۆ منت خستووەتە ئەم دوونی شەڕە.

١- ٤٦

(ئێستا بەم بۆنەوە لەم بەشەدا لەگەڵت قسە دەکەم، دەمەوێ لە زمانی خۆت لە نێو چیرۆکەکەم باس لە یەکەم بەدیهاتنت بکەی)

ئەگەرچی ئەمە یەکەم بەدیهاتنم بوو، بەڵام شمشێرم لە عەرشدا کاری دەکرد، زۆرینەی مرۆڤە دلێر و پێشڕەوەکان لەگەڵم بوون و هەرجارەی باس و خواسیان بۆ ژێر خستنی مرۆڤە گەمژە و دواکەوتووەکان، شان و شکۆ و باوەڕێک بوو کە لە وتارەکانی مندا هەبوو، ئەڵبەت ئەوەش پێ دەچێت لە باپیرانمان پێم گەیشتبێت کە بەم شەوکەتە گەیشتووم.

ڕەنگە ئەمە یەکەمین ئەزموونم لەسەر زەوی بووبێت، دنیا لە ژێر فەرمانم بوو، کاتێک وڵاتی خۆمانم بە جێهێشت و وڵاتی خاڵەکانم چەپاو کرد، چێژێکی خۆشی پێ بەخشیم، وڵاتانی دیکەمان بڕی، زۆرتر ددانەکانم تیژ بوونەوە، وڵاتخۆری وردە وردە بوو بە بەشێک لە ژیانی من و هاوڕێیانم شانبەشانی من چێژیان لێ دەبرد. زۆر لە ڕێبازەکەمان سەرکەوتوو بووین، بەرەم پێوە نابوو کەس نەیدەوێرا پێشم لێ بگرێت، دنیا دنیای خۆم بوو، کاتێک سەرم کەوتە ناو تەشتێکی خوێن، بە گاوڵکێ بەسەریدا تێپەڕ بووم و سەگەکانی ئەو شارەم ڕاو نا.

(جارانی دیکەت بیر نییە کە ئاوەها بەدی هاتبێت و دنیا لە ژێر فەرمانت بووبێت ؟)

هەرچەن جارە سەرەتاییەکانم بو گێڕایتەوە، بەڵام لە دوای ٤٦ جاری تر دیسان سەر لە نوێ بەو هەڵسوکەوتەوە لە دنیایەکی دیکە لە دایک بووم، ئەم جارە نە تەنیا وڵاتی خۆمان، بەڵکوو زۆربەی دنیا لە ژێر فەرمانی شمشێرم بوون، کە مردیشم ئەوەندەی تر شمشێرەکەم تیژ بوویەوە.

شمشێر: ئەگەر ئێوە لە زمانی من بیگێڕنەوە کە منیش لە خواوەندی کاییناتەوە بەشم دراوە، دڵنیا بن کفر و نەهامەتی لە دنیادا بنبڕ دەبێت بۆ ئەوەی کە خودای سەر زەویش لە خودای ئاسمانەوە ئەم بەهرەیەی پێ دراوە.

١٣

ئەم جارەیان بە ددانی خوێنی لە دایک بووم، بەیانیان بە خوێنی گەرم گۆشیان دەکردم، لەگەڵ بەدیهاتنم، دایکم نەیهێشت بلوورێنم، دەسبەجێ هەندێک خوێنی گەرم کە لە گۆشتی بزنێکی حەوت ساڵان بوو، بەسەر زمانمدا چۆڕاندی و ددانەکانم لە ئارۆکانم بەرزتر هەڵهاتن، چوار ددانی پێشووم درێژتر لەوانی دیکە بوون، هیچ گۆشت و خوێنێک تێری نەدەکردم، تا ڕۆژێک لەسەر پەچەی پیاوێکی هەژارەوە کە هەموو سامانی چەن بزنێک بوو، ڕێبوارێک چاوی پێکەوتبووم و لە پەسارەوە بەردێکی تێ هاویشتم، تەنیا لوورەیەکم کرد و هەڵپڵۆسکام.

٥٤

کاتێک کەوتمە ناو گەلاڵێکەوە و لە لێواری کانیاوێک، پەلم کێشا وەک بڵێی شەو ئاویان دابم، ڕۆژێکم بە مانگێک و مانگێکم بە ساڵێک تێ دەپەڕی، زۆر لە بوونەوەرەکان پارێزیان لێ دەکردم، زۆر بوونەوەریش قاویشیان دەکردم و هەڵیان دەهێنامەوە، ڕۆژێک ماینێکی دووگیان کە ژانی گرتبوو، هات و گوتی: لە مێژە دەم پارێزدەکەم و هیچ جۆرە گیایەکم نەخواردووە، ئێستا نازانم بۆ ئەوەندە تامەزرۆم و دەمەوێ چی زووتر تا سەر ڕیشە بتکرمێنم.

تەزییەک بەگیانمدا هات، بەڵام بڕوا بکە خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو، ڕاستە دەڵێن: تانەکەویتە تەنگانە، قەدری ژیان نازانی! ئەم مەودای بێدەنگییە بۆ من چارەساز بوو کە جارێکی تر بیر لە خۆم بکەمەوە، نە لە هیچ

کەسێکی دیکە، تەنانەت جارێکی تر بە خۆمدا بچمەوە و بزانم کێم و بە شێوەیەکی دیکە بژیم، لەم کاتەدا بوو کە بە ماینم گوت: ئەم جارە زۆر دڵخۆشم ئاوەها ماینێکی ڕەسەن هاتووە و ئەوداڵی منە، ئەوەم گوت و دەسبەجێ لە گیانی ماییندا ئاوێتە بووم.

٥٥

دایکم ژانی بە منەوە گرتبوو و ئارامی لێ براببوو، لە لێوار ئاوێکی دوور لە ئینسانەکان لە دایک بووم، پاش حەوت ڕۆژ هەوساریان لە سەری دایکم نا و قاچی پاشوویان بەستم، من سەرشێتتر لە دایکم بووم، لە پێشەوەی ڕەوک غارم دەدا و بەرەو هەر دەرێک لە تاودان بووم. هاوڕێی ژنێک و دوو پیاو بووم، ڕۆژێک لە ڕۆژان کاتێک ئەو ژنە لەسەر تاشێکی بەرز جڵەوکێشم بوو، لاقمان خزا و لە بن دۆڵێک جەستەی من و ژن بوو بە یەک، ئەم جارە ڕوحێکی ئارامم هەبوو، دڵی کەسم نەڕەنجاندبوو.

٥٧، ٦٠، ٦١...

- (پێشتر باسی یەکەمین بەدیهاتنت کرد، دەمەوێ باس لە بوون و نەبوونەکانی دیکەشتم بۆ بکەی؟)

- مان ! نەمان ! ؟؟؟؟؟ مردن! ژیان!؟ هههههه زۆر پێکەنیناوییە! هەوڵ دەدەم هەندێک شت باس بکەم، بەڵام ڕاستیت بوێت، پێم خۆشە زیاتر باس لە مردنم بکەم تا بەدیهاتنم، چونکە زیاتر ئەوانەن لە یادەوەریم جێگیر کراون و باشتر دەتوانم لەسەریان بدوێم، بەڵام چیت لێ بشارمەوە، زمانی گێڕانەوەیانم نییە، حەز دەکەم لەگەڵ خۆم بیاننێژم، ئەگەرچی لەپاش هەموو نێژتنێک دیسانەوە دەژێمەوە، هەر بەم بۆنەوە دەمەوێ کورت و پوخت بڵێم: ئاگریان تێ بەردام، لە قووڕیان نام، دوای چل ڕۆژ گۆڕ بە گۆڕیان کردم، ئێسکیان بردم لە شوێنی دیکە ناشتیان. لەسەر قنگ و دەست بە چۆک لە چاڵیان نام، لەسەر لاوە پاڵیان خستمە ناوماڵێکی تەسک، دەیانهاوێشتمە ناو لەشی کەسێکی تر، زۆر جار خورام و بوومە ژەمێکی کەسانی تر، بۆ ئەوەی کە نەمێنم، هەرجار ژیامەوە و هەر جاریش داترووسکام، بەڵام چی بکەم چارەم نییە!

٦٥

لە مردن باش لە بیرمە ئەو ئێوارانە کە لەسەر جێگەکەم بووم، دایکم بە باوکمی گوت:

- بەندی جەرگم بڕاوە، بەرگەی دووری ناگرم.

خوشکم: بەڵام چی بکەین، خواگیان ئاوەها ڕازی بووە، ئینشائەڵڵا بە بەهەشتی بەرین شاد بێتەوە، هەر بەم بۆنەوە دەبێ حەڵوایەکی زۆری بۆ بکەین بە خێر، فاتیحەیەکی زۆری بۆ بنێرین.

باوکم : من بەڵێنم داوە چل ملیۆن بدەم بە کەسێکی ئیماندار و داوێن پاک کە نوێژە قەزاکانی بۆ بگێڕێتەوە.

ئەمانە وتەی کەسێکی نوێژقایمە کە ئەم ئێوارەیە لە بن گوێم باسی دەکرد.

- وایە باوکە ڕاستە، بێگومان ئاوەها ڕوحی دەچێتە بەهەشتی بەرین.

- بەڵێ ئازیزم، ئەگەر براکەشت لە ژیاندا هەندێ جار خەڵەتابێ، خواگیان لێی خۆش دەبێ.

- باوکە من زۆر کتێبم خوێندووە، هیچ وەکوو نوێژی دوای مردوو کاریگەر نییە، جیا لەوەی کە چەندیش پاداشتی خێری هەیە. یەکسەر بە بێ پردی سیرات و لێپرسینەوە دەچێتە بەهەشت، چونکە هەر ئەم نوێژ و دوعا و فاتیحەی دوای مردنە دەڕوانێتە نزا و نزوولەکانی و هەموو گوناحەکانی دەسڕێتەوە.

– کەواتە ئێستا کە دڵنیات کردم، دەبێ گەورەترین پرسەی دنیای بۆ ڕێک خەین و هەموو ئەو خەڵکە فاتیحەی بۆ بنێرن!

٧٢

لەم ساتەدا کە ئەم باسەتان بۆ دەکەم، لەسەر جێگایەک گرمۆڵەم و ڕۆژێ سێ جار بۆ خاوێن کردنەوە، هەڵگێڕ و وەرگێڕم دەکەن.

ئێواران کە ماڵی باوکم پڕ لە میوان دەبێت، دەمبەن و دەمخەنە ژوورێکی پشتەوە، تەنانەت ناهێڵن کەس لە دەرەوەی ئەو ماڵە بمبینێت، ڕاستە کە من چاوم نییە بۆ بینینیان، بەڵام گوێم هەیە بۆ بیستنی قسەکانیان، لە دوای ئەوەی کە ماڵمان چۆڵ دەبێت، باوکم بە خوشکە گەورەکەم دەڵێت: ڕۆڵە دەستوبرد بکە پیرەزا بهێنە ئەم دیو با سەرما نەییات.

جاربەجار لە ماڵمان دەبێتە ژاوەژاو، هەرکەس قسەی خۆی دەکات، لە بیرمە ڕۆژێک خوشکە گەورەکەم لە ژوور سەرم دانیشتبوو بە کاوەخۆ گوتی: دایە گیان، ساڵانی ساڵە دڵم پڕە، شەو نییە بە ئاسوودەیی سەر بنێمەوە، ئەگەر من پێداگریم لەسەرت نەدەکرد و هانم نەدەدایت کە لەم ئاخیری تەمەنەوە لە باری ببەیت، ئەم چارەڕەشەمان...!

دایکم ڕاچەڵەکا و گوتی: ڕۆڵە ئەمە قسمەت و نسیبە، هەر دوێنێ لە پرسەی خاڵۆ سایە، مەلەک سوڵتانم پێ گەیشت، خۆشت دەزانی زانای گوندەکەمانە، دڵنیای کردم پیرەزا هەر وایە، ئەگەر پیرەزا نەبایە دڵنیا بە...

هەردوویان بەسەریەکدا دەستیان بە گریان کرد و شین و شەپۆڕیان بۆ دەگێڕام، باوکم لە ژوورەکەی ترەوە هاتە دەنگ و گوتی: پێ دەچێت ئەمە تاوانی باپیرانمان بێت، ئێمە لە دینی خۆمان هەڵگەڕاوین کە ئاوامان بەسەردا دێت، ئەوە دە ساڵە دەڵێم با بگەڕێینەوە بۆ سەر هێڵی خۆمان، ئێوە خۆ قسەتان بە گوێدا ناچێت! ئەوە دە بۆ پازدە ساڵە وەک سەگ دەحەپێنم، بەڵام کەس گوێم بۆ ڕا ناگرێت.

لە دڵمەوە پێیان پێدەکەنیم و جاربەجاریش ڕقم هەڵدەستا، بەڵام ئەمە هەموو ڕاستییەکە نییە، هیچ کەس ڕاستی نازانێت، پێ دەچێت هەر بەو جۆرەی باپیری باوکم لە شەست و نۆیەمین بەدیهاتنم گوتی: «مرۆڤەکان دەسکەوتی ژیان و مردنەکانی پێشوویانن»، بەڵام هیچ جارێک لەم ٧٢ جارەدا بۆم ڕوون نەبووەوە کە من دەسکەوتی ژیانی پێشووم، یان نیم، بەڵام باش دەزانم جاربەجار دەبمە گیانەوەرێک و گیانەوەرێکی تر دەمخوات و جاربەجاریش گیانەوەرێکم کە زیندەوەرەکانی دیکە هەڵدەدڕم؟

(سفر)

لەبەر ئەوە سفر هەڵدەبژێرم کە تەنیا سفرە دەتوانێ ژیان و نەمانم باس بکات، هەر بەم هۆیەشەوە نازانم ئەو بیرەوەرییانە کە دێنە خەیاڵم و مردن و ژیانە یەک لە دوای یەکەکان کە دێنە بەرچاوم، ڕاستە، یان خەیاڵ، لە خەودام، یان بێدارم، بەڵام ٧٢ کەس گەمارۆیان داوم و ئازارم دەدەن، هەڵبەت خۆیشم یەکێک هەر لەوانەم، هەر ئەم ٧٢ کەسە ١٠٠٠٠٠٠٠ بەرابەر دەبوونەوە و چنگیان لە قورگم گیر کرد، هەر لەم ساتەدا کە لە دایک دەبم و دەمرم، لە پەسا دەژیم و دەمرم، لە پەسا ئاگرم پێوەدەنێن و دەمخەنە بەرحەیوانەکان، دەمنێژن و هێشتا هەناسە دەدەم...

مونشن- ٢٠١٨



# مردن لە دەروونمدا دەژی
# تا نەمر ببمەوە

ژیار جەهانفەرد
لە کوردیی کەڵهوڕییەوە: هەژیر هاشمی
(ئەڵمانیا)

٧٢

پێش ئەوەی بمرم، هەردەم ترسی ئەوەم لە دڵدا بوو ئەم جارە لە جارانی تر چارەم ڕەشتر بێت، پێش ئەوەی بمرم، مردنەکانی پێشووم وەک ڕۆژی ڕوون لە پێش چاو بوون، نازانم بۆ ئەمەم گوت، ئەم جارە نە چاوێکم هەبوو بۆ بینین و نە لاقێکم هەبوو بۆ ڕۆشتن، لە کونجی ژوورەکەوە گرمۆڵە بووبووم و پەنام بردبووە سووچ و تاقێک کە نەها دە ساڵە لەبەردەم دەلاقەکەی لەدایک بووم.

زۆرێک لە بەدیهاتن و مردنەکانم لە بیرە، هەر چەن مردن نییە، هەرچەن هەر جار ئاواتم دەخواست لە دایک بم، بەڵام ئەم جارە ئیدی ماندوو بووم و پێم خۆشە بمرم، ئەگەرچی دەزانم مردن لە ڕێگام نییە، خۆزگەم بە مردن کە لە ناو دەچێت، خۆزگە مردن هەبوونێک با و لە ناو چووبا.

ئێستا چارەنووسی من بە گەردنی قەلەڕەشێکەوە گرێ دراوە کە نازانم لە کوێی دنیا ون بووە، زۆرێک لە بەدیهاتنەکانم وەک خەونێک لە بیرە، زۆربەی چارەنووسم لە نێو شاخی کەڵ و بزنە کێوییەکان بوو، جار بە جاریش لە ژێر پێستی گورگەکان، زۆربەی ژیانم بۆ پاراستنی چارەنووسم کە لای ئاژەڵەکان بوو، تەرخان کرد، ناو بە ناو لەگەڵ جەستەی دوایین کەس کە مردووە، قسە دەکەم و لێی دەپاڕێمەوە کە بۆ منت خستووەتە ئەم دوونی شەڕە.

١- ٤٦

(ئێستا بەم بۆنەوە لەم بەشەدا لەگەڵت قسە دەکەم، دەمەوێ لە زمانی خۆت لە نێو چیرۆکەکەم باس لە یەکەم بەدیهاتنت بکەی)

ئەگەرچی ئەمە یەکەم بەدیهاتنم بوو، بەڵام شمشێرم لە عەرشدا کاری دەکرد، زۆرینەی مرۆڤە دلێر و پێشڕەوەکان لەگەڵم بوون و هەرجارەی باس و خواسیان بۆ ژێر خستنی مرۆڤە گەمژە و دواکەوتووەکان، شان و شکۆ و باوەڕێک بوو کە لە وتارەکانی مندا هەبوو، ئەڵبەت ئەوەش پێ دەچێت لە باپیرانمان پێم گەیشتبێت کە بەم شەوکەتە گەیشتووم.

ڕەنگە ئەمە یەکەمین ئەزموونم لەسەر زەوی بووبێت، دنیا لە ژێر فەرمانم بوو، کاتێک وڵاتی خۆمانم بە جێهێشت و وڵاتی خاڵەکانم چەپاو کرد، چێژێکی خۆشی پێ بەخشیم، وڵاتانی دیکەمان بڕی، زۆرتر ددانەکانم تیژ بوونەوە، وڵاتخۆری وردە وردە بوو بە بەشێک لە ژیانی من و هاوڕێیانم شانبەشانی من چێژیان لێ دەبرد. زۆر لە ڕێبازەکەمان سەرکەوتوو بووین، بەرم پێوە نابوو کەس نەیدەوێرا پێشم لێ بگرێت، دنیا دنیای خۆم بوو، کاتێک سەرم کەوتە ناو تەشتێکی خوێن، بە گاوڵکێ بەسەریدا تێپەڕ بووم و سەگەکانی ئەو شارەم ڕاو نا.

(جارانی دیکەت بیر نییە کە ئاوەها بەدی هاتبێت و دنیا لە ژێر فەرمانت بووبێت ؟)

هەرچەن جارە سەرەتاییەکانم بو گێڕایتەوە، بەڵام لە دوای ٤٦ جاری تر دیسان سەر لە نوێ بەو هەڵسوکەوتەوە لە دنیایەکی دیکە لە دایک بووم، ئەم جارە نە تەنیا وڵاتی خۆمان، بەڵکوو زۆربەی دنیا لە ژێر فەرمانی شمشێرم بوون، کە مردیشم ئەوەندەی تر شمشێرەکەم تیژ بوویەوە.

شمشێر: ئەگەر ئێوە لە زمانی من بیگێڕنەوە کە منیش لە خواوەندی کاییناتەوە بەشم دراوە، دڵنیا بن کفر و نەهامەتی لە دنیادا بنبڕ دەبێت بۆ ئەوەی کە خودای سەر زەویش لە خودای ئاسمانەوە ئەم بەهرەیەی پێ دراوە.

١٣

ئەم جارەیان بە ددانی خوێنی لە دایک بووم، بەیانیان بە خوێنی گەرم گۆشیان دەکردم، لەگەڵ بەدیهاتنم، دایکم نەیهێشت بلوورێنم، دەسبەجێ هەندێک خوێنی گەرم کە لە گۆشتی بزنێکی حەوت ساڵان بوو، بەسەر زمانمدا چۆڕاندی و ددانەکانم لە ئارۆکانم بەرزتر هەڵهاتن، چوار ددانی پێشووم درێژتر لەوانی دیکە بوون، هیچ گۆشت و خوێنێک تێری نەدەکردم، تا ڕۆژێک لەسەر پەچەی پیاوێکی هەژارەوە کە هەموو سامانی چەن بزنێک بوو، ڕێبوارێک چاوی پێکەوتبووم و لە پەسارەوە بەردێکی تێ هاویشتم، تەنیا لوورەیەکم کرد و هەڵپڵۆسکام.

٥٤

کاتێک کەوتمە ناو گەڵاڵێکەوە و لە لێواری کانیاوێک، پەلم کێشا وەک بڵێی شەو ئاویان دابم، ڕۆژێکم بە مانگێک و مانگێکم بە ساڵێک تێ دەپەڕی، زۆر لە بوونەوەرەکان پارێزیان لێ دەکردم، زۆر بوونەوەریش قاویشیان دەکردم و هەڵیان دەهێنامەوە، ڕۆژێک ماینێکی دووگیان کە ژانی گرتبوو، هات و گوتی: لە مێژە دەم پارێزدەکەم و هیچ جۆرە گیایەکم نەخواردووە، ئێستا نازانم بۆ ئەوەندە تامەزرۆم و دەمەوێ چی زووتر تا سەر ڕیشە بتکرمێنم.

تەزییەک بەگیانمدا هات، بەڵام بڕوا بکە خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو، ڕاستە دەڵێن: تانەکەویتە تەنگانە، قەدری ژیان نازانی! ئەم مەودای بێدەنگییە بۆ من چارەساز بوو کە جارێکی تر بیر لە خۆم بکەمەوە، نە لە هیچ

کەسێکی دیکە، تەنانەت جارێکی تر بە خۆمدا بچمەوە و بزانم کێم و بە شێوەیەکی دیکە بژیم، لەم کاتەدا بوو کە بە ماینم گوت: ئەم جارە زۆر دڵخۆشم ئاوەها ماینێکی ڕەسەن هاتووە و ئەوداڵی منە، ئەوەم گوت و دەسبەجێ لە گیانی مایینددا ئاوێتە بووم.

٥٥

دایکم ژانی بە منەوە گرتبوو و ئارامی لێ بڕابوو، لە لێوار ئاوێکی دوور لە ئینسانەکان لە دایک بووم، پاش حەوت ڕۆژ هەوسارِیان لە سەری دایکم نا و قاچی پاشوویان بەستم، من سەرشێتتر لە دایکم بووم، لە پێشەوەی ڕەوک غارم دەدا و بەرەو هەر دەرێک لە تاودان بووم. هاوڕێی ژنێک و دوو پیاو بووم، ڕۆژێک لە ڕۆژان کاتێک ئەو ژنە لەسەر تاشێکی بەرز جڵەوکێشم بوو، لاقمان خزا و لە بن دۆڵێک جەستەی من و ژن بوو بە یەک، ئەم جارە ڕوحێکی ئارامم هەبوو، دڵی کەسم نەڕەنجاندبوو.

٥٧، ٦٠، ٦١...

– (پێشتر باسی یەکەمین بەدیهاتنت کرد، دەمەوێ باس لە بوون و نەبوونەکانی دیکەشتم بۆ بکەی؟)

– مان ! نەمان ! ؟؟؟؟؟ مردن! ژیان!؟ هههههه زۆر پێکەنیناوییە! هەوڵ دەدەم هەندێک شت باس بکەم، بەڵام ڕاستیت بوێت، پێم خۆشە زیاتر باس لە مردنم بکەم تا بەدیهاتنم، چونکە زیاتر ئەوانەن لە یادەوەریم جێگیر کراون و باشتر دەتوانم لەسەریان بدوێم، بەڵام چیت لێ بشارمەوە، زمانی گێڕانەوەیانم نییە، حەز دەکەم لەگەڵ خۆم بیاننێژم، ئەگەرچی لەپاش هەموو نێژتنێک دیسانەوە دەژێمەوە، هەر بەم بۆنەوە دەمەوێ کورت و پوخت بڵێم: ئاگریان تێ بەردام، لە قووڕیان نام، دوای چل ڕۆژ گۆڕ بە گۆڕیان کردم، ئێسکیان بردم لە شوێنی دیکە ناشتیان. لەسەر قنگ و دەست بە چۆک لە چاڵیان نام، لەسەر لاوە پاڵیان خستمە ناو ماڵێکی تەسک، دەیانهاوێشتمە ناو لەشی کەسێکی تر، زۆر جار خورام و بوومە ژەمێکی کەسانی تر، بۆ ئەوەی کە نەمێنم، هەرجار ژیامەوە و هەر جاریش داترووسکام، بەڵام چی بکەم چارەم نییە!

٦٥

لە مردن باش لە بیرمە ئەو ئێوارانە کە لەسەر جێگەکەم بووم، دایکم بە باوکمی گوت:

– بەندی جەرگم بڕاوە، بەرگەی دووری ناگرم.

خوشکم: بەڵام چی بکەین، خواگیان ئاوەها ڕازی بووە، ئینشائەڵڵا بە بەهەشتی بەرین شاد بێتەوە، هەر بەم بۆنەوە دەبێ حەڵوایەکی زۆری بۆ بکەین بە خێر، فاتیحەیەکی زۆری بۆ بنێرین.

باوکم : من بەڵێنم داوە چل ملیۆن بدەم بە کەسێکی ئیماندار و داوێن پاک کە نوێژە قەزاکانی بۆ بگێڕێتەوە.

ئەمانە وتەی کەسێکی نوێژقایمە کە ئەم ئێوارەیە لە بن گوێم باسی دەکرد.

– وایە باوکە ڕاستە، بێگومان ئاوەها ڕوحی دەچێتە بەهەشتی بەرین.

– بەڵێ ئازیزم، ئەگەر براکەشت لە ژیاندا هەندێ جار خەڵەتابێ، خواگیان لێی خۆش دەبێ.

– باوکە من زۆر کتێبم خوێندووە، هیچ وەکوو نوێژی دوای مردوو کاریگەر نییە، جیا لەوەی کە چەندیش پاداشتی خێری هەیە. یەکسەر بە بێ پردی سیرات و لێپرسینەوە دەچێتە بەهەشت، چونکە هەر ئەم نوێژ و دوعا و فاتیحەی دوای مردنە دەڕوانێتە نزا و نزوولەکانی و هەموو گوناحەکانی دەسڕێتەوە.

- کەواتــە ئێســتا کــە دڵنیــات کــردم، دەبــێ گەورەتریــن پرســەی دنیــای بــۆ ڕێــک خەیــن و هەمــوو ئــەو خەڵکــە فاتیحــەی بــۆ بنێــرن!

٧٢

لــەم ســاتەدا کــە ئــەم باســەتان بــۆ دەکــەم، لەســەر جێگایەک گرمۆڵــەم و ڕۆژێ ســێ جار بۆ خاوێــن کردنــەوە، هەڵگێــڕ و وەرگێــڕم دەکــەن.

ئێواران کە ماڵی باوکم پڕ لە میوان دەبێت، دەمبــەن و دەمخەنــە ژوورێکی پشتەوە، تەنانــەت ناهێڵــن کــەس لــە دەرەوەی ئــەو ماڵــە بمبینێــت، ڕاســتە کــە مــن چــاوم نییــە بــۆ بینینیــان، بــەڵام گوێــم هەیــە بــۆ بیســتنی قســەکانیان، لــە دوای ئــەوەی کــە ماڵمــان چــۆڵ دەبێــت، باوکــم بــە خوشکە گەورەکــەم دەڵێت: ڕۆڵــە دەستوبرد بکە پیــرەزا بهێنــە ئــەم دیــو بــا ســەرما نەییــات.

جاربەجــار لــە ماڵمــان دەبێتــە ژاوەژاو، هەرکــەس قســەی خــۆی دەکات، لــە بیرمــە ڕۆژێــک خوشکە گەورەکــەم لــە ژوور ســەرم دانیشــتبوو بە کاوەخۆ گوتــی: دایــە گیــان، ســاڵانی ســاڵە دڵــم پــڕە، شــەو نییــە بــە ئاسوودەیی ســەر بنێمــەوە، ئەگــەر مــن پێداگریــم لەسەرت نەدەکرد و هانم نەدەدایت کــە لــەم ئاخیری تەمەنــەوە لــە باری ببەیت، ئــەم چارەڕەشــەمان...!

دایکــم ڕاچەڵــەکا و گوتــی: ڕۆڵــە ئەمــە قسمەت و نسیبە، هــەر دوێنــێ لــە پرســەی خاڵــۆ سایە، مەلــەک ســوڵتانم پــێ گەیشــت، خۆشــت دەزانــی زانــای گوندەکەمانــە، دڵنیــای کــردم پیــرەزا هــەر وایــە، ئەگــەر پیــرەزا نەبایــە دڵنیــا بــە...

هەردوویــان بەســەریەکدا دەســتیان بــە گریــان کــرد و شــین و شــەپۆڕیان بــۆ دەگێــڕام، باوکــم لــە ژوورەکــەی تــرەوە هاتــە دەنــگ و گوتــی: پــێ دەچێــت ئەمــە تاوانــی باپیرانمــان بێــت، ئێمــە لــە دینــی خۆمــان هەڵگەڕاویــن کــە ئاوامــان بەســەردا دێــت، ئــەوە دە ســاڵە دەڵێــم بــا بگەڕێینــەوە بــۆ ســەر هێڵــی خۆمــان، ئێــوە خــۆ قســەتان بــە گوێدا ناچێــت! ئــەوە دە بــۆ پــازدە ســاڵە وەک ســەگ دەحەپێنــم، بــەڵام کــەس گوێــم بــۆ ڕا ناگرێــت.

لــە دڵمــەوە پێیــان پێدەکەنیــم و جاربەجاریــش ڕقــم هەڵدەســتا، بــەڵام ئەمــە هەمــوو ڕاســتییەکە نییــە، هیــچ کــەس ڕاســتی نازانێــت، پــێ دەچێــت هــەر بــەو جــۆرەی باپیــری باوکــم لــە شەســت و نۆیەمیــن بەدیهاتنــم گوتــی: «مرۆڤــەکان دەســکەوتی ژیــان و مردنەکانــی پێشــوویانن»، بــەڵام هیــچ جارێــک لــەم ٧٢ جــارەدا بــۆم ڕوون نەبــووەوە کــە مــن دەســکەوتی ژیانــی پێشــووم، یــان نیــم، بــەڵام بــاش دەزانــم جاربەجــار دەبمــە گیانەوەرێــک و گیانەوەرێکــی تــر دەمخــوات و جاربەجاریــش گیانەوەرێکــم کــە زیندەوەرەکانــی دیکــە هەڵــدەدڕم؟

(سفر)

لەبــەر ئــەوە سفر هەڵدەبژێرم کە تەنیا سفرە دەتوانــێ ژیــان و نەمانــم بــاس بــکات، هــەر بــەم هۆیەشــەوە نازانــم ئــەو بیرەوەرییانــە کــە دێنــە خەیاڵــم و مــردن و ژیانــە یــەک لــە دوای یەکــەکان کــە دێنــە بەرچــاوم، ڕاســتە، یــان خەیــاڵ، لــە خــەودام، یــان بێدارم، بــەڵام ٧٢ کــەس گەمارۆیان داوم و ئــازارم دەدەن، هەڵبــەت خۆیشــم یەکێــک هــەر لەوانــەم، هــەر ئــەم ٧٢ کەســە ١٠٠٠٠٠٠٠٠ بەرابــەر دەبوونــەوە و چنگیــان لــە قورگــم گیــر کــرد، هــەر لــەم ساتەدا کــە لــە دایک دەبــم و دەمــرم، لــە پەســا دەژیــم و دەمــرم، لــە پەســا ئاگــرم پێوەدەنێــن و دەمخەنــە بەرحەیوانــەکان، دەمنێــژن و هێشــتا هەناســە دەدەم...

مونشن- ٢٠١٨



# مردن لە دەروونمدا دەژی تا نەمر ببمەوە

ژیار جەهانفەرد
لە کوردیی کەڵهوڕییەوە: هەژیر هاشمی
(ئەڵمانیا)

٧٢

پێش ئەوەی بمرم، هەردەم ترسی ئەوەم لە دڵدا بوو ئەم جارە لە جارانی تر چارەم ڕەشتر بێت، پێش ئەوەی بمرم، مردنەکانی پێشووم وەک ڕۆژی ڕوون لە پێش چاو بوون، نازانم بۆ ئەمەم گوت، ئەم جارە نە چاوێکم هەبوو بۆ بینین و نە لاقێکم هەبوو بۆ ڕۆشتن، لە کونجی ژوورەکەوە گرمۆڵە بووبووم و پەنام بردبووە سووچ و تاقێک کە نەها دە ساڵە لەبەردەم دەلاقەکەی لەدایک بووم.

زۆرێک لە بەدیهاتن و مردنەکانم لە بیرە، هەر چەن مردن نییە، هەرچەن هەر جار ئاواتم دەخواست لە دایک بم، بەڵام ئەم جارە ئیدی ماندوو بووم و پێم خۆشە بمرم، ئەگەرچی دەزانم مردن لە ڕێگام نییە، خۆزگەم بە مردن کە لە ناو دەچێت، خۆزگە مردن هەبوونێک با و لە ناو چووبا.

ئێستا چارەنووسی من بە گەردنی قەلەڕەشێکەوە گرێ دراوە کە نازانم لە کوێی دنیا ون بووە، زۆرێک لە بەدیهاتنەکانم وەک خەونێک لە بیرە، زۆربەی چارەنووسم لە نێو شاخی کەڵ و بزنە کێوییەکان بوو، جار بە جاریش لە ژێر پێستی گورگەکان، زۆربەی ژیانم بۆ پاراستنی چارەنووسم کە لای ئاژەڵەکان بوو، تەرخان کرد، ناو بە ناو لەگەڵ جەستەی دوایین کەس کە مردووە، قسە دەکەم و لێی دەپاڕێمەوە کە بۆ منت خستووەتە ئەم دوونی شەڕە.

١- ٤٦

(ئێستا بەم بۆنەوە لەم بەشەدا لەگەڵت قسە دەکەم، دەمەوێ لە زمانی خۆت لە نێو چیرۆکەکەم باس لە یەکەم بەدیهاتنت بکەی)

ئەگەرچی ئەمە یەکەم بەدیهاتنم بوو، بەڵام شمشێرم لە عەرشدا کاری دەکرد، زۆرینەی مرۆڤە دلێر و پێشڕەوەکان لەگەڵم بوون و هەرجارەی باس و خواسیان بۆ ژێر خستنی مرۆڤە گەمژە و دواکەوتووەکان، شان و شکۆ و باوەڕێک بوو کە لە وتارەکانی مندا هەبوو، ئەڵبەت ئەوەش پێ دەچێت لە باپیرانمان پێم گەیشتبێت کە بەم شەوکەتە گەیشتووم.

ڕەنگە ئەمە یەکەمین ئەزموونم لەسەر زەوی بووبێت، دنیا لە ژێر فەرمانم بوو، کاتێک وڵاتی خۆمانم بە جێهێشت و وڵاتی خاڵەکانم چەپاو کرد، چێژێکی خۆشی پێ بەخشیم، وڵاتانی دیکەمان بڕی، زۆرتر ددانەکانم تیژ بوونەوە، وڵاتخۆری وردە وردە بوو بە بەشێک لە ژیانی من و هاوڕێیانم شانبەشانی من چێژیان لێ دەبرد. زۆر لە ڕێبازەکەمان سەرکەوتوو بووین، بەرم پێوە نابوو کەس نەیدەوێرا پێشم لێ بگرێت، دنیا دنیای خۆم بوو، کاتێک سەرم کەوتە ناو تەشتێکی خوێن، بە گاوڵکێ بەسەریدا تێپەڕ بووم و سەگەکانی ئەو شارەم ڕاو نا.

(جارانی دیکەت بیر نییە کە ئاوەها بەدی هاتبێت و دنیا لە ژێر فەرمانت بووبێت ؟)

هەرچەن جارە سەرەتاییەکانم بو گێڕایتەوە، بەڵام لە دوای ٤٦ جاری تر دیسان سەر لە نوێ بەو هەڵسوکەوتەوە لە دنیایەکی دیکە لە دایک بووم، ئەم جارە نە تەنیا وڵاتی خۆمان، بەڵکوو زۆربەی دنیا لە ژێر فەرمانی شمشێرم بوون، کە مردیشم ئەوەندەی تر شمشێرەکەم تیژ بوویەوە.

شمشێر: ئەگەر ئێوە لە زمانی من بیگێڕنەوە کە منیش لە خواوەندی کاییناتەوە بەشم دراوە، دڵنیا بن کفر و نەهامەتی لە دنیادا بنبڕ دەبێت بۆ ئەوەی کە خودای سەر زەویش لە خودای ئاسمانەوە ئەم بەهرەیەی پێ دراوە.

١٣

ئەم جارەیان بە ددانی خوێنی لە دایک بووم، بەیانیان بە خوێنی گەرم گۆشیان دەکردم، لەگەڵ بەدیهاتنم، دایکم نەیهێشت بلوورێنم، دەسبەجێ هەندێک خوێنی گەرم کە لە گۆشتی بزنێکی حەوتساڵان بوو، بەسەر زمانمدا چۆڕاندی و ددانەکانم لە ئارۆکانم بەرزتر هەڵهاتن، چوار ددانی پێشووم درێژتر لەوانی دیکە بوون، هیچ گۆشت و خوێنێک تێری نەدەکردم، تا ڕۆژێک لەسەر پەچەی پیاوێکی هەژارەوە کە هەموو سامانی چەن بزنێک بوو، ڕێبوارێک چاوی پێکەوتبووم و لە پەسارەوە بەردێکی تێ هاویشتم، تەنیا لوورەیەکم کرد و هەڵپلۆسکام.

٥٤

کاتێک کەوتمە ناو گەلاڵێکەوە و لە لێواری کانیاوێک، پەلم کێشا وەک بڵێی شەو ئاویان دابم، ڕۆژێکم بە مانگێک و مانگێکم بە ساڵێک تێ دەپەڕی، زۆر لە بوونەوەرەکان پارێزیان لێ دەکردم، زۆر بوونەوەریش قاویشیان دەکردم و هەڵیان دەهێنامەوە، ڕۆژێکماینێکی دووگیان کە ژانی گرتبوو، هات و گوتی: لە مێژە دەم پارێزدەکەم و هیچ جۆرە گیایەکم نەخواردووە، ئێستا نازانم بۆ ئەوەندە تامەزرۆم و دەمەوێ چی زووتر تا سەر ڕیشە بتکرمێنم.

تەزییەک بەگیانمدا هات، بەڵام بڕوا بکە خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو، ڕاستە دەڵێن: تانەکەویتە تەنگانە، قەدری ژیان نازانی! ئەم مەودای بێدەنگییە بۆ من چارەساز بوو کە جارێکی تر بیر لە خۆم بکەمەوە، نە لە هیچ

کەسێکی دیکە، تەنانەت جارێکی تر بە خۆمدا بچمەوە و بزانم کێم و بە شێوەیەکی دیکە بژیم، لەم کاتەدا بوو کە بە ماینم گوت: ئەم جارە زۆر دڵخۆشم ئاوەها ماینێکی ڕەسەن هاتووە و ئەوداڵی منە، ئەوەم گوت و دەسبەجێ لە گیانی ماییندا ئاوێتە بووم.

٥٥

دایکم ژانی بە منەوە گرتبوو و ئارامی لێ بڕابوو، لە لێوار ئاوێکی دوور لە ئینسانەکان لە دایک بووم، پاش حەوت ڕۆژ هەوساریان لە سەری دایکم نا و قاچی پاشوویان بەستم، من سەرشێتتر لە دایکم بووم، لە پێشەوەی ڕەوک غارم دەدا و بەرەو هەر دەرێک لە تاودان بووم. هاوڕێی ژنێک و دوو پیاو بووم، ڕۆژێک لە ڕۆژان کاتێک ئەو ژنە لەسەر تاشێکی بەرز جڵەوکێشم بوو، لاقمان خزا و لە بن دۆڵێک جەستەی من و ژن بوو بە یەک، ئەم جارە ڕوحێکی ئارامم هەبوو، دڵی کەسم نەڕەنجاندبوو.

٥٧، ٦٠، ٦١...

- (پێشتر باسی یەکەمین بەدیهاتنت کرد، دەمەوێ باس لە بوون و نەبوونەکانی دیکەشتم بۆ بکەی؟)

- مان ! نەمان ! ؟؟؟؟ مردن! ژیان!؟ هههههه زۆر پێکەنیناوییە! هەوڵ دەدەم هەندێک شت باس بکەم، بەڵام ڕاستیت بوێت، پێم خۆشە زیاتر باس لە مردنم بکەم تا بەدیهاتنم، چونکە زیاتر ئەوانەن لە یادەوەریم جێگیر کراون و باشتر دەتوانم لەسەریان بدوێم، بەڵام چیت لێ بشارمەوە، زمانی گێڕانەوەیانم نییە، حەز دەکەم لەگەڵ خۆم بیاننێژم، ئەگەرچی لەپاش هەموو نێژتنێک دیسانەوە دەژێمەوە، هەر بەم بۆنەوە دەمەوێ کورت و پوخت بڵێم: ئاگریان تێ بەردام، لە قووڕیان نام، دوای چل ڕۆژ گۆڕ بە گۆڕیان کردم، ئێسکیان بردم لە شوێنی دیکە ناشتیان. لەسەر قنگ و دەست بە چۆک لە چاڵیان نام، لەسەر لاوە پاڵیان خستمە ناو ماڵێکی تەسک، دەیانهاوێشتمە ناو لەشی کەسێکی تر، زۆر جار خورام و بوومە ژەمێکی کەسانی تر، بۆ ئەوەی کە نەمێنم، هەرجار ژیامەوە و هەر جاریش داترووسکام، بەڵام چی بکەم چارەم نییە!

٦٥

لە مردن باش لە بیرمە ئەو ئێوارانە کە لەسەر جێگەکەم بووم، دایکم بە باوکمی گوت:

- بەندی جەرگم بڕاوە، بەرگەی دووری ناگرم.

خوشکم: بەڵام چی بکەین، خواگیان ئاوەها ڕازی بووە، ئینشائەڵڵا بە بەهەشتی بەرین شاد بێتەوە، هەر بەم بۆنەوە دەبێ حەڵوایەکی زۆری بۆ بکەین بە خێر، فاتیحەیەکی زۆری بۆ بنێرین.

باوکم : من بەڵێنم داوە چل ملیۆن بدەم بە کەسێکی ئیماندار و داوێن پاک کە نوێژە قەزاکانی بۆ بگێڕێتەوە.

ئەمانە وتەی کەسێکی نوێژقایمە کە ئەم ئێوارەیە لە بن گوێم باسی دەکرد.

- وایە باوکە ڕاستە، بێگومان ئاوەها ڕوحی دەچێتە بەهەشتی بەرین.

- بەڵێ ئازیزم، ئەگەر براکەشت لە ژیاندا هەندێ جار خەڵەتابێ، خواگیان لێی خۆش دەبێ.

- باوکە من زۆر کتێبم خوێندووە، هیچ وەکوو نوێژی دوای مردوو کاریگەر نییە، جیا لەوەی کە چەندیش پاداشتی خێری هەیە. یەکسەر بە بێ پردی سیرات و لێپرسینەوە دەچێتە بەهەشت، چونکە هەر ئەم نوێژ و دوعا و فاتیحەی دوای مردنە دەڕوانێتە نزا و نزوولەکانی و هەموو گوناحەکانی دەسڕێتەوە.

- کەواتە ئێستا کە دڵنیات کردم، دەبێ گەورەترین پرسەی دنیای بۆ ڕێک خەین و هەموو ئەو خەڵکە فاتیحەی بۆ بنێرن!

۷۲

لەم ساتەدا کە ئەم باسەتان بۆ دەکەم، لەسەر جێگایەک گرمۆڵەم و ڕۆژێ سێ جار بۆ خاوێن کردنەوە، هەڵگێڕ و وەرگێڕم دەکەن.

ئێواران کە ماڵی باوکم پڕ لە میوان دەبێت، دەمبەن و دەمخەنە ژوورێکی پشتەوە، تەنانەت ناهێڵن کەس لە دەرەوەی ئەو ماڵە بمبینێت، ڕاستە کە من چاوم نییە بۆ بینینیان، بەڵام گوێم هەیە بۆ بیستنی قسەکانیان، لە دوای ئەوەی کە ماڵمان چۆڵ دەبێت، باوکم بە خوشکە گەورەکەم دەڵێت: ڕۆڵە دەستوبرد بکە پیرەزا بهێنە ئەم دیو با سەرما نەییات.

جاربەجار لە ماڵمان دەبێتە ژاوەژاو، هەرکەس قسەی خۆی دەکات، لە بیرمە ڕۆژێک خوشکە گەورەکەم لە ژوور سەرم دانیشتبوو بە کاوەخۆ گوتی: دایە گیان، ساڵانی ساڵە دڵم پڕە، شەو نییە بە ئاسوودەیی سەر بنێمەوە، ئەگەر من پێداگریم لەسەرت نەدەکرد و هانم نەدەدایت کە لەم ئاخیری تەمەنەوە لە باری ببەیت، ئەم چارەڕەشەمان...!

دایکم ڕاچەڵەکا و گوتی: ڕۆڵە ئەمە قسمەت و نسیبە، هەر دوێنێ لە پرسەی خاڵۆ سایە، مەلەک سوڵتانم پێ گەیشت، خۆشت دەزانی زانای گوندەکەمانە، دڵنیای کردم پیرەزا هەر وایە، ئەگەر پیرەزا نەبایە دڵنیا بە...

هەردوویان بەسەریەکدا دەستیان بە گریان کرد و شین و شەپۆڕیان بۆ دەگێڕام، باوکم لە ژوورەکەی ترەوە هاتە دەنگ و گوتی: پێ دەچێت ئەمە تاوانی باپیرانمان بێت، ئێمە لە دینی خۆمان هەڵگەڕاوین کە ئاوامان بەسەردا دێت، ئەوە دە ساڵە دەڵێم با بگەڕێینەوە بۆ سەر هێڵی خۆمان، ئێوە خۆ قسەتان بە گوێدا ناچێت! ئەوە دە بۆ پازدە ساڵە وەک سەگ دەحەپێنم، بەڵام کەس گوێم بۆ ڕا ناگرێت.

لە دڵمەوە پێیان پێدەکەنیم و جاربەجاریش ڕقم هەڵدەستا، بەڵام ئەمە هەموو ڕاستییەکە نییە، هیچ کەس ڕاستی نازانێت، پێ دەچێت هەر بەو جۆرەی باپیری باوکم لە شەست و نۆیەمین بەدیهاتنم گوتی: «مرۆڤەکان دەسکەوتی ژیان و مردنەکانی پێشوویانن»، بەڵام هیچ جارێک لەم ۷۲ جارەدا بۆم ڕوون نەبووەوە کە من دەسکەوتی ژیانی پێشووم، یان نیم، بەڵام باش دەزانم جاربەجار دەبمە گیانەوەرێک و گیانەوەرێکی تر دەمخوات و جاربەجاریش گیانەوەرێکم کە زیندەوەرەکانی دیکە هەڵدەدڕم؟

(سفر)

لەبەر ئەوە سفر هەڵدەبژێرم کە تەنیا سفرە دەتوانێ ژیان و نەمانم باس بکات، هەر بەم هۆیەشەوە نازانم ئەو بیرەوەرییانە کە دێنە خەیاڵم و مردن و ژیانە یەک لە دوای یەکەکان کە دێنە بەرچاوم، ڕاستە، یان خەیاڵ، لە خەودام، یان بێدارم، بەڵام ۷۲ کەس گەمارۆیان داوم و ئازارم دەدەن، هەڵبەت خۆیشم یەکێک هەر لەوانەم، هەر ئەم ۷۲ کەسە ۱۰۰۰۰۰۰۰ بەرابەر دەبوونەوە و چنگیان لە قورگم گیر کرد، هەر لەم ساتەدا کە لە دایک دەبم و دەمرم، لە پەسا دەژیم و دەمرم، لە پەسا ئاگرم پێوەدەنێن و دەمخەنە بەرحەیوانەکان، دەمنێژن و هێشتا هەناسە دەدەم...

مونشن- ۲۰۱۸



# سەمای مەستیی پیاوێکی سپی


**یاسین برایم**

**(ڕواندز)**


بەسەری ڕەش لەشار ڕۆیی، بەسەری سپی گەڕایەوە ئەو شارەی تێیدا لە دایک بوو. لە هەمان گەڕەک خانوویەکی کۆنی کڕی، لە شوێنێکی دڵگیر و بەسەر گەلییەکی قووڵ و سەرنجڕاکێش و تا چاویش هەتەر دەکات و شاخی باڵا بڵند و سەرسپی دیارن. ئێواران بەر لەوەی ڕۆژ ڕەنگی لیمۆیی خۆی ون بکات، لە بەلەکۆنەی ماڵەکەی، لەسەر کورسییەکی لاستیکی سپی قرپێژگرتوو دادەنیشێت. سەیری گەڕەک و بەشە دیارەکەی شار دەکات، ئەو شارەی بەهرەکانی تێدا چەکەرەیان کرد و ئێستاش بۆنی پەلکەزێڕینە لە دەست و پەنجەکانی دێت. ئەو پەنجانەی کانیاوی بەهرەن و وێنەی یادگارییەکی لاوی ئەومان بۆ دەگێڕێتەوە. وێنەیەک نیشان دەدات، کۆمەڵە بەردی وردی ڕەنگاوڕەنگی وەک مرواری، کەناری ڕووباری شار، جوان دەبینرێت.

ئەو لە (سەمای بەردەکان)، بەردەکانی هێنانە گۆ. ئەو دەڵێ: من بەردی وردی ڕووبارەکانم هێنا و وێنەم لەسەر دروست کردن و مانام پێ دەبەخشین. بەردەکان بەبزەبوون، تریفەی مانگ و ڕەنگی هیوا و ڕازی ئەوین و چێژی ماچ و باوەشی گەرم و چاوی دەریایی و دڵی خوێناوی و ملوانەکەی زێڕین. لەسەر ڕوو و سینگی بەردەکان بێگەردانە دەپەیڤین و بە کۆد و هێمایەکان، بینەری پەلکێش دەکرد. پێکێکی بەسەر کرد و کەمێک چاوی قوچاند و لێوی خوارەوەی گەزی و دیسان پەڕەیەکی تری یادەوەری و خەیاڵی هەڵدەداوە. «من یەکەم جار تابلۆکانم لەنێو هۆڵ هێنادەر

و بردمنە نێو سروشت و شەقام. ئەز تابلۆم ئازاد کرد و تا هەموو کەس بەئازادی ببینێ. لێرە، لە باخچەی شار، تابلۆکانم بەدارەکانەوە هەڵواسین و کردمن بە میوەی جۆراوجۆر. بوون بە هەناری یار و سێوی ڤالانتاین و گوڵی ئاڵ و چاوی دەریایی و ملوانکەی گێلاس و هێشووە ترێ و هەرمێی زەرد، خۆیان نمایش دەکرد و تام و بۆنیان دەبەخشی.»

پێکێکی تر، مێژووی دوو سەدەی شاری خستەوە یاد: « باپیرم، لێرە.» دەستێکی بۆ خوارەوەی شار درێژ کرد. « تۆپ و شیر و تفەنگ و دەمانچەی دروست کرد. من سوودم لە بەهرەی ئەو وەرگرت و کەرستەکانی شەڕم کردە ئامێر و کەرستەکانی ئاشتی و جوانی و خۆشی و ئارامی دەروون. من تۆپم کردە فلچە و شیرم کردە قامیشی خۆشنووسین و تفەنگم کردە قەڵەمی نووسین و دەمانچەم کردە کەمانچە.. با.. پی.. رم .. باپیر! داهێنەری تۆپی کوردی. ئا.. لێرە.. لێرە.. هەر ماوە .. ماوە .. ئەویش هونەرمەند بوو.»

دەستێکی برد بۆ چەند ڕۆژنامەیەکی کۆنی هەرزراو و وێنەی گەچراو و شێواو. وێنەی ئەو کیژۆڵەیەی چاو پێکەوت و ماچی کرد، کە چەند ساڵێک پێش ئێستا لەگەڵ ئەو کاری مامۆستایەتی کردبوو. لە وێنەکەدا لە تەنیشتییەوە وەستابوو».. ئەوە.. ئەوە.. هەزارجار.. ماچم.. کردییە.. هەزار.. جار.. زیاتر..» وێنەکەی بە ماچەکان تەڕکرد. «هەموو شەو بە دیاریەوە دادەنیشم، سەیری دەکەم .. شەکرە سێوە.. شەکرە.. سێو.. هەزار جار.. « ماچێکی تری لە وێنەکە کرد و پاش ئەو جارەش دیسان دەمی نا بە وێنەکە و مووچ.. مووچ.. کچە وەستاوەکەی ناو وێنەکەی ماچباران کرد.. «ئەوە .. ئەوە .. ئەمنی کوشت!!»

دێڕە شیعرێکی ئەڤیندارانی (نەزهەت)ی وت: (عاشقی ڕووی تۆمە جانا هێندە گریانم مەکە/ زۆر بە ئاهـ و ناڵەمە ئیتر پەرێشانم مەکە)، یەکەم جارم بوو شیعرەکە ببیسم. «نەزهەت عاشق بوو.. شاعیر بوو.. من یەکەم کەس بووم، لێرە .. لێرە.. کۆڕێکم بۆ ئەو شاعیرە بەست.» وتم: «نەزهەت شاعیرە و عاشقە!! ئەو عاشق بوو.. منیش عاشقم، شیعری عەشقی ئەوم خوێندەوە، منیش عاشق بووم.. شیعری عەشقم نووسی.. بۆ چاوڕەشەکە.. پرچ ڕەشەکە..»، دیسان پەنجەی خستە سەر کچەکە.. «ئەوە.. ئەوە..» ماچێکی کرد و بە هەنیەی خۆیەوەی نووساند. ئاهێکی قووڵیشی هەڵکێشا. «ئەوێ ڕۆژێ لێرەبوو بینیم، تۆقەشم لەگەڵ کرد» پێی وتم: «تۆ هەرماوی!» دەستی بۆ قاپی میوەکە برد و دوو گێلاسی بەکلکەوە بڵند کرد.. «ئەوە جووتە گوارەی ئەوە..» خستییە دەم و ئاو و تەڕایەتی بە لێوەکانیدا هاتنە خوارەوە و بە زمانی لێستییەوە. «ئەوە شەرابی گێلاسە، دڵی گێلاسیم تێر دەکات.»

- «بازۆ! بازۆ! دیاربە دیار. (ڤلادیمیر نابۆکۆڤ)، لۆلیتا جوانە، لۆلیتای بازۆم خوێندەوە.. جوانە.. ئەویش عاشقە!»

بازۆش، ساڵێک زیاتربوو، یەکەم نۆبەرە شیعری خۆی گیرۆ کرد، لەسەر بەڵێنی مامۆستای، تا مۆتیڤەکانی بۆ دروست بکات. دەستی بۆ کاغەزەکانی سەر مێزەکەی درێژکرد بۆ ئەوەی بڵێت، ئەوە مۆتیڤم دروست کردووە. کاغەزی چا بەسەرداڕژاو، زەرد و پیس، شیعرە تەواو نەکراوەکان، هێڵکاری و وێنەی جۆراوجۆر و شێواو، بۆنی ئارەقە و چا و هاڕاوی ناتۆکە

و کۆنە سەمووونی گرمخاو و لە تابلۆی سوریالی مامۆستا دەچوو.

خودی ژوورەکەش، تابلۆیەکی سوریالی بوو. لە ژووری (عەلی عاشق) دەچوو، هەموو شت لەوی گۆڕەی، پەرداخ، ڕۆژنامە، کووپەی چا، وایەری مۆبایل، قەڵەمی بێ سەر، لیمۆی کۆن، مۆزی شل و ڕەشبوو، چوکلێت، نایلۆن، قوتووی بەتاڵ، کیسەی گوڵەبەڕۆژە، لەسەر دۆشەک و مافوور بە بێ نازی کەوتبوون. (بریا)ش مردبوو، ئەو هەندەی ئەو ژوورە پاک بکاتەوە و ڕێکی بخاتەوە. بۆ ڕۆژی دواتریش، هەمان کەلوپەل بە شێوازێکی تر، خۆی لە تابلۆیەکی تر دەنواند.

- «مامۆستا وەڵڵا لەبەر بۆنی ئارەقە و سیر گێژبووم! چی دیکە، خاوێن ناکەمەوە.. بەسە.. هەموو... جارێ.. وەک خۆی لێ دەکەیتەوە!! کوو وا دەبی!!»

- «باشە، باشە، تەواو، با ئەوە تەواو بێ، تەواو، چیتر.. نا.. خۆ.. مە .. وە. شەوا پێبچین، هەوشۆیە! ناخۆمۆ ، نا !»

ئاوڕێکی بۆ لای من دایەوە:» بژی ئەتوو! کورتە چیرۆک گرینگە. ئەتوو بنووسە، ئەمنیش ئەخوینمۆۆۆۆۆ.»

دوای ئەوەی وەک بڵێی کەس گوێی لە ئاخاوتنەکانی ئەو نییە، دەیگوت:

- «بریا، کوڕێکی ژیرە! ئاگاتان لێ بێت. کوڕی باشە. ئەمن دەخۆمەوە، ئەو ناخواتەوە، وەک یەک سەڵتین.. ئەمن لۆخۆم دەخۆمەوە، پڕنادەمە ناموسی کەس! لە ماڵی خۆم، من (جان دەمۆ)م. بۆ خۆم دەخۆمەوە.. شیعر دەنووسم، خراپە ناکەم، کێ دەڵێ من خراپم! بۆخۆم خراپم دەخۆمەوە و تەواو.. دە .. خۆ.. مە.. وە..»

بریاش، هەموو مەترێک لە ئەو دووربوو، گوێی لە هەموو قسەکانی بوو:

- «وەڵڵاهی مامۆستا! هەموو شەوێ ئەو بەزمەیە. بخۆوە، بخۆوە، بەس ئەوهاش نا، پێی دەمریت، بۆ لەشدروستیش خراپە، نابینی چت لێ هاتووە!»

- «ئەوەی با بخۆمەوە، تەواو.. چیتر.. نا .. خۆ.. مە.. وە..»

لەمێژبوو سمێل و ڕدینەکەی چاک نەکردبوو، قژیشی هاتبوو، ڕوخساری پێش چاو نەبوو، شوێنی دووری ئەو، دووکانەی تەنیشتی ماڵی بوو. شتێ بهێنێ و بخوات و تەواو. من وەک قوتابییەکی ئەو هەمیشە خۆشم دەویست و ئێستاش هەرخۆشم دەوێت، بە قسە و وتەکانی، بەکارە هونەرییەکانی، بە بەهرە جوانەکانی، سەرسام بووم. خەمی منیش، بۆ ئەوە بوو ئەو جەستەی زیاتر خراپ نەبێت، خەمی ئەوەمە ئەو بەهرە جوانانەی هەیە و فەرامۆشی دەکات و هەموو حەزی خۆی بۆ ئەو ئارەقە کۆکردیتەوە. ئالوودەیەکی بێتام. وەک خۆی دەڵێت: نزانم بخۆمەوە! کە سەیری چاوە میهرەبانەکەی دەکەیت، چ عەشقێکی جوان لە چاوەکانی دەتکێ. من بۆ قۆناغی ناوەندی دەگەڕێمەوە. لەسەر ڕەحلەیەکی داری ڕەق و تەق، ئاقڵانە دادەنیشم، گوێ دەگرم. (ڤانکوخ)م بیردێتەوە، کە گوێی خۆی دەبڕێت. پەیکەرەکانی مایکل ئەنجیلۆ و تابلۆکانی بیکاسۆم دێنە بەرچاو. ئاوازەکانی بیتهۆڤن و مۆزارتم لە گوێچکە دەزرنگێنەوە. ئەو چەند ڕێکپۆش و قۆز و جوان بوو، بەو جوانییەش، وانەی هونەری دەکردە تابلۆ و موزیک و فلچە و بۆیە و ڕەنگ و کتێب.

- «من دەخۆمەوە! (بێبەش) مەلابوو (زامدار) یش دەیخواردەوە، دوو برای جوان بوون.

(زیوەر) شیعرێکی نووسی (من عارەق ناخۆم)، (بێکەس)یش هاوڕێی ئەو بوو، پاش چەند ساڵێک، بەرسڤی دایەوە (عارەق دەخۆم). لە شیعرەکەدا دەڵێ: با بامیە و قبووری لە گیانت نۆش بێ و منیش بۆ خۆم ئەخۆمەوە، (با من بە عەرەق تووشی زەرەر بم). چەند جوان بوون دوو شاعیر و دوو مامۆستای مەزن. بێکەس تا مرد ئارەقخۆربوو، وەسیەتی کرد کە مرد بە مەی بیشۆن.. مەی.. مەی..»

پێکەنینێکی کرد و دوای دەستەکانی لێک خشاندن و دەستی ڕاستی وەک گۆ نیشان دا، وتی:

- «مەی و مەمک هەردووکیان خۆشن!»

ئێمەش، پێکەنینەکانمان لەسەر ئەو دوو پەیڤە، ئاوێزانی پێکەنینی ئەو کرد و ئەویش پێکێکی تری ئاودیوکرد.

دیواری ژوورەکە، چەند تابلۆیەکی دروستکراوی خۆی، کە لەخۆی زیاتر کەس بە جوانی تێیناگەیشت، ئەوانیش بۆنی عەرەقیان گرتبوو. پەنجەی بۆ تابلۆیەکی درێژ کرد و بە ڕەنگی شین و چەند فرچەیەکی بە تابلۆکەدا هاتبوو، ڕەنگە منداڵێکیش ئەو شتەی پێ دروست بکرێت. دوو سێ فلچە و بینە و ببە، کەچی ئەو وەک دەقێکی فەلسەفی شرۆڤەی دەکرد. «خەڵک لە هونەر تێناگات!» دەستێکی لە سینگی خۆی دا. « من هونەرمەند نیم، ها، پیاو نابێ ستایشی خۆی بکات، شاعیریش نیم، بازۆ شاعیرە. ئەو ناخواتۆۆۆۆ. ئەمن ئەخۆمۆۆۆۆ. وەک بێکەس گوتی: عارەق، ئە.. خۆ..م!»

- «بازۆ! ئەو شیعرانە هی منن، بۆ خۆت ببە بیانخوێنەوە، وێنەی هونەریی تێدایە!»

- «بریا ئاقڵە! ناهیڵێ بخۆ.. مەوە.. گووو.. ناهە.. چی .. دیش.. ئەمن .. ناخۆ.. مۆۆۆۆۆ. تەواوووووو!!!»

سەیری بوتڵە گەورەکەی کرد و بەتاڵی کرد، گلەیی لە شووشەکەی دەکرد: «کەمی تێدایە!» هەستا، ڕاژا، بەولا و بەولادا دەکەوت: «برادەرەکانم بێ وەفابوون! هەموو پۆستی گەورەیان هەیە، منیان بەجێهێشت.»

دوای دانیشتەوە، پەنجەیەکی بۆ ئێمە درێژ کرد و بە بزەیەکی شیرین: «بژی ئەنگۆ!»

دیسان هەڵگێڕ و وەرگێڕی بە هەندێک وێنەی خۆی کرد. «ئەوانە من فێری زۆر شتم کردن، هیچیان نەدەزانی، ئێستا دەوڵەمەند بوونە، ئەوان ماستاوچی بوون، منیان بەجێهێشت. من عارەقخۆر بووم، عارەقخۆر، ئەوانیش ماستاوچی! من بۆ پارە لەو شارە ناڕۆم، با لێرە بمرم، هەر عارەق دەخۆمەوە.. عارەق. عارەقخۆر باشتر و پاکترە لە ماستاوچی!!»

مۆبایلە شاشە شکاوەکەی، هەڵگرت و بۆ بریای فڕێ دا. مەیخۆرەکانی شار چەند جارێک لەکاتی مەستی مۆبایلەکەیان دزیوە، بە ناچاری ئەوەی هەڵگرتبوو، تا سەری مانگ دانەیەکی نوێ بکرێت. «بژی ئەتوو!»

- «جان دەمۆ، ئەویش شاعیر بوو، تەنیا بوو لەسەر شەقام و چایخانەکان دەژیا و عارەقی دەخواردەوە. شاعیر بوو بە عەرەقێ مرد. بەس من شاعیر نیم! لەسەر شەقام و چایخانە ناخۆمەوە.. لۆخۆم لێرە، لەو ژوورە بەهەشتییە، دەخۆمەوە.. وەکوو بێکەس وەسیەت دەکەم: بەمەی بمشۆن.. مەی.. مەی !»

- «بریا لە گوگڵی لێ دە. (جان دەمۆ).»

ئەویش بە وشەی «سبەی سبەی» وەڵامی دایەوە، سەیری مامۆستای دەکرد. قسە بەنرخەکانی بۆنی عارەقیان گرتبوو. هەناسەی،

لێوەکانـی، پەنجەکانـی، جلەکانـی، جێگـە و ژوورەکـەی، یـەک بـۆن، بۆنێکـی سـارد، لـە بۆنـی سـیر و ماسـی مـردوو. ئـەو لـە ژوورێکـی شـێواو، لەناویـدا، هونەرمەندێـک، شـاعیرێک، مەسـت و دامـاو، عاشـق و بـە عەشـق سـووتاو، جەسـتەی لاواز و زەرد، پـڕ بریـن و خـەم و دەرد. زوو زووش کۆخەیـەک دەکات، خیـزەی لـە سـینەی دێ، نەخـۆش، نەخـۆش، عـارەق کوشـتوویەتی. کات لەگـەڵ ئـەو شـیرین و بەنـرخ بـوو، شـەوی کـورت دەکـردەوە. کـە ویسـتمان ماڵئاوایـی لـێ بکەیـن، بەڕێـزەوە هەسـتاو دەسـتی ڕاسـتی خسـتە سـەر سـینگ: «گەردەنـم ئـازا بکـەن، خـۆ قسـەی هەڵـەم نەکـرد!»

بریـا لـە نێـو جێگاکـەی درێـژی کـرد و بەتانییەکـەی پێـدادا، ئەویـش لەخـۆی پێچـا، وەک بڵێـی سـەرمای بێـت، دەسـتی بڵنـد کـرد:

- «سبەی شەو دیاربن، دیار!»
- «بریا لە گوگڵی لێ بدە.»
- «من خراپەی کەسم نییە!»
- «بژی ئەنگۆ!».
- «دەرگا.. قەپات..»
- «بژی!..»

مامۆسـتامان بەشـەو سـپارد و ئەویـش لـە نێـو مەسـتی و تەنیایـی شـەو، ئاوێـزان بـوو.

بەیانـی کـە لـە خـەو هەسـتام، مۆبایلەکـەم کـردەوە، نامەیەکـی ئەوهـای بریـا هاتبـوو:

«سـڵاو! بەداخـەوە، مامۆسـتا بـە عـارەق مـردووە!!»

ڕواندز ٢٠٢٠



# دارا خوەزیێ

د. خەلیل عومار
(دیمەشق)

ئەڤ دەمەکە کۆ هەمزۆ مژوول بوویە و سەرێ خوە راناکە و هەر ژ بیستەکێ دکە نچە- نچ و سەرێ خوە دهەژینە. ئەڤ رەوشا هەمزۆ گەلەکی ل تەلێ عەباسۆ هات و د دلێ خوە دە هێڤیکر، کۆ ئەڤ بێدەنگیا هەڤێل دوودرێژ بە و یا هین چێتر، کۆ هەمزۆ کەڕ و لال بوویە! لێ هەمزۆ نەما خوە گرت و بوو فرتە-فرتا وی و زیڤری زەر هەڤالێ بێهنتەنگ و گۆت:

- ل وێ دنیێ، چرا هنەکان ب ئاڤێ ڤێدکەت و قردێ وان ل هوستێن مرۆڤان دخست و ژیانا وان ب کێف و خوەشی دەرباسدبوو و چرا کەسێن مینا من، ب دۆنێ گازێ ژی ڤێنەدکەت و من تو خێر ژ خوە نەدیت! هەمزۆ گۆت و کەسەرەک رادا.

- چما تو وسا دبێژی باڤێ بەدرۆ؟ ئەلحەمدوولڵلا تو ب ژن و زارۆک بوو و حالێ تە دقەدیا! عەباسۆ ڤێ جارێ ب دۆستانی د بەردلێ هەڤێل دە دا.

- حەشی گۆتنا تە، ژ کووچکان رە ژی دقەدیا! هەگەر من خوەندنا خوە تمام کربا ئەزێ ژ خوە رە بووباما تەختۆر، (خوەدی قەدر و پەرە)، ما قەی وێ دنیا خەرابووبا؟ ..چما وێ تەکسیا «مارسیدس» نە ل بەر دەری با؟ چما وێ تومبلا دو دوولاب ل بەر دەری با (یا کۆ بەرگیلێ ئەز بووم)؟.. چما منێ ژیانا خوە د هۆلکان و د قولکا خانیێ پی تە دە بهورتبا؟ چما وێ خانیێ من نە قەسرەک، ب دیکۆر و "چاکووزی" با؟.. چما وێ کارێ من ئاڤدان و جەناتی و وێ ئالاڤێن من مەڕ و بێر با؟ چما وێ ئالاڤێن من نە پێنووس و قەلەمتەراش با؟ ..چما وێ

نە نوورسێن مینا کەبۆکان ب بهنا لەوەنتۆ د بەر من رە نە چوونا و نە هاتبانا؟.. چما وێ ل دۆرا من ژن و کەچێن تەڤر و ئەشیڤێ و بهنا خوێدانا وانی تووژ مینا قوزەلقەرتێ با؟.. چما وەختا راوەستنا من وێ نە ل «کەسەب»١ و «بلوودان»٢ با؟ چما وێ ب تە رە ل بەر دیوارێن گوند با؟... چما وێ زارۆکێن من، نە ل نستیتووت و زانینگەهان پەروەردەببانا؟ چما وێ ب چۆل و پۆلان کەتبانا و وێ سێنیک و فراخێن خوارنگەهان شوشتبانا؟.. چما وێ جلێن زارێن من ژ «بالان» با؟ چما وێ نە ژ مارکێن «سامی» و «لۆرد» بانا؟.. چما منێ هەر رۆژ شیشک و کوباب و نانێ فرنێ نەخواربا؟ چما منێ هەر سبە شۆربا نیسکێ و هەر ئێڤار مەیرا خاڤلۆرکی خواربا! ..چما منێ ژ خوە رە جازیا کەچا حەسەن ئاغا (خوەدیا گەردەنی و بازنێن زێر) نە ئانیبا؟ چما منێ فەریدا کەچا سۆفی خدر خوەدیا تەپک و پشتیێن پووش ئانیبا! هەمزۆ ل ڤێدەرێ ل فریمێ خست و ل دۆرا خوە زیڤری، باشبوو کۆ ژ عەباسۆ پێ ڤە کەسەک نەبوو.

- هەمزۆ هەموو گۆتنێن تە ڤالا نە و دارا خوەزیێ تو جاران بەر نەگرتبوو! تو مر ژی و تە کولا جازیا ب خوە رە بر گۆرێ و خویایە ڤا ب تە رە گهیشت ئاخرەتێ. باشە کۆ دیا بەدرۆ نە ل ڤرە! وەڵەهـ وێ کووچک ژ تە چێتر کربا! مالاڤا تو خورۆفیە ئان تو دێهن بوویە؟ ما تو نزانی کۆ تەڤ کەت و تەڤ رابوو و ئەو دنیا چوو و نەما ڤەدگەرە؟! عەباسۆ گۆت و مەزەل شانی خوەدیێ خەونێن هشیاری کر.

- برا تو ئەحمەقە! ما ئەز نزانم کۆ ئەڤ ئاخرەتە و قیر و قیامەتە! ..من خوەست هنەکی ژ خوە رە ئەز وەنسا بینم و پچەکی بهنا خوە فرەهە بکم. هەمزۆ لێڤەگەراند و خوە قولاپت سەر کێلەکا دن و دوور دوور ل ئاسۆیێ نەری.

**١ و ٢ دو دەڤەرێن راوەستنێ ل سووریێ نن.**

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ مالپەرێ (وەلاتێ مە) هاتیە وەرگرتن. ژ ئالیێ مە ڤە ژ رێنڤیسا کوردی یا لاتینی هاتیە ڤەگواستن ژبۆ رێنڤیسا نها ل هەرێمی لکارە.**

**(ڕامان)**



# کلۆشێت

**گی دۆ مۆپەسان**
**لە فرەنسییەوە: هیوا شەمسی بورهان**
**(فرەنسا)**

چەندە سەیرن ئەو بیرەوەرییانەی کە لێتان دەبنە مۆتەکە و ناتوانن خۆتان لە دەستیان ڕزگار بکەن !

ئەمەیان هێندە کۆنە کە تێناگەم چۆن وەها زەق و زیندوو لە زەینمدا ماوەتەوە، کەچی لە دوای ئەو، گەلێک شتی کارەسات، دڵهەژێن و ترسناکم دیوە کە بۆ خۆم پێم سەیرە چۆن نەمتوانیوە ڕۆژێک، تەنانەت ڕۆژێکیش لە ژیانمدا تێپەڕ بکەم، بێ ئەوەی دەموچاوی دایکە «کلۆشێت» (١) نەیەتە پێش چاوم، دەموچاوی هەر بەو شێوەیە کە من چەندان ساڵ لەمەوبەر ناسیم، کاتێک دە، یان دوازدە ساڵ بووم.

خەیاتێکی پیر بوو کە حەفتەی جارێک، هەموو سێشەممان دەهاتە لای دایک و بابم تا جلەکانمان پینە و پەڕۆ بکا. ئێمە لە یەکێک لەو خانووە گەورانەدا دەژیاین کە کۆشکیان پێدەگوتن و بریتی بوون لەو خانووە کۆنانە بە میچی تیژەوە کە چوار پێنج مەزرای دەورووپشتی، سەر بە ئەو بوون. (٢) گوندی تەنیشتمان میرەدێیەک بوو کە چەند سەد مەتر لێمان دوور بوو و لە دەوری کڵێسەیەک ساز کرابوو، کڵێسەیەک بە خشتی سوورەوە کە بە تێپەڕبوونی کات ڕەش هەڵگەڕابوو.

ئەوجا هەموو سێشەممان دایە کلۆشێت بەیانی لەنێوان کاتژمێر شەش و نیو و حەوت دەگەیشت و هەمان کاتیش دەچووە نهۆمی سەرەوە و لە ژووری خەیاتیدا دەستبەکار دەبوو. ژنێکی بڵیند و کز بوو، تووکن بوو، چونکە لەسەر گشت دەموچاوی ڕدێنی هەبوو، ڕدێنێکی سەیر و چاوەڕوان

نەکراو کە چین چین بە دۆخێکی لوولدراو ڕوابوو و دەتگوت شێتێک ئەو ڕدێنەی لەسەر دەموچاوی ئەو ئافرەتە چاندووە. لەسەر لووتی، لەبن لووتی، دەوری کەپووی، لەسەر چەنەی، لەسەر کوڵمەکانی مووی هەبوو و برۆکانی وەها پان و درێژ و خۆڵەمێشی و کێشراو بوون، دەتگوت جووتێک سمێڵن کە بە هەڵە لەوێ دانراون. (٣)

دەشەلی، بەڵام نەک وەک ئەو نەقوستانانەی دەشەلن، بەڵکوو وەک گەمییەکی سەر دەریا، کاتێک خۆی دەخستە سەر قاچە تەواوەکەی، دەتگوت لەشی زەلام و ئێسکن و خواری کەوتووەتە سەر شەپۆلێکی مەزن و چووەتە سەرێ، پاشان لەپڕا ڕۆ دەهاتە خوارێ وەک بڵێی نوقمی ئاو بێ و وە عەرزی کەوێ. ڕێگا پێوانەکەی بیرۆکەی تۆفانێکی دێنا بەر چاوان هێندە لەشی سەر و خواری دەکرد، لە هەمان کاتیشدا هەمیشە کڵاوێکی گەورەی سپی لەسەر بوو کە تیتۆڵەکانی لە پشتەوە لە هەوادا هەڵدەفڕین و بە هەر جووڵەی لەشی، دەتگوت دەیانەوێ بە ئاسۆدا بێن و بڕۆن، لە باکوورەوە بۆ باشوور و لە باشوورەوە بۆ باکوور.

دایکە کلۆشێتم زۆر خۆش دەویست. هەر کە لە خەو هەڵدەستام، دەچوومە ژووری خەیاتی و دەمدی لەوێ دانیشتووە و خەریکی دروونە و مەنقەڵێکی لەژێر پێی داناوە تا گەرمی کاتەوە. (٤) هەر کە دەگەیشتمە لای ناچاری دەکردم مەنقەڵەکە لەبن خۆم بنێم تا لەو ژوورە گەورە و ساردەی بن میچی خانوو، تووشی هەڵامەت نەبم. پێی دەگوتم: «بەو سەرمایە گەرووت تووشی نەخۆشی دەبێ».

لە هەمان کاتدا کە پارچە و کوتاڵی بە قامکە درێژ و کۆڵەکانی دێنا و دەبرد، چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە. دەستەکانی چوستوچالاک بوون، چاوەکانی لەژێر شووشە ئەستوورەکانی چاویلکەدا بوون، چونکە بە هەڵگەڕانی تەمەن، حوکمی چاوی کەم بووبوون و ئاوا چاوەکانی بە شێوەیەکی سەیر قووڵ و زلتر دەبینران.

تا ئەو جێیەی وەبیرم بێ و ئاقڵ و دڵی منداڵیم لێی حاڵی بووبێ، ژنێکی بەستەزمان بوو بە ڕووحێکی زۆر بەخشندەوە. ژیانی گەورە و سادە دەدیت. باسی ڕووداوەکانی گوندی بۆ دەکردم، چیرۆکی مانگایەک کە سەری خۆی هەڵگرتبوو و لە تەویلە چووبووە دەر و بەیانییەک لە پێش ئاشی «پرۆسپێر مالێ» دا (٥) دۆزیبوویانەوە کە سەیری سووڕانەوەی باڵەکانی ئاشەکەی دەکرد (٦)، یان باسی هێلکەیەکی بۆ دەکردم کە لەبن ناقووسی کڵێسەدا دۆزرابووەوە، بێ ئەوەی کەس بزانێ چ باڵندەیەک لەوێ هەڵنیشتبوو و هێلکەی کردبوو؛ یان نەقڵی سەگی ژان- ژان پیلاس (٧) کە دە فرسەخ (٨) لە گوند دوور کەوتبوو تا بچێ و دەرپێی دزراوی خاوەنەکەی بێنێتەوە کە کابرایەکی ڕێبوار کاتێک هەڵیانخستبوو ویشک بێ، دەستی دابوویە و دزیبووی. هەموو ئەو نەقڵ و نەزیلە سادانەی بە شێوەیەک بۆ دەگێڕامەوە کە لە زەینی مندا هیچ چیرۆکی نێو بەیت و باوان، یان هیچ شیعرێکی بەرز و پڕ لە ڕەمز، یان هیچێک لەو چیرۆکە جوانانەی کە شاعیران هۆندوویانەتەوە و دایکم شەوانە بۆمی دەخوێندەوە، شتاقیان تام و هێز و خۆشیی گێڕانەوەکانی ئەو ژنە گوندییەی نەبوو.

سێشەممەیەک کە هەموو بەیانییەکەی لە لای دایکە کلۆشێت دانیشتبووم و گوێم لە قسەکانی گرتبوو، دوایە لەگەڵ خزمەتکارێکمان هەستاین چووین لە دارستانی «هالێ» (٩) کە دەکەوتە

پشت مەزرای «نوارپریَ» (١٠) بەڕوو بچنین. وردەکارییەکانی ئەو ڕۆژەم وەک دوێنێ لەبیر ماون.

کاتێک دەرگای ژووری خەیاتیم کردەوە، بینیم خەیاتی پیر لە تەنیشت کورسییەکەی بەسەر دەموچاودا بەربووەتەوە، قۆڵەکانی درێژ بووبوون و هێشتاش دەرزیلەیەکی بە دەستێک و کراسێکی منی بە دەستەکەی دیکەوە بوو، دەرپێیەکی شینی لەبەردا بوو و یەکێک لە قاچەکانی، بێگومان ئەوەی تەواو و ساغ بوو، کەوتبووە ژێر کورسییەکە. چاویلکەکە لێی دوور کەوتبووە و لە خوار دیوارەوە شووشەکانی دەبریقانەوە.

بە قیژەی توند ڕام کرد، خەڵکی ماڵ هەڵاتن و دوای چەند خولەک تێگەیشتم کە دایە کلۆشێت مردووە. قەت ناتوانم وەسفی ئەو هەستە قووڵ و تاڵ و زاڵە بکەم کە چۆناوچۆن دڵی منداڵیی منی ڕێک گوشی. بە سووکە هەنگاو و بەسەر پەنجان چوومە سالۆنی خوارەوە و چووم لە سووچێکی تاریک، لەنێو مۆبلێکی کۆن و ڕەحەتی ماڵمان لەسەر ئەژنۆ دانیشتم و دەستم بە گریان کرد، بێگومان کاتێکی باش لەویَ مابوومەوە، چونکە دواتر نیوەشەو داهاتبوو.

لە ناکاو چەند کەس بە چرایەکەوە وەژوور کەوتن، بەڵام منیان نەدیت، لە دەنگیان ڕا زانیم کە باب و دایکمن و لەگەڵ پزیشک دەدوێن. دیار بوو زوو چووبوونە دوای و ئەویش خەریکی شیکردنەوەی چۆنایەتی ڕووداوەکە بوو.

ڕاستییەکەی من هیچ لە قسەکانی حاڵی نەبووم، پاشان پزیشک دانیشت و ڕازی بوو پەرداخێک مەشرووب و غوڕابییەک (١١) بخوا.

ئەو هەر قسەی دەکرد و ئەو شتەی گێڕایەوە، تا ئێستاش لە ڕووحمدا ماوەتەوە و تا زیندووم هەر دەمێنێ! تەنانەت پێموایە دەتوانم ڕێک ئەو وشانە بەکار بێنم کە بەسەر زمانی خودی پزیشکدا هاتن.

گێڕایەوە: ئاخ ژنی فەقیر! ئەو لێرە یەکەم نەخۆشی من بوو، ڕۆژی گەیشتنم بۆ ئێرە قاچی شکا و خەڵک هێندە بەپەلە هاتنە دووم کە لە فایتوون دابەزیم، کاتم نەبوو دەستەکانم بشۆم، ئاخر شتەکە ناخۆش بوو، زۆر ناخۆش.

حەڤدە ساڵی بوو و کچێکی زۆر جوان بوو، یەکجار جوان! قەت باوەڕم پێدەکەن؟ سەبارەت بە بەسەرهاتەکەی قەت بۆ کەسم نەگێڕاوەتەوە، بێجگە لە من و پیاوێکی دیکە کە ئێستا لەم مەڵبەندە نەماوە، کەس ئاگادار نەبوو، ئێستا کە مردووە، دەتوانم بیدرکێنم.

لەو سەردەمەدا مامۆستایەکی گەنج و قۆز و کەڵەگەت گەیشتە ئەم گوندە. هەموو کچانی گوند بە دوایەوە بوون و پێیان جوان بوو، بەڵام ئەو بە هێندی نەدەگرتن، چونکە زۆر لە سەرۆکی خوێندنگا، باوکە «گرابوو» (١٢) دەترسا، بە تایبەتی کە ئەو پیاوە تووڕە و تۆسن بوو و زۆرجار خۆش ئەخلاق نەبوو.

ئەو کچە جوانە کە ناوی «هۆرتانس» (١٣) بوو و لە ماڵی ئێوەدا کۆچی دوایی کرد، پێشتر دەهاتە لای باوکە گرابوو و وەک خەیات کاری بۆ دەکرد، دواتر بە هۆی ئەو ڕووداوەی دەیگێڕمەوە، ناویان نا کلۆشێت. مامۆستای گەنج ئەو کچە جوانەی هاتە بەرچاو و ئەویش کە توانیبووی دڵی ئەو پیاوە سەختە وەدەست بێنێ، وەک ئافرەت شایی بە خۆی بوو، بۆیە شەو درەنگانێک لە ژووری بن میچی خوێندنگا، دوای ڕۆژێک کاری خەیاتی، لەگەڵی چووە ژوانێ.

ئەو وای نواند کە دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی،

بەڵام کە لە ماڵی بەڕێز گرابوو هاتەدەر، لەباتی ئەوەی بچێتە خوارێ، لە پلیکانان وەسەر کەوت و چوو خۆی لەنێو کا و کلۆشاندا شاردەوە و چاوەڕوانی دڵدارەکەی بوو، کوڕە زوو خۆی گەیاندە لای و دەستی کرد بە قسەی دڵدارانە کە لەناکاو دەرگای ژووری بن میچێ کراوە و بەرپرسی خوێندنگا پەیدا بوو و پرسی: «لەو سەرە خەریکی چن (سیژیس بێر) (١٤)؟»

مامۆستای گەنج کە لە ترسان شێت بووبوو بە شێوەیەکی منداڵانە وەڵامی دایەوە: «بەڕێز گرابوو، هاتبوومە سەرەوە تۆزێک لەسەر باقە کایەکان ڕاکشێم و بحەسێمەوە.» ژوورەکەی بن میچێ زۆر گەورە و بەرین بوو. سیژیس بێر هەر کچی گەنجی سەرلێشێواوی بەرەو قووڵایی ژوورەکە پاڵ پێوە دەنا و پێی گوت: «بڕۆنە وێ، خۆتان بشارنەوە، کارەکەم لەدەست دەدەم، ڕاکەن و خۆتان بشارنەوە!» (١٥)

سەرۆکی خوێندنگا کە گوێی لەو سرتە سرتە بوو گوتی: «دیارە لەوێ بە تەنیا نین؟

– نەخێر بەڕێز گرابوو بە تەنیام!

– نەخێر وا نییە، چونکە قسان دەکەن.

– سوێندتان بۆ دەخۆم بەڕێز گرابوو کە بە تەنێم.

– دەی باشە ئێستا لێم مەعلووم دەبێ.» کابرای پیر وای گوت، دوو جار کلیلی لە دەرگادا سووڕاندەوە و قفڵی دا تا بچێتە خوارێ و مۆمێک بێنێ.

ئەوجا پیاوی گەنج کە لەو خوێرییانە بوو زۆر تووشیان دەبین، ئاقڵی لەدەست دا و بە تووڕەیی دووپاتەی کردەوە: «ئاخر خۆتان بشارنەوە تا نەتانبینێ. وا دەکەن تا کۆتایی ژیانم نان نەبێ بیخۆم، وا دەکەن ئیش و کارەکەم وێران بێ... دەی خۆتان بشارنەوە دەی!»

دیسان دەنگی کلیلی هاتەوە بەرگوێ. کە لە قفڵی دەرگادا دەسووڕایەوە، هۆرتانس بەرەو ئەو دەربیجەیە ڕای کرد کە دەیڕوانییە سەر شەقام، لەپڕڕا کردییەوە، پاشان بە دەنگێکی نزم و هێدییەوە گوتی: «دوایی کە لێرە ڕۆیشت، وەرن لە خوارەوە هەڵم گرنەوە» ئەوجا خۆی فڕێ دا.

باوکە گرابوو کە کەسی دیکەی لەوێ نەدۆزیبووەوە، بە سەرسوڕماوی دیسان چووە خوارێ، چارەگێک دواتر بەڕێز سیژیس بێر هاتە لای من و تەواوی سەربوردەی بۆ گێڕامەوە، کچی گەنج کە لە نهۆمی دووەمەوە خۆی هەڵداشتبوو، بێ هیچ جووڵەیەک لەبن دیواری کەوتبوو. دەگەڵ کابرای گەنج چوومە سەر سەری. وەک گۆزەی سەرەونخوون باران دەباری. ئەو کچە چارەڕەشەم هەڵگرت و هێنامە ماڵی خۆم کە قاچی لە سێ جێوە شکابوو، ئێسکی وەها تێک قرمابوو کە گۆشتی لەشی ڕەش و شین هەڵگەڕابوو. هیچ نەیدەناڵاند و تەنیا وەک تەسلیم بوونێکی ئازایانە دەیگوت: «خوداگیر بووم، خراپی بەسەر هێنام!»

داوای یارمەتیم لە پەرستارێک کرد و بانگی دایک و بابی کچەم کرد و ئەو چیرۆکەم بۆ گێڕانەوە کە فایتوونێکی سەرکێش لەبەر دەرگای ماڵەکەم وەبەری دا و نەقوستانی کرد. خەڵک بڕوایان بە قسەکەم کرد و ژاندرمەکان بێ ئەوەی سەرکەوتوو بن، مانگێک لە کابرای فایتوونچی گەڕان. فەرموون! بۆیە دەڵێم ئەو ژنە قارەمانێک بوو، لە تۆرەمەی ئەو ژنە قارەمانانە کە جوانترین ڕووداوەکانی نێو مێژوویان خوڵقاندووە.

ئەو خۆشەویستییە تەنیا عیشقی ژیانی

بوو، ئەو بە کچی مرد، شەهیدێکە، ڕووحێکی گەورە، گیانفیدایەکی مەزن! بەڕاستی ئەگەر هێندە ستایشم نەکردبا، قەت ئەو چیرۆکەم بۆ نەدەگێڕانەوە کە لە کاتی زیندوو بوونی خۆی نەمویست بۆ کەسی باس بکەم؛ بێگومان ئێستا لێم تێدەگەن.

پزیشک بێدەنگ بوو. دایکم بە کوڵ دەگریا. باوکم چەند وشەیەکی گوت کە لێی حاڵی نەبووم؛ پاشان گشتیان لەوێ ڕۆیشتن.

لەسەر کورسییە ئاسوودەکە ئەژنۆم لە باوەش گرتبوون و فرمێسکم دەوەراند. لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی پێی قورسی چەندان کەس بوو کە قرچەیان لە پلیکانە دارەکان دێنا، ئەوان تەرمی کلۆشێتیان دەبردە خوارێ.

**پەراوێزەکان:**

**١- Clochette لێرەدا نازناوی ژنێکە، بەڵام ئەسڵی وشەکە واتە «زەنگوڵە».**

**٢- جۆرێک ماڵی ئاغاواتی بووە.**

**٣- ئەم جۆرە تووکن بوونە لەوانەیە پێوەندی بە کچ بوونی قارەمانی چیرۆکەوە هەبێ، زۆربەی جاران قەیرەکچ تووکنن، بە تایبەتی لە گوند و دێهاتی جاران وا بووە. (پەراوێزی دانراو لە دەقی فەڕەنسیدا)**

**٤- Chaufferette جۆرێک مەنقەڵی سەر داپۆشراوە کە جاران خەڵکی فەڕەنسا (وەک سۆبەیەکی بچووک) خۆیان پێ گەرم دەکردەوە.**

**٥- Prosper Malet ناوی ئاشەکەیە.**

**٦- لێرەدا مەبەست ئاشێکە بە با بسووڕێتەوە.**

**٧- Jean-Jean Pilas**

**٨- فرسەخ: مەودایەکی ڕێگایە بەرانبەر بە ٦ کیلۆمەتر.**

**٩- Hallets ناوی دارستانێکە.**

**١٠- Noirpré ناوی کێڵگە و مەزرایەکە.**

**١١- غوڕابی: بیسکویت، هەروەها لە یۆنان و تورکیا بە جۆرێک شیرینی دەڵێن (کوورابیە).**

**١٢- Le père Grabu**

**١٣- Hortense**

**١٤- Sigisbert لەقەبی مامۆستای گەنج بووە.**

**١٥- لە دەقی فەڕەنسیدا پیاوی گەنج بە (ئێوە) کچەکە دەدوێنێ.**

**سەرچاوە:**

**هۆرلا ؛ نووسەر: مۆپەسان ؛ پێداچوونەوە: ئاندرێ فێرمیژیە؛ چاپەمەنیی گەلیمەر، فەڕەنسا، مارسی ٢٠٢٠.**

Le Horla, Maupassant, édition d'André Fermigier, Gallimard, imprimé en France, .mars 2022

# لە چاوەڕوانیدا

داستان بەرزان
(سلێمانی)

## شانۆنامەیەک بۆ گەنجان



دوو منداڵ تەمەنیان لە نێوان ١٢بۆ ١٨ساڵدان، لە ژوورێکی گەورەی ناو فەرمانگەی منداڵانی بێسەرپەرشتدان، کە چەند سیسەمێکی چۆڵی خەوی تێدایە، هەندێک جلوبەرگ و وێنەی سەمەرەی هەریەک لە ڕەنگ و مانایەک بە دیوارەکانیدا هەڵواسراون، بە دەنگی دەرەوەدا دیارە شەوی سەری ساڵە و خەڵکی لەسەر شەقامەکان سەرقاڵی ئاهەنگ و خواردن و خواردنەوەن، منداڵەکانی دیکەی هەمان ژووریش بۆ مەبەستی جیاجیا لە پەنجەرە و دیوارەکانی فەرمانگەکەوە چوونەتە دەرەوە، تەنیا ئەمان لەوێدا ماون.

**منداڵی١:** (خەریکی وردبوونەوەیە لە ئایپادێکی شکاوەوە، لەبەر خۆیەوە قسە دەکات) ئەمڕۆ لە سەرەنوێڵکەکەی ڕۆژئاوای شار دۆزیمەوە، سەرەتا وامزانی کێشەیەکی ئاسانی هەیە و دەتوانم زوو چاکی بکەمەوە، (زیاتر لە ئایپادەکە وردە دەبێتەوە) ئێستا دەبینم چەندان کێشەی هەیە، (لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات) بەڵێ ڕاستە من وەستای چاککردنەوەی ئامێرە کارەباییەکان نیم، (وچانێک) بەڵام ئەوەتا دەبینم ئەم بەڕێزە هەر لە ڕووکەشدا دووگمەی داگیرساندنی پێوە نەماوە، ئەوەتا درزێکی گەورەش کەوتووەتە سەر شاشەکەی، وەکی دیکەش پشتی پێوە نییە و لە ناو شتە بچووکە جۆراوجۆرەکانی ناویشیدا جێگەی هەندێکیان بەتاڵە.

**منداڵی٢:** (سەرقاڵی خواردنی پاروویەکە) ئەگەر کێشەی نەبووایە فڕێ نەدەدرا!

**منداڵی١:** هەندێک جار وادەزانم خەڵکی بە دەستی ئەنقەست هەندێک شت لە سەرەنوێڵکەکە فڕێ دەدەن، بۆ ئەوەی ئێمە سوودێکیان لێوەربگرین.

**منداڵی٢:** خەڵکی هەرگیز کاری واناکەن.

**منداڵی١:** تۆ زۆر زوو کۆڵ بە شتەکان دەدەیت.

**منداڵی٢:** خەڵکی شتێک ئەگەر تۆزێک بە کەڵکیش بێت، ئامادەنین تەنانەت بشیبەخشن، نەک فڕێی بدەن.

**منداڵی١:** بەڵام ئەو شتانەی دەبەخشرێن، پێویستە بەکاربێن!

**منداڵی٢:** خەڵکی کە دڵنیادەبنەوە شتێک کەڵکی هیچی نەماوە، پاشان دەیبەخشن.

**منداڵی١:** بەڵام بۆچی خەڵکی لەو شتانەی هەیانە هەندێک جار بەشی ئێمەش ناخەنە ناو سەتڵی خۆڵەکانیانەوە؟ بۆ ئەوەی ئێمەش سوودێکیان لێوەربگرین!

**منداڵی٢:** ئەم قسانەمان چەندان جار باس کردووە، ماندوو نەبوویت؟

**منداڵی١:** پرسیارێکە زۆرجار لە خۆمی دەکەم، لە تۆش،لە هاوڕێکانی دیکەشمان.

**منداڵی٢:** خەڵکی هەرگیز وەهایان نەکردووە و نایکەن، ئەگین بۆ یارمەتیدانی ئێمە، شێواز زۆرە.

**منداڵی١:** ئەمەش شێوازێکە.

**منداڵی٢:** لانیکەم ئەو خواردنەی فڕێی دەدەن، بەو جۆرە بەناو یەکدا تێکەڵی نەکەن و نەیکەنە هەمان کیسەوە کە دەبە و شووشەی دەرمان و کلێنس و دایبی و سانتی و کۆندۆمەکانیانی تێدەکەن.

**منداڵی١:** من زۆرجار ڕانە مریشکم لە ناو دایبیدا دەرهێناوە، بەڵام تەنیا میزاوی بووە!

**منداڵی٢:** منیش زۆر شتم لەوێدا دۆزیوەتەوە.

**منداڵی١:** وەکوو چی؟

**منداڵی٢:** کتێب

**منداڵی١:** چ کتێبێک؟

**منداڵی٢:** ئینجیل

**منداڵی١:** باسی چی دەکرد؟

**منداڵی٢:** دروستبوونی جیهان.

**منداڵی١:** چیتر؟

**منداڵی٢:** پیاوێک

**منداڵی١:** کام پیاو؟

**منداڵی٢:** پیاوێکە لە خاچ دەدرێت.

**منداڵی١:** بۆچی؟

**منداڵی٢:** میهرەبان بوو؟

**منداڵی١:** تا کۆتایی میهرەبان بوو؟

**منداڵی٢:** لە کۆتاییدا گلەیی دەکات.

**منداڵی١:** گلەیی؟!

**منداڵی٢:** بەڵێ گلەیی.

**منداڵی١:** گلەیی چی؟

**منداڵی٢:** دەڵێت: (باوکە بۆ بە تەنیا بەجێت هێشتم؟)

**منداڵی١:** ئەی پاشان؟

**منداڵی٢:** هەر کتێبەو بە جۆرێک ئەم چیرۆکە دەگێڕنەوە.

**منداڵی١:** تۆ ئەمانە چۆن دەزانیت؟

**منداڵی٢:** بەهۆی سەرەنوێڵکەکەوە.

**منداڵی١:** (وەک ئەوەی هەست بکات ئاپادەکە دەنگێکی لێوە دێت، لە گوێی نزیک دەکاتەوە.) سەرەنوێڵک بۆ ئێمە زۆر شتە.

**منداڵی٢:** (وێنەیەکی گەورەی پیس و پۆخڵ لە ژێر سیسەمەکەیدا دەردەهێنێت، دەست بە پاککردنەوەی دەکات) دەمەوێت ئەگەر وێنەکەم بەلاوە جوان بوو بە جێیەکی یەکێک لەم دیوارانەوەی هەڵبواسم.

**منداڵی١:** بیرت نەچێت تەنیا دیواری ژوور

سەری خۆت، بۆ تۆیە! لاتەنیشتیشت ئەوەیان بێگومان ئەگەر هەتبوو.

**منداڵی٢:** دەزانم هەر بۆ خۆشی ئەو قسەیەم کرد، بە خەونی ئەوەی ڕۆژێک بێت...

**منداڵی١:** (قسەکەی پێدەبڕێت) کێ بێت؟

**منداڵی٢:** ڕۆژێک.

**منداڵی١:** ئاخر لەو ڕۆژەدا کێ بێت؟ ئەی ئەو هەموو جارێک لە شەودا نایەت؟

**منداڵی٢:** تۆ هەرگیز بینیوتە؟

**منداڵی١:** نەخێر

**منداڵی٢:** دەزانی ڕەنگی چۆنە؟

**منداڵی١:** تەنیا لەوێنەدا.

**منداڵی٢:** کێ دەڵێت ئەوەی ناو وێنەکان خۆیەتی؟

**منداڵی١:** ئەو کاتە کە هێشتا لە قوتابخانە مابووم، مامۆستاکەشمان هەمان وێنەی نیشان دەداین و دەیگوت ئەوە خۆیەتی!

**منداڵی٢:** مامۆستاکان تەنیا کاتەکانمان پێ بەڕێ دەکەن.

**منداڵی١:** پاش ئەویش چەندجار بینیومە دایکان و باوکان جلوبەرگەکەیان بۆ منداڵەکانیان کڕیوە، هەر هەمان شێوەی هەبووە!

**منداڵی٢:** (لە خەیاڵەوە چووە) بەقسەی مامۆستاکان بووایە، ئێستا ئێمە دەبوو لە بەهەشت بین.

**منداڵی١:** چۆن؟

**منداڵی٢:** بیرتە مامۆستاکەمان هەمیشە دەیگوت هەر کەسێک ئایەتێک لەبەر بکات، خودا دەیخاتە بەهەشت؟

**منداڵی١:** ئەو مەبەستی بووە کاتێک مردین، پاشان دەچینە بەهەشت!.

**منداڵی٢:** من کە مردم حەزناکەم بچمە بەهەشت..

**منداڵی١:** کەوایە حەزەکەی بچیتە کوێ؟

**منداڵی٢:** حەزەکەم هەر لە سەرەنوێڵکدا بمێنمەوە.

**منداڵی١:** ئاخر ئاسمان سەرەنوێڵک نییە!

**منداڵی٢:** (وێنە گەورەکە بە تەواوی پاک دەکاتەوە، بە ژوور سەریدا دەست دەکات بە هەڵواسینی)

**منداڵی١:** (سەیری وێنەکە دەکات) شێوەیەکی سەیری هەیە!

**منداڵی٢:** لە باوکمان دەچێت!

**منداڵی١:** بەڵام باوکی ئێمە سمێڵی وەها نەبوو.

**منداڵی٢:** ڕاستە تەنیا قژی وەها دادەهێنا، بەتایبەت ئەو کاتانەی دەگەڕایەوە بۆ جەنگ.

**منداڵی١:** (وێنەیەکی باوکی لە ژێر سەرینەکەی دەردەهێنێت) ئەو زۆر بەرگریی کرد، بەڵام دوژمنەکان هەر کوشتیان.

**منداڵی٢:** (وێنەیەکی دایکی لە ژێر سەرینەکەی دەردەهێنێت) ئەویش زۆر هاواری کرد، بەڵام دوژمنەکان هەر بردیان.

**منداڵی١:** تۆبڵێی ئەم شەو بێت؟

**منداڵی٢:** کێ؟

**منداڵی١:** پیاوە قژ و ڕیش سپییە جلوبەرگ سوورەکە.

**منداڵی٢:** ئەوەی قسەکەی دڵمانی پێ دەڵێین تا لەگەڵ خۆی بیبات بۆ لای خودا؟

**منداڵی١:** کێ.

**منداڵی٢:** پیاوە قژ و ڕیش سپییە جلوبەرگ سوورەکە.

**منداڵی١:** ئەوەی قسەی دڵمان دەبات بۆ خودا؟

**منداڵی٢:** هەموو جارێک لە ئاسمانەوە بەسەر هەورەکاندا دێتەخوارەوە، پاشان بە

خـۆی و گالیسـکەکەیەوە کـە چەنـد ئاسـکێک، یـان چەنـد مەڕەکێوییـەک ڕایدەکێشـن، بەسـەر بەفری چیاکاندا شۆڕدەبێتەوە بۆ نـاو شـارەکان.
(لەسـەر سیسـەمەکەی وەک ئـەوەی لەسـەر گالیسکەیەک بێت، چەرچەفەکـەی بەسـەر شانیدا دەدات و سـەتڵێکی سـوور کـە لەوێـدا دانـراوە، دەیکاتـە سـەری و خـۆی دەکاتـە بابانوئێـل) لـەل لا، لـەل لـەل لا، لـەل لـەل لـلا.... ها کوڕە جوانەکـە حـەزت لـە چ دیارییەکـە؟
**منداڵی١:** حەزم لە هیچ دیارییەک نییە!
**منداڵی٢:** (بەسەرسوڕمانەوە) چۆن؟ (سـەتڵەکە لەسـەری دەهێنێتـە خـوارەوە) پێـی بڵـێ کـوا دایکمـان؟
**منداڵی١:** کوا دایکمان؟
**منداڵی٢:** (سـەتڵەکە دەکاتـەوە سـەری) تەنیـا خـودا دەیزانێت.
**منداڵـی١:** ئێمـەش دەمانەوێـت لـەو بۆمـان بپرسـیت.
**منداڵی٢:** هـەر ئـەم شـەو کـە گەڕامـەوە، هـەر ئـەم شـەویش دەتانبـەم بۆ لای.
(هەردووکیـان لـە نێوانـی سیسـەمەکانیاندا پێکـەوە بەدەم لـەل لـەل لا.. لـەل لـەل لا... لـەل لـەل لـەل لا، دەکەونـە سـەما و شـادیی دەربڕیـن).
(دەنگـی هـۆڕن و هـاواری خەڵکـی دەرەوە لـە خەیاڵەکەیانیـان دادەبڕێـت، دەچنـەوە سـەر سیسـەمەکانیان).
**منداڵی١:** هەر دێت؟
**منداڵـی٢:** ئـەم شـەو دواییـن شـەوی سـاڵە، دەبێـت هـەر بـێ.
**منداڵی١:** ساڵی پاریش هەروات گوت.
**منداڵی٢:** وتم چی؟
**منداڵی١:** وتت هەر دێت.
**منداڵی٢:** بەهیـوام ئـەم سـاڵ بێـت، چونکـە زۆر بێزاربووین.
**منداڵی١:** لە چی؟
**منداڵی٢:** لە چاوەڕوانی.
**منداڵـی١:** تۆبڵێیـت منداڵانـی دیکـەش هەبـن چاوەڕوانـی بکـەن؟
**منداڵی٢:** ڕەنگە
**منداڵی١:** تەنیا ئەوانەی دایکیان ڕفێنراوە؟
**منداڵـی٢:** نەخێـر مـن چەنـد جـار دیومـە لـە تەلەفزیۆنەکانـەوە چـووە بۆلایـان و وێنـەی لەگـەڵ گرتـوون.
**منداڵی١:** بـەڵام ئێمـە نامانەوێت وێنـەی لەگەڵدا بگرین.
**منداڵی٢:** ڕاسـتە ئێمـە نامانەوێت وێنـەی لەگەڵـدا بگرین.
(بە دەنگی شووشەی پێک و هاوار و پێکەنینیاندا دیـارە لـە دەرەوە خەڵکـی خۆیـان بـۆ کاتژمێـر ١٢ی شـەو ئامـادە دەکـەن، تاکوو گرنگتریـن سـاتی ئـەو شـەوە لەگەڵ خۆشەویستانیان بەسـەر ببەن).
**منداڵـی١:** (خـۆی گیـف دەکاتـەوە، چەشـنی ئـەوەی لەگـەڵ بابانوئێلدا قسـە بـکات، ڕووەدەکاتـە منداڵـی دوو) ئێمـە دەمێکـە چاوەڕێـی تۆیـن، بۆچـی وا درەنـگ کەوتیـت؟
**منداڵـی٢:** (خـۆی گیـف دەکاتـەوە، چەشـنی ئـەوەی لەگـەڵ بابانوئێلدا قسـە بـکات، ڕووەدەکاتـە منداڵـی یـەک) ڕاستەکات ئێمـە چاوەڕێت بوویـن، نەدەبـوو وەهـا درەنـگ بێیـت.
**منداڵی١:** ئەی ئەگەر وتی کام خەون؟
**منداڵی٢:** خەونی گەڕانەوەی دایکمان
**منداڵی١:** نازانم! بیرم نییە! خەونی چی؟
**منداڵی٢:** خەونەکەمان؟
**منداڵی١:** بەڵێ
**منداڵی٢:** نازانم! بیرم نییە! خەونی چی؟
(بـەدەم خەیاڵـەوە بـە نـاو ژوورەکـەدا دەگەڕێن،

بەدەم خەونەوە دەست دەکەن بە وڕێنەکردن)

**منداڵی٢:** خەونی زوو گەورەبوون.

**منداڵی١:** خەونی ڕزگاربوونمان لەم شوێنە.

**منداڵی٢:** خەونی ئەوەی کێڵگەیەک لە گوندەکەمان دروست بکەین.

**منداڵی١:** (بە شێوەیەکی گێلانە) ئەها کێڵگەکە! ئەی باشە ئەگەر کێڵگەکەمان دروست کرد، مریشک ڕادەگرین؟

**منداڵی٢:** بەڵێ.

**منداڵی١:** ئەی کەروێشک؟

**منداڵی٢:** بەڵێ بێگومان.

**منداڵی١:** ئەی تۆ دەهێڵیت من گیا بدەم بە کەروێشکەکان؟

**منداڵی٢:** بەڵێ دەهێڵم.

**منداڵی١:** کەواتە با لە چاوەڕوانی بەردەوام بین.

**منداڵی٢:** با بەردەوام بین.

**منداڵی١:** لەچی؟

**منداڵی٢:** لە چاوەڕوانی.

**منداڵی١:** من حەزەکەم لێرە بڕۆم.

**منداڵی٢:** بە مەرجێک.

**منداڵی١:** مەرجی چی؟

**منداڵی٢:** کە هەرگیز نەیەیتەوە بۆ لای من.

**منداڵی١:** ئاخر بەیانی کابرای چاودێر دێت، کە من دیارنەبم لە تۆ هەڵدەدات.

**منداڵی٢:** قەیناکە بیرم دەچێتەوە.

(منداڵی یەک دەچێتە دەرەوە، منداڵی دوو سەیرێکی وێنەکەی هیتلەر دەکات و پاشان هەڵدەستێت و هەڵیدەگێرێتەوە بە دیوەکەی دیکەیدا، کە وێنەیەکی نیمچەڕووتی شاکیرایە، بە قووڵی دەچێتە ناو وێنەکەوە، ماوەیەک بێدەنگی دروست دەبێت)

**منداڵی١:** (بەدەم هەڵکێشانی بیجامەکەیەوە) دەمێک بوو ئارەزووم دەکرد پێکەوە تەماشای ئەم وێنەیە بکەین.

**منداڵی٢:** (لە سەیرکردن بەردەوام و خۆی تێک نادات، تەنانەت ئاوڕیش ناداتەوە) چوویت بۆ کوێ؟

**منداڵی١:** (دەچێتە سەر سیسەمەکەی و بەرانبەر وێنەکە دادەنیشێت) چووم میزم کرد.

**منداڵی٢:** بیرتە ئەو جارە کارمەندە گەنجەکەی ئێرە لە سالۆنەکەدا بە چ زەبرێک دارەکەی کێشا بەسەرتدا؟

**منداڵی١:** پاشان تۆ هاوارت کرد و بۆ من گریایت.

**منداڵی٢:** دواتر ئەویش پڕ بە سالۆنەکە هاواری کرد: ئێوە دوو برای گێلن، ئەگەر باش بوونایە باوکتان نەدەکوژرا و دایکتان هەڵنەدەگیرا.

**منداڵی١:** ئەو مرۆڤێکی کهولیست و تووڕەبوو.

**منداڵی٢:** پاش ماوەیەک لێرە نەما، گواستیانەوە بۆ نەخۆشخانەی دەروونی.

**منداڵی١:** بە نەخۆشی خۆی؟

**منداڵی٢:** نەخێر کردیانە بەڕێوەبەر.

**منداڵی١:** ئەی ئەو کهولیست و تووڕە نەبوو؟

**منداڵی٢:** ئەوانیش کەسێکی وەهایان بۆ ئەوێ دەویست.

(وچانێکی زۆر)

**منداڵی١:** بڵێیت بێت؟

**منداڵی٢:** هەر دێت.

(گوێیان لە دەنگی کردنەوەی دەرگا و تەقە تەق دەبێت، پاش تۆزێک گوێهەڵخستن، کارمەندەکانی فەرمانگەکەن، خێرا خۆیان دەخزێننە ناو جێگا خەوەکانیان)

دەنگی کارمەندێک لە دەرەوە: (بەسەرخۆشی) ڕۆیشتوون، یان هاتوون کێشەی ئێمە نییە،

ئێمە شەوەکەی خۆمان تێک نادەین، بەیانی هەر خۆیان دەگەڕێنەوە.

دەنگی کارمەندێکی دیکە: پشکۆییان بخە و هەر بیریشیان لێ مەکەرەوە، بێنە ویسکییەکە، سەروپێکی دیکە دەخۆین و بۆ ناو خەڵکەکە دەڕۆینەوە، ئەوەندەشی نەماوە ببێتە کاتژمێر دوازدە.

(دەنگی شووشە و پێک و بڵمەبڵمیان دێت، پاشان دەڕۆنەوە دەرەوە و دەرگایەک بە توندی لە دوای خۆیانەوە دادەخەن، منداڵەکان ڕادەچڵەکێن)

**منداڵی١:** خەونم پێوە بینی!

**منداڵی٢:** دایکم؟

**منداڵی١:** پیاوە قژ و ڕیش سپییەکەی لە ئاسمانەوە دێت.

**منداڵی٢:** وتی چی؟

**منداڵی١:** وتی هەر دێم.

**منداڵی٢:** وتت ئێمە چاوەڕێی ئەوین؟

**منداڵی١:** براکەم بەڵێ.

**منداڵی٢:** وتت ئێمە بێزاربووین؟

**منداڵی١:** براکەم بەڵێ.

**منداڵی٢:** شێوەی چۆن بوو؟

**منداڵی١:** لە نزیکەوە نەمبینی، تەنیا دەزانم جلەکانی سوور، لەسەر گالیسکەیەک کە چەند ئاسکێک، یان مەڕەکێوییەک ڕایان دەکێشا، بەسەر بەفرەکەدا بەرەو جێگایەک دەخلیسکان!

**منداڵی٢:** چ جێیەک؟

**منداڵی١:** ڕەنگە ئێرە!

**منداڵی٢:** کەواتە با چاوەڕوان بین.

(دەنگی یاریی ئاگرین و هاوار و قیژەی خۆشیی خەڵکی لە دەرەوە دێن، ڕووناکیی یارییە ئاگرینەکان لە هەندێک بەشی دیوارەکانی ژوورەکە دەدەن، ئەمان بێزاری دەنوێنن و نازانن چی بکەن تا هەست بەو ساتە نەکەن، سەریان بە دیوارەکانەوە دەنووسێنن، خۆیان دەخەنە ناو جێگە خەوەکانیان، دێن و دەچن و بە ناو ژوورەکەدا، هاوار دەکەن، بێدەنگ دەبن، بەڵام دەنگی دەرەوە تا دێت کەشەکە داگیر دەکات، منداڵەکان لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دەدەن بە زەویدا، بەهێواشی دەنگەکەی دەرەوە نامێنێت، ئەوان وەک دوو پەیکەر بە دانیشتنەوە پشتیان پێکەوە نووساندووە، وەک ئەوەی هەر یەکێکیان پاڵی بە درەختێکەوە دابێت، ماوەیەکی درێژ بەو شێوەیە دەمێننەوە، کەشی شانۆ بێدەنگە).

**منداڵی٢:** تۆ دەڵێی دێت؟

**منداڵی١:** مادام ئێمە دەتوانین چاوەڕوانی بکەین ئەو هەر دێت.

**منداڵی٢:** پێی دەڵێین باپیرە گیان ئێمە باوکمان بە دیار چاوی خۆمانەوە کوژراوە، دایکمان ڕفێنراوە.

**منداڵی١:** دەزانین باوکمان مردووە، بەڵام دەمانەوێت بزانین دایکمان چی لێهاتووە؟

**منداڵی٢:** ئەی باپیرە چی؟

**منداڵی١:** ئەو کات ئەویش لێرە دەرمان دەهێنێت.

**منداڵی٢:** پاشان ڕێگای گوندەکەی خۆمانمان نیشان دەدات.

**منداڵی١:** (بە شێوەیەکی گێلانە) ئەها کێڵگەکە! ئەی باشە ئەگەر کێڵگەکەمان دروست کرد، مریشک ڕادەگرین؟

**منداڵی٢:** بەڵێ.

**منداڵی١:** ئەی کەروێشک؟

**منداڵی٢:** بەڵێ بێگومان.

**منداڵی١:** ئەی تۆ دەهێڵیت من گیا بە کەروێشکەکان بدەم؟

**منداڵی٢:** بەڵێ دەهێڵم.

**منداڵی١:** کەواتە با لە چاوەڕوانی بەردەوام بین.

**منداڵی٢:** با بەردەوام بین.

**منداڵی١:** لەچی؟

**منداڵی٢:** لە چاوەڕوانی.

**منداڵی١:** بۆچی؟

**منداڵی٢:** بۆ ئەوەی دوای ئەوەی دایکمان دۆزییەوە، بڕۆین لە گوندەکەی خۆمان کێڵگەیەک دروست بکەین.

**منداڵی١:** دایکیشمان دەبەینەوە بۆ گوندەکەمان؟

**منداڵی٢:** بەڵێ، ئەویش لەگەڵمان کێڵگەکە دروست دەکات.

**منداڵی١:** تۆ و دایکم دەهێڵن گیا بە کەروێشکەکان بدەم؟

**منداڵی٢:** بەڵێ

(هەڵدەستن و دەچن بۆ سەر جێگە خەوەکەیان، دەست دەکەن بە داپۆشینی خۆیان)

**منداڵی١:** ئەگەر ئەم شەویش نەهات سەبەینێش هەر چاوەڕوان دەبین.

**منداڵی٢:** بێگومان

**منداڵی١:** چونکە کە دایکم گەڕایەوە دەچینەوە بۆ گوندەکەی خۆمان.

**منداڵی٢:** کێڵگەیەک دروست دەکەین.

(وردە وردە هەردووکیان خاودەبنەوە)

**منداڵی١:** (نزیکە خەو بیباتەوە) تۆ و دایکم دەهێڵن من گیا بدەمە کەروێشکەکان.

**منداڵی٢:** بەڵێ بێگومان.

**منداڵی١:** لە گوندەکەی خۆمان مریشکیش ڕادەگرین.

(منداڵی دوو وەک ئەوەی خەوی لێکەوتبێت، هیچ دەنگ و جووڵەیەکی نامێنێت، جۆرێک لە سامناکی باڵ بەسەر کەشی گشتیی شانۆدا دەکێشێت.)

**منداڵی١:** (چەشنی ئەوەی وڕێنە بکات، لەبەرخۆیەوە دەپەیڤێت) هەردووکمان بە یاوەری دایکم کاتێک کێڵگەکەمان دروست کرد، بۆ گۆڕی باوکیشم دەگەڕێین (ترسی لێ دەنیشێت، پاشان بۆ دەمێک بێدەنگی دایدەگرێت...) باوکم دەدۆزینەوە، من و دایکم، هەروەها تۆش ئەگەر هێزی گێڕانەوەی ڕابوردووت هەبوو، سەربووردەی هەموو ئەو کاتانەی بۆ دەگێڕینەوە، کە دوور لە یەکتر تێمان پەڕاندن، ناخۆشییەکان، ئاستەنگەکان، دزێوی، فریودان، ئەشکەنجە، بێدەرەتانی... (لە خەیاڵەوە دەچێت، ورتە ورت دەکات، پاشان بێدەنگییەک کە ترس لە دڵدا ساز دەکات...) باسی سەرەنوێڵکەکە، باسی ئێرە و کارمەندە تووڕەکانی، باسی ڕۆژان و شەوانی چاوەڕوانی و خەون بینین بە ڕۆژانێکی دیکەوە، باسی برینەکانی سەر جەستەمان بە دەستی پیاوانی دڵڕەق، کاتێک وەک ئاژەڵێکی نەفرەتلێکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردین و لە پاش هەر...... (دەیەوێت بگری، بەڵام ڕێگا نادات و دەیگرێتەوە، بە تووڕەییەوە خۆی بۆ سەر سیسەمی خەوەکەی دەهاوێت و لەگەڵ سەرینەکەی ئاماژەکانی دەستدرێژی سێکسی بەرجەستە دەکات، تا دەگات بە دوو جۆر هاوار، یەکێکیان هانکە هانکی پیاوێک کە خەریکە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵێک دەکات، ئەوی تریان نرکە و پاڕانەوەی منداڵەکە بەدەم ئازاری جەستە و دەروونەوە...) کێ؟ دایکم؟ دەرفەت بە ئەویش دەدەین با خۆی چیرۆکی خۆی بێگرێتەوە، خۆ ئێمە نازانین ئەو بۆ کوێ براوە و چی بەسەرهاتووە! من و تۆ تەنیا باسی خۆمانی بۆ دەکەین، دایکیشم باسی خۆی (بێدەنگی) کێ دەڵێت دایکم باسی خۆی بۆ کەس دەکات؟! ئەی

باوکم دەتوانێت بەرگەی بەسەرهاتەکانی ئێمە بگرێت؟ دایکە تۆ لە کوێیت؟ (بێدەنگی) ئەی من بە تەنیا چۆن باسی هەموو شتێک بکەم؟ (وچانێک) ئەی پیاوانی سەرکردە سیاسییە ناشیرینەکە؟ ئەوەی لە بەرانبەر بڕێک پارەدا هەموو جەستەیان دەکردین بە وێنەی سەرۆک و ئالای حزبەکەیان و بەدەم هوتاف کێشان بۆ سەرۆک و حزب ڕەوانەی بازاڕیان دەکردین؟ (دەیەوێت بگری، بەڵام ڕێگا نادات) ڕۆژێک لە داخی ئەم ڕەفتارەمان گرووپێک لە حزبەکەی دیکە پەلکێشیان کردین بۆ ناو ئۆتۆمۆبێلێکی جام ڕەش و بردیانین بۆ جێگایەک کە وابزانم تەنیا خودا دەیزانی کوێیە، لەوێدا چەند توانییان سووکایەتییان پێ کردین، پاشان زۆر بێبەزەییانە کەوتنە لاقەکردنمان (لێرەدا ئاکتینی کەسانی گرووپەکە دەکات، هاوشێوەی چەند کەسێکی سەرخۆش) دەبڕۆن بەچکە بەرازینە، بڕۆن لە کوڵمان بنەوە، (پێدەکەنێت) ناڕۆن... تازە چەشە بوون (وچانێکی کورت) دەبڕۆن تووتکە سەگینە، بڕۆن بزانین سەرۆکە پەڕۆینەکەتان چیتان بۆ دەکات؟ بڕۆن پاشەڵی خوێناوی خۆتانی پێ نیشان بدەن، بەڵکوو پارەی ڕۆژانەکەتان هەندێک بۆ زیاتر بکات.... بەڵێ.. بەڵێ باسی دەکەم، (بێدەنگی) پاشان داوا لە باوکیشم دەکەین باسی مردنی خۆیمان بۆ بکات (وچانێکی کورت) بڵێی مردن چۆن بێت؟ باوکە... ئەرێ بەڕاست مردن چۆنە؟

ئادەی پێم بڵێن: کە چووینەوە گوندەکەی خۆمان و کێڵگەکەمان دروست کرد، ئێوە دەهێڵن من گیا بە کەروێشکەکان بدەم؟ ئەی لە کێڵگەکەدا مریشک ڕادەگرین؟ بڵێی بهێڵن من گیا بە کەروێشکەکان بدەم؟ باوکە... دایکە... ئێوە لە کوێن؟

(ڕووناکی سەر شانۆ لە پێشتر زیاتر دەکات، تەواوی سەر شانۆکە زۆر ڕووناک دەبێتەوە، بێدەنگییەکی درێژ کەشەکە داگیردەکات، بە ئاستێک بینەران هەست بە کەمێک وەڕسی بکەن، پاشان منداڵی دوو لە جێگەکەی خۆی هەڵدەستێت و بە پشتییەکەی دەستییەوە ڕووەو منداڵی یەک دەڕوات، کە لەسەر جێگە خەوەکەی خەوی لێکەوتووە، هەر بە گەیشتنی بۆ بەردەم سیسەمەکەی لە ڕێکی سەری، پشتییەکە لەسەر دەمی دادەنێت و تابێت توندتر لە دەمی گیر دەکات، منداڵی یەک دەکەوێتە لنگەفرتە، منداڵی دوو قایمتر پشتییەکە لەسەر دەمی توند دەکات، تا هێواش هێواش منداڵی یەک جووڵەی لێ دەبڕێت و جەستەی خاودەبێتەوە، لەو دۆخەدا کە هێشتا منداڵی دوو پشتییەکەی لەسەر دەمی هەڵنەگرتووە، بەهێواشی ڕووناکی سەر شانۆ دەکوژێتەوە، تۆزێک سەر شانۆ بە تاریکی دەمێنێتەوە، دواتر بەهەمان ئاستی پێشوو ڕووناکی هەڵدەبێتەوە، هەردوو منداڵەکە بە بێدەنگی لەسەر سیسەمەکانیانەوە سەیری یەکتر دەکەن، دوای کەمێک وردە وردە دەست بە پێکەنین دەکەن، لە نزمەوە ئاستی پێکەنینەکەیان بۆ بەرزتر دەڕوات، بە ڕادەیەک تەواوی کەشی شانۆکە لە دەنگی بەرزی قاقای پێکەنینی ئەوان پڕ دەبێت، لە ناکاو پێکەوە ڕووناکی سەر شانۆکە و دەنگی ئەوان نامێنن.)

کۆتایی...

**تێبینی: بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیە بەهرەم لە ڕۆمانی (خەونی مشکەکان و پیاوەکان)ی (جۆن شتاینبێگ)، هەروەها شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ)وەی (سامۆئیل بیکێت) وەرگرتووە.**



## عەبدولقادر عەلی مەردان:
## یەکەم فیلمی بەڵگەنامەیی کوردیی کەرستە مێژووییەکە و بیرۆکەکەی هی من بوو.. لە بەغداش بیرم لە دزینی تابلۆیەکی هونەرمەند لالە عەبدە کردەوە.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٤ - ٤)

* عەبدولقادر عەلی مەردان کە کوڕی گەورەی هونەرمەندی بەناوودەنگی کورد، ئوستادی مەقامات (عەلی مەردان)ـە، هەر لەگەڵ فامی کردووەتەوە باوکێکی هونەرمەندی ناسراوی دیوە، بۆیە لە کاریگەرییەکانی کەسێتی و هونەری ئەو باوکە بە دوور نەبووە، منیش لەوەتەی لەناو دنیای ئەدەبیات و ڕۆشنبیریدا چاوم کردووەتەوە، ئەم پیاوە ماندووەم لە ناوەندی ڕۆژنامەوانی و هونەر و ئەدەبیات و ڕۆشنبیریدا بینیوە و ناسیوە. یەکەم جار لە بەغدا دیتم، ئەوسا چۆنم دیوە، ئێستاش هەروەک خۆی ماوەتەوە، پیاوێکی هێمن و لەسەرەخۆ، کەمدوو، دەم پاک و داوێن پاک و دڵسۆز، عاشق و جیددی بۆ کارەکەی، ئەگەرچی دەرچووی هیچ خوێندنێکی ئەکادیمیی تایبەتمەند و بەرز نەبووە، بەڵام زۆر بە جوانی و بە وردی سەری بەسەر ئیشەکەی خۆیدا شۆڕکردووەتەوە و دوای ساڵانێکی زۆری کارکردن، بووەتە خاوەنی ئەزموونێکی کەڵەکەبووی گەورە. پاش ڕاپەڕینیش کە بە یەکجاری گەڕاوەتەوە کوردستان، خزمەتێکی زۆری بە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی کردووە. لە بواری دیزاینی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بەردەوام سەرقاڵی هونەرکارییە و جێ پەنجەی بەسەر بزاڤی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنییەکانەوە دیار بووە.

* ئەو کاتەی لە بەغدا بوو، لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی، دواتر دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی فەرمانبەر بوو، دوای ئەوەی ناسیم، هەر جارێک سەردانی ئەو دوو دەزگایەم کردبێ، سەرم لێ داوە، دەمبینی هەمیشە سەرقاڵی کارکردنە، ئەنکێتی ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێکی لەسەر مێزەکەی بەردەمی هەڵخستووە و خەریکی دیزاین

کردنیانە، ئەو سەردەمە وەک ئەمڕۆ نەبوو بەهۆی بەرنامە پێشکەوتووەکانی کۆمپیوتەر و فۆتۆشۆپەوە بە ئاسانی ئەو کارە بکرێ، بەڵکوو دوای ئەوەی نووسینەکان تایپ دەکران و هەڵەبڕییان تەواو دەبوو، بەستوونی باریک ڕادەکێشران و دەخرانە سەر کاغەز، ئەو بە مەقەست دەیبڕین و بەدەست بەسەر ئەو ئەنکێتەی بەردەستی خۆی دابەشی دەکردن و بە (پێوەلکاندن- لصق) ئەو لاپەڕەی ئەنکێتانەی پڕ دەکردەوە، ئەمەش کارێکی زەحمەت بوو، بە هەموو کەس نەدەکرا، ئارامی و پشوودرێژی و سەلیقە و هونەر و وردەکاری دەویست، بۆیە لەو قۆناغەی کاری ڕۆژنامەگەریدا، ڕۆژنامەنووسیی کوردی قەرزاری ئەو پیاوەیە.

* سەرەتا هەر بەرێکەوت بەسەر کاری دیزایندا کەوتووە، ئەوەش کاتێک لە ساڵی ١٩٥٥ کە لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووە، ڕۆژێک بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان بە پۆلەکاندا گەڕاوە و باسی دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی بۆ قوتابییەکان کردووە، لە پۆلەکەی ئەواندا کە داوای لێ کردوون ناوی خۆیان بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی سەر دیوار بنووسن، بێجگە لە عەبدولقادر عەلی مەردان و هاوڕێ وێنەکێشەکەی تەنیشتی و هاوپۆلێکی دیکەیان، کەسی دی ناوی خۆی نەنووسیوە، هەر لەو یەکەم هەنگاوەوە هەوڵی داوە بیرۆکەی نوێ بخاتە گەڕ و ئیشێکی نوێ بکات، بۆیە لەجیاتی ئەوەی بڵاوکراوەکە هی سەر دیوار بێ، کارەکەی بە جۆرێکی دی، بە ستێنسڵ و قەڵەمەکەی جێبەجێ کردووە، واتە بەشێوەی ناملکە بووە. کە بڵاوکراوەکەیان تەواو دەکەن، سەرنجی بەڕێوەبەرەکەیان ڕادەکێشێ و ڕیکلامی دەرچوونەکەی بۆ (٣) ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەو سەردەمە دەنێرێ بە ناوەکانی: (ئەلزەمان، ئەلڕەئی، ئەلعەمەل)، کاتێک هەواڵەکە و ناوەکانیان بڵاو دەکرێنەوە، ئەوەندەی دی عیشقی کاری هونەری دەبێ و دەبێتە هاندەرێکی گەورە بۆی تا لە داهاتوودا لەسەر ئەو حەز و خولیایە بەردەوام بێ.

* عەبدولقادر عەلی مەردان لە تەمەنی (٧)



ئازاد عەبدولواحید- عەبدولقادر عەلی مەردان

ساڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن، سەرەتا لە گەڕەکی (گەهوەت شوکر) چووەتە بەر خوێندنی سەرەتایی و لە قوتابخانەی (ئەلتەسابیل) پۆلی یەک و دوو دەخوێنێ، باوکی پاکەتی جگەرە و شقارتەی بۆ پاسەوانی قوتابخانەکە کڕیوە تا لە قوتابخانە چاوی لێ بێت، ڕانەکات و بگەڕێتەوە ماڵەوە، چونکە زۆر لە قوتابخانە و قوتابییەکان ترساوە، ئەوجا بۆ پۆلی سێ و چوار چووەتە قوتابخانەی (ئەلموستەقبەل)، دوایی لە قوتابخانەی (الرصافة الثانیة) پۆلی پێنج و شەشی تەواو کردووە. بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی کۆڵ نادات، ساڵی ١٩٦٠ بە مەبەستی خوێندن، لە قۆناغی ناوەندی تێهەڵچووەتەوە، دوای تەواوکردنی ناوەندی، ساڵی ١٩٦٧ لەڕێی خوێندنی ئێوارانەوە ئامادەییش تەواو دەکات. ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧١ لە زانکۆی مونتبلیەی فەڕەنسا لە کۆلێژی یاسا و زانستی ئابووری وەرگیراوە، وەلێ بۆی نەچووە، دوایی کە لە مووسڵ فەرمانبەر بووە، لقێکی زانکۆی موستەنسرییە کراوەتەوە و لەوێ وەرگیراوە، بەڵام لەبەر گوێزانەوەی بۆ بەغدا نەیتوانیوە بخوێنێ.

* ئەو هونەرکارە دەستڕەنگینە لەوەتەی هەیە بۆ دابینکردنی بژێوی خۆی خەریکی کارکردنە و ڕەنج دەدا، یەکەم جار لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا، واتە لە ساڵی ١٩٥٨ وەک کرێکار ڕۆژانە بە (٣٠٠) فلس لە بەڕێوەبەرایەتیی پێداویستیی پزیشکی لە بەغدا کاری

کـردووه، دواتـر لـه سـاڵی ١٩٦٤ لـه بەڕێوەبەرایەتیـی نانەواخانەکانی بەغدا کە سەر بە (مصلحة الاعاشة العامـة) بـووە کاری کـردووه. لـه سـاڵی ١٩٦٨ لـه بەڕێوەبەرایەتیـی (اعمـار الشـمال) بەناوونیشـانی (کۆپیکـەری نەخشـەکان- ناسخ خرائط)، بـه ڕۆژانـەی (٧٠٠) فلس کاری کـردووه، پاشان بۆ موتەسـەڕیفیەتی لیوای (کەرکووک)ی دەنێـرن و لـەوێ تـا سـاڵی ١٩٦٩ دەمێنێتـەوه، لـەو شـوێنەش کاری نەخشەسـازی بـۆ ئـەو بەڕێوەبەرایەتییـە کـردووه، هـەر لێـرەش فێـری بەکارهێنانـی قەڵەمـی (ڕۆترینـگ) بـووه.

* لـه ژیانیـدا زۆر کار و ئەرکـی کارگێـڕی بینیـوه و زۆر جێگۆڕکێـی پـێ کـراوه، ئەرکەکانـی لـه بەغـدا، کەرکـووک، مووسـڵ جێبەجـێ کـردووه، بـۆ نموونـه کـه لـه سـاڵی ١٩٧٠ بووەتـه فەرمانبـەری هەمیشـەیی لـه (دەزگای ڕۆشـنبیریی کرێـکاری- مؤسسـة الثقافـة العمالیـة) دەینێرنـه شاری کەرکووک و مووسڵ کـه لقی ئـەو دەزگایـه لـەو دوو شارەدا هەبووه. سـاڵی ١٩٧٢ بـۆ وەزارەتـی ڕۆشـنبیریی و هونـەر دەیگوێزنـەوه، لەوێـوه بـۆ (بەڕێوەبەرایەتیـی ڕۆشـنبیریی کـوردی) تەنسـیبی دەکـەن. دوای یەکگرتنـەوەی هـەردوو (بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشـنبیریی کـوردی) و خانـەی (هـاوکاری) ناوەکـەی دەکرێتـە: (دەزگای ڕۆشـنبیریی و بڵاوکردنـەوەی کـوردی) و عوسـمان فایـەق دەکرێتـه بەڕێوەبـەری گشـتیی دەزگاکـه، ئەویـش یەکسـەر (١٣) کارمەنـدی دەزگاکـه دوور دەخاتـەوه، کـه یەکێکیـان (عەبدولقـادر عەلـی مـەردان) بـووه، بـەڵام زۆر نابات و دوای مانگێک دەیگەڕێنێتـەوه سـەر کارەکـەی خـۆی. جارێکـی دی دەیبەنـه سـەر میلاکـی وەزارەتـی ڕاگەیانـدن، دواتـر لـه حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتـەوه دەزگای ڕۆشـنبیریی و بڵاوکردنـەوەی کـوردی، لـەو ماوەیەشـدا لـه ڕۆژنامـەی (هـاوکاری) و هـەردوو گۆڤـاری (بەیـان) و (ڕۆشـنبیری نـوێ)دا کار دەکات، هەروەهـا دەیـان کتێـب و نامیلکـەی کوردیـی دەزگاکـەی بـه دەسـتیی دیزایـن کـردووه، سـەرەڕای ئـەوەش سەرپەرشـتیاری چاپەمەنییەکانـی دەزگاکـەش بـووه.

* لـه ١٩٧٣/١٢/١٩، بـه تۆمەتـی پێوەنـدی بـه (پارتی دیموکراتی کوردستان)ـەوه دەست بەسـەر دەکرێ، لەبەر ئـەوەی لـه سـاڵی ١٩٧٠ بەهـۆی پێشـمەرگایەتییەوه لـه سـەربازی تەسـریح کـراوه، (٤٣) ڕۆژ لـه هەواڵگەریـی سـەربازی لـه بەعقووبـه تووشی ئەشـکەنجه و ئازارێکـی زۆر دەبـێ، دواتـر هـەر لـەو شـوێنەدا بـۆ مـاوەی (٢) سـاڵ زیندانیی دەکرێ، لـه مـاوەی ئـەو دوو ساڵەدا (٦) کـەڕەت لـه دادگای سـەربازیدا دادگایـی دەکـەن، دوای ئـەوەی دۆسـیەکەی ڕەوانـەی دادگای بەنـاو (شـۆڕش) دەکرێ، لـه دوای (٣) دانیشتن، بـه (٢) سـاڵ زیندانی حوکـم دەدرێ، بەهـۆی حسـێوکردنی مـاوەی (٢) سـاڵی زیندانی بوونەکـەی، ئیدی لـه ١٩٧٥/١٠/٢٠ ئازاد دەکرێ، دوای (١٢) ڕۆژ لـه خزمەتـی سـەربازی، تەسریح دەکرێ، ئەوجـا دەیگەڕێننـەوه سـەر وەزیفەکـەی پێشـووی و لـه ١٩٧٥/١٠/٢٥ لـه بەڕێوەبەرایەتیـی ڕۆشـنبیریی کـوردی دەستبەکار دەبێ.

* گوزەرانی خانـەوادەی عەلی مـەردان مـام ناوەنـدی بـووه، نـه هـەژار و نـه دەوڵەمەنـد بـوون، بـه خێزانێکـی (٥) کەسـی جاجمێکـی کۆنـی خـوری و لێفه شـڕەیەکیان هەبـووه و لەیـەک ژووردا ژیـاون، بـەڵام خۆیـان بـه هـەژار نەزانیـوه و قەناعەتیـان بـه بەشـی خۆیـان هەبـووه، هەرچەنـده باوکـی قـەت هانـی منداڵەکانـی نـەداوه لـه هونـەر نزیـک ببنـەوه و توخنـی کاری هونەریـی بکـەون، بـۆ ئـەوەی بپەرژێنـه سـەر خوێنـدن و زیاتـر بـه تەنـگ داهاتـووی خۆیانـەوه بـن و بەهـۆی هونـەرەوه وەک خـۆی ڕەنـج بـه خەسـار و دامـاو نەبـن، نەگبەتـی نەیانگـرێ و ژیـان و پاشـەڕۆژی خۆیـان نەفەوتێنـن. دیـاره بـۆ ئـەو هەڵوێسـتەی باوکیـان لەخۆیـەوه سـەیری هونـەری کـردووه کـه ئـەو لـه سـایەی هونـەرەوه هیچـی بەهیـچ نەکـردووه، هونـەری ڕەسـەن و ڕاستەقینه دەبـێ هەمـوو ژیانتـی پـێ ببەخشـی، بـەڵام مەمرەومـەژی ژیانێکـی کولەمەرگـی بەسـەر ببـەی.

* عەبدولقـادر عەلـی مـەردان لـه سـەرەتاوه مەیلـی وێنەکێشانی هەبـووه، هەنـدێ جـار پۆرترێتـی دایـک و باوکـی کێشـاوه، ئـەو دەڵـێ ئێسـتاش (٢) لـەو کارانـەی لـەلا مـاون، ئـەو مەیلـه هونەرییەشـی لـەو کاتـەوه دەسـتی پێکـردووه کـه لـه پۆلەکەیـدا یەکێـک لـه

قوتابییەکان کە لەتەنیشتییەوە دانیشتووە مەندائی بووە و براکەی هونەرمەندێکی بەناوبانگی ئەو ڕۆژگارەی عێراق بووە، ئەویش بە کاریگەری براکەی بەردەوام وێنەی کێشاوە، بۆیە کوڕەکەی عەلی مەردان لەجیاتی گۆرانی و مەقامات، خوو دەداتە وێنەکێشان و ڕۆژ دوای ڕۆژ هونەرەکەی پێش دەکەوێ، کەچی دەست لە هونەری وێنەکێشان هەڵدەگرێ، هەرچەندە دواتر بەردەوام ئیشی پۆستەری کردووە، لەوانە: ساڵی ١٩٧٠ پۆستەری (گەڵایەک و چوار کۆتر)ی کردووە وەک ئاماژەیەک بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەی ئادار لە ماوەی (٤) ساڵدا، لە پاش ڕاپەڕینیش خەریکی دروستکردنی پۆستەر بووە و بۆ هەموو بۆنەکان پۆستەری کردووە، کە ئەوەش درێژەپێدانی کاری هونەری نیگارکێشانیەتی.

* سەرەتای ساڵی ١٩٧٣ بیرۆکەی نووسینی سیناریۆی فیلمی دۆکیومێنتاری لە بارەی قەڵای هەولێر دەداتە هاوڕێکانی. ساڵی ٢٠٠٥یش دوو فیلمی دۆکیومێنتاری بۆ (حوزنی موکریانی) و فیلمێک لە بارەی تەکنیکی چاپەمەنی منداڵان بۆ سلێمانی ئامادە دەکات.

* جگە لە کورد، عەرەبەکانیش سوودیان لە بەهرە و توانایی هونەریی ئەو وەرگرتووە و دیزاینی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بۆ کردوون وەک: (لاپەڕە ڕۆشنبیرییەکەی ڕۆژنامەی العراق، پۆستەری بۆ دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەی الجمهورية کردووە، اخبار الاسبوع القطرية، المؤتمر، المواطن، العمل الأسلامية)، ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانیش کە کاری تێدا کردوون ئەمانەن: (هاوکاری، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ)، دوای ڕاپەڕینیش تا ساڵی ٢٠١٤ ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی دیزاین کردووە: (خەبات، کوردستانی نوێ، بارزان، پزیشکی، (دۆغۆش)ی تورکمانی، وڵات، پارێزگاران، گوڵان، شارستانیەتی، دواڕۆژ، کوردستان تریبیۆن) لەگەڵ چەند ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەکی ئینگلیزی. لە بەغدا لەگەڵ بورهان قانیع و مەجید نەدیم خەریکی تایپکردنی نووسینەکانی ڕۆژنامە و بە (زەنگوغراف) وێنە و ناونیشانەکانی داناوە و وەک (جێبەجێکار – منفذ) کاری کردووە. بێجگە لە دیزاین، لە کوردستان سەرپەرشتیی دەیان کتێب و بەرگی کتێب و پۆستەر و ڕۆژنامە و گۆڤاری کردووە، لە ساڵی ١٩٩٣ تا ٢٠١٤ لێپرسراوی هونەریی گۆڤاری (هەنگ)یش بووە، کە گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵانی کورد بووە.

* ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٦ کەوتووەتە کۆکردنەوە و لە چاپدانی دوو کتێبی باوکی بەناوونیشانی: (گۆرانییەکانم) بەرگی یەکەم و دووەم، بە یارمەتی مەجید نەدیم چاپی کردوون کە سەرپەرشتیی کوردییەکەی بۆ کردووە. ساڵی ١٩٩٠ کتێبێکی دیکەی بە ناوی (عەلی مەردان و شیعری هەڵبژاردەی کوردی) ئامادە کردووە، ساڵی ٢٠١٢ چاوپێکەوتنەکانی باوکی (بینراو و بیستراو) لە کتێبێکدا بەناوی (بیرەوەری گەڵای پایین)ی کۆکردووەتەوە و بەهاوکاری (ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی) چاپی کردووە، دوو کتێبی خۆیشی بەناوەکانی: (دیزاین و نەخشەسازی) و (سینەما و هونەری سینەمایی) دیسانەوە بە یارمەتی (ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی) بە چاپ گەیاندووە.

* بۆ پێگەیاندنی وەچەیەکی نوێ لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و فیستیڤاڵی بەدرخان و کۆنفراسی میدیای منداڵان لە سلێمانی هەوڵی داوە، هەروەها لە شاری دهۆکیش لەگەڵ (محەمەد زادە)ی دیزاینەر و جواننووس وەک وانەبێژ بەشدار بووە، وانەی وتووەتەوە و هەوڵی گەیاندنی ئەزموون و زانیارییەکانی خۆی بەوانی دی داوە.

* لە ساڵی ١٩٩١ لە بەغدا خۆی خانەنشین کردووە و ڕووی کردووەتە هەولێر، تا ساڵی ٢٠١٤ کاری زۆری کردووە و بە گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە ماندوو بووە تا بەشێوە و تەکنیکێکی جوان و ڕازاوە بیانخاتە بەر دەستی خوێنەرانی کوردەوە، بۆیە هەقی لەسەرمانە بەسەری بکەینەوە و لەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی بدوێین و بە وەچەی ئەمڕۆ و داهاتووی ئاشنا بکەین.. لەو هەڤپەیڤینە بەرفراوانەدا سەرمان بەسەر هەموو ئەو ئەزموونە دەوڵەمەند و وێستگانەدا داگرتووە، پێم خۆشە پێکەوە بیخوێنینەوە تا بزانین لە سەرەتاوە چۆنی هێناوە.

**ڕامان:** یەکەم جارت بوو بەند بکرێیت و بەندیخانە ببینیت؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، لەوێ ڕاڕەوێک هەبوو، لە ڕاڕەوەکە نزیکەی سێ چوار سەعات دانیشتم، وەرەقەیەکیان دا پێی کەوا کارەکە تەواو، ئەو کەسە لەلایەن ئێمەوە وەرگیراوە، ئیدی ئەو ڕۆیشت.

**ڕامان:** باشە، دوای ئەوەی وەرگیرای، تۆیان بۆ کوێ برد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** جێگری ئەفسەرێک هات و منی بردە ژوورێک، ئەفسەرێکی لێ بوو، ئەفسەرێکی یەک ئەستێرە بوو، چوومە ژوورەوە دیم نووسرابوو مولازم عەباس خەڵەف، من لە قوتاغی ناوەندی، برادەرێکم هەبوو ناوی عەباس خەڵەف بوو، هەر زۆر برادەر بووین، ئەو ساڵانەی کە سەددام حسێن هاتە سەر حوکم هەوڵی دا کۆمەڵێک گەنج بێنێتە پێشەوە، ئەوکاتە ئەویش بووبووە ئەفسەر.

**ڕامان:** کە ساڵی ١٩٧٩ سەددام حسێن هات و بووە فەرمانڕەوای یەکەمی عێراق؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، نا، پێش ساڵی ١٩٧٩، کە ساڵی ١٩٦٨ تازە بەعسییەکان هاتبوونە سەر دەسەڵات.

**ڕامان:** ئەو کاتە جێگری سەرۆکی عێراق بوو.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەگەر بێتە بیرت ئەوانە ئەفسەری مووسیان پێ دەوتن، دوای یەک لیژنە، مووسیان پێیان دەدا. پاش خولی شەش مانگی دەکرانە ئەفسەر، ئیتر ئەوانە هەموویان چوونە ناو دەزگای هەواڵگری و بەسەر جێگای هەستیاردا دابەش کران، ئەو ئەفسەرە یەکێک لەوانە بوو. وەستابووم قسەیەکی کرد، وتی تۆ بۆ جوێن بە حکوومەت دەدەیت، بۆ جوێن بە ئەحمەد حەسەن بەکر دەدەی؟

**ڕامان:** ئەو تۆمەتە زۆر گران لەسەر مرۆڤ دەکەوت، دەبوو باجی قورسی بۆ بدرێ.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** وتم جوێنم نەداوە. وتی ئێستا کەسەکە دەهێنمە بەرچاوت کە لە پێش ئەو جوێنت داوە. وتم کوانێ بیهێنە با ببینم. درۆی دەکرد، دەیویست قسەم لێ دەربهێنێ. بانگی جێگری ئەفسەرەکەی کرد، وتی بیبەن بۆ وەرزش، من چ بزانم وەرزش چییە.

**ڕامان:** بەڵێ، لەلای ئەوان، وەرزش کردن، واتە ئەشکەنجەدان.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بردمیانە ژوورێک، ژوورێکی بچووکی کۆنکریت بوو، هیچی تێدا نەبوو، عەموودێکی ئاسن هەڵواسراوە، دووانیش لە ژوورەکە بوون، گەنجێک و یەکێکی بەتەمەن لەوێ بوون. یەکەم جار نەمزانی کە کوردن، ناوی پیرەکە کەریم ئەرکەوازی و گەنجەکەش کەمال ئەرکەوازی بوو کە پۆلۆنییەکیان هەبوو لەنێوان گۆڕەپانی (نهضة) و گۆڕەپانی (طیران) کاریان دەکرد.

**ڕامان:** هەر بە جلەکانی خۆتەوە تۆیان بردە ژوورەوە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، هەر بەو جلانەوە چووم، کە چوومە ژوورەوە، قەیتانی پێڵاوەکەمیان دەرهێنا، لەگەڵ قەیتانێک لە بێرییەکەمدا هەبوو، ئەویشیان ڕاکێشا، لەگەڵ پشتێنە سەربازییەکەشیان برد، منیان خستە ژوورەوە، لە پەنایەک دانیشتم، ترس و سامێک هەبوو.

**ڕامان:** چەند ڕۆژ لەو ژوورەدا مایتەوە و ئەشکەنجە درای؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ٤٣ ڕۆژ و چەند سەعاتێک لەو ژوورە مامەوە، ڕۆژێ ٨ سەعات بە ئاسنەکەوە

هەڵدەواسرام، شەوێکیان دایک و کوڕێکیان هێنایە لامان، گوایە لە بازگە بە نارنجۆکەوە گیراون، ئەوەندە ئەشکەنجەیان دابوون، دەموچاویان تێک چووبوو، دوایی هەردووکیان بردن و گوللەبارانیان کردن، دایکەکەی نازانم ناوی چ بوو، بەڵام کوڕەکەی ناوی قادی ئەرکەوازی بوو، دواتر ناوەکەیم لەسەر دیوار هەڵکۆڵی. ڕۆژانە دەستم لە پشتەوە دەبەسترا و ئەشکەنجەیان دەدام، ئێستا ئەگەر حەز دەکەی شوێنەکەی ببینە.

**ڕامان:** نا، پێویست ناکات، بێ قەزا بی خۆ من لیژنەی قەرەبووکردنەوە نیم.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەوە پەنجەم، ئەمە سەرە پەنجەمە، ئەمە شکاوە، ئەمیش شکاوە.

**ڕامان:** بۆچی وایان لێهاتووە؟ دیارە بە ئەشکەنجەدان شکاون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەها سەیرکە، چونکە هەموو قورساییم لە بان پەنجە گەورەکانم بوو، دووجار بە کێبڵ لێدرام، دوای ئەوە ڕۆژێک هاتن، بەیانییەکەی بوو، تازە هەڵواسرابووم، منیان داگرت و وتیان دەچین بۆ لێکۆڵینەوە، منیان بردە لای هەمان ئەفسەر، ڕیشم درێژ بووبوو، لە گیڤارای شۆڕشەکەی کووبام دەکرد، چوومە ژوورەوە بە دەمی خۆی وتی بووی بە گیڤارا، بارودۆخم تەواو تێک چووبوو.

**ڕامان:** هەر ئەو ئەفسەرە وای بە تۆ گوت، ئەوەی ناوی عەبباس خەڵەف بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، ئەفسەری لێکۆڵینەوە، عەباس خەڵەف بوو.

**ڕامان:** دواجار دەرچوو ئەو ناوە برادەرەکەت نییە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، نا، ڕاستە برادەرەکەیشم ناوی عەباس خەڵەف بوو، بەڵام ئەو نەبوو. مەسەلەی سەربازییەکە کاری



**هەولێر، هۆڵی هوتێل ئەربیل، ساڵی ١٩٧٠، بە بۆنەی جەژنەکانی ئادار و نەورۆز، میوانی هونەرمەند (تایەر تۆفیق) بوون.**
**لە ڕاستەوە: تاریق ئیبراهیم شەریف، هاشم جەباری، عەلی مەردان، فوئاد ئەحمەد، تەحسین تەها، باکووری، عیسا بەرواری، تایەر تۆفیق.**

کردە سەر ماڵ و مناڵم، مناڵەکانم هیچ کەس یارمەتیانی نەدەدا.

**ڕامان:** ماڵەوە ئاگایان لەوە نەبوو کە تۆ گیراوی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** با، بە بەند کردنەیان زانیبوو.

**ڕامان:** چۆن زانییان؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەوانەی لەگەڵم بوون، یەکێکیان وەلید خالیدی ناو بوو، هاوسێمان بوو، کە نەچووبوومەوە، ڕۆیشتبوون لێیان پرسیبوو، وتبووی بردیان.

**ڕامان:** ئەمەی بە باوکت وتبوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، بە ماڵی ئێمەی وتبوو بردیان، ئەوجا دۆخی ژیانی خێزانم زۆر تێک چوو، چونکە کەس یارمەتی نەدەدان.

**ڕامان:** وەکوو خێزانی خۆت، ماڵەکەی ئێوە، لە ماڵی باوکتەوە دوور بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** لێیان جیا بووین، خانووم گرتبوو، ئێمە بەتەنیا بووین، بەڵام

لێک نزیک بووین، هەر لە هەمان گەڕەکی ئەوان بووین.

**ڕامان:** لە ماڵی باوکت زۆر دوور نەبوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، نا، دوور نەبووین، بەڵام دەترسان نەک حکومەت بچێتە سەریان، ئیتر ئەوە بوو خێزانم چووە کەرکووک، ئەو کاتە خەڵکی دەردەچوون و دەچوونە پێنجوێن، لەوێوە دەچوونە ئێران، ساڵی ١٩٧٤ بوو، هاوژینەکەم لە کەرکووک باوکی و خوشکەکانی دەرچوون، ئەو بە تەنیا چووە ماڵی باوکی دانیشت، ئەگەر کەس یارمەتیت نەدا، نەختێک زەحمەتە.

**ڕامان:** زۆر زەحمەتە.. هاوژینەکەت لە کەرکوک خزمێک، کەسێکی نەبوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** خوشکێکی لەوێ بوو، هەر لەو ناوە دانیشتبوو، ڕۆیشتبوو بۆ لای و پێی وتبوو تۆ بە تەنیا لێرە چی دەکەی، حکومەت دێت دەتگرێ، لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکا. ئەویش لە ترسان دەرچووبوو، لە کەرکوکەوە گەڕابووەوە بەغدا، ئیتر ماڵی باوکی کە چوونە دەرەوە، حکومەت هەموو ماڵەکەیانی زەوت کرد، ئەوەی هەیانبوو و نەیانبوو ڕۆیی و فەوتا، ئەوە لایەنە خێزانییەکە.

**ڕامان:** بگەڕێینەوە سەر مەسەلەکەی باست دەکرد، لێکۆڵینەوە لەگەڵت لەلایەن ئەفسەرەکەوە گەیشتە کوێ؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئیتر قسەمان کردو ئەو پرسیاری دەکرد، من بەڕێکەوت (عەباس)ـەکەی برادەرم هاتەوە بیر، پێیم وت برادەرێکم هەیە ناوی (عەباس خەڵەف زوبێدی)یە. وتی ئەوە چۆنی دەناسی؟ ئەوە برادەرمە، لە یەک خولی سەربازی تەواومان کردووە. وتم ئێمە زۆر برادەرین، نە هەر ئەو، هاوسێکەشمان ڕیاز حسێن جبووری هاوڕێمە، ئەویش ئێستا لە فرۆکەخانەی سەربازییە.

**ڕامان:** ناوهێنانی ئەو دوو هاوڕێیەت سوودی بۆت هەبوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، وتی تۆ چۆن لەسەر ئەم مەسەلەیە گیراویت و ئەمانە دەناسی؟ وتم هیچ نەبووە، هەر ئەوەندە بوو، چۆن ئاوا لەگەڵ تۆ قسە دەکەم، هەر قسە بوو کرا بە ڕاپۆرت. پێی وتم دانیشە، دانیشتم. ڕێکەوت کاتی نیوەڕۆ بوو، قسەکان تا نیوەڕۆی ڕاکێشا، خواردنیان بۆی هاورد، ئێستایش دێتە بیرم، مەنجەڵێک برنج و بامیە بوو، وتی کەوچکێک بێنن با دانیشێ لەگەڵم نان بخوا، ئەو قسانەی کرد.

**ڕامان:** ئیتر پێکەوە نانتان خوارد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** من نانم نەخوارد، هەروا بە دەم وتی، نان خواردنەکەی تەواو کرد، وتی بڕۆ لە دەرەوە دانیشە. چووم دانیشتم، بانگی جێگری ئەفسەرەکەی کرد، وا بزانم قسەیەکی لەگەڵ کرد، کە جێگری ئەفسەرەکە گەڕایەوە، جارێکی تر ئیفادەیەکی نووسی.

**ڕامان:** قسە و ئیفادەی نوێی لە تۆ وەرگرت؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، ئەمجارە نووسینەکەی بە باشی نووسیبوو، شتە خراوەکان کە بەهۆیانەوە زۆر ئەزیەتمیان دەدا، یان بڵێین بەرەو ئیعدامیان دەبردم، ئەوانەی لابردبوو، دەستکاری کردبوو، ئەفسەرەکە ناردییە شوێنم، وتی ئێستا ئەگەر بتگەڕێنمەوە کەتیبە تۆ بەتەنیا دەڕۆی؟ کەوای وت، دڵم ئاوی خواردەوە، وتم وا دیارە کێشەکەم تەواو بوو. گوتی دەزانم پارەت نییە، ئێمە دەتنێرین، جارێکی تر منیان بە مەئمووردا بۆ کەتیبەکەم ناردەوە.

**ڕامان:** ئیتر وەک سەرباز لە کەتیبەکەی خۆت

دەستبەکار بوویتەوە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نەوەڵڵا، جارێکی تر بۆ ناو بەندیخانەیان بردم، من دوو ساڵ لە گۆشەیەک، لەناو تەویلەیەکدا بەند کرابووم، دوای ئەوە منیان بۆ دادگای سەربازی نارد، ئەو دادگایە تەماشای بابەتی سیاسەت ناکا، هەر تەنیا سەیری کێشەی سەربازی دەکا، بۆ نموونە ئەگەر لە سەربازی ڕات کردبێ، یا غیابت هەبووبێ و نەچووبێتییەوە بۆ دەوام، ئەوان دادگایی ئەو کەسانەیان دەکرد، بەڵام بەلای بابەتی سیاسەتەوە ناچن.

**ڕامان:** لەو ماوەیەدا چەند کەڕەت تۆیان بۆ دادگای سەربازی برد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** شەش جار بۆ دادگای سەربازییان بردم کە لە بەغدا، لە ئەعزەمییە دادگایەک، لە بەعقووبە دادگایەک هەبوو، لە دوای شەش جارەکە منیان بۆ کەتیبەکەم گەڕاندەوە، هەر منیان دەهاورد و دەبرد، بەڵام بە دەست کەلەبچەکراوی.

**ڕامان:** هەر بەو شێوەیە مایتەوە، یان گۆڕانێک ڕووی دا؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، دواجار ڕەوانەی (دادگای شۆڕش- محكمة الثورة) کرام، یەکەم دانیشتن دواخرا، بەڵام دادگای چی؟ یەکەم جار بە پیکابێکی داخراو دەتبەن، بیناکە لە کەڕادە خاریج بوو، لەناو بیناکە لێژاییەک بوو، دادەبەزیتە خوارەوە، قاپییەکە دەکرایەوە، تۆ یەکسەر لەناو ژێرزەمینێک خۆت دەدۆزیتەوە.

**ڕامان:** باسێکی ئەو ژێرزەمینەمان بۆ بکە، چی ئەوێت لەبیرماوە، یادگاریت لەگەڵی چییە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ژێرزەمینی ئەو دادگایە، لەسەر هەموو دیوارەکانی بە زمانی کوردی نووسرابوو، نووسرابوو من فڵانە کەسم، کوردم، بە لە سێدارەدان حوکم دراوم، ئەوەی ئەو نووسینە دەخوێنێتەوە خەبەر بداتە ماڵەوەمان، یان من فڵانە کەسی کوردم، فڵانە ساڵ حوکم دراوم، زۆر لەو جۆرە شتانە نووسرابوون.

**ڕامان:** کە بە زمانی کوردی نووسیبوویان، مانای وایە تەنیا کوردی لێ بووە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، ئەو کاتە جیابووەوە سوورياييەکان پەیدا بووبوون، ئەوانە ئینشیقاقیان کردبوو، ئەوانیش گیرابوون و نووسینیان لەسەر دیوارەکان هەبوو.

**هۆکاری داخستنی گۆڤاری (ئەستێرە)ی منداڵان، وێنەی تاوەری نەوتی کەرکووک و باباگوڕگوڕ بوو، کە منداڵان بە جلی کوردییەوە لە بان تاوەرەکە بوون.**

**ڕامان:** ئەوانە چەپی بەعسیی سووری بوون و لە بەعسییەکانی عێراق جیا بووبوونەوە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** لەبان دیوارەکان ناوی هەندێ لەوانیش نووسرابوو، ئەوە حوکمی لە سێدارەدانە، ئەوەیان هەتا هەتاییە، واتە جۆرە ترسێک دەچووە دڵتەوە، چونکە کە لە قادرمەکە سەردەکەوتی بۆ ناو هۆڵی دادگاکە، یەکسەر لەناو قەفەسی دادگاکە خۆت دەدۆزییەوە، واتە دەرفەتی ئەملاوئەولای نەبوو، هەر لە قادرمەکەوە دادەبەزیتە ناو قەفەسەکەوە. لەناو ژێرزەمینەکەش هەر هەنگاوێک ئینزباتێک بە ڕەشاشەوە وەستاوە، ئەم دیمەنانە زۆر ترسناک بوون، ئەوە تۆ هێشتا نەچوویتە بۆ ناو هۆڵی دادگا.

**ڕامان:** وەڵامی ئەو پرسیارەم دەست نەکەوت، وتم تۆ هەر ئەو جارە بەندیخانەت دیوە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، هەر ئەو جارە بوو، ماوەی گرتنەکەم دوو ساڵ پتر بوو، سێیەمین دانیشتنی دادگاییەکە بوو. وەک پێشتر وتم بەهۆی ئەوەی خوشکم لە بەدالەی تەلەفوونات بوو، لەو دایرەیە کچەکان دەهاتنە لای دادەنیشتن، ئەو قسەیان بۆ دەکا و دەڵێ برام گیراوە و لە بەندیخانەیە و ڕەوانەی دادگای شۆڕش کراوە. یەکێک لە ئافرەتەکان دەڵێ ئافرەتێک هەیە دەیناسم و برادەرمە، سستەری نەخۆشخانەیە، برینپێچە، بەتەمەنە، ئەو دەچێ برینپێچیی بۆ دایکی یەکێک لە ئەندامانی ئەو دادگایە دەکات، ئەو ئەندامی دادگایە ناوی عەقید (ڕاغیب فەخری)یە.

**ڕامان:** ڕێکەوتێکی باش بووە، دواتر قسەکەی بردەسەر و ڕاست دەرچوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، لە دادگا دوو ئەندام بوون، ئوسامە و عەقید ڕاغیب فەخری، ئوسامەکە ناوی باوکی نازانم، هەردووکیان مووسڵاوی بوون. ئەو (ڕاغیب فەخری)یە دایکی نەخۆش دەبێ، برینپێچێکی بۆ گرتووە و چارەسەری دەکا، ئەو ئافرەتە، ئەو برینپێچە دەناسێ.

**ڕامان:** خوا دەرووی ڕەحمەتی لێت کردووەتەوە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بزانە چ ڕێکەوتێکە، ساڵی پەنجاکان بوو، باوکم نەشتەرگەرییەکی بۆ میزەڵانی کرد، من لە نەخۆشخانە لەگەڵی بووم، نەخۆشخانەی (مەجیدیيە)یان پێ دەوت، ئەم نەخۆشخانەیە یەک نهۆم بوو، باوکم لە قاوشی دوازدە خەوتبوو، من لەگەڵی بووم.

**ڕامان:** ناشێ ئافرەتە برینپێچەکەتان لەو نەخۆشخانەیەدا ناسیبێ؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ڕێک وابوو، ئافرەتێکی برینپێچ هەبوو دەستی کەمێک گۆج



**بەغدا، تەلەفزیۆنی بەغدا، ساڵی ١٩٧٠**
**لە ڕاستەوە: ئەحمەد سالار، عەلی مەردان، فەرهاد شەریف، کە لەو ڕۆژەدا گۆرانی کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردوون کەشی تۆمار کردووە.**

بوو، زۆر کەم دەیتوانی دەستی بجووڵێنێ، ئەو گرفتی لە پلە بەرزکردنەوەدا هەبوو، ئەو کاتە هەندێ لێپرسراو کە دەهاتن لە نەخۆشخانە سەردانی باوکمیان دەکرد، هەندێکیان لە کەرتی تەندروستی ئیشیان دەکرد، ئەو ئافرەتە دەیناسین کە ئەوانە لە کەرتی تەندروستیدا لێپرسراون، کە باوکم نەختێک لە نەخۆشییەکەی باش بوو، بە باوکمی وت بێزەحمەت ئەگەر دەرچووی من کێشەی پلەبەرزکردنەوەم هەیە، بەڵکوو یارمەتیم بدەی. باوکم ئیشەکەی بۆ کرد، ئەوە لە ساڵانی پەنجاکان بوو، ئیتر ساڵان تێپەڕین تا لە ساڵی ١٩٧٤دا ئەو مەسەلەی گرتنی منی بەسەرداهات.

**ڕامان:** کورد دەڵێ چاکە بکە بیدە بەدەم ئاوەوە، ئەو چاکەیەی باوکت هاتەوە ڕێتان.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ئیتر ئەو ئافرەتە بە خوشکم دەڵێ دایکت بێنە و بێن بچینە لای ئەو برینپێچە. دەچن دادەنیشن قسەی بۆ دەکەن، پێیان دەڵێ ناوەکەیم بۆ بنووسن، بۆی دەنووسن عەبدولقادر عەلی مەردان، ئەو یەکسەر پێیان دەڵێ کام عەلی

مەردان؟ خوشکم دەڵێ ئەوەی گۆرانیبێژە. دەڵێ ئۆهـ، ئەوە چاکەی لەسەرم هەیە، ئەوە ئاوا و ئاوای بۆ کردووم، یەکسەر پێیانی وتبوو کارەکەی بۆ دەکەم، بە سەرچاو، ماڵی ئاوا بێ بە عەقیدەکەی وتبوو.

**ڕامان:** دوای بەڵێنی برینپێچەکەو لە یەکەم دانیشتنی دادگایی کردنەکەت، هیچ گۆڕانێک تۆ لە بەرژەوەندیی تۆ ڕووی دا؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** سێیەمین دانیشتن کە چوومە ناو قەفەسەکەوە و ناومیان بانگ کرد، چوومە پێشەوە، داواکاری گشتی قسەی کرد، وتی ئەو تاوانبارەی بەرانبەرتان وەستاوە، ئەوە موخەریبە – تێکدەرە، ئەوە سەر بە یاخیبووەکانە.

**ڕامان:** تۆی کردووەتە سەرکردەیەکی ناو هێزی پێشمەرگە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** هەر لەبەر ئەوەی دیفاعم لە بارزانی و پێشمەرگە کردبوو. دوای ئەوەی تەواو بوو، ئەو (ڕاغیب فەخری)یە لای کردەوە بە لای سەرۆکی دادگاکە و قسەی بە گوێچکەیدا چرپاند، نازانم چی پێوت. ئەویش کاغەزێکی نووسی و دایە دەست سەربازێک کە لەوێ وەستابوو، وتی بیدە بە داواکاری گشتی و بزەیەکی کرد، ئیتر دادوەرەکە بانگی دوو شاهێدەکەی کرد، ئەوانەی لە سەربازی لەگەڵم بوون، محەمەد عەلی جاف لە شیوعییەکان بوو، ئەوەی کە وا من لە پێشی ڕەخنەم گرت و وتم حیزبی شیوعی لەگەڵ بەعسییەکان چووەتە ناو جەبهەی قەومی و وەتەنی.

**ڕامان:** ئەوەشیان لەسەر تۆ کردبووە شاهێد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، لەسەرم شاهێد بوون، حەمید مەڕووگی، ئەویش باکگراوندی شیوعی بوو، لە مەسیحییەکانی بەغدا بوو، ئەویش لە دژم بوو بە شاهێد. لە هەردووکیانی پرسی ئەوە دەناسن؟ وتیان ئا ئەوە لە کەتیبە و لە حەزیرە لەگەڵمانە و پێکەوە نانمان دەخوارد.

**ڕامان:** دادوەرەکە هەر ئەوەندەی پێیان وت؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، دادوەرەکە قسەی ناشیرینی پێیان وت، وتی ئەگەر پێکەوە نانتان خواردووە، ئەی چۆن دەچن ڕاپۆرتی لەسەر دەنووسن؟ ئەوە هاتووە خزمەتی نیشتمان بکا و داکۆکی لە عێراق دەکات، لەم جۆرە قسانەی زۆر کرد، دڵم خۆش بوو کە دیتم ئەوە خەریکە نەختێک لە بەرژەوەندی من قسە دەکا، ئەوە بوو دەریانی کردە دەرەوە.

**ڕامان:** ئەو دوو شاهێدە هیچ قسەیەکی دیکەیان نەکرد، داکۆکییان لە خۆیان نەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** دووەمین کەس کە ناوی (محەمەد عەلی) بوو کە قسەی دەکرد زمانی دەیگرت، کە تووڕە دەبوو، ئەوەندەی دی زمانی تێک دەئاڵا، کە بینی دادوەر قسەی پێ دەڵێ، لە ترسان زمانی بە یەکجاری گیرا، ئەوە بوو دەریانی کردە دەرەوە.

**ڕامان:** ئەوە هەڵوێستی دادوەرەکە، ئەی هەڵوێستی داواکاری گشتی چی بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەویش زۆر گۆڕا، دادوەرەکە بە داواکاری گشتی وت، دەی مورافەعەکەت بکە. وتی هاتووە بۆ خزمەتی نیشتمان، واتە لە سەداسەد قسەکەی گۆڕی، ئیتر من ئیسراحەتم کرد. دوایی وتی بڕیاری دوو ساڵ بەندکردنی دەدرێ، ماوەی گیرانەکەی تا ئێستاشی بۆ حیساب دەکەین.

**ڕامان:** کەواتە بەندبوونەکەت بە خزمەت بۆ حیساب کرا؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، بە خزمەت

حیساب بوو، بەوەش خزمەتی سەربازییەکەم تەواو بوو، ئیتر منیان گەڕاندەوە کەتیبە و شەوێک لەوێ مامەوە، تا دووەمین ڕۆژ نووسراوێکیان بۆ تەسریح بوونەکەم کرد، ئەوە بوو تەسریح بووم.

**ڕامان:** کە سەربازیت لەسەر نەما، ئەوجا چوویتەوە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، گەڕامەوە ڕۆشنبیری.

**ڕامان:** مەبەستت (بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی)یە لە بەغدا؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، بەڵام با نەختێک باسی بەندبوونەکەمت بۆ بکەم، ئەو ناوچەیە چۆڵەوانییە، ڕێی خانەقینە، تۆ لە بەندیخانەیەک بیت و هۆڵەکە دڵۆپە بکا و ئاوی لێ بتکێ، بەندیخانەکە زۆر ناخۆش بوو، بەنگەڵەکەی چینکۆی زەمانی فەرمانڕەوایی بەریتانیا بوو، دەبێ لەو شوێنەدا چۆنی بگوزەرێنی؟ منیش لە گۆشەیەک و دۆخێکی زۆر خراپ و قۆڕدا بووم، دوو کوڕ هەبوون پاسەوان بوون، یەکێکیان خەڵکی تووێریچ بوو، ناوی ساتع حسێن، ئەوی تر بەهجەت ئەلبەیاتی بوو.

**ڕامان:** تۆ ئەوەت باشە ئەو ناوانەت لە بیر ماون.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەرێوەڵڵا، بەهجەت ئەلبەیاتی لە بەغدا خەڵکی گەڕەکی فەزڵ بوو، ساتع حسێنماڵیان لە گەڕەکی ١٤ی ڕەمەزان بوو، برایەکی لە کشتوکاڵ ئیشی دەکرد، کوڕێکی زۆر بەڕێز بوو، ئەوانە بە چەکەوە دەهاتن منیان بۆ کاری پێویست دەبردە دەرەوەی بەندیخانەکە، ئیتر جۆرە برادەرییەک لە نێوانمان دروست بووبوو.

**ڕامان:** جۆری هاوڕێیەتییەکەتان چۆن بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** هەندێ جار دەیانوت خۆت نەخۆش بکە، منیش خۆم وا نیشان دەدا کە نەخۆشم، ئیتر هەر لە کەتیبەکەی خۆم نوسراویان بۆ نەخۆشخانەی سەربازی بۆ دەکردم، ئەوان دوو تفەنگدار بوون و من دەستم بەستراوە، نەختێک دەڕۆیشتین، دەستیان دەکردمەوە و لەژێر دارەکان دادەنیشتین.

**ڕامان:** لەو بن دارانە چیتان دەکرد، باسوخواستەکانتان چ بوون؟

**نەشتەرگەرییەکی میزڵدانی عەلی مەردان لە بەغدای ساڵانی پەنجاکان، کوڕەکەی لە سزای قورسی دادگای بە ناو (شۆڕش)ی بەعسییەکان ڕزگار دەکات.**

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بە قسەوە خەریک دەبووین، کە برسی دەبووم ساتع حسێن قاپێکی دەهاورد، دەچووینە چێشتخانەی سەربازی، لەوێ بنکڕی برنجی دەخستە ناو قاپەکەم، ئەوجا دوو کوڕ لە حانووتەکە بوون، خانەقینی بوون، یەکێکیان بەعسی بوو، ئەو کاتە هەموو خەڵکی بەعسی بوون، سەددام حسێن هەموو جار دەیوت ئێمە هەموومان بەعسین، ئەوەی ئینتیماشی نەکردبێ هەر بەعسییە، ئەو (سەلاح جومعە)یە کوڕێکی زۆر بەڕێز بوو، کورتەباڵایەک بوو، کوڕێکی لەگەڵ بوو، کوڕەکە لە حیزبی شۆڕشگێڕ بوو، دوایی بووە یەکێتیی نیشتمانی، ناوی ئیسماعیل خوداداد بوو، ئەویش خانەقینی بوو.

**ڕامان:** چی (خوداداد عەلی)ی هونەرمەند بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نازانم، باوەڕ ناکەم پێوەندی پێوە هەبێ. ئیسماعیل خوداداد

حسێن، کوڕێکی زۆر بەڕێز بوو، خاڵۆیەکی لە سێدارە درابوو، پێشمەرگە بوو گیرابوو، بەڵام ئەو بووبوو بە حیزبی شۆڕشگێڕی کوردستان، ئەوەی لە شەستەکان جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا دایانمەزراند.

**ڕامان:** ئەم حزبە لەم دواییەدا شێخ ستار (عەبدولسەتتار تاهیر شەریف) بەڕێوەی دەبرد.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ڕاستە، ئەو کاتە کە دامەزرا ئەو کۆمەڵە کەسە بوون، ئەو لەو حیزبە بوو، هاتبوو بووبووە سەرباز، ئەوان لە حانووت بوون، دەڕۆیشتمە حانووت باینجانی سوورەوە دەکرد، باینجانی دەخستە بان برنجەکەم، سێ سینالکۆیان دەدایێ، فەقیرە پارەی وەرنەدەگرت، هاوین بوو کە لە بەندیخانە بووم، چارەکێک قاڵبە سەهۆڵی بۆمان دەهێنا، ئەو دووانە زۆر کوردپەروەر بوون، چاکەیان لەسەرم هەیە، ئێستایش هەواڵیان دەپرسم، ئیسماعیل خوداداد ئەمری خوای کرد، بەڵام سەلاح جومعە ماوە، دەڵێن لە ئەڵمانیایە، بۆیە سپاسیان دەکەم بۆ ئەو خزمەتەی کردیانم.

**ڕامان:** وتت گەڕایتەوە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، کە گەڕامەوە ڕۆشنبیریی کوردی فیلمەکەیان کردبوو.

**ڕامان:** دیارە لەبەر ئەوە ناوی تۆیان نەبردووە، چونکە تۆ بەند کرابووی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، هەر لە دایرە دوور کەوتبوومەوە، فیلمەکەیان کردبوو، تەنانەت وێنەگرێک هەبوو، وجیە ئەحمەد تەها، ئەویش مووسڵاوی بوو، وێنەگر بوو.

**ڕامان:** لە تەلەڤزیۆنی بەغدا ئیشی دەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، وێنەگری سەرۆک کۆمار بوو، واتە وێنەگرێکی پشت قایم بوو.

**ڕامان:** دەبێ وێنەگری ئەحمەد حەسەن بەکر بووبێ؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، بەڵێ، ئەو و ئیبراهیم محەمەدئەمین حەوێزی، کاکە، پێیان دەوت ئیبراهیم کاکە.

**ڕامان:** ئەوە ئیشی چ بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەویش وێنەگر بوو.

**ڕامان:** ئەو وێنەگرانە لە بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێوە بوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، لە تەلەڤزیۆن بوون، بەڵام کە ئیشەکەیان کرد، وجیە ئەحمەد تەها کاری وێنەگرییەکەی کردبوو، ئیبراهیم کاکە نەیکرد، ئەو ئیشێکی تری کردبوو، ئیتر کە فیلمەکە تەواو بووبوو، ئەوانە پاداشتی باشیان وەرگرتبوو، لە کاتێکدا من لە بەندیخانەی سەربازی چوار دینار ڕوبعێک کەم مووچەم وەردەگرت، ئەو چوار دینار ڕوبع کەمەش نەبوو، چونکە بەند کرابووم.

**ڕامان:** لەو کاتەدا هیچ ئاگات لە ماڵ و منداڵت نەمابوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ناوەڵڵا، هەواڵیانم نەدەزانی.

**ڕامان:** ماڵ و منداڵ و کەسوکارت سەردانیان نەکردی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** تەنیا جارێک سەریان لێدام، ئەویش دوایی کە گەڕامەوە.

**ڕامان:** چەند جار باوکت هات بۆ لات؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** جارێک لەگەڵ دایکم هات.

**ڕامان:** بۆچی جارێک؟ ئەی باوکت نییە، تۆ کوڕی گەورەی ئەو نەبووی، پێویست بوو زوو

زوو بێت بۆ لات و سەردانیت بکا، ئەوە من لەجیاتی تۆ بۆ مێژوو ئەو گلەییەی لێ دەکەم، بەڵام دیارە باوکت سۆزی بۆ منداڵەکانی لاواز بووە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، ئاخر ئەوە شتی تر بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێ، خێزانم فەقیرە لە کەرکووکەوە دەهاتە بەغدا، لە بەغداوە دەهاتە مەنسوورییەی جەبەلی پێ دەڵێن، لەگەڵ دوو منداڵ، دایکم لەگەڵی دەهات، دایکم جارێک هات و ئەو زەحمەتەی کێشا.

**ڕامان:** بۆ ئیش کردن لەو فیلمەی باست کرد، وتت پاداشتی هەبووە، وەک بزانی چەندیان وەرگرتبوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، چۆن پاداشتی نەبووە، کە گەڕامەوە فیلمەکەیان تەواو کردبوو، ئەوان پاداشتی باشیان وەرگرتبوو، سەعید زەنگەنە شەش سەد دیناری سویسری وەرگرتبوو. شەش سەد دیناری سویسری یەکجار زۆر بوو، ئەوانی دی هەر یەکی لە سەروو چوارسەد، چوارسەدیان وەرگرتبوو.

**ڕامان:** ئەوانەی پاداشتیان وەرگرتبوو کێی دی بوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** زامدار، موختار فایق، فاروق ئامێدی، وێنەگرەکەش وەریگرتبوو، فیلمەکە، فیلمێکی گەورە بوو.

**ڕامان:** زۆر جار دەخوێنمەوە و دەبیستم کە ئەوە یەکەم فیلمی کوردییە، ئەمە چۆنە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، یەکەم فیلمی بەڵگەنامەیی کوردییە کە دەربارەی مێژووی قەڵای هەولێر کراوە.

**ڕامان:** چەند جارێک لە تەلەڤزیۆن گفتوگۆم بینیوە، وەکوو یەکەم فیلم باسی لێوە کراوە، وەک یەکەم فیلمی بەڵگەنامەیی لەناو کورد باس کراوە.. باشە تۆ دەڵێی فیلمێکی درێژ بوو، ئەمە چەند دەققە بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ماوەکەی زۆر بوو، نزیکەی سەعاتێک، سەعات و نیوێک دەبوو.

**ڕامان:** سەعات و نیوێک زۆرە، کاتی خۆی من لە تەلەڤزیۆن بە ڕەش و سپی دیومە، زامداریش بە کوردی و بە دەنگێکی کەرخ لێدوانەکەی دەخوێندەوە، لە بیرمە لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا کە لە وەزیرییە بوو، لەوێش نمایش کرا.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، لەوێ نمایش کرا، لە نمایشەکە هەموو فەرمانبەرەکان دانیشتبوون، قوتابییە کوردەکانی بەغدا، بە تایبەتی قوتابیانی کوللیەی ئاداب، هەروەها هەموو کوللییەکانی دیکەی بەغدا بۆ بینینی یەکەم فیلمی کوردی هاتبوون کە دەربارەی مێژووی قەڵای هەولێر بوو.

**ڕامان:** ئەوە بۆ یەکەم جار ساڵی چەند نمایش کرا؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** دوای ساڵی ١٩٧٥ نمایش کرا، من ساڵی ١٩٧٦ لە بەندیخانە دەرچووم.

**ڕامان:** دوایی گلەییت لە برادەرەکانت نەکرد کە بۆچی ئەوەیان لەگەڵ کردی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ناوەڵڵا.

**ڕامان:** هیچت نەگوت، ئەوانیش هیچیان نەگوت و لە بارەیەوە قسەیان نەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ناوەڵڵا، بە هیچ شێوەیەک ئەوان قسەیان نەکرد، بەڵام ڕۆژێک کە لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی نمایش کرا، ئەحمەد جەزراوی هەبوو، ئەوە سەرەتای ساڵانی حەفتا کە هاتە ڕۆشنبیریی کوردی، جێگری نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی سەردەمی

شۆڕشی ئەیلوول بوو، ئەوان وەکوو پلەوپایە کردبوویانە جێگر، بەڵام بەم دواییە ئەحمەد جزراوی هاوڕێی عوسمان فایق بوو، عوسمان فایق کۆمەڵێک گەنجی لەناو ڕۆشنبیریی کوردی کردبووە بەعسی و بۆ لای بەعس ڕایکێشابوون.

**ڕامان:** ئەوانە هەموویان کورد بوون، نووسەر و ئەدیبیان تێدا بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، کورد بوون، ئەحمەد جزراوی یەکێک لەوانە بوو کە پاڵپشتی لە (عوسمان فایق)ی دەکرد.

**ڕامان:** ئەی ئەوانی دیکە کێ بوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئێستا ناوی ئەوانە ناڵێم، دەترسم ناوێک بڵێم و دوایی وا دەرنەچێ.

**ڕامان:** بەو بیانووەوە خۆت لە مێژوو دزییەوە، ئەوانە نووسەر بوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، نا، نووسەر نەبوون، پتر فەرمانبەر بوون، ئیتر کاتێ فیلمەکە لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی، لە وەزیرییە نمایشی کرا، دوایی لەسەر فیلمەکە قسە و گفتوگۆ کرا، ئەحمەد جەزراوی هەڵسا ڕەخنەی لە سەعید زەنگەنە گرت کە بۆ ناوی منی تێدا نییە، بۆچی حەقی منی تێدا نەبوو، لە کاتێکدا من بابەتەکەم بۆ سەعید زەنگەنە نووسیبوو.

**ڕامان:** ئەوکاتە ئەو پیاوە (ئەحمەد جەزراوی) هەر بە عەرەبیش قسەی دەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بە عەرەبی قسەی دەکرد، پێی وت بۆ ئەو شتە نەکرا؟ خەریک بوو شەڕ بکەوێتە نێوانیان، چونکە ئەو زۆر پێی ناخۆش بوو ڕەخنەی لێ بگیرێت.

**ڕامان:** باشە بۆچی ددانی بەوەدا نەدەنا؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نازانم بۆ؟ ئێستایش لەوانەیە هەر بڵێ خۆی ئیشەکەی کردووە و من هیچ نازانم، تێناگەم نەزانینەکەی من چی بوو؟ من کەرستە مێژووییەکە، بیرۆکەکەم دایە دەست سەعید زەنگەنە.

**ڕامان:** هەتا کەی لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی مانەوە؟ دواتر چۆن ئەو دایرەیە نەما؟ حەز دەکەم لە دەمی تۆ ئەوە زانیاریانە بزانین.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** د. ئیحسان فوئاد لەوێ نەما، دوای ماوەیەکیش جەمیل شەلەش، شاعیرە عێراقییەکە هات، لە ساڵی ١٩٧٦ (عوسمان فایق)یان هێنا.

**ڕامان:** دەزانم، بەڵام چۆن لەگەڵ خانەی هاوکاری (دار التضامن) تێکەڵ بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ڕۆژێک (عوسمان فایق)یان وەک بەڕێوەبەری گشتی هێنا، ئەو بیرۆکەی تێکەڵکردنەکەی هێنایە پێشەوە، ئەوە بوو بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی، لەگەڵ خانەی هاوکاری (دار التضامن) تێکەڵ کران.

**ڕامان:** ئیتر بووە (خانەی ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی – دار الثقافة والنشر الكردية)، ناوی بڵاوکراوە (١٠) ڕۆژییەکەی جارانی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی، بووە ناوی گۆڤارە نوێیەکەی ئەو دەزگایە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەوە بوو هەردووکی کردە یەک بەڕێوەبەرایەتی، عوسمان فایق کۆمەڵە کەسێکی هەبوو، چەند کتێبمان چاپ کردبوو، ئەو کاتە ئەو هەر لەوێ نەبوو کە کتێبەکان چاپ کرابوون، ئەو کەسانەی ڕاسپارد چ کتێبێک وشەی کورد و کوردستانی تێدا بوو، هەموویان بۆ عوسمان فایق کردبووە ڕاپۆرت، ئەوجا لە ژووری بەڕێوەبەری گشتی دیوارەکە هەمووی دۆڵاب بوو، ئەو کتێبانە هەمووی خستبووە ناو ئەو دۆڵابانەوە، لەناو ئەو کتێبانەدا بەرگی دووی دەوڵەتی دۆستەکی

(الدولة الدوستكية)ی عەبدولڕەقیب یووسف هەبوو.

**ڕامان:** ئەو کتێبە هەر هەمووی قەدەغە کرا، ناردیانەوە بەسرا بۆ ئەوەی لە کارگەی کاغەز دروستکردنی ئەوێ بیکەنەوە بە هەویر.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ئەوە بەرگی دووی کتێبەکە بوو، بەرگی یەکەم کاتی خۆی ڕەزامەندیی لەسەر درابوو، چاپ کراو ڕۆیی، لەو دایرەیەی کردییە یەک، ئەو کتێبانە هەمووی لەناو دۆڵابی عوسمان فایق بوون، نووسراوێکیشی دەرکرد نزیکەی سێزدە کەس بووین، ئێمەی لە دایرەکە دوور خستەوە، گوتی پێوەندیمان پێتانەوە نییە، دەچنە هەر جێگایەک بچن.

**ڕامان:** ئێوەی سەرپشک کرد بۆ کوێ دەچن، بچن، ئەوکاتە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری وەکوو هەیکەلێکی کارگێڕی مابوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، ئا، بیناکەی هەر مابوو.

**ڕامان:** باسی ئەوەمان بۆ بکە، مەسەلەی لابردنی دوکتۆر ئیحسان فوئاد چۆن بوو؟ پێموایە لەسەر گۆڤاری (ئەستێرە)ی منداڵان بوو، بێجگە لەوە هۆکاری دیکەی دوور خستنەوەی د. ئیحسان فوئاد و داخستنی دایرەکە چی بوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** هۆکاری داخستنی گۆڤارەکە، بەرگێک لە بەرگەکانی گۆڤاری ئەستێرە بوو، وێنەی شاری کەرکووک، تاوەری نەوتی کەرکووک و بابەگوڕگوڕ بوو کە منداڵان بە جلی کوردییەوە لەبان تاوەرەکە بوون.

**ڕامان:** وەک بزانی ئەو وێنەیە کێ کردبووی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئێستا نایەتەوە بیرم، بەڵام ژمارەکەم هەیە، کە دابەش کرا، لەسەر ئەوە هەموو ژمارەکەیان لە بازاڕ کێشایەوە، زوو لە بازاڕ سەحبیان کردەوە، ئەوە بوو بە هۆکاری ئەوەی د. ئیحسان فوئاد نەمێنێ. دواتر ئەو لیستە دەرچوو کە سێزدە کەس بووین، حسێن عارف، ڕەئووف حەسەن، موحەڕەم محەمەدئەمین و من بووین دوور خراینەوە.

**ڕامان:** موحەڕەم محەمەدئەمین چیرۆکنووسێکی بەناوبانگە، لەبیرمە کە ساڵی ١٩٧٨ چوومە سلێمانی، ماڵی لە سلێمانی بوو، بەڵام ماوەیەک لە گۆڤاری بەیان، لە بەغدا کاری کرد.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** لە سێزدە کەسەکە (دڵشاد محەمەدئەمین)ێکمان هەبوو، ئەویش نووسەر بوو، ئەو بوو، لەگەڵ حەمید عەزیز لە لیستەکەدا بوون.

**ڕامان:** دڵشاد مەریوانی دەڵێی، چونکە ئەویش ماوەیەک بە ناوی دڵشاد محەمەدئەمین دەینووسی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، (دڵشاد محەمەدئەمین)ێکی دی هەبوو، ئەوە جیا بوو، وەکوو دڵشاد مەریوانی، ئەویش کەسێکی درێژ بوو، بەڵام زەعیفکەلانەیەک بوو، بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی تەواو کردبوو.

**ڕامان:** بۆچی ئێوە، ئەو سێزدە کەسە پەسند کراو نەبوون و گوێزرانەوە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** لەبەر ئەوەی بەعسی نەبووین.

**ڕامان:** تەنیا لەبەر ئەوە بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەرێوەڵڵا.

**ڕامان:** لەناو هەموو فەرمانبەرەکان هەر ئەوانەی لێ جیا کردنەوە، واتە هەر ئێوە بوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ڕۆژێک هێشتا ئەو لیستەیە دەرنەچووبوو، عوسمان فایق ناردییە شوێنم، بە عەرەبی قسەی دەکرد، ئەوەی بیویستبا بۆ لای خۆی ڕایکێشێ، پێی

دەوت چاوم لەسەرتە، تۆ کوڕێکی باشی، وەرە لەگەڵمان ئیش بکە، ڕاستەوخۆ نەیدەوت ببەرە بەعسی، دەیوت بێ لەگەڵمان ئیش بکە، من تێدەگەیشتم مەسەلەکە چییە، پێم وت کاتم نییە، دۆخەکەم وایە و وایە و ئەوە دەوامە و ماڵ و منداڵم هەیە، واتە بە هەر شێوەیەک بێت خۆم دزییەوە، ئیتر کەوتمە ناو ئەو لیستەیەوە کە وا لە دایرەکە دوورخرایەوە.

**ڕامان:** ناوی سێزدە کەسەکە هەمووی دەزانی، لەبیرتە کێ و کێ بوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، تەڵعەت نادر، حسێن عارف، حەمید عەزیز، محەرەم محەمەدئەمین، ئەو (دڵشاد محەمەدئەمین)ـە و من بووم، ئافرەتێک لەسەر بەدالەی وەزارەتی ڕاگەیاندن ئیشی دەکرد، پێوەندیی تەلەفوونی نێوان سەددام حسێن و تاریق عەزیزی پچڕاندبوو، لەسەر ئەوە ئەویشیان لە وەزارەت دەرکردبوو، ئەویشیان خستبووە ناو لیستەکەوە.

**ڕامان:** ناوی سێزدە کەسەکەت تەواو نەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** یەکێک هەبوو ئەرمەنی بوو، ژمێریاری ڕۆژنامەی هاوکاری بوو، هی ئێمە نەبوو، زەلامێکی درێژ بوو، ئیتر ئەو کۆمەڵە کەسە بووین، وتی بۆ کام لا دەچن، بچن، ئەوە بوو ئێمە دەچووین لە چایخانە دادەنیشتین.

**ڕامان:** بیناکەی ئەولاتان بە چۆڵی مابوویەوە و بە یەکجاری وازتان لێ هێنابوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، دوایی دەستمان لێی بەرداو نەما.

**ڕامان:** بێجگە لەو وێنەیەی کەرکووک و ئاگرەکەی باباگوڕگوڕ و منداڵ بە جلی کوردییەوە کە لەسەر تاوەرەکە بوون، بیستم هۆکاری تریش بۆ لابردنی د. ئیحسان فوئاد هەبووە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەو کتێبەی دەوڵەتی دۆستەکی (الدولة الدوستكية) و نامەی قانیع، کە چاپکراوێکی قانیع بوو، هۆکار بوون.

**ڕامان:** دیوانە شیعرییە چاپکراوەکەی قانیع و دەڵەتی دۆستەکی بۆ ئەو ڕۆژگارە دوو کتێبی گرنگ بوون.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڕای من ئەو هۆکارەش بوو.

**ڕامان:** ئەی بە هۆکاری ئەو چیرۆکەی منداڵان نەبوو کە منداڵەکە فڕۆکەکەی خۆی بە شەکرشکێن دەشکێنێ، دایک و باوکی کە پێیان گوتووە بۆ وا دەکەی، بۆچی فڕۆکەکەت دەشکێنی؟ گوتوویە ئەو فڕۆکانە دەچن گوندەکانمان وێران دەکەن؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەوە هی ناو گۆڤارەکە بوو.

**ڕامان:** بەڵێ، لەناو گۆڤاری ئەستێرەی منداڵان بڵاوکرابووەوە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەو چیرۆکێکی ناو گۆڤارەکە بوو، واتە چەند هۆیەک بوون، هۆیەکی دیکەشی ئەوەیە بەهۆی شەڕی کوردەوە، حکوومەت ئەو بایەخەی جارانی بە داوودەزگاکانی کورد نەدەدا، ئیتر ئەو تێکەڵ کردنەکەی ڕێک خست و دوور خرایەوە، ئێمە چیمان دەکرد، چایخانەیەک لە پشت وەزارەتی ڕاگەیاندن هەبوو، لە گۆڕەپانی تەحریر، لە چایخانەکە دادەنیشتین، حەفتەی یەک دوو ڕۆژ لەوێ یەکتریمان دەدی.

**ڕامان:** ئەو قسانەی دەیکەین، ساڵی چەند بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ساڵی ١٩٧٦ بوو، ئەوە بوو هەندێک لە نووسەرەکانی هەولێر و سلێمانی کەوتنە قسەکردن و نووسینیان بڵاو

کـردەوە کـە بۆچـی ئـەو دەسـتەبژێرە ئاوایـان لـێ بەسـەرهات؟ ئـەوە بـوو سـەمیر عەزیـز نەجم بەڕێوەبـەری گشـتیی دیوانـی وەزارەتـی ڕاگەیاندن بـوو، وتـی بـڕۆن بگەڕێنـەوە بینـای ڕۆشـنبیریی کوردی، بـۆ لـە چایخانـە دادەنیشـن، بچـن لـەوێ کاتەکەتـان بکـوژن، ئیتـر دەفتەرێکیـان دانـا، ناوەکانمانـی لەسـەر نووسـرابوو، بـۆ ئـەوەی گشت ڕۆژێـک بچیـن ئیمـزا بکەیـن تـا بزانـن لـەوێ ئامادەبوویـن.

**ڕامـان:** ئـەوە بەڕێوەبـەری گشـتی خـۆی بـە ئێـوەی گـوت بچنـەوە لـەوێ دەوام بکـەن؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، سـەمیر عەزیـز نەجـم کـە بەڕێوەبـەری گشـتیی دیوانـی وەزارەت بـوو.

**ڕامـان:** بـە ڕەسـمیی پێتانـی گـوت بڕۆنـەوە بـۆ دەوام؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، ئیتـر دەڕۆیشـتین و لـەوێ دادەنیشـتین، لـەو ڕۆیشـتنەدا نازانـم دەتوانـم نـاو بێنـم؟

**ڕامان:** بەڵێ، ناو بێنە، بۆ مێژوو زۆر گرنگە.

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** ئـەو کتێبانـەی لەناو ئـەو دۆڵابانـە دانرابـوون.

**ڕامـان:** ئـەوەی ژوورەکـەی (عوسـمان فایـق)ت مەبەسـتە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ.

**ڕامـان:** ئـەوە ویسـتم پێـت بڵێـم دواجـار ئـەو کتێبانەیـان چ لێکـرد؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** هەر لەناو دۆڵابەکەدا مابوون.

**ڕامان:** لە پێش چاوی خۆی داینابوون؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، بـەڵام کـە ئێمـە گەڕاینـەوە بیناکـەی ڕۆشـنبیری، دەبینیـن هـەر شـتێ لەنـاو دۆڵابـدا هەڵگیرابـوو، هەمـووی لـەو نـاوە فـڕێ درابـوون، یەکێـک لـەو شـتانەی فـڕێ درابـوو فیلمەکـەی هەولێـر بـوو، ئـەوەی پێشـتر باسـمان لێـوە کـرد.

**ڕامـان:** پـاش چوونتـان بـۆ دایرە کۆنەکەتـان، ئـەو کەلوپەلانـە لـەوێ مابـوون؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، هـەر لەنـاو بەڕێوەبەرایەتیـی ڕۆشـنبیریی کـوردی کەلوپەلەکان فـڕێ درابـوون.

**ڕامـان:** باشـە ئـەو کەلوپەلانەیـان بـۆ لەگـەڵ خۆیـان نەبردبـوو؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** ئـەوان زۆربـەی کەلوپەلەکانیـان بردبـوو، بـەڵام ئـەو شـتانەی کـە نەیانویسـتبوون، عوسـمان فایـق وتبـووی فڕێیـان بـدەن، بۆیـە هـەر لەسـەر زەوی کەوتبـوون.

**ڕامـان:** لەگـەڵ خۆیـان نەیانبردبـوون و هـەر لـەوێ بـە پەرشـوبڵاوی فڕێیـان دابـوون؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، هـەر لـە بەڕێوەبەرایەتـی مابـوون، هەنـدێ وێنـە هـەن، وێنـەی فۆتۆگرافـی ناوچـەی سـلێمانی و هەولێـر و دەوروپشـتی، ئێسـتاش ئەوانـەم هەڵگرتـووە، وێنـەی نایـاب بـوون.

**ڕامان:** کێ ئەو وێنانەی گرتبوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** وێنەگرەکانی خۆمان گرتبوویانـن، ئەرشـیڤێکیان بـۆ هونەرمەنـدان دروسـت کردبـوو، هـەر هونەرمەندێـک چـی هەیـە، ئەرشـیڤی خـۆی دەهـاورد، تەنانەت لەناو ئەو وێنە ئەرشـیف کراوانـە کـە لەسـەر زەوی فـڕێ درابـوون وێنـەی ئەحمـەد سـالارم دۆزییـەوە، وێنەکـەی و مێـژووی ژیانـی، ئەوکاتـە فۆرمێکیـان بەسـەر هونەرمەنـدان دابـەش دەکرد، بـۆ ئەرشـیف پڕیان دەکـردەوە، ئـەو وێنانـە و فیلمەکـەم هەڵگـرت.

**ڕامـان:** ئیتـر لەگـەڵ لابردنـی دوکتـۆر ئیحسـان فوئـاد یەکسـەر ئـەو دەزگایـە نەمـا و ڕایانگـرت،

هـەردوو دایـرەش تێکـەڵ بـوون و فەرمانبەرەکانیان لـەو دەزگا نوێیـەدا کۆکـردەوە؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، هەردووکـی نەمـان، بـووە دەزگای ڕۆشـنبیریی و بڵاوکردنـەوەی کـوردی.

**ڕامـان:** بەڕێوەبەرایەتیـی ڕۆشـنبیریی کـوردی و خانـەی هـاوکاری (دار التضامـن)، ناوەکەیـان کرایە دەزگای ڕۆشـنبیریی و بڵاوکردنـەوەی کـوردی.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، بەڵێ.

**ڕامـان:** کـە تێکـەڵ بـوون، ئەوکاتـە ئـەو دەزگایە ڕۆژنامـەی هـاوکاری و هـەردوو گۆڤـاری ڕۆشـنبیری نـوێ و (بەیـان)ی دەردەکـرد.

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** دوایـی گۆڤـاری (ڕەنگین)یشـی هاتـە سـەر، کۆمەڵێـک کتێبـی باشـیش چـاپ کـران، ئێمـەش کەوتینـە شـکاندنی ئـەو دۆڵابانـە تـا بزانیـن چییـان تێدایـە.

**ڕامـان:** بەڕێوەبـەری گشـتیی دیوانـی وەزارەت، (عوسـمان فایـەق)ی ئـاگادار کـردەوە کـە ئـەو هەنـگاوەی نـاوە؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڕێوەبـەری گشـتی پێـی وت بـا ئەوانـە بچـن بـۆ ئـەوێ، بیناکـە چۆڵـە، لـە جیاتـی ئـەوەی لـە چاپخانـە دانیشـن، لـەوێ دەوام بکـەن، تاکـوو بزانیـن چارەنووسـیان چـی لێـدێ.

**ڕامـان:** کەوابـێ عوسـمان فایـق ئـاگای لـێ بـوو کـە بـە ئێـوەی گوتـووە بـڕۆن لـەوێ دەوام بکـەن؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، بەڵـێ، بـەڵام پێوەنـدی پێمانـەوە نەبـوو، ئێمـە بـە تـەواوی لەوێ دەرچووبووین، کەوتینە سـەر میلاکی وەزارەت.

**ڕامـان:** عوسـمان فایـەق ئـەو سـێزدە کەسـەی لابـرد، بـەڵام بەڕێوەبـەری گشـتی سـەمیر عەزیـز گوتـی بچنـەوە لـەوێ دەوام بکـەن؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، بەڕێوەبـەری گشـتیی دیوانـی وەزارەت، ئینسـانێک بـوو گوێـی دەگـرت و تێگەیشـتنی هەبـوو.

**ڕامـان:** بەڕێوەبـەری گشـتی دیوانـی وەزارەت بـوو، بـەڵام دیـارە کەسـێکی دەسترۆیشـتووی بەهێـز بـووە؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، ئیتر ڕۆیشـتین لـەوێ ئـەو شـتانەمان کرد.

**ڕامان:** ئەی زامدارتان لەگەڵ نەبوو؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** نـا، زامـدار لـە ڕۆژنامـەی هـاوکاری بـوو، لەگـەڵ خـۆی بـردی.

**ڕامان:** ئـەو سـێزدە کەسـەتان دەرکران، ئـەوان لـەوێ مانـەوە؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، ئیتـر کـە دۆڵابەکانمـان شـکاند، مـن دانەیەکـم لـە کتێبەکـەی نامـەی قانـع، هەروەهـا دانەیەکـم لـە کتێبەکـەی دەوڵەتـی دۆسـتەکی (الدولة الدوستكية) بـۆ خـۆم هەڵگـرت.

**ڕامان:** مەبەستت بەرگی دووەمی ئەو کتێبەیە؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** بەڵـێ، وێنـە فۆتۆگرافییەکانـم هەڵگـرت، فیلمەکـەم هەڵگـرت، تابلۆیەکـی زۆر گـەورە هەبـوو، هەوڵـم دا بیبـەم.

**ڕامـان:** ئێسـتا ئـەو فیلمـە لـەلای تـۆ نەبـێ، لای کەسـی دی نییـە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، هەڵم گرتووە.

**ڕامان:** تەنیا تۆ هەتە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ.

**ڕامـان:** دیـارە تـۆ قایمـکاری، زۆر بایـەخ بـە ئەرشـیف دەدەی؟

**عەبدولقـادر عەلـی مـەردان:** ئـەو فیلمـە و فیلمێکـی تریش کـە سـاڵی ١٩٧٠ تۆمار کرا، ئەو کاتە کاک مەسـعوود و کاک ئیدریس بارزانی و دارا تۆفیـق و حەبیـب محەمـەد کەریـم و سـەرکردایەتی پارتـی لـە ئاهەنگەکـەی سـەلمان پـاک بـوون.

**ڕامان:** ساڵح یووسفی و ئەوانی دیش بوون.. ئەو فیلمە بە چ بۆنەیەک گیرا؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** لە سەلمان پاک ئاهەنگێکیان کرد.

**ڕامان:** دیارە ئاهەنگی نەورۆز بووە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ئەوجا ئەو فیلمە ئیبراهیم محەمەدئەمین حەوێزی، ئیبراهیم کاکە گرتی، بەڵام بە سی و شەش ملیم گرتی، باریک بوو، فیلمەکە بچکۆلانەیەک بوو.

**ڕامان:** ئەی فیلمەکەی دی، ئەوەی لە بارەی قەڵای هەولێر گیرا، ئەوە چەند ملیم بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** فیلمەکەی تر بە سی و هەشت ملیم بوو، سینەماییيە، ئێستاش لەلام ماوە، قوتوویەکم بۆی سەند، خستمە ناو ئەو قوتووەوە.

**ڕامان:** ئێستا بەو ئامێرە نوێیانە پەخش دەکرێ، یان زەحمەتە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، دەبێ بخرێتە سەر سی دی، لەوانەیە ئەگەر ئامێری سینەمایی مابێ، بە ئامێری سینەمایی نمایش بکرێ.

**ڕامان:** بەڵام هەتا زووە بکرێ باشترە، نەوەک ئاووهەوا و شێ و گەرمی و ڕووناکی و ئەمانە کاری تێبکات و تێکی بدات، زوو نوسخەی لێ زیاد بکە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** باش بوو تۆ ئەو باسەت کردەوە، با باسێکت بۆ بکەم. لە مەکتەبی ڕاگەیاندنی پارتی کە لەلای ڕۆژنامەی خەبات بوو، بە سەرۆ قادرم وت، ئەمە بۆ مێژوو دەڵێم، وتم ئەو دوو فیلمەم هەیە، لێم بکڕن، بە ئەمانەت دامێ، عەیب نییە من ئەوکاتە دەستم کورت بوو، پێویستم بە پارە بوو. وتم ئەو شتانەم هەیە لێم بکڕن با تێک نەچن، ئێوە لە تەلەڤزیۆن سوودیان لێ دەکەن، دەتوانن ئەوەی کە پۆزەتیڤە بیکەنە نێگەتیڤ و نمایشی بکەن، یەکێکیان فیلمێکی بەڵگەییيە، بەڵگەی مێژووییيە.

**ڕامان:** وەڵامی بۆ کڕینی دوو فیلمەکە چی بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** وتی باشە، فیلمەکانم بۆی برد، دوای دوو سێ مانگ ئاریان فەرەج تەلەفۆنی کرد، وتی وەرە سەرێکمان لێدە. ڕۆیشتم فیلمەکانی دامەوە، وتی ڕەزامەندیی کڕینی نەدرا، ئیشەکە نەکراوە و فیلمەکانی پێم دایەوە، ئێستا ئەوە لەلای خۆم پاراستوومن.

**ڕامان:** لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری چی دیکەت برد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەوەی لەوێ بوو هەڵمگرت، تابلۆیەکی زۆر گەورە هەبوو، نزیکەی دوو بە سێ مەتر بوو، هونەرمەند لالە عەبدە کردبووی، تابلۆکە دەرەبەگێک بوو، تفەنگ لە شانی و پیاوێکی چەکدار لەگەڵی، خەڵکێکی زۆر وەستاون، ژنێک کە منداڵێکی بەدەستەوەیە، لە دواوەی وەستاوە و دەگری، یەکێک کوژراوە و لەسەر زەوی کەوتووە، ئێستایش ئەوە لە مێشکمە، تابلۆکە زۆر جوان بوو، ئەو تابلۆیەش فڕێ درابوو.

**ڕامان:** من لەبیرمە لە بەڕێوەبەرایەتییەکەتان تابلۆی محەمەد عارف سیامەنسووریش هەبوو.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەوەیان بردە ئەوێ، هەموویان گوێزایەوە، بەڵام ئەوەیان نەبردبوو، لەگەڵ تابلۆی دوو سێ هونەرمەندی فەقیر نەیانبردبوون.

**ڕامان:** ئەو هونەرمەندانە فەقیر نین، تابلۆکانیان ناوەڕۆکی سیاسییان هەبووە.. بێجگە لە لالە عەبدە، ئەو هونەرمەندانەی دی ناویان چ بوو؟ وابزانم (سمکۆ تۆفیق)یش

تابلۆی لەوێ هەڵواسرابوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** کۆمەڵێک هونەرمەند بوون.

**ڕامان:** ناوەکانیانت لەبیر نییە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** یەکێکیان ئەوەی زوو ئەمری خوای کرد، سەروەر سەوز.

**ڕامان:** هونەرمەندە سەر سپییەکە، سەروەت ئەنوەر سەوز دەڵێی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** گەنجێک بوو.

**ڕامان:** ئێ دەزانم کێ دەڵێی، ئەوە پێش چەند ساڵێک لە سلێمانی ئۆتۆمبێل لێی دا و کۆچی دوایی کرد.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەوە زوو ئەمری خوای کرد، تابلۆیەکی ئەویش بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک تابلۆی تر بوون، بەڵام بیرم کردەوە ئەوەی لالە عەبدە بدزم و بە دزییەوە دەری بکەمە دەرەوە. باشە دەبێ چۆن بیدزم، ئەوە قەبارەی گەورەیە، دەبێ پیکابی بۆ بگرم، لە دایرەیەکی ڕەسمی دەری بکەی بە پیکاب زەحمەتە.

**ڕامان:** دواتر هیچ دەرفەتێک بۆ بردنە دەرەوەی ئەو تابلۆیە نەڕەخسا؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** پاسەوانێکمان هەبوو، کورد بوو، ناوی ڕەزا بوو، خەڵکی دوزخورماتوو بوو، پێم وت ئەو تابلۆیە فڕێ دراوە، حەزدەکەم ئەوە دەرکەم. وتی نایەڵم، چونکە من پاسەوانم، ئەوە لەسەر دەزگا حیساب کراوە، دوایی دێن لێپێچینەوەم لەگەڵ دەکەن و دەمگرن، فەقیرە خۆیشی تەواو نەبوو، کەم ئەندام بوو.

**ڕامان:** باوکی ڕەزا ناوی چ بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** وەڵڵا نازانم، تەنیا ناوی ڕەزا بوو، خەڵکی دوزخورماتوو بوو.

**ڕامان:** ئێستا لە ژیاندا ماوە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئاگام لێی نییە، ئەوە حەفتاکان بوو، ئینسانێکی بەڕێز بوو، بەڵام هەر لە مێشکم بوو تابلۆکە دەربکەم، ئەوە بوو لەوێ ماینەوە تا جارێکی تر لە وەزارەت ناردیانە شوێنمان، وتیان بگەڕێنەوە هاوکاری، ئەوە عوسمان فایق ڕەزامەند بووە بگەڕێنەوە، بەڵام کە گەڕاینەوە سەرپشکی کردین و گوتی ئەوەی دەیەوێ بمینێ، دەمێنێ، ئەوەی گەرەکیەتی بۆ شوێنێکی دی بگوێزرێتەوە، با داواکاری پێشکەش بکات، ئێمە لەسەر گوێزانەوەکەی ڕەزامەند دەبین، ئەوەبوو کۆمەڵێک گوێزرانەوە سلێمانی، یان هاتنە هەولێر، بۆ ئەمینداریتیی گشتیی ڕۆشنبیریی و لاوان.

**ڕامان:** وابزانم ئەوسا (سەردار میران)یشتان لەگەڵ بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** سەردار میران لەگەڵمان فەرمانبەر بوو، ئەو زوو خۆی گوێزایەوە هەولێر.

**ڕامان:** سەردار میران لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری بوو، کە پێشتر ناوەکانمان گوت، ئەومان لەبیر چوو.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، ڕاستە، لەوێ بوو، ئاخر ئەو زوو گوێزرایەوە، ئەو بوو، کوڕێکی تری هەولێری ناوی دڵشاد دزەیی، کەشخەیەک بوو، لەگەڵ شامل مەردان، سکرتێری بەڕێوەبەری گشتی بوو.

**ڕامان:** ئاگام لێ بوو ئەوانە هەموویان هاتنە هەولێر.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەشێک لەوانە ڕۆیشتنە هاوکاری.

**ڕامان:** لە ناوی سێزدە کەسەکە، جەمال خەزنەدار لە لیستی ئەو ناوانە بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** لەگەڵ ئەوانە پێکەوە گەڕاینەوە ڕۆشنبیریی کوردی، من و جەمال خەزنەدار گەڕاینەوە.

**ڕامان:** هەموو سێزدە کەسەکە گەڕانەوە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نا، ئەرمەنییەکە و موحەڕەم محەمەدئەمین خانەنشین کران.

**ڕامان:** ئەو کاتە م. موحەڕەم محەمەدئەمین ماڵیشی لە بەغدا بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ماڵیان لە شاری هەولێر بوو، چونکە من جارێک چوومە ماڵیان، کۆمەڵە ماڵێک لە گەڕەکی ئیسکان هەن، کە بەرانبەر تابلۆمۆڵ پێچ دەکەیتەوە، دێیتە ئیسکان، کۆمەڵە خانوویەک هەبوو، دوایی (کاتب عەدل)یش لەوێ بوو.

**ڕامان:** ماڵی (محەمەد مەولوود مەم)یش لەو ناوە بوو.. پێموانییە و نەمبیستووە ماڵی موحەڕەم محەمەدئەمین لە هەولێر بووبێ.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** موحەڕەم محەمەدئەمین، یان محەمەد مەولوود مەم، ناوی لەلام هەیە، دەترسم تێکەڵاوم کردبێ.

**ڕامان:** ئاخر من کە لە گۆڤاری بەیان کاری دەکرد برادەرم بوو، هەموو جارێک دەچووم بۆ لای و سەردانم دەکرد، لە گۆڤاری بەیان نووسەر - موحەریر بوو، بەڵام گوێی گران بوو، زۆر بە زەحمەت لێت حاڵی دەبوو، ئەوە موحەڕەم محەمەدئەمین بوو.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەها، تەواوم گوتووە، موحەڕەم محەمەدئەمین بوو کە خانەنشین بوو، ئەوانی دی ئەوەی گوێزرایەوە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیریی و لاوان، گوێزرایەوە، عەزیز نەجم پێی وتم، وتی تۆ پێوەندیت بەوانەوە چییە، بگەڕێوە.

**ڕامان:** واتە خۆت حەزت کرد بگەڕێیتەوە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** هەر دەبوو بگەڕێینەوە، حکوومەت چیمان لێ دەکا، واتە نابێ هەروا بە هەڵواسراوی بمێنینەوە، ئیتر گەڕاینەوە.

**ڕامان:** ئەوانی دی بەجێیان هێشت؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، ئەوەی ڕۆییشت جێیهێشت، کۆمەڵە کەسێک گوێزرانەوە سلێمانی و هەولێر، من مامەوە.

**ڕامان:** ئەی ئەمین شوان کەی هاتە ئەوێ؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەمین شوان هەر لە سەرەتاوە لەوێ سکرتێر بوو.

**ڕامان:** لەوێوە بووە هاوڕێم و پێی ئاشنا بووم، ئەو سەرەتا لە کوێ کاری دەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** پێشتر لە هاوکاری بوو.

**ڕامان:** لە کەرکووکەوە هاتبوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** لەوانەیە لە کەرکووکەوە هاتبێ، دامەزراندنەکەی لە بەغدا بوو.

**ڕامان:** بەڵێ، دەبێ وابێ، چونکە من سەرەتا لەوێ بینیم و ناسیم، دوای ماوەیەک یاداشتەکانی (چارلی چاپلن)ی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاو بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوی دەکردنەوە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، ئەو سکرتێر بوو، سکرتێری بەڕێوەبەری گشتی بوو.

**ڕامان:** (بورهان قانیع)یشم هەر لەوێ دەدی.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ئیتر کە ڕۆیشتین ئەمین شوان بە حوکمی ئەوەی کەرکووکی بوو، وتی بگەڕێرەوە و دەوامەکەی خۆت بکە و دانیشە، چ پێوەندییەکت بەو جەماعەتەوە هەیە، بگەڕێرەوە خۆت بەوانەوە مەفەوتێنە.

**ڕامان:** کە گەڕایتەوە هیچ مەرجێکیان نەبوو، بڵێن وەرە لەگەڵمان ئیش بکە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** نەخێر، ئیدی بەگوێی (ئەمین شوان)م کرد و گەڕامەوە.

**ڕامان:** دواتر پێت باش بوو بە قسەی ئەوت کرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئا، ئینسانێکی لە ڕووی تۆ نەبێ نەجیب و بەڕێز بوو، ئەوە بوو گەڕامەوە، کە منیان گەڕاندەوە یەکسەر وتیان بڕۆ بۆ هاوکاری، لە ژوورێک لەگەڵ مەجید نەدیم کە ئەویش شاعیرە، لەگەڵ بورهان قانیع و من و محەمەد سەلیم بووین.

**ڕامان:** محەمەد سەلیم کامەیانە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** محەمەد سەلیم سەعید درێژێک بوو، خەڵکی سلێمانییە، ئەویش شاعیرە.

**ڕامان:** ئەها، بەڵێ، پیاوە پیرەکە، محەمەد سەلیم سەعید جاف، ئەویشم لە نزیکەوە دەناسی، دوای ڕاپەڕینیش ئەو هاوڕێیەتییەمان بەردەوام بوو، دوو نامەی لە ئەرشیڤەکەم هەیە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ئەوجا بورهان قانیع هەمیشە گێچەڵی پێ دەکرد و ڕەخنەی لێ دەگرت.

**ڕامان:** شۆخی و سوعبەتی لەگەڵ دەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، لەگەڵ مەجید نەدیم کە ڕۆیشتین بۆ ئەو ژوورە، بورهان قانیع پێی ناخۆش بوو کەسێک بڕوا لەگەڵی ئیشی ڕۆژنامەی هاوکاری بکات.

**ڕامان:** پێی ناخۆش بوو! بۆچی پێی ناخۆش بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** حەزی نەدەکرد کەس فێری ئیشەکە ببێ، ئەوە بە ئەمانەت بۆ مێژوو دەیڵێم.

**ڕامان:** سەیرە کە حەزی نەکردووە، بەڵام بۆ مێژوو دەبێ بیڵێی، نەیڵێی خوا دەتگرێ.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ڕۆژێک چووینە چاپخانە، ئەو ماوەیە کەنعان موفتی و هێرش محەمەدئەمین دامەزرابوون.

**ڕامان:** ئەوانە لە هاوکاری دامەزرابوون؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، لە هاوکاری دامەزرابوون، کە دامەزران هێشتا قوتابی بوون.

**ڕامان:** لەتیف هەڵمەت لە کوێوە بۆ ئەو دایرەیە هات؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** لەتیف هەڵمەت بەر لە من لە ڕۆژنامەی هاوکاری بوو.

**ڕامان:** ساڵی چەند بوو، لە ساڵی ١٩٧٦ـەوە هەر لەوێ بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، بەڵێ.

**ڕامان:** بە ڕۆژ لەوێ بوو، ئێوارانیش لە پاشکۆی عێراق ئیشی دەکرد، لەلای ئێوە جێبەجێکار- مونەفیز بوو، واتە دەچوو وتارەکانی دەبرد بۆ چاپخانە، لەوێش کە وتارەکان تایپ دەکران، ئەو دەیهێنانەوە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، لەتیف هەڵمەت هەر لەوێ بوو، فەرمانبەری هاوکاری بوو، چونکە وەک دەزانی کە سەرەتا هاوکاری دامەزرا، چەند کەسێکی باش ئیشیان تێدا کرد، لەوانە جەلالی میرزا کەریم.

**ڕامان:** ئا، ڕاستە، جەلال میرزا کەریم کەسێکی گرنگە، ماوەیەک سکرتێری نووسینی گۆڤاری (بەیان)یش بوو.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** (سەربەست بامەڕنی)یش لە هاوکاری ئیشی دەکرد.

**ڕامان:** لەبیرمە شاسوار جەلال (ئارام)، ئەویش لەوێ کاری دەکردو سەرپەرشتیی لاپەڕەی (٢)ی دەکرد کە بە ناوی (خەباتی گەلان)ـەوە بوو.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ڕاستە (ئارام)یش بوو.

**ڕامان:** هەروەها (حیلمی عەلی شەریف)یش بوو.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەو هەر لە هاوکاری بوو، چونکە ئەوان سەر بە خانەی نیشتمانیی بڵاوکردنەوە و دابەش کردن بوون، ئەوان لە (هاوکاری)یش ئیشیان دەکرد، محەمەد زادەش لەوێ ئیشی دەکرد.

**ڕامان:** زادە لە کوێوە هات بۆ ئەوێ؟ پێشتر لە چ دایرەیەک کاری دەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** محەمەد زادە کە لە بەغدا قوتابی بوو، لە ڕاگەیاندن دامەزرابوو، لەوێ دەوامی دەکرد، عەبدوڵڵا عەبباس و عەبدولوەهاب تاڵەبانی و ئەوانەش لەوێ بوون، سەربەست بامەڕنی و جەلال میرزا کەریم و ئەوانەش لەوێ دەوامیان دەکرد، لە هاوکاری کۆن، دێتە بیرم کە لە شاخ گەڕابوونەوە بەر لەوەی من بچم بۆ سەربازی، ڕۆژێک لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردیی بینییانم.

**ڕامان:** سەرەتای ئیشکردنی ئەوان کەی بوو، وا بزانم سەرەتای ساڵانی حەفتا بوو کە ڕێککەوتننامەی ئازار مۆر کرا، ئەوانە هاتنە ئەوێ؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** من ڕۆژێک لە بەڕێوەبەرایەتی بووم، کە چووم بینیم کۆمەڵێک نووسەر گەڕابوونەوە، ئەوانە لە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلوول ئیشیان دەکرد، عەبدوڵڵا عەباس، عەبدولوەهاب تاڵەبانی، جەلالی میرزا کەریم بوون.

**ڕامان:** ئەی هەندێک لەوانە پێشتر لە ڕۆژنامەی نوور ئیشیان نەدەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، دوایی هاتنە هاوکاری، ناوەکانیان لە ئەرشیف هەیە، ئیتر ئەوە بوو لەگەڵ بورهان قانیع گەڕامەوە، یەکەم ڕۆژ کە ڕۆیشتین بۆ چاپخانە، ئەو ئیشەی کە من ساڵی ١٩٦٠- ١٩٦١ لە ڕۆژنامەی ئەخبار دەمکرد، دەبینم هەمان ئەو ئیشە دەکەن. (موداور) کرێکارێکی عەرەب بوو، تۆ پێشتر وتت بە پەت دەبەسترا و نوسخەیەک ڕادەکێشرا، ئەگەر هەڵەی تێدا بوو ڕاست دەکرایەوە، دیم بورهان قانیع ئەو ئیشە دەکا، کە پیتێک، یان وشەیەک هەڵە بوایە، ئەو پیتەکەی دەردەکرد، بە مەقەست پیتێکی دەبڕی، یان پیتێکیان لێ دەدا، پێیەوەی دەنووساند و دایدەگرت.

**ڕامان:** تۆ بە (بورهان قانیع)ت وت ئەو کارە دەزانیت و پێشتر کردووتە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، بە یەک دانیشتن ئەو ئیشەم وەرگرت و فێری بووم، ئەوە بوو لەگەڵ بورهان قانیع هەر هاتوچۆمان دەکرد، ئەو نەختێک پشووی دەدا، منیش یارمەتیم دەدا، ئیتر پێکەوە ئیشمان دەکرد.

**ڕامان:** مەبەستت ئەوەیە بڵێی پێکەوە هاتوچۆی چاپخانەتان دەکرد؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، کەنعان موفتی و هێرش محەمەدئەمین دامەزران، یەکەم جار کە هاتن بورهان قانیع حەزی نەدەکرد بێنە ژوورەکەی و فێری ئیشەکە ببن، بۆیە ڕووبعی دینار هەبوو، دووسەد و پەنجا فلس، ڕووبعە دینارێکی دەردەهێنا و پێیانی دەگوت ئەوە (کاهوو- خاس)ی پێ بسێنن و بیشۆنەوە و دانیشن بیخۆن.

**ڕامان:** ئەگەر ئەوانە نەچنە ژوورەکەی، ئەی لە کوێ دانیشن و کاهوو بخۆن؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** چاپچییەک هەبوو، هەم چاپچی، هەم پاسەوانی چاپخانەی

داروڵحوڕییە بوو، ئیشی هاوکاریمان لە چاپخانەی داروڵحوڕییە دەکرد، ئەو کاتە لاینۆ بوو، بەوانی دەوت کاهوو بسێنن و بیشۆرنەوە و لای فازڵ، چاپچییەکە ناوی فازڵ بوو، دانیشن بۆخۆتان کاهوو بخۆن و چای بخۆنەوە تا ئێمە دەردەچین، ئیتر لەگەڵ بورهان قانیع ماوەیەک ئیشمان کرد. بورهان قانیع کتێبێکی لە بارەی مادەوە دانا.

**ڕامان:** ئەوە کتێبی ئەو نەبوو، وەرگێڕان بوو، دانەرەکەی دیاکۆ بوو، ئەو لە فارسییەوە وەریگێڕاو بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوی دەکردنەوە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بورهان قانیع دەقە فارسییەکەی هەبوو، لە نوسخە فارسییەکەوە وەری دەگێڕا و لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوی دەکردنەوە، هەم خۆی دەینووسی، دوایی نوسخە فارسییەکەی گوم کرد، زۆر هەوڵی دا تا نووسخەیەکی عەرەبی دۆزییەوە، ئەو عەرەبییەکەی لاواز بوو، من کە چوومە ئەوێ عەرەبییەکەم فوولە، ئەوکاتە من مێزم نەبوو، ئەو مێزێکی هەبوو لە پشت مێزەکە دادەنیشت، من لەسەر کورسییەک لە تەنیشت مێزەکەی ئەو دادەنیشتم.

**ڕامان:** چۆنە هێشتوویەتی تۆ لە ژوور ئەو بمێنیتەوە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بۆ ئەوەی بوو دەیوت تۆ بیخوێنەوە و بە کوردییەکەی خۆت بۆمی ڕوون بکەرەوە، من ڕاستی دەکەمەوە، هەرواش بوو، من کتێبەکەی دیاکۆم بە عەرەبییەکە بۆی دەخوێندەوە، بەو کوردییەی من کە ئەو کاتە کوردییەکەم ئەوەندە باش نەبوو، ئێستا نەختێک باشترە.

**ڕامان:** ماشەڵڵا کە باش نییە، بەنگلادیشی، سوماڵی، تەنانەت عەرەبم بینیوە کە بە کوردی قسەیان کردووە نەمزانیوە ئەوانە کورد نین، شەرواڵی پۆشیبوو، گوتیان دەزانی ئەوە عەرەبە، باوەڕت هەبێ ئەوەندە فۆنەتیک و کوردییەکەی ڕەوان بوو نەتدەزانی کورد نییە، ماڵت ئاوا بێت، تۆ هەر هیچ نەبێ لە دوای ڕاپەڕینەوە لەو کوردستانە ژیاوی، تۆزێک کوردییەکەت چاک بکردایە.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئیتر هەر چۆنێک بێ بۆم مانا دەکردەوە، ئەو دەینووسی، بەوە کتێبەکەی تەواو کرد و چاپی کرد، ئەوە بوو بەرگەکەم بۆی کرد و وێنەی نەخشەکانی ناوەوەی زیاتر من بۆیم کردووە، هەندێکیانم لەوەکەی دیاکۆ بە ترێس بۆ ناو کتێبەکە گواستەوە، دەمانکردە کلێشە، دواتر لە چاپخانەی ڕەشاد چاپی کرد کە لە شەقامی ئەلموتەنەبی بوو، ئەوە بورهان قانیع و ئیشەکانی.

**ڕامان:** مولازم جوامێر کە لە ئالای سوور کاری دەکرد و (عوسمان فایق)ی کوشت، تۆ ئەو کاتە لە کوێ بووی؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** من و مەجید نەدیم و بورهان قانیع لە نهۆمی سێیەم لە یەک ژوور بووین، ژوورەکە دەیڕوانییە سەر گۆڕەپانی خوڵانی، بەیانیان لەو پەنجەرەیەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، ئەو بەیانییە بە ڕێکەوت زەلامێکم دی لە کۆڵانەکەی پشت دایرەکەمانەوە دەرچوو، ڕۆژنامەیەکی بە دەستەوە گرتبوو، هاتە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەکان، لە پشت ئۆتۆمبێلەکان، پەرژینێکی ئاسنی نزم هەبوو، کەسەکە وردە وردە بەرەو لای دەرگای دایرەکەمان دەهات، کە چاوم گوێزایەوە سەر شوێنێکی دی، دەنگی دوو فیشەک هات، یەکسەر دەنگۆ بڵاوبووەوە کە عوسمان فایق کوژرا، تومەز

مولازم جوامێر، دەیزانی کەی عوسمان فایەق دەگاتە شوێنی کارەکەی.

**ڕامان:** دواتر زانیتان کوشتنەکەی چۆن بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بۆ نەگبەتی عوسمان فایەق، ئەو ڕۆژە لەجیاتی ئەوەی لای دەرگای پشت شوفێرەکەوە دابەزێ و بچێتە ناو دەرگای دایرەوە، ئەو ڕۆژە لە دەرگای ڕاستەوە دابەزیبوو کە نزیکی دەرگای گەراجەکە بوو، ئیتر لەگەڵ ویستبووی قاچی بێنێتە دەرەوە، دوو فیشەکی لێ دابوو.

**ڕامان:** دەڵێن یەکەم جار ئەحلام مەنسوور گەیشتبووە سەری و دوا وشەی بە کوردی گۆ کردبوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ئەحلام مەنسوور کە لەبەردەم ئەسانسۆرەکە بووە تا بچێتە شوێنی کارەکەی خۆی، کە گوێی لە فیشەکەکان دەبێ، یەکسەر دێتە دەرەوە و عوسمان فایەق بەو حاڵەوە دەبینێ کە کەوتووەتە سەر زەوی، ئیتر سەری بەرز دەکاتەوە، بەڵام کۆتایی بە ژیانی دێ، مولازم جوامێریش بە هەمان کۆڵان کە پێیدا هاتبوو، دەڕوات و بۆی دەردەچێ.

**ڕامان:** ئەوانەی لە هاوکاری ئیشیان دەکرد، لە هەندێ لەوانەی لەوێ دامەزرا بوون، بیستوومە هەر نهۆمێک لێپراسراوی خۆی هەبووە، یەکێک لێپرسراوی نهۆمی دارایی، یەکێک لێپرسراوی نهۆمی کارمەندان و یەکێکی دی بەرپرسی نهۆمێکی دیکە بووە، تەلارەکەتان چەند نهۆم بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** خۆی چوار نهۆم بوو.

**ڕامان:** چوار نهۆم بوو، هەر نهۆمێک یەکێک لێپرسراوی ئەمنی بووە؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** ئەمنی نا، بەرپرسی حیزبی بوو، ئیشیان ئەوە بوو چاودێرییان دەکرد، ئەوە من و تۆ دانیشتووین، دەڕۆیشتن بە سکرتێری بەڕێوەبەری گشتییان دەوت ئەوە فڵان و فڵان، لە فڵان جێگە دانیشتوون، دواتر بە بەڕێوەبەریان دەوت، یان تەلەفوونیان بۆی دەکرد، یەکسەر دەگەیشتە عوسمان فایق کە ئەوە دوو کەس پێکەوە دانیشتوون، دەهاتن پێیان دەوتی هەڵسە، ئەوە بۆ لێرە دانیشتووی؟ یان خزمەتگوزارەکە دەهات بە بیانوویەک دەری دەکردی، ئیدی دەچوویتەوە جێگاکەی خۆت، بە ڕاپۆرت و چاودێری کردن، جۆرە توندییەک هەبوو. کە کوژرا، ستوونێکی لە هاوکاری هەبوو.

**ڕامان:** ستوونەکەی ناوی (بە یارمەتی ئێوە) بوو.

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، دوا ژمارە کە نووسینەکەی (عوسمان فایەق)مان بردە چاپخانە، من و بورهان قانیع بردمان، دەبوو ئەو ڕۆژەی هاوکاری دەردەچێت گۆشەکە داببەزێ، شەو بوو، ئەو کاتە سکرتێری نووسین ئەکرەم بوو، لەگەڵ ئەحمەد جەزراوی هاتنە چاپخانە.

**ڕامان:** ئەکرەم مەحموود سەمین کە خانەقینی بوو، سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەی هاوکاری بوو؟

**عەبدولقادر عەلی مەردان:** بەڵێ، ئەکرەم مەحموود سەمین سکرتێری نووسین بوو، لەگەڵ ئەحمەد جەزراوی و دیزاینەری هاوکاری کە عەدنان جبووری بوو، عەرەب بوو هاتن، ئەو دیزاینی ڕۆژنامەی جمهووری و عێراقی دیکەی دەکرد، خۆی دوو دیزاینەر لە بەغدا هەبوون، عەدنان جبووری و زوهێر ئەلنعێمی لە هاوکاری کاریان دەکرد، زوهێر ئەلنعێمی پێش عەدنان جبووری لە هاوکاری بوو، ئەو یەکەم دیزاینەری ڕۆژنامەی هاوکاری بوو.

# ڕۆمانی ژیاننامەیی

د. کەمال سەعدی مستەفا
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی یاسا)

(١- ٢)

## دەستپێک

وەک دەزانین هونەری نووسینەوەی ژیاننامە لقێکە لە لقەکانی ئەدەب و لە کۆنەوە ئەدیب و نووسەران بایەخیان پێ داوە و کەسە ناودارەکانیش بۆ گێڕانەوەی سەربردەی ژیانیان و ئەزموونەکانیان بەکاریان هێناوە.

ئەم بابەتە شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو لە کۆنەوە هەبووە و سەرچاوەیەکی گرنگیش بووە بۆ مێژوونووسان بە مەبەستی تۆمارکردنی ئەو ڕووداوە مێژووییە گرنگانەی کە کتێبەکانی ژیاننامە و بیرەوەرییەکان لەخۆیان گرتوون.

بەڵام هەروەک زانایانی بواری دەروونناسی دەڵێن مرۆڤ بە پێی سروشتەکەی بە گشتی لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی تەنیا باسی ئەو لایەنانەی ژیانی دەکات کە شانازییان پێوە دەکات، بە پێچەوانەشەوە چاوپۆشی لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە دەکات کە بۆ خۆی و کەسە نزیکەکانی مایەی شەرمەزارین، یان بۆ ئەو کەسانەی کە خۆشی دەوێن و نایەوێ لەکەداریان بکات.

لەم بارەیەوە کاتێک یەکێک لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە داوای لە زانای دەروونناسی بەناوبانگ سیگمۆند فرۆید کرد کە بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە و مافی بڵاوکردنەوەیان پێ بفرۆشێت، ناوبراو داواکارییەکەی ڕەتکردنەوە و وتی: ((گێڕانەوەی بیرەوەری کەمێک قورسە بۆ ئەو کەسەی دەیگێڕێتەوە، چونکە گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە ڕاستیودروستی و بە ڕوونی دەبێتە مایەی ناوزڕاندنی خاوەنەکەی و ئەو کەسانەش کە ناویان دەهێنێ، بە تایبەتی ئەوانەی زۆربەیان زیندوون، لە لایەکی تریشەوە گێڕانەوەی ژیاننامە لای من هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە، چونکە بریتییە لە درۆکردن و هەڵخەڵەتاندن و چەواشەکردن، چونکە کەس نایەوێ ڕووداوەکان وەک خۆیان و بێ دەستکاری بگێڕێتەوە، ئەگەر زیان بە ناوبانگی بگەیەنێت و دڵی هاوڕێکانی بڕەنجێنێ، بۆیە ناچارە درۆ بکات)).

هەروەها کاتێک ڕۆماننووسی ئینگلیزی بەناوبانگ ڤیرجینیا وولف لە سەر داوای خوشکەکەی

دەستی بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی کرد، نەیتوانی بەردەوام بێت، چونکە لە گەنجێتی زڕ براکەی دەستدرێژیی سێکسی کردبووە سەری، بۆیە دەستی هەڵگرت و کارەکەی تەواو نەکرد. (جان جاك روسو: اعترافات جان جاك روسو، ترجمة حلمي مراد، منشورات دار البشير للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق-بيروت، بلا سنة طبع، ص٩).

هەرچەند جان جاک ڕۆسۆ و قەدیس ئۆگستینۆس لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیان بەوپەڕی ڕاستگۆیی و ڕاشکاوییەوە ئاماژەیان بە ڕووداوەکانی ژیانیان و کەسایەتیی خۆیان کردووە و لەم ڕووەوە جان جاک ڕۆسۆ لە پێشەکی کتێبەکەیدا کە بە ناوی (دانپێدانانەکانی جان جاک ڕۆسۆ) ناسراوە دەڵێ: ((بڕیارم دا دەست بە پڕۆژەیەک بکەم هاوشێوەی نەبێ، کاتێک کە تەواوی دەکەم، کەس ناتوانێ لاسایی بکاتەوە، ئامانجم لەمەدا ئەوەیە وێنەی خۆم بە شێوەیەکی سروشتی و ڕاستەقینە بخەمە ڕوو، ئەو کەسایەتییەی کە دەیخەمە ڕوو، ئەوە کەسایەتیی خۆمە)).

ئەوجا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ ئەوانەی بیرەوەرییەکانیان دەنووسنەوە، بەسەر هەندێکیاندا باز دەدەن و هەندێکی دیکەیش دەستکاری دەکەن، بە شێوەیەک کە زیانی بۆ کەسایەتیی خۆیان و ئەو کەسانەش نەبێت کە خۆشیان دەوێن، یان بە پێچەوانەوە تیشک دەخەنە سەر هەندێک ڕووداو بۆ لەکەدارکردنی کەسانێک بیانەوێ بە ئەنقەست کەسایەتییان لەکەدار بکەن، بۆیە وێڕای ئەوەی گێڕانەوەی بیرەوەری لقێکی گرنگە لە لقەکانی ئەدەب و سەرچاوەیەکی گرنگیشە لە سەرچاوەکانی زانیاری و مێژوویی و کۆمەڵایەتی، بەڵام لەم ڕووەوە کەموکورتی تێدایە، لەبەر ئەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابوردوو لقێکی تری



جان جاک ڕۆسۆ

ئەدەب پەیدا بوو بە ناوی (ڕۆمانی ژیاننامەیی) ئەم جۆرە ڕۆمانە لە ڕووداوەکانیدا پشت بە بیرەوەری خاوەنەکەی دەبەستێت و لە هەندێک شوێنیش بە پێی پێویست تێکەڵی خەیاڵی ئەدەبی دەکرێت، بەمەش لەگەڵ ژانرێکی تری ئەدەبی جیاوازی دەبێت، کە ئەدەبی ژیاننامەیە، بەوەی کە دانەر بە تەواوەتی وەک خۆی خۆی پابەندی گێڕانەوەی بیرەوەری و سەربردەکانی ژیانی خۆی نەکردووە، هەروەها جیاوازیشی لەگەڵ جۆرەکانی تری ڕۆمان دەبێت کە زیاتر پشت بە خەیاڵی ئەدەبی دەبەستێت، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە ڕۆمانە تێکەڵەیەکە لە هەردوو لقی ئەدەبی (ژیاننامە و ڕۆمان)، هەر بۆیە زانکۆکان و ناوەندە ئەکادیمییەکان بە ناوی (ڕۆمانی ژیاننامەیی) ناوزەدیان کردووە.

ئەحمەد مەنسوور لە نووسینێکدا دەڵێ: ((ئەدەبی جیهانی بە شێوەیەکی گشتی و ئەدەبی عەرەبی بە تایبەتی، بە چەند ژانرێکی ئەدەبی پەیوەست بووە کە ژمارەیان زۆرە و

جیاوازن. لەوانەیش ژانری ڕۆمان. بەناوبانگترین ڕۆمانی ژیاننامەیی جیهانی کە بە یەکێک لەو جۆرە ئەدەبانە دادەنرێت کە هەن، ڕۆمانی (جینێیر) و (بەرزاییەکانی وێدەرینگ) لە نووسینی هەردوو خوشک شارلووت و ئیمێلی برۆنتی)یە. (احمد منصور: رواية السيرة الذاتية في الأدب الجزائري المعاصر، منشور في مجلة (المسألة) العدد/١، سنة ١٩٩١، ص١٨٥).

هەر لەم بارەیەوە یاغودا ئاماژەی بەوە کردووە کە (دانێل دیفۆ) ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووسی بریتانی زۆربەی ڕۆمانەکانی لە شێوەی ژیاننامە نووسیوەتەوە، ئەمەو چەندان توێژینەوە و ماستەرنامە و تێزی دوکتۆرا لە سەر ڕۆمانی ژیاننامەیی لە زانکۆکانی جیهان و عەرەبیدا نووسراونەتەوە.

یەکێک لەوانە ماستەرنامەیەکە بە ناوونیشانی (السيرة الذاتية في الرواية الجزائرية ، من يوميات مدرسة حرة) لە ئامادەکردنی (زهور وتيسي) لە ساڵی ٢٠١٧ پێشکەشی کۆلێژی ئاداب و زمان لە زانکۆی (العربي بن مهيس ام البواقي) کراوە.

هەروەها ماستەرنامەیەک بە ناوی (السرد في رواية السيرة الذاتية العربية) کە لەلایەن قوتابی فائز صلاح قاسم لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی یەرمووک لە ٢٠١٠/٧/٢١ تاووتوو کراوە،

هەروەها ماستەرنامەیەک بە ناوی (رواية السيرة الذاتية - مزاج المراهقة - لفضيلة الفاروق) ساڵی ٢٠١١ لە کۆلێژی ئاداب و زمان، زانکۆی (منتوري قسنطينة) لەلایەن قوتابی (نجاة سويس)ـەوە ئامادەکراوە. ماستەرنامەیەکی تریش بە ناوی (رواية السيرة الذاتية في ادب توفيق الحكيم) لەلایەن قوتابی (سامر صدقي محمد موسى) لە ساڵی ٢٠١٠ لە کۆلێژی خوێندنی باڵا، زانکۆی (النجاح الوطنية) لە فەلەستین تاووتوو کراوە.

یەکێک لە ڕۆمانەکانی ژیاننامەیی جیهانی لە نووسینی ڕۆماننووسی فەرەنسی (پاتریک مۆدیلۆ) بە ناوی (سلالة) کە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە و لەلایەن (دانیال صالح)ـەوە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی، هەروەها ڕۆمانی (اولاد حارتنا) لە نووسینی نووسەری عەرەبی بەناوبانگ نەجیب محفووز کە خەڵاتی نۆبلی لە سەر وەرگرت.

بەم شێوەیە ئەو نموونانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دان، مشتێکن لە خەرواریک، لە ناو ئەدەبی جیهانی و عەرەبیدا، تەنانەت لەناو ئەدەبی کوردیشدا نموونەی ڕۆمانی ژیاننامەیی زۆرن، بەندە یەکێکم لەو کەسانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا چەند ڕۆمانێکی ژیاننامەییم بڵاوکردەوە، ئەوجا بۆ ئەوەی خوێنەری کوردیش ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم جۆرە ڕۆمانە هەبێت و زانیاری لە سەر ئەم ژانرە نوێیەی ئەدەب هەبێت کە لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر بایەخی پێ دراوە، بە پێویستم زانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بخەمە بەر دەستی هەموو لایەک، هیوادارم سوودێکم بە کتێبخانەی کوردی گەیاندبێت.

## ڕەنگدانەوەی ژیاننامە لە ناو ڕۆماندا

مەبەستمان لە ژیاننامە ژیانی مرۆڤە کە لەلایەن خۆیەوە نووسراوەتەوە، بەمەش لەگەڵ بیرەوەریدا جیاوازی هەیە، کە هەندێک ڕووداو لە خۆ دەگرن، لەوانەیە پەیوەندی بە کەسی گێڕەرەوە نەبێت.

فیلیپ لۆجۆن لە کتیبەکەی (السيرة الذاتية، الميثاق والتاريخ الأدبي)دا لە سەر زاری ڤابێرۆ دەڵێ ڤابیرۆ لە کتێبەکەیدا بە ناوی (المعجم الكوني للأدب) کە لە ساڵی ١٨٧٦ دەریکردووە دەڵێ: ((ژیاننامە کارێکی ئەدەبییە، جا چ ڕۆمان، یان شیعر، یان وتارێکی فەلسەفی

بێت، دانەر بە شێوەیەکی ناڕاشکاو، یان بە ڕاشکاوی بە مەبەستی گێڕانەوەی سەربردەکانی ژیانی خۆی، ژیاننامەی خۆی دەگێڕێتەوە و بیرۆکەکانی و هەستەکانی خۆی دەخاتە ڕوو)). (بڕوانە فیلیب لوجون: السيرة الذاتية، الميثاق والتاريخ الأدبي، منشورات المركز الثقافي العربي، بيروت، ساڵی ١٩٩٤، ل١٠).

فیلیپ لوجون لە درێژەی قسەکانیدا لەم بارەیەوە دەڵێ: ((ئەو کەسەی کە ژیاننامەی خۆی دەنووسێتەوە، ناچار نییە هەموو ڕووداوەکانی ژیانی بە وردەکارییەوە بگێڕێتەوە، بە پێچەوانەی بیرەوەری، یان بە شێوەیەکی ڕەها هەقیقەتەکان بڵێ، هەروەک لە دانپێدانانەندا ڕوودەدات)).(بڕوانە فیلیب لوجون: هەمان سەرچاوە، ل١٠)

لە سەردەمی ڕۆمانەکان هونەری نووسینەوەی ژیاننامە بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد و لە ئەدەبی جیهانیدا بایەخێکی زۆری پێ درا و چەندان پێناسەی جیا جیایان بۆ کرد، هەرچەندە نەیانتوانی لە سەر پێناسەیەکی دیاریکراو کۆک بن، ڕەنگە هۆیەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە پێوەندی بە ژانرەکانی تری ئەدەبییەوە هەبێت.

یەکێک لەو پێناسانە کە لەلایەن (عبدالعزيز شرف)ـەوە کراوە دەڵێ: ((ژیاننامە بە مانای خستنە ڕووی ژیانی مرۆڤە کە خۆی چۆن دەیبینێت)). (بڕوانە عبدالعزيز شرف: أدب السيرة الذاتية، منشورات مؤسسة الأهرام للنشر والتوزيع، القاهرة، مصر، عام ١٩٩٢، ص٢٧).

کەواتە ژیاننامە بریتییە لە گوزارشتکردن لە گرنگترین دیاردەکانی ژیانی کەسایەتی نووسەرەکەی.

بەڵام دەستەواژەی (ڕۆمانی ژیاننامەیی) لەلایەن زانایان و شارەزایانەوە پێناسە کراوە کە ((بریتییە لە کەرەستەیەکی خودی و کەرەستەیەکی خەیاڵ، بەو پێیەی بابەتی ئەو چیرۆکەی کە دەگێڕرێتەوە، لەو دوو کەرەستەیە پێکهاتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕۆمانی ژیاننامەیی گرنگترین ڕەگەزەکانی بریتین لە خود و خەیاڵ، بەو پێیەی کە ئەو دەقەی لە بەر دەستدایە، ڕۆمانە)). (بڕوانە ممدوح سراج النابي: رواية السيرة الذاتية في مصر، دراسة في التأصيل والتشكيل، منشورات الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة، مصر، عام ٢٠١١، ص٤٧).

کەواتە ڕۆمانی ژیاننامەیی بەو جۆرە ڕۆمانە دەوترێ ژیاننامە و بیرەوەرییەکانی ڕۆماننووسەکە دەبێتە کەرەستەی سەرەکی ڕۆمانەکە، ئەوجا ئەگەر باسی سەرهەڵدان و پێشکەوتنی ئەم جۆرە ئەدەبە بکەین، دەبینین لە کۆنەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لایەنگری هەبووە، وەک هونەرێکی سەربەخۆ تەماشایان کردووە، مێژوونووسانیش کۆک بوونە لە سەر ئەوەی ئەم بابەتە لە کۆنەوە لە ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوادا سەری هەڵداوە، بۆ نموونە ئەگەر ڕۆمانی ڕۆبنسۆن کرۆسۆ بخوێنینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە لەلایەن دانیال دیفۆوە لە ساڵی ١٧١٩ بۆ یەکەم جار بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە و ڕۆماننووس ڕووداوەکانی ژیانی خۆی تێدا دەگێڕێتەوە، لە بەشەکانی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە بە درێژی باسی دەکەین.

هەرچەندە وەک زاراوە، ناکۆکییەکی زۆر لە سەر زاراوەی (ڕۆمانی ژیاننامەیی) هاتووەتە ئاراوە، هەندێک لە توێژەران و ڕەخنەگران پێیان وایە یەکێکە لە کۆنترین ژانرەکانی ئەدەبی و هونەری، بەڵام هەندێکی تر ڕایەکی جیاوازیان هەیە و دەڵێن یەکێکە لە نوێترین ژانری ئەدەبی. (رواية السيرة الذاتية غرفة

الذكريات لبشير مفتي أنموذجا، بحث مشترك أعدت من قبل الطالبتين بوشريم هاجر و بوكليو ايمان، قدمت الى كلية الاداب واللغات قسم الأدب العربي بجامعة محمد الصديق، في الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، عام ٢٠١٩، ص٩-١٠).

لە بەر ئەوەی ئەم جۆرە ڕۆمانە سروشتێکی نەرمونیانی هەیە، بۆیە بە ئاسانی سنوورەکەی دەبەزێنرێت، ئەمەش بۆ لە دایکبوونی زۆر جۆری تری ژانری ئەدەبی یارمەتیدەر دەبێت کە هەڵگری سیفەتێکی زۆرە لە سیفەتەکانی ئەم ژانرەی ئەدەب، مەبەستم ڕۆمانی ژیاننامەییە، لە هەمان کاتیشدا لەوانی تر بەوە جیادەکرێتەوە کە ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە، بۆیە ئاسان نییە هەموویان لەژێر یەک ناوونیشاندا پۆلێن بکرێن. بەم شێوەیە جیاکردنەوەی ڕۆمانی ژیاننامەیی لە ژانرەکانی تری ئەدەبیدا یەکێکە لە ئاستەنگەکانی بەردەم ڕەخنەگران و توێژەران، بە تایبەتی ئەوانەی کە دەیانەوێ سنوورێک بۆ هەریەکێک لەو ژانرانەی ئەدەب دابنێن، تا لە یەکتری جیایان بکەنەوە، چونکە تەداخولێکی زۆر لە نێوان ژیاننامە و ڕۆماندا هەیە، ئەمەش وای لە هەندێک کەس کردووە بڵێن مەحاڵە دوو ژانری ئەدەبی بە تەواوەتی لە یەکتری جیابکرێنەوە، لەوانە جۆرج مای کە بە ڕاشکاوییەوە دەڵێ: ((مەحاڵە دوو ژانری ئەدەبی بە تەواوەتی لە یەکتری جیا بکەینەوە، چونکە تەداخول لە نێوان ڕۆمان و ژیاننامە بەردەوامە و کۆمەڵێک شتی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، نەک تەنیا لە ڕووی شێوەوە، بەڵکوو لە ڕووی مەبەست و ئامانجیشەوە کە بۆی تێدەکۆشێ)). (ممدوح سراج النابي: سەرچاوەی پێشوو ل ٥١)

## ڕۆمانی ژیاننامەیی و بیرەوەری و تێکەڵبوونی لەگەڵ ژانرەکانی تری ئەدەب

لەبەر ئەوەی ڕۆمانی ژیاننامەیی و بیرەوەری سروشتێکی نەرمونیانیان هەیە، بۆیە زۆر ئاسانە سنوورەکەی ببەزێنرێت، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ لەدایکبوونی زۆر جۆری تر، کە هەڵگری چەندان سیفەتی جیاجیا دەبن و لە هەمان کاتیشدا جیاواز و سەربەخۆن، کە زەحمەتە لە ناو پۆلێکدا پۆلێن بکرێن.

بەم شێوەیە ئاستەنگ لە بەردەم ڕەخنەگرەکان دروست دەبێت، بە تایبەتی ئەو ڕەخنەگرانەی کە لە نێوان ئەو جۆرانەدا بە دوای سنوورێکی دیاریکراودا دەگەڕێن، کە جۆرێک لە تێهەڵکێشی لە نێوان ئەو جۆرە ژانرە ئەدەبیانە لە نێوان خۆیاندا هەیە، هەروەک چۆن ئەم جۆرە تێکهەڵکێشییە لە نێوان ژیاننامە و ڕۆماندا هەیە، کە ئەمەش وای کردووە کەسێکی وەک جۆرج مای ڕاشکاوانە بڵێ مەحاڵە بە تەواوەتی دوو ژانری ئەدەبی لە یەکتری جیا بکەینەوە، وەک دەبینین تەداخول لە نێوان ڕۆمان و ژیاننامە بەردەوامە، کە ئەمەش وای کردووە چەندان شتی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو جۆرەدا هەبێت، نەک تەنیا لە ڕووی شێوەوە، بەڵکوو لە ڕووی مەبەست و ئامانجیشەوە. (جورج ماي: السيرة الذاتية، ترجمة محمد القاضي وعبدالله صولة، منشورات دار الحكمة، تونس، ط/١، سنة ١٩٩٤، ص١٩٩-٢٠٣).

بەم شێوەیە جۆرێک لە تێکەڵبوونی سنوور لە نێوان جۆرەکانی ژانری ئەدەبی ڕووی دا، بە شێوەیەک کە بەر لە ١٨٠٠ ساڵ پێش ئێستا ژیاننامە لە زمانی ئەدەبی ئەورووپیدا پەیدا بوو، هەروەک جۆرج مای وا دەڵێ، یان بە وتەی هەندێکی تر مێژووەکەی بۆ مێژوویەکی کۆنتر دەگەڕێتەوە کە سەرەتاکەی بۆ دانپێدانانەکانی

(قەدیس ئۆغستین) پێش چواردە سەدە بەر لە دانپێدانانەکانی (جان جاک ڕۆسۆ) دەگەڕێتەوە.

بەم شێوەیە مێژووی نووسینەوەی ژیاننامە بۆ پێش ڕۆمانی ژیاننامەیی دەگەڕێتەوە و بیرەوەری لە قۆناغەکانی دوای ئەو پەیدابووە و لە سەدەی هەژدەوە لە ئەورووپا بووە دیاردەیەکی بەرچاو و چووە پاڵ ژانرەکانی تری ئەدەب. (میخائیل باختین: الخطاب الروائي، ترجمة د. محمد برادة، منشورات دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، القاهرة، ط/١، عام ١٩٨٧، ص٥٧).

تا ئێستاش تەداخول لە نێوان ئەو دوو ژانرەی ئەدەب بەردەوامە و ناکرێ نکوڵی لێ بکرێت، بە چەشنێک هەندێک کاری ئەدەبی لە ژێر ناوونیشانی ژیاننامەیی پۆلێن کرا، هەرچەندە هەمان شت لەلایەن هەندێک کەسی ترەوە لە ژێر ناوونیشانی ڕۆمانی ژیاننامەیی پۆلێن کرا، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ژانرە ئەدەبییانە سروشتێکی نەرمونیانیان هەیە، وادەکات تەداخولات لە نێوانیاندا دروست بێت.

ئەم سروشتە نەرمونیان و تەداخولانەی نێوان ژیاننامە و ڕۆمانی ژیاننامەیی وای کردووە کەسێکی وەک (جۆن) لەو کتێبەی کە بە ناوی (میساقی نهێنی) نووسیویەتی هەندێک جار ئەم ژانرە ئەدەبییە بە ناوی (ژیاننامە) ناوزەد بکات بە پێی ئەو ڕاستییانەی کە لە خۆی گرتوون، هەندێک جاری تریش لە ژێر ناوی (ڕۆمان) ناوزەدی بکات، بەو پێیەی ئەو خەیاڵە ئەدەبییانەی کە لە خۆی گرتوون. دوای دەرچوونی کتێبەکەی جۆن بە ناوی (میساقی نهێنی) دەرکەوت هەموو جۆرەکانی ژانری ئەدەبی (ژیاننامە و ڕۆمان)ی لەخۆ نەگرتووە، ئەمەش وای کرد جۆرج مای درک بە هەڵەی جۆن بکات و وتی لە نێوان ژیاننامە و ڕۆماندا لەو نێوەندەدا زۆر جۆری تری ژانری ئەدەبی هەن، بۆیە ئەو جۆرە ژیاننامەیەی کە پاڵەوان و کارەکتەرەکانی بەناوی خوازراو ئاماژەیان پێ کراوە، جیای کردەوە و لە ژێر ناوونیشانی ڕۆمانی ژیاننامەیی تۆماری کردن. (ممدوح فراج النابي: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢).

بەم شێوەیە تەداخولی (ژیاننامەی ڕۆمان ئامێز) لە نێوان (ژیاننامە و ڕۆمان)دا ڕووی دا، کە جۆن لە میساقەکەیدا ئاماژەی پێ داوە و ئەم جۆرە ژانرە ئەدەبییە ناگرێتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ نەرمونیانیی ئەو سنوورەی کە بۆ ئەم ژانرە ئەدەبییە دانراوە و وابکات بە ئاسانی ببەزێنرێت و هەندێک ژانری تری ئەدەبی دەرکەوێت کە هەڵگری هەندێک لە سیفەتەکانی ئەو ژانرە بێت کە لێی جیا بووەتەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ژانرەکانی ئەدەب جێگیر و بەردەوام نین، ئەمەش وا دەکات لە ئەنجامی ئەم تەداخولاتانەوە هەندێک جۆری تێکەڵاو (الانواع الهجينة) لەدایک بن، ئەمەش دەبێتە کۆسپێک لە بەردەم هەوڵ و کۆششی ڕەخنەگران کە هەوڵ دەدەن سنوورێکی تۆکمە بۆ هەر ژانرێکی ئەدەبی لەو ژانرانە دابنێن کە ڕێگربێت لە بەزاندنیان. (ممدوح فراج النابي: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢-٥٣).

لە ئاکامی ئەمەشدا ڕۆمانی ژیاننامەیی بەو پێیەی جۆرێکە لەو ژانرە ئەدەبییانەی کە سنوورەکەی ئەم جۆرە تەداخولاتانە و یەکتربڕینانە لەگەڵ زۆر جۆری تری ژانری ئەدەبی قبووڵ دەکات و ڕێگایان لێ ناگرێت، ئەم تەداخولاتانەش خۆی لە چوارچێوە شێوەیی و هونەرییەکەیدا دەبینێتەوە. سەبارەت بە تەداخولاتی چوارچێوە شێوەییەکە، شێوەی ژیاننامەیی (الشكل السيري) هەژموونی لە سەر هەیە، بەڵام سەبارەت بە تەداخولاتی تایبەت بە (چوارچێوە هونەرییەکەی) وەک دەبینین

جێناوی قسەکەر (ضمیر المتکلم) هەژموونی لە سەر گێڕانەوەکەدا هەیە، یان بە شاردنەوەی ناوەکەی بە ناوی خوازراو، یان بەبێ ناو هێنان. (ممدوح فراج النابي: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣).

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، ژیاننامەی دانپێدانانی خودی (السیرة الاعترافیة الذاتیة) یەکێکە لەو جۆرە ژانرانەی ئەدەب کە لەگەڵ (ڕۆمانی ژیاننامەیی) یەکتر دەبڕێ، خود (الذات)ی تێدا بەبێ هیچ گوشارێک لەلایەن کەسێکەوە دان بە نهێنییەکانی ژیانی خۆیدا دەنێت. بەم شێوەیە لە ناوەوە سەیری نووسەرەکەی دەکرێ، هەروەک سپندەر دەڵێ: ((هەموو دانپێدانانێک لە خودەوە بۆ بابەت دەست پێ دەکات، لە تاکەکانەوە بۆ کۆمەڵگە، تەنانەت ئاژەڵەکانیش بەبێ شەرم پەردە لە سەر خۆیان لادەدەن و پرسی خۆیان دەخەنە بەرانبەر سیستمێکی ئاکاریانە کە بەشێکە لە واقیعێکی بابەتیی دەرەکی، ئەو شتانەیش کە دانیان پێدا دەنرێت، یان دەسەلمێنرێن، بریتین لە گەورەترین دانپێدانان و دەرچوون لە سنووری باو، کە زۆربەی ئەوانەی کۆمەڵگە ڕەت دەکەنەوە، بەرگەی ناگرن)). (نقلا عن جورج ماي: السیرة الذاتیة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠).

دیارترین نموونەی ئەم جۆرە دانپێدانانە، ڕۆمانی (قەشە ڕیکفیلد)ـە لە ساڵی ١٧٦٦ لە نووسینی گۆڵد سمیس، هەروەها ڕۆمانی ڕووخان ساڵی ١٩٥٦ نووسینی ئەلبێر کاموو، ئەم نموونانە لە ڕۆمان کە ئاماژەمان پێ کردن پشت بە (جێناوی قسەکەر) دەبەستن و ڕۆماننووس پێ بە پێ خۆی ئاشکرا دەکات. (ممدوح فراج النابي: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥).

هەروەها جۆرێکی تر لە ژانری ئەدەبی کە ڕۆمانی ژیاننامەییە ئیزافەی سەر ئەو یەکتربڕینانەی سەرەوە دەکرێ کە جۆرج مای لە زۆنی ناوەڕاست (لە نێوان ژیاننامە و ڕۆمان)دا دەریهێناوە، کە بریتییە لە ڕۆمانی ژیاننامەیی و ژیاننامە بە ناوی خوازراوەوە.

جۆرج مای سەبارەت بە کتێبی ژیاننامە بە ناوی خوازراوەوە دەڵێ: ((ئەوانەی ژیاننامەی خۆیان بە ناوێکی خوازراو دەنووسنەوە، لەبەر هۆیەکە لە هۆیەکان)) ئەمەو هەندێک نموونەی بۆ هێناوەتەوە، وەک ڕۆمانی هنری پرۆلار لاستاند، هەروەها ڕۆمانی (پشیلە) لە نووسینی ڕۆماننووس فیولیت لودوک کە خاوەنەکەی بە چیرۆک ناوزەدی کردووە بێ ئەوەی جۆرەکەی دیاری بکات. (جورج ماي: السیرة الذاتیة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣).

هەروەها (گرازییلا graziella)ی لامارتین کە بە زنجیرە لە ڕۆژنامەدا بڵاوی کردەوە و دواتریش لە دووتوێی بەرگێکدا لە ساڵی ١٨٥٢ چاپی کرد، لە یاداشتنامەکەیدا باسی لێکردووە و ئاماژەی بەوە داوە کە ڕۆمانێکە گشت ڕووداوەکانی ڕاستەقینەن. لامارتین لە ڕۆمانەکەیدا تەنیا یەک ڕەگەزی خەیاڵی بەکارهێناوە، ئەویش دانانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی بە کرێکاری مەرجان کە ڕاستییەکەی ئەو تەنیا جگەرەی پێچاوەتەوە و لەو بوارەدا کاری کردووە، بێ لەوە هەموو ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەی وەک خۆی گێڕاوەتەوە، ئەوجا بە هۆی ئەو لێدوانەوە کە لامارتین لە بارەی ڕۆمانەکەیەوە دای، دوودڵ بوو لەوەی ئایا ئەو بەرهەمە ئەدەبییەی لە ڕیزی ڕۆمان، یان لە ڕیزی ژیاننامە دابنێ؟! (میخائیل باختین: الخطاب الروائي، ترجمة د. محمد برادة، منشورات دار الفکر للدراسات والنشر والتوزیع، القاهرة، ط/١، سنة ١٩٨٧، ص٣٦).

ئەمەش وای لە جۆرج مای کرد کە ناچاربێت دووبارە زۆنی ناوەڕاست (المنطقة الوسطی) بە

جۆرێک دابڕێژێتـەوە کـە هەندێک ژانری ئەدەبـی لەخـۆ بگرێـت کـە میسـاقی جـۆن ئامـاژەی پـێ نەکردبـوون، ئەمـەش وای کـرد جۆرێکـی نـوێ لـەو ژانـرە ئەدەبییانـە جیـا بکرێتـەوە کـە ڕەخنەگـران ناتوانـن لـە ژێـر ئـەو نـاوەی دابنێـن کـە لێـی دەرچـووە، چونکـە هەندێـک تایبەتمەندیـی هەیـە لەوانـی دیکـەی جیـا دەکاتـەوە، هەرچەنـدە زۆربەی تایبەتمەندییەکانی ئەویشی هەیە. (ممدوح فـراج النابـي: سـەرچاوەی پێشـوو، ل٥٦).

## چەمکی ڕۆمانی ژیاننامەیی

هیـچ زاراوەیـەک وەک زاراوەی ڕۆمانـی ژیاننامەیی نەرمونیانـی نەبـووە، کـە ئەمـەش وای کـردووە سنوورەکەی جێگیـر نەبێـت و تێکەڵ بـە ژانرەکانی تـری ئـەدەب بێـت کـە لێـوەی نزیکن. ئـەم ژانـرەی ئـەدەب هـەردەم لـە نێـوان دوو ژانـری ئەدەبـی تـری جیـاواز بمێنێتـەوە، کـە ژانـری (ژیاننامـە و ڕۆمـان)ن. ئـەم نەرمونیانییـەی وای کـردووە کـە ڕەخنەگـران لەسـەر ئـەوە کـۆک نەبـن زاراوەیەکـی بـۆ دانێـن، بەڵکـوو بـە پێچەوانـەوە زاراوەکـە لـە ژێـر چەنـدان نـاوی جیاجیـادا هاتـووە، هەرچەنـدە گشـتیان ئامـاژە بـە هەمـان نـاوەڕۆک دەکـەن.

ڕەخنەگـران هەندێـک جـار ژانـری (ژیاننامـە) دەخەنـە پێـش (ڕۆمـان) و زاراوەکـە دەبێتـە ژیاننامـەی ڕۆمـان ئامێـز (السیرة الذاتیة الروائیة)، لەوانـە ڕەخنەگـر دوکتـۆر (یمنـی العیـد) لـە توێژینەوەیەکیدا بـە نـاوی (السیرة الذاتیة الروائیة والوضعیـة المزدوجـة) کـە لـە لاپـەڕە (١١)ی گۆڤـاری (فصـول) بەرگـی (١٥) زسـتانی سـاڵی ١٩٩٧ بـڵاوی کردووەتـەوە و وای وێنـا کـردووە.

هەندێک جاریش وشـەی (ڕۆمـان) دەخەنە پێش وشـەی (ژیاننامـە) و دەبێتـە (ڕۆمانـی ژیاننامەیی) وەک فیلیـپ لـو جـۆن و جابر عوسـفوور و دوکتـۆر خەیری دۆمـە بـەم شـێوەیە ناوزەدیـان کـردووە.

(جابـر عصفـور: زمـن الروایـة، مکتبـة الأسـرة، الهیئـة المصریـة العامـة للکتـاب، القاهـرة، سـنة ١٩٩٩، ص٢١٩، هەروەهـا د. خیري دومـة: روایة السیرة الذاتیة الجدیدة، قراءة فی بعض روایات البنـات فـي مصـر، مجلـة کلیـة الاداب، جامعـة القاهرة، المجلد ٦٣، کانون الثاني ٢٠٠٣، ص٥٨).

دوکتـۆر (فـەرەح مەهـدی سـاڵح) مامۆسـتا لـە بەشـی عەرەبـی کۆلێـژی پـەروەردەی زانکـۆی قادسـییە لـە توێژینەوەیەکیدا کە بە نـاوی (الروایة السـیر ذاتیـة) لـە ماڵپـەڕی زانکـۆی قادسـییە بـڵاوی کردووەتـەوە، لـە بـارەی دەستنیشـانکردنی ناسـنامەی دەقـە ئەدەبییـەکان لـە ڕووی جۆرییـەوە دەڵـێ: ((بێگومـان دەستنیشـانکردنی ناسـنامەی دەقـەکان لـە ڕووی جۆرییـەوە لای خوێنـەر بووەتـە کارێکـی قـورس، بەتایبەتـی هەندێـک جـۆری تێکـەڵ (الانـواع الهجینـة) کـە لـە نێـوان خۆیانـدا دەپیتێنرێـن (تەلقیـح دەبـن)، جۆرێکـی تـری سـەربەخۆ کـە بوونێکـی تایبەتـی هەیـە، دروسـت دەکەن)).توێـژەری ناوبراو لـە درێـژەی قسـەکانیدا دەڵـێ: ((نووسـینی ڕۆمانـی نـوێ بـە شـێوەیەکی بـەردەوام کێشـەی ژانـری ئەدەبـی دەورووژێنێـت، ئەمەشـمان لـە بەدواداچوونـی ئـەو ڕۆمانـە نوێیانـە بـۆ دەردەکەوێـت کـە لـە دوا چارەگـە سـەدەی بیسـتەم دەرچوونـە و ئـەو سـنوورەی کـە ژانـرە ئەدەبییـەکان لـە یەکتـری جیـا دەکاتـەوە تێیـدا ون بـووە و نەمـاوە)).

کرانـەوەی ڕۆمـان بـە ڕووی ژانرەکانـی تـری ئەدەبیـدا وای کـردووە لەگەڵیـان ئاوێتـە بێـت، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە ڕۆمـان ژانرێکـی ئەدەبییـە ژانـرەکان دەبڕێـت (عابـرة للاجنـاس)، بـەو پێیـەی توانایـی لەخۆگرتـن و گۆڕینـی هەیـە. (د. صبیحة احمد علقم: تداخل الاجناس الأدبیة فی الروایة العربیة (الروایة الدرامیة أنموذجا)، ص٧).

بوونی ڕەگەزی ژیاننامە لەو دەقە ئەدەبییە نوێیانەی گێڕانەوەیان تێدایە، کە هەندێک کەس بە جۆرێک لە ڕۆمانی نوێی دادەنێن، ڕەنگدانەوەی ئەو پێشکەوتن و وەرچەرخانە گەورەیەن کە لە سی ساڵی ڕابوردوودا جیهانی عەرەبی بە خۆوەی بینیوە، ئەمەش وای لە ڕۆماننووسەکان کردووە هەندێک کاری داهێنانی نوێ تاقی بکەنەوە، لەوانە ڕۆمانی ژیاننامەیی بە شێوەیەک بەشێک لە غەم و پەژارە و گۆشەنیگاکانیان لە خۆی بگرێت، لەم بارەیەوە دوکتۆر (جابر عوسفوور) لە کتێبەکەیدا (زمن الروایة) هۆکاری پێداگرتنی ڕۆماننووسەکان لەم چەند ساڵانەی دواییدا لە سەر ڕۆمانی ژیاننامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاڵۆزی و گوشاری ژیانی هاوچەرخ کە وا لە خود دەکات بە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ جیهان و پێوەندییەکانی لەگەڵ خودی خۆیدا بچێتەوە، ئەوجا لە ڕوانگەی خۆیەوە و دوور لە خودی ڕۆمانێکی کۆن وێنای بکات. (جابر عصفور: زمن الروایة، منشورات دار المدى للطباعة والنشر والتوزیع، العراق، عام ١٩٩٩، ص٤٥).

ڕۆماننووسی ئێراقی عەلی بەدر هەر لە یەکەمین ڕۆمانیەوە (بابا سارتر) تا دەگاتە ڕۆمانی (استاذة الوهم) لەسەر بنەمای سوود وەرگرتن لە ژیاننامەی ڕۆماننووس و ئەو ڕووداوانەی کە خۆی، یان کەسە نزیکەکانی تێیدا ژیاون نووسراونەتەوە، بۆیە دەبینین نووسەر ژیاننامەی خۆی لە دووتوێی ڕۆمانەکانی گێڕاوەتەوە و مێژوو و ئەزموونی خۆی و کەسانی دیکەی ئاشکرا کردووە و باسی ئەو سەردەمە دەکات کە تێیدا ژیاوە، هەروەها مێژووی ڕۆشنبیرانی ئێراقی نەوەی دوای خۆی کە لەگەڵیان ژیاوە و خۆی بەشێک بووە لە تاکەکانی، لێرەدا ژیاننامە لە ناو ڕۆمانەکانی عەلی بەدر گرنگی و نرخی خۆی دەبێت، چونکە لە خەون و ویستەکانی کەسانی دیکە بە دەر نییە کە لە ناو ڕۆمانەکانیدا ئاشکرای کردوون.

ئەگەر بێتو ڕۆمانی ژیاننامەیی بەشێک لە ژیاننامەی نووسەرەکەی لەخۆبگرێت، پێوەری پۆلێنکردنی وەک پێوەری پۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئایا ڕۆماننووس چ نیشانەیەکی لە ناو ڕۆمانەکەدا بەجێ هێشتووە تا لەسەر ئەو بنەمایە پۆلێنی بکەین.

(حسن مجاد عبدالکریم: ما وراء السرد في الروایة العراقیة، رسالة ماجستیر، قدمت الى جامعة القادسیة كلیة التربیة، قسم اللغة العربیة، سنة ٢٠٠٨/٢٠٠٩، ص١٢٢).

جا ئەو نیشانە و بەڵگانەی لە ناو ڕۆمانەکەدا هەن و پێوەندییان بە ژیاننامەی ڕۆماننووسەوە هەیە، ئەو پێوەندییەمان بۆ دەردەخەن کە لە نێوان ڕۆمانەکە و نووسەرەکەیدا هەیە، لە خوارەوە لە چەند خاڵێکدا ئاماژە بەو نیشانە و بەڵگانە دەکەین لە بەر ڕۆشنایی هەندێک نموونە لە ڕۆمانی ژیاننامەیی:

**یەکەم:** بەکارهێنانی جێناوی قسەکەر (من):

کاتێک باسی خۆمان و بیروڕا و ئەو شتانە دەکەین بە گشتی بە دەستەواژەی (شێوە)ی قسەکەر دەدوێین وەک (من). (مستەفا ڕابەر: هونەری نووسینی ڕۆمان، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١، ل٢٨).

جێناوی قسەکەری (من) یەکێکە لە بەناوبانگترین شێواز بۆ ئاماژەکردن بە ژیاننامە، چونکە وا دەکات ئەو چیرۆکەی دەگێڕێتەوە، یان ئەو ڕووداوەی کە لە خۆی گرتووە لەگەڵ گیانی دانەرەکە تێکەڵ بێت، هەروەک ئەوە وایە چیرۆکەکە بداتە پاڵ خود، واتە خودی دانەرەکە.

نانسی کریس دەڵێ نووسەر لەگەڵ بگێڕەوە (الراوي) لە ڕێگەی جێناوی قسەکەر یەک دەگرێت، بەمەش هیچ دەرفەتێک نامێنێتەوە کە زانیاریمان پێ بدات، یان ڕوونکردنەوەیەک کە ڕۆمان بگێڕەوە (الراوي) نەیزانێت، ئەمەش مانای ئەوەیە نووسەرەکە دەبێتە کەسایەتییەکی ئەوتۆ کە لە هەر بۆچوونێکی دیکە زۆر بەرزترە.

لەم بارەیەوە نانسی کرێس دەڵێ نووسەر لە ڕێگای ئامرازی قسەکەری (من) بە تەواوەتی لەگەڵ حیکایەتخوان یەکدەگرێت، ئەمەش وا دەکات کە هیچ گومان و لێکدانەوەیەک نەکرێ کە حیکایەتخوان هەموو شتێک دەزانێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر دەبێتە کەسایەتییەک لە ناو ڕۆمانەکە. (نانسي كريس: تقنيات كتابة الرواية، ترجمة زينة جابر ادريس، منشورات الدار العربية للعلوم، ناشرون، ط/١، عام ٢٠٠٩، لبنان، ص٢٦٣-٢٦٤)

لەم بارەیەوە عەبدولمەلیک مرتاس دەڵێ: ئەوەی جێگەی سەرنجە بەکارهێنانی جێناوی قسەکەر (من) شان بە شانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ژیاننامە سەری هەڵداوە، وەک ئەوە وایە کە درێژەپێدەری ئەو بێت، یان ئەوەی تریان درێژەپێدەری ئەو بێت.

ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە بەکارهێنانی ئامرازی قسەکەر کە لەگەڵ گەشەسەندنی ژیاننامە گەشەی کرد وەک ئەوە وایە کە درێژکراوەی ئەو بێت. (د. فرح مهدي صالح: الرواية السير ذاتية، روايات علي بدر انموذجا، بحث متاح على الانترنت في موقع كلية التربية بجامعة القادسية https;www.qu.edu.com).

ئەگەر بێتو لە ڕۆمانەکانی (عەلی بەدر) ورد بینەوە هەر لە ڕۆمانی (بابا سارتر) تا دەگاتە (استاذة الوهم) دەبینین بە جێناوی قسەکەر (من) پێداگری لەسەر حیکایەتخوان دەکات، کە بە تەواوەتی لەگەڵ نووسەرەکە دەبنە یەک، ئەوەش کە ئەو یەکبوونە پشتڕاست دەکاتەوە، حیکایەتخوانەکانی (رواة) عەلی بەدر لە هەموو ڕۆمانەکانیدا بەبێ ناون، دانەر ناوێکیان پێ دەبەخشێت، تا بناسرێنەوە، هەروەها هیچ زانیاریمان لە بارەی شێوەی دەرەوەیان پێ نادات، زۆر گرنگ نییە حیکایەتخوان چۆن دەردەکەوێت، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە چۆن ئەوانی تر بە چاوی ئەو دەردەکەون، هەروەها چۆن خۆی دەبینێت، ئەمەش وا دەکات هەڵوێست و دیدی نووسەر بەسەر ڕووداوەکاندا زاڵ بێت، حیکایەتخوان (دانەر) بە جێناوی (من) لە ڕۆمانەکانیدا دەست بە قسە دەکات و گشت ئەو سەرەداوانەی دەیانگێڕێتەوە لە دەست خۆی گرتووە، هیچ شتێک نابینین جگە لەو شتانەی خۆی ڕێگای پێ داوین بیانبینین، چونکە ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکەی تێیدا ژیاون بێ ئەوەی هیچ دەرفەتیان پێ بدات گوزارشت لە خۆیان بکەن، هەروەها پەنا دەباتە بەر توانج و ڕەخنەگرتن و تەنز و هێنانی هەندێک کەسی ڕاستەقینە (شخصيات واقيعية) بۆ ناو ڕۆمانەکەی، ئەو کەسایەتییانە دەخاتە بەردەم هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە و کۆنترۆڵیان دەکات.

بەم شێوەیە ئەگەر لە ڕۆمانی ژیاننامەیی ورد بینەوە دەبینین بریتییە لە گێڕانەوەی یادگاری و دانپێدانان و بیرەوەرییەکانی نووسەر کە لە میانی گێڕانەوەیاندا باسی ژیانی خۆی دەکات بە بەکارهێنانی جێناوی قسەکەری (من). (بڕوانە د. احمد حيدوش: السيرة الذاتية في الرواية، منشورات المركز الجامعي البويرة، متاح على الانترنت، ص16، https;www.asp.ceri.dz.com).

# شەبەک و بزربوونی ناسنامە

فەرەیدوون سامان

(٢- ٢)

**شەبەک و پلانی خۆ بە کەمینە ناساندن**

بە هۆی بە سیاسەتکردنی پرسی شەبەک و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی جوگرافیای دانیشتوانانی کورد لە مووسڵ، پلانێکی کارا بۆ ناساندنی شەبەک وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی جیاواز لە کورد هەیە، بۆ ئەم مەبەستە حزبی سیاسی و دارایی و پشتگیری سیاسی ناوخۆ و دەرەکی (بە تایبەت لە هەندێک ناوەندی شۆڤێنی لە ناو تورکیا بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراوە).

ئەو نووسەر و توێژەرانەی لەبارەی شەبەکیان نووسیوە لەسەر دیارکردنی ئەسڵی شەبەک کۆک نین و لەو بارەیەوە هەر یەکێکیان دیدی خۆی هەیە، تەنانەت زۆرینەی لێکۆڵەرە عەرەبەکان بۆ مەبەستی سیاسی، یان ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی خۆیان بنەچەی شەبەک دەبەنەوە سەر عەرەب. کە ئەوانە قەومێکن لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون و لە ناوچەکانی مووسڵ نیشتەجێن، دواتر لە ڕێگەی خزمایەتییەوە تێکەڵ بە هەندێ هۆزی کورد و تورکمان بوون، دابونەریت و کولتوور و زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە، بێگومان ئەوانە بەوە لە پێکهاتەکانی دیکەی عێراق جیادەبنەوە کە تایبەتمەندی و ناسنامەی خۆیان پاراستووە.

لەو تێڕوانینە جیایانەی لەسەر ئەسڵی شەبەک هەن، بۆچوونی تر هەیە دەڵێت ئەوانە ئەسڵیان تورکە و لە سەردەمی سەفەوییەکان بە بیروباوەڕ و مەزهەبەکەیانەوە ئاوارەی عێراق بوون.

دکتۆر داوود چەلەبی لە کتێبەکەیدا (العراف) لاپەڕە ٨ وای دەبینێت: (کە شەبەک لە باشووری ئێرانەوە هاتوون و زمانەکەیان تێکەڵەیەکە لەنێوان فارسی و کوردی و عەرەبی، لەگەڵ کەمێک تورکی، شێوەزارەکەشیان نزیکە لە زمانی بەلووچی.

چەندان ڕووناکبیری کورد لەوانە تەیب تاهیری شرۆڤەکاری کتێبی پیرۆزی یارسان، هەروەها نووسەرێکی کورد بەناوی شاخەوان لە نووسینێکیدا کە لە گۆڤاری (سەرهەڵدان) بڵاوکراوەتەوە بۆچوونی کورد لەبارەی شەبەک پوخت دەکاتەوە و دەڵێت: (بە پێی بەڵگەنامە زانستییە مێژووییەکان سەلمێنراوە کە بێ هیچ

گومانێک شەبەک کوردن و شێوەزارەکەشیان باجەڵانییە و سەر بە شێوەزاری گۆرانە، شێوەزاری گۆرانیش یەکێکە لەچوار شێوەزارەکەی زمانی کوردی)، بەڵام بۆچوونی زۆرینەش ئەوەیە کە شەبەک ئەسڵیان کوردە و هەر لە زووەوە لە سەر خاکی کوردستانی باشوور ژیاون.

شەبەکەکان موسڵمانن و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییان لە پلەبەندی سۆفیگەرییەوە نزیکن، بۆ نموونە بە پیاوانی ئایینی تازەیان دەڵێن (مورید)، کە ئەوە لەلایەنی ڕوحییەوە پێوەندی بە مەرتەبەی سەرووی خۆیەوە هەیە کە پێی دەڵێن (مورشید)، مورشیدیش پێوەندی بە مەرتەبەی سەرووی خۆیەوە هەیە کە پەناگای باڵایە و پێی دەگوترێت (پیر). پیرۆزترین کتێبی ئایینی لای شەبەک کە دەستنووسێکی تورکییە پێی دەوترێت (بویورق- ئەلئەوامر).

لە نووسەرانی عەرەبیش ئەحمەد حامد مەحموود ئەلسەڕاف لە کتێبێکی گەورەیدا کە خۆی زیاتر لە ٥٠٠ لاپەڕە دەدات بە ناوی (شەبەک)، لێتوێژینەوەی لەسەر ئەسڵی شەبەک و شوێنی نیشتەجێبوونیان و پەرستەگاکانیان کردووە، بە توێژینەوەی مەیدانیش سەردانی ژمارەیەک گوندی کردووە لەوانە گوندی (تیس خراب) کە مەزارگەی (ئیمام ڕەزا)ی لێیە. هەروا وێنەیەکی (زێوان)ی بڵاوکردووەتەوە بە دیمەنێک کە دیمەنەکەی بەرچاو نییە، بۆیە باس لە جلوبەرگەکەی دەکات و دەڵێت هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ جلوبەرگی ئێزدییەکان نییە، هەرچەندە ئەو زێوانە بەرگی کۆنی شەبەکی لەبەر بووە.

هەروەها نووسەری عێراقی عەلی ڕەزا لەبارەی ئەسڵی شەبەکەوە دەڵێت: لەبەر ئەوەی جیاوازییەکی زۆر لە نێوان نووسەر و توێژەران لە سەر ئەسڵی شەبەک هەیە و لەسەر دیارکردنیشی ڕێکنەکەوتوون دەتوانین ئەو سێ بۆچوونە بخەینە ڕوو:

بۆچوونی یەکەم: ئەو بۆچوونە دەڵێت شەبەک قەومێکن لە ڕۆژاوای ئێرانەوە هاتوون و هەر لە کۆنەوە لەو ناوچەیە نیشتەجێن، هەرچەندە جیاوازییش لەسەر مێژووی هاتنیان بۆ ناوچەکە هەیە.

بۆچوونێکی دیکە هەیە دەڵێ: ئەوانە بە هەزار ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح لە ناوچەی باکووری دەریای قەزوێنەوە ئاوارە بوون و هاتوونەتە ناوچەکە، هەرچەندە سەرچاوەیەک لەبەر دەستدا نییە بیسەلمێنێت لە چ مێژوویەکەوە لە ناوچەکە نیشتەجێن.

بۆچوونێکی دیکە هەیە دەڵێت: شەبەک پاشماوەی میدیاییەکانن کە لە ساڵی ٦١٢ پ ز دەستیان بەسەر ئیمپراتۆریەتی ئاشووریدا گرت.

ئیبن کەسیر لە کتێبەکەیدا لەبارەی مێژوو دەڵێت: کاتێ ساسانییەکان دەسەڵاتیان بەسەر وڵاتدا گرت دووبارە قەڵاتی (مووسڵ)یان نۆژەن کردەوە و سەربازەکانیان لەوێ نیشتەجێ کردن و دەوروبەرەکەیان قایم کرد، بەو گوندانەی لەوێ بوون کە جووتیار و پیشەکاری فارس و لوڕ و کورد و هەندێک کریستانی تێدا نیشتەجێ بوون.

باسیل نیکیتین ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە و دەڵێت:

(جڵەوی بەرفرەوانبوونی دەسەڵاتی میدییەکان لە ساڵی ٧١٤ پ ز بەرەو باشوور و بەسەر تەواوی ناوچەکەدا (مانەوییەکان- کە خوو و ڕەوشتی ئێرانیان هەیە بۆ ناوچەکە هاتن، دواتر سیتونییەکان هاتن کە بە ڕەچەڵەک ئێرانین. پاش ئەوەی مەملەکەتی ئاشوور لە ساڵی ٦١٢ پ. ز ڕووخا، بۆشاییەکی گەورە لە ناوچەکە پەیدابوو، تەنیا ئەو هۆزە ئێرانیانە پڕیان کردەوە کە تازە هاتبوونە ناوچەکە و لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە نیشتەجێ بوون.

هەروەها قەشە سلێمان ئەلسائغ دەڵێت: (ئەوانە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون و لە ناوچەکە نیشتەجێ بوون، وەک براکانیان عەرەب و کورد کە بۆ ماوەی جیا جیا لە مووسڵ نیشتەجێ بووبوون.

بۆچوونێکی تریش هەیە دەڵێت: ئەوانە سەر بە هۆزی شوانکارە (شبانکارە)ن کە سەر بە بنەماڵەی ڕەسەنی دەیلەمین و لەسەر مەزهەبی ئیسماعیلین. لەسەردەمی سەلجووقییەکان هۆزی شەبانکارە و کورد بەسەر ئەتابەگەکاندا سەرکەوتن، پاش ڕووخانی دەوڵەتی سەلجووقییەکان هۆزی شەبانکارە دەستیان بەسەر بەشی ڕۆژهەڵاتی هەرێمی فارسدا گرت، بەم شێوەیە ناوی شەبەکیان لێ نرا.

هەندێک لە نووسەران دەڵێن شەبەک بە ئەسڵ تورکن و لە سەردەمی سوڵتان تۆغرۆڵی سەلجووقی لە ساڵی ٤٤٧ ک لە باکووری تورکیاوە ئاوارە بوون، هاتوونەتە عێراق (کە چەند هۆزێکی تورک بوونە) و لە گوندەکانی مووسڵ نیشتەجێ بوون، بۆ ئەوەی فریای خەلیفەی عەبباسی - قائیم بیئەمریلا - بکەون تا بەسەر دەسەڵاتی بوەیهییەکاندا زاڵ بن.

بۆچوونی دیکە هەیە دەڵێت: ئەوانە پاشماوەی ململانێی نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکانن لە ناوچەکەدا، لەم ڕووەوە - دوکتۆر مستەفا کامل ئەلشەبیبی وای دەبینێت کە (شەبەک هۆزگەلێکی تورکمانن، یان لەوانەیە بەکتاشی ڕەسەن بن و ئینتیمایان بۆ سەفەوییەکان گۆڕابێت پاش ئەوەی حەیدەر بن جونەیدی سەفەوی بانگهێشتی کردن بچنە سەر باوەڕەکەی کە لە نێوان سۆفیگەریەتی و شیعەگەریەتی بوو، واتە سۆفیگەری و شیعەگەری بە یەکەوە کۆکردبووەوە، کە دروشمێکی سووری هەبوو بە شوێنکەوتووانی دەگوترا، دواتر بەشێک لە تورکمان و بەکتاشی گۆڕان و بوون بە قزڵباش، پاشان کە دەوڵەتی سەفەوی سەری هەڵدا، ڕوون بووەوە کە ئەوان مکوڕن لەسەر ئەوەی کێبڕکێی دەوڵەتی عوسمانی دەکەن و لە هەوڵی ئەوەشدان بەسەر دەسەڵاتەکەیدا زاڵبن، بۆیە سروشتییە عوسمانییەکان قزڵباشەکان دەربکەن بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان پارێزراو بێت و لە هەمان کاتدا سزایەکی توندیشیان دەرکرد بۆ ئەو کەسانەی کە لەسەریان ئاشکرا بێت قزڵباشن، کاتێ چەوساندنەوەیان زیادی کرد، قزڵباشەکان بەردەوامبوون لەوەی خۆپیشاندان بە بەکتاشییەکان بکەن بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆن، بە ئومێدی ئەوەی پەیوەندی بە سوپای سەفەوییەکانەوە بکەن، بەڵام کاتێک زانییان ڕەوشەکەیان بۆ لەبار نییە و ئامانجەکەیان پێ ناپێکرێت، بەسەر لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی مووسڵدا دابەشبوون و لە ڕێگەی ڕاماڵینی دەوڵەتە تازەکەیەوە کە لە ناوچەکە هەبوو پەیوەندییان بە هاوکارانیان و هاونیشتیمانیانی خۆیانەوە کردەوە، پاشان لەوێ سەقامگیر بوون و دەستیان بە کاری کشتوکاڵی کرد، بێ ئەوەی لەو کۆمەڵگە تازەیەدا بتوێنەوە، یان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خۆیان ون بکەن.

هەروەها نووسەر چەند بەڵگەیەکی لاواز لەسەر ئەوە دێنێتەوە کە ئەسڵی شەبەک تورکن وەک: سمێڵ هێشتنەوە و لێک نزیکی زمانەکانیان، دەرکەوتنی شێوازی بیناسازی سەلجووقی لە شوێنە پیرۆزەکانیاندا، بە تایبەت لە مەزارگەی ئیمام زەینلعابدین بن عەلی لە گوندی عەلی ڕەش، هەروا کتێبە پیرۆزەکەیان کە بە زمانی تورکی نووسراوە. هەندێ لە نەتەوەکانی تورک بەڵگە بە هەندێ سەرچاوە دێننەوە کە شەبەک بە بنەچە تورکن کە ئەوەش دەقەکەیە (شرۆڤەی لۆرانس لوکهارت کە باس لە بوونی تورکمانی سەفەوی (قزڵباش) لەعێراق دەکات، بۆ ئەوەی شا ئیسماعیل ئەو هۆزە تورکمانیانە

وەک (تاکاللو، ئەستاجلو، زولقەدەر، شاملو، ڕاملو، ئوشار، قاجار، فارشاک) کەسب بکات، کە ئەوسا لە کوردستان و (باکووری عێراق و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و سووریا و ئازەربایجان) هەبوون، چونکە تورکمان بڕبڕەی پشتی هێزی سەربازیی سەفەوییەکان بوون. پاش ئەوەی شا ئیسماعیل لە شەڕی چاڵدێران شکستی هێنا و زۆرینەی شوێنکەوتووانی لە باکووری عێراق پەرتەوازە بوون، شا ئیسماعیل لە ساڵی ١٥٠٨ تا ١٥١٠ حوکمڕانی کوردستان و بەشێک لە باکووری عێراقی کردووە.

پرفیسۆر مووسا مەتی دەڵێت: وا دیارە شەبەکەکان پێوەندییەکی پتەویان بە بەکتاشییەکان و قزڵباش و سەفەوییەکانەوە هەبووە، ئەم بۆچوونەی ئەلسەڕڕاف پشتڕاستی دەکاتەوە، بەو پێیەی سەربازی شا ئیسماعیل بوونە و لە مووسڵ دانیشتوون.

هەروەها مووسا مەتی دەڵێت: زمانی شەبەک لە بنەڕەتدا تورکییە و تێکەڵ بە فارسی و کوردی و عەرەبی بووە، کتێبە پیرۆزەکەشیان کە ناوی (بویروق)ە، ئەویش بە زمانی تورکی نووسراوەتەوە، بیروباوەڕەکەشیان بۆ هەمان مەزهەبی بەکتاشی و عەلەوی دەگەڕێتەوە.

ئەدمۆنز کە لە چەندان پۆست لە پارێزگاکان و وەزارەتەکانی عێراق کاری کردووە و بۆ ماوەی چەند دەیەیەکیش لە عێراق ژیاوە، دەڵێت: زۆرینەی شەبەکەکانی عێراق تورکمانن.

(ئەلعومەری)یش وای بۆ دەچێت کە شەبەک لە سەر مەزهەبی شیعەی تورکمانین، هەندێکی دیکە گریمانەی ئەوەیان هەیە کە شەبەکی مووسڵ لە پاشماوەی هۆزەکانی (ئاققۆینیلوو، یان قەرەقۆینیلوو)ی تورکمانی بن.

هەندێک لە توێژەران بۆچوونیان وایە کە شەبەک بە ئەسڵ کورد بن و هەر لە دێرزەمانەوە لە شاری مووسڵ نیشتەجێ بووبن، یەکێک لەو نووسەرانەی کە زۆر لەسەر ئەو بۆچوونە پێداگیری دەکات نووسەری ناسراوی کوردی شەبەک (ئەحمەد شەوکەت)ە و وای بۆ دەچێت کە شەبەک بنیادنەری شاری مووسڵ بن، چونکە (نەوادشیر کوردی کە میدییە ئەو قەڵاتەی لە کەرتی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە دروست کردووە، پێش ئەوەی ئاشوورییەکان بێنە ناوچەکە بە پێنج سەدە بە لایەنی کەم بۆ ئەوەی ببێتە شوێنی حەوانەوەی ئەو کاروانانەی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە بە ناوچەی حەریردا گوزەر دەکەن، ئەم نووسەرە پشت بە چەند سەرچاوەیەک دەبەستێت وەک: بۆچوونی مێژوونووسی ئەڵمانی فۆن هامەر کە لە ساڵی ١٧٧٤ ز لەدایک بووە، دەڵێت: دانیشتووانی مووسڵ بە زمانی کوردی قسە دەکەن و ئەوان کوردن، سەرەڕای ئەوەی کە کوردن بە هەر سێ زمانی عەرەبی و فارسی و تورکیش قسە دەکەن، هەروەها ئەو ڕاستییە مێژوونووسی بەناوبانگ لسترانگ پشتڕاستی دەکاتەوە و دەڵێت: هەر لە دێرزەمانەوە خەڵکی مووسڵ کوردن، هەروا مێژوونووسی بەناوبانگی کورد ئەمین زەکی بەگ دەڵێت: خەڵکی مووسڵ کوردن، نووسەر چەلەبی زادەش کاتێک سەردانی مووسڵ دەکات و کتێبی (کشف الظنون) دەنووسێت، دەڵێت: بینیم خەڵکی مووسڵ بە زمانی کوردی قسە دەکەن، گەڕۆکی بە ناوبانگی ئیتاڵی مارکو پۆلۆ کە لە ساڵی ١٢٨٠ ز بە مووسڵدا تێپەڕدەبێت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە گەر لە پشتێنەی مووسڵ بچیتە دەرەوە هۆزگەلێک دەبینی کە مێژەری گەورەیان لەسەر سەرەو بە ژیانی کۆچەری دەژین و پێیان دەوترێت کورد.

نووسەی ناوداری شەبەک ئەحمەد شەوکەت لە پوختەی بیرۆکەکەیدا دەڵێت: شەبەک لە بنەچەوە نەوەی کوردن و لە هەمان کاتدا ئەو پرسیارەش دەکات (گەر نیشتیمانی کورد بە

دڕێژایی سروشتی کوردستان درێژبێتەوە، ئیتر بۆ شەبەکەکان هیچ نامێنێتەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە کوردن).

جگە لەوە نووسەری تریش هەن دەڵێن: شەبەک ئەسڵیان کوردە، بەڵام ئاماژە بە هاتنیان و مێژوو و چۆنیەتی نیشتەجێبوونیان لە ناوچەکانی مووسڵ ناکەن.

بۆچوونەکانی تر شەبەک بۆ یەک بنەچە ناگەڕێننەوە، بەڵکوو وای دەبینن کە ئەسڵی شەبەک لە زۆر پێکهاتە پێکهاتوون، لەم بارەوە توێژەری ئینگلیز مەکنیزی ساڵی ١٩٥٨ وای دەبینێت کە (شەبەک لە ئەسڵی زۆر ڕەگەز پێکهاتوونە و لە ناوچەکەدا بوونە، شەبەکیش بە زمانی عەرەبی، واتە تێکەڵبوون و تێکهەڵکێش. نەک وەک قەومەکانی دیکە عەرەب و کورد و فارس و تورکمان).

هەر یەکێک لەو قەومانە لە هەوڵی ئەوەدان ڕەگەزی شەبەک بە خۆیانەوە بلکێنن و بیانکەن بە عەرەب، یان تورکمان، یان فارس، زوهێر کازم عەبود ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: شەبەک لە ڕەگەزی چەند قەومێک پێکهاتوونە و تێهەڵکێش بوون، بەڵگەشی بۆ ئەمە مانا زاراوەکەیەتی کە (شەبەک) مانای تێلبەند دەگەیەنێت. وەک چۆن دەڵێن پەنجەکانم تێک هەڵدەکێشم. لێرە تێکهەڵکێشان بۆ زۆرشت دێت، شەبەک واتە لێرەدا تێکەڵبوون و چوونە ناویەکی چەند ڕەگەزێک.

## شەبەک و کریستیان و گۆڕانکاریی دیمۆگرافی

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە نیسانی ٢٠٠٣، هەردوو پێکهاتەی شەبەک و کریستیان لە دەشتی نەینەوا لە ململانێیەکی توندان و یەکتر تۆمەتباردەکەن لەبارەی گومانەکانی «گۆڕینی دیمۆگرافی»ـەوە کە ئەو دوو پێکهاتەیە پێکهێنەری سەرەکی دانیشتووانەکەین. چارەسەری کێشەکەش پێناچێت هەروا ئاسان بێت، ناوهێنانی ئێران و دەستوەردانی هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ تاپۆکردنی زەوییەکان لەسەرپێکهاتەی شەبەک، ئەگەری هەیە ململانێکان بباتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە. ئەو کێشەیە ڕەگی لە مێژووی دەشتی نەینەوا و ناوچەکەدایە، بەڵام شەڕی داعش و ئاوارەبوونی خەڵکەکەی و باڵادەستی هێزەکانی حەشدی شەعبی نزیک لە ئێران و دابەشبوونی هەردوو پێکهاتەی شەبەک و کریستیان بەسەر هێز و بلۆکی جودا جودای هەرێمایەتیدا کێشەکەی قووڵترکردووە، ئەم ململانێیە لە دەشتی نەینەوا، بەتایبەت لە قەزای حەمدانییە، ناحیەی باشیک، بەرتڵە و گوندەکانی دەوروبەری بەڕێوەدەچێت، کە دانیشتووانەکەی تێکەڵەیەکن لە کریستیان، شەبەک و بەشێکیش لە پێکهاتەی کوردی ئێزدی. کاتێک وەزارەتی پلاندانانی عێراق هەندێک پێشنیاری گۆڕینی یەکەی ئیداریی کرد لە دەشتی نەینەوا ململانێکە چووە قۆناغێکی ترەوە، لە نێویاندا بەستنەوەی هەندێک گوندی ناحیەی بەرتڵە بە ناحیەی (باشیک)ی سەر بە ناوەندی قەزای مووسڵ و بەستنەوەی بەشێک لە گوندەکانی قەزای حەمدانییە بە ناحیەی کەڵەک لە قەزای خەبات.

شەبەکەکان کە دەمێکە لەنێو حەشدی شەعبی ڕۆڵ و قورساییان هەیە، بڕیارەکەیان ڕەت کردەوە و بە پەرتەوازەکردنی پێکهاتەکەیان و «دروستکردنی کانتۆنێک بۆ کریستیانەکان» ناویان برد. سەرکردایەتی گردبوونەوەی دیموکراتی شەبەک، کە نوێنەرایەتی لایەنە سیاسییەکانی شەبەک دەکات، لە ٢٥ی ئایاری ٢٠١٩دا لە بەیاننامەیەکدا جەختیان کردەوە «ئێمە ئەو پیلانانە ڕەت دەکەینەوە کە لەژێر ڕۆشنایی ڕێکارەکانی وەزارەتی پلاندانان هەندێک سەرکردەی سیاسیی کریستیان و پیاوانی ئایینی بۆ دابەشکردنی دەشتی نەینەوا گرتوویانەتە بەر، سەرکردایەتی شەبەک ناوچەکە بە زێدی

خۆیـان ناودەبـەن لەوانـەش ئامـاژە بـۆ ناحیـەی نەمروود، قـەزای حەمدانییـە، ناحییەکانی بەرتڵـە و باشیک و گوندەکانـی دەکـەن.

بـەڵام حزبـی بەیت نەهرەیـن کـە نوێنەرایەتـی زۆرینـەی کریسـتیانەکان دەکات لـە دەشـتی نەینـەوا دەڵێـن تووشـی سەرسـوڕمان بـوون بـە ڕەتکردنـەوەی بابەتـی نوێکردنـەوەی یەکـە ئیدارییـەکان لەلایـەن شـەبەکەکانەوە. لـە ڕاگەیەنراوێکـدا لـە ٢ی حوزەیـران٢٠١٩ بەیـت نەهرەیـن دەڵێـت «بابەتـی نوێکردنـەوەی یەکـە ئیدارییەکانی دەشتی نەینـەوا لـە کۆبوونەوەکانـدا خرایـە بەربـاس و ئێمـە بـە ئەرێنـی وەرمانگـرت، کـە لـە ئەمری واقیعدا ئـەو یەکـە ئیدارییانـە هەن، ئەمـەش لـە پێنـاو ئـەوەی ڕۆڵەکانـی گەلەکەمـان ببنـەوە خاوەنـی زەوی خۆیـان». لەگەڵ ئاماژەدان بـەوەی ڕەتکردنـەوەی پێشـنیازەکانی بەغـدا «ئامـاژەن بـۆ ئەجێنـدای سیاسـی، مەبەسـتیش لێـی بەتاڵکردنـەوەی دەشـتی نەینەوایـە لـە ڕۆڵـە ڕەسـەنەکانی».

ئـەوەش لەکاتێکدایـە شـەبەکەکان دەڵێـن «گۆڕانکارییـەکان بـۆ پەرتەوازەکردنـی ئـەو گونـد و ناوچانەیـە کـە شـەبەکیان تێـدا زۆرینەیـە».

بەگشـتی ناکۆکییەکانـی نێـو ئـەو دوو پێکهاتەیـە لـە ناوچەکـە نـوێ نییـە و پێشـنیازەکەی وەزارەتـی پلاندانـان بەشـێکی بچووکـی کێشـەکەیە، ئـەوەی ئێسـتا هەیـە نەگەڕانـەوەی بەشـێکی زۆری کریسـتیانەکانە بـۆ زێـدی خۆیـان، لـە بەرانبـەردا هاتنـی خێزانێکـی زۆری شـەبەکە بـۆ ناوچەکـە، هەروەهـا دابەشـکردنی زەوی بەسـەر چەنـدان خێزانـی شـەبەک و دروسـتکردن و تاپۆکردنـی یەکەی نیشـتەجێبون لەسـەریان گرێکوێرەیەکـی تـری کێشـەکەیە. سـەرکردایەتی گردبوونـەوەی دیموکراتـی شـەبەک لـە ڕاگەیەنراوەکەیانـدا دەڵێـن: «هەندێـک سـەرکردەی سیاسـیی مەسـیحی و پیاوانـی ئاییـنی هەوڵی شێواندنی ناوبانگی لیوای ٣٠ی حەشد دەدەن لەڕێـی درۆ و گەورەکردنـی ڕووداوە تاکەکەسـییەکانەوە کـە لـە هەمـوو شـوێنێکی دنیـادا ڕوودەدەن، بـەڵام ئـەوان ئامانجیانـە سـووکایەتی بـە شـەبەک بکـەن.

کریسـتیانەکان پێیـان وایـە دیمۆگرافیـای ناوچەکەیـان دەگۆڕدرێـت و دەیانەوێت بەرگری لـە بوونـی خۆیـان بکـەن، بـۆ ئـەوەش بانگەوازیـان بـۆ هـەردوو حکوومەتـی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان دەنێـرن و نەتـەوە یەکگرتووەکانیـان ئاگادارکردووەتـەوە. پێشـتر و لـە ئـاداری ئـەم سـاڵدا، کریسـتیانەکانی دەشـتی نەینـەوا داوای ڕاگرتنـی پرۆژەیەکـی نیشـتەجێبوونیان کـرد لـە بەرتڵـە و وەک هەوڵێـک بـۆ گۆڕینـی دیمۆگرافیـای ناوچەکەیـان، ناکۆکییەکـە لـەوەوە سـەرچاوەی گـرت کـە زەوی پرۆژەکـە (سـوڵتان سـیتی، لـە ١٨٢ خانـووی ٢٠٠مەتـری پێکهاتـووە)، موڵکـی کریسـتیانەکانە، بـەڵام ئێسـتا زۆرینـەی یەکـەکان بـە خێزانانـی شـەبەک دەفرۆشـرێن.

بەمەبەستی تەواوکردنـی توێژینەوەکـەم لەسـەر پرسـی شـەبەکەکان، چەنـد پرسیارێکم ئاراسـتەی چەنـد کەسایەتیەکی شـەبەک کـرد و ڕاوبۆچوونـی ئەوانـم لەسـەر ئـەو کارەسـاتە تراژیدییـە وەرگـرت و پرسیارەکانیشـم ئەمانـە بـوون:

* ئێـوە وەک خەڵکـی شـەبەک چـۆن دەڕواننـە کەیسـی کۆمەڵکوژی و ئاوارەبوونتـان لە دەڤەرەکانی خۆتـان لـە لایـەن ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی داعشـەوە؟

* ئایا ئێـوە هـەر تەنیـا ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی داعـش بـە تاوانبـار دەزانـن، یـان هێـزە ئیقلیمـی و ناوچەییەکانیـش لـەو تاوانـەدا بەشـدارن؟

* پێشـنیار و ڕاسـپاردەی ئێـوە چییـە بـۆ ئاسـایی کردنەوەی ڕەوشـی ئاوارەکان و گەڕانەوەی هاووڵاتیانی شـەبەکی بەردەسـتی داعـش و گەڕاندنەوەیـان بـۆ سـەر مـاڵ و موڵکـی خۆیـان و قەرەبووکردنەوەیـان؟

* داهاتـووی شـەبەکەکان لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتاندا چـۆن دەبینـن؟

- شـێخ یوونس (کەسـایەتی ناسـراوی شـەبەک)

دەڵێت: ئێمە باوەڕمان نەدەکرد لەم سەردەمەدا تووشی فەرمانێکی وەهاماڵوێران و ئاوارە بین، لە هەموو بوارێکدا بەرخودانمان کردووە، لە ناو وڵات و دەرەوەش، بەڕای من داعش تاوانباری سەرەکییە، بەڵام دەوڵەتانی هەرێمی دەستیان لەو کۆمەڵکوژییەدا هەبووە و هێزەکانی عێراقی خەمساردییان هەبوو، بۆیە بە ڕای من پێویستە تاوانباران و کەمتەرخەمەکان سزای یاسایی بدرێن، ڕزگارکردنی دەشتی نەینەوا و قەرەبووکردنەوەی ماددی و دەروونی خەڵکی ئێمە بەتایبەت لە مووسڵ، هەروەها بایەخدان بە خزمەت و گیانی خەڵکی، جێبەجێکردنی یاسا و ڕەچاوکردنی مافی شەبەک لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاری لە پێشینەن.

**عەمار غانم (کەسایەتی ناسراوی شەبەک):**

ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە جینۆسایدی پێکهاتەکانی کوردستان جیاوازی نەکرد لەوانەش شەبەک و ئێزدی و کاکەیی و تورکمانی شیعە و مەسیحییەکان، بۆیە پێویستە دوای ئازادکردنی مووسل و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر خاک وماڵی خۆیان، سەرەتا دەڤەرەکانیان ئاوەدان بکرێنەوە، قەرەبوو بکرێنەوە و بریندار و سەقەت و کەمئەندامەکانیان چارەسەر بکرێن و پرۆژەی کارکردن بۆ بێکارەکان دابین بکرێت، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا خوێندن بە زمانی دایک بێت تا ڕۆڵەکانی ئێمەش وەک منداڵانی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی بخوێنین.

## ڕاسپاردەکان

پێویستە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەمەودوا بایەخی پتر بەم پێکهاتە ڕەسەنەی کوردستان بدات لە بوارەیلی جیاوازی کولتووری (زمان و کەلەپووری میللی و وێژە و هونەر) دا، هەروەها لە بوارەکانی پەوەروەردە و فێرکردن دەرفەتی گونجاویان بۆ بڕەخسێنێت تا نەوەکانیان لە زانست و زانیاری بێ بەش نەبن، لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی وەک هەر هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان بە پێی پلان و بەرنامەڕێژی دەڤەرەکەیان ببووژێنێتەوە و دواجاریش هەوڵی دڵسۆزانە بدرێت ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە سنووری ماددەی ١٤٠ بگەڕێنرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

هەنگاوی خێرا بگیرێتە بەر بۆ یارمەتیدانی هەموو ئەو هاووڵاتییە شەبەکانەی کە بە هۆی جەنگەوە ئاوارە و بێخانە و لانە بوون کە بەسەریاندا سەپێنراوە، بە جیا لە ئایین و ڕەگەزیان.

ئەو لایەن و حزبە سیاسییانەی کە لەو بارودۆخەوە تێوەگلاون و کەوتوونەتە هەڵخڕاندنی هەستی ڕەگەزپەرستی و تایفی، عەرەب لە دژی کورد، سوننی لە دژی شیعە و بە پێچەوانەوە. بە هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستانەوە لەوانەش خوشک و برا شەبەکەکان، ئەم سیاسەتەش بووەتە مایەی کارەسات و هەلومەرجێکی نامرۆڤانە و ڕەگەزپەرستانە لە عێراق و کوردستان. پێویستە گوشار بخرێتە سەر پارتە سیاسییەکان بۆ کۆتایی هێنان بەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستەی لە هەمبەریاندا گرتوویانەتە.

شەبەکە ئاوارەکان ژیانیان دابین بکرێت و ڕەوشی ژیانی سەختی شەبەکەکان لە ناو کەمپەکاندا هەروەک ئێزدییەکان لای هەموو جیهان ئاشکرابوو، ئەویش سەبارەت بە چالاکی کەسایەتی و ڕێکخراوەکان و میدیاکان، بەتایبەت لە کۆژانی هەندێ هاووڵاتی شەبەک لە کەمپەکانی ناو هەرێمی کوردستان، هەروەها چارەسەرکردنی گرفتی لاوان و ئاستی بەرزی ڕێژەی بێکاری و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و وازهێنان لە خوێندن، هەروەها ڕەوشی هەڵایساوی پەنابەرانیان لە تورکیا و یۆنان.

کەم ئەندامە تایبەتە سەختەکان کە بە گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی و نەبوونی خوێندن و فێرکردن و کێشەی خێزانییەوە دەناڵێنن، ئەو منداڵانەی کە بە گشت سرووتە مەحاڵەکانی کات و شوێن گەمارۆدراون.

بایەخدان بە پەروەردە و فێرکردن لە ناوچە کوردییەکانی شەبەک تا نەوەی نوێ بە زمانی دایکی خۆی کە کوردییە گۆش بکرێت و لە سیستمی پەروەردە و خویندن دانەبڕێن.

## ئەنجام

پێکهاتەی شەبەک لە چەند هۆزێکی زۆرینەی کورد و کەمینەیەکی عەرەب و تورکمان پێکهاتوون و بە درێژایی مێژووی پێکەوە ژیانیان تێکەڵی یەکتر بوون. هەر یەک لەو هۆزانەش شانازی بەوەوە دەکەن کە شەبەکن ئەویش بە هۆی پابەندبوونیان بە ئایینزاکەیان و بەها بەرزەکانی نێو کۆمەڵگاکەیان، کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت کۆمەڵگەی مووسڵ بە ڕێزەوە سەیری ئەو پابەندبوونەی شەبەک دەکەن، لەوەدا بۆمان ئاشکرا دەبێت زۆرینەی ئەو نووسەر و توێژەرانەی قسەیان لەسەر بنەچە و زمان و باوەڕی ئایینی شەبەکەکان کردووە زانستی نەبوون، لەوانە هەندێکیان سەبارەت بە کەم زانیارییان، هەندێکیشیان بە هۆکاری ڕەگەزپەرستی نەتەوەییان ئەسڵی شەبەکیان بۆ سەر نەتەوەکانی خۆیان گەڕاندووەتەوە. هەندێکیش لەو مێژوونووس و توێژەرە بیانیانە بە مەبەستی سیاسی و سیخوڕی و لێکترازانی ڕیزی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان، شەبەکیان بردووەتەوە سەر بنەچەی دیکەی غەیری کورد، هەروەک چۆن بەرانبەر بە زازاکی و لوڕ و هەورامییەکان هەمان سیاسەتیان گرتووەتە بەر، مخابن ئەمڕۆ لەلایەن کەسانی نابەرپرسەوە بە خراپ بەرهەمەکەی دەچننەوە لە بانگەشەکردن بۆ ئەوەی کە ئەم پێکهاتانە کورد نین و بە هۆی بە سیاسەتکردنی پرسی کەمینەکان لە کوردستاندا وەک کوردانی ئێزدی و کاکەیی و فەیلی و شەبەک...تاد، هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی جوگرافیای دانیشتووانی کورد لە عێراق، بە تایبەتیش لە مووسڵ، پلانێکی کارا هەیە بۆ ناساندنیان وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی جیاواز لە کورد، بۆ ئەم مەبەستە حزبی سیاسی و دارایی و پشتگیری سیاسیی ناوخۆ و دەرەکی دەکەن، (بە تایبەت لە هەندێک ناوەندی شۆڤێنی لە ناو تورکیا) بە پلان و بەرنامەی تۆکمە کاری جددی بۆ کراوە.


سەرچاوەکان:

١- مردان. نصر- الشبک. اصلهم، لغتهم، دیانتهم واعدادهم -جنیف ٢٠١٠.

٢- مردان. نصر- عراقیون اصلیون متبعا المذاهب و الديانات، جنيف ٢٠١٠.

٣- الجدوي، نجمة، ما هي الطائفة الشبكية، الموقع الالكتروني، للسيد احمد الحسين، ٢٠١٥.

٤- توفيق. هوكر طاهر، الكرد والمسألة الأرمنية، ١٨٧٧–١٩٢٠، دار الفارابي، دار اراس، ٢٠١٤.

٥- غينتر. مايكل ام، كورد العراق، آلام وآمال، ترجمة: عبدالسلام النقشبندي، دار اراس، ٢٠١٢.

٦ - جالياند. جيرارد. الماساة الكوردية. ترجمة: عبدالسلام النقشبندى، دار اراس، ٢٠١٢.

٧ - الهوية و الامة فى العراق، شيركو كرمانج، دار الساقي، ٢٠١٣.

٨- كرد العراق، بناء الدولة داخل الدولة، دار الساقي، ٢٠١٤.

٩- تاريخ الكرد فى العهود الاسلامية، د. احمد محمود الخليل، دار الساقي، ٢٠١٣.

١٠- دليل الصحفيين للكتابة عن قضايا الأقليات، مقومات عملية، أسس مهنية، خضر دوملي، مطبعة ماردين، اربيل، ٢٠١٧.

١١- کاکەیی، هەردەوێڵ، فەرهەنگی شەبەک، ئەنیستوتی کەلەپوری کوردی، سلێمانی، ٢٠١٣.

١٢- میران. د. ڕەشاد، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە (٣٧).

# فۆیەرباخ: پرۆژەی فەلسەفەیەکی نوێ

هانز مارتین زاس
لە ئەڵمانییەوە: پ. د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

( ٢- ٢ )

تا ئێستا هەوڵی یەکخستنی هەردوو جەمسەری پراکتیک و تیوری هیچ کاتێک نەبووەتە مایەی ئەوەی ئێمە لەگەڵ خۆماندا یەک بین، لەگەڵ جیهان و لەگەڵ هەڵکەوتی دەوروبەردا یەک بین و بگونجێین.

ئێمە خۆمان لەگەڵ خۆماندا و لەگەڵ جیهاندا بەشتێکی تری سێیەم یەک دەبین، ئێمە هیچ کاتێک ناگەینە سەرچاوە، ئێمە هەمیشە لە جیاتی بەرهەمهێنەر، هەر بەرهەممان هەیە، ئێمە ئەو دنیایەی ترمان هەیە، ئەگەر هیچی تر لە دەرەوەماندا نەبێ ئەوە لە ناخماندایە، ئێمە خۆمان هەمیشە لە شپرزەیی دووبەش بووندا، لەنێوان ژیان و فەلسەفەدا، لەنێوان پراکسیس و تیوریدا دەبینینەوە (٢٨)، ئیتر ئەگەر بابەتی گەوهەریی پراکسیس لە هەمان کاتدا بابەتی گەوهەری و ڕەهای تیوری بێت، ئەوە دوو ڕەنگی و دابەشبوونی فەلسەفە و ژین کۆتایی دێت و نامێنێ، جێگیر بوونی پراکسیس بۆ تیوری وا دەگەیەنێ کە ئەو لەگەڵ ئەو بنەمایەدا دێتەوە: ((مرۆڤ لە گەوهەردا گەوهەرێکی هەستەکی ژیرە)) (٢٩) لە کتێبی چەند بیرۆکەیەکی سەرپێی گاڵتەجاڕیی لە فەلسەفەدا دەربارەی پێوەندی نێوان نووسەر و مرۆڤ ساڵی ١٨٣٤ز گیان (ژیر) و خۆشەویستیی جەستەیی وەک چەند لقێکی قەدێک دیاری کراوە، ئەمەش

ڕاستە کە دەیەوێ وێنەی ئەو لابردنە ڕوون بکاتەوە (٣٠).

تیوری (بێگوناحی و پاکی) ژیان کەم دەکاتەوە، بەڵام ئەو لە دەستدانە و بە کەم دانانی ئەو پاکی و بێگوناحییە وەک تەرازوو گرتنێک بە سایەی هۆشیاری ژیانەوە کە بەهۆیەوە مرۆڤ وەک نووسەر بە یەکەم دادگایی دەربارەی خۆی، بیروبۆچوونەکانی و هەست و تێبینییەکانی دادەنێ، نووسەرە ڕاستەقینەکان ئەوانەن سەرزەنشتی ویژدانی مرۆڤایەتی دەکەن، ویژدان بە جۆرێکی دیکەی جیا لەوەی دەردەکەوێ شمەک دەردەخات، ئەو میکرۆسکۆپە، شت گەورە دەکات بۆ ئەوەی ئەمانە بۆ هەستە کۆڵەوارەکانمان ڕوون بکاتەوە و بتوانرێ بناسرێن و بزانرێن.

((ئەمە میتافیزیکی دڵە))، بەڵام نەک بۆ فەیلەسووف، نەک بۆ هیگڵ و ڤۆڵف کە سەر بە ڕێبازی ژیرەکی و هزرمەندی تیوریستیانەن، ئەوان نموونەن!، بەڵکوو بۆ ئەو نووسەرەی کە هیچ ئاستەنگ و بەربەستێکی میتودەیی، سنوورەکانی کۆلێج و سکوڵەکان تەنگەبەر و تەنگەتاوی ناکەنەوە، بۆ فۆیەرباخ گیان و ژیری ئازاد و ڕەخنەگرانە بەرجەستە دەکەن. لەلایەکەوە ژیر (گیان) هەیە Geist بۆ ئەوەی کڵۆڵییە تایبەتییەکەی خۆی پەردەپۆش بکات، کۆسپوتەگەرەی بەردەم ((بەرچاو تەنگییەکەی)) وەک کۆسپوتەگەرە ((ژیری تامەزرۆ)) نیشان دەدات، لەلایەکی دیکەوە، ژیر (گیان) کە هاووڵاتییەکی ئازادی جیهانە لە ناخەوە بەرانبەر بە هێزی ژین و تێروپڕی پاڵ دەنرێ، دەکرێ وەک نموونە ناوی سوکرات و دیکارت بهێنرێن. ئەوەی ساڵی ١٨٣٤ز وەک ئەرکی سەرشانی نووسەری دەستڕەنگینی کەمدوێ، قسەی لێ



فۆیەرباخ

کراوە: پرۆگرامەکەی فەلسەفەی نوێیە: بەڵام ساڵی ١٨٤١- ١٩٤٣ ئەرکی ژیر پتر تەسک و تەنگەبەرتر لەو بایەخەیدایە کە بۆ ئازادی مرۆڤ هەیەتی، لە سایەی ڕێبازی هەستەکیدا، سەرنج دراوە (٣١). ناوونیشانی فەلسەفەی نوێ ((مرۆڤە)) تۆی خوێنەرە، هەروەک چۆن ڕۆسۆ لە توێژینەوەکەی ساڵی ١٧٥٠زدا ڕووی گوفتاری کردووەتە ئەندامانی ئەکادیمی، نەک وەک زانایان، بەڵکوو ڕووی لە مرۆڤ کردووە، ڕووی لە مرۆڤە چاکەخواز و چاکەکار و ڕاستودروستەکان کردووە (٣٢)، ئیتر ئەمەیە خەسڵەت و ناوونیشانی نووسینەکانی زانایان و هی تێزە پرۆگرامییەکانی مرۆڤ، مرۆڤ لەنێو ناخی زانادا، لەنێو لاهووتیاندا لەنێو ئیمانداراندا، پێش هەموو شتێک ئەو مرۆڤەی بە کردەوە ئیمان و باوەڕی لە دەست داوە و بێ ئیمانە! ئەو مرۆڤەی لە تیوریدا خۆی بەلایەنگری کڵێسە، یان سەر بە ڕێبازێکی فەلسەفە هەژمار دەکات.

– پرۆگرامی فەلسەفە نوێیەکە وەک چۆن ساڵی ١٨٤٢- ١٨٤٣ز نیشان دراوە، هیچ جۆرە نەزم و سیستمێک تێیدا ڕەنگ نەڕێژراوە، بەڵام پرۆگرامەکە لێرەدا، یان لە جێگایەکی تر، تۆزێک جێگیر و کۆنکرێتیترە، بابەتی سەرەکی بەرهەمەکانی دیکەی فۆیەرباخ – بەپێی چەندێتیش- نووسینە زۆر و زەبەندەکانی ڕەخنەکردنی ئایینە کە بە هیچ جۆرێک دەستبەرداری دەستپێک و ڕەخنەکردنی ئایین نابن و ئەو دەڤەرە بەجێ ناهێڵن، پتر هەمیشە تێیاندا کۆشش کراوە پشت ئەستوور هەمیشە بە کەرەستەی نوێ خوازراو کە ((سروشت)) بە دڵنیاییەوە بکەن بە گەوهەری ئایین (٣٣ - ٣٤).

لە ساڵی ١٨٦٦ز فۆیەرباخ کۆشاوە لەسەر بنەمای پاڵنەری بەختەوەریی (من- ماف) و تۆ (ئەرکی سەرشان) بنەما بنەڕەتییەکانی ئاکار ڕەنگ بڕێژێ و بنیاد بنێ. خواست و پاڵنەری بەختەوەری یەک شتن، ئیتر بۆیە ئەو ئازادییەی لەسەر بنەمای بەختەوەری دامەزراوە، هێزێکی گەلییە و بەربەرەکانی لێ ناکرێ. ئاکار (مۆراڵ) لە پێوەندی و بەیەکەوە گرێدانی (من) و (تۆ) دەکەوێتەوە ((چاکەکاری ئارێ کردن و بەدکاری ناکردنی بەختەوەرییە. بەمە قانوونی ئاکاری دادەمەزرێ و دەستەبەر دەبێ، هەروەها بەختەوەری (تۆ) دابین دەبێت، ئەرکی ویژدان، ویژدان خۆی لەوە بەولاوە نییە کە ((هی من)) دەچێتە جێگای (من کە تۆی ئازار داوە، لەوە بەولاوە نییە کە نوێنەری بەختەوەری ئەوانی دیکە بێت لەسەر بنەما و خواست و فرمانی پاڵنەری بەختەوەری تایبەت بەخۆی، بەڵام ویژدان ئیتر لەلای من خۆم ناڕەزایی دەربڕین و سەرزەنشتی پاڵنەری چەوساوەیە دژی چەوسێنەرەکەی، فۆیەرباخ ناخوازێ پاڵنەری یاخی بوون و ڕکابەری بەختەوەری نێوان ((من)) و ((تۆ)) ببینێ، مۆدێلە بنەڕەتییەکەی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان لەلای ئەو بریتییە لە خۆشەویستی، بەتایبەتی هی ڕەگەزەییانە وەک پاڵنەری بەختەوەری مرۆڤەکان کە تەنیا هەر بە سایەی ڕازی کردنی پاڵنەری بەختەوەری ئەوانی دیکە ڕەزامەند دەبێ.

ئەوەی پێوەندی بە ڕکابەرێتی نێوان پاڵنەرەکانی (من)ـەوە هەیە، ئەوە پێویستە من لە نواندن و شەڕی پاڵنەرەکاندا جۆرە تەرازوویەک بگرم و پەرەی پێ بدەم، کە دەبێ بۆ هەر پاڵنەرێک و بەپێی کات، یان لە کاتی دەست ڕۆیشتنی دوور و درێژی ئەوانی تردا خۆشگوزەرانی ئازادی دەستەبەر ببێ، بۆ نموونە دەبێ هاوکێشە لەنێوان پاڵنەری چێژتن و پاڵنەری کارکردن دەستەبەر بێ، بنیادنان و دامەزراندنی ئاکار و کۆمەڵگا لەسەر بنەمای پاڵنەری سروشتی مرۆڤ، کاتێک دەستەبەر دەبێ ئەگەر هاتو بنەمای بەرینی پاڵنەری چەند (من)ی جیاواز نەگونجاوانە گەورە بێ، بۆیە فۆیەرباخ ئەو سنوورە لە بەزین نەهاتووانەی سروشتئاسا لە ئارادان، هی پاڵنەری ژیان بەسەربردن و بنیاد و سنوورە هەڕەمەکییەکانن لە یەکتری جیا دەکاتەوە، ئەمانە دەبنە مایەی ئەوەی مرۆڤ حەسوود و سەرزەنشتکار و تەماڵ و تەوەزەل و ڕادە و سنوور ڕێژی ئەوانی تر بێ، لە بنەڕەتدا، ئەوەی ڕاستی بێ، گووران و توانایی گەشەکردن و پەرەسەندنی مرۆڤ... ((لە ئازادییەکەی تێناپەڕێ و بە پێچەوانەشەوە)) (٣٥).

ئیتر پێوەری ئەرستۆتالیس دەربارەی

ناوەڕاست وەک نموونەیەک بۆ تەرازوو وەرگرتنی ئەم پاڵنەرە لە (من) دایە، ڕکابەریکردنێکی بنەڕەت شیاوەکیانە لەنێوان کۆششی پاڵنەری بەختەوەری من و هی ئەوانی دیکەدا تەنیا هەر بەهۆی مۆدێلی بنەڕەتی خۆشەویستی هەستەکییەوە دەبێت، ئەوەی کە نموونەییانەیە بۆ هەموو پێوەندییەکی نێو مرۆڤەکانی بەختەوەریی تایبەتی هەر بەهۆی بەختەوەری ئەوانی ترەوە دابین دەبێ، ئەمە لەخۆیدا گونجاو و لە بارە کە فۆیەرباخ توانیویەتی دەستبەرداری تیوری- ڕێبازی ڕاوێژکاریی ببێ، چونکە لەودا هەمیشە تەنیا هەر هەمان چوارچێوە- نموونە توێژینەوەی لە بارەوە کراوە، بەتایبەتی بۆ ئاکاری نوێ ئەو ڕاوێژکارییە گرنگ نییە، بەڵکوو ئەوی گرنگە هۆشیارییە، لە کاتێکدا ئەوانی تر پێ لەسەر هەبوونی ڕیفۆرمی باشتری مرۆڤیانە، یان شۆڕشی دەزگا و دامەزراو و شێوازی کۆمەڵایەتی و پیشەسازی (سنعات) دادەگرن، فۆیەرباخ پێ لەسەر ڕیفۆرم (چاکسازی)، یان شۆڕشی هۆش و هۆشیاری دادەگرێ کە لێیەوە- بۆ مرۆڤی نوێ- دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت، کۆمەڵگا و بەرهەمهێنان دەبن بەناچاریی، پێویستە بگۆڕدرێن، یان ئیتر گۆڕانە شیاوەکییەکەیان بایەخی نامێنێ، یان بێ کەڵک دەبێ، لە جێگای تیورییە کۆنەکە، نەک پراکتیکی ڕاستەوخۆی سیاسی، نەک کاروچالاکییەکی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی، یان ئابووری سیاسی، بەڵکوو یەکێکی نوێ دادەنرێ، فەلسەفە کۆنەکە- بە وەرچەرخانێکی کۆپەرنیکۆسییانە - بە فەلسەفەیەکی نوێ جێگاکەی دەگیرێتەوە.

فەلسەفەیەک بەڕاستی و بێ دوودڵی کردن دەستپێکە ئەنترۆپۆلۆجییەکەی بێ چەند و چۆن و پێداگرییانە دەبێتە مۆدێلێکی نەگۆڕی بنەڕەتی گشت پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو لە بەرانبەر هزرمەندانی سەردەم و هاوچەرخاندا لە چاو: کارل مارکس و لۆرێنتس فۆن شتاین، تەنیا ئەم- دووانە ناودەهێنین- بەڕاستی لە هەمەڕەنگیی زانین و شارەزایی ڕوونکردنەوەی کۆمەڵایەتی و پراکتیکی سیاسیدا لاواز و هەژارە.

ئەگەر نووسینەکانی فۆیەرباخ و ئەوانەی دوایی لەگەڵ پرۆگرامە تایبەتییەکەی فەلسەفەی نوێدا بەراورد بکەین و بەو پێوەرە هەڵیان بسەنگێنین، ئیتر ئەوەی دەمێنێتەوە، تاڕادەیەکی زۆر ڕازیمان ناکات و دەستخەڕۆ دەبین! لەو جێگایەی توێژینەوە و کاری سیستمیانە پێویست دەکات، لەوێ مرۆڤ شێوازی چیرۆکنووسین، وتاردان و ساکار و سادەیی و تێهەڵچوونەوە دەبینێ! تێزەی ئەو مرۆڤەی کە وەک تاکێک، تەنیا لە پێوەندی نێوان (من) و (تۆ) دا گەوهەرێکی هەستەکی زیندووی بەختەوەر دەبێ، لە چوارچێوە هەمەکییە گشتییەکەدا قەتیس دەبێ، کە لەپراکسیسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تاکەکاندا ڕاستەوخۆ توانایی بوون بە (ڕاستەقینە) و جێبەجێ کردنی نییە. لە نارێئالستییە هەمەکییە گشتییەکەیدا بە چەواشە بەکارهێنانی ئیدیۆلۆجی، لە چالاکی نامرۆڤی شاردراوە و پەردەپۆش کراو و بنیادنراو ((برای گەورە)) خۆی دێتە پێشەوە.

ئەدەبی نووسراوەی ((تۆ)) وەک ناوونیشان دەبێتە دەستەواژەیەکی زبری وشک، دواتر دەکرێ مۆنۆلۆجێکی بێ کۆتایی مرۆڤ بێ کە تاک و تەنیایە و بەپێی زانست و لە سۆنگەکەیەوە بێ سوود و بێ بڕشت و بێ بەر دەبێ. نموونە پەسندەکەی لۆدڤیک فۆیەرباخ دەبێ؟! ئەو نموونەی مرۆڤی نوێ و سروشتی

ئاسایی نەبووە کە بەپێی حەز و ئارەزوو پۆلێن کرابێ. ئەو نە مرۆڤی ڕێنێسانس بووە کە حەز و ئارەزووی هەستەکی و سروشتی گیانی خۆی بێ چەند و چۆن هەتا سەر چێژتبێ و نە ئەو کەسە بووە کە بەلای کەمەوە بە هەژموون و دەسەڵاتەکەی دابونەریتی مەدەنی و وردە بۆرجوازی سەردەمی خۆی بریندارکردبێ، تەبایی و پێکەوە گونجانی سنووردراری هاوسەرگیری و کارکردن و سەرجەم چێژی ڕۆژانە ژیانی هزرمەندێکی پێوەندی لاواز بەو ئاراستەیەدا تەکان دەدا- لەبیر بچێتەوە، هەژار و نەدار بێ، نابینابێ- بەبێ ئەوەی لەلایەن تێکڕای جیهانی مەزنەوە هەستی پێ بکرێ لە ژیان جیاکراوەتەوە، ڕاستی بە خاک سپاردنەکەشی تەنیا بۆ چەند ڕۆژێک دەکات بە کەرەستە و بایەخی حەزی سیاسەتی ناوچەیی، بەڵام ئایا ئەمە چی بە پرۆگرامی فەلسەفەی نوێ دەڵێ و دەگەیەنێ؟! هێزی تەقینەوەی دەستپێکەکەی و فاکتی وەرچەرخانێکی کۆپەرنیکۆسیانە کە لە فەلسەفەدا دوای درێژایی سەدان ساڵ هەژموون و دەسەڵاتی هزری مێژوویی و ترانسندێنتالی جوولەکە و مەسیحی هیچ کارێکیان لێ نەکراوە.

ئەو ڕاستەقینەیەی فەلسەفەی نوێ کاریگەری و مەترسییەکەی بۆ سەر بیری مێژوویی کلاسیکی بە ئاشکرا وا نیشانی دەدات وەک هەموو ئەو هێرشانەی لاهووتییەکان کرانە سەر فۆیەرباخ، کتێبە یەکلایی کەرەوەکەی فرەدریش ئینگڵز ساڵی ١٨٧٠ز بەو مەبەستە بووە کە گرووپە هەمەڕەنگ و جیاوازەکانی بیرمەندانی ئازاد و ڕۆشنبیرانی سۆشیالیست خوازان و کارگەران پشت ئەستوور بە پرۆگرامی مارکس- ئینگڵز داکۆکی و بەرگری بکەن. بەهێرش بردنە سەر فۆیەرباخ، ئینگڵز ویستوویەتی ((سۆسیالیستییە ڕاستەقینەکان)) و (ئایدیالیستییە) سۆسیالیستەکانیش بپێکێ، ئەوانە گشتیان دەیانویست لە جێگای ئێپستمۆلۆجی زانستی، ڕستە و دەستەواژەی کۆنی ئەدەبی دابنێن و لەجیاتی ڕزگارکردنی پرۆلیتاریات بەهۆی گۆڕینی سەرتاپاگیری ئابووریانەی بەرهەم هێنان، خۆشەویستیان کردووە بە هۆکاری ڕزگاربوونی مرۆڤ (٣٦).

لە بەرانبەر هزری قیامەت و دنیاخراپ بوونی لاهووتییە بڕوا بوون بە مێژووە پێشکەوتنەکان و فەیلەسووفان، فۆیەرباخ شکست و هەرەسهێنانی هەمیشەیی سروشتی مرۆڤی لە بەرانبەردا داناوە. تەنیا هەر بە پشت بەستن بە لە گۆڕان نەهاتنی سروشتی مرۆڤ توانیویەتی بەگشتی فەلسەفە و لاهووت بە ڕێبازە هەمەجۆرە جیاوازەکانیانەوە بپێکێ و پێکەوە بیانخاتە لاوە. ئەمانە چەند مۆدێلێکی هزر و بیرکردنەوەی ئومێدیان بە کامڵی و تەواوەتی جیهان و مرۆڤ هەیە لە چوارچێوەی پشت بەستن بە پرۆسەیەکی پێشکەوتنی مێژوویی کە ئۆنتۆلۆجیانە (٣٧) بنیاد بنرێ و دابمەزرێ.

هێز و توانایی و تووێژی نەپساوەی ڕێئالیستیانەی فەلسەفەی نوێ، لە پشت بەستندایە بە لە گۆڕان نەهاتنی سروشتی مرۆڤ، چونکە ئەو دژی ئەوانەیە کە باوەڕی سیاسی و فەلسەفەیی قیامەت و دنیاخراپ بوونیان هەیە. ئەوان لەو باوەڕەدان کە دەچنە ژێرباری پەرەسەندن و پێشکەوتنی مێژوو و لێوەی بەرپرسن. سەرلەنوێ هاتنەوەی هەمان شت لە سروشتدا توانایی نە گۆڕان لە سروشتدا لێرەدا نە گۆڕانی مرۆڤ- وەک خواستی بەختەوەری، لە سەرەو دڵ گەوهەری وەک یەک لە شایستەییدا دەکات بە مەرج،

ئیتر لەو سۆنگەیەوە و بەو مەبەستە هەمیشە هێرش براوەتە سەر فەلسەفەی فۆیەرباخ لەوەدا کە شۆڕشی جۆری بیرکردنەوەیە، کە وەرچەرخانێکی کۆپەرنیکۆسییە، ناکردنی بیرۆکەی دنیایی و نادنیایی ڕێبازی باوەڕبوون بە قیامەت و خراپ بوونی دنیا دەگەیەنێ.

بەهۆی گوژمەی ئەو نووسین و باسکردنەی ئەو فەلسەفە نوێیە (٣٨)، دەبێ و پێویستە، بۆ نموونە، بە کورتییەکی ناشایستە، دوو هەڵوێستی سوودبەخشی سەردەم ناوبەرین کە کۆپەرنیکۆسییەکەی فۆیەرباخ وەک فاکتێک پێشییانە گریمانە دەکەن:

کارڵ لۆڤیت: لە بنەما بنەڕەتییەکانی ڕێبازی (هەستەکی و ئەوی دی ویست)ی فۆیەرباخەوە هەنگاو هەڵدەگرێ، شیکردنەوەی فینۆمینۆلۆجیانەی ستروکتۆری (بنیادی) هاوچەرخ پەرەپێ بدات و ڕەنگ بڕێژێ (٣٩).

شیکردنەوەکانی لۆڤیت دەکرێ وا بخوێنرێنەوە کە پێشەکییەکی ڕەخنەگرانەی ڕێبازی نوێی ئاکار و تیوری کۆمەڵگا و ڕەخنەکردنی ئۆنتۆلۆجییانەی ئەنترۆپۆلۆجی (زانستی مرۆڤ) و ئامانجەکانی مێژوون. لە بەرهەمەکانی دواییدا لۆڤیت دەستپێکەکەی فۆیەرباخ فراوانتر دەکات لەوەدا کە ئەو مرۆڤی تاک لە ڕۆڵی ئەوی تردا هیچی تر لەو چوارچێوە پێوەندییەی (من و تۆ) کە لە پاشماوەی سروشت دابڕاوەدا نابینێ، بەڵکوو ئەمە لە پێوەندی نێوان جیهان و جیهانی مرۆڤدا ڕێک دەخات بەوەی کە جیهان لەسەرووی جیهانی مرۆڤەوە دێت: سەرجەمی جیهان کە لە سروشتەوە پەیدا بووە هیچی تر جیهانێکی مرۆڤ نییە، مرۆڤ کە نامێنی و لە ناو دەچێ ئامانجی سەرجەم و تێکڕای داهێنان نییە (خەڵق) کە هەمیشە (٤٠) لە گۆڕاندایە.

ئەگەر نامۆبوونەکەی ڕیواقی (ستۆوا)ی ئەو ڕەوشەی دژ بە فەلسەفەی مێژوو تۆزقاڵێک گومان بورووژێنێ سەبارەت بە پرسی توانایی چوونە ژێر باری بەرپرسیاریەتییەوە لە بارەی بە ڕێئالیستی کردن و بەدیهێنانی ((مرۆڤی نوێ- مۆدێرن)) و ((فەلسەفەی نوێ)) ئەوە کۆشش و هەوڵەکەی سایکۆلۆجی (دەروونزانی) کۆمەڵایەتی ئێریش فرۆم دەربارەی پلانی مرۆڤ پەروەرانە، بە سایەی فرۆیدەوە دەربڕ و نواندنی ئەنجامێکی تری شیاوەکی بارگۆڕینی فەلسەفەی فۆیەرباخە:

بە بەروبووم و بە برشتکردنی چاکسازی هۆشیاری بۆ چاکسازی کۆمەڵگا و وەک نەخشە و پلانێکی تەکنۆلۆجی پرۆسەی کۆمەڵایەتییە (٤١).

فرۆم وەک فۆیەرباخ لەوەوە هەنگاو هەڵدەگرێ کە دەشێ و لە کردن دێت، مرۆڤ وەک گەوهەرێکی سروشتی، پێوەری ئاکاریی گونجاوی بابەتییانە سروشتی دابنێ و ڕەنگ بڕێژێ، واتە دیار و دەستنیشانی بکات چی باش و بە سوودە بۆ کرانەوە و گەشەکردنی توانایی و شیاوەکییەکانی سەرجەم مرۆڤ (٤٢).)) ئەو دەخوازێ شیکردنەوەی نەزم و سیستم: مرۆڤ بە بەشێکی سەرەکی و گرینگی جیانەبووەوە لە تیوری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و ئابووری دابنێ و مودێلێکی کارەکتەری بنیادنەرانە ڕەنگ بڕێژێ کە ئەوپەڕی چالاکی و خزمەت و کەمترین بە فیرۆدانی وزەی لێ بکەوێتەوە، ئەمەش بەپێی پلان ئەوە دەگەیەنێ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی (سنعات) دابمەزرێنێ کە دەبێ بە سەنتەر و ناوەندی گەشەکردن و کرانەوەی مرۆڤ، بەڵام نەک بۆ بەرهەمهێنانی زۆر و زەبەندە و مشەو بەکاربردن، توانایی و شیاوەکی ڕشتنی ڕەنگی کارەکتەری بنیادێکی مرۆڤی لە پێگەدا سنووری

خواست و بڕیارەکەی فۆیەرباخ دەربارەی سروشتی (سروشتیانە) دەبەزێنێ و تێدەپەڕێ، لەوێ فرۆم لە شیاوەکی توانایی کارلێکرانی مرۆڤ بە ڕێگای تەکنیکەوە لە چوارچێوەی پانتایی جیهاندیدی فۆیەرباخ لە سروشتدا بەهۆی بەڕێوەبردنی نەخشە بۆڕێژراوی کۆمەڵگا و ئابووری وەک کارێکی پراکتیکی بە برشت و سوودبەخش بیری کردووەتەوە، گۆڕینی سروشتی مرۆڤ نەخشەی بۆ نەکێشراوە، پتر لە پاشەکشەکار، کە دەپرسێ: ئایا پێویستە مرۆڤی نەخۆش دابهێنین بۆ ئەوەی ئابوورییەکی ساغ و دروستمان هەبێ؟ پرسیار لە بارەی ((باشترین)) لە جیهاندیدە سیستمەکەوە کە (مرۆڤە) بە ئاماژەدانیشەوە بە بنەمای ((ناوەڕاست))ی ئەرستۆتالیس چییە؟ لە وەڵامدا دەڵێ: ئەگەر بێتو هەمووان بە باشترین شێوە و بە تەواوەتی توانایی هێز، خۆیان گەشە و پەرەپێ بدەن و کەمترین بەریەک کەوتن و وزە بە فیڕۆدان لە مرۆڤدا لە ئازادابێ و لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤدا و لەنێوان مرۆڤ و دەوروبەردا، ئامانج بەدی دێت(٤٣).

ئاماژەدان بە فرۆم و لۆڤیت ڕوون دەبێتەوە کە بە چ ڕێگا و شێوازێک پێویستە بارگۆڕینەکەی فۆیەرباخ بە برشت و بەرووبوومی هەبێ و ڕاستەقینە بێ؟ لە پشت بەستنی دژە فەلسەفەی مێژوو بە سروشتی مرۆڤ، لە ئاوێتەکردنی توانایی ژیرەکی لەنێو بنیادی سروشتی پێداویستی مرۆڤدا هەروەک ئەو گەوهەرەی بە هەمان پێوەری وەک یەک لە کەللە و دڵ پەیدابووبێ و لەنێو پرۆگرامی دیالۆگیدا تەنیا هەر ئەوەی بە شارەزایی و ئەزموونە لە بەرەوپێشچووندا پەی پێ دەبرێ، دەبێ بەڕاستی و ڕاستەقینە. لەو سێ بنەمایەدا کەموکووڕی ڕێئالیستی سیاسی پەیدادەبێ، بەپێی بۆچوون و لە سۆنگەی ئامانجی دواڕۆژییەکانی لاهووت و دنیایی کە بەبێ کۆڵدان و ڕادیکالیانە هەوڵیان بۆ دەدرێ، وەک ڕزگارکار و ئاشتیپارێز کاریگەر و کار دەکات. بە پێچەوانەی ئامانجە بەرز و مەزنەکانی فەلسەفەی مێژووی کۆن و نوێ ((فەلسەفەی نوێی)) فۆیەرباخ بەو ئاماژە کردەکییەی بە مرۆڤ کارا دەبێ کە وەک ((من و تۆ)) نا کامڵە و نا فەلسەفەییە! هەروەها بە دژە فەلسەفە ناودەبرێ- مۆدێلی ئیپستمۆلۆجی ڕاستی (حەقیقەت) کە دەبێ هەر بە شێوازی دیالۆگ پەی پێ ببرێ و بزانرێ، لە پێوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە پێوەندییەکی دوو جەمسەری دەکات بە مەرج: وەک یەکی سروشتی و جیاوازی و وەک یەک نەبوونی مرۆڤ و هاوسەردەمەکانی. بەبێ وەک یەکی سروشتی لە توانایی ژیرەکیدا و لە بنیادی گونجاوی جۆرەکیدا هیچ جۆرە دیالۆگێک بوونی(٤٤) نابێ و نە لە ئازادا دەبێ، بگرە لە ڕەوشی لەیەکچوونی سروشتی مرۆڤ و هاوچەرخانیدا دیالۆگ بێ سوود و بێ کەڵک دەبێ، لە هەر جێگا و کاتێکدا گەیشتن بە (ڕاستی) وەک باشترین مۆدێلی ئیپستمۆلۆجی (زانین) دەکرێ کاریگەربێ، بەڵام ئەمە هەردەمێنێ کە ڕاستەقینە هەمیشە لە هەندەکی و وردەکاریدا دەکرێ قسەی لێ بکرێ و نیشان بدرێ. لە هەر جێگا و کاتێکدا توانایی ژیرەکی دەبێ بە دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەوە هێمن و لەسەرخۆ بێ، بگرە سەرلەنوێ جارێکی تر پابەند بکرێ بە ئەرکێک بۆ سوودی مرۆڤ وەک گەوهەرێکی بەختەوەری و لەشساغی خوازی سروشتی، ئەوکاتە و لەوێ ئەرکێکی نوێ دەخرێتە سەرشان و ئەستۆی تاکەکان و کۆمەڵگا لەپێناوی مرۆڤدۆستی مرۆڤانی جیهانی

سەردەم.

پرۆگرامەکەی فۆیەرباخ لە بارەی فەلسەفەی دواڕۆژەوە، دەخوازێ ئەو مرۆڤەی بەهۆی نامۆبوونەوە نەخۆش بووە، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵگاکەی جارێکی دیکە ساغ و لەشساغ بکاتەوە، نەیتوانیوە تا ئێستا هیچ ڕێئالیستییەکی فەلسەفەیی و سیاسی یەکلاییکەرەوە بەدەست بهێنێ - دوور نییە ئەمەش بەهۆی ئەو کەموکورتیانەوە بووبێ کە لە کەسایەتی نووسەردا هەبووبن - لەگەڵ ئەوەشدا وەک ئەوەی فریدیش هارمز ساغی کردووەتەوە (٤٥) (١٨٤٥ز) هۆکارەکە لە دەروازەی پێشەکییەکەی فەلسەفەی نوێ و جێبەجێکردنی فەلسەفەی نوێدا بووبێ، لەوانەش بووە هێز و توانایی جیهانگۆڕ لە ڕەنگڕشتن و نەخشەسازی جیهانێکی مرۆڤ دۆستانەدا نیشان بدرێ. بەدڵنیاییەوە، دوور نییە ئەمە بۆ نەخشەسازی مرۆڤ دروستی بەس نەبێ - دەکرێ ئەو ئەرکە لە کاتبەدەرە، سروشتی ڕەخنەگرانەی هەبێ، ڕەخنەکردنی ئەو لاهووتی و میتافیزیککارانەی دەخوازن جیهان چاک بکەن و ئەوانەی لاهووت، یان میتافیزیک تەنیا هەر بۆ هێز و دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان و بۆ تالان و بڕۆ و دەسکەوت بەکاردەهێنن، ڕەخنەگرتنێک بەرانبەر بە گشت ئامانجە بەرز و خوازراوەکان لەم جیهانەدا، تەنیا شتێک دەهێننەوە یاد و بەبیر دەهێننەوە: مرۆڤی سروشتی!

**سەرچاوە و پەراوێز:**

28- a,a, O, S.231.
29- a,a, O, S.231.f.
30- Werke. lll,. S.258.
31- a,a, O, S.358-363.
32- J.J.Rousseau, Schriften Zur Kultw, hg. k. Weigand 1955, S.4.f.

**٣٣ - ئەو پرسیارەی لە هەندێک نووسینی لاوەکیدا کراوە بریتی بووە لەوەی: ئایا گەوهەری ئایین چییە؟ مرۆڤە، یان سروشت؟**

- Feuerbach: erste Anmerkung in: Das Wesen der Religion. In: Die Epigonen. 1849.

34- Feuerbach: Vorwort Zum lound letzten Band Sinener Werk 1866:

**- لەوێدا وتراوە: مرۆڤ ئەوەیە کە دەیخوات.**

35- Werke X.S.58. f.60. 62. 66,. 77.f.
36- Fr. Engels؛ L. Feuerbach.. S.23.
37- K. Lowith,: Weltgeschite und Heilgeschichte 1953, 4. Auflage. 1963. S.26.
38- H. H. Schrey, Dialogisches Denken. Darmstadt 1970.
39- K. Lowith, Das Individuum in der Rolle des Mitmensch, 2. Aufl. 1962.24.
40- a, ,a, O., S.IX؛ vgl.oben Anm32.
41- Erich From,. Aalytische Sozialpschlogie und Gesell schaftsteorie. 1970. S.166.
42- a. a., O. S.169- 172.
43- Werke. I. S.72.
44- Fr. Harms: Der Anthroplogismus in der Entwicklung der Philosophie seit kant. Leopziq. 1845. S.267.f.

# (وێژەی جیهانی) لە ڕەهەندی زمانی نەتەوەیی و ڕەخنەی ئەدەبییەوە

هادی حەبیبی
(بۆکان)

**کورتەی وتار:**
ڕاستییەکەی ئەو ڕێبازەی کە ئاکامەکەی گەیشتن بە لووتکە و بوون بە وێژەی جیهانییە، هەمان ڕێبازە کە بە فەرهەنگی نەتەوەیی و فۆلکلۆر و کەلەپووری گەلەکاندا تێدەپەڕێ، ئەم پەیڤە واتای ئەوەیە کە ئەدەبی جیهانی، بێگومان ڕیشەی لە بایەخی هزری و فەرهەنگی نەتەوەکاندا هەیە، پاشان بە کەرەستەی (زمان)ـەوە لە قۆناغی زارەکی بوون دەردەچێ و وەک پاژێک لە ئەدەبیاتی نووسراوەیی و دوای سەرکەوتن و وەرگرتنێکی فرەلایەنە، دەبێتە وێژەی جیهانی، ئەم وتارە هەوڵ دەدا بە لێکۆڵینەوە لەو بابەتە و بە هێنانەوەی چەند نموونەی سەرکەوتوو لەم شێوازە، تیشک بخاتە سەر چۆنیەتی تێپەڕین لە قۆناغی ناوچەییەوە بۆ قۆناغی جیهانیبوونی ئەم مۆدێلە لە ئەدەبیات:

**چەمکە کلیلییەکان:**
وێژەی جیهانی، هزر، نۆم چۆمسکی، مۆدێرنیتە، ڕۆلان بارت، چیرۆکی پاڵەوانیەتی، شوناس، دەقی ئەدەبی.

**سەرەتا:** دەق و داهێنانی ئەدەبی، هونەرێکی کارامە و بایەخێکی هزرییە کە سەرچاوەکەی بۆ هێزی فیکر و ڕاستییەکەی بۆ خەیاڵی داهێنەرەکەی دەگەڕێتەوە. بە واتایەکی دیکە

داهێنــەر بــە هێــزی خەیاڵــی و هزریــی خۆیــەوە، لــە شــتگەلی ئاســایی و دیمەنــی بــاو و بەرچــاوی دەوروبــەری، شــکڵی مۆدێــرن و جیــاواز دەخوڵقێنێ و بــەو بۆنەیــەوە پێوەندییەکــی تــازە لــە نێــوان خــۆی و جیهانــی دەوروبەریــدا ســاز دەکا، لــە تەعبیرێکی جیاواز و لـە ڕوانینێکی بەرفراوانتردا، هەنــگاوی پێشــکەوتووانە هەڵدێنێتــەوە و بیــری جیاواز ساز دەکات و سامانێکی هـزری بە موڵکی ئەدەبیــی نەتەوەکــەی زیــاد دەکا. وێــژە (وەک تیــوری) و خاوەنــی هــەر بەرهەمێکــی خەیاڵکرد (وەک بــە کــردەوە دەرهێنــەری وێــژە) دیــاردە سروشــتییەکانی کۆمەڵگەمــان بــە جیلوەیەکــی تــازەوە دێننــە پێــش چــاو و نهێنییــەکان ئاشــکرا دەکــەن و وێــڕای ســازکردنی شوناســی ئەدەبــی، زانســتێکی نــوێ لــە مەعریفــەت و جیهانی هەســتیی دەخەنــە ڕوو، کەوابــوو خەیــاڵ و دەســەڵاتی هزریــی نووســەر، یــان (شــاعیر) ســەرەتا ڕازی دانوســتان و پێوەنــدی نێــوان خــۆی لەگــەڵ بابەتگەلــی دەوروبەریدا ئاشکرا دەکا و دواتر گیان بە بەر هەمــوو ئــەو وێنــە هەســت بزوێنانــەدا دەکا کــە ڕوح و هەســتیان تەنیوەتــەوە، ســەرجەمی ئــەو ڕاستییانەش بە بۆنـەی کەرەستەی زمانـەوە دێنە بەرهــەم. سروشــتییە کــە زمانــی شــاعیر جیــاوازە لــەو زمانــەی کــە پســپۆڕێک بابەتێکــی زانســتی پــێ ڕوون دەکاتــەوە، یــان جیاوازە لــەو زمانــەی کە مێژووزانێک قۆناغێکی مێژوویی پێ تاووتوو دەکا، بێجگــە لــە جیاوازیــی زمانــی، لــە کەڵــک وەرگرتنــی زمانێکــی شــاعیرانەدا هــەم خــودی واژە ڕۆڵــی خــۆی هەیــە، هەمیــش بــواری ئاهەنگینــی ســەرجەمی ئــەو واژانــە خاوەنــی گرنگایەتییەکــی تایبەتــن، ڕاســتییەکەی زمانــی شــیعر، پێکهاتەیەک لــە مانــا و مۆســیقایە، واتــا هــەم مەبەســتێک دەپێکــێ و هــەم وەک پارچەیــەک مۆســیقا،



خانی

ڕیتمێکی ڕێکوپێک و کێشدار بە دەستەوە دەدا. (میرصادقی، ١٣٧٥: ٢٧).

زمــان بــە گشــتی بــۆ کەســی شــاعیر و داهێنــەر کەرەســتەیەکی ناتــەواوە و گەلێــک بۆشــایی تایبــەت بــە خــۆی هەیــە، ڕاســتییەکەی ئــەوە شــاعیرە کــە بــە داهێنــان و ڕچەشــکاندنی هــزری و مانایی و ڕێزمانییــەوە، زمــان دەوڵەمەنــد دەکات و دەیگەیەنێتــە ئاســتێکی ئیدیــاڵ. (طاهبــاز، ١٣٧٦: ١٦٢). هەرچەنــد نابــێ لــە گشــتییەتی زمانــدا ئــەم تیۆرییــەی نــۆم چۆمســکی لــە بیــر بکــرێ کــە پێــی وایــە : «کەڵــک وەرگرتنــی ڕاســتەقینە لــە زمــان، لــە هەقیقەتــدا زۆرجــار ڕەگەزگەلێــک لــە زەیــن/ مێشــک دەگرێتــەوە، کــە لــە ئاســتی لێهاتوویــی زمــان تێدەپــەڕێ، هــەر بۆیــە ئــەوەی وێــژەر دەریدەبــڕێ، یــان دەرکــی دەکا، ڕاســتییەکەی بــە تەنیــا دەســکەوتی تایبەتمەندییەکانی لێهاتوویــی (زمــان) نییــە». (چامســکی، ١٣٧٧: ١٢٠).

دیــارە ئــەم بۆچوونــەی نــۆم چۆمســکی،

خوێندنەوەیەکی زانستییانەیە بەرانبەر بە زمان و زانستی وەک ڕێزمان و تەکنیکی زمانی و زمانناسی و دەستووری زمان لە خۆ دەگرێ، ڕێک ئەم بۆچوونە لە خوێندنەوەی هونەرییانەش بەرانبەر بە زماندا هەر هەیە و وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، زمانی شاعیر جیاوازە لەو زمانەی کە پسپۆڕێک بابەتێکی زانستی پێ ڕوون دەکاتەوە. بەو جیاوازییەی کە لەم ڕوانگەیەدا (واتا: خوێندنەوەی هونەرییانە بەرانبەر بە زمان) زەرفییەتە هونەرییەکانی زمان بە تایبەت لە بواری جوانناسیدا گەلێک بەرچاوترن و زۆرجاریش زیاتر هەست پێ دەکرێن. ئەو هەموو قوتابخانە ئەدەبییەی کە بە درێژایی مێژوو لە نێو هونەری نەتەوە جۆراجۆرەکاندا سەری هەڵداوە، هەمووی هەر دەسکەوتی بەرهەمی خوڵقێنراو بووە. بەرهەمێک کە لە کاتی ئەفراندندا، خودی داهێنەرەکەی تەنیا و تەنیا بە لایەنی هەست (حسی)ی و هونەرییەوە هۆندوویەتییەوە، نەک بە لایەنی میتودی و زانستییەوە.

بوونی قوتابخانە ڕەخنەییەکانیش هەر ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە بەرهەمی وێژەی جیهانی، هزری دوای خۆی و داهاتووی بەرەو مۆدێلێک لە ڕەخنەی ئەدەبی هان داوە کە دواتر لە مێژووی کردەی ڕەخنەدا وەک قۆناغێکی تایبەت سەیر کراوە و مسۆگەر بووە. ئەوەی بەردەنگ بە ناوی قوتابخانە، یان بزاڤی (ڕەخنەی نوێ) دەیناسێ، ڕاستییەکەی هەر لە شۆڕشی مەزنی فەڕەنسییەوە بگرە تا ئێستا، ئەوە دەسکەوتی تێکۆشان و چەمک باوەڕیی ڕەخنەگرانێکی وەک میشل. دۆ. مۆنتنی تا مارسێل پرۆستە، کە بە خوێندنەوەی بنەمایی لە ئەدەبیاتی نەریتی، ڕێگەیان بۆ پێداچوونەوە لە بەستێنی فەلسەفەی نوێ خۆش کردووە، ڕۆلان بارت ڕەخنەی واتایی (تەئویلی) کە لە خۆیدا ڕەنگدانەوەیەک لە هێرمۆنۆتیکە، بە ڕوانگەی گرنگی سەردەمی خۆی وەک ئێگزستانسیالیسم، مارکسیسم، ڕەوانکاوی و دیاردەناسییەوە گرێ دەداتەوە و بەو بۆنەیەوە ڕەخنە لە پێوەندی لەگەڵ قوتابخانە فەلسەفییەکاندا مانا دەکاتەوە. (بارت، ١٣٧٧: ٦).

لەم سەردەمە لە ڕەخنەنووسیی فەڕەنسیدا، ژان. پۆل. سارتر خەریکی ڕەخنەی فەلسەفی ئێگزستانسیالیسم و لۆسیەن گۆڵدمەن سەرقاڵی ڕەخنەی کۆمەڵناسی، هەروەها ژێرژ پولە خۆی بە دیاردەناسییەوە ماندوو دەکا. (ڕەخنەی نوێ) وردبوونەوە لە چییەتی دەقە و ڕۆلان بارت ئەم بیرمەندەیە کە ڕەخنەی ئەدەبی بە هاوتەراز لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبی، هەروەها ڕەخنەنووس بە هاوشانی نووسەر، یان داهێنەر دادەنێ. (شمیسا، ١٣٩٣: ٣٥). بارت لە ماوەی بیست و پێنج ساڵ تەمەنی ئەدەبی خۆیدا، نوێنەری هەموو ئەو ڕاستییانە بووە کە لە هزریی ڕەخنەیی، هەروەها لە زانستی زماننناسی فەڕەنسیدا بە قۆناغێکی مۆدێرن پێناسە کراوە. (تادیە، ١٣٩٠: ٢٤٨)، ئەگەرچی نابێ ئەو ڕاستییەمان لە بیر بچێ کە دەق لە هەقیقەتی خۆیدا، وەک کانیاوێکی بێگەرد، یان وەک ئاوێنەیەک دەچێ و هەر بەردەنگێک بە پێی داشتە و پاشەکەوتی زانستی و هزریی خۆیەوە لێی دەڕوانێ و بە پێی پێویست بەهرەی لێ وەردەگرێ، دەنا دیسان هەر بە وتەی بارت، ئێمە لە هەر چەشنە نیزامێکی وەک مارکسیسم و فۆرمالیسمەوە بگرە تا پێکهاتەخوازی و ڕەوانکاوی و هەر جۆرە نیزامێکی فیکریی دیکە، بێتو بمانەوێ گرێی بدەینەوە بە دەق، ئەوە

تەنیا توانیومانە یەک، یان چەند ڕاڤەی گونجاو لە باقی ڕاڤەکانی دیکە بە دەستەوە بدەین. کەوابوو دەق ڕێی تێدەچێ کەسی بەردەنگ، یان نووسەر، یان ڕەخنەگر بە شێوازی خۆی لێی بڕوانێ و گرنگ ئەوەیە کە جۆری ئەم ڕوانینە، ڕوانینێکی بە ئاکام گەیشتوو بێ. بە واتایەکی دیکە ڕوانینێکی مۆدێرن و جیاواز لە ڕابوردوو بێ، لە بەر ئەوەی کە (مۆدێرن بوون) لە واتای خۆیدا نەسەلماندنی بایەخە هزرییەکانی دوێنێ، تەنانەت ئەمڕۆشە، بارت کاتی خۆی جەختی لە سەر ئەو ڕاستییە کردبوو کە (مۆدێرن بوون)، یانی ئەوەی بزانین چ شتگەلێک ئیتر بۆ ئەمڕۆ ناگونجێن. (احمدی، ١٣٧٧: ٢٧٣).

جەخت لە سەر (ئەورۆیی بوون) لە خۆیدا، بنەمای مۆدێرنیتە بوو، کە بارت ژیانی هونەری و هزریی خۆی لە سەر دانا، یان لە ڕەخنەی (واساختی)دا کە بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ژاک دریدا دەگەڕێتەوە و لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠دا کاریگەری زۆر بەرچاوی لە سەر ڕەوتی ئەدەبیاتی جیهانی دانا، لە هەقیقەتی خۆیدا ئەزموون و ململانێی نێوان ئایدۆلۆژی و بایەخە هزرییەکانی نێو چوارچێوەی دەقە.

ڕاستییەکەی دەرفەتێکە بۆ دەرکی ئەو ئایدیۆلۆژییانەی کە بە تایبەت لە دوو بزاڤی (مارکسیسم و فێمینیزم)دا ڕوونکەرەوەی ئەزموونەکانی مرۆڤن و لە زمانی مرۆڤدا بە کار هاتوون. (تایسن، ١٣٨٧: ٤٠٦). هەر کامەی لەو قوتابخانە ڕەخنەییانە کە بێگومان بنەمایەکی بەهێزی فەلسەفییان تێدایە، ئەوە ئەرکیان سازکردن و بە دەستەوەدانی شوناسە لە نێو دەقی ئەدەبیدا، لە بنچینەدا خودی فەلسەفەش لە چاخی بۆرژوایی و لە نێوان دوو تاقمی دژوازدا، بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندا بووە، پرسیاری بنەڕەتی ئەو دوو تاقمە جیاوازە ئەوە بووە کە ئەزموونی هەست پێکراو، یان ئاوەزێک کە یەک بڕیارە بە سەر هەمواندا دەبڕێتەوە (عقل تعمیم بخشنده – عەقلی گشتگیر)، ئاخۆ دەتوانێ داهێنەر و پێکهێنەری شوناس، هەروەها ڕوونکەرەوەی لێبڕاوانەی ئەم ڕێچکەیە بێ؟ ئا لێرەدایە کە ئەو دوو تاقمە جیاوازە لە وەڵامدانەوەدا، هەرکام ڕێبازی خۆی لەوەی دیکە جیا دەکاتەوە. تاقمی هەوەڵ فەیلەسووفی ئەزموونگەرای وەک (ژان لاک)ە کە جەخت لە سەر کردەی ئەزموون دەکا و تاقمی دووەمیش ئاوەزخوازیی وەک دیکارت تا (هیگڵ)ە، کە وەڵام بۆ سەلماندنی مەنتیقی و تێڕوانینی ڕوون و جیاوازیی ئاوەز دەگەڕێننەوە. (نواک، ١٣٨٤: ٨٤).

ئەگەر سەرنج بدەین، خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئامانج یەکە و ئەویش هەمان دۆزینەوە و سازکردنی شوناسە، بەڵام بڕوا و شێوازی بۆچوون و لە کۆتاییدا ئەوە ڕێبازەکانن کە لەگەڵ یەکتردا جیاوازن، ئەسڵێکی کە هەموو کات بۆ زەقکردنەوەی شوناس لە دەقدا پێویستە، ئەسڵی بێ لایەنانە و بێ لایەنگرانەیە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا، وەک چۆن لە ڕەخنەی دیاردەناسیدا ئەوەی کە بایەخە هزرییەکانی ئەم شێوازە لە ڕەخنەی ئەدەبی لە سەر ساغ بووەتەوە، ئەوە هەمان ئەسڵی بێ لایەنانەیە. لەم شێوازە ڕەخنەیەدا، دەبێ ڕەخنەنووس خۆی لە چنگ پشتگیری و لایەنگری تایبەت دەرباز بکا و بە هاودڵی تەواوەوە لەگەڵ جیهانی بەرهەمی ئەدەبیدا تێکەڵ بێ و لەوپەڕی سەرنجدا و لەوپەڕی بێ لایەنی و بە دوور لە هەر جۆرە

دەمارگرژییەک، ئەوەی لە نێو دەقی ئەدەبیدا دەیبینێ، سەرلەنوێ دایبرێژێتەوە. (ایگلتون، ١٣٨٠: ٨٣). خاڵی هاوبەشی وێژەی جیهانی کە بنەمای ئەم وتارەی لە سەر ساغ بووەتەوە، نەتەوەیی بوونی ئەم شێوازە لە ئەدەبیاتە، واتا هەم ڕەگەزی سەرەکی لێرەدا حەماسەیە و هەمیش لە قۆناغی هەوەڵدا بە زمانی گەلەکەی خۆی نووسراوەتەوە، پاشان دوای سەرکەوتنێکی گشتی لە لایەن جەماوەری خەڵکەوە، وەک شاکارێکی جیهانی دەنگی داوەتەوە و ناسراوە. کاتی خۆی ویلیام فۆکنەر سەلماندی کە جیهانیبوونی بەرهەمێک لە ڕەهەندی خۆماڵیی بوونی ئەو بەرهەمەوە تێدەپەڕێ. دوو شاکاری گەورەی جیهانی (ئیلیاد) و (ئۆدیسە) وەک بەشێک لە ناسراوترین حەماسە و چیرۆکی پاڵەوانی تایبەت بە وڵاتی یۆنانی کۆنن، کە پێشینەیەکی سێ هەزار ساڵەیان لە مێژووی ئەو وڵاتەدا هەیە. ئەو دوو مەنزوومەیە بە زمانی یۆنانی کۆن و لە لایەن هۆمێر شاعیری گەورەی یۆنانەوە نووسراونەتەوە. دیارە یۆنانی کۆن، تەنانەت بەر لە (ئیلیاد و ئۆدیسە)ش هەر خاوەنی وێژەی مەنزووم بووە و وێدەچێ وێژەری سەرەتایی ئەم شێوازە ئەدەبە، هەمان ڕاهیب، یان کەسی ڕەبەنی تەرکەدنیا بووبێ کە خەڵکی یۆنان پێیان دەڵێ (ئائۆئیدۆس) و ئەم وشەیە لە زمانی ئەمڕۆی فەڕەنسیدا (ئائێد)ی پێ دەکوترێ. (هومر، ١٣٨٠: ٤٠).

سەرچاوە و دەسپێکی جیهانیبوونی ئەم بەرهەمە، ڕاستییەکەی بۆ فەرهەنگ و زمانی خۆماڵی و فۆلکلۆر و مێژووی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە و لەو دیمەنەوە (ئیلیاد و ئۆدیسە) وەک شاکارێکی جیهانی، لە لایەن سەرانسەری نەتەوەکانی دیکەوە وەرگیراون. یان (شانامە)ی فیردەوسی لە زمان و فەرهەنگی ئێرانیدا شاکارێکی کەم وێنەی ئەدەبییە. پاژێک لە شانامە لە هەقیقەتدا ڕووداوی خەیاڵی و چیرۆکی بە تەمەنن، کە هەر لە سەردەمی زۆر کۆنەوە سنگاوسنگ لە ڕابوردووەوە بە خەڵکی ئێستا گەیشتوون، پاژێکی تری ئەم کتێبە بەنرخە، بەسەرهاتی بنەماڵە و خانزادەکانی ئێرانە کە لە قوناغێکی زۆر کۆنی مێژووییدا لەگەڵ هیندییەکان بە یەکەوە ژیاون، بۆ سەلماندنی ئەم پەیڤەش ناوی پاڵەوانی وەک جەمشید، فەرەیدوون، کاوس و کەیخوسرەو هەم لە نووسراوە کەونینەکانی ئێران وەک (ئاوێستا) دا هاتوون و هەمیش لە یادداشتە مێژووییەکانی هیندی وەک (ڕیگ ودا) ئاماژەیان پێ کراوە. (فردوسی، ١٣٧٨: ٢٣).

فیردەوسی خۆی لە هەنگاوی یەکەمدا ئێرانی بووە و شانازی بە ئێرانی بوونی خۆیشی کردووە و ئامانجی لە نووسینەوەی (شانامە)ش زیندووکردنەوەی زمان و فەرهەنگی ڕەسەنی وڵاتەکەی بووە، بە ڕوانینێکی (واساختی) لە شانامە، بۆمان دەردەکەوێ کە فیردەوسی کێشەی نێوان ئایدیۆلۆژی زاڵ لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە بایەخە هزری و میللییەکانی نەتەوەی فارسی بە ئەوپەڕی خۆی گەیاندووە و بڕیاری کۆتاییشی وەها داوە کە فارس، وێڕای وێرانگەری و تاڵان و بڕۆی بێگانە و دەستدرێژی داگیرکەر بۆ سەر وڵاتەکەی، هەنووکەش خاوەنی ژیارێکی درەوشاوە و مێژوویەکی پرشنگدارە کە بۆ سەرانسەری نەتەوەکانی دیکە نموونە و سەرمەشقە. جیهانیبوونی ئەم بەرهەمەش دیسان لە تانوپۆی پەیڤی بەنرخ و هزری شاعیرانەی فیردەوسییەوە — کە زایەڵەی هەمان فەرهەنگ و ئەدەبی کۆنی ئێرانییە– سەری هەڵداوە و لەو

ڕەهەندەوە، بوونی خۆی بە بەردەنگی ئەدەبی جیهانی سەلماندووە.

نموونەی تر لەم چەشنە ئەدەبیاتە، (مەم و زین)ی خانی (١٦٥٠- ١٧٠٦) شاعیر و عارفی جیهانی و بەناوبانگی کوردە. ئەحمەدی خانی بە بۆنەی (مەم و زین)ـەوە، هەروەها ئاشکراترین نموونەی خەبات و ڕاپەڕینی نەتەوەیی کورد لە کۆتایی سەدەی حەڤدەدا بە دەستەوە دەدا، ئەو ڕاستییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیر لە قۆناغی هەوەڵدا، ڕەنج و ئازاری نەتەوەی خۆی بە باشی هەست پێ کردووە، وێڕای ژیان لەگەڵ ئەو ئازارەدا، ڕێگای چارە و ڕزگاری گەلی کوردیشی دەستنیشان کردووە.

(خانی، ١٣٩٦: ٢٠٣). خانی سەوداسەر لە مرۆڤایەتی و خوداناسین و نیشتمانپەروەریدا قاڵ بووە و ڕەنجی دەربەدەری و هەڵوەداییشی بە نرخی هۆنینەوەی مەم و زین، بە گیان و ڕوح قەبووڵ کردووە. لە کوردستانێکی پڕ لە خان و ئاغا و میر و بەگ و چەکمەڕەق، لە کوردەوارییەکی کە بە هەزاران پیر و مەلا و بوێری وای تێدابووە کە هەریەکی خۆی بە نۆ مانگای زاو نەگۆڕیوەتەوە، هەرگیز هەستیان بە هۆرەی تورکان نەدەکرد، کەچی لەو ناوەدا مەلایەک لە قوژبنی مزگەوتێکدا لە شاری بایەزید، کە بیرێک لە خۆی دەکاتەوە، هەیاران! من خۆم دەزانم لە نیزامی و جەلالەدینی ڕۆمی کەمتر نیم و چەپێکم دەبەر فیردەوسی و سەعدیدا نییە، بۆ کەس لە من ناپرسێ؟ بۆ ناوێرم لای کەس بڵێم منیش شتێکم؟ پێم دەڵێن کوردی و کورتی! بەڵێ کورتم! بەڵام بۆیە کورتم، چونکە گەلەکەم دەستی کورتە؛ چونکە هیچ پەنا و پەسیوێکمان نییە، چونکە کەسمان نییە نرخی هونەر و کردەوەمان بزانێ، ئەگەریش باوەڕ ناکەن، ئەوە من مەم و زینێک دەهۆنمەوە کە هەزاری وەک لەیل و مەجنوون و شانامە و مانامە بە تۆزیشی ڕانەگەن. (خانی، ١٣٨٩: ٢٧). لەم پاژەشدا خانی وەک هۆمێر و فیردەوسی، بە بۆنەی (مەم و زین)ـەوە وێژەی کوردی لە ئاستی سنوورەکانی کوردستان تێدەپەڕێنێ و دەیکاتە وێژەیەکی جیهانی کە وەک ئاماژەی پێ کرا، لە هەر سێ نموونەکەدا ئەوە کەڵکەڵەی هزری و ئازاری دەروونی و خەمی نیشتمانییە کە شاعیر وەها لێ دەکا وێڕای تۆمارکردنی دەردە نەتەوەییەکانی، ئەدەب و گەلانی دیکەی جیهانیش لە دۆخی خۆی تێبگەیەنێ و بەو بۆنەیەوە لە کێبەرکێی وێژەی جیهانیدا، قسەیەکی باشی هەتاهەتایی بۆ کوتن پێ بێ.

**ئەنجامی توێژینەوە:** ئەدەبیاتی جیهانی بە هەموو تێم، یان نێوەرۆکێکی وەک حەماسە، دڵداری، ئایینی، یان هەر بابەتگەلێکی دیکەوە، بێجگە لەوەی لە دەسپێکی خۆیدا دەسکەوتی هزری تاکی کۆمەڵگەی مرۆڤە، لە هەنگاوی دواتریشدا گرنگ ئەوەیە لە لایەن هەموو مرۆڤەکانەوە بە هەر ڕەنگ و زمانێکی ئاخاوتنەوە، کەڵکی لێ وەردەگیرێ و گەلێک جار دەبێتە سەرمەشق بۆ کەس، یان نەتەوەیەکی کە کەمترین پێوەندیی هزری، یان تەنانەت جوگرافی بەو بەرهەمەوە نییە، کەوابوو ڕەگەزی بنەڕەتی پێوەندی لەم جۆرە ئەدەبیاتەدا، چەمکی مرۆڤ و بابەتی مرۆڤایەتییە. ڕۆمیۆ و جولێت بێ، یان شیرین و فەرهاد، مەم و زین بێ، یان لەیلی و مەجنوون، ئەوە ڕەگەز ڕەگەزی ئەوین و دڵدارییە، ئاکامیش خەبات و گیانبازی و فیداکارییە، ماژینۆ بێ، یان دمدم، ئەوە ئامانج پاراستنی بایەخی نەتەوەیی و ئینسانییە، بۆیە

لـەم شـێوازە ئەدەبییاتـەدا مـرۆڤ حـەز و بریـا و ئاواتەکانی خـۆی، بـە باشـی دەبینێتـەوە و لەگـەڵ هـەر مرۆڤێکـی نیشـتەجێی ئـەم گـوێ هـەردەدا، هەسـت بـە ئازارێکـی هاوبـەش دەکا.

سەرچاوەکان:

(١) میرصادقی، میمنت (١٣٧٥)، بـا صبـح دمـان (برگزیـدەی شـعر معاصـر ایـران، از مشـروطیت تـا انقـلاب)، تهـران، انتشـارات سـخن.

(٢) طاهبـاز، سـیروس (١٣٧٦)، پـردرد کوهسـتان (دربـارەی زندگـی و هنـر نیمـا یوشـیج)، تهـران، زریـاب.

(٣) چامسکی، نوم (١٣٧٧)، زبان و مسـائل دانش، ترجمـەی علی درزی، تهران، انتشـارات آگاە.

(٤) بـارت، رولان (١٣٧٧) نقد و حقیقت، ترجمـەی شیرین دخت دقیقیـان، تهران، نشـر مرکز.

(٥) شمیسـا، سـیروس (١٣٩٣)، نقد ادبی (ویراست سـوم)، تهران، نشـر میترا.

(٦) تادیـە، ژان ایـو (١٣٩٠)، نقـد ادبـی در قـرن بیسـتم، ترجمـەی مهشـید نونهالـی، تهـران، نیلوفـر.

(٧) احمدی، بابک (١٣٧٧)، معمـای مدرنیتە، تهران، نشـر مرکز، چاپ سوم (اسفند ١٣٨٢).

(٨) تایسـن، لیـس (١٣٩٢)، نظریەهـای نقـد ادبـی معاصـر، ترجمـەی مازیـار حسـین زادە و فاطمـە حسـینی (ویراسـتار: حسـین پاینـدە)، تهـران، نـگاە امـروز، حکایـت قلـم نویـن.

(٩) نواک، جرج (١٣٨٤)، فلسـفەی تجربەگرا (از لاک تـا پوپـر)، ترجمـەی پرویز بابایی، تهـران، آزادمهر.

(١٠) ایگلتـون، تـری (١٣٨٠)، پیشـدرآمدی بـر نظریـەی ادبی، ترجمـەی عباس مخبر، تهران، نشـر مرکـز.

(١١) هومر (١٣٨٠)، ایلیاد، ترجمـەی سعید نفیسـی، تهران، شرکت انتشـارات علمی فرهنگی.

(١٢) فردوسـی، ابوالقاسـم (١٣٧٨)، غمنامەی رسـتم و سـهراب (شـاهنامە: برگزیـدەی رسـتم و سـهراب)، انتخاب و شـرح: جعفر شـعار و حسـن انوری، تهران، نشر قطرە، چـاپ بیسـتم.

(١٣) خانی، احمد (١٣٩٦)، مـەم و زین، بـە انضمام تحلیل و بررسـی، مترجـم و شـارح: سـعداله مجیدی (عـەودالّ)، بوکان، انتشـارات زانکو.

(١٤) خانی، ئەحمەد (١٣٨٩)، مەم و زین، وەرگێڕانی هەژار بە موکریانی، سلێمانی، پەخشانگای ئازادی.

# هایدان د ناڤبەرا ویژە و هونەریدا

موحسن عەبدلڕەحمان
(دهۆک)

## پێشگۆتن:

هەر کەسێ ب شێوەیەکێ هۆنەری / نیگار، ژەنین، ستران، پەیکەرتاشی، نڤیسین.../ ب رستەیەکێ یان دەستەواژەیەکێ دەربڕین ژ هەستێن خۆ یان بارەک مرۆڤینی کر، ئەو کەسە تۆڤێ داهێنانێ د وی دا هەیە، تۆڤی بۆ وەرارێ پێدڤی ب ئاخەکا ب پیت و چاڤدان و سەقایەک گۆنجای هەیە، هەر وەسا داهێنانێ ژی پێدڤی ب پویتەدان و چاڤدێریێ بۆ گەشەکرنێ، و بەهرە پێدڤی ب حولیکرنێ هەیە، هەکە دێ د جهـ دا مینیت تاکو خراب دبیت و دڕزیت، وەسا ب زکمامی مرۆڤ د بەهرەمەندن، لێ بەهرەمەند دبیت د ژینگەهەکا نەگۆنجای دا بیت، ئەگەر ئەو شڤانەک ڤەدەر یا گۆندییەک بەلنگاز و ژبیرکری د ژینگەهەکا هزر گرتی دا بیت، ل وی دەمێ هەکو نیشانێن داهێنان و بەهرەمەندیێ ل جەم پەیدابوون، ب باشترین کاودان ب دیناتی یان هنگاڤتنا ئەجنان دهێتە نیاسین، چنکو ئەوی تشتەک نامۆ و نەکەهی ئینایە، لەورا هەر کارەک نامۆ د جڤاکەک پاشڤەمای دا دبیتە ژ کارێن گاوری، سێهربەندی، مولحدی، زەندیقی... (بەهایێ رەنگان و کارتێکرنا وان ل سەر هەستێن مرۆڤی دبیتە ئەگەرێ چێکرنا وی وێنەیێ هەستدار ئەوێ ماکا هزرێ ژێ چێدبیت) (١). سپیێ فریشتایی، رەنگێ پاکی و پاکیزاییێ یە، (ئێزدینە جل سپینە بەهەشتینە) جلکێن

زەرەدەشتییان و حەجیان سپینە، بەروڤاژی رەنگێ رەش رەنگێ هەرە تارییە و نیشانا تارییا تمام و نەمانا دیتنێ یە، ئەو هێمایا خەم و ترسێ، نەبوون و نەمانێ یە، ب رەشبینیێ ڤە هاتییە گرێدان و قەل ژبەر رەشیێ هێمایێ رەشبینیێ و ئیبلیسییە، هەروەسا کولا رەش ب (تاعوون) هاتییە نیاسین.

## دەرازینک:

هێز و مەودایێ وێ دەڤەرا هەڤپشکا د ناڤبەرا وێژە و هۆنەری دا ڤەدگەڕیت بۆ رادەیا پێدڤیبوون، و هێزا پەیوەندی و مفا وەرگرتنا هەر ژانرەکی ژ یێ دی یە، کو د ئەنجام دا وەکهەڤییا ئەرک و رۆلێ ژانرێن وێژەیی و جۆرێن هۆنەرێ د پەیاما مرۆڤانە و هۆندر سرۆشتێ د ناڤبەرا وان دا / ژێکوەرگرتن/ دیاردبیت، چنکو هەردو ژ گۆتار و پەیامێن داهێنانێ یێن بۆ مرۆڤی؛ ب ئارمانجا ڤەژاندن و گەشەکرنا مرۆڤبوونێ پێکدهێن، یەک ب قەلەمی یەک ب رەنەک/ فلچە/ ی دەربڕینی دکەت، د ڤێ دەڤەرا هەڤپشک دا زمانەکێ نیمچە هەڤپشک و تێکەل هەیە، وەکو دەستەواژەیێن/ دەریا هێمایان، مۆزیکا رەنگان، سەلیقەیا نەخشان، سەمایا پەیڤان، خوەزایا شێوەیان، دەنگێن



تابلۆیان، کووراتیا دەربڕینێ، بیاڤێ دەقی، رەهەندێن هەڤدژ و هەڤواتا، دویراتییێن دیتی.../ ئەڤ وەکهەڤییە ژ هۆنەرێن مۆزیک، نیگار، پەیکەرتاشی، نەخشەسازی.. دگەل ژانرێن وێژەیی ژ شعر، چیرۆک، ئەفسانە، داستان، شانۆ ل دەڤەرا هەڤپشک هەڤ هەمبێزدکەن، لەورا» شعر چاوابیت، نیگار ژی وەسا دبیت، ئانکو تابلۆ هەلبەستەکا بێ پەیڤە« (٢). ب رێکا پەیوەندییا نڤیسەری ب هۆنەرێ شێوەکاریێ، پتر هزر و کەساتییا نڤیسەری رۆهن دبیت و پتر رۆناهیێ بەردەت سەر نڤیسینا وی، ئانکو چەند نڤیسەر شارەزای هۆنەران بیت، بەرهەمێ وی کویر و راستگۆتر دبیت، هندی پەیوەندییا وێژەیە ب سەما و مۆزیکێ ئەو گرێیا پێکڤەگرێدانێ یە د ناڤبەرا وێژە و هۆنەرێن وێنەدار دا» ب سەدان شاعر و هۆنەرمەندان کارتێکرن و کارلێکرن لێکگوهارتینە، شاعری هایدان ژ تابلۆ، وێنە، نیگار، پەیکەر..وەرگرتینە و ئەو هایدان د هەلبەستەکێ دا تۆمارکرییە، دیسان نیگارکێشی، وینەگری، باشنڤیسی، تەلارسازی.. هایدان ژ شاعرەکی وەرگرتینە، ئەڤە چیرۆکا لێکگۆهارتنا هۆنەرانە ئەوا بۆ سێ هزار سالان ڤەدگەڕیت» (٣). ئانکو پەیوەندی و دەڤەرەک هەڤپشک د ناڤبەرا وێژە و نیگارکێشیێ دا هەیە، موزیکژەنێ ئەلمانی هاوزەر: (هەوە لایەنێ دۆژەهی نەیێ جوانکاری ژ رویدانا — ١١ — سیپتەمبەرێ دیت)!

## هۆنەرمەند:

هۆنەرمەند بنەمایێ کارێ هۆنەرییە، کارێ هۆنەری ژی بنەمایێ هۆنەرمەندییە، هۆنەرمەند و هۆنەر تمامکەرێن هەڤن و ب کارتێکرن و کارلێکرنا یەکتر تشتێ سێیێ

پەیدادبیت، کو پێشی هەردوویانە و هەردوو ناڤێ خۆ ژێ وەردگرن ئەوژی کارێ هۆنەرییە!
ب هزرا من هەر کەسێ ب رستەکێ، هزرەکێ، نیگارەکی، سترانەکێ/ ژەنینەکێ، نڤیسینەکێ ...، دەربڕینێ ژ هەستێن خۆ یان کاودانەک مرۆڤینی ب شێوەیەک هۆنەری بکەت، ئەو کەسەکە تۆڤەکێ داهێنانێ د ناخی دا یە، و بۆ گەشەکرنێ تۆڤی پێدڤی ب ئاخەک پێت و چاڤدان و سەقایەک گۆنجای هەیە، هەر وەسا داهێنان پێدڤی ب گرنگیپێدانێ یە بۆ گەشەکرنێ و بەهرە پێدڤی ب حولیکرنێ یە، ئەگەر نە دێ ئەو تۆڤ د جهێ خۆ دا رزیت، مرۆڤ ژی وەسا ب زکمامی د بەهرەمەندن، لێ دبیت بەهرەمەند د ژینگەهەک نەگۆنجای دا شڤان یان گاڤانەکێ ژبیرکری د جڤاکەکێ هزر گرتی دا بیت، کو ل دەمێ پەیدابوونا نیشانێن بلیمەتی و داهێنەریێ ب دینبوون و سەرداچوون و هنگاڤتنێ دهێتە تاوانبارکرن، چنکو تشتەک دەرڤەی نەریتێن جڤاکی ئینانە، و نها باشترین ژینگە رۆژهەلاتا ناڤەراستە ئەوا گەشەیێ نەکەت و پێشنەکەفتنێ رەتدکەت، ئەوا ل ژێر سها ڤان سەرکردایەتیێن عەقل خیفی/ غەیبی/ و هزر بەدەوی و هۆزەکی، ئەوا ب باشترین کاودان دا تێدا هێشتا سەرۆک خۆزان / مۆلهە/ ئەوە یێ هەر تشتی ددەت و دستینیت ژ نانی تا گیانی! هەروەکو ستەمکاری گۆتی: ئەز زەمبەلا خۆدێ مە ل سەر رزقێ بەنیێن وی! یان گەندەلێ وێ: ئەورۆ کیڤە بچی؛ هەرە، باچا تە هەر دێ ڤەگەڕیتە دەستێ من! ئەڤە ب شانازی د گۆتاران دا دهێتە گۆتن، لێ ئەو نەنیشانا هێز و مەزنی و دەستهەلاتێیە هندی دەربڕین ژ ستەمکاریا تاکێ خۆزان! مخابن نها ژی د کەرتێ پەروەردە و فێرکرنێ دا، کو هزردکەم پەروەردە هەما یا زێدەیە و فێرکرن یا لەنگ و شلکییە، چنکو وانەیێن هۆنەر، سروود و وەرزش ل شوینا وانەیێن داهێنان و ڤەدیتنا شیان و بەهرەیێن خویندکاران بن، بووینە وانەیێن بێهنڤەدانا ماموستایان یان تەمامکەرێن وانەیێن بابەت ڤەمای و تمامنەکری!

«دبیت بۆ تێگەهشتنا مرۆڤی؛ ژبلی د هۆندری یا هۆنەری دا چ رێک نەبن» وێژەڤان (نادین گوردیمیر) ب زانابوون یان ژنەئاگەه د ڤێ رستەیێ دا خوەرسکا پتریا مرۆڤان تێدا د هەڤپشک دگەهینیت، ئەوژی مایتێکرنە د ئاشکراکرنا نهێنییان دا.

گەلەک رێک هەنە کو مرۆڤ پێ دەربڕینێ ژ ناخێ خۆ بکەت، چنکو مرۆڤ بۆنەوەرەکە حەزا دەربڕینێ ژ هەستێن خۆ هەیە، چ ب گۆتن، خامە، رەنەک، و جاران شعرەکێ دبێژیت یان ئاوازەکی ل سەر ژەنەکی / وتر/ دژەنیت، شێوازێ دەربڕینا مرۆڤان ژ هەستێن خۆ ژێکجودانە، ئەڤە جوداهییە ڤەدگەڕیت بۆ گەلەک هۆکاران وەکو شیان و حەزێن کەسی، پاشخانەیا جڤاکی، دینی، کلتوری و رەوشەنبیری د ناڤبەرا خەلکی دا (٤).

## نیگار و وێژە:

ئەڤە د گەلەکیا خواندنێن گرێدای تابلۆیا جیوکاندا/ مونالیزا/ وەک نموونە دیاردبیت، کو هژمارەکا هەلبەستان ڤەڕێتنە، لەورا دێ چەند نموونەیەکا بەرچاڤکەین:

١- مونالیزا- ئیدوارد دودن (٥) هوزانڤانێ ئیرلەندی ١٨٤٣- ١٩١٣.

٢- ژن- برونو ستیڤان شیرر (٦) هوزانڤانێ ئەلمانی ١٩٠٧- ١٩٨١.

٣- جیوکاندا — توماس مکجرڤی

هەروەسا گەلەک هۆزانڤانێن دی هایدان

ژ وێنە و تابلۆیان وەرگرتینە، چنكو «چاڤ دشێت هویرتر ژ گوهی تشتان ژ هەڤجودا و خۆیابكەت؛ و تیشكا رۆناهیێ ژ پێلا دەنگی زویتر دگەهیت، لەورا كارتێكرنا رەنگی ل سەر مرۆڤی پترە، و پتر مرۆڤ دشێت هەلچوونا جوانگەری و ئەیستەتیكی ((فەلسەفەیا جوانیێ)) (٧) د وێنەیان دا « وەكو (بیت برشبیل) ئەوی دیوانەک تمام ژ هایدانا تابلۆیێن جودا وەرگرتی و ب ناڤێ / وێنە و ئەز/ ل ١٩٦٨ێ نڤیسی.

هەروەسا هۆزانڤان (برستیل) ژ هایدانا تابلۆیا / زورافەیا سۆتی/ یا سلڤادور دالی، و هۆزانڤانێ ئەلمانی (پیتەر یوكوسترا) (٨) ژ تابلۆیا / چەند كەس و سەیەک ل بەر تاڤێ/ یا هۆنەرمەندێ ئیسپانی (خوان میرو) هایدان وەرگرتی، دیسان تابلۆیا / زەڤییا گەنمی دگەل قەلان/ یا (ڤان كوخی) كو داوی نیگارێ ڤان كوخی بوو؛ بەری خۆ بكوژیت، ئەوا تاڤیەكا دەقێن شعرییێن مەزنە هۆزانڤانان ژێ ڤەرێژتی.

هەروەسا و ب هەمان تەرز رۆمانا / كودێ داڤنشی/ یا نڤیسەر (داون براون)، كو تابلۆیێ (مونالیزایێ) رۆلێ ناڤەندی و گرنگ تێدا هەیە، چنكو ئەو تابلۆ كلیلا سەرەكی و ئێكانەیە بۆ / نهێنییا جامەیا پیرۆز/ ب هەمان شێوە تابلۆیا / شیڤا دووماهیێ/ یا عیسای و شاگردێن وی، ئەوا ب نهێنی و هێمایان داگرتی، د ڤی تابلۆی دا داكوكیێ ل سەر پەیوەندییەكا رهدار د ناڤبەرا وێژە و هۆنەری دا كرییە. یان (پرا میرابو) ل پاریس كو ناڤێ وی د چەند هەلبەستێن (ئاپولینیر) (٩) دا هاتیە، دیارە هۆزانڤانی ژی وەكو نیگاركێشی نەریتەک هەیە، ئەوژی بێداركرنا بیرئانینا هەر جهەكێ لێ نیشتەچی یان تێرا دەربازبووی هەیە، ب تایبەت جهێ زارۆكینیێ و ئەڤینا ئێكێ (گۆتنە كەوی كیش جە خۆشترە، گۆت ئەو جهێ لێ بوویمە تێشک).

### ئەزێ چیرۆكنڤیس و ستار عەلیێ نیگاركێش:

كەرەستێ سەرەكیێ وەكو وێنە د تابلۆیێن هۆنەرمەندێ كورد (ستار عەلی)دا دهێتە دیتن، كەڤرن! وەسا دیارە خەرییی بۆ كەڤرێن گوندێ خۆ یێ زارۆكینی لێ بوراندی دكەت، یان پێكهاتەیێ سەرەكیێ سرۆشتێ وەلاتێ وی، هاندایە كو كەڤران بكەتە هیڤینێ نیگارێن خۆ. ئەوی خەرییبیا پزدان و ژینگەها یەكێ ب شێوەیەكێ هۆنەری د تابلۆیان دا دەربڕین ژێ كرییە، ئەوی ڤیایە ڤێ پەرۆشیێ سوفییانە ب هێما و ئاماژە و نیشانان دەربڕیت، ب نیگاركرنا كەڤر و شكەفتان ئاماژە ب سرۆشتێ تایبەتێ گوندێ خۆ (زێوە پیرامیس) دایە، كو نە ل بنارێ یە، ئەو د گەلییەكی دایە، د هەمبیزا چیایێ مەتینی دا ، گوندێ مینا پزۆیێ د گەرم و ئێمنە پزدانا دایكێ دا یە، لەورا هەر پارچەیەک ژ گوندی دبیتە پارچەیەكە ژ هەمییا چیایی، ل شوینا ڤەگێرانا بەیت و ئەفسانەیێن دلداریا سوفیان ئەوێن ل بەر كوچكان / دهاتنە ڤەگێڕان، ستران و لاڤژەیێن ئەڤینداران ل شەڤەرۆكێن ستاری هێرانێ ..، ب رەنەک و رەنگان تراژیدییێن مللەتێ خۆ مینا زڤرۆكا ئاڤێ نیگاركرینە و كەڤر وەكو ئازرێنەر بۆ راكێشانا چاڤێ بینەری بەرەڤ كویراتیێ. ئانكو ژ كەڤری بەرەڤ كەڤری، هەچكو دبێژیت كو مرۆڤێ كورد و چیا هێز و وزەیا خۆ ژێكوەردگرن! ڤیان و خۆراگرییا مرۆڤێ كورد ژ رەقییا كەڤرانە! دبیت شكەفت پەناگەه و پزدانا یەكەم بیت بۆ مرۆڤێ دەستپێكی، لێ ئەو پەناگەهێ گەرم و ئێمن دیارە بۆ هۆنەرمەندی و مللەتێ وی هێش

قۆناخا دەستپێکی دەربازنەبوویە! چاوا د وی سەرمی دا مرۆڤی خۆ ژ دەهبە و هۆڤان وەسا ل ڤی سەردەمی هێش کورد ب شەکفتان خۆ ژ هۆڤێن مرۆڤ دپارێزن!

ئەوی ب ئێخستنا زومێ ل سەر کەڤران ستایلەک تایبەت و ناوازە بۆ خۆ هەلبژاردییە، دەمێ گۆژیا زەرەبینا چاڤی ددەتە دێمێن کەڤرین، وەکو دەربڕین ژ هەلگرتنا هیڤی و هێز، خەم و رەقاتی...، د وێنەیێ رەش و سپیێ / کۆبانێ/ دا، هەلاتگەریانە بینەری ڤەدگەڕینیت هەڤڕکیا هەردەمییا ئاهۆرا و ئەهریمەنی، ژیوارێ جوتکارێ چیا و تالانچییێن بیابانێ، سپی هێزا پێت و بەخشینێ و رەش سەرگەرمییا ب سەرداگرتنێ!

د تابلۆیێ ئەنفال دا دێمێن کەڤرین د باڤ و پێتی و پەتخینە، چاڤ ب ئاخیڤە د شۆر، گیان ب ئەسمانی ڤە د هەلاویستی و دل ب گەروییان ڤەد گڤاشتی، قیژیێن دەروونێن شکەستی د هناڤان دا خەندقی، ئەو دیمەن نەتنێ دروێکرنا خۆشباوەری و برایینییا یەک لایەن بوو، بەلکو فرەهکرنا کەلشتەیا / گاوری و ئیبلیسکرنێ/ د بیردانکا کوردی دا بوو!

لێ تابلۆیێ شنگال بیرئانینە بۆ هەلکێشان و بلندبوونێ، ئەو فشارێ ل بیردانکێ دکەت، کو نابیت چیایێ شنگالێ یێ هزار سالا شەنگیا خۆ پاراستی، ب کرێتە رەشی بهێتە داپۆشین، ئەو بانگێ هشیارکرنا ئاگەهی/ چارەنڤیس/ د نەهشێ مرۆڤێ کورد دا هەلددێریت، کو ئارمانج کرێتکرنا جوانیێ یە، و شنگال ب هەمی هێما و نیشان و ئاماژەیێن خۆڤە یا پیرۆزە، و مێیاتی سەرڕێژبوونا نهێنییانە، ئەو دایکا پیرۆزە یا هەر بەرسینگێ موغلاجییێن بەرێ گرتی، ئەوێن ژن کرینە ئارمانج چنکو ئەو ژیان و بیردانک و کەنجینەیا ئێزدبوونێ یە، و ئێزدبوون ئەو کوردبوونە یا ل سەر حەلاندن و بوهۆژاندنێ ئەستەم، ئەو ب زمان و ئۆل یەکن و یەک و دابەشیێ بەگەم ناکەن.

### ئەزێ چیرۆکنڤیس و ستارێ هۆنەرمەند:

یەکەم بەشداریا من د گۆڤارا / پەیڤ/ ژمارە (١١) دا، ب کورتەچیرۆکا / گوڤەندا شازادێ/ بوو، ئەوا هایدان و هزرا وێ چیرۆکێ من ژ تابلۆیەکا نیگارکێش ستاری وەگرتی، دەمێ رێڤەبەرێ تەلەفزیونا / گەلی کوردستان/ ل سالا ١٩٩٤ێ. و رێککەفت کو ئەو یەکەم چیرۆک بیت د کۆمەلەیا کورتەچیرۆکێن / پێتیبوونا رەنگان/ دا، ئەوا ب سوپاسیڤە دەزگەهێ / هاڤیبوون/ ل بەرلینێ چاپکری، دیسان کورتە چیرۆکا / پێتیبوونا رەنگان/ ب خۆ دەقەکە هایدانا وێ هەر گرێدای (ستار)ی یە، ئەوژی دەمێ من سەرەدانا وی کری، کو هینگێ مالا وی ل جهەکێ بلندێ تاخێ / شیڤەشورکێ/ بوو، خانییەکێ کەڤن ژ دو ئودەیێن شهگرتی، د حەوشەکا ڤەکری یا جوتەکێ هژیرێن مەزن ل لایەکی سیبەردکر، ل ژێر وان هژیران ستاند دانابوو، خانیێ رۆژهەلاتی یێ کەڤن و بەلگێن هژیرا ئەوێن بەرەڤ زەربووی و وەریانێ، فشارا کاودانێن ژین و ژیارا سەخت، هەمی پێکڤە ببوونە تابلۆیەکێ زیندیێ پێتی و باڤ، ببوونە هێڤێنێ ڤێ چیرۆکێ.

### وێژە و هۆنەر:

ڤەگێران د شعرێ دا گەلەک جودانینە ژ بکارئینانا کەرەستەیێن هۆنەری، چ هایدانا وێنەکرن یان بکارئینانا رەنگان ب هەمی هێما و ئاماژەیێن دهەلگرن، ئانکو شیانا هۆنەرمەندی ل سەر دەربڕینێ ب گۆتنێ هەڤتەرییە دگەل رەنگکرنێ، ئەگەر ئامراز

درست هاتنه بکارئینان.

گرنگییا بکارئینانا رەنگی ب گۆتن د شعرێ دا، نەکێمترە ژ بکارئینانا وی د تابلۆی دا، نڤیسەر و هۆنەرمەند بزاڤێ دکەن ب باشترین شێوە پەیامێ بگەهینن وەرگری، ژ یا بوری دیاردبیت کو کارتێکرن و کارلێکرنا مەزن د ناڤبەرا وێژە و هۆنەری دا هەیە. ل ڤێرە پەیوەندییا موکوم د ناڤبەرا نڤیسەر و هۆنەرمەندی دا ب رۆهنی دیاردبیت، کو د بەرهەم و شێوازێ وان یێ هزری و داهێنانا پیشەکار دا رەنگڤەددەت. دەق چەند راستگۆتر و دەربڕین کویرتر و هەستدارتربیت، ئەو پیڤەرێ سەرکەفتنا ئافرێنەرییە، شاعر و هۆنەرمەندان کارتێکرن و کارلێکرن لێکگوهارتییە، دەمێ شاعران هایدان ژ وێنە، نیگار، پەیکەر، میل، تەلارسازی، گۆلدان... وەرگرتین و د دەقێ شعرێ دا بکارئینایین، هەروەسا نیگارکێش، وێنەگر، نەخشەساز، باشنڤیس... ژ هەلبەستێن شاعران هایدان وەرگرتییە، وەکو وێنەیێن/ شەرەفنامە/ یان نیگارێن ل دێران د چەرخێ رێنسانسی دا..، پەیکەرێن خوداوەندان ل هندستانێ .. ئەو نیگار و پەیکەر بەرجەستەکرنا ئەفسانە، داستان و پەیڤێن شاعرانە، ئەوێن د ئاشوپا خۆ دا هزرکرین و ب کێش و سەروا دارشتین، هەروەسا مۆزیک و ئوپێراییێن ناڤدار.. ئەڤ پەیوەندییە بۆ پتری سێ هزار سالان ڤەدگەڕیت (١٠)

هاندەرێ بنەرەتی بۆ پێکهاتەیێ هزرێ د بنەمایێ هۆنەری د تابلۆی دا، ئەو د نیگارکرنێ دا متمانەیێ ل سەر ئاڤاکرنا هزرێ دکەت، دبینین هەڤگرێکا / سیاق/ ناڤەرۆکێ ژ هێما و ئاماژەیان پڕە، ئەڤ دارشتن نەرەڤینەکە ژ چاڤدێرەکی یان سەپاندنە، بەلکو دەقی رەنگین دکەت و بیاڤەکێ بەرفرەهێ هزر و داهێنانێ ددەتێ، چوونا د ناڤ جیهانا تابلۆیان دا دخوازیتە خواندنا هویرییان، لەورا دبینین گەلەک تابلۆیان هزر و هایدان ژ دەقەکێ ئەدەبی وەرگرتییە، و د چەرخێ نوی دا چیرۆک و رۆمانێ د بەرهەمهێنانا هۆنەری دا رۆلێ سەرەکی گێڕا.

دەهمەن و پەراوێز:

(١) فەلسەفەیا جوانیێ، غەیاسەدین نەقشبەندی، ٢٠٢١، لپ ٣٥٥.
(٢) هوراتیوس (٦٥ - ٨ پ.ز)، هوزانڤانەکێ سترانکی و رەخنەگرەکێ رومانی بوو.
(٣) د. عبد الغفار مکاوی - قصیدة وصورة -عالم المعرفة، عدد (١١٩)- ١٩٨٧.
(٤) علیاء کنعان، الجزیرة نت، میدان، ٢٠١٨/٩/٩.
(٥) هوزانڤانێ ئیرلەندی ١٨٤٣ - ١٩١٣.
(٦) هوزانڤانێ ئەلمانی ١٩٠٧ - ١٩٨١.
(٧) فەلسەفەیا جوانیێ، غەیاسەدین نەقشبەندی، ٢٠٢١، بپ ٣٥٥.
(٨) یوهان پیتەر ئیکرمان ١٧٩٢ - ١٨٥٤.
(٩) شاعر، شانۆڤان، چیرۆکنڤیس و رەخنەگرێ هۆنەریێ فرەنسی ١٨٨٠ - ١٩١٨.
(١٠) عبدالغفار مکاوی، قصیدة وصورة - مجلة عالم المعرفة، عدد١١٩ -١٩٨٧.

ژێدەر:

١- صلاح بیصار، کتابة بالالوان، مجلة الهلال( عدد خاص: عش الف عام)، دیسمبر٢٠٠٥.
٢- سمیر غریب، فی تاریخ الفنون التشکیلیة، دار الشروق، ص٦٦.
٣- رینیة ویلیک و ئوستن وارن، نظریة الادب، ت: محي الدین صبحي. مراجعة د. حسام الخطیب، المؤسسة العربیة للدراسات و النشر،ط٢، بیروت،١٩٨١، ص١٣٣.
٤- چەند مالپەرێن ئینتەرنێتێ.

# ئەحمەد شوکری، یان دوکتۆر شۆ کێیە؟

د. ئازاد هیدایەت دەلۆ
(زانکۆی سۆران- کۆلێژی ئاداب)

بەم ناوونیشانەی سەرەوە زیاتر لە بیست ساڵ دەبێت دەسنووسێکم لە لایە و لە دووتوێی پەڕە کۆن و زەرد هەڵگەڕاوەکانی کتێبخانەکەمدا لەگەڵ چەندان دەسنووسی تر پارێزراون، ئەمەیان بە خەتێکی زۆر جوان و شاش و گەورە نووسراوەتەوە و هەر خەتی خوالێی خوشبێت ئەحمەد شوکری خۆیەتی، چونکە زۆر بە ڕاشکاوانە باس لە خۆی و بەرهەمەکانی دەکات و لە کۆتاییشدا ئیمزای خۆی کردووە، وا ئێمەش دەقاودەق بە ئەمانەتەوە وەک خۆی دەینووسینەوە و بە ئومێدی زیاتر ناسینی ناوبراو لەگەڵ بەرهەمەکانی دەیخەینە پێش چاو.

- ئەحمەد شوکری کوڕی حاجی شێخ محەمەدی حاجی شێخ عەبدولسەمەدە، بە ڕەگوڕیشە ئەچێتەوە سەر (شێخ عەلییە کۆسەی دۆڵ پەموو).

دۆڵ پەموو گوندێکە لە قەزای شارباژێڕ ناوندەی سرۆچک (بەرزنجە) پارێزگای سلێمانی.

ئەحمەد شوکری لەساڵی ١٣٣٠ ی کۆچی لە شارە خنجیلانە بچکۆلانەکەی (هەڵەبجە) پارێزگای سلێمانی پێی ناوەتە جیهانی پڕ مەینەتییەوە، لە تەمەنی پێنج ساڵانیدا لە لای دایکی (حەلیمە) دەستی کردووە بە خوێندنی ئەلف و بێ، تا چاوی بە خوێندن

و نووسین ڕاهاتووه هەر لە لای دایک و باوکی خوێندوویەتی.

ئەحمەد شوکری ئینجا چووەتە حوجرەی فەقێیان لەم شار و دێهاتانە کە ناویان ئەبەین خوێندوویەتی (هەڵەبجە، سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، کفری، خانەقین، کۆیە)، گوندەکان (بیارە، وارماوە، واتە فەقێ جنە، کەلار، قەرەبلاغ، کوڵەجۆ).

ئەحمەد شوکری لە قوتابخانەی میری نەیخوێندووە، بەڵام بە ئاوەکی (خارجی) شەهادەی سەرەتایی و سێی ناوەندی وەرگرتووە. ئەحمەد شوکری نامیلکە عەرەبییەکانی حوجرەی بەشی زۆریانی خوێندووە وەک نەحوو، سەرف، بەلاغە و مەنتیق و تادوایی. ئەحمەد شوکری کەشمەکەش و بەسەرهاتی خۆی نووسیوەتەوە، زیاد لە هەزار لاپەڕەیە، لە ساڵی ١٩٢٨ پێنووسی ئەحمەد شوکری کەوتووەتە نووسین، لە پێشان بە فارسی نووسیویە، چونکە نووسینی کوردی بڵاو نەبوویەوە. لە خانەقینەوە نووسینی ناردووە بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئێران بە تایبەت ڕۆژنامەی (شوورا) کە لە تاران دەردەچوو.

ئەحمەد شوکری هەر لە منداڵییەوە خولیای نووسینی هۆنراوە لە مێشکیدا خولی خواردووە و هەر خول ئەخوات تا ئەچێتە گۆڕەوە.

ئەم نامیلکانەی لە سەر شانی خۆی خستووەتە پێش چاو خوێندەواران:

١- (شەڕی پشیلە و مشک) بەرگی یەکەم کە دوو بەرگە کە ٢٠ لاپەڕەیە، لە شوباتی ١٩٥٨دا لە کەرکووک لە چاپخانەی شیمال چاپ کردووە (١٠٠٠) دانە، یەکی بە ٥٠ فلس.

٢- (ئامۆژگاری) بەرگی یەک کە پێنج بەرگە لە ١٩٥٨/٩/٢٥ لە چاپخانەی کامەرانی لە سلێمانی چاپ کردووە، کە ٢٤ لاپەڕەیە و نرخی ٥٠ فلسە.

٣- (پێبکەنە) بەرگی یەک کە دوو بەرگە، لە ٢٠ کانونی دووەمی ١٩٥٩دا پێشکەش بە خونەرەوان کردووە کە ٤٦ لاپەڕەیە بە ٦٠ فلسە.

٤- (مژدە) بەرگی یەکەم کە دوو بەرگە لە ٢٩ تشرینی یەکەمی ١٩٥٩دا لە چاپخانەی کامەرانی لە سلێمانی چاپکردووە، ١٥ لاپەڕەیە، دانەی ٣٠ فلسە.

٥- (هەمە جۆر) بەرگی یەک کە ٢ بەرگە لە سلێمانی لە چاپخانەی کامەرانی چاپ کردووە، دانەی بە ١٠٠ فلسە، ٧٤ لاپەڕەیە، لە ١٩٦١/٢/٢ کەوتووەتە بەر چاوی خوێندەواران، وە وێنەی هەندێ لەوانەی کە مێژووی دوا کۆچی لە سەر ژمارەی ئەبجەدی بۆ داناون وێنەیانی تیایە و ئەوەش ناوەکانیان:

١- شاعیری نەمر پیرە مێرد حاجی تۆفیق.

٢- شێخ عەلائەددین نەقشبەندی.



ئەحمەد شوکری

٣- شێخ نووری شێخ ساڵح شاعیری شیرین وتار.

٤- بێخود مەلا مەحمود شاعیری کوردی فارسی.

٥- شێخ مەحموودی نەمر، شۆڕشگێڕ.

٦- بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە وێنەی کاوەی ئاسنگەر.

٧- لافاوەکەی ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٧ باسی کارەساتەکە.

ئەم نامیلکانەی کە چاپی کردوون پارەی چاپکردن لە گیرفانی خۆی دەرچووە، لەسەر کاغەزی ڕۆژنامە، چونکە کاغەزی ڕۆژنامە وەک مژۆک وایە زوو وشک ئەبێتەوە و پیتەکانی جوان دەرئەکەون.

٦- (پێنجینەی شۆڕش) بەرگی یەکەم کە ٢ بەرگە لە چاپخانەی کامەرانی سلێمانی، ٦٥ لاپەڕەیە، نرخی ١٢٠ فلسە، لە ١٩٧٠/٧/٥ کەوتە بازاڕەوە.

ئەحمەد شوکری خاوەنی ١١٩ هەزار هۆنراوە و (١٤٠٠ چیرۆکە، چیرۆکی وای هەیە (١٠ لاپەڕەیە) کە هینی واشی هەیە زیاد لە ٤٠ لاپەڕەیە. ڕۆژ بە ڕۆژیش چ هۆنراوە چ چیرۆک لە زیاد بوونایە، پەیمانی داوە کۆڵ نادات لە نووسین تا دەس و پەنجە و چاوی کار بکات.

ڕەنگە هەندێ کەس بڵێن ئەوە ئەحمەد شوکری بۆچی نامیلکەکانی وا ورد و بچووکە، بۆچی گەورە نین؟ ئەی ئەو کەسەی کەوا ئەڵێت بە ڕای ئەحمەد شوکری ئەوی خۆشی بێت لە خوێندنەوەی نامیلکە و گۆڤار و ڕۆژنامەیە بەشی زۆریان گیرفانیان پۆت و پووچە، ئەگەر نامیلکەیەک لە چواریەکە دینارێک زیاتر بوو ناتوانێ بیکڕێت ئەو گیرفان پووچە.

خاوەن سامان بە دەگمەن حەز لە خوێندنی نامیلکە و گۆڤار و ڕۆژنامە ئەکات، هەر ئەیەوێ پارە کۆکاتەوە خوێندنەوەی بۆ چییە؟.

جا ئەگەر بەشی دڵدارییەکانی کە کردوویەتی بە ٨ بەشەوە بە جارێک چاپی کە کردایە زیاد لە ٥٠٠ لاپەڕەیە، ئەبێ نرخی لە دیناریش زیاتر بێت.

جا ئەمە بۆ گیرفان پووت دەس نادات ناتوانێ بیکڕێت، ئەبێ هەردەم بتەقێنێ و بڵێت خۆزگە پارەم ئەبوو ئەو نامیلکەیەم ئەکڕی، بەڵام بە چواریەکە دینارێک بێت ئەتوانێ هەر چۆنی بێت بیکڕێت.

ئەنجا لە بەر ئەم هۆیەیە ئەحمەد شوکری وا پارچە پارچە چاپیان ئەکات.

ئیمزا : د. شۆ


احمد شکری یا دوکتور شۆ کی یە ؟.

ئەحمەد شوکری کوری حاجی شێخ محمد حاجی شێخ عبد الصمدە . بە ڕەگ و ڕیشە ئەچێتەوە سەر شێخ علی یە گۆزەیی [ دوڵ پەمو ] .

دوڵپەمو گوندێکە لە قەزای شارباژێر ناوچەی سەرچنارێک [ بەرزنجە ] . پارێزگای سلێمانی .

ئەحمەد شوکری لە ساڵی ١٣٢٠ کۆچی لە شارە فنچیلانە بچکولانەکەی [ هەڵەبجە ] پارێزگای سلێمانی پێی ناوەتە جیهانی پڕ مەینەتییەوە . لە تەمەنی پێنج ساڵانیشدا لەلای دایکی [ حلیمە ] دەسی کردووە بە خوێندنی ئەلف و بێ . تا چاوی بە خوێندن و نووسین ڕاهاتوە هەر لەلای دایک و باوکی خوێندوویەتی .

ئەحمەد شوکری ئەنجا چووەتە حوجرەی فەقێیان لەم شار و دێهاتانە کە ناویان ئەبەین خوێندوویەتی [ هەڵەبجە ، سلێمانی ، کەرکووک ، هەولێر ، کفری ، خانەقی ، کۆیە ] گوندەکان [ بیارە ، وارماوە یانی فەقێ جبە ، کەلار ، قەرەبلاغ ، کوڵەجۆ ]

ئەحمەد شوکری لە قوتابخانەی میری نەی خوێندوە . بەڵام بە ئاوەکی [ خارجی ] شەهادەی سەرەتایی و سێنی ناوەنجی وەرگرتوە . ئەحمەد شوکری نامیلکە عەرەبییەکانی حوجرەی بەشی زۆر یانی خوێندوە وەکو نەحوو سرف . بەلاغە و مەنتیق تا دووای .

# ئانتۆن پاڤلۆڤیچ چیخەف لە ئاوێنەی دەقدا

گەلاوێژ عوسمان زادە
(بۆکان)

**کورتەیەک لە ژیانی چیخەف**

«ئانتۆن پاڤلۆڤیچ چیخەف»پزیشک، نووسەر، تەنزنووس و شانۆنامەنووسی بە نێوبانگی ڕووسییە، ساڵی١٨٦٣ لە «تاگانروگ»ـی ڕووسیا لە دایک بووە و ١٩٠٤ لە «بادن وایلر»ـی ئەڵمان کۆچی دوایی کردووە، ژیانی کورتی بە هۆی نەخۆشی سیلەوە بووەتە هۆکاری نووسینی کورتە چیرۆک کە لەگەڵ نووسەرانی بە نێوبانگی وەک «گۆگۆڵ، مۆپاسان و ئیدگار ئالان پۆ» لە گرینگترین کورتە چیرۆکنووسانی جیهان بە ئەژمار دێت. لەم ماوە کورتەدا توانیویەتی ٧٠٠ بەرهەمی ئەدەبی بخوڵقێنێ، هەروەها کۆمەڵێک شانۆنامەی سەرکەوتووی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە، چیخەف ساڵی ١٨٨٠ خوێندنی لە زانکۆی مۆسکۆ لە بواری پزیشکیدا دەست پێ کردووە، هەر لەم ساڵەدا یەکەم نووسینی بڵاو کردووەتەوە، هەر بۆیە ساڵی ١٨٨٠ بە دەسپێکی نووسەریی چیخەف دادەنرێ.

چیخەف لەگەڵ نووسەرانی بەنێوبانگی جیهانی وەک ستاندال، تۆلستۆی، بالزاک، گوستاف فلۆبێر و دەستۆیڤسکی لە سەر شێوازی ڕیالیزم کاری کردووە و توانیویەتی کورتە چیرۆک، نامە، شانۆنامە و دوو چیرۆکی درێژ بە نێوی «کارەسات لە ڕاودا و بیابان» بنووسێ.

# ماکەکانی چیرۆک لە کارەکانی چیخەفدا

### نێوی چیرۆک:

نێوی چیرۆکەکانی چیخەف تا ڕادەیەک ناوەڕۆک ئاشکرا دەکەن، هەڵبەت ئەم لاوازییە تایبەتمەندی کۆی چیرۆکەکانی نییە، بۆ وێنە « گریشا، ئاگافیا، ئانیۆتا، ڤانکا و پیاوێک لە قاوغدا و...» کە نێوی کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکانیەتی، ناوەڕۆک ئاشکرا ناکەن.

### گۆشەنیگا:

زۆربەی چیرۆکەکانی چیخەف بە گۆشەنیگای سێیەم کەسی تاک، واتا (ئەو) دەست پێ دەکات، بەڵام زۆر کەم لە گۆشەنیگاکانی دیکە کەڵک وەردەگرێ.

چیخەف هەندێ جار بە گۆڕینی گۆشەنیگا، ڕەوتی گێڕانەوەی چیرۆک لە یەک هەوا بوون دەپارێزێ.

### دیالۆگ:

چیخەف بە هۆی نووسینی شانۆنامە و سەرکەوتنی لەم بوارەدا، توانیویەتی تا ڕادەیەک لە دیالۆگدا سەرکەوتوو بێت، بۆ دیالۆگی بەهێز، دەتوانین ئاماژە بە چیرۆکی «ساڵژمێری زیندوو، ڤانکا، شینگێڕی، هەزار ڕەنگ و کۆڕی یادەوەری» بکەین.

### کەسایەتی سازکردن:

چیخەف لە داڕشتنی کەسایەتیدا، کەسایەتی بەهێز، واتا کەسایەتییەک ناخولقێنێ کە لە بیری خوێنەردا بمێنێتەوە، بەڵام لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا توانیویەتی لە تیپ جیایان بکاتەوە.



چیخەف

### شوێن/ کات:

شوێن، کات، بیچم و قەڵافەتی کارەکتەر، ئاکار، پیشە، تەمەن و وڵات ئەم شتانەن کە ڕاستەوخۆ لە چیرۆکەکانیدا ئاماژەیان پێ دەکات.

### وەسف و وێنەسازی:

دەتوانم بە ڕاشکاوی ئاماژە بکەم کە خاڵی گرینگی چیرۆکەکانی چیخەف وەسف و وێنەسازییە، بیچم، شوێن و ئاکاری کارەکتەرەکان بە ئەوپەڕی وردبینییەوە وەک تابلۆیەکی وێنەگەری دەیهێنێتە بەر چاوی خوێنەر.

### ئاکامی چیرۆک:

کۆتایی چیرۆک لە کارەکانی (چیخەف)دا زۆربەی جار ئاکامی داخراوەی هەیە کە ئەمەش یەک لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی ڕیالیزمە.

**تاووتوکردنی چیرۆکی شینگێڕی:**

«ئانتۆن چیخەف» چیرۆکی «شینگێڕی»، لە ساڵی ١٨٨٦ لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا نووسیوە، ئەم چیرۆکە بە شێوازی ڕیالیزم نووسراوە.

لە قوتابخانەی ڕیالیزمدا، نووسەر ڕێک ژیانی ئاسایی و ڕاستەقینە بە شێوەیەکی وردبینانە دەگێڕێتەوە و لە هیچ کام لە لایەنەکانیدا زێدەڕۆیی ناکات، بۆ وێنە؛ شینگێڕی باس لە غەمێکی گەورەی کەسایەتی سەرەکی چیرۆک دەکات، بەڵام لە نیشاندانی ئەم غەم و پەژارەیەدا زێدەڕۆیی ناکات، غەم نە هێندە بێتامە کە خوێنەر چێژی لێ نەبات و نە هێندە سوێرە کە لەبەر چاوی بکەوێ. زێدەڕۆیی لە غەم و تاڵیی و تاریکیدا تایبەت بە قوتابخانەی ڕۆمانتیزمە کە بەر لە ڕیالیزم، نووسەرانی وەک ڤیکتۆر هۆگۆ، جۆرج ساند، ئالفرێد دۆمای باوک، لامارتین، شارل ئاگۆستێن، سانت بۆڤ و... کاریان تێدا کردووە کە خەریک بوو دەبووە پەتای سەدە.

«شینگێڕی» هەر وەک چیرۆکەکانی دیکەی چیخەف لە سەر شێوازی ڕیالیزم نووسراوە کە باس لە ساردیوسڕی، لەبز ناخۆشی و بێبەزەیی بوونی مرۆڤەکان لە بەرانبەر غەمی مردنی «کوزما»ی کوڕی «ئیونا» کارەکتەری سەرەکی چیرۆک دەکات، ئیونا لە دوای حەوتوویەک کە لە مردنی کوزما ڕادەبووری، تووشی خەمۆکی دەبێت، غەم وەک بەفرێکی ساردوسڕ بە سەر شان و پیلیدا دەکەوێ و لە ژێر قورسایی ئەم غەمە گەورەیەدا دەچەمێتەوە، هەست دەکات هەر کە هۆی غەمەکەی لای کەسێک باس بکات، ئەهوەن دەبێتەوە، بەڵام بەداخەوە کەس گوێی بۆ ناگرێت.

***

نێوی چیرۆکی «شینگێڕی» ناوەڕۆکەکەی ئاشکرا دەکات و پێشینەیەک لە چیرۆک بە خوێنەر دەدات، خوێنەر لە مەودای چیرۆکدا مێشکی بۆ ڕووداوێکی ناخۆش ساز دەکات کە یان پێش دێت، یان هاتووە.

هەر لە سەرەتاوە نووسەر لەم ڕستەیەدا کە دەڵێ: «هەوا بوومەلێڵە. کلووە گەورەکانی بەفر...»١ (١) خوێنەر لەگەڵ فەزایەکی سارد و خەفەتباری پترسبۆرگ بەرەو ڕوو دەکات. ساردییەک کە بەسەر شار و مرۆڤ، تەنانەت دار و دیواریشدا زاڵە کە نێوی چیرۆک دێنێتەوە زەینی خوێنەر و چاوەڕوانی ڕووداوێکی ناخۆش دەکات.

سەرەتای چیرۆک بە وەسفێکی وردبینانە دەست پێ دەکرێ، نووسەر بە کات « گڵۆپەکانی شەقام کە تازە هەڵکراون ...» (٢) شوێن « توێژێکی تەنک لە سەربان و پشتی ئەسپەکان...، بەفر بە دەوری چراکانەوە....» (٣) ڕاستەوخۆ ئاماژە دەکات.

لێرەدا نووسەر باشترین کاتی بۆ ڕووداوی چیرۆک هەڵبژاردووە، بارینی بەفر لە ئێوارەدا خۆی کاتێکی غەم هێنەرە، جا ئەگەر مرۆڤ خەمێکیشی لە دڵیدا بێت، سەد هێندە دژوار و سەختترە.

کوورڕبوونەوەی ئیونا لە ژێر بەفردا هێمای چەمانەوەی لە ژێر باری غەمدایە کە جار لەگەڵ جار مرۆڤ بێهێز و لاوازتر دەکات؛ هەروەها سپی هەڵگەڕانی خۆی و ئەسپەکەی بە هۆی بەفر، هێمای پاکی و یەکڕەنگییانە.

ئیونا لەبەر ئاڵۆزیی مێشک و دڵی پڕ لە غەمی، تەنانەت بۆی گرینگ نییە لە ژێر بەفردا نەخۆش بکەوێ، یان ڕەق هەڵێ، هەر بۆیە بەفرەکە لە خۆی ناتەکێنێ.

لەم چیرۆکەدا خوێنەر لەگەڵ کەسایەتییەکی دیکە هاوشێوەی ئیونا بەرەوڕوو دەبێتەوە؛

ئەسپێک کە بە هۆی دووربوونەوە لە بنەماڵە و زێدی خۆی تووشی خەمۆکی بووە، جەستەی لاواز و بێهێزی لە ژێر بەفر و سەرمادا، بێ جووڵە ڕاوەستاوە و لاقەکانی وەک کۆڵەوژیان لێهاتووە، تەنیا کەسێک کە هاوغەم و هاودەردی ئیونایە و هەر ئەویشە کە لە ئاکامی چیرۆکدا گوێگری غەم و دەردی دەبێت. بە ڕای من نووسەر لەم چیرۆکەدا پێگەی ئاژەڵی لە مرۆڤ بەرزتر نیشان داوە.

لەم ڕستەیەدا کە دەڵێ: «ئەگەر ئێوەشیان لە کەسوکار، لەو شوێنەی کە خووتان پێیگرتووە داپچڕیبایە....» (٤) نووسەر کەڵکی لە گۆشەنیگای نمایەشی وەرگرتووە، واتا خوێنەر لە دەقدا بوونی هەیە و نووسەر بە بەردەنگ دانانی دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی زیاتری خوێنەر لەگەڵ بارودۆخی ناخۆشی ئەسپەکە، کەڵک وەرگرتن لە گۆشەنیگای نمایشی، پێوەندی نێوان خوێنەر و دەق بەهێزتر دەکات، کە خاڵێکی زیرەکانە و بەهێزە.

لە ڕستەی «لەم زەلکاوە کە پڕە لە چرای زەبەلـلاح ...» (٥) نووسەر دنیای ماشێنی لە ڕوانگەی ئەسپەکەوە وێنا دەکات، کە بە لای ئەوەوە دنیایەکی ترسێنەر، بێبایەخ و ساردوسڕە.

***

ڕستەی « لە مێژە ئیونا و ئەسپە چکۆلەکەی لە شوێنی خۆیان جووڵەیان نەکردووە.» (٦) تەواو زیادەیە و ئیجاز دەشکێنێ، چون لە سەرەوە باس لە ژێر بەفردا بوونیان دەکات کە دەڵێ: وەک مۆتە سپی هەڵگەڕاون؛ خوێنەر دەزانێ کە لە جێی خۆیان جووڵەیان نەکردووە.

سپیتر بوونی گڵۆپی شەقامەکان زۆر جوان وێنا کراوە، بە شێوەی ئاسایی کاتێک کە بە هۆی بارینی زۆری بەفر، وڵات سپیتر دەبێت، تیشکی گڵۆپەکان ڕووناکتر دیاری دەکەن، هەڵبەت هۆی سپی بوونی وڵاتە، نەک زیاتر ڕووناک بوونی گڵۆپەکان، کە پێی دەڵێین هەڵەی دیتن، دیالۆگەکانی ئەفسەرەکە دیالۆگێکی بەهێزن، بەهۆی ئەوەی کە ئەم دیالۆگانە تایبەت بە کارەکتەرن.

«گالیسکەچی بەرەو شەقامی ڤیبۆرگ بڕۆ! گالیسکەچی.» (٧)

«شەقامی ڤیبۆرگ، مامە خەوت لێ کەوتووە؟! شەقامی ڤیبۆرگ». (٨)

لەم دیالۆگانەدا ئەفسەر دووجار دەستەواژەیەک دووپات دەکاتەوە.

وەڵامدانەوەی ئیونا بە ئاماژەی سەر، یان بڵێین بە کردەوەیەک، باس لە بێهێزبوونی بە هۆی غەم و پەژارەی دەکات.

لە مەودای چیرۆکدا داماوی ئیونا جار لەگەڵ جار زیاتر ورەی لاوازتر دەبێت؛ بەتایبەتی کە هەر جارێک لەگەڵ جنێو، قسەی ناخۆش، تووڕەیی خەڵک و تانە و تەشەری سەروانەکە بەرەوڕوو دەبێتەوە.

ئیونا لە دوو شوێندا ئەم دیالۆگانە دووپات دەکاتەوە:

«خودا وای ویستووە» (٩)

«خودا وای ڕەزا لەسەر بووە.» (١٠)

لێرەدا لەگەڵ زەینییەتێکی کۆن و نەگۆڕ بەرەوڕووین وەک کارەکتەری ئاندرێ لە چیرۆکی «کۆڕی یادەوەری»دا کە هەموو شتێک لە چارەنووس دەبینێ، تەنانەت هەڵەکانی خۆیشی.

لەم دیالۆگەدا کە دەڵێ: «پشت کووڕ پچڕ پچڕ دەڵێ...» (١١) دەبوایە دیالۆگەکانی هەر بەم شێویە نووسیبایەوە.

لەم ڕستەدا زاڵبوونی مرۆڤە گەورەکان، ئەوجا قەڵافەت بێت، یان پلە و پایە، بە ئاشکرایی باس کراوە «بڕیار دەدرێ لەبەر ئەوەی پشت

کـوڕ چکۆلەتـرە، بـە پێـوە ڕاوەسـتێ».(١٢) «ئیونـا» کـە وردە وردە بـە هـۆی دوان لەگـەڵ موسـافیرەکانی هێندێـک بەسـەر غەمەکەیـدا زاڵ دەبێت، لـە ئاکامـی شـەو کـە دەگەڕێتـەوە شـوێنی حەسـانەوەی، غـەم بـە هێزێکـی زیاتـرەوە هێرشـی بۆ دێنـێ، لـە باری دەروونناسـییەوە مـرۆڤ کاتێک لـە بارودۆخێکـی ناخـۆش دەکەوێتـە خۆشـییەوە، لـە پاشـان دەگەڕێتـەوە بـۆ هەمـان بارودۆخـی پێشوو، لاوازتـر دەبێت، ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بۆ سروشـتی مـرۆڤ کـە خۆشـی و ئاسـایش لاوازی دەکـەن و بـە پێچەوانـەوە لـە ناخۆشـیدا بەهێزتـر دەبێ.

- «ئەگـەر دڵـی شـەق بـەرێ و غەمەکانـی بڕژێنـێ، هەمـوو وڵات دادەگـرێ».(١٣) لـەم ڕستەیەدا نووسـەر لـە جوانـکاری زێدەوێـژی کەڵکـی وەرگرتـووە کـە تایبـەت بـە شـیعرە و سـەبارەت بـە زیاتـر نیشـاندانی غەمـی ئیونـا بـەکاری دێنـێ.

هەروەهـا وێچواندنی دڵ بە سـەدەف، شـوبهاندنێکی جوان، نوێ و ناباوە.

لـە ڕسـتەی «ئەوەنـدەی جەسـتە پێویسـتی بـە ئـاوە، ڕووح بـە قسـە و دەردی دڵ کـردن».(١٤) واتـا ڕۆحـی ئیونا بۆ مانەوە و ژیان پێویسـتە لـە بابـەت مردنـی کوزما لەگـەڵ کەسـێک قسـە بکات، بـەڵام بـە داخـەوە ڕوو لـە هـەر کەسـێک دەنـێ ناهومێـد دەگەڕێتـەوە، ناچار لـە ئاکامـی چیـرۆک غەمەکانـی دڵـی بـۆ ئەسـپەکەی هەڵدەڕێـژێ و چیـرۆک بـە ئاکامـی داخـراو تـەواو دەبێـت.

کەسایەتسـازی بەلامـەوە بـاش بـوو، بـەڵام چیخـەف نەیتوانیوە کەسـایەتییەک ساز بکات کە لـە زەینـی منـی خوێنـەردا بمێنێتـەوە، هەڵبـەت بـە پێچەوانـەوە سـووژەی چیـرۆک توانیویەتـی ئـەم تایبەتمەندییـە تـا ڕادەیەکـی زۆر بپارێـزێ.

**ڕستە وەرگێڕدراوەکانی ناو دەق:**

١- هـوا گـرگ و میـش اسـت.دانەهای درشـت بـرف...

٢- چـراغ برقهـای خیابـان، کـە تـازە روشـن شـدەاند...

٣- لایەهـای نـرم و نـازک روی بامهـا، پشـت اسـبها....برف گرداگـرد چراغهـا...

٤- اگـر شـما را هـم از خویـش، از محیـط مانـوس خودتـان جـدا میکردنـد...

٥- در ایـن گنـداب کـە انباشـتە از چراغهـای غولپیکـر ...

٦- ایونـا و اسـب کوچکش مدت زیـادی اسـت کـە از جـای خـود تـکان نخوردەانـد.

٧- درشکەچی برو جادە وییورگ! درشکەچی!

٨ - جـادە وییـورگ، خوابـی عمـو؟ جـادە وییـورگ!

٩- خدا این طور خواستە.

١٠- خواست خدا بودە.

١١- گوژپشت بریدە بریدە میگوید....

١٢- تصمیـم گرفتـە میشـود کـە گوژپشـت چـون کوچکتـر اسـت، بایسـتد.

١٣- اگر قلبش دو نیم شـود و اندوە را بیـرون بریـزد همە زمیـن را میپوشاند.

١٤- همـان اندازە کـە جـوان بـە آب نیـاز دارد، پیرمـرد میخواهـد حـرف بزنـد

**ژێدەر:**

- چیخـەف. ئانتـۆن پاڤلۆڤیـچ، باشـترین کورتـە چیرۆکـەکان، ئەحمـەد گوڵشـیری، دەزگای چاپەمەنـی نـگاه، ١٣٩٤، چاپـی نۆیـەم.

# زمان و پاچڤە

حەمەکەریم عارف
(سلێمانی)

(١- ٢)

«١»

زمان یەکێکە لە تایبەتمەندی و نیشانە هەرە دیارەکانی ئینسان و لە هەر هەموو بوونەوەرانی دیکەی جیا دەکاتەوە.. بێگومان ئەگەر زمان نەبوایە تیرەی بەشەر هەرگیز نەیدەتوانی جیهان بەم شێوەیەی کە ئەمڕۆکە هەیە دروست بکا و پێکبهێنێ. ئەگەر دیقەت بدەین پێشکەوتنی تیرەی بەشەر لە هەر هەموو ڕوویەکەوە، لە ئەدەبیات و هونەرەوە بیگرە تا دەگاتە زانست و تەکنۆلۆجیا قەرزارباری زمانە، کەواتە بەم پێودانگە زمان دەکاتە ئەوزارێکی ڕەسەنی دەستی خەڵکی بۆ چێکردنی پێوەندی و هەڤبەندی دەگەڵ یەکدیدا، بەڵام هەندێک بە تەشەرەوە یەژن هۆیەکی سەرەکی بەدحاڵی بوونی نێوان خەڵکییە، دیارە واقیع ئەم بۆچوونەی بە درۆ خستووەتەوە و بە پێچەوانەوە نەبوونی زمانێکی هاوبەش بووەتە کۆسپ لەبەردەم تێگەیشتنی تیرەی بەشەر لە یەکدی و ئەم حەقیقەتە زیاتر لای ئەو کەسانە دەردەکەوێ تەنیا زمانێکی ناوچەیی لۆکاڵی دەزانن و سەفەری وڵاتانی دی دەکەن و ناچارن بەرخوردی خوێندەڤانی، بازرگانی، سیاسی و کولتووری و...تاد بکەن.

بەهەرحاڵ بۆ چارەسەری کۆسپ و تەگەرەی زمانەوانی وەک گرفتێکی گەورە لەبەردەم پێوەندی نێونەتەوەیی، زۆر ڕێگە و ڕێبازان پێشکەش و پێشنیازکراون لەوانە:

١ - بایەخدان بە زیادکرنی خزمەتگوزاری پاچڤەی نڤیساری و زارەکی و سوود وەرگرتن لە زانستێن کۆمپیووتەری.

٢- دروستکردنی زمانێکی کۆمەکی نێونەتەوەیی دەستکردی میناکی زمانی سپرانتۆ تا هەر تاکێک بتوانێ بە ئاسانی فێری ببێ و سوودی لێ وەربگرێت.

٣ - هاندانی خوێندن و فێربوونی زمانێکی ئاسایی ئەم دنیایە وەک زمانێکی جیهانی، واتە زمانێک هەمان ڕۆڵ بدینێ کە لاتینی لە سەدەکانی ناڤیندا لە مەڵبەندە زانکۆییەکاندا

دەبینی و ئەمڕۆکە تا ڕادەیەک ئینگلیزی لە هەندێ ئاستدا دەیگێڕێت.

٤- دانان و دارشتنی بەرنامەیەکی فێرکاری چەند زمانە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، جا هەر بۆ جەختکردنەوە لەسەر زمان و ڕۆڵی زمان لە ژیان و ژیاری تیرەی بەشەردا، پێویستە بە پەلە و خێرا چاوێک بە ڕابوردوودا بگێڕین. وەک تەورات دەڵێت: « لە ڕۆژگاری کۆندا، ڕۆڵەکانی ئادەم لەسەر ڕووی زەمین هەموو بە یەک زمان دەئاخافتن. تا ڕۆژێ هات لێبران لە ڕۆژهەڵات کۆچ بکەن، بەڕێکەوتن تا گەیینە دەشتێکی دەڤەری شینعار و لەوێندەر هەواریان خست، ئەوجا بە یەکتریان گوت: وەرن با بۆ خۆمان شارێک دروست بکەین و بورجێکی لەسەر ڕۆبنەین، بورجێک هێندە بەرز و بڵند بێ کە سەر لە ئاسمان بسوێ تا بەم جۆرە بگەینە عەرش و لەسەر زەوی پانوبەرین پەڕاگەندە و پەرتەوازە نەبین. لەم کاتەدا یەهووە (یەزدان) هاتە خوارێ تا تەماشای ئەو بورجە بکات کە ڕۆڵەکانی ئادەم خەریکی دروستکردنی بوون. یەهووە لە سەرکێشی و بێ پەروایی و بێباکی ئەم قەومە ترسا و لە دڵی خۆیدا گوتی ئەم خەڵکە یەکگرتوو و یەکزمانن و بەم یەگرتوویی و یەکێتییە هەموو کارێکیان لێ دەوەشێتەوە و لە دەست دێت، ئیدی یەهووە بیری لەوە کردەوە کە ئەم نەخشەیەیان لێ تێک بدات و کارێکی وەهای کرد کە چیتر لە زمانی یەکتر تێنەگەن. کە لە زمانی یەکدی تێنەگەیشتن ناکۆکی و دووبەرەکییان تێکەوت و دەستیان لە دروستکردنی بورجەکە هەڵگرت و بەسەر زەوی پانوبەریندا پەرتەوازە بوون. (تەورات، بابی یازدەیەم).

دیارە زمان بە جۆرێ تانوپۆی ژیانی کۆمەڵایەتی بەشەری تەنیوە و بووە بە بەشێک لە حاڵەت و دیاردە ئاسایی و پێویستەکانی میناکی خواردن و خواردنەوە و خەوتن و هەستان و کار، کە بەدەگمەن خەڵکی بیر لە ڕۆڵ و کار و پێکهاتە و سەرەتا و سەرهەڵدانی دەکەنەوەو یەکجار زەحمەتە وێنای کۆمەڵگەیەکی مرۆڤانی بێ زمان بکرێت.

ڕاستە ناتوانرێ مێژووی سەرهەڵدان و پەیدابوونی زمان دیاری بکرێت، بەڵام خۆیایە (ڕوونە) کە دیاردەیەکی یەکجار کۆن و دێرینە و زۆر زەحمەتە پەی بەوە ببرێ کە زمان چۆن هاتووەتە ئاراوە، چونکە کە هەندێ نیشانانی ژیانی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی دەدۆزرێنەوە کە بۆ پتر لە نیو ملێون ساڵ دەگەڕێتەوە، هیچ بەڵگەنامە و دۆکیومێنتێکی ڕوون دەربارەی زمانی زارەکی تیرەی بەشەر لە دەستدا نییە، چونکە هیچ شوێنەوارێکی زمانی زارەکی نەماوەتەوە، هەر بۆیەش تا ئێستا سەدان گریمانە و تیوری دەربارەی سەرەتا و سەرهەڵدانی زمانی زارەکی مرۆڤ خراونەتە ڕوو. دوور نییە یەکەمین زمانی بنیادەم بریتی بووبێ لە کۆمەڵە دەنگێکی خۆبەخۆیی و ئاماژان، کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار هەر جوڵە و کردەوە و دەنگێک قاڵبێکی ڕەمزی وەرگرتووە و مانایەک، یان چەند مانایەکی پەیدا کردووە و بووە بە ئەڵقەی پێوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی.. هەندێک زانا پێیان وایە یەکەمین وشەی زمان ئەو کاتە پەیدا بووە کە مرۆڤ ئامێر و ئەوزاری داهێناوە و بە دەم بەکارهێنانی ئەو ئامێر و ئەوزارانەوە، بۆ پێوەندی کار، دەگەڵ خەڵکی تردا کۆمەڵێک دەنگی بەکارهێناوە کە لە ئەنجامدا گۆڕاون بە پەیڤ و واژە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمان و ئەوزار لە یەک کاتدا سەریان هەڵداوە و پەیدا بوون.

دیارە زۆر تیوری و بۆچوونان لەمەڕ پەیدابوون و سەرهەڵدانی زمان هەیە لەوانە: بۆچوونێکی مەزهەبی ئەفسانەیی هەیە کە گوایە زمان ڕیشەیەکی ئاسمانی هەیە و دیاریی خوا

بووه بۆ تیرەی بەشەر، ئەمە لە هەندێ مەزەب و باوەڕی هیندییەکاندا هەیە و لە تەوراتیشدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە یەزدان گەردوون و بوونی لە ڕێگەی وشەوە خوڵقاندووە. تیورییەکی دیکە سەرچاوەی سەرهەڵدانی زمان بۆ دەنگەکانی ناو سروشت دەگێڕێتەوە، واتە لەگینە یەکەم وشەی مرڤ لاسایی کردنەوەی دەنگەکانی سروشت بووبێ، واتە لاسایی کردنەوەی ئەو دەنگانە بووبێ کە مرۆڤی ئەو ڕۆژگارانە لە ژینگە و دەوروبەری خۆیانەوە ژنەوتوویانە. بۆ نموونە کاتێ باڵندەیەک خوێندوویەتی مرۆڤ لاسایی دەنگەکەی کردووەتەوە و زۆرجار ئەو دەنگەی کردووە بە ناو بۆ باڵندەکەش وەک کوکوختی، کە ڕەنگە لە جۆری خوێندنەکەیەوە کە دەڵێت «کوکو» وەرگیرابێ. هەندێکی تر پێیان وایە دەنگە سەرەتاییەکانی زمان، زادە و کاردانەوەی هەستکردنی مرۆڤ بە ئازار، بە تووڕەیی و بە لەزەت، بە خۆشی و ناخۆشی و ئەو شتانە بووە.. بەهەرحاڵ تا زیاتر هەوڵی ئەوە بدەین پەی بە چۆنیەتی و هۆی داهێنانی زمان لە لایەن مرۆڤەوە بەرین، زیاتر گومڕا دەبین و دەکەوینە گێژەنگ و گێژاوەوە، بەڵام وادیارە مەسەلەی زمانگرتنی تیرەی بەشەر و کەوتنە قسانی، ڕووداوێکی لە ناکاو و کوتوپڕ نەبووە و شان بە شانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی بەشەرەکە، ئەویش پەرەی سەندووە و گەشەی کردووەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە، واتە زمان وەک هەر دیاردەیەکی زیندوو، لە زاووزێ و گەشەکردن و مردندایە، یانی لە گۆڕانی بەردەوامدایە. وەک چۆن مرۆڤ بوونەوەرێکە لە گۆڕانی بەردەوامدایە و قەت لە پێستێکدا نەماوەتەوە و نامێنێتەوە، زمانیش کە زادە و بەرەنجامی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی مرۆڤە، دەبێ وەک هەموو شتەکانی دیکەی مرۆڤ، لە دابونەریت و خوو خدە و ڕێوڕەسم و جلوبەرگان، بە گوێرەی کات و شوێن بگۆڕێت. دیارە ئەو فاکتەرانەی بەشداری لە گۆڕان و گۆڕینی زمان دەکەن زۆرن، لەوانە گۆڕانی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی تیرەی بەشەر. گۆڕانی وشەکانی زمان لە قۆناغێکی ژیانەوە بۆ قۆناغێکی تر. چۆنیەتی گەردان کردنی وشە و فرمانی ناو زمان، گۆڕانی دەستووری زمان، داتاشینی وشەی تازە بە گوێرەی دەستووره باو و ناوخۆکانی زمان. وەرگرتنی وشە لە زمانانی خزم و بێگانەش، ئەوجا وەرە ئەم پرۆسەی گۆڕانە زمانەوانییە بە درێژایی بوونی بەشەری بێنە بەرچاو و وێنای ئەوە بکە کە زمان چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە، هەڵبەتە ئەم گۆڕانە دەرەکی و ناوخۆییانە کردیانە کارێک مەسەلەی لێکدی حاڵی بوونی بەشەر زیاتر ئاڵۆز و دژوار بووە، شتێک چێ بووە دەشێت ناوی بەرهەڵست، یان لەمپەری زمانەوانی لێ بنرێ، ئیدی جیاوازی زمانان بووەتە مایەی ئەوە کە تیرەی بەشەر بۆ بەرقەرارکردنی پێوەندییە ماددی و مەعنەوییەکانی خۆی پەنا وەبەر وەرگێڕان بەرێت.

«٢»

وەرگێڕان، بە شێوەیەکی زۆر کۆنی پێوەندی مرۆڤانی دێتە ژماردن و پردێک بووە بۆ لێکدی حاڵی بوونی تیرەی بەشەر. پێشینەی لێکۆڵینەوە لە وەرگێڕان بایەخ و کاریگەری، چۆنیەتی و مەرجەکانی وەرگێڕان بە شێوەیەکی پەراگەندە و پچڕپچڕ بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش دەگەڕێتەوە، بەڵام لێکۆڵینەوەی سیستماتیک و ڕێکوپێک لەم بوارەدا لە دوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە دەستی پێ کردووە.. پێدەچێت یەکەم کەس لە ڕۆژاوادا بەتایبەتی خۆی لە باسی تیوری پاچڤە دابێت (ئاتین دولە)ی نووسەر

و وەرگێـڕ و چاپخانـەداری فەڕەنسـی بووبـێ، کـە کتێبێکـی بـە ناوونیشـانی (پرنسـیپەکانی وەرگێـڕان) بڵاوکردووەتـەوە و باسـی شـێواز و چۆنیەتـی وەرگێڕانـی دەقێـن جیـاوازی کـردووە و ناوبانگێکـی باشـی دەرکـردووە، لـێ بۆچوونـە نوێیەکانی بـوون بـە بـەڵای سـەری و لـە تەمەنـی سـی و حـەوت سـاڵیدا، بـە تۆمەتـی وەرگێڕانـی نادروسـتی یەکێـک لـە باسـەکانی ئەفلاتـوون کـە بێبـاوەڕی بـە بوونـی ڕوح گەیانـدووە، دادگایـی کـراوە و بـە تاوانـی لـە ئاییـن دەرچـوون بـە بەرهەمەکانییـەوە سـووتاندوویانە.

(ئاتیـن دولـە) لـە کتێبەکەیـدا ئەرکەکانـی وەرگێـڕی دیـاری کـردووە کـە دەشـێت زۆر بـە کورتـی لـەم خاڵانـەدا چڕبکرێنـەوە:

١ - وەرگێـڕ لەسـەرێتی ناوەرۆکـی دەق و مەبەسـت و مەرامـی نووسـەر بەباشـی تێبگات.

٢ - دەبێـت شـارەزاییەکی فـرەی لـە هـەدوو زمانـی یەکـەم و دووەمـدا هەبێـت.

٣ - دەبێـت وەرگێـڕ خـۆی لـە وەرگێڕانـی وشـە بـە وشـە بپارێزێت، چونکـە هـەم چەمکـی دەقـە ئەسـڵییەکە زەدەدار دەکات و هـەم جوانـی گوزارشـت و دەربڕینەکـەی دەشـێوێنێ.

٤ - دەبـێ وەرگێـڕ شـێوە زارە بـاوەکان بە کا ربێنـێ.

٥ - دەبێـت وەرگێـڕ لـە ڕێگـەی هەڵبـژاردن و دارشـتنی گونجاوی وشانەوە هەمان کاریگـەری و ڕوونی و ڕەوانی دەقە ئەسـڵەکە بـە وەرگێڕانەکەی ببەخشـێت. (بـۆ زانیـاری زیاتـر بروانـە: زبـان، ترجمـە، وارتبـاط فرهنـگ هـا، ترجمـە وتالیـف حسـین یعقوبـی/ص١٥، کـە لـە صفـار زادەی وەرگرتـووە)

هەڵبەتـە ئـەوەی (دولـە) دەربـارەی ڕەوانـی چەمـک و دوورەپەرێـزی لـە وەرگێڕانـی وشـە بـە وشـە گوتوویەتـی، هەمیشـە سـەبارەت بـە هەمـوو جـۆرە وەرگێڕانێکـی نقیسـاری، زارەکـی، ئەدەبـی، زانسـتی، هونـەری... تـاد زەروری و پێویسـتە.

هەڵبەتـە (جاحـز) لـە کتێبـی (الحیـوان)دا زۆر بـە جوانـی و کارامەیـی بۆچوونـی خـۆی لەمـەڕ وەرگێـڕان دەربڕیـوە و لـەم بـوارەدا شـەش سـەد سـاڵێک پێـش (دولـە) کەوتـووە و بۆچوونەکانـی هێنـدە تەڕوتـازەن لـە تـۆ وایـە بـۆ ئەمـڕۆ نووسـراون، بۆیـە جێـی خۆیەتـی پوختەیەکیـان لـێ هەڵێنجـرێ و لێـرەدا پێشـکەش بکرێـت:

١ - توانایـی زەینـی وەرگێـڕ دەبـێ هاوتـای توانایـی زەینـی خـودان بەرهەمەکـە بێـت.

٢ - دەبێـت وەرگێـڕ شـارەزاییەکی تـەواوی لـە هـەردوو زمانـی یەکـەم و دووەمـدا هەبێـت.

٣ - چوونیەکـی لـە نێـوان زمانانـی دنیـادا نییـە، هـەر زمانێـک تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، بۆیـە شـێوەی دەربڕیـن و زاراوە و ئیدیـۆم و پێکهاتـە و بنیـاد و دەسـتوور و توانایی کورتبڕی و درێژبڕی زمانێـک لـە زمانێکـی دیکـە جیـاوازە.

٤ - زمانـی یەکـەم و دووەم ئاسـیو بـە یەکـدی دەگەیەنـن، هەریەکەیـان بـەلای ئەوی تردا دەکشێت دەسـتوور و پێکهاتـە و بنیـاد و ڕستەسـازی و تایبەتمەندیانـی دیکـەی یەکتـر وەردەگـرن.

وەک پێشـتر ئاماژەمـان کـردێ، وەرگێـڕان، لـە دوای دووەمیـن جەنگـی جیهانییـەوە زیاتـر و بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێکتـر خراوەتـە بـەر وردبینـی لێکۆڵینـەوەوە و بـووە بـە بابـەت و خەمـی هەندێک لـە زمانەوانـان، لەوانـە:

و. هـ. کومیسـارۆڤ کـە زمانەوانێکـی ڕوسـییە، پێیوایـە تیـوری وەرگێـڕان پێتڤییـە لەسـەر سـێ بنەمایـان ڕۆبنـرێ: گوێزانـەوەی زانیـاری، گوێزانـەوەی مانـا، گوێزانـەوەی بنیادی دەسـتووری (نەحـو و سـەرف) گونجاو. گوێزانەوەی زانیـاری تیمـە و نـاوەرۆک دەگرێتـەوە، گوێزانـەوەی مانـا و بنیـادی دەسـتووریش کـە دەکاتـە دۆزینـەوەی هاوتـای ورد لـە هـەردوو ئاسـتی وشـە و ڕێزمانـدا، فـۆرم و شـێوە دەگرێتـەوە و زۆر کەسـی دیکـەش

لەو بوارەدا قەڵەمڕانییان کردووە، لەوانە تیوریزانانی قوتابخانەی وەرگێڕانی لایپزیک وەک: نۆبرت، کید، فتچاک، جاگر، هلبیگ و ڕۆزیکا، هەروەها یۆجین نایدا کە یەکێکە لە تیوریسێنانی بەناوبانگی وەرگێڕان و لایەنە هەمەجۆر و سەخت و دژوارەکانی وەرگێڕانی لێزانانە خستووەتە بەر وردبینی لێکۆڵینەوەوە و تاوتووی کردوون، هەروەها (کوت فۆرد)ی زمانەوانی ئینگلیزیش لەو بوارەدا قەڵەمی تاوداوە و پێیوایە جگە لە بەرهەڵست و لەمپەری زمانەوانی، کۆسپ و تەگەرە و بەرهەڵست و لەمپەری کولتووریش هەیە و ئەو وشانەی کە بە ڕواڵەت لە دوو زمانی جیاوازدا هاوواتان، یان واتای چوونیەکیان هەیە، هەموو کاتێک مانایەکی یەکسان ناگەیەنن.

کەواتە جیاوازیی زمان یەکێک بووە لە کۆسپەکانی بەردەم پێوەندییە مرۆڤانییەکان، بۆیە هەر لە کۆنەوە بیر لە زمانێکی هاوبەشی جیهانی کراوەتەوە. زانایان و هزرڤانان هەمیشە بە ئاواتی ئەوەوە بوون کە هەموو خەڵکی جیهان بە یەک زمان قسان بکەن، چونکە پێیان وابووە کە زۆربەی شەڕەکانی تیرەی بەشەر زادەی بەدحاڵی بوون، بوون، واتە بەرەنجامی جیاوازی زمانە و ئەگەر خەڵکی دنیا بە یەک زمان قسە بکەن، ڕەنگە لە کارەساتی زۆر جەنگ و شەڕان بخەلەسن. ئەم بیرۆکەیە بوو بە هاندەری ژمارەیەک لە زانایان کە بکەونە هەوڵی دۆزینەوە و دروستکردنی زمانێکی جیهانی. ئەمانە پێیان وابوو ئەگەر تیرەی بەشەر یەک زمانیان هەبوایە، یان بەلای کەمەوە زمانێکی دووەمیان وەک زمانی کۆمەک بەکارهێنابا وەرچەرخانێکی دیار و بەرچاو لە پێوەندی نێوان مرۆڤدا دەهاتە ئاراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر کۆمەڵگەیەک پابەندبووە بە زمانی خۆیەوە و ئامادە نەبووە دەستبەرداری

زمانی خۆی بێ و لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و نەتەوەیی ئامادە نەبوون زمانی میللەتێکی تر لە زمانی میللەتی خۆ بە باشتر بزانن و وەک زمانێکی نێونەتەوەیی بەکاری بێنن، بۆیە ژمارەیەک کەوتنە سەر ئەو بیرەی کە زمانێکی ئاسان و سادەی ئەوتۆ دروست بکرێ کە لەلایەکەوە فێربوونی بۆ هەموو کەسێک زۆر ئاسان بێت و لەلایەکی ترەوە زمانی نەتەوەیی هیچ میللەتێک نەبێت و کاردانەوەی نەرێنی لای کەس دروست نەکات و زوو قەبووڵ بکرێ.

ئیدی لە سەدەی هەڤدەوە کۆمەڵێک هەوڵ بۆ دروستکردنی زمانانی دەستکرد دراوە، لێ لە نێوان سەدان پرۆژە هەوڵ درا تەنیا چەند هەوڵێکی زۆر کەم، کە ژمارەیان لە ژمارەی پەنجەی دەستێک تێناپەڕێ سووکە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە لەوانە: ڤولاپوک، سپرانتۆ و ئایدۆ، بەڵام لەبەر زۆر هۆی واقیعی و سایکۆلۆژی و سیاسی هیچ یەکێک لەو زمانە دەسکردانە نەبوون بە زمانی جیهانی، بۆیە بیر لەوە کرایەوە بۆ چارەسەری کێشەی لەمپەر و کۆسپی زمانەوانی، پەرە بە زمانێکی سروشتی و ئاسایی وەک زمانێکی جیهانی بدرێ. دیارە ئەم بیرۆکەیەش بۆ چەند سەد ساڵێک لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە سەردەمانێک لە سەدەکانی ناڤیندا زمانی لاتینی زمانی ئەکادیمی سەرانسەری ئەورووپا بوو، عەرەبی زمانی بازرگانی و خوندەڤانی سەرانسەری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی بوو، بەڵام دوای ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ئەورووپادا گەشەی کرد و پەرەی سەند و زمانی نەتەوەیی بایەخی پەیداکرد، زمانی لاتینی پێگەی جارانی نەما و زمانی فەڕەنسی لە ماوەی سەدەی هەڤدەوە تا سەدەی نۆزدە، وەک زمانی نێونەتەوەیی سیاسەت و دیبلۆماسیەت، شوێن و جێگەیەکی تایبەتی وەدەست هێنا، بەڵام لە

سەدەی نۆزدەدا و لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لە بریتانیا و پەرەسەندنی چالاکی ئیمپریالیستانەی بریتانیا لە سەرانسەری جیهاندا، زمانی ئینگلیزی بەرەبەرە جێی بە زمانی فەڕەنسی لەق کرد. لە سەدەی بیستەمیشدا کە ئەمریکا وەک زلهێزێکی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی سوپایی دەرکەوت و هاتە ئاراوە، ئیدی زمانی ئینگلیزی پێگەیەکی تایبەتی و ڕیزپەڕی لە پێوەندی و چێکرنی پێوەندی لە نێوان میللەتاندا پەیدا کرد، لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمیشدا بە هۆی بزووتنەوەی گلۆبالیزەیشن و جیهانەوانییەوە و تەشەنەکردنی ئینتەرنێتەوە ئیدی زمانی ئینگلزی زیاتر برەوی سەند و لە هەوڵی ئەوەدایە بە کردەوە بوونی خۆی وەک زمانێکی جیهانی بسەلمێنێ.

دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ڕەقیبانی زمانی ئینگلیزی ژمارەیان کەمە و ئومێدێکی ئەوتۆیان نییە کە بتوانن ململانێی زمانی ئینگلیزی بکەن و بەخەنیم و ڕەقیبی مەترسیدار حەساوبکرێن، بۆ نموونە زمانی چینی وەربگرین، ڕاستە خەڵکێکی یەکجار فرە قسەی پێ دەکەن، بەڵام لە ڕۆژاوادا لەوە بێگانەترە کە بتوانێت ڕکە دەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا بکات، ئەوەی کە کۆسپە لەبەردەم بە جیهانی بوونی ئینگلیزی ئەوەیە کە وڵاتان مایلن ناسنامەی زمانەوانی خۆیان بپارێزن و سەرهەڵدانی شێوە زاری تری زمانی ئینگلیزی و دوورکەوتنەوە و جیابوونەوەی بەرەبەرەی ئەو شێوە زارانەیە لە یەکتری، واتە زمان بە تەبیعەت لقوپۆپ دەهاوێ و ئەو لقانە هەوڵی ئەوە دەدەن سەربەخۆیی خۆ وەربگرن و لە ئەنجامدا تایبەتمەندی خۆیان پەیدا دەکەن و با لە ڕەگوریشەشدا یەک بن، دەبن بە زمانی سەربەخۆ و جیا لە دایکە زمانەکە.

یەکێک لەو خزمەتانەی کە زمانەوانی لە بواری نیشاندانی بنیادی زانستی شێوەکانی لابردنی کۆسپ و لەمپەری زمانیدا پێشکەشی کردووە ئەوەیە کە بنیادی فۆرمی و ناوەڕۆکی زمانانی جۆراوجۆر لە یەکدی جیاوازن کە دوو زمان بەیەکدی دەگیرێن و دەگەڵ یەکدیدا بەراورد دەکرێن، خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان دەردەکەوێ، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوە کە کار بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نێوان هەردوو زمانەکە بکرێت.

ئەم ڕێبازە ئەوەی سەلماند کە بنیاد و پێکهاتەی فۆرم و ناوەڕۆکی هیچ جووتە زمانێک وەک یەک نییە، ئەمەش هەنگاوێک بوو بۆ چارەسەری یەکێک لە مەسەلە بنەڕەتییەکانی پاچڤە، دیارە هەر زمانێک بگری تا ڕادەیەک هزرینی ئەو کەسانە دەنوێنێ کە قسەی پێ دەکەن، واتە زمان و کولتوور پێوەندییەکی سفت و چڕیان پیکڤە هەیە، لە هەر شوێنێ کولتوور و زمان پێکڤە گەشەیان کردبێ، پێوەندییەکی پتەو لە نێوان بنەما گشتییەکانی دەستووری زمان و تایبەتمەندییەکانی کولتووری ئەو زمانەدا دەبینرێ. خۆ هەر بە سووکە سەرنجێک ئەوە بە دیاردەکەوێ کە زمانان لە ڕووی وشە و فەرهەنگی وشەوە بە ئاشکرا لێکدی جیاوازن، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی پێوەندی بە ژینگە و دەوروبەری ئەو خەڵکانەوە هەس کە بەو زمانە دەدوێن. بۆ نموونە زمانی کوردی بۆ ناوی (چیا) وشەی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام لە هەندێ بواری تردا زۆر هەژارە (بۆ نموونە دەریاوانی)، واتە زمان بە ئاشکرا ژینگەی جوگرافیایی و کۆمەڵایەتی هەر گەل و نەتەوەیەک دەنوێنێ، یانی زمانی هەر کۆمەڵێک وشەدانێکی یەکجار ئاڵۆزە و هەموو خەون و خەیاڵ و حەز و خولیا و کول و کۆڤان و کار و کردەوەکانی ئەو کۆمەڵەی لە خۆگرتووە، واتە زمان ڕەنگدانەوەی ژینگەی سروشتی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە. بەم

پێیە هەر چەمک و دیاردەیەک لە وشەدانی هەر زمانێکدا کۆد و کلیلێکی تایبەتی خۆی هەیە و بەو کلیلە (وشە) دێتە کردنەوە و تێگەیشتن، ئەم کۆدانەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی جیاوازن، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوە کە تێگەیشتنی تەواوەتی چەمک و مانای ئەو وشانە لە زمانێکی دیدا هەندێک جار دژوار و ئەستەم بێت. لەم بارەیەشەوە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەن. هەندێک پێیان وایە مادامێکی بنیاد و پێکهاتەی زمانان لە یەکدی جیاوازن، ناتوانرێت چەمک و مانایانی زمانێک بە تەواوەتی و وەک خۆی بۆ زمانێکی دی بگوێزرێتەوە، بۆیە هەوادارانی ئەم بۆچوونە باوەڕیان وایە کە وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، یان گونجاندن و جێکردنەوەی چەمکی زمانانی جیاواز لە زمانێکی دەستکرددا، یان زمانێکی سروشتی و ئاسایی جیهانیدا مەحاڵە، چونکە چەمک و زاراوانی هەر زمانێک بە جۆرێ لە بنیادی ئەو زمانەدا تەنراوە کە لە جیابوونەوە نایەت، بۆیە نەک هەر چێکردنی پێوەندی هاوبەشی زمانی لە نێوان جیهانیاندا کاری کردەنی نییە، بەڵکوو زمان کۆسپە لە ڕێگەی تێگەیشتن لە واقیعیش، چونکە زمان لەمپەر و کۆسپە لە نێوان تیرەی بەشەر واقیعدا، واقیع وەک خودی واقیع نانوێنێ، بەڵکوو وەک خودی (زمان) دەیەوێ نیشانی دەدا (بڕوانە: گفتمان و ترجمە/ علی صلح جو/١٣٧٧)

بەهەرحاڵ هەندێکی دی لایان وایە جیاوازی بنیادی زمانان لە یەکدی بەو ڕادەیە نییە کە نەتوانرێ بۆ یەکتر پاچڤە بکرێن. ڕاستە ناتوانرێ بۆ هەموو وشەکانی زمانێک (وشەی هاوتا) لە زمانێکی دیدا بدۆزرێتەوە، بەڵام وەرگێڕان، تەنیا (گوێزانەوەی وشە) نییە. لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، دەکرێت ناوەرۆکی وشەیەک لە ڕێگەی چەند وشەیەکەوە بگوێزرێتەوە و پاچڤە بکرێت، واتە گواستنەوەی چەمکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر شیاوە و دەشێت.

«٣»

زمان کاتێک بەرەو ئەوە دەچێت ببێ بە زمانێکی جیهانی کە لە زۆر وڵاتانی جیهاندا نەخش و ڕۆڵی دیار و تایبەتی و کاریگەری هەبێت، و میناکی زمانی ئەسڵی و زگماک و دایک لەلایەن خەڵکی ئەو وڵاتانەوە بەکاربێت، واتە خەڵکەکە بە زمانی خۆیانی بزانن، بۆ نموونە میناکی زمانی ئینگلیزی لە وڵاتانی: بریتانیا، ئیرلەندا، ئەمریکا، ئوستراليا، نیوزیلاندا، ئەفریقیای باشوور و دوورگەکانی کاریبی، هەڵبەتە هیچ زمانێک نییە کە زمانی زگماک و ئەسڵی زۆربەی وڵاتانی دنیا بێت. بۆ نموونە زمانی ئیسپانیایی کە زمانی زگماکی نزیکەی بیست وڵاتێکی ئەمریکای ناوەندی و باشووره، ئەمە حاڵەتێکی ڕیزپەڕ و دەگمەنە. جا بەم پێودانگە مەرج و ماکی بە جیهانی بوونی هەر زمانێک جگە لەوەی کە دەبێ زمانی زگماکی چەند وڵاتێکی جیهان بێت، دەبێت لە وڵاتانی دیکەشدا کاریگەریی هەبێ و کەم و زۆر بەکار ببرێ، ئەوجا ئەم زمانە پێویستە لە ئاستی جهانیدا زۆر بایەخدار و گرینگ بێت، لە بواره جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بە ڕادەیەک زمانی بەخشش بێ، کە وڵاتانی دیکە خۆ بەخۆ و بە ناچاری هەوڵی فێربوون و بەکارهێنانی بدەن و قوتابخانە و بنکەی فێرکاری بۆ بکەنەوە.

لێرەدا دوو حاڵەت دێنە پێشێ، حاڵەتی یەکەم ئەوەیە کە زمانێک وەک زمانی فەرمی - نەک زمانی زگماک، یان نەتەوەیی- وڵاتێک وەک کەناڵێکی پێوەندی لە مەیدانانی سیاسەت، یاسای دادڤانی و کەناڵی پێوەندی گشتی و سستمی فێرکای بەکاردەبرێت و بە زمانی دووەم ناودەبرێت و وەک تەواوکەری زمانی زگماک،

یان زمانی یەکەمی خەڵکی ئەو وڵاتە سوودی لێ وەردەگیرێت. نموونەی ئەمەش لە دنیادا زۆرە وەک: هیندستان و سەنگافوورە و گینیا و نەیجیریا... تاد.

حاڵەتی دووەم ئەمەیە هەرچەندە ئەو زمانە، زمانی فەرمی دەوڵەت نییە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتە بۆ مەبەست و مەرامی خۆیان، ئیدی چ مەرامی بازرگانی بێ، یان ئابووری، سەفەر و سیاحەت، سیاسی و کولتووری بێت، خۆبەخش و خۆ بەخۆیی هەوڵی فێربوونی دەدەن و پێشوازی لێ دەکەن، لەم حاڵەتەدا ئەو زمانە وەک زمانی بێگانەی یەکەم لەو وڵاتەدا ناودەبرێ.

ئەم زمانەش بە زۆری ئەو زمانەیە کە منداڵان لەسەرەتاوە و لە قوتابخانە و فێرگەکاندا دەیخوێنن و فێری دەبن، زۆر نموونەش بۆ ئەمە هەیە وەک زمانی ڕووسی لە کۆنە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، زمانی ئینگلیزی لە زۆر وڵاتانی جیاوازی دنیادا وەک زمانی یەکەمی بیانی دەخوێنرێ و لە برەودایە و دڕی بەو زمانە بیانیانە داوە کە پێشتر زمانی یەکەمی بیانی هەندێ لە وڵاتانی دنیابوون، وەک زمانی فەڕەنسی لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی جەزایر. جا کاتێ کە زمانێکی بیانی وەک زمانی فەرمی وڵاتێک وەردەگیرێت، ڕەنگە تەنیا وەک زمانی فەرمی دەوڵەت بەکاربێت، یان لەوەیە شەقڵێکی نیمچە فەرمی وەربگرێت و تەنیا لە هەندێ بواری تایبەتیدا بەکاربێت و سوودی لێ وەربگیرێت. دیارە زۆر فاکتەری میناکی: پێشینەی مێژوویی هاوبەش، هاوکێشەی سیاسی و بەرژەوەندی ئابووری و پێوەندی تەکنۆلۆژی و ئاڵوویری بازرگانی و بازاڕگەرمی و کارلێکی کولتووری هەن بۆ هەڵبژاردنی زمانێک وەک زمانی یەکەمی بیانی لە هەر وڵاتێکدا، هەڵبەتە لە ڕۆژگار و سەردەمی ئەمڕۆکەشدا هەلومەرج و واقیعەکان بۆ فێرخوازانی زمانی بیانی یەکجار لەبارە و چەندان جۆرە کەناڵی ڕاگەیاندنەوانی، کتێبخانانی کاغەزی و ئەلیکترۆنی، قوتابخانە، سیدی، فێرگە و سستمی فێرکاری لە دوورەوە، خولی فێربوونی زمان هەن و ئاسانکارییەکی یەکجار گەورە بۆ فێرخوازان دەکەن و زەمینە بۆ بڵاوبوونەوەی (زمانی یەکەمی بیانی) لە وڵاتاندا خۆش دەکەن، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوە کە زمان بەرەبەرە ڕۆڵ و دەورێکی جیهانی پەیدا بکات.

***

ڕەنگە هەندێ کەس پێیان وابێت زۆریی ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە زمانێکی تایبەتی دەدوێن، ڕۆڵێکی گەورە لە بەجیهانی بوونی ئەو زمانەدا ببینێت، بەڵام واقیع پێمان دەڵێت ئەگەر زۆریی ژمارە فاکتەرێکیش بێت، ئەوە ڕۆڵێکی زۆر کەمی هەیە. بۆ نموونە زمانی چینی پتر لە ملیارێک خەڵکی قسەی پێ دەکەن، کەچی زمانێکی جیهانی نییە و تەنیا لە چین و لە چەند وڵاتێکی زۆر کەمدا بەکاردێت. خۆ ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە زۆر نموونەی لەم بارەیەوە تێدایە. بۆ نموونە زمانی لاتینی لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی ئمپراتۆریەتی ڕۆمدا لە جیهانی شارستانیەتی ئەو ڕۆژگارەدا زمانێکی جیهانی بووە، هەڵبەتە نەک بەهۆی زۆری ژمارەی خەڵکی ڕۆمەوە، بەڵکوو بەهۆی هێزی سوپایی بێ شومار و بێ ڕەزای دەسەڵاتەوە بووە، پاشان کە دەسەڵاتی ڕۆم لاواز بوو و هەرەسی هێنا، ئەوسا زمانی لاتینی لە سایەی بەرەکەتی دەسەڵاتی ئاسمانی کڵێسای کاتۆلیکی ڕۆمدا سەدان ساڵی دیکە، بەهەمان تین و تاوی نێونەتەوەیی خۆیەوە بەردەوام بوو.

هەڵبەتە هیچ زمانێک ناتوانێت بەبێ هێم و بناغەیەکی بەهێز و پتەوی سیاسی سوپایی، یان ئابووری، یان زانستی، یان ڕۆشنبیری ڕۆڵی کەناڵێکی پێوەندی نێونەتەوەیی بگێڕێت.

هەڵبەتە زمان هەرگیز لەو خەڵکەی کە قسەی پێ دەکەن و بەکاری دێنن نایەتە دابڕان، واتە زادە و بەرەنجامی پێداویستییە بەشەری و ژیاری و شارستانیەتەکانی کۆمەڵگەیە. هەرکاتێک زمانێک لە ئاستی نێونەتەوەیی و جیهانیدا بوو بە زمانی بەرهەمهێنان و بەخششی زانستی، ئەدەبی، هونەری و ئابووری، ئیدی خۆبەخۆ لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە پێشوازی لێ دەکرێت.

ڕەنگە هەندێک کەس خۆشی و ڕوونی و سادەیی و دەوڵەمەندیی ئەدەبی و لایەنی ئایینی و ئاسایی دەستووری، زمانێک بە هۆی ڕەواج و برەوی جیهانی ئەو زمانە دابنەن، لەگینە ئەمە لە هەندێ ئاستدا بۆ خۆی فاکتەرێک بێت، بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە فاکتەرێکی بنجبڕ و زۆر پەسەند نییە. بۆ نموونە زمانی لاتینی هەرچەندە ئاڵۆزی و قورسی و لە ڕووی ڕێزمانی و دەستوورییەوە جیاوازیی نێوان نێر و مێی هەبووە، بەڵام لە ڕۆژگاری خۆیدا ڕەواجێکی جیهانی هەبووە، یان فەڕەنسی وێڕای هەموو ئاڵۆزی و وردەکارییەکانی خۆی لە هەردوو سەدەی هەڤدە و هەژدەدا ڕۆڵێکی نیمچە جیهانی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا هەبووە، کەواتە بەم پێودانگە ئاسانی فێربوونی زمان ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە بە جیهانی بوونی ئەو زمانەدا نابینێت، بۆ نموونە منداڵانی وڵاتانی جیاوازی دنیا لە یەک ماوەی زەمەنیدا، سەرباری جیاوازی دەستووری و واژەیی زمانی زگماکی خۆیان فێری زمانی خۆیان دەبن. بۆ نموونە منداڵێکی چینی کە دەبێت بەلای کەمەوە سێ چوار هەزار حەرف و پیت فێربێت، لە هەمان ئەو تەمەنەدا زمانی زگماکی خۆی کۆنترۆڵ دەکات کە منداڵە ئینگلیزێک کە زمانەکەیان تەنیا بیست و شەش حەرف و پیتی هەیە، فێری ئینگلیزی دەبێت، ڕاستە هەندێک تایبەتمەندی زمان هەن کە دەورێکی باش لە بڵاوبوونەوە و بە جیهانیبوونی ئەو زمانەدا دەبینن، بەڵام فاکتەری بنجبڕ و چارەنووسساز نین. بۆ نموونە خەڵکی باسی ئاسانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەکەن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەمەیە کە هیچ زمانێک هێندەی زمانی ئینگلیزی وشە و زاراوەی لەو زمانانەوە کە تەماسی دەگەڵدا هەبوون وەرنەگرتووە، بۆیە خوازیارانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی وا هەست دەکەن کە وشەکانی زمانی ئینگلیزی ئاشنا و ئاسانن، یانی زمانی ئینگلیزی دەرگای لە وشە و زاراوەی بیانی دانەخستووە، بەڵکوو پێشوازییەکی گەرمی لێ کردوون و لەناو خودی زمانی ئینگلیزیدا مشتوماڵی داون و سیقالی کردوونەتەوە و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بوون بە بەشێک لە زمانی ئینگلیزی و دەوڵەمەندیان کردووە، بێ ئەوەی ڕستەبەندی و داڕشتنی زمانی ئینگلیزی بشێوێنن، بە پێچەوانەوە ئەو زمانانەی کە هەوڵدرابێ لە وشە و زاراوەیێن بیانی پاک بکرێنەوە پاشەکشەیان کردووە. بە ڕاستیش زمانی پەتی دیاردەیەکی ساغڵەم و دروست نییە، بە پێچەوانەوە نیشانەی گۆشەگیرییە، نیشانەی ئەوەیە تەماسێکی ڕۆشنبیریی ئەوتۆی نییە، بۆ نموونە سەبارەت بە زمانی کوردی کە مەخابن تا ئیستا زمانی ئەدەبی یەکگرتوومان نییە، واتە زمانی ستاندارد کە هەر کوردێک پێی بنووسێت و بخوێنێتەوە، لە نیوەی سەدەی بیستەمدا هەندێک هەوڵ بە ناوی زمانی کوردی پەتییەوە درا بۆ پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشە و زاراوەیێن بیانی، کە بەڕای من ئەو کارە ئەنجامی نەزانی بووە، نەک خزمەتی زمانی کوردی نەکردووە، بەڵکوو زەرەری لێ داوە، چونکە ئەوەی زمان دەشێوێنێ وەرگرتنی وشە و زاراوەی بیانی- هەڵبەتە لە ڕادەی ماقووڵدا-نییە، بە تایبەتی کە لە قاڵبی دەستوور و فۆنەتیکی زمانی دووەم بدرێن، ئەوە زمانەکە دەوڵەمەند دەکەن، بەپێچەوانەوە ئەوەی زمان دەشێوێنێت و

لە گرێژەنەی دەبا ڕستەسازی و داڕشتنی بیانییە کە مەخابن لە ڕۆژنامەوانی کوردی و کەناڵە ڕاگەیاندنەوانییەکانی ئەمڕۆدا هێندە زەق و دیارە کە خەڵکی نەخوێنەواریش هەستی پێ دەکەن و پێی تووڕە و قەڵس دەبن.

جا بەم پێیە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونانەی سەرێ دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی کە هەرچەندە تایبەتمەندییە بنیادییەکانی زمان، دەوڵەمەندیی فەرهەنگی وشەی زمان، کەلەپووری دەوڵەمەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی زمان، وابەستەیی زمان بە ئایینێکی ئاسمانی کاریگەر و ئیقلیمگیرەوە دەوریان لە بڵاوبوونەوەی زماندا هەیە، بەڵام هێز و دەسەڵاتی سیاسی خودانانی ئەو زمانە، بەتایبەتی هێز و دەسەڵاتی سوپایی فاکتەری هەرە گرینگی بە جیهانی بوونی ئەو زمانە بووە. هەڵبەتە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا فاکتەر و هاوکێشەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە دەبینین زمانی یۆنانی پێش نزیکەی سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر لە دەڤەری ڕۆژهەڵاتی ناڤین ڕەواجێکی نێونەتەوەیی پەیداکردووە، هەڵبەتە هۆی ئەمە فەلسەفەی بەرزی ئەفلاتوون و شانۆنامە پوختە و بەرزەکانی سۆفۆکل و ئاسخیلۆس نەبووە، بەڵکوو زیاتر هێرش و پەلامار و لەشکرکێشی و سەرکەوتنە سوپاییەکانی ئەسکەندەری گەورە بووە، نموونەی دیکە زۆرن، بۆ نموونە بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بە پلەی یەکەم قەرزاریاری فتووحاتی ئیسلامییە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمەشدا ناکرێت فاکتەری سوپایی و هێزی لەشکری بە تاکە فاکتەر و هۆکاری ڕەواجی جیهانیی زمانێک بزانرێ، بۆ نموونە مەغۆلەکانیش لە قۆناغێکی مێژووییدا نیوەی ئاسیایان داگیرکرد و یەک دوو سەدەیەکیش حوکمڕانی ناوچە داگیرکراوەکانیان کرد، بەڵام نەیانتوانی تەنانەت لە ناوچەیەکی بچووکیشدا ڕەواج و برەو بە زمانی مەغۆلی بدەن، کەواتە ئەگەر هێزی سوپایی زمان بەگەڵ خۆی بخات و لە سنووری نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیی بپەڕێنێتەوە بۆ مەرز و بوومی وڵاتانی دی، ئەوە بەبێ هێزی پشتیوانی ئابووری و ڕۆشنبیریی گەورە لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا جێگیر و ڕیشاژۆ نابێت، بەڵکوو بەربەرەکانێش دەکرێت و دەبێزێنرێ، ئەم مەسەلەیەش لە سەدەی بیستەمدا و بە زەبری پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی کەناڵە گشتییەکانی پێوەندی وەک مۆبایل و ئینتەرنێت و سەتەلایت و ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی...تاد، ڕەواج و برەوێکی زیاتری پەیداکردووە و هەر هەموو سنوورە جوگرافیایی و دەروونییەکانی بڕیوە و زمانی ئینگلیزی لە هەر هەموو زمانەکانی دیکەی دنیا پتر سوودی لەو کەناڵانە وەرگرتووە و زۆر بە خێرایی قۆناغەکانی بە جیهانی بوون دەبڕێت. بێگومان ڕەگی ئەم حاڵەتی بە جیهانیبوونی زمانی ئینگلیزییە دەچێتەوە سەر چالاکییە ئیمپریالیسییەکانی ئینگلتەرا لە سەدەی نۆزدەدا لەلایەک و بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی لەو وڵاتەدا لە سەدەی هەژدەدا، واتە سیاسەتی ئیمپریالیستی ئینگلتەرا، زمانی ئەو وڵاتەی گەیاندە زۆر شوێنی دووری دنیا و کار گەییە ئەوەی کە بریتانیا و کۆلۆنییەکانی بە ڕادەیەک فراوان بوو کە هەتاو لە خاکیا ئاوا نەدەبوو، ئەم ئامادەگی و حوزوورە جیهانییەی زمانی ئینگلیزی، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە، وێڕای هاتنەخوارەوەی گێچی دەسەڵاتی بریتانیا، لەلایەن زلهێزی ئینگلیزی زمانی دنیاوە، واتە لەلایەن ئەمریکاوە، پارێزراو ڕیشاژۆکرا.

# کورتە باسێک لەبارەی مێژووی ژنی کوردەوە

د. زرار سدیق تۆفیق
(زانکۆی دهۆک - کۆلێژی ئاداب)

- ژن نەک ئافرەت:

سەرەتا و بەر لەوەی لە بابەتەکە بدوێین، پێویستە ئەو هەقیقەتە بزانین کە لە گشت خەرمانی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆریی کوردی و لە سەرجەم ئەدەبیاتی کلاسیکیی کوردیدا، بۆ ناوهێنانی ڕەگەزی مێینە و لە بەرانبەر پیاو و مێرددا، هەردەم ژن بەکار هاتووە: ژن و پیاو، یان ژن و مێرد و وشەی داتاشراو و نادروستی (ئافرەت) بوونی نییە و تازەباوە و نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر لە بێئاگایی و ناشارەزاییەوە هێنرایە ناو زمان و فەرهەنگی کوردییەوە و ناڕەوایانە وەک هاوواتای پەیڤی ڕەسەنی (ژن) جێگیر کرا، بگرە پتر بەکار دەهێنرا تا جێگای گرتەوە و ساڵی ١٩٣٠ بۆ داکۆکیکردن لە ماف و خواستەکانی ژنانی کورد، ڕێکخراوی (کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد) لە سلێمانی دامەزرا و دواتریش ڕۆژی ١١- ١٢ - ١٩٥٣ یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان هاتە دامەزراندن.

ڕوون و ئاشکرایە وشەی(ئافرەت) نە لە ناوی ژنە خوداوەندی گریکی (ئەفرۆدایت) و نە لە چاوگی (ئەفراناندن) و نە لە چ وشەیەکی کۆنی دیی زمانە ئێرانییەکانەوە نەهاتووە وەک کەسانی ناشارەزا لەخۆیانەوە دەیڵێنەوە، بەڵکوو بەکوردیکراوی عەورات(عورات)ی فارسییە و

ئەویش لە (عورة)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، بە واتای کەموکوورِی و ناتەواوی و عەیبداری (الخلل والنقص والعیب) (١) و وەک صیفەتێک زیاتر بە ژنانەوە دەلکێنرا، بەو پێیەی لە کولتووری ئاینیی ئیسلامیدا زۆربەی هەرەزۆری جەستەی ژن عەیبدارە و مایەی شەرمەزارییە و نابێت لە ماڵ بێتەدەر و کەسانی بیانی بیبینن، ئەگەر بێتە دەر، ئەوە شەیتان فریوی دەدات تا خۆی برازێنێتەوە و لەخشتەی دەبات و خەڵکیی پێ گیرۆدە دەکات، بروانە: الترمذي (م: ٢٧٩ک/ ٨٩٢ز)، سنن الترمذي، حديث رقم ١١٧٣)، دواتر فارس ئەم صیفەیەی ژنیان وەک ناو وەرگرت و هاوواتای (زن- ژن) بەکاریان دەهێنا، بەڵام ئەوان لەمێژە دەستبەرداری بوون و لە فارسیی ئەمرۆدا نەماوە.

لە چەند تێکستێکی فارسیی سەدەکانی ناوەڕاستدا، زیاد لە جارێک وشەی (عورات) تەواو بە واتای ژن هاتووە، لە دەقێکی سەدەی ٦ک/١٢ز هاتووە: " وبر دل أطفال وعورات او کی یتیم وبیوه شوند نمی بخشاید" (٢)، لە دەقێکی دی هاتووە کە بۆ ساڵی ٧٢٩ک/ ١٣٢٩ز دەگەڕێتەوە: ساڵانە لە وەرزی نەورۆزدا، سەرپاکی خەڵکی ئەسپەهان لە "... وخاص وعام وأطفال وعورات" خۆیان سازدەدا و ئاهەنگیان دەگێڕا (٣).

ئەسکەندەر بێگی تورکمان (م: ١٦٣٢ز) مێژوونووسی شا عەباسی سەفەوی لە میانەی گێڕانەوەی گرتنی قەڵای دمدمی دەڤەری تەرگەوەڕی ئورمێ و ڕەشبگیریی خەڵکەکەی دەڵێت: نزیکەی هەزار کەس لە " ... وأطفال وعورات" بەدیل گیران (٤). ڕاستییەکی گومانبڕیشە کە عەورات بەرەبەرە سووا و دەنگەکانی سووک کران تا بوو بە ئافرەت.



دیارە ژیاننامە و ڕۆڵی ژنانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد لە بوارەکانی ئەدەب و کۆمەڵایەتی و کوردایەتیدا، لەوێنەی مەستوورەی ئەردەلان (١٨٠٤ - ١٨٤٨) و عادیلە خانمی کچی عەبدولقادری ساحێبقران (١٨٥٩- ١٩٢٤) و حەپسەخانی نەقیب (١٨٩١ -١٩٥٣) و شەهید لەیلا قاسم (١٩٥٢- ١٩٧٤)... تاد تا ڕادەیەک ڕوونە و کتێب و گوتار و توێژینەوەیان لەبارەوە بڵاوکراوەتەوە و خوێنەرانیان پێ ئاشنا کراون (٥)، ئێمە لەم گوتارەدا لە ژنی کورد دەدوێین لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامی و سەردەمی عوسمانی بەگوێرەی ئەو زانیارییە کەمەی وا دەست کەوتوون.

- **ئازایی و سەربەستیی ژنی کورد:**

لای هەمووان ئاشکرایە و هۆکارەکەشی بەڕوونی دەزانرێت، لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا، هەواڵ و زانیاری لەسەر ڕەگەزی مێینە- ژنان (الحریم)

کەم و ناتەواوە و لەچاو قەبارەی زانیارییەکان هەر بەراورد ناکرێت، وەلێ لەسەر ژنی کورد زانیاری یەکجار کەمترە، بگرە هەر نییە، ئەوەندە هەیە گۆشەیەک لە ژیاننامەی چەند ژنێک لە سەرچاوەکاندا هاتووە و لە پێنج شەش هەواڵێکی ڕاگوزاری و لابەلادا، ئاماژە بە ڕۆڵیان دراوە کە لە زۆربەیاندا وەک کەسایەتییەکی بەهێز بەدی دەکرێن و ئامادەییەکی کاریگەر و ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕن، بگرە ژنانی چاونەترسی وا هەبوون دەچوونە مەیدانی شەڕ و شان بەشانی کەسوکاریان دەجەنگان (٦)، وەک پیرە دایکی میر دەولەتیارخانی سیامەنصوری کە سواری ئەسپێک بوو و بە هاندانی پیاوانی کوڕەکەی، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی گێڕا لە شەڕی بەرهەنگاربوونەوەی هێزی قزلباشی صەفەوی و تێکشکاندن و بڵاوەپێکردنیان (٧).

فاتیمەی کچی ئەحمەدی کوڕی هەزارمێرد لە کوردانی دەڤەری هەکاری- بەهدینان، کەڵەژنێکی خودان کەسایەتی بەهێز بوو و باندۆر و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاراستەکردنی سیاسەت و هەڵسوکەوتی میر (ناصرالدولة) حەسەنی کوڕی عەبدوڵلای حەمدانی (م:٣٥٦ک /٩٦٧ز) مێردییەوە هەبووە (٨)، (نازبانو)ش خانمێکی بەساڵاچووی بەئەزموون و دنیادیدە و نهێنی پارێزبوو، ئەبوو تەغلوبی حەمدانی کوڕی فاتیمەی کورد بڕوای تەواوی پێ هەبوو و وەکوو بەرپرس و چاودێری زیندانیکردنی نەیارانی لە قەڵای ئەردەمشت پشتی پێدەبەست (٩).

خەدیجەی هاوژینی میر عەبدوڵلای کوڕی میر عیسای هەکاریی خاوەندی قەڵاکانی ڕابیە و فەرەح لە ڕۆژانەکانی هەکاری لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٦ک/١٢ز، ئەمیش ڕۆڵی خۆی لە دەربازکردنی دەسەڵاتی پشتاوپشتی مێردەکەی و هێشتنەوەی قەڵاکان بۆ کوڕەکەی گێڕا، هاوژینەکەی میر ئیبراهیمی بەشنەوی خاوەندی قەڵای فەنەک (٥٧٢ک/ ١١٧٧ز)، ژنێکی زۆرزان و چاونەترس و لێهاتوو بوو، دڵسۆزی مێردەکەی بوو، بە بوێری و زیرەکی خۆی توانی مێردەکەی لە پیلانی عیسای شووبرای دەرباز بکات و کارێکی وا بکات پلانەکەی سەرنەگرێت و شکست بهێنێت (١٠).

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای بایەخ و هەڵوەستەیە و تا بڵێی گرنگە دەرهەق ژنی کورد، ئەوەیە کە بەدڵنیاییەوە دەشێ بڵێین هەر لەکۆنەوە، لە ناوخۆی کوردستان و دەنێو کۆمەڵگای خاکی و خۆڕسکی کوردەواریدا، ژنی کورد ئازادی بۆ دەستەبەرکراوە و هەرگیز گوشاری نەخراوەتە سەر لەچک و سەرپۆش بپۆشێت و ناچار نەکراوە بە نادڵی ئەم کارە بکات، بەڵکوو بەوپەڕی سەربەستی و سەرفرازییەوە جووڵاوەتەوە و شانبەشانی پیاوان، بەشداریی ڕاپەڕاندنی کار و ئەرکەکانی سەرشانی کردووە و بە ئازادی و بێ لەمپەر تێکەڵی پیاوان بووە، ئەمەش یەکێکە لە لایەنە هەر ئەرێنییەکانی کۆمەڵگای دێرینی کوردەواری و نیشانەیەکی تێگەیشتوویی و هۆشیاری و دڵپاکی پیاوی کوردە، صۆفی نەجمەددین مەحموودی ئەصفەهانی بەر لە حەوت سەدە، ساڵانێکی درێژ لە چیاکانی هەورامان گۆشەگیر بوو و تا مردنی سەرقاڵی دینداری و خوداپەرستی بووە و لە پاوە نێژراوە و لە نزیکەوە ئاشنای جڤاکی کوردەواری بووە، ئەم ئازادی بەخشینەی کورد بە ژنانیان، بە بێغیرەتی و نامەردیی ژماردووە و بە کارێکی ناڕەوا و ناپەسند و دەرچوون لە شەرعی ئیسلام داناوە و دەڵێت نەک تەنیا لەم دەڤەرە، بەڵکوو لە سەرپاکی کوردستان ئەم

دیارده دزێو و باوه بە توندی ڕەخنە و گازندەی لێ گرتوون و گوایە چ بیانوو و پاساوێکی دینی و مەعقوول و چ سوود و بەرژەوندییەک لەم بیدعەیە نییە (١١).

دیاردەی سەرنەپۆشینی ژنانی کورد تا ئەم ساڵانەی دوایی هەر مابوو و مایەی سەرنجی کەسانی بیانی و گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان بوو و لە یاداشتەکانیاندا لەبارەیەوە ئاخافتوون، بەڵکوو وەک خاڵێکی جیاکردنەوەیان بوو لە ژنانی میللەتانی دەرهاوسێ، زۆربەی ئەو گەشتیار و دیبلۆمات و گەڕیدانەی هاتوونەتە کوردستان و بەچاوی خۆیان ژنی کوردیان بینیوە، پێداگیرییان لەسەر ئەم ڕاستییە کردووە و بەڕاشکاوی باسی ئازادی و کراوەییان کردووە، یان هەر هیچ نەبێت، دانیان بەوەدا ناوە کە لە هی عەرەب و تورک و فارس ئازادتر و سەربەخۆترن، لەوانەش پیوتەر لیرخ (١٨٢٨ - ١٨٨٤) کە دەڵێت بەلای فارس و تورکەوە، کوردان سەربەستیی تەواویان بەخشیوەتە ژنانیان و لە گەلێک ڕووەوە هاوشێوەی ئەوروپییەکانن (١٢) و پێشتر گەڕۆکی ئیتالّی پیترۆ دیلا ڤالا (١٥٨٦- ١٦٥٢) کە ساڵی١٦١٧ز هاتووەتە کوردستان، دەڵێت ژنانی کورد بێ سەرپۆش و بە سەربەستی بەنێو پیاواندا دەسووڕێنەوە، چ لەگەڵ پیاوانی خۆیی بێت، یان بیانی، ئازادانە دەدوێن (١٣)، کلۆدیۆس جیمس ڕیچ (١٧٨٧ -١٨٢١)یش دەڵێت: " پلەوپایەی ژنانی کوردستان گەلێک چاکترە لەوەی تورکیا و ئێران و مێردەکانیان بە یەکسانی ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەن و ژنانی کورد گاڵتە بە ژنانی تورک دەکەن کە کۆیلەئاسا ملکەچ و ژێردەستن" (١٤)، یەکێکی دی دەڵێت ژنی کورد بێ سەرپۆشن، چ لە دەمی کار و فرماندا و چ لە دەمی کۆبوونەوەیان لەگەڵ پیاواندا و پێوەندیی ژن و مێردی کورد، ژیانی خێزانیی ئەوروپاییم بەبیر دەهێنێتەوە (١٥).

ژنی کورد بۆ پرسی شەرەف و ناموسیش تا بڵێی مکوڕ بوو، ئەگەر بیانزانیایە یەکێکی بیانی چاوی بڕیوەتە ناموسیان، ئەوە بێ دوودڵی دەهاتنە دەست و ڕیان دەدایێ، وەک چۆن شێرەکچەکەی هۆزی بڵباس زگی بەرپرسێکی تورکی عوسمانیی تەعداکەری هەڵدڕی (١٦)، یان هاوژینەکەی لێ ئاگادار دەکردەوە، دیارە پیاوانیش لە ئاست زێدەگاڤی بۆ سەر شەرەفیان بە توندترین شێواز لەگەڵ کەسانی بیانی دەجووڵانەوە، لەم بارەیەوە لە بەسەرهاتێکدا هاتووە کە چۆن کوردێکی ناوچەکانی واست-کوت، دەمێک هاوژینەکەی ئاگاداری کردووەتەوە کە ئەو حەکیمە نەصرانییەی وا کەڵەشاخ لە ڕانی دەگرێت، نیازی خراپە و بەتەمایە دەستدرێژی بکاتەسەری، بێ سێ و دوو ڕابووە حەکیمەکەی گرتووە و بردوویەتی بۆ چۆڵەوانییەک و کەرت کەرتی کردووە (١٧).

لێرەدا مادام بابەتەکە لەمەڕ ژنی کوردەوەیە، بە پێویستی دەزانم بەسەرهاتی کچە کوردێک دووبارە بگێڕمەوە، کوردێک بە خاووخێزانەوە ئاوارەی وڵاتی شام بووبوو و لە قەڵای شیزەر گیرسابووەوە و خزمەتی بنەماڵەی (اسامة بن منقذ الكناني: م٥٨٤ک/ ١١٨٨ز)ی دەکرد، ئەم قەڵایە دەکەوێتە سەرووی شاری حەما (حماه)ـەوە و لە لێواری زێی عاصی، کابرای کورد کچێکی بە ناوی ڕفول هەبوو، لە ڕۆژێکی ساڵانی٥١٧ -٥١٨ک/ ١١٢٢-١١٢٣ز فەڕەنجە خاچهەڵگرەکان لە پڕێکدا پەلاماری قەڵای شیزەریان دا و کەوتنە تاڵانکردن، سوارەیەکی فەڕەنجە ڕفولی چنگ کەوت و ڕفاندی، ئەم کارەساتە کابرای کورد و موسڵمانی پەست و دڵگران کرد و تووشی هەر

کەسێک دەهات دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕشت و تێی دەگەیاند کچەکەی ڕفێنراوە، بەڵام ڕفول لای نەنگی بوو بکەوێتە چنگی بیانییەک و دوژمنێک و بوێرانە خۆی لەسەر ئەسپی فەڕەنجییەکەوە فڕێ دابووە ناو زێی عاصییەوە و خنکابوو، ئوسامە دەڵێت: بۆ بەیانییەکەی بەسەر عاصی دا دەڕۆیشتین و لە کەنار ئاوەکەوە تارماییەکمان بەدی کرد، غوڵامێکمان نارد بەمەلە بڕوات، بزانێت چییە، کە هاتەوە زانیمان ئەو ڕەشاییە تەرمی ڕفولە کە جلێکی شینی پۆشیبوو و لە دارییەک- صەفصاف- گیر بووبوو، پێموایە سەربوردەی کچە کافرۆشی لەم بەسەرهاتەوە سەرچاوەی گرتووە و پێشتر بە درێژی لەم بابەتە دواوم (١٨).

جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێم کە برادەرێک ساڵی ٢٠٠٩، گوتارێکی لەبارەی بەسەرهاتی دێرینی کچە کافرۆشیی لە گۆڤاری (هەڵبوون) بڵاوکردەوە و لە زاری کابرایەکەوە، گێڕابوویەوە بۆ هەولێری ساڵانی سی سەدەی ڕابوردوو و ڕۆژگاری دەسەڵاتدارانی ئینگلیز و گوایە کچەی کافرۆش لە بنەماڵەیەکی ئاوارەی شکاک بووە و ئەفسەرێکی ئینگلیز ڕفاندوویەتی، دواتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چەندان ڕۆژنامە و سایتدا بڵاوکرایەوە و وەک ڕاستییەکی مێژوویی سەلما، ئەوجا کرایە فیلمی سینەمایی و ڕۆمان، ئەو برادەرە بەم دواییە و پاش نزیکەی سێزدە ساڵ، گەیشتە قەناعەت و ڕای گەیاند کە ئەو چیرۆکە هەڵبەستراوە و وێنەکەش دەستکردە و فۆتۆ نییە و ئەو کەسەی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاوەتەوە جێگای باوەڕ نییە و لەخۆیەوە پێکەوەی ناوە، بەمەش ڕاستیی بۆچوون و گومانی منی لەو سیناریۆیە سەلماند و ئەم هەڵوێستەشی شایانی دەستخۆشی و سپاسە و بێگومان دەستبەرداربوون لە بۆچوونێکی پێشتر و داننان بە حەقیقەتی پرسێک، مەرجێکی بنەڕەتیی توێژەرەی زانستخوازە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


(١) بۆ نموونە بڕوانە: ابن منظور (م: ٧١١ک/ ١٣١١ز)، لسان العرب، دار صادر(بيروت: ١٩٩٣)، ٦٢٥/٤.

(٢) محمد بن على ظهيرى سمرقندى، سندبادنامه (ئيستانبول: ١٩٤٨)، ص٥٩.

(٣) حسين بن محمد بن أبى الرضا آوى، ترجمه محاسن أصفهان، بإهتمام عباس إقبال (طهران: ١٣٢٨ش)، ص١٧.

(٤) تاريخ عالم آراى عباسى، إنتشارات أمير كبير (تهران: ١٣٨٧ش)، ٧٩٩/٢.

(٥) لەوانە کتێبەکەی شەهید جەبار جەباری: ئافرەتە ناودارەکانی کورد، چ. شیمال (کەرکوک: ١٩٦٩) ل٧٦.

(٦) پيوتر ليرخ، دراسات عن الأكراد، ترجمة د. عبدي حاجي (دمشق: ١٩٩٢)، ص٢١.

(٧) شرفنامه، الترجمة العربية (أربيل: ٢٠٠١)، ص ٥٥٥.

(٨) التنوخي، الفرج بعد الشدة (بيروت: ١٩٧١)، ١٠٨/٢، ١٠٩، نشوار المحاضرة (بيروت: ١٩٧٨)، ٣/ ٢٢-٢٣، ابن الأثير، الكامل في التأريخ (بيروت: ٢٠٠٧)، ٤٥/٧.

(٩) الفرج بعد الشدة، ١٨٤/٢-١٨٥.

(١٠) الكامل، ٧٠٤/٨، ٣٠٥/٩-٣٠٦.

(١١) مناهج الطالبين ومسالك الصادقين (تهران: ١٣٩٣ش)، ص١٩٤.

(١٢) دراسات عن الأكراد، ص٢١، ٣٣.

(١٣) رحلة بيترو ديللا فاليه الى العراق ، ص٨٤-٨٥.

(١٤) رحلة ريج الى العراق عام ١٨٢٠، ترجمة بهاء الدين نوري (بيروت: ٢٠٠٨)، ص٢٧٢.

(١٥) دراسات عن الأكراد، ص٢١-٢٢.

(١٦) رحلة ريج، ص٢٧٢- ٢٧٣.

(١٧) إبن الجوزي، ذم الهوى (بيروت ١٩٦٢)، ٤٩٣/١.

(١٨) كتاب الإعتبار (بيروت: ٢٠٠٣)، ص٢٤٢-٢٤٣، لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ کتێبەکەم: لەبارەی مێژوو و کەلتوری کوردییەوە(سلێمانی: ٢٠٢١)، ل٤٧- ٦٣.

# وێستگەی ڕادیۆی دوکتۆر واڵتەر بنیامین دەربارەی پێوەندیی پێداگۆگیی، فیلم و ڕادیۆ

پێشڕەو محەمەد
(ئەڵمانیا)

(٢ - ٢)

لەنێو ئەم دەقە کارتۆنییانەدا، ئامرازەکانی سەرمایەدارانەی کارکردن بەسەر کرێکاردا فەرمان دەکات و ئامێری کاریگەری بە فۆرمێکی کۆنکریتی تەواو تەکنیکیانە ئەم جووڵەیە پیشان دەدات و بەدەستەوەی دەدات. ئامێر دەبێتە شتێکی زیندوو، لەکاتێکدا مرۆڤەکان دەبنە پاشکۆی ئامێر، فیلم ئەم شێوازی کارکردنە بە باشی پیشان دەدات.

لە تێبینییەکدا دەربارەی بودلێر لە کتێبی پرۆژەی پاساژەکاندا بنیامین ئاماژە بە ئەفسانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەکات کە شۆکی لێکۆڵەر بۆ ئەو کەسانە دەهێنن کە سیحریان لێ کراوە. ئەزموونێکی وەهای شۆک وەک «پێکەنین و خەندەی ڕەقی دۆزەخ» دەهێنرێتەوە، وەک ئەو هێزانە دەردەکەوێت کە زانین و مەعریفەی هەنووکەیی دەبڕن. بنیامین پێمان دەڵێت کە بودلێر- جۆشوخرۆشێکی زۆری بۆ ئامرازە یاریکردنە خۆجوڵێنەرەکان هەبوو- ئەم پێکەنینە قاقا گوێکەڕکەرەی بەباشی دەناسی، هەروەها بنیامین ئاماژە بە لێکۆڵینەوەکەی خۆی دەربارەی شانۆی ماتەمی بارۆک دەکات، کە دەڵێت لە پێکەنیندا، بابەت پڕیەتیی ڕوح بەدەست دەهێنێت، لە بەرگێکی تەواو گۆڕاوی ڕیزپەڕ و ناباودا. بێدەنگیی بابەت لە پێکەنیندا تێدەپەڕێنرێت. بابەت ڕەهەندی ڕوحی وەردەگرێت. ئەم وزانە هاوشێوەی ئەو وزانەن جیهانی کاڵایی لە فیتیشیزمەکەی خۆیدا زیندوو دەکەنەوە. ڕوحێکی وەهای جادوویی، ژینگەیەکی تەواو زیندوو، زیاتر جیهانی ڕیکلامی بازرگانییە تا ئەوەی جیهانی میکی ماوس، یان تارماییەکانی پێش نانی بەیانی (Vormittagsspuk)ی هانس ڕیشتەر بن، یان هەر بەرهەمێک کە کۆمەڵێک شۆکی جووڵێنەر بە مادده و بابەت دەبەخشێت.

بە دووبارە داڕشتنەوەی ئەو شتەی بنیامین لەبارەی بیستنی پێکەنینی بەرز لەلایەن

بودلێرەوە گوتوویەتی، دەکرێت بڵێین ئەمە دووبارە دەنگدانەوەیەتی لە گوێکانماندا و شتێکی زۆرمان دەداتێ بیری لێ بکەینەوە، واتە بە دووبارە بنیادنانەوەکانمانەوە خەریک بین. ئەم خزمەتە هەم فیلمی کۆمیدیی ئەمریکی و هەم فیلمەکانی یەکێتیی سۆڤێت دابینیان کردووە.

ئەم جۆرە فیلمە بریتییە لە فیلمی کۆمیدی، بەڵام تەنیا بەو مانایە کە پێکەنین خولانەوە و سووڕانەوەیەک بە دەوری خەرەندێکی ترس و تۆقیندا دەورووژێنێت. لە یەکەمیاندا، واتە فیلمی کۆمیدی، تەکنۆلۆژیا بە شێوەیەکی پێکەنیناوی بەرەڵڵا دەکرێت تا کۆمەڵە ئەگەر و تواناییەکی نوێی جووڵە و دەرککردن بە بینەری مرۆیی ببەخشێت. لە دووەمیاندا، واتا فیلمی سۆڤێت، کاتێک جەنگی چینایەتی بە هەموو دڕندەیی خۆی دووبارە دەخرێتەوە سەر شاشەی سینەما، دەسەڵاتی وێرانکەری تەکنۆلۆژیا بانگ دەکرێتەوە و بەردەوامیش بەپاڵ دەسەڵاتە ڕزگاریخوازییەکەیەوە پیشان دەدرێت.

## ڕادیۆ

وەک سەرەتا لەم نووسینەدا باسمان کرد، بنیامین پەنا دەباتە بەر فۆرمە تازەکانی نواندن و میدیا تازە جەماوەرییەکان بۆ داڕشتنی تیورەیەکی ڕادیکاڵی پێداگۆگی و پەروەردەیی. فیلم یاوەرێکی سەرەکیی گەشتەکەیەتی، بەڵام ڕادیۆ پێکهێنەرێکی زۆر بنچینەی ئەم گەشتەیە کە زۆر کەم ئاوڕی لێ دراوەتەوە. بنیامین لەنێوان ١٩٢٧ تا ١٩٣٣ نزیکەی ٩٠ بەرنامەی ڕادیۆیی دەنووسێت و خۆی پێشکەشیان دەکات، هەم لە وێستگەی ڕادیۆی فرانکفورت و هەم بەرلین و ئەم پۆدکاستانەش بە «ڕادیۆی دوکتۆر واڵتەر بنیامین» ناسراون و خۆشبەختانە ئەمڕۆ لە کتێبی سەربەخۆدا بە زمانە جیاوازەکان



واڵتەر بنیامین

چاپ کراون. بنیامین پێی وایە دەکرێت لە ئاراستەی ڕۆیشتن بەرەو سۆسیالیزمدا، ئەم ئامێر و تەکنۆلۆژیا تازانە لەپێناوی تواناییەکان بۆ گۆڕانکارییە ڕاستەقینە و ڕادیکاڵەکان بەکاربهێنرێن. بەرنامە ڕادیۆییەکانی بنیامین، لەم ڕووەوە، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ڕۆڵێکی زۆر بنچینەیی پەروەردەیی و پێداگۆگی دەگێڕن. یەکێک لە ناوەڕۆک و تێما بنچینەییەکانی بەرنامە ڕادیۆییەکان ڕەهەندی پێداگۆگیی حیکایەتی پەرییانە، کە پاشان لە ١٩٣٦دا زۆر فراوانتر لە وتاری «حیکایەتخوان»دا درێژەی پێ دەدات. خواستی پەروەردەیی و پێداگۆگیی حیکایەتی پەرییان یەکێکە لەو نموونەی پێوەندیی نێوان دەرککردن و ئەکت نواندن (تێگەیشتن و جووڵە) [Wahrnehmung und Handlung] دەردەخات. تێمایەی دیکەی بەرنامە ڕادیۆییەکان شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی ڕووداوە سروشتییەکانە. بۆ نموونە «جیهانێکی وێران»: ئەمە بەمانای وشەکە بابەتی وانەیەکی ڕادیۆیی بنیامینە لە ١٩٣١دا دەربارەی بوومەلەرزەی لیشبۆنە لە ساڵی ١٧٥٥دا. لەم وانەیەدا بنیامین باس لە دوایین

دۆزینەوەکانی ناو زانستی بوومەلەرزەناسی دەکات، کە دەریدەخات زەوی بە جوولەیە، زیندووە، هەمیشە دەلەرزێت، بەڵام لەوانەیە ئێمەی مرۆڤەکان وشیارانە تێبینیی ئەمە نەکەین. زەوی بوونێکی ناچالاک نییە، بەڵکوو لەڕووی مێژووییەوە گشتێتییەکی گەردوونیی ڕووەو گۆڕانە لە پێوەندیی ناوەکیی پڕ لە جوولەدا لەگەڵ خۆی، هەروەها لەگەڵ ئێمە و تەکنۆلۆژیاشدا. بنیامین پێمان دەڵێت ئێستا ئێمە دەزانین کە تۆفان و شەپۆلەکان کار لە توێژاڵی زەوی دەکەن، چیاکان دادەڕووخێن، ڕووکاری دەریا لەگەڵ هەڵچوونەکانیدا خەست دەبێتەوە، زەوی سارد دەبێتەوە و بەردەکان بەهۆی گرژییە ناوەکییەکانەوە دەشکێن و درز دەبەن، پاڵەپەستۆکانی کێشکردنیش کار لە ڕووکاری زەوی دەکەن. پێشووتر وا بیردەکرایەوە - لە یۆنانییەکانەوە تا ئەمانوێل کانت، تا دۆزینەوەکانی ١٨٧٠- کە بوومەلەرزەکان بەهۆی غازەکان و بەهەڵمبوونەکانی دوای سووتان و گەرمبوون لە ناوەندی زەویدا ڕوودەدەن.

ڕاستییەکەی، وەک بنیامین تێبینی دەکات، بومەلەرزەکان، وەک خەڵک پێی وایە، لە کاکڵەی ناوەکیی زەوییەوە نایەن، کە وا دەبینرێت توابێتەوە، یان بووبێت بە قوڕ، بەڵکوو لە ڕووداوەکانی ناو توێژاڵی زەوییەوە دێن. بابەت، ماددە بە بەردەوامی دەجووڵێت و بەهۆی شوێنگۆڕکێی بێ کۆتایی تیکتۆنیکی پەڕەیی (Plate tectonics)- وەک تەکنیکەکانی بڕین و دووبارە-داڕشتنەوەکانی مۆنتاژ- زەوی هەمیشە هەوڵی بەرقەرارکردنی هاوسەنگی دەدات. گەشتە زیندووەکەی بۆ سەقامگیری دەبێتە ناسەقامگیربوونی ئێمە لە فۆرمی بوومەلەرزەکاندا. بەو جووڵە شاراوانەیەوە کە لە هەندێک ئاستدا لە وێستگە تازەکانی بوومەلەرزەناسی لە ئەڵمانیا و شوێنەکانی دیکە بەڕووی گشتیدا کرانەوە، ئەم جەستە چالاکە (زەوی) ئێستا ڕووبەڕووی تەکنۆلۆژیا دەبێتەوە، بەو جۆرەی لە ڕێگای مرۆڤەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە نێوانگری کراوە. بنیامین لێرەدا سەبارەت بە پێوەندییەکانی داهاتووی نێوان مرۆڤەکان و هەسارە جووڵاوەکەیان گەشبینە. تەکنۆلۆژیا، لە ڕێگای پێشبینییەوە، ڕێگایەک دەدۆزێتەوە کە بەهۆیەوە پێگەیەکی یەکسان بە پێشکەوتووترین ئامرازەکان دەبەخشێت، لانی کەم بە ئەندامە هەستەوەرییە ڕوونەکانی ئەو سەگانەی لە ڕۆژانی پێش بوومەلەرزەیەکی گەورەدا توانایی پێشبینیکردنیان هەیە.

لە ڕادیۆ بوو کاتێک بنیامینی پێگەیشتوو کار لەسەر تایبەتترین بەرهەمی پێداگۆگی و پەروەردەییانەی خۆی دەکات، زۆر بەتایبەتتر لەو وانە زۆر و زەوەندانەیدا بۆ ساتی لاوی پێشکەشی دەکردن. ئەو ڕادیۆیەی لە بنەڕەتدا وەک میدیایەکی پەروەردەیی دەبینی. ڕادیۆ دەتوانێت ئەزموونی پەروەردەیی بە بیسەرانی ببەخشێت، هەندێکیان داوای بەشداریکردنیان لێ دەکرێت، ئەگەر هاتوو لۆژیکی فۆرمە تەکنیکییەکەیان گرتەبەر. بنیامین هەروەها لە ناوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٢٠دا، بەشداری لە یارییە ڕادیۆییەکان و «مۆدێلەکانی بیستن»ی ئەزموونیدا دەکات، کە هەندێکیان بۆ منداڵان و کەسانی دیکە لە ڕادیۆی گشتیدا پێشکەش دەکران. کار و بەرهەمی ڕادیۆیی بنیامین- کە خۆیان لە ٨٠ بەرنامە دەدا- بەهۆی سیاسەتی لیبراڵی کۆماری ڤایمار بەرانبەر بە میدیا، دەستەبەر بووبوو. کەسانی داهێنەری وەک هانس فلێش، زاوای پاول هیندمیسی ئاوازدانەری بەناوبانگ و ئێرنست شۆن ئەرکی بەرنامەدانانی کولتووریی هەرێمایەتییان لەسەر شان بوو. بۆ نموونە، فلێش لە یەکەم بەرنامە ڕادیۆییەکانیدا لە ١٩٢٤، دەستیکردبوو بە ئەنجامدانی

تاقیکردنەوەکانی دەنگی زیندوو و ڕاستەوخۆ تا وابکات بیسەر ئاگای لە نێوانگیریی خۆی و بابەتەکە و ماددەکە هەبێت. فلێش ئامادەکاری بۆ شانۆ ڕادیۆییەکانی بێرتۆڵد برێخت و فلیکس ڤایل کردبوو، ئێرنست کرێنێکی بەڕووی مۆسیقای ڕادیۆییدا کردبووەوە و لە ١٩٣١دا یەکەم وێستگەی ئەڵمانی بۆ بەرهەمی ئەلیکترۆنیی ڕادیۆیی دامەزراندبوو. شۆن کەمتر لە فلێش تاقیکارێکی فەرمی بوو. سەرسام بوو بە درامای ڕادیۆیی کە توانایی شیکردنەوەی هەلومەرجە سۆسیۆلۆژییەکان و ژیانی ڕۆژانەی هەبووە. بۆ واڵتەر بنیامین، کە لە نزیکەوە کاری لەگەڵ شۆن دەکرد، کاری ڕادیۆیی ڕێگایەک بوو بۆ گەشەدان و تاقیکردنەوەی تیۆرەکانی خۆی سەبارەت بە کولتووری میدیایی و گۆڕانی پێگەی بەرهەمهێنەری کولتووری و ڕۆشنبیری. بەشێکی زۆر لە لێکۆڵینەوەکانی بەدواداچوون بوون هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی هەڵبەز و دابەزکەر لە سەدەی نۆزدە بەدواوە. نووسراوە بەناوبانگەکانی وەک «نووسەر وەک بەرهەمهێنەر» (١٩٣٤) و «کاری هونەری لە سەردەمی بەرهەمهێنانەوەی تەکنیکییدا» (١٩٣٥ - ١٩٣٦) بە مەبەستی کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەک لەو ئاسۆیانە نووسرابوون کە ببنە بنەما بۆ ڕۆشنبیرانی ڕەخنەیی سەردەمی مۆدێرن، بەتایبەت ئەوانەی نەیاندەویست بانگەشە بۆ هونەر وەک ئایینێکی نوێ بکەن. ڕادیۆ، بە توانابییەکەیەوە بۆ ڕۆشنکردنەوەی جەماوەری و دیموکراتیزەکردنی دەستکەوتەکانی ڕۆشنگەری، سیاقێکی ئێجگار گرنگی بۆ کرێکارانی مەعریفەسازی سەردەمی مۆدێرن دابینکرد.

لە ساڵی ١٩٣١دا، بنیامین دەقە بەناوبانگەکەی «چەند ڕامانێک دەربارەی ڕادیۆ» دەنووسێت، کە تێیدا دەست بە تیوریزەکردنی ڕادیۆ دەکات وەک فۆرمێکی کولتووری جەماوەری لەگەڵ مۆنتاژ و تاقیکردنەوەدا بگونجێت، بەڵام ڕادیۆ ناتوانێت وزە ناوەکییەکەی خۆی بەدیبهێنێت. سەرەکیترین شکستی ڕادیۆ هەوڵە هەمیشەییەکەیەتی بۆ «جیابوونەوەیەکی بنچینەیی نێوان پیشکەشکار و بیسەر، جیابوونەوەیەک کە بەهۆی بنچینە تەکنۆلۆژییەکەیەوە دەردەکەوێت». بنیامین دەڵێت تەنانەت منداڵێکیش ئاگای لەوەیە کە «لەبەرژەوەندیی ڕادیۆ خۆیدایە هەر کەسێک لە هەر دەرفەتێکدا بهێنێتە بەردەم مایکرۆفۆن، وابکات بواری گشتی ببێتە شایەتحاڵی کۆمەڵە چاوپێکەوتن و دانوستان و گفتوگۆیەک کە تێیدا هەرکەسێک دەشێت قسەی بۆ گوتن هەبێت». بە شێوەیەکی پۆتێنشیاڵ بوار و مەیدانێکی دیموکراتییە و دەکرێت بەهۆیەوە زۆربەی زۆری دەنگە نەبیستراوەکان ببیسترێن. بەڵێنەکانی میدیا تازەکە لە سەردەمی بنیامیندا ئەمانە بوون: دانانی بناغەی مۆنتاژ، سروشتێک بکرێت دووبارە بەرهەم بهێنرێتەوە، چالاککردنێکی خواستی بیسەر، مەودا و نزیکی هاوکات...تاد:

«تا ئێستا هیچ دامەزراوەیەکی کولتووریی ڕاستەقینە نەبووە کە بەهۆی ئەو شارەزاییەی لە بیسەردا لە ڕێگای فۆرم و تەکنۆلۆژیاکەیەوە دەیچێنێت، هێندە ڕەوایەتیی وەرگرتبێت».

بەڵام توانایی و ئەگەرە تەکنۆلۆژییەکان بەدەگمەن روون دەکرێنەوە. حوکمەکەی بنیامین دەربارەی ڕادیۆی هاوچەرخ بڕیارێکی توند و ڕەقە، نەیتوانیوە ڕووبەڕووی «عەقڵییەتی بەکاربەر»ی باڵادەستی سەردەمەکە ببێتەوە، کە بەهۆیەوە «جەماوەری ناڕوون و نارێک و نارێکخراو» دروست بووە، کە توانایی بڕیاردانی نییە، ناتوانێت هەست و سۆزەکانی خۆی دەرببڕێت. ڕادیۆ نەیتوانی کار بە دیوە تەکنۆلۆژی و فۆرماڵەکانی خۆی بکات- وەک تۆن و شێوازی دەنگ. بنیامین دەڵێت، ئەوەی دەبێت بکرێت، دروستکردنی بیسەرانی شارەزایە، شارەزایەکی

نوێ لەگەڵ ئەم میدیایەدا بگونجێت. ڕادیۆ دەتوانێت بیسەرانی شارەزای ڕادیۆ دروست بکات، واتە ئەو خەڵکانەی لە ڕووی دەنگییەوە دەگونجێن و بەکەڵک دێن، چالاکانە بەشداری لەو شتەدا دەکەن کە دەیبیستن و بەو توانایی و ئەگەرە تایبەتانەی ڕادیۆ سەرسام دەبن، نەک ئەو کەسانەی هەر لە سەرەتاوە بەدوای بەرژەوەندییە لەپێشینەکانی خۆیاندا دەگەڕێن کە دەبێت ئەو میدیایە ڕەنگدانەوەی ئەو بەرژەوەندییانە بێت، بۆ نموونە ئەم تاقمی دووەمە زیاتر لەگەڵ ڕۆمان، مۆسیقای کلاسیک و گەشتنامەدا دەگونجێن تا ڕادیۆ.

بنیامین لەو دەرفەتە تێگەیشتبوو کە لە ڕادیۆدا هەبوو، بەڵام لای ئەویش ڕادیۆ پرۆسەیەکی فێربوون بوو. لە ١٩٣٤دا بابەتێکی کورتی ڕۆژنامەوانی بەناوی «بۆ خولەکێک» دەنووسێت، کە بەدەوری بابەت و ناوەڕۆکی نێوان ڕۆمان/ فیکشن و ئۆتۆبایۆگرافیدا، هەروەها بەمەبەستی خستنەڕووی جۆرە مۆدێلێکی فێربوونیش نووسرابوو، کە تێیدا تیورەیەک دادەڕێژێت تا ڕوونی بکاتەوە چۆن دەکرێت دەنگ لە ڕادیۆدا بەکاربهێنرێت. وتارەکە پێشنیاری شێواز و ڕێگایەکی بیرکردنەوە دەربارەی کۆیەتیی بیسەران وەک جەماوەرێکی تاکەکەسەکان دەکات:

«دوای پرۆسەیەکی پێشکەشکردن کە چەند مانگێکی خایاند، لە کۆتاییدا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی وێستگەی D ئەرکی ئەوەم پێ سپێرا...، بۆ ٢٠ خولەک بیسەران بە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە بواری پسپۆڕیی خۆم، واتا کتێبناس، سەرگەرم بکەم. ئەگەر لێدوانەکانم دەنگدانەوەیەکیان دۆزیبایەوە، ئەوە ئاسۆی دووبارەکردنەوەیەکی بەردەوامی ئەم جۆرە نێرراوانە بوونی دەبوو. بەڕێوەبەری بەشەکە هێندە میهرەبان بوو پێی گوتم کە بەپاڵ نووسین و دارشتنی ئەم ڕامانانەوە، بەڵام شێوازی گەیاندنیان بنچینەییتر بوو. گوتی «کەسانی سەرەتا، دەکەونە ئەو هەڵەیەوە پێیان وابێت کە ئەوان وانەکەیان لەبەردەم مەیدانێکی گشتیی کەم و زۆر، فراوانتردا پێشکەش دەکەن، کە تەنیا بەڕێکەوت نادیارە. هیچ شتێک لە پێشەوەی حەقیقەت بێت. بیسەری ڕادیۆ بەگشتی هەمیشە تەنیایە، تەنانەت ئەگەر تۆ بە هەزاران بیسەریش بگەیت تەنیا بە هەزاران تاکە بیسەری تەنیا دەگەیت. دەبێت هەمیشە بەو جۆرە بجووڵێیتەوە وەک بڵێیت تەنیا قسە بۆ یەک کەس دەکەیت- یان ژمارەیەکی زۆری یەک کەسی، ئەگەر حەزبکەیت: بەڵام هەرگیز بۆ برێکی گەورە نا».

وانەیەکی دیکە، پێوەندیی بە کاتەوە هەیە. ڕادیۆ جەخت لەسەر پابەندبوون بە کاتەوە دەکات. ڕێکخەری وێستگەی ڕادیۆ پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێت «لەکاتی خۆیدا تەواو ببێت». بەرهەمەکە دەیەوێت حیکایەتی پیشکەشکارێکی زمانگیراو، لەوانەیە بنیامین مەبەستی خۆی بێت، لە ناوەوەی «ستۆدیۆی مۆدێرنی ڕادیۆدا» بگێڕێتەوە «کە هەموو شتێک بۆ ئەوە ڕێکخرابوو لە خزمەتی ئارامیی تەواوەتیی بێژەردا بێت، خونچە و چرۆکردنێکی بێ وێنەی توانستەکانی». بە سەیرکردنی کاتژمێر، ئەو ئاگادار دەبێتەوە لەوەی ببینێت چەندە کات تێپەڕیوە و بیر لەوە دەکاتەوە کە دەبێت لەکاتی خوێندنەوەی بابەتەکەیدا، خێرایی خۆی زیاد بکات:

«تەنیا جووڵەیەکی یەکلاکەرەوە یارمەتیدەر دەبێت: پێویستە سەرجەمی بەشەکان بکرێنە قوربانی. ئەو بیرکردنەوانەی بەرەو دەرەنجام دەڕۆن، دەبێت چاک بکرێن. بەخۆدوورخستنەوەم لە دەقەکەم، بێ مەترسی تێناپەڕێت، بەڵام هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو. وزەکانم کۆکردنەوە،

چەندان لاپەڕەی دەستنووسەکەم هەڵدانەوە، لە کاتێکدا بۆ ماوەیەکی درێژکراوە مامەوە و لە کۆتاییدا وەک فڕۆکەوانێک لەسەر ئەو مەیدانەی پێیدا دەفڕێت، بەخۆشحاڵییەوە لە مەیدانی بیرکردنەوەی بەشی دەرەنجامدا نیشتمەوە».

بەڵام پاشان ئەو تێدەگات کە بەهەڵە کاتژمێری خوێندووەتەوە و زۆر زووتر بەرنامەکەی تەواوکردووە. بێدەنگی وەک ترسێک سەرتاپای داگیردەکات، کە لەنێو هەزاران گوێچکە و هۆڵ و داڵاندا بڵاوبووەتەوە. دەست بۆ کاغەزێکی دەگمەن دەبات و پیتە بزوێنەکانی لێ دەردەهێنێت و کۆمەڵە پشوویەکی بەڕواڵەت مانابەخش دروست دەکات، بەم جۆرە دەگاتە کۆتاییەکەی. کاتی بەرنامەی ڕادیۆیی هێشتا نەبووەتە خوو و نەریتێک بۆ ئەو. لەم ژینگە تەحەدداکەرە تازەیەدا ئەو منداڵێکە کە یەکەم هەنگاوی، شکستە و کەسێکە دەبێت دووبارە و چەندبارە بکاتەوە تا دواجار ئاوێتەی نێو مۆدێلی بوونی خۆی دەبێت. قسەی نەستەق و چیرۆکە کورتەکانی بنیامین ئێمە لە تەبایی و پەیمانە تازەکانی مرۆڤەکان و تەکنۆلۆژیا ئاگاداردەکاتەوە و شتمان لەبارەیانەوە فێردەکات. کات کاتی ئامێری ڕادیۆیە. پێش ئەوەی نمایشەکە دروست بکرێت، بۆ نێو ماڵەکان دەگوێزرێتەوە، لەوێ کە لەلایەن بیسەرانی فراوانەوە حوکمی لەسەر دەدرێت. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا لێدانێک هەیە. هاوڕێیەک ڕۆژی دواتر ستایشی نمایشەکە دەکات، بەڵام بەرانبەر بەو ڕاستییە غەمگینە کە بیسەری ڕادیۆ بۆ چرکەیەک بڵاوبوونەوەی بەرنامەی ڕادیۆی لەدەست داوە. وادەردەکەوێت تەکنۆلۆژیا و مرۆڤەکان هێشتا دەبێت لە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا فێری شتی زیاتر ببن.

بنیامین بە دووی کۆمەڵە ڕێگا و شێوازێکدا دەگەڕا کار لەگەڵ دەرفەتە تەکنۆلۆژییەکانی ڕادیۆدا بکات، بەتایبەت بیسەران هان بدات بیر لەو میدیایە بکەنەوە کە خەریکن کەشفی دەکەن. یەکێک لە بەرنامە ڕادیۆییەکانی بنیامین بەرهەمێکی ڕادیۆفۆنی (بەرنامەی ڕادیۆیی بە مۆسیقاوە) کە بۆ منداڵان داڕێژراوە بەناوی «هەراوزەنای زۆر لەسەر کاسپەر» (Radau um Kasper) لە ١٩٣٢، ئەمەش تاقیکردنەوەیەکە لەگەڵ شوێنی شایستە و دەنگی گوتاری ڕادیۆییدا. دەپرسێت دەبێت کێ بکەری بەرنامەی ڕادیۆیی بێت. دیالەکت و یاری دەنگی یەک دەخات. بیر لە شوێنی ڕادیۆ لە ماڵەوە، لە چوونی بەنێو دابەشبوونی شوێنە گشتیی و تایبەتەکاندا دەکاتەوە، هەروەها لە نامۆبوون و بەکاڵابوونی کاری کولتووری ڕادەمێنێت.

بەرنامەی ڕادیۆیی یارییە ڕادیۆییەکان (Funkspiele) بەرنامەیەکی ڕادیۆیی کانوونی دووەمی ١٩٣٢ بوو. بەم جۆرە لە ڕۆژنامە-ڕادیۆی زوود-دۆیچە بڵاوکرایەوە:

«ئێوارەی ڕۆژی شەممە جۆرێکی یاری کۆمەڵی ئەدەبی لە سەردەمە پێشوو و زۆر مۆسیقاییترەکاندا، لە هەمان کاتدا جوان ڕێکخراو، نەک لە دەرەوەی کاریگەریی تاقیکردنەوەی سایکۆلۆژی و پێداگۆگی بەناوونیشانی «یارییە ڕادیۆییەکان» پێشکەش دەکات و دوکتۆر واڵتەر بنیامین بەڕێوەی دەبات.

لیستێکی وشە سەرەکییە ناپێوەندیدارەکان لە مایکرۆفۆنەوە بۆ منداڵێک، بۆ ژنێک، بۆ شاعیرێک، بۆ ڕۆژنامەنووسێک بۆ بزنسمانێک – ئەو جۆرە مرۆییانەی دەکرێت بەباشی فراوان بکرێن، یان جێگیر بکرێت، وەک سروود دەگوترێتەوە. لەگەڵ خانەخوێدا، ئەرکەکەیان وەرگێڕانی ئەم وشانەیە بۆ نێو چیرۆکێکی کورتی مانابەخش».

بیسەران بانگهێشت کرابوون تا کۆمەڵە

ئەرکێکی قورس ئەنجام بدەن و خۆیان بەرنامە پێشکەش بکەن و دەرەنجامی کارکردنەکەشیان لە جۆرنالێکی وێستگەی ڕادیۆدا بڵاودەکرێتەوە. ئەو وشانەی بۆ ئەرکەکە هەڵبژێررابوون، لانی کەم، دوانەمانایان هەبوو: «Kiefer, Ball, Strauß, Kamm, Bauer, Atlas» (سنەوبەر/ شەویلگە، تۆپ، چەپکەگوڵ/ وشترمورغ/ خەبات، شانە/ بەربەست/ مل، جووتیار/ قەفەس، ئەتڵەس/ پەڵە)، وانەکە دەربارەی توانایی و فراوانی گۆڕانی زمان بوو. خەیاڵ، سوریالیزمی جەماوەری و ڕامانی پێداگۆگی لەسەر زمان بەتەواوی لە نوسخەی بنیامین بۆ کولتووری ڕادیۆیی دەردەکەون.

بنیامین پێی وابوو پەروەردەی باڵادەست لەناو مۆدێلی پەروەردەی بۆرژوازیدا، کۆلۆنیالیزەکردنی مێشکی منداڵ و لێسەندنەوەی سەربەستییەکەیەتی. دووبارە بەخشینەوەی دەرفەتی ئازاد بۆ پەروەردەیەکی نوێ نەک تەنیا مێشک و زەینی منداڵ، بەڵکوو هی گەورەساڵانیش بەشۆڕشگێڕی دەکات. نموونەیەک، وەک پێشتریش باسمان کرد، سەبارەت بە ڕۆڵی حیکایەتی پەرییان، بنیامین لە بەرنامەی «ڕێنیشاندەری ئامرازی یاریی بەرلین ١» نموونەی حیکایەتێکی پەریانی ئەمێلی گۆدینی نووسەر دەهێنێتەوە، بەتایبەت لە حیکایەتی «تینچن»، کچێکی لاو کە دەبێت بە شێوەیەکی پاڵەوانخوازانە براکانی بپارێزێت. کاتێک منداڵان هەتیو دەکەون، حیکایەتێکی پەرییانی باش بەڵێنی ئەوە دەدات کە ئەوان دەبێت بەهیچ جۆرێک ئازار بەیەکتر نەگەیەنن. لە ناکاو جادووگەرێک دەگاتە ناو دیمەنی ڕووداوەکان و شەڕ و هەرا لەنێو براکان دروست دەکات و پاداشتیش بۆ بەرەندە دەبڕێتەوە. جادووگەر فێڵبازانە بەخشۆکی دەیانباتە ناو ئەشکەوتەکەیەوە، ئێستا ئەوە لەسەر شانی تینچنە ڕزگاریان بکات. ئەو دەبێت بگاتە ئەشکەوتی جادووگەرەکە، بەڵام بەبێ ئەوەی لە ڕێگا کات بەفیڕۆ بدات. جادووگەر داوی بۆ دەنێتەوە، تا بیخڵەتێنێت و بەداوەکانەوە بێت و ڕاستییەکەی ئەو داو و تەڵانە بە شێوەیەکی بەرچاو لە کۆگای بازاڕە گەورە هاوچەرخەکان دەچن کە کۆمەڵە ئامرازێکی یاریکردنی سەرنجڕاکێشیان تێدایە: «چەرخ و فەلەکی ئەسپی دارین و کۆمەڵە ڤاگۆنێک، کۆمەڵە ئەسپێکی بەردین و لەسەرووی هەموویەوە، ماڵە کارتۆنییە سەرسوڕهێنەرەکان»، بەڵام هاوپشتی و سۆڵیداریەتی لەگەڵ براکانی ئەوەی لێ دەخوازێت کە دەبێت بەدژی وەسوەسە خرۆشێنەرەکانی فیتیشیزمی کاڵاییدا بووەستێتەوە، تەنانەت بنیامین ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ئەو وێنە یۆتۆپی و خەیاڵییانەی لە فرەیی ئامرازەکانی یاریدا کەڵەکەکراون، نابێت بە شێوەیەکی فراوان فەرامۆش بکرێن، بەڵکوو دەبێت لە جادووی سەرمایە ڕزگار بکرێن، وەک چۆن دەبێت داو و تەڵە ڕازاوەکانی جادووگەرەکە لە سیحر دابماڵرێن و ئامرازەکان خۆیان بۆ هەرێمی بەکاربردنی ئازادانە و سەربەست بگەڕێنرێنەوە.

ئامرازەکانی یاریکردن بە هۆی پیشاندانیان بە شێوەی فیتیشیزمی کاڵایی، لەوە کەوتوون وەڵامی خواستی ئازادانەی منداڵ بدەنەوە، بەڵکوو بەهۆی سیحر و جادووی سەرمایەوە جادوو لە منداڵان دەکەن و مێشکیان کۆلۆنیزە دەکەن، هاوشێوەی داو و تەڵەکانی جادووگەری ناو حیکایەتی پەرییان. بنیامین لە پرۆژەی پاساژەکاندا پێی وایە ئۆبژێکت و بابەت و ئامرازەکان خاوەن نەزم و ڕێکخستنی خۆیانن و دەنگ و سەدای خۆیان هەیە و بە لەجادووخستنیان، یان ڕزگارکردنیان لە دەسەڵاتی سەرمایە، دەتوانن پێوەندیی ڕاستەوخۆ

لەگەڵ منداڵاندا دروست بکەن. تینچن دەیەوێت نەریتی هاوپشتی زیندوو بکاتەوە، جادووگەر بە فێڵەکانی دەیەوێت بە تەڵەی وەسوەسە و هەوەسی سەرسامیی کاڵاکانییەوە بکات، بەو مانایە وەک مارکس دەڵێت فیتیشیزمی کاڵایی هاوپشتی کرێکاران لەناو دەبات، بۆ دروستبوونەوەی هاوپشتی دەبێت بەسەر سەرمایەدا زاڵ ببین، کەواتە بۆ زیندووبوونەوەی نەریتی هاوپشتی منداڵان و پەروەردەی ئازاد، دەبێت ئامرازەکانی یاریکردن، بەتایبەت ئەمڕۆ لەناو نەریتی پیشەسازی و ڤیدیۆ گەیمەکاندا، لەژێر هەیمەنەی جادووی کۆمپانیا زەبەللاحەکان دەربهێنرێت و وەک ئامرازی یاریکردنی سەربەستانەی منداڵ لە دەرەوەی ئارەزووی قازانج، دابنرێنەوە. لێرەوە کە سۆڵیداریەتیی دروستبوو، ئەو پەروەردەیەش لەناو دەچێت کە پێی وایە منداڵ لە قوتابخانەوە دەبێت سارد، ڕەق، توند و بێ هەست بێت.

پەراوێزەکان:

١- بۆ زانیاریی دوورودرێژ لەبارەی کراکاوەرەوە بگەڕێنەوە بۆ:

پێشڕەو محەمەد، لەکۆدگۆڕینی کانتەوە بۆ تیوری فیلم: دەروازەیەک بۆ فینۆمینۆلۆژیای ماتریالیستیی زیگفرید کراکاوەر، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢١.

٢- بۆ ئەم مەبەستە بگەڕێنەوە بۆ نووسراوەیەکی من لەو بارەیەوە: پێشڕەو محەمەد، کێ واڵتەر بنیامینی کوشت، https://trans-cultures. DA٪A٧٪D٨٪٨٨٪٨E-٪D٩٪DB٪fr/٪DA٪A٩ D٪A٨٪D٨٪-B١٪D٨٪٩٥٪AA٪DB٪D٨٪٪B٥ ٨C٪D٪DB٪٨٥٪D٩٪A٧٪٨C٪D٨٪DB٪٨٦٪٩ ٪B٤٪D٨٪٨٨٪D٩٪٨C-٪DA٪A٩٪DB٪٨٦٪٩ /٩F٪AA٪D٨٪D٨

٣- بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بە زمانی کوردی بچنە ناو وردەکاریی بیری بنیامین لەسەر چەمکەکانی مێژوو، تیوری هونەر، سینەما، فۆتۆگرافی و شارسازی، پێشنیاری ئەم سێ کتێبە دەکەم:

پێشڕەو محەمەد، دیالەکتیکی هونەری سێیەم: دەربارەی مۆدێرنیتە، شار، سینەما، فۆتۆگرافی، تەکنیک، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢٠؛ پێشڕەو محەمەد، کەرنەڤاڵی شکستخواردوان: خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ تێزەکان دەربارەی چەمکی مێژووی واڵتەر بنیامین، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢٠؛ پێشڕەو محەمەد، تۆفانێک لە بەهەشتەوە هەڵدەکات: دەروازەیەک بۆ هزری واڵتەر بنیامین، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١٩.

4- Walter Benjamin, Gesammelte Schriften. Band. 7. Herausgegeben von Rolf Tiedemann and Hermann Schweppenhäuser. Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 1989.

٥ - سەبارەت بەم چەمکانە بگەڕێنەوە بۆ وتارەکەی بنیامین لەبارەی سوریالیزمەوە:

Walter Benjamin, Surrealismus, die letzte Momentaufnahme der europäischen Intelligenz, in Gesammelte Schriften. 7 Bände, Unter Mitarbeit von Theodor W. ADORNO herausgegeben von Rolf Tiedemann and Hermann Schweppenhäuser, Suhrkamp, Frankfurt am Main, 1972-1991.

6- Walter Benjamin, Der Erzähler: Betrachtungen zum Werk Nikolai Lesskows, in Walter Benjamin: Erzählen, Schriften zur Theorie der Narration und zur literarischen Prosa Ausgewählt und mit einem Nachwort von Alexander Honold, Suhrkamp Verlag Frankfurt am Main 2007.

٧- هەمان سەرچاوە.

8- Walter Benjamin, Einbahnstraße, Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 1997, s.123.

9- Theodor W. Adorno and Walter Benjamin, The Complete Correspondence: 1928-1940, translated by Nicholas Walker, Harvard University Press, Cambridge, MA, 1999, p.146.

10- Theodor Adorno, Else Fren-

kel-Brunswik, et al. The Authoritarian Personality, Verso, London, 2019.

11- Walter Benjamin, Einbahnstraße, ebenda, s.123-125.

12- Walter Benjamin, Old Toys, in Selected Writings, vol. 2 (1927-1934), edited by Michael W. Jennings, Howard Eiland and Gary Smith, Harvard University Press, Cambridge MA, 1999, p.101.

13- Walter Benjami, Kolonialpädagogik, in Kritiken und Rezensionen Gesammelte Schriften III. Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 1972, s.273.

14- Walter Benjamin, Response to Oscar A. H. Schmitz, in Selected Writings, vol. 2 (1927-1934), op.cit, pp.16-19.

١٥- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر فۆتۆگرافی لای بنیامین و پێوەندی بە سیاسەتی ڕادیکاڵ و پەروەردەوە بگەڕێنەوە بۆ:

پێشڕەو محەمەد، فۆتۆگرافی و سیاسەتی ڕادیکاڵ: دەربارەی سیاسەت، ئێستاتیکا، تەکنیک، ناوەندی چاپەمەنیی ڕۆسا و ڕێگە، هەولێر، ٢٠٢١.

16- Walter Benjamin, Response to Oscar A. H. Schmitz, op.cit, p.17.

17- Walter Benjamin, The Arcades Projects, translated by Howard Eiland and Kevin McLaughlin, Harvard University Press, Cambridge MA, 1999, p.156.

١٨- هەمان سەرچاوە، ل.١٤٧.

١٩- بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەربارەی ڕوانینی بنیامین بۆ میکی ماوس بگەڕێنەوە بۆ: پێشڕەو محەمەد، دیالەکتیکی هونەری سێیەم، سەرچاوەی پێشوو، کەرتی: میکی ماوس و مارکس.

٢٠- بگەڕێنەوە بۆ فایلی ٥٤ل، ١ لە کتێبی پرۆژەی پاساژەکان، ل.٣٢٥.

٢١- سەبارەت بە ڕوانگەی بنیامین بۆ بودلێر لە کتێبی پرۆژەی پاساژەکاندا بگەڕێنەوە بۆ:

پێشڕەو محەمەد: بودلێر و شەقامەکانی پاریس: دەربارەی بودلێری بنیامین، گۆڤاری شیعر، ژمارە ٨، سلێمانی، ٢٠١٩.

٢٢- ئەم وتارەم کردووە بە کوردی و لە داهاتوویەکی نزیکدا لەگەڵ کۆمەڵە وتارێکی دیکەی بنیامین چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

23- Walter Benjamin, Radio Benjamin, edited by Lecia Rosenthal, Verso, London, 2014, p.162.

٢٤- هەمان سەرچاوە، ل.٣٦٣.

٢٥- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

26- Walter Benjamin, Gesammelte Schriften, Band 4. Ebenda, s.761.

٢٧- هەمان سەرچاوە، ل.٧٦٣.

28- Radio Benjamin, op.cit, pp.201-220.

29- Südwestdeutsche Rundfunk-Zeitung, vol. 8, no. 1 (1932): 2.

30- Radio Benjamin, op.cit, p.38.

# چەند زێدەکرنەک
# ل دۆر فەرۆزێن نامەیێن (عەبدولڕەقیب یووسف)ی...!!

ئیسماعیل بادی
(دهۆک)

(٢- ٢)

**سیاهپۆش و ناڤهینانا وی د ژێدەران دا**

هۆزانڤانێ ب ناڤودەنگ (سیاهپۆش)، د راستا ژیانا وی و سالا بوونا وی دا، هەتا نۆکە ب دروستی نەهاتینە زانین، هەر چەندە هۆزانڤانەکێ شەهرەزا و خودان بەرکار و ناڤدار بوویە ل کوردستانێ، ب سەمەدێ کو ناڤێ وی ل نک چەند نڤیسەڤان و هۆزانڤانێن کورد هاتییە، ئەوژی: هۆزانڤانێ هەورامی، مەلا عومەرێ زەنگەنە (ڕەنجووری)(٢٧) د ناڤ هۆزانەکا خۆدا ناڤێ وی لگەل ناڤێ کۆمەکا هۆزانڤانێن کورد ئینایە ژ ئەوێن هەڤچاخێ وی، یان ژی دبیت هندەکێن بەری وی ژیابن، ب دیتنا مە ئەڤ هۆزانە ئاشکرا دکەت کو هۆزانڤان (سیاهپۆش) بەری وی بوویە. ل بەراهییا هۆزانا خۆ دبێژیت:

**شوعەرایی کوردستان گۆیندانی خلاس**
**هەرچی مەشهوورەن پەرێت کەروو باس**

پشتی چەند رێزەکا و ناڤێ چەند هۆزانڤانەکان، ناڤێ (سیاهپۆش)ی ژی دئینیت:

**(ئەحمەد دۆڵەیی)، (عەبباس پانی) (باکی) و (سیاهپۆش)، (دەدە سێوانی)(٢٨).**

دبیت نێڕینا نڤیسەڤان محەمەد شێخۆی یا د جهێ خۆ دا بیت کو ئەو خەلکێ دەڤەرا سۆران بیت. چونکی ئەوی ژی هۆزانەک تێکەل ب سۆرانی و کرمانجی ڤەهاندییە، هەروەسا ناڤئینانا هەورامی بۆ ناڤێ وی، پتر باوەریێ موکۆم دکەت.

هۆزانڤان (جەگەرخوین) د هۆزانەکا خۆدا ناڤێ وی دئینیت، د هۆزانا (زمان و هینکرنا زمان)دا دەمێ بەحسێ زەنگینییا ئەدەبێ کوردی دکەت، ناڤێ هۆزانڤانی دگەل ناڤێ چەند هۆزانڤانێن ناڤدار دئینیت:

**(جزیری) و (خانی) چ گەرناسە ئەو**
**وەکی دجلە و زاب و ئاراسە ئەو**
**(سیاهپۆش) و (نالی) و (باتی) ببین**
**تو (مکسی) و (نووری) و (حاجی) بخوین(٢٩).**

هەروەسا د هۆزانا (هۆزان و شاعرێن کورد) دا جارەکا دی ناڤێ هۆزانڤان سیاهپۆش ئینایە،

دەما ناڤێ وی دئینیت، ئاماژەیێ ددەتە ناڤێ کتێبا وی (سەیفولمولووک) کو دانەیەک ب زمانێ کوردی ل مسرێ هەیە، جەگەرخوین دبێژیت:

**یەکی دی هەیە سەیدایە، سیاهپۆش**
**د وەلاتێ مە دا چەرخا گەردۆش**
**(سەیفولمولووک) چیرۆکا ڤی مەردی**
**ل مسرێ یە، ب زارێ کوردی (٣٠).**

هۆزانڤان (جەگەرخوین)ێ جارەکا دی د پەرتووکا (فەرهەنگا کوردی)دا، دو جارا میناک ژ هۆزانێت وی ڤەگوهاستینە. د میناکێ یەکێ دا ئەڤ بەیتە ئینایە دەمێ بەحسێ پەیڤا (تاوس) دکەت:

**تاوس ب ڤی شکلێ بەدیع**
**شەرمەندەئێ ساقیێ دڕەش**

پاشی مالکەکا دیتر ئینا کو تێدا دبێژیت:

**یا رەب چە عەجەب مامە ژ ڤێ حوسن و جەمالێ**
**ڤێ دێم زەری، سۆرپەری و حوری میپالێ (٣١).**

شێخ مەمدووحێ بریفکی ژی ناڤێ وی د لیستا (٥١) شاعرێت کورد دا نڤیسییە، بێی چ پێزانینا ل دۆر ژیانا وی قەید بکەت (٣٢).

ڤەشە تۆما بوا د پەرتووکا (مع الأكراد) دا، دەمێ بەحسێ هۆزانڤان (ئیسماعیل بایەزیدی) - ل دوریێت سالا ١٦٥٤ - ١٧٠٩ ێ دا ژیایە- دکەت، دبێژیت کو سیاهپۆش ناڤێ هۆزانڤانەکێ دیترە ل سەر دەمێ وی ژیایە (٣٣)، بەلێ سەیدا عەبدولرەقیب یوسف دبێژیت: «ئەم نەشێین سەدا سەد ڤێ گۆتنێ ب راست بزانین هەتا گرۆڤەکێ دیتر نەکەڤتە دەستێ مە» (٣٤).

نڤیسەڤان ئەنوەرێ سولتانی، د گۆتارەکێ دا ل دۆر (بەیتا «سەیفولملووک و بەدیعولجەمال»ا «سیاهپۆش» دا، کو د راستا دەستنڤیسەکا کوردی دا ل کتێبخانەیا بەریتانیا — لەندەن نڤیسییە، بێی یەکودو هەر ل هەڤۆکا یەکێ ژ



**عەبدولرەقیب یووسف**

گوتارا خۆ، ناڤێ هۆزانڤانی ددەتە ئاشکراکرن و کرییە (مەردۆخی)، کو «محەمەد جەواد (سیاهپۆش) نڤیسەڤان و زانایەکێ مەزنێ کوردە، دبیت بشێین کەسینییا ئەڤی مرۆڤی ژ لایێ زانستی ڤە ب مەزنەکێ بنەماڵا مەردۆخییا و ژ لایێ هۆزانڤانییێ ڤە ب (خانی) ب شۆپهینین...». پاشی ل جهەک دی دبێژیت: «د راستا (سیاهپۆش)ێ دا، ناڤێ وی مە دانایە (محەمەد جواد) و (سیاهپۆش) ژی دێ ناسناڤێ وی بیت، بەلێ ناڤێ ڤی هۆزانڤانێ مەزن چ بوو، چ سەرۆکانییا ئاڤرێ نەدایێ» (٣٥)

یەک ژ هەلبەستێن هۆزانڤان (سیاهپۆش)ێ:

**ئیرۆ مە ژ دەست غونجە لەبان نالە ژ د دل تێن**
**ئاهین و گرین و شیوەن ئەز جەرحێ د کول تێن**
**زێدە ژ جەفا ئو ئەلەمێن تیرێ د قزل تێن**
**صەد بلبلێ شەیدا ژ طەلەب بادەیێ د گول تێن**
**لێ جوملە ب زاری ژ خەدەنگان ب قەتل تێن**

**سەودا زەدەیێ عشقێ تو ئەم ئەی راحەتێ جان**
**تا کەنگی ژ هیجرانێ تە کەم نالە ئو ئەفغان**

بێ دیـن و ویصـالاتـه نهـن بوو مه چو دەرمان
ئەفلاطون و جالینۆس و عیسا (مع) لـوقمان
«باللە» ژ جەفا ئو ئەلەمێ ما موخەججەل تێن

سەرخوش و خومارم ژ مەیێ حور و سۆرشتان
عـەقل و دل و فەهمێ مە برن کاگول و قشـــتان
تـەعویـذ و طلمسـات و دوعـایـێ د فـریشـتان
نـاکـەن ئـەثـــەرێ دل ببـرم ئەز ڕم و خشتان
لەوما کو سـیـەهـ مـار ب گـەڕ و ب فەتـل تێن

جـانـا چ بکەم گەر نە بکەم نالە ئو زاری
رویە شود ئەز عشقێ دوصەد شێرێ شکاری
دل بر ب کەری کر صەنەما چەشم و خوماری
زولف و خەط و خاڵ و سەرێ جەعدێن ڕەش و تاری
رەنگ سونبول و رەیحان و بنەفش و قەنەفل تێن

ئەو دو عەین ب سەوادی تە چ ڕا زێدە ب نازن
ئەهدابێ ل جانێ مە میسال نشتەر و گازن
هەمرازێ مە ئیرۆ ژ هەوایەت نەی و سازن
قوربانێ دو چەشمێ تەبم و زەند و ببازن
صـەد شوبهێ (سیاهپۆش) ژ جەفایان ب قەتـل تێن
(٣٦).

**بەیتا (سیسەبان)ێ:**

بەیتـا سیسـەبانێ ژ ڤەهانـدن و ڕسـتنا (مـەلا خالـدێ زێبـاری) یـە، بـۆ جـارا یەکـێ سـەیدا (صـادق بەهائەدیـن ئامێـدی)، هنـدەک ژ بەیتـا سیسـەبانێ د پەرتـووکا (هۆزانڤانێـت کـورد) دا بەلاڤکر و ب دیتنا وی یا (خالـد ئاغایـێ زێبـاری) یـە (٣٧)، کـو ل دەڤـەرا ئامێدیێ هاتبوو تۆمارکـرن. پاشـی سـەیدا (ئەمینـێ ئۆسـمان) دو تێکسـتێن دی یێـن وێ د پەرتـووکا (دیوانـا مـەلان) دا بەلاڤکـرن، بەیتـا یەکـێ ب زارێ کورمانجییـا ژوورییـە (بەهدینـی)، ئـەوی ژی ژ چەنـد دەسنڤیسـان وەرگرت بـوو کـو هـەر یـەک ژ لایـێ کەسـەکی ڤـە پەیداکـر بـوو. بەیـت ل نـک سـەیدایێ (م. ئۆسـمان) ژ ٤٣٦ مالـکا پێکدهێـت. یـا دووێ ب زارێ کورمانجییـا ناڤەراسـتە (سـۆرانی)، ژ لایـێ هۆزانڤـان مەدحـەت بێخـەو گەهشـتبوویێ کـو کەسـەکی ل نـک خـۆ نڤیسـی بـوون یـا بـێ ناڤـێ دانەرییـە (٣٨).

بـۆ جارا یەکـێ وەکـو پەرتووکـەکا سـەربەخۆ، هۆزانڤـان (هزرڤـان)ی چەنـد دەسـتخەتێن وێ کۆمکـرن و تویژانـدن و بەرهەڤکـر دگـەل ڤەکۆلینـەکا تێروتەسـەل ل دۆر ژیـان و خـودان و بەرهەمـێ ڤـی هۆزانڤانـی، ژ وەشـانێن یەکەتییـا نڤیسـەرێن کـورد/ تایـێ دهۆکـێ ڤـە سـالا ٢٠٠٧ێ هاتـە چاپکرن (٣٩). هەروەسـا ل باکـوور ل تیپێـن لاتینـی بێـی ناڤـێ هۆزانڤانـی ژ لایـێ ئەحمـەد دەمیـر ڤـە، کـو وەشـانێن نووبهـارێ یـە، هەتـا نوکـە دو جـاران هاتییـە چاپکـرن، چاپـا یەکـێ سـالا ٢٠١٢ چاپبوویـە، پاشـی سـالا ٢٠١٧ چاپـا دوویـێ دەرکەفتییـە. ئامـادەکاری دانوسـتاندن ل سـەر کرییـە و تنـێ هـزر بـۆ هنـدێ چوویـە کـو یـا (خالـدێ زێبـاری) بیـت!! بەلـێ کیـش خالـدێ زێبـاری؟ چونکـی گەلـەک خالـد هەنـە ناڤـێ وان هاتییـە تۆمارکـرن وەکـو زانـا و مـەلا...!! (٤٠).

هەروەسـا گەلـەک ڤەکۆلیـن ل دۆر بەیتـا سیسـەبانێ هاتینـە نڤیسـین و بەلاڤکـرن. وەکـو صـادق بەهائەدیـن ئامێـدی د گۆڤـارا (نووسـەری کـورد) دا (٤١)، عەبدولرەقیـب یووسـفی د گۆڤـارا (شـمس کردسـتان) دا ب زمانـێ عەرەبـی (٤٢). عەبدولرەحمـان مـزوری د گۆڤـارا (رۆشـنبیری نـوێ) دا (٤٣).

**مەلا خالدێ زێباری:**

شـێخ خالـدێ زێبـاری زانـا و هۆزانڤانەکـێ کوردە، کوڕێ شـێخ حسـێنێ کوڕێ شـێخ خالدێ

زێبارییــە، باپیرێ وی چوویــە جزیرا بۆتــان و ل وێــرێ گەلــەک پێشــکەفتییە، بابــێ وی شــێخ حسـێن مرۆڤەکـێ زانـا و کـورد پـەروەر بـوو، ژ لایێ رەشید پاشای ڤە هاتبوو گرتن ل گرتیخانا دیاربەکـر، فەرمانـا خـودێ بجهـ ئینـا و چـوو بەردلۆڤانیا خـودێ. شـێخ خالـد ل خواندنگەهـا زانایـێ مـەزن (مـەلا خەلیلـێ سیرتی ل باژێـرێ سێرتێ ل نـک کـورێ مـەلا مستەفای خواندییـە، هەروەسـا ل خواندنگەهـا (طانـزە) ل بۆتـان خواندییــە، پشــتی خواندنــا خــۆ ب دووماهــی ئینایـی، هـەر ل وێـرێ وانـە گۆتینـە، پاشـی چوویـە گونـدێ (باسـرەت) و بوویـە مەزنتریـن شـێخێ بۆتـان. ل سالا ١٢٨٧مش/١٨٧٠-١٨٧١ ز فەرمانـا خـودێ بجهـ ئینایـە و (٤٤) سـالا ژیایـە، کـو ل سـالا ١٢٤٣مـش/ ١٨٢٧-١٨٢٨ ژ دایـک ببـوو(٤٤).

باپیـرێ وی یـێ دویـر سـەلیمێ زێبـاری د چەرخـێ شـازدێ زاینیـدا، ل دەڤـەرا زیبـار رۆژئاڤایـێ زاخـۆ ژیایـە، حوسـێن بابـێ خالـدی ل سـەردەمێ میـرێ جزیـرێ محەمـەد کـورێ میـر شـەرەف خانـێ یەکـێ دا ١٧٥٠- ١٧٩٢ز، مشـەحتی دەڤـەرا بۆتـان بوویـە. هۆزانڤـان خالـد ل گوندێ زڤنگۆک ل بۆتـان سـالا ١٧٥٦ز ژ دایک بوویـە، پاشـی ل گونـدێ رەشـیدیێ ل باکـۆرێ میسـل ئاکنجـي بوویـە. ل ڤـی گونـدی ئیجـازا خـۆ یـا زانسـتی ژ ئیبراهیـم کـورێ عوسـمان ئەلرەشـیدی، یـا سـۆفیاتیێ ژ شـێخ ئەحمـەد کـورێ سـۆلتانێ رەشـیدیێ قـادری وەرگرتینـە.

پشـتی ئیجازە وەرگرتـی، جـارەکادی ڤەگەریـا دەڤـەرا بۆتـان ل گونـدێ رەشـنیە سـالا ١٨٠٥ز چوویـە بـەر دلۆڤانیا خـودێ. (لڤێـرە د ناڤبـەرا سـەیدایان عەبدولرەقیـب و مـزوری دا، سـالێن بـوون و مرنـا وی جوداهـی هەنـە/ا. ب). ژ بەرهەمێـن وی وەک: کرامـات الشـیخ احمـد الرشـیدي، وصایا الـی الحسـین (ولـده)، بەیتـا سیسـەبانێ ب کـوردی(٤٥).

هـەر ل دۆر بەرهەمێـن وی، سـەیدا عەبدولرقیـب دبێژیت کو ئەڤ بەرهەمێن خوارێ نڤیسینە:

١- قەولـێ سیسـەبانێ: ٣٥٠ دێـرە شـعرە. دو جـارا ناڤـێ خـۆ تێدا ئینایە.

٢- تەجویدا کوردی: ئـەو ژی ب کورمانجییـە، د زانسـتێ تەجویـدێ دایـە.

٣ - الزواجـر: ب زمانـێ عەرەبییـە، سـالا ١٢٧٣مـش/ ١٨٥٦ -١٩٥٧زا نڤیسـییە(٤٦).

ئـەو دانەیـا سیسـەبانێ ڤەکۆلـەر (هزرڤـان)ی چاپکری کـو مـەلا خـدرێ مارینـی سـالا ١٨١٨ز نڤیسـییە، دبێژیـت: لبـەر دەستنڤیسـا ئەسـلییا مەلا خالدێ زێباری هاتییە نەقلکرن(٤٧)، ئانکو پشـتی چاردە سـالان ژ وەغەرکرنـا وی، شـیایە ب سـاناهی ژ دەستنڤیسـا ئورگینـالا هۆزانڤانـی ڤەگوهیزیـت(٤٨). هەروەسـا عەبدولرەقیـب یوسف ژی ل وێ باوەریـێ یە کو ئەڤ زێبارییە خودانـێ سیسـەبانێ یـە،

ژبلـی ئەڤـی هۆزانڤانـی، چەنـد زانـا و کەسـایەتیێن دیتـر ب ڤـی ناڤـی هەنـە، کـو جودانـە، لـەوا هنـدەک ڤەکۆلـەر کەفتینـە شاشـییان و هزرکرییـە ئەڤـە خەلکـێ زێبـارا دەڤـەرا ئاکـرێ یـە، بەلـێ هەکـە پێداچوونەکـێ د بەیتـا سیسـەبانێ دا بکەیـن، دێ ب سـاناهی دەڤـۆکا بۆتـان تێـدا ئاشـکرا بیـت.

هۆزانەک ژ بەرهەمێن شێخ خالدێ زێباری:

**هات بسەرمندا ژ لیوانێ حەبیبا پر صفات**

**زینەت و خەملا موبارەک خاوەرا شەرقێ هلات**

**ژ عەکسا نیشانا تدارک خەملین دار و نەبات**

**احسن الله تبارک دلبەرا شیرین صفات**

**وا ژ لیوانێ جودا بو مثلێ نەجمان درژی**

شوبهەتی بەرق و بروسکێ رەعدێ کررەژی
شاهی کاسەک من بدەست وێ ئەو ژ خەمرێ برێژی
بی عبارەت گۆ من وەرە ژێ ڤەخو ئەی بێ مەژی

هاتە سەر من دلبەرا دێم خاوەرا رویێ زەمین
کەوکەب و هەیبەت هاتە پێش ئەو نازەنین
شوبهی سۆرگول هاتە نک من ئەو ب ئەلفاظێن شیرین
نێرگز شەهلا دیار بو بۆ مە ئەو نعم الأمین

دێم هەیڤا برچالە وری من دخودی ئەی برا
سین و صەدرێ پر مراری شوعلەدا شوبهی چرا
ئەز بریندارم ژ رەمز و غەمز و تیرێن ئاورا
ڕایەکێ هون ل من بکن ئەی گەلی دۆست و هۆگرا

بومە حەیران ئەز ل بەژن و قامەتا دوڕڕا یەتیم
حال وێ گاڤێ حەتا ئەڤرۆ ل چۆمامە سەقیم
حەییریمە مامە حەیران ئەی گەلی یارێن نەدیم
ئەز بریندارم ژ دەست وێ گەلۆ کانێ حەکیم

ئەی گەلی یاران حەکیم چوویە نەنێڕا جورح و کول
سەد هەزار کۆڤان و ژان و ئاهێ من مانە ددل
گەر ببێژم ئاهـ و کۆڤانێن د خۆ ناچن سجل
لەو مودایێ ژ فراقێ من د چاڤ مابینە شل

احسن الله تبارک بەژن و بالایا تەنک
حور و ولدان و غلمان هەم پەری گەر بێنە نک
شیڤ و رۆژان تا قیامەت وا نەڤێن ڕابن ژ نک
وێ هەیڤا ل چاردەها ئەبرۆ و هلالا برسقک

بێهن و بویەک خۆش د نورا ژ مەجمەرا سیمەن بەدەن
هەر وەکی کافور و قاقل ئەو ژ وێ دوڕڕا عەدەن
ئەز کرم سەرخۆش ب مسکێ ئاهوا دەشتا خەتەن
ئەز گرێدام ب دو زولفان بەستمە ئەز ب رەسەن

ئەز گرێدا مە ب قەیدا هەم ب زنجیرێن وەرەش
بو مە سەرخۆش ئەز ژ بێهنا وەرد و ریحانێن دڕەش
نێرگز و نەسرین و چیچەک هەم ب ئالائێ دگەش
تێنە جولان وەک سنوبەر نجم نابم وەک بنەفش

سوسن و سونبول ژ بێهنا وێ دەلالێ بۆ فهێت
حە چ کەسێ دیتن جەمالا زوێ ژبۆ وی نین تەبێت
وی ل دلدا هلبتن دا تو بزانی نار و پێت
دائما حوسن و جەمالا لالوا وەردا دڤێت

قەت نەدیتە چاڤ و قەلبان وەک حەبیبا من ددل
ژ هەیبەت و حوسن و جەمالێ دل بریندارە و کول
شکل و زیبایێ مونەووەر کاکل و مارێن دمل
احسن الله تبارک ژ سرڕا وێ بومە شل

هاتە پێش من شوعلە دا هەر شەش جهێ روێ زەمین
ب ئاورا وێ ئەز براشتم دایە بەر من وێ کەمین
چووە پشت پەردێ خو خەف کر هەردو رویێن ئاهەنین
لەو مودام هەر ژمن تێن ئاهـ و ئەفغان و ئەنین

ئەو ل پش پەردێ خو خەف بو مامە مەحروم و سڤیل
عەقل و تاقەت وێ ژمن بر بومە عەبدال و ذەلیل
ئەو ژبۆ (خالد) ئوستادە ئو مورشید هەم دەلیل
دەستگرێ من دڤێ رێ یێ بویە ئیبراهیم خەلیل (٤٩).

ژێدەر:

٢٧. هۆزانڤان (ڕەنجووری ) ژ عەشیرا زەنگەنانە ل دۆرێت کەرکووکێ، ، سالا (١٣٠٠ مش/ ١٨٨٣ ز) ل مەدینێ چوویە بەر دلۆڤانیا خودێ و ل وێرێ هاتییە ڤەشارتن، دیوانەکا تەڤاڤ هەیە و سالا ١٩٨٣ ل بەغدا ژلایێ محەمەد عەلی قەرەداغی ڤە هاتییە چاپکرن.

٢٨. محەمەد عەلی قەرەداغی، دیوانی ڕەنجووری

(مەلا عومەری زەنگەنە)/ (لێکۆڵینەوە)، چاپی یەکەم، بەغدا – ١٩٨٣، ل٧٠ – ٧١.

٢٩. جەگەرخوین، دیوانا زەند – ئاڤێستا/ ٥ (سەرجەمێ هۆزانێن جەگەرخوین، ڤەگوهاستن ژ لاتینی: مەحموود ئۆسمان هالۆ، ئامادەکرن وپێداچوون: د. فاخر حەسەن گولی، ٢٠٢١، ل٥٤. یان: نەوزاد عەبدوللا بامەڕنی، ئایدیۆلۆژیا د هۆزانێن (جەگەرخوین)ی دا، دهۆک – ٢٠٠٧، ل١٠٧.

٣٠. جەگەرخوین، دیوانا سەورا ئازادی/ ٢ (سەرجەمێ هۆزانێن جەگەرخوین، ڤەگوهاستن ژ لاتینی: مەحموود ئۆسمان هالۆ، ئامادەکرن وپێداچوون: د. فاخر حەسەن گولی، ٢٠٢١، ل١٧٤.

و ٢ جەگەرخوین، فەرهەنگا کوردی، هەژمار (١)، چ ١، بەغدا – ١٩٦٢، ل١٩٠ و ٢٠١.

٣٢. عبدالرحمن مزوری، پێنجی و ئێک شاعرێن کورد!! (گوتار)، رۆژنامەیا (بۆتان)، دهۆک، هژمار (٨) شواتا ١٩٩٢، ل٤. یان: زاهد بریفکانی، کوردستان – دیوانا شێخ مەمدوحێ بریفکانی، هەولێر – ٢٠٠٢، ل٢٣.

٣٣. توما بوا: مع الأكراد، ترجمة: ئاواز زنگنه، بغداد – ١٩٧٥، ص١٤٦. یان: توما بوا: ژیانی کوردەواری، وەرگێرانی: حەمە سەعید حەمە کەریم، سلێمانی- ١٩٨٠، ل٢٥٧.

٣٤. عبدالرقیب یوسف، سیاپۆش شاعیرێکی کوردی پایەبەرزە (گوتار)، گۆڤارا (بەیان)، ژێدەرێ بەرێ، ل٨٦.

٣٥. ئەنوەر سوڵتانی، داستانی «سەیفولملووک و بەدیعولجەمال»ی «سیاهپۆش» دەسنووسێکی کوردی لە «کتێبخانەیی بەریتانیا، ژێدەرێ بەرێ، بپ ٦٩ و ٧٥.

٣٦. ئیسماعیل بادی، سیاهپۆش، ژیان و بەرهەم (دیوان)، دهۆک – ٢٠٢٠، (بەرهەڤە بۆ چاپێ).

٣٧. صادق بهاءالدین ئامێدی، هۆزانڤانێت کورد، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا- ١٩٨٠، ل٢٦٣- ٢٧١.

٢٠ محەمەد ئەمین ئوسمان، دیوانا مەلان، ژ بەلاڤکرییێت ئەمینداریيەتا گشتییا رۆشنبیری و لاوان، هەولێر- ١٩٨٦، ل٨٩- ٢٠٤.

٣٩. هزرڤان، سیسەبان ژ دانانا مەلا (خالد)ێ زێباری (تویژاندن و بەرهەڤکرن)، دهۆک – ٢٠٠٧.

٤٠. ئەحمەد دەمیر، قەولێ نەوالا سیسەبانێ (ئامادەکار و تیپکۆهیز)، وەشانێن نووبهارێ، تەمبۆڵ - ٢٠١٧.

٤١. صادق بهاءالدین ئامێدی، خالد ئاغایێ زێباری و بەیتا سیسەبانێ، گۆڤارا (نووسەری کورد، ژمارە (٧) نەورۆزی ١٩٧٢، ل٢٤ -٢٦.

٤٢. عبدالرقیب یوسف، العالم والشاعر الكردي الشیخ خالد الزيباري، مجلة (شمس كردستان)، العدد (٥١) ايلول ١٩٧٨، ص٨-٩.

٤٣. عبدالرحمن مزوری، ڤەکۆلینەک د بەیتا سیسەبانا خالدێ زێباری دا، گۆڤارا (رۆشنبیری نوێ)، ژمارە (١١٩)، سالا ١٩٨٨، ل٥٢.

٤٤. عبدالرقیب یوسف، هۆزانەک ل بەرهەمێن زانا و هۆزانڤانێ کورد شێخ خالدێ زێباری (گوتار)، رۆژناما (هاوکاری)، ژمارە (٤٧٠)، رۆژا دووشەممە ١٩٧٩/٤/١٦، ل٦.

٤٥. عبدالرحمن مزوری، کاودانێن رەوشەنبیری ل میرگەها بەهدینا، گۆڤارا (دیرۆک)، هژمار (٥) هاڤینا ٢٠١٤، ل٢١-٢٢.

٤٦. عبدالرقیب یوسف، هۆزانەک ل بەرهەمێن زانا و هۆزانڤانێ کورد شێخ خالدێ زێباری (گوتار)، رۆژناما (هاوکاری)، ژێدەرێ بەرێ.

٤٧. هزرڤان، سیسەبان ژ دانانا مەلا (خالد) ێ زێباری (تویژاندن و بەرهەڤکرن)، دهۆک – ٢٠٠٧، ل٣١.

٤٨. عبدالرحمن مزوری، کاودانێن رەوشەنبیری ل میرگەها بەهدینا، گۆڤارا (دیرۆک)، هژمار (٥) هاڤینا ٢٠١٤، ل٢٢.

٤٩. عبدالرقیب یوسف، هۆزانەک ل بەرهەمێن زانا و هۆزانڤانێ کورد شێخ خالدێ زێباری (گوتار)، رۆژناما (هاوکاری)، ژێدەرێ بەرێ.




# ئەو هاوارەی نەبیسترا

## (نموونەی ڕۆمانی بنکۆڵکاری لە ئەدەبیاتی کوردیدا)

سەنگەر زراری

لەجیاتی ئەم ناوونیشانەی سەرەوە، دەمتوانی بنووسم «بەشە تەواونەکراوەکەی بیرەوەرییەکانی دڵدار»، چونکە ئەم ڕۆمانە هەمان کاریشی کردووە و بیرەوەرییەکانی دڵداری تەواو کردووە، بەڵام وردتر بڵێین لێرەدا ئەو بنکۆڵکارییەیە کە لە ڕۆمانەکەدا کاری لەسەر کراوە، چونکە هەم ئەو بیرەوەرییانەی تەواو کردووە کە دڵدار نووسیویەتی و بە نیوەچڵی گەیشتووەتە دەستی ئێمە، هەم کارێکی وردی بنکۆڵکاریشی کردووە لەسەر کۆی ژیانی دڵدار، تەنانەت بەو بەشەشدا چووەتەوە کە دڵدار خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی.

ئەگەر ورد تەماشا بکەن، لێرەدا گوزارشتی «بە نیوەچڵی گەیشتووەتە دەستی ئێمە»م بۆ بیرەوەرییەکانی دڵدار بەکار هێنا، لەمەشدا دەمەوێ ئەو گومانە بێنمەوە بەرباس کە ئایا دڵدار بیرەوەرییەکانی تەواو کردووە، یان بە لایەنی کەم لەوە زیاتری نووسیوە کە ئێستا لەبەردەستی خوێنەراندایە و لە پێشەکی دیوانەکەیدا بڵاو کراوەتەوە؟! یان هەر ئەوەندەیە و تەواو! ئەم گومانەم بە هۆی پەڕەگرافی نووسینێکی د. کەمال مەزهەرەوەیە کە لەبارەی چاپکردنی بیرەوەرییەکانی دڵدار لە لایەن م. عەبدولخالق عەلائەددین دەڵێت: «لەسەر ڕای کاک مەسعوود محەمەد هەندێ لە بیرەوەرییەکانی لابرد بۆ فرسەتێکی دی، بۆ ئەوەی ڕۆژگارێک بێتە پێش و لە چاپەکانی تر بە تەواوی چاپیان بکات...» (١) کەواتە بەپێی ئەم قسەیەی د. کەمال مەزهەر ئەو بیرەوەرییانەی دڵدار کە لە دیوانەکەیدا بڵاو کراوەتەوە، هەمووی نییە، لە کاتێکدا پێویست بوو ئەو بیرەوەرییانە نەفەوتێن، چونکە ئەم بیرەوەرییانەی دڵدار یەکەمین هەوڵی نووسینەوەی بیرەوەرین کە بە زمانی کوردی نووسرابن،

لەبەر چی ئەوکات هەمووی بڵاو نەکراوەتەوە و ئێستاش بۆ نەماوە؟! هۆکارەکەی دیار نییە!

لە خوێندنەوەی ڕۆمانی «ئەو هاوارەی نەبیسترا» یەکەم پرسیار کە لای خوێنەر دروست دەبێت، ئەوەیە کە بۆچی لەنێو زۆربەی کەسایەتییە دیارەکانی کورد، دڵدار بووەتە بابەتی ئەم ڕۆمانە، لە کاتێکدا دڵدار خۆیشی بەشێکی بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە و زۆر شتی لەبارەی خۆی گوتووە، بە بۆچوونی من نووسینی ئەم ڕۆمانە لە لایەن «ئارام محەمەد»ەوە چەند هۆکارێکی لەپشتە، لەوانە:

**یەکەم:** دڵدار لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیدا، زیاتر تیشکی خستووەتە سەر خودی خۆی، لە کاتێکدا بنەماڵەی مەلا ڕەئووفی باوکی دڵدار و خوشک و براکانی دیکەی دڵداریش کەسانی خاوەن توانست و چالاک بوونە و تەنیا دڵدار ناوی دەرکردووە. ئەم ڕۆمانە ویستوویەتی ئەوە دەربخات کە بنەماڵەکە بە گشتی کەسانی ناودارن و لە ناو و ناوبانگی خۆیان کەمتر ناسراون.

**دووەم:** ئاسەف و سەعدی برای و زەینەبی خوشکی دڵدار، کاریگەریی زۆریان لەسەر کۆی ژیانی دڵدار هەبووە، ئەمە کەمتر لە بیرەوەرییەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە وەکوو گوتمان جەختەکە زیاتر لەسەر خودی خۆیەتی.

**سێیەم:** بەشی زۆر و کاریگەری ژیانی دڵدار دوای ئەو کاتەیە کە لە کەرکووکەوە دەست پێ دەکات، ئەو بەشەش لە بیرەوەرییەکانیدا نییە.

هەر لەبەر ئەم خاڵانە، نووسەری ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانێکی بنکۆڵکاری لەبارەی ژیانی دڵدارەوە نووسیوە، «ڕۆمانی بنکۆڵکاری بە دوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێت بە مەبەستی داڕشتنەوەی ئەم ڕاستییانە بە شێوەی ڕۆمان، لەم جۆرە ڕۆمانەدا، مەرج نییە ڕۆماننووس بگاتە تەواوی حەقیقەتەکان، بەڵکوو ئەو ڕاستییانەی پێیان گەیشت تەوزیفیان دەکات و ئەوەشی نەیدۆزینەوە، دەتوانێ لە ڕێگای خەیاڵی ئەدەبی و ڕۆماننووسانەوە سپێتییەکانی پڕ بکاتەوە، کە نەیدۆزیونەتەوە، لێرەدا گەڕان و پشکنین ئامرازێکی ئەدەبییە و ئامانجە سەرەکییەکە نییە، بەڵام هاوکات ئەمە لەوەش کەم ناکاتەوە کە ڕۆماننووس بیەوێ ڕاستییە شاراوەکان ئاشکرا بکات و دەریان بخات.» (٢)

وەک دەزانین کاری بنکۆڵکاری زیاتر کارێکی ڕۆژنامەوانی و هەواڵگرییانەیە، بەڵام بنکۆڵکاری لە بواری ئەدەبیات و نووسینی ئەدەبیدا، ئەرکێکی جیاوازی هەیە و ئامانجیان جیاوازە، «ئەگەر لە کاری ڕۆژنامەوانیدا، ڕاپۆرتی بنکۆڵکاری ئامانجی ئەوە بێ کە هەندێ تاوان و بابەتی شاراوە ئاشکرا بکات و هەندێ ڕاستی بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و (گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویستی وەک سزا و پاداشت) دەربخات، ئەوە ڕۆمانی بنکۆڵکاری کاری ئەوەیە ڕاستییەکان دەربخات، بەڵام ئەو شوێنەی کە ڕاستییەکانی تێدا نەدۆزرایەوە لە کاری ڕۆژنامەوانیدا بە کراوەیی دەهێڵرێتەوە، کەچی لە ڕۆماندا بە شێوەیەکی ئەدەبی و هونەری دادەڕێژرێتەوە و ئەو کەلێنانە بە خەیاڵی ئەدەبی و بە زمانێکی ئەدەبی و لە فۆرمی دەقێکی ئەدەبیدا دەخرێنە ڕوو.» (٣)

لە لایەکی دیکەشەوە، «ئەو پشکنینە ئەدەبییانەی دەکرێن، زیاتر بە مێژووەوە پەیوەستن و لە ڕێگای دەقی ئەدەبییەوە دەردەبڕدرێن، واتا وەکوو پشکنینە ڕۆژنامەوانی و هەواڵگرییەکان نین پێوەندییان بە تاوان و ئێستاوە هەبێت، یان پەیوەست بن بە جۆرە پشکنینی وەکوو شوێنەوارناسی و ماددییەوە.» (٤)

بێگومان ئەم جۆرە ڕۆمانە کاری زۆری دەوێ، هەر بۆیە «ڕۆمانی بنکۆڵکاری ماندووکەرە، بەڵام وەک چۆن تاوانێک ئاشکرا دەکرێت و ڕاستییەکان ئاشکرا دەبن دڵخۆشکەرە، بە هەمان شێوە کاتێک ڕۆماننووسی بنکۆڵکاریش دەگاتە هەندێ ڕاستی، هەم خۆی دڵخۆش دەبێت و هەم شتێکی نوێش پێشکەشی خوێنەر دەکات، بێگومان ئەمەش چێژی بۆ خوێنەر دەبێت.» (٥)

لە خوێندنەوەی (ئەو هاوارەی نەبیسترا)، هەست بەوە دەکەین کە نووسەر هەم ماندوو بووە و زانیاریی زۆری کۆ کردووەتەوە، هەم دەبێ هەستی بە دڵخۆشییەکیش کردبێ، چونکە گەیشتووەتە هەندێ ئەنجامی جیاواز، یان شاراوەی جیا لەو زانیارییە سنووردارانەی ئێمە لەبارەی ژیانی دڵدارەوە دەیانزانین، هەروەکوو خوێنەریش هەست بەو چێژی خوێندنەوە و زانیارییانەش دەکات کە لەم ئەنجامەدا بەدەست هاتوون.

لەو زانیارییانەی کە خوێنەر لە ڕێی ئەم ڕۆمانەوە پێیان دەگات و لە ئەنجامی وردبوونەوەی نووسەر و کارە بنکۆڵکارییەکەیەوە دەردەکەوێ، دەشێ لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان بکەین:

**یەک:** بنەماڵەی مەلا ڕەئووفی خادم سەجادە بە گشتی بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و لێهاتوو بوونە، ئەمە تەنیا لە دڵدار، یان بەم دواییەش هەندێ کار لەسەر «زەینەب خان - کچە کورد»ی خوشکی دڵدار کراوە و توانایییەکانی دەرکەوتووە، ڕەنگ ناداتەوە، بەڵکوو هەر یەکە لە مەلا ڕەئووفی خادم سەجادەی باوکیان و ئاسەفی براشیان، کەسایەتی دیار و کاریگەر بوونە، تەنانەت سەعدی براشیان کاریگەریی خۆی هەبووە هەم لەسەر دڵدار و هەم لەسەر ڕووداوەکانی ئەو کاتە.

**دوو:** وردبوونەوە لە پێوەندی نێوان هەندێ کەسایەتی دیاری ئەو سەردەمەی وەکوو بێکەس و ڕەفیق حیلمی و سەعیدئاغای هاوسەری زەینەب خان و چەندانی تر.. لەگەڵ دڵدار و بنەماڵەی مەلا ڕەئووف لەم ڕۆمانەدا تیشکی خراوەتە سەر و ئاشکرا کراوە، لە کاتێکدا لە بیرەوەرییەکانی دڵداردا ئەمانە باس نەکراون.

**سێ:** ڕۆڵی دڵدار لە دروستکردنی کۆمەڵەی دارکەر و دواتریش دامەزراندنی حزبی هیوا دەردەخات.

**چوار:** پێوەندیی نێوان زەینەب خان و ئاسەف و دڵدار و ئەو کاریگەرییانەی لەسەر دڵدار هەیانبووە، بە تایبەتیش کاریگەرییەکانی زەینەب خان، چونکە لە بیرەوەرییەکانیدا دڵدار هەر ئەوەندە لەبارەی کاریگەری زەینەبەوە دەڵێت: «بەڵام زروفی ئەوساکەی عائیلەوی مامۆستای هەرە گەورەم بووە و سوڵتەی دایکم و خوشکی لەخۆگەورەترم (مەبەستی زەینەبە) مورشیدم بوون.» (٦) کەچی ڕۆماننووس بە پشتبەستن بە بەدواداچوونەکانی، ئەم پێوەندییەی ورد کردووەتەوە و بە فراوانی کاری لەسەر کردووە، بۆی دەرکەوتووە کە کاریگەرییەکەی زەینەب گەلێک زۆر بووە، ئەوەشی دەرخستووە کە ئاست و شێوازی کاریگەرییەکەیان لەسەر دڵدار چۆنە؟

**پێنج:** ئەو پێوەندییەی لە نێوان دڵدار و «بەهیە فەرەجوڵڵا» هەبووە، بە گێڕانەوەکانی مامۆستا «مەسعوود محەمەد» زۆر جیاوازە لەو ئەنجامەی کە ڕۆماننووس پێی گەیشتووە، ئەگەر تەماشاش بکەین، مامۆستا مەسعوود محەمەد خۆیشی دڵنیا نییە لەو پێوەندییە بەو شێوەیە و هیچ بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرای لەبارەی ئەوەوە نییە کە پێوەندییەکە خۆشەویستی

بێت. بەپێی گێڕانەوەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد، دڵدار بۆ بەهیە سووتاوە و تاکلایەنە خۆشی ویستووە: «دڵدار و من لە یەک ژووری ئوتێلی (ڕەشید)ی گەڕەکی (سيد سلطان علي) مان بەسەر برد، لەو دوو ساڵەی خوێندندا بە یەکەوە ژیانمان هەموو ئەو ڕووبەرە دەروونییە شرایەوەی کە بشێ بەرچاوی برادەر بکرێتەوە، بۆ یەکترمان کردەوە، بەڵام لە گۆشەی حەز و دڵدارییەوە باسی بەهیەم هەرگیز لە دڵدار نەپرسی، چونکە دەمزانی حەزلێکردنێکی یەکلاییە و بۆ ئەو بە سفتوسۆیە...» (٧) یان: «لەو دوو ساڵەدا دەروونی ئاوس بوو بە عیشقی بەهیە، بێ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بدرکێنێ خۆشی ویستووە...» (٨)

لێرەدا پرسیار ئەوەیە؛ ئایا ئەگەر دڵدار بە ڕاستی ئەم کچەی خۆش ویستووە و ئەوانیش دوو ساڵ بەیەکەوە لە یەک ژوور بوونە، چۆن ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیدرکاندووە؟! کەواتە ئایا ناکرێ ئەو لێکدانەوەیەی مامۆستا مەسعوود محەمەدیش وا دابنێین هەڵەتێگەیشتنێک، یان گومانێک بووە و دەشێ ڕاست بێت و دەشێ ڕاستیش نەبێت، هەر بۆیەش بەپێی ئەو ئەنجامە بنکۆڵکارییەی ڕۆماننووس پێی گەیشتووە (کە وەک بزانم لە ڕێی زانیاری و بەدواداچوونەوە پێی گەیشتووە)، هیچ پێوەندییەکی لەم جۆرە لە نێوان دڵدار و بەهیەدا نەبووە و تەنیا پێوەندییەکی هاوڕێیانە بووە، بۆیەشە لە ڕۆمانەکەدا بە جۆرێک وێنای کردووە کە وەکوو خوشک تەماشای بەهیەی کردووە: «دوو مانگە دەرسی پێ دەڵێم، تامی خوشک دەدا...» (٩).

یان لە نامەیەکدا بۆ زەینەب دەنووسێت: «بەهیە نووسینی کوردیی باش نییە، دەیەوێ بە کوردییەکی ڕەوان بخوێنێتەوە و بنووسێت، لەگەڵ دەرسخوێندندا باسی چالاکییەکانی خۆم بۆ کردووە، ئەویشم کردووەتە ئەندامی حیزب، جا خەیاڵت دوور نەڕوات، بۆیە بەو هەموو وردەکارییەوە باسم کرد تا وەک من وەک خوشک خۆشت بوێت...» (١٠)

ئەم ڕۆمانە بە شێوازی ژیاننامەی ڕۆمانئامێز نووسراوە، ژیاننامەی ڕۆمانئامێز، کارێکی داهێنەرانەی (دووڕەگی)ی ئەدەبییە، تێکەڵاوکردنی دوو هونەری گێڕانەوەی دیار و ناسراوە، کە ئەوانیش بریتین لە (ژیاننامە، یان یاداشتنامە و بیرەوەری) لەگەڵ (ڕۆمان)، واتا ڕەگەزەکانی ژیاننامەی ڕۆمانئامێز، پشت بە هەردوو ژانری (ڕۆمان) و (ژیاننامە) دەبەستێت.

لەم ژانرە ئەدەبییەدا، ژیاننامەی هەر کەسێک بگێڕدرێتەوە، دەبێ بەپێی ئەو مەرجانە بێت کە گێڕانەوەی ئەدەبی دەیخوازێ، واتا هاوشێوەییەکی تەواو نییە لە نێوان ئەم هونەرە و هونەری گێڕانەوەی ژیاننامە، یان نووسینی یاداشتنامەدا، کە تەواو واقیعین و گێڕانەوەی ڕاستەقینەی ژیانی کەسەکانن.

ژیاننامەی ڕۆمانئامێز، توانایی جۆراوجۆر و بێکۆتا بە نووسەرەکەی دەدات و دەستکراوەی دەکات بۆ ئەوەی ڕووداوە ڕاستەقینەکان تێکەڵ بە خەیاڵ و فەنتازیا بکات، کە هەر یەکە لەم دووانە، واتا چ ڕۆمان و چ ژیاننامە، ناتوانن بە تەنیا ئەم کارە بکەن. (١١)

وردیی گێڕانەوە و خستنە بەرچاوی وێنەی دراماتیکی بە شێوەیەکی هونەرییانە، تایبەتمەندیی ئەم ڕۆمانەن، لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا، خوێنەر هەست ناکات ڕووداوێک دەخوێنێتەوە، بەڵکوو هەست دەکات خۆی لەناو ڕووداوەکاندایە و دەیانبینێ و هەستیان پێ دەکات، هەر هیچ نەبێ هەست دەکات بە شێوەی فیلم ڕووداوەکانی دێتە بەرچاوی، تۆ سەیری ئەم وێنایە بکە: «لە کاتی یاریی شەترەنجدا، زەینەب بە باوکمی

گوت: با يارييەكەت لێ ببەمەوە جا ڕووداوێكت بۆ دەگێڕمەوە. باوكم پێی گوت: حاڵت باش نييە، پێنج سەرباز و هەردوو فيلت خوراوە، بردنەوەی چی؟! زەينەب گوتی: هەمووتان شايەد بن، بە سێ جووڵەی ديكەی ئەسپ و قەڵا، مەليكی باوكم دەنێرمە سيبيريا. پێكەنين و چەپڵەمان بۆ لێ دا، هەمووانی سەرسام كردبوو، ئەوانەی دەهاتنە ماڵەوە و يارييان لەگەڵ دەكرد، بۆ ئەوە نەدەهاتن لێی ببنەوە، دەهاتن فێر بن چۆن يارى ببەنەوە، پێچەوانەی ئەو خەڵكە، هەرچەندە باوكم و خوشكم هەوڵيان دا، فێری شەترەنج نەبووم...» (١٢)

لە ڕێی ئەم جۆرە گرتەيەوە، نووسەر ناڕاستەوخۆ دەيەوێ شتی ديكە بڵێ، بۆ نموونە لەم گرتەيەدا دەيەوێ زيرەكی و بليمەتی كەسايەتييەكی وەكوو زەينەب خان دەربخات، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئەمە بڵێت. لەمەوە دەردەكەوێ كە ڕۆماننووس چەندە بە ديقەتەوە كاری كردووە و وێنای ڕووداوەكانی كردووە، ئەمەش سەركەوتوويی دەقەكە نيشان دەدات.

**پەراوێزەكان:**

١ - كۆمەڵێك هۆنراوەی فۆلكلۆری كوردی (دەشتی هەولێر و وراتی كۆيە). كۆكردنەوەی: زەينەب خان مەلا ڕەئووف خادم سوجادە، لێكۆڵينەوە و پەراوێز: عەبدولخالق عەلائەددين، پێشەكی: د. كەمال مەزهەر ئەحمەد. ل٧.

٢- الرواية الاستقصائية، واسيني الأعرج. موقع: جريدة القدس العربي.

٣- الرواية الاستقصائية. من النص والى النص، احمد عساف، موقع: جريدة البعث.

٤- الرواية الاستقصائية، واسيني الأعرج...

٥- الرواية الاستقصائية، واسيني الأعرج...

٦- دڵدار، بيرمەند و شاعيری شۆڕشگێڕی كورد، عەبدولخالق عەلائەدين، چاپخانەی سەلاحەدين (هەولێر)، چاپی دووەم، (٢٠١٩)، ل٣٥.

٧- شكۆی ئەدەب، مەسعوود محەمەد، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، چاپی يەكەم، (٢٠٢١). ل١٤١.

٨- شكۆی ئەدەب...ل١٤٢.

٩ - ئەو هاوارەی نەبيسترا (ڕۆمان)، ئارام محەمەد، وەشانی نووسيار، چاپی يەكەم، (٢٠٢٢). ل١٣٦.

١٠- ئەو هاوارەی نەبيسترا... ل١٣٧.

١١- هونەری ژياننامە: شێوازەكانی نووسينەوەی بيرەوەری، گەشتنامە، ڕۆمانی مێژوويی، لێكۆڵينەوەی ئەدەبی، نووسينگەی تەفسير، چاپی يەكەم، (٢٠١٩)، ل٢٥٣.

١٢- ئەو هاوارەی نەبيسترا...ل٤١.

**سەرچاوەكان:**

(١) ئەو هاوارەی نەبيسترا (ڕۆمان). ئارام محەمەد، وەشانی نووسيار، چاپی يەكەم (٢٠٢٢).

(٢) دڵدار، بيرمەند و شاعيری شۆڕشگێڕی كورد، عەبدولخالق عەلائەدين. چاپخانەی سەلاحەدين (هەولێر)، چاپی دووەم، (٢٠١٩).

(٣) كۆمەڵێك هۆنراوەی فۆلكلۆری كوردی (دەشتی هەولێر و وراتی كۆيە)، كۆكردنەوەی: زەينەب خان مەلا ڕەئووف خادم سوجادە، لێكۆڵينەوە و پەراوێز: عەبدولخالق عەلائەددين، پێشەكی: د. كەمال مەزهەر ئەحمەد.

(٤) الرواية الاستقصائية، واسيني الأعرج، موقع: جريدة القدس العربي.

(٥) الرواية الاستقصائية، من النص والى النص. احمد عساف، موقع: جريدة البعث.

(٦) شكۆی ئەدەب، مەسعوود محەمەد، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، چاپی يەكەم (٢٠٢١).

(٧) هونەری ژياننامە: شێوازەكانی نووسينەوەی بيرەوەری، گەشتنامە، ڕۆمانی مێژوويی. لێكۆڵينەوەی ئەدەبی، نووسينگەی تەفسير، چاپی يەكەم، (٢٠١٩).




# خوێندنەوەیەکی کورت بۆ ڕۆمانی (باڵندەکانیش دەنیشنەوە)

سەدیق سەعید ڕواندزی
(ڕواندن)

هیچ ژانرێکی ئەدەبی وەکوو ڕۆمان، لە چنینی ڕووداوەکان پێویستی بە وردەکاری و گێڕانەوە و وەسف نییە، بە جۆرێک کە ڕۆمان بە هونەری گێڕانەوە و وردەکارییەکان دەناسرێت. بە بڕوای من، ڕۆماننووس وەک ئەو ئەندازیارەیە کە نەخشەی کارێکی ئەندازەیی ڕێک دادەڕێژێت و ئەگەر بچووکترین لایەنی ئەو نەخشە و ئەندازەسازییە لە بەرچاو نەگرێت، ئەوە ڕەنگە کارێکی هونەریی سەرکەوتوو، نەخشەیەکی هونەرییانەی جوان دەرنەچێت، ڕۆمانیش بە هەمان شێوە، ئەگەر ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و وەسف و نیشاندان و ناساندنی کارەکتەرەکان، بەو شێوەیە ورد نەبێت، بێگومان دەکەوێتە هەڵەی وەها کە خۆیشی درکی پێ ناکات.

لە میانەی ئەزموونی خۆم وەک خوێنەرێک و لە پەراوێزی خوێندنەوەی ڕۆمانەوە، گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆماننووسەکانی ئێمە، لەو وردکارییە شارەزانین و دەکەونە هەڵەوە، بە جۆرێک وەسفی شتێک دەکەن، کەچی لە درێژەی ئەو وەسفەدا، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، دەکەونە هاودژییەوە. ڕۆماننووسەکانی ئێمە، زۆر جار (وەسف) کە توخمێکی سەرەکی و بنەڕەتی ژانری چیرۆک و ڕۆمانە، وەک پێکهاتەیەکی هونەری و یەک وێنەیی دەبینن و ناچنە نێو ئەو وردەکارییەی کە دەبێ لە نێو ئەو وەسفەدا هەبێت، بۆ نموونە: تۆ کە باسی وەرزی زستان دەکەیت، دەبێ ئەوەت لە خەیاڵ بێت بەفر و باران و ڕەهێڵەش لە زستان هەن، کە باسی هەڵەی میکانیکی فڕۆکەیەک دەکەیت کە بە ئاسمانەوەیە و دەفڕێت، دەبێ باسی ئەوەش بکەیت کە لەو کاتەدا سەرنشینانی لە چ دۆخێکی ترس و دڵەڕاوکێ و مەترسیی ژیان دان. ئەم جۆرە وەسفکردن

لە ژانری ڕۆمان و چیرۆکدا زۆر گرنگە، چونکە بە هۆیەوە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، مەودایەکی تر وەردەگرن و لە پەراوێزیشییەوە خوێنەر وردتر دەچێتە نێو بینای هونەری ڕۆمانەکەوە.

لەو ڕوانگەیەوە، لە ڕۆمانی (باڵندەکانیش دەنیشنەوە) جۆرێک پارادۆکسی لە وەسفی ڕووداو و کارەکتەر و تیمەی ڕۆمانەکە بە گشتی دەبینین. بە شێوەیەک کە ڕۆماننووس لە یەک دەربڕینیدا، بە دوو جۆر وەسفی پێچەوانەی دژ بە یەکی شتێک دەکات. ئەم ڕۆمانە، چیرۆکی پەنابەرێتی چەند کەسێک دەگێڕێتەوە کە بە هۆی شەڕ و نالەباریی ژیانیانەوە، ڕووەو ئەورووپا بە ڕێگەیەکی یاساغ و پڕ نەهامەتی کۆچ دەکەن و سەرەنجام لە کەمپێکی پەنابەراندا یەک دەگرنەوە. ئەو کەسانە، قوربانیی شەڕ و نەهامەتییەکانی ژیانی نێو وڵاتەکەیانن و بەو خەونەوە دەچنە ئەورووپا، وەک ئەوەی لە دۆزەخێکەوە بچنە بەهەشتێک، کەچی کاتێ ئەو ژیانەی ئەوێش دەبینن، درک بەوە دەکەن کە ئەورووپاش ئەو بەهەشتە نییە، کە خۆیان وێنایان کردبوو، بەڵکوو لەوێش وەک نامۆیەک دەبینرێن و لە بەریەککەوتندان لەگەڵ ژیانی ئەوێش. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بەچەند توخمێکی بینای هونەری ڕۆمانەکە دەکەین.

**گێڕانەوە:**

یەکێک لە خەوشەکانی ئەو ڕۆمانە ئەوەیە کە کۆی ڕووداوەکان، لە سەریەک ڕیتمی گێڕانەوە دەڕۆن. بە جۆرێک کە ڕۆمانەکە دەخوێنینەوە، هەست بەوە دەکەین ئەوە ڕۆماننووسە دەدوێت و قسە دەکات، نەک کارەکتەرەکان، ئەگەرچی چەندان کارەکتەری جیاواز لە یەکتری، لە ڕووی سایکۆلۆژی و پەروەردەیی هەن، بەڵام لە میانەی بینینی ڕۆڵەکانیان، وەک یەک دەدوێن و بیر دەکەنەوە، وەک ئەوەی هەموویان کۆپی یەکتری بن. هەریەک لە (ئازاد، شەیما، ئامێز، کەریمە، مەریوان، فەرهاد، ساماڵ، کامەران، ڕەغدە) کارەکتەری ڕۆمانەکەن، بەڵام ئەگەر سەرنج لە زمانی ئاخاوتن و دوانیان بدەین، هەست بە جیاوازییەکی ئەوتۆ ناکەین، تەنانەت ڕۆماننووس تێبینی شێوەزار و دیالێکتی زمانەوانی کارەکتەرەکانیشی نەکردووە. بۆ نموونە لە لاپەڕە (٢٢) دا، کاتێ ئەفسەری لێکۆڵینەوە، پرسیار لە (فەرهاد عامر) دەکات کە خەڵکی (عەفرینە) و پێی دەڵێت پیشەت چییە؟ فەرهاد لە وەڵامدا دەڵێت: (ئەوجا لێرە دەبێ پیشەم چی بێت). بێگومان ئاخاوتنی کوردێکی عەفرین، جیاوازە لە کوردێکی باشوور، کەچی لێرەدا فەرهاد وەک هەولێرییەک وەڵامی پرسیارەکەی داوەتەوە، نەک عەفرینییەک. ئەم درک نەکردنە بە جیاوازی بنزار و ئاخاوتنی کارەکتەرەکان، هەڵەیە و دەبێ ڕۆماننووس بە وردەکارییەوە ڕەچاوی بکات. بە هەمان شێوە، کاتێ ئەفسەرەکە، بۆ ئەوەی لە هۆکاری هاتنی ئەو پەنابەرانە بگات، بانگی وەرگێڕێکی کورد دەکات، کەچی دواتر دیالۆگەکان، بە تەنیا دەبنە هی پەنابەرەکان و ئەفسەرەکە و ڕۆڵی وەرگێڕەکە هەر ون دەبێت، چونکە دیالۆگەکان، لە بری ئەوەی شێوازێکی سیانەیی (ئەفسەرە فەڕەنسییەکە- پەنابەرە کوردەکان- وەرگێڕە کوردەکە) وەربگێڕێت، بە پێچەوانەوە دەبێتە دیالۆگی ڕاستەوخۆی نێوان ئەفسەرەکە و کوردەکان، لە کاتێکدا لە وەرگێڕانی دوو زمانی جیاوازی دوو کەس، کەسی سێیەم ڕۆڵی سەرەکی هەیە کە وەرگێڕەکەیە. دەکرێ خوێنەران لەم ڕووەوە، سەرنج لە گفتوگۆی نێوان لاپەڕەکانی (٢١ تا ٢٩) بدەن، بۆیە زۆر گرنگە، لە میانەی گێڕانەوەی ڕووداوێکدا، دەنگی ڕۆماننووس نەبێتە

بگێڕەوەی سەرەکی، بەڵکوو دەبێ سەربەستی بە کارەکتەرەکان بدرێت، کە خۆیان بدوێن و ڕۆڵەکەیان بگێڕن.

**وەسف:**

وەسف، یەکێکی دیکەیە لەو توخمە سەرەکییانەی لە پاڵ ڕەگەزەکانی دیکە، بینای هونەریی دەقی ڕۆمان پێکدەهێنن و ڕۆڵێکی سەرەکی لە میانەی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا دەبینێت، زۆر جار لە ڕێگەی وەسفەوە، دەچینە نێو وردەکاری ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان و دیمەنەکانەوە، بەڵام هەر تەنیا وەسفکردنی شتێک گرنگ نییە، لەوە گرنگتر، ئەو وردەکارییەیە کە لە وەسفکردنەکەدا هەیە، بە جۆرێک کە ڕوویەکی لۆژیکی و بابەتی هەبێت. وەسفەکان، دەبێ لەگەڵ ژینگەی دوروبەر و واقیعی ڕووداوەکان و ڕۆڵی کارەکتەرەکان بگونجێن، لەو ڕۆمانەدا، لە گەلێک شوێن، وەسفی دژ بەیەکی یەک ڕووداو، یان کردار و هەڵسوکەوتێک هەن. بۆ نموونە:

* لا ٢٧ نووسیویەتی: (پەنجەرەکە لە خۆیەوە شکا نازانم خەوتبووم لە وادەی هەڵسانم ئەو شکابوو) ڕۆماننووس لێرەدا جێناوی (ئەو) کە کەسی سێیەمی تاکە، بۆ (جام) بەکار هێناوە، ئایا ئەمە وەسفێکی گونجاو و بابەتییە؟

* لا ٣٣ نووسیویەتی: (ئازاد گوتی بۆیە لە نیشتمان دەرچووم، چونکە هیچم نەبوو، باوکم بێ دەرامەت بوو)، بەڵام پێشتر و لەلاپەڕە (١٨)دا دەڵێت: (باوکی ئازاد، لە نێو بازاڕی سلێمانی دوکانی پێڵاوفرۆشی هەبوو) ئایا ئەم دوو وسفە، هاودژ و پێچەوانەی یەکتری نین؟ کەسێک دووکانی پێڵاوفرۆشی هەبێت، بێ دەرامەتە؟ بێگومان نەخێر، دەرامەتێکی هەر هەیە، ئەگەر کەمیش بێت.

* لا ٣٤ نووسیویەتی: (پۆلیس بە پەنابەرەکەی گوت، دەزانی ئەمە تاوانە و حوکمی لە سەرە) لێرەدا پۆلیس ڕۆڵی دادوەر دەبینێت، لە کاتێکدا هەمووومان دەزانین ئەرکی پۆلیس نییە حوکم بۆ تاوانبار دەربکات، بەڵکوو ئەوە ئەرکی دادگایە.

* لا ٧٦ نووسیویەتی: (دوای چەند مانگێک، ئامێز لە زیندان ئازاد کرا، نیوە مردوو، لووتی شکابوو، ڕەنگی سپی ببوو، دەتگوت چی خوێنە لێیان هەڵمژیوە، خواردنی سەموونی عەسکەری خوساویش کێشی زۆر زیاد کردبوو). ئەم وەسفە، وێڕای ئەوەی هاودژ و نالۆژیکییە، هاوکات بێ ئاگایی ڕۆماننووسیش لە دۆخی زیندانەکانی سەردەمی بەعسی فاشی دەردەخات. ئاخر کەسێک لە سەردەمی بەعس زیندانیی بووایە، وەک ئەوەی لە دۆزەخ بێت، ئیدی چۆن ئەوەندە ئاسوودە و بێ خەم دەبێت، کێشی زیاد بکات؟

* لا ٧٨ نووسیویەتی: (خۆی کوتایە ناو سەموونخانەیەک و گەرمای تەنوورەکانی پێ گەیشت) چونکە لێرەدا باسەکە پەیوەستە بە وەسف لە زمانی کوردیدا، ئیدی دەبێ لە سەر وردەکارییەکان بوەستین. سەموون، بە تەنوور دروست ناکرێت ، بۆیەشە سەموونخانە و نانەواخانە، هەردووکییان لە زمانی کوردی بە کار دێن.

* لا ١١٣ نووسیویەتی: (یەکێکیان بە ئینگلیزی سڵاوی کرد، بایی خۆی ئینگلیزیم دەزانی)، لێرەدا مەبەستی گفتوگۆی نێوان (فرانسوان)ی پیرەمێردە فەڕەنسییەکە و پەنابەرە کوردەکانن، وەسفەکە دیارە کە بایی ئەوەندە ئینگلیزی زانیوە، کەچی یەک لاپەڕە دواتر، واتا لە لاپەڕە (١١٥) دا ئەم جارەیان دەڵێت: (زمانی ئینگلیزییەکەی ئەوان و هی منیش بایی

ئەوەنده نەبوو، لەو بەیت و بالۆرانەیان بگەم).
دیاره ڕۆماننووس دوو وەسفی دژ بە یەکی زانینی زمانی کردووه.

**زمان:**

بە درێژایی ئەو ڕۆمانە، زمانی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، لە زمانێکی ڕۆژنامەوانی و ڕۆژانەیی دەچێت نەک زمانی ڕۆمان، کە هونەرێکی باڵای گێڕانەوەی زمانییە. ڕووداوەکان، دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان، بە زمانێکە کە کەسێک لە نێو فەرمانگەی تایبەت بە پەنابەرانەوە یاداشتی کردبن. لە کەمترین جێگەی ڕۆمانەکە، هەست بە دیوێکی دیکەی هونەرییانەی زمان ناکەین کە ئاماژە بێت بۆ زمانی نووسینی ڕۆمان. دەکرێ خوێنەران بگەڕێنەوە سەر لاپەڕەکانی (١٠٠ تا ١١٥) ی ڕۆمانەکە و لە وێوە باشتر ئەو بۆچوونەی ئێمە دەردەکەوێت. وێڕای ئەمەش، تەنانەت لە ڕووی ڕێسکانی ڕێزمانیشەوە، لە چەندان شوێنی ڕۆمانەکە هەڵەی زەقی زمانەوانی هەن، وەک:

* لا ٢٨ نووسیویەتی: (من نازانم کەسم گوێ لێ نەبوو وا بڵێت)، ئەم ڕستەیە، پێویستی بە ئامرازی پێوەندی (لە) هەیە، تا مانای تەواوەتی بگەیەنێت، بۆیە دەبوو بڵێت: (من نازانم، لە کەسم گوێ لێ نەبوو وابڵێت).

* لا ٤٧ نووسیویەتی: (سەیری دوو پیاویان کرد، کە لەگەڵیان چاوەڕوان گەیشتن ئەسانسۆرەکە بوون، کە گەیشت پیاوەکان بە زمانی لووس پێشنیاری پێشکەوتنیان کردن). ئەم شێوازە زمانییە لە داڕشتن، لەنگییەکی زۆری تێدایە، بۆیە گونجاوتر بوو بنووسێت: دوای سەرکەوتنی ئەسانسۆرەکە، چونکە ئەسانسۆر سەردەکەوێت و دادەبەزێت، پیاوەکان بە زمانە لووسەکانیان (چونکە کۆیە) پێشنیاری ئەوەیان بۆ کردن، کە سەرەتا ئەوان بچنە نێو ئەسانسۆرەکە).

* لا ٤٩ نووسیویەتی: (ئینجا دوا بە دوای ڕاکێشانی هەواڵە پێویستەکان لە شوفێرەکانیان) لە ڕووی ڕێزمانییەوە سەرنج لە ڕستەکە بدەن و شایەنی ئاماژە کردنە لە گەلێک شوێنی ڕۆمانەکەدا، کەموکورتی لە لایەنی ڕێزمانی و زمانی ڕۆمانەکەدا هەیە، بەڵام ئێمە تەنیا ئەو نموونانەمان هێنایەوە.

دواجار دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم، کە لەم ساڵانەی دواییدا، دەیان چیرۆک و ڕۆمانی نووسەره ناودارەکانی کوردم خوێندووەتەوە، بە داخەوە زۆربەی هەره زۆریان، هەڵەی سەیر و زەق دەکەن و بە سەریاندا تێ دەپەڕێت، نازانم ئەمە لە بێ ئاگاییانە، یانیش پەلەپەلی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانیان؟

*** پەراوێز: باڵندەکانیش دەنیشنەوە، ڕۆمان، نووسینی: بەیان سەلمان، بڵاوکراوەی: نێوەندی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢١.**

# دوو نامەی م. عەبدولڕەقیب یووسف بۆ م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی و م. عەبدولمەجید ئەحمەد ئاسنگر (١)

**ئا: سەرنووسەر**

*** نامەی یەکەم**

سڵاوێکی گەرم (٢)

ئیمساڵیش وەکوو زوربەی ئەم ساڵانی دوایی بڕیاری سووتاندنی ئەوراقی دائیرەکان دەرچووە و ئێستا بڵاوبۆتەوە بەسەر دائیرەکاندا.

بە گوێرەی بڕیارەکە تەنیا ئەو ئەوراقە دەسووتێنرێ (ن) کە بە کەڵکی هیچ نایێ (ن)، بەڵام ئەو ئەوراقانەی بە کەڵک (ن) بۆ مێژووی وڵاتەکە لە هەموو ڕوویەکەوە سووتاندنیان قەدەغەیە، تا لە هاوینی پاردا یاسایەکی نوێ دەرچوو بۆ پاراستنی بەڵگەنامەکان (الوثائق)، بە گوێرەی ئەم یاسایە هەر کەسێک بەڵگەنامەیێک بفەوتێنێ و لەناوبەرێ تا (١٠.٠٠٠) دینار جەزایەتی. بێگومان ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە چەند بەڵگەنامە شتێکی بەنرخ و گرنگە.

میللەتانی پێشکەوتوو هەر لە زووەوە بایەخیان بە کەلەپووری بەڵگەنامەیی (التراث الوثائقي)ی خۆیان داوە و پارازتوویانە و بە ئاسانی دەکەوێتە بەردەستی باحیسان و مێژوونووسان، تا ئیمڕۆش لە تەڕابلسی غەرب (٣)، ئەو ئەوراقانەی دەربارەی عەشیرەتی (هەمەوەند)ـە (٤)، کە دەوڵەتی عوسمانی ئەم عەشیرەتە کوردە (ی) دوور خستبوو (ەوە) بۆ باکووری ئەفریقیا - ئەو ئەوراقانە تا ئیمڕۆ لەوێ ماونەتەوە و پارێزراوە (ن) تا ڕۆشنبیرێکی هەمەوەند توانیو (ی)ە (تی) ئەو ئەوراقانە ئیستینساخ بکا و بنێرێ کە هیچ نرخیان تەواو نابێ بۆ مێژووی ئەم عەشیرەتە، بەڵکوو بۆ مێژووی کورد.

- ئەم ئەوراقی ئیمڕۆی دائیرەکان کە ئێمە نرخیان نازانین، هەمووی بەڵگەنامەی گرنگە بۆ دواڕۆژ، سامانێکی گەورەیە بۆ مێژووی وڵاتمان: مێژووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و خوێندن و زانست و... بەڵکوو ئاوێنەیەکی سافە بۆ هەموو جۆرە بابەتی ژیانی ئیمڕۆمان، پێویستە لەسەر هەموو ڕۆشنبیرانمان نرخی ئەم سامانە گەورە (یە) بزانن و بەشداری بکەن لە پاراستنیدا، چونکە کەمتەرخەمی دەبێتە هۆی لەعنەتی مێژوو.

**بەشداری کردن بەم شێوەیە دەبێ:**

١- بڵاوکردنەوەی (وعي)یەک لەنێو خەڵکدا لە بارەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی بە شێوەیەکی

گشتی .
٢ - پەیوەنـدی کـردن بـە فەرمانبەرەکانـی دائیرەکان، بـە تایبەتـی ئەندامانـی لیژنـەی لەناوبردنـی ئـەوراق (لجنـة اتـلاف الأوراق) بـۆ تێگەیاندنیان تـا بـە شـێوەیەکی ورد و دڵسـۆزانە ئەوراقـەکان بپشـکنن و ئـەوراقـی بەکەڵـک نەسـووتێنن.
لـە هـەر دائیرەیـەک لیژنەیـەک دروسـت دەکـرێ بـۆ پشـکنینی ئـەوراق، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئەندامەکانی لیژنەکە زۆربەیـان هیـچ لـە مەوزووعی وەسـائیق (و) نرخیـان نا (ی)زانن و یـا دڵسـۆز نیـن، ئەوراقـەکان بـاش ناپشـکنن و بـە وردی لێک جیا ناکەنـ(ەوە)، بـە گوێـرەی (ئـەو (تعلیمات)ـەکانی کـە بۆیان هاتـووە (و) خۆیـان ماندوو ناکـەن، بەڵکـوو زۆربـەی ئەوراقەکانـی دائیـرەکان فـڕێ دەدەنـە سـەریەک و دەسـووتێنن و (موشـکیلەکە لەمەدایـە).
هەمووتـان برادەرتـان لـە دائیـرەکان هەیـە، دە (ی)توانـن پەیوەنـدی بکـەن بـە سـەرۆکی دائیـرە و فەرمانبـەرەکان، بـە تایبەتـی لیژنـەی لەناوبردنـی ئـەوراق و نرخـی ئەوراقـی وەسـائیقی بۆیان ڕوون بکەنـەوە تـا بـە وردی و بـە دڵسـۆزانە ئەوراقـەکان بـە گوێـرەی ئـەو (تعلیمات)انـەی کـە بۆیان هاتـووە لێک جیا بکـەن(ەوە) و ئەوراقـی بەکەڵـک نەسـووتێنن.
ئەمـە واجبـی هەمـوو ئـەو کەسـانەیە کـە خۆیـان بـە ڕۆشـنبیر و دڵسـۆز و لایـەق بزانـن، وەک بەڕێـزان مامۆسـتا تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی مێژوونووسـی کۆیسـنجەق و مامۆسـتای نووسـەر مەجید ئاسـنگەر کـە پار لـە کاتـی سـووتاندنی ئەوراقی دائیرەکاندا- دائیـرە بـە دائیرە گـەڕاون لـە شـاری کۆیسـنجەق بـۆ ئـەم مەبەسـتە و هیمەتێکی زۆریان نواند کـە شـایانی سـوپاس و ڕێزگرتنـە (ن).
٣- پەیوەنـدی بـە فـەرمانبەرەکانی دائیـرەکان، بـە تایبەتـی بەڕێوەبـەر و ئەندامانـی لیژنـەکان بـۆ پارازتنـی ئەوراقـی کۆنـی (لـە) پێـش دە پـازدە سـاڵ و زیاتـر، دوور نییـە ئەوراقـی کـۆن لـە هەندێـک لـە ئیـرەکان مابـێ (ن)، ئـەم جـۆرە ئەوراقانـە بـە هیـچ جۆرێـک نابـێ بـە چاوێکـی کـەم تەماشـا بکرێ (ن)، ئەگـەر جنێویش بـێ (ن) هـەر بـە نرخـن. جێگـەی داخـە کـە بەلەدییـەی سـلێمانی سـاڵی ڕابـوردوو ٣- ٤ تـەن ئەوراقـی خـۆی (کـۆن)، لەسـەر ڕووبـاری تانجـەڕۆ (٥) سـووتاند کـە هیـی زەمانـی عوسـمانی و کاتـی شـێخ مەحمـوودی نەمـر (٦) و کاتـی ئینگلیـزەکان و دوای (ی) ئـەو کاتانـەش بـوون، بێگومـان هـەزاران و یـان دەیـان هـەزار وەسـائیق لەنێویانـدا هەبـووە دەربـارەی هەمـوو ئیـش و کارێکـی بازرگانـی، دارتاشـی، ئاسـنگەری، حەرەکـەی ئاوەدانکردنـەوە، پێـڵاو و جلوبـەرگ دروسـت کـردن، چاپەمەنـی، قوتابخانـەکان، فایلەکـی تایبەتـی بـۆ گـۆرانی و مۆسـیقا لـە چایخانەکانـی سـلێمانی لـە سـاڵانی بیسـتەکاندا، ئیـش و


بە ناوی من (طاهر احمد حویزی) وە ماموستا عبدالمجید احمد ئاسنگەری ناردە -
سڵاوێکی گەرم
ئێمە سالیش وەکو زوربەی ئەم سالانی دوای بریاری سوتاندنی ئەوراقی دائیرەکان دەرچووە و ئیستا بلاو بوتەوە بە سەر دائیرەکاندا.
بە گوێرەی بریارەکە تەنیا ئەو ئەوراقە دەسوتێنرێ کە بە کەڵکی هیچ نایێ - لام ئەو ئەوراقانەی بە کەڵکە بو مێژووی ولاتەکە لە هەموو رویەکەوە - سوتاندنیان قەدەغەیە تا لەهاوینی پاردا یاسەیەکی نوێ دەرچوو بو پارازتنی بەڵگەنامەکان (الوثائق) بە گوێرەی ئەم یاسایە هەر کەسێک بەڵگەنامەیێک بفەوتێنێ و لەناو بەرێ تا (١٠،٠٠٠) دینار جزایەتی. بێگومان ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە چەند بەڵگەنامە شتێکی بە نرخ و گرنگە.
میللەتانی پێشکەوتر هەر لەمێژەوە بایەخیان بە بەڵگەنامەی (التراث الوثائقي)ی خۆیان داوە و پارازتویانە و بە ئاسانی دەکەوێتە بەردەستی باحسیان و مێژوونوسان تا ئێمەش لە تەرابلسی غرب ئەو ئەوراقانەی دەربارەی عەشیرەتی (هەمەوەند)، کە دەولەتی عوسمانی ئەم عەشیرە ئەکوردە دورخستبووە بو باکوری ئەفریقیا - ئەو ئەوراقانە تا ئێمرو لەوێ ماوەتەوە و پارازراوە تا روشنبیرێکی هەمەوەند توانیوە ئەو ئەوراقانە ئستنساخی بکا و بینێرێ کە هیچ نرخیان تەواو نایێ بو مێژووی ئەم عەشیرەتە بەڵکو بو مێژووی کورد.
ئەم ئەوراقی ئێمروی دائیرەکان کە ئێمە نرخیان نازانین لە دوروی بە بەڵگەنامەی گرنگە بو دوا رۆژ، سامانێکی لەوەیە بو مێژووی ولاتمان: مێژووی ئابوری، کومەلایەتی، خوێندن و زانست و ..... بەڵکو ئاوێنەیەکی سافە بو هەموو جورە بابەتی ژیانی ئێمرومان پێویستە لەسەر هەموو روشنبیرانمان نرخی ئەم سامانە گەورەیە بزانین و بەشداری بکەن لە پارازتنی دا چونکە کە متەرخەمی دەبێتە هوی لەعنەتی مێژوو.

کاری دەباغخانەکان، زێرابەکان، کارێزەکان، ئاشەکان، کەنناسی، دەسهەقی کرێکارەکان، نرخی دەغڵودان و خواردەمەنی و زۆر بابەتی تر کە ئەو کۆمەڵە ئەوراقە ئاوێنەیە بۆ مێژووی حەزاری شارەکە. بێگومان ئەمە بە کارەساتێکی ڕۆشنبیریی و کەلەپووری لە قەڵەم دەدرێ و بۆشم ئاشکرا بوو کە لە سووتاندنی ئەم چەند تەنەی ئەوراقی کۆنی بەلەدییەی سلێمانی تەنیا لەبەر نەبوونی (وعي) و نەزانینی نرخی وەسائیق بووە لەلای (ەن) فەرمانبەرەکانەوە کە هەندێکیان ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردن و ئێستا زۆر پەشیمانن.

کارەسات لە نەزانین و دواکەوتندایە، (وعي)یش ٨٠٪ لە گیروگرفتەکانی کەلەپووری کوردی چارەسەر دەکات. دواکەوتنمان لە ڕووی (فیکری) و ڕۆشنبیریی سەرەتاکانی کەلەپووری حەزاریمانە.

لە غەیری ئەوراقی دائیرەکان کە زۆربەیان ئەوراقی وەسائیقین، هەموو نامە گۆڕینێک (ەوەیەک) لە بەینی میر و پیاوە گەورەکان و لە بەینیان و بەینی میری، بەڵگەنامەن و هەروەها نامەکانی پیاوە ئایینییەکانی بەناوبانگ و بە تایبەتی ئەوانەی دەربارەی وەزعی ڕامیاری و سوڵحی عەشائیرە... و هەروەها سەنەدەکانی زەویوزار و جۆگە و ئاشەکان، کارێزەکان، ئیجازەی مەلایەتی و شێخایەتی، شەجەرەکانی سەیدەکان، بە تایبەتی ئەوانە کە مۆر و ئیمزای قازی و موفتی و مودەڕیس و پیاوە ئایینییەکان لەسەریەتی، نرخێکی تایبەتی بۆ ئەو مۆر و ئیمزایە هەیە و هەروەها زۆر لە وێنەی کۆن و ئەو زانیاری (یەکانی) بە نرخی لەسەر (شریت)یش لە وەسائیق دەژمێردرێن.

پێویستە هەوڵ بدەین خەڵک هیچیتر ئەم کەلەپوورە بەڵگەنامەییە نەفەوتێنن، هەروەکوو زۆربەی زۆریان فڕێ داون و یان سووتاندوویانن، چونکە نرخیان نەزانیوە، هەروەکوو دەیان هەزار وەسائیق لە ساڵی ١٩٧٦ لە سلێمانی و دەوروبەری لەناوچووە.

**سلێمانی- ص. ب ٢٠٢**

**عەبدولڕەقیب یووسف**

**١٩٨٤/٦/١٥**

*** دانەی ناردراوە بۆ هەولێر و دهۆک و زاخۆ**

*** نامەی دووەم**

برایانی بەڕێز مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی - مامۆستا مەجید ئاسنگر

سڵاوێکی برایانە

بێگومان ئێوە زۆر باش دەزانن کە زۆر بەردی مەڕمەڕی نەخشدار لە خانووە کۆنەکانی کۆیەدا هەیە (نە) و خەڵک ئەم خانووانە دەڕووخێنن وەک خانووی حەماغا کە زۆری لەم با (بە) تە تێدا بوو. ئەم بەردانە کەلەپوورێکی بە نرخ (ن)، گوناهە بفەوتـ(ێـ)ن و ورد ورد ببن لەبەردەمی شەفل و یا فڕێ بدرێن. پێویستە لەسەر ڕووناکبیرانی کۆیە و بە تایبەتی ئێوە هەردووکتان موراقەبەی ئەم خانووانە بکەن کە ڕووخێندران، ئەو بەردە مەڕمەڕانە، تا ئەگەر نەخشداریش نەبن ببەنە (بۆ) ئینحساری قەدیم و بیخەنە نێو هۆدەیەکی ئەوێ، هۆدەی خاڵی زۆرە ویی موئەسەسەی ئاسارە، نیازیان هەیە ئینحساری قەدیم بکەنە (مەتحەفی فۆلکلۆری) بۆ کۆیە، پێویستە ئەو بەردانە و دەرگا و پەنجەرە کۆنانە ببەنە (ئـ)ـەوێ و لە هۆدەیەکیدا کلیل بدەن، ئەمە واجبی ئێوەیە و ئەگەر نەکەن گوناهبارن، ئەی چیتان کردووە بەرامبەر پاراستنی کەلەپووری شارەکەتان، ئەو شارەی پڕ لە کەلەپوور(ە)، تا کۆڵانەکانیش هەر کەلەپوورە. ئایا مەعنایێ چی کە ئێوە ڕووناکبیرن، مەعنایێ چی ئێوە نووسەرن،

یـان دەبـێ لـە ئـاسـمان خەڵـک بێـن کەلەپـووری شـارێکی وهـا بپارێـزن. ئێـوە مەسـئوول دەبـن بەرامبـەر مێـژوو.

ئیبراهیـم سـابیر وەلـی (٧) (عومـری نەمێنـێ)، خوا عەفـوو بکـە مامۆسـتا (وردی)ی (٨) دڵپاک و قسەخۆش و خزمەتکەری کەلەپـوور، (ئیبراهیـم)ی کرده (المصلح الاجتماعي) (٩)، بـەڵام تـا ئێسـتا ئیبراهیـم هیـچ کارێکـی گرنگـی نەکـردووە بـۆ ڕزگارکردنی کەلەپووری شارستانەتی شـاری کۆیە، ئێسـتا کـە مـن ئـەم وشـانە دەنووسم، فرمێسـک لـە چـاوم دەڕژێ بـۆ ئـەو میحنەتـەی کەلەپـووری کـوردی تێدایـە و ئێـوە هەسـتی پێناکـەن، وەک چـۆن شـاعیر و چیرۆکنووسـەکانمان هەسـتی پێناکـەن و گوناهبـارن. دەبایە کاک مەجید ئەتوو تـا ئێسـتا دەیـان قوتابـی خـۆت فێـری کەلەپـور بکردبایـە.

**عەبدولڕەقیب یووسف**

**١٩٨٥/١/١٢**


عبدالرقیب یوسف
١٩٨٥/١/١٢
برایانی بەڕێز ماموستا طاهر احمد حویزی
ماموستا مجید ئاسنگر
سلاوێکی برایانە
بێ گومان ئێوە زور باشی دەزانن کە زور بەردی مەرمەڕی
نەخشدار لە خانووە کونەکانی کویەدا هەیە وەڵێ ئەم
خانوانە دەروخێنن وەک خانوی حماغا کە زوری لەم بابەتە
تیدا بو ، ئەم بەردانە کەلەپوریکی بەنرخە گوناهە بفروشرێنە
وورد وورد ببن لە بەردەمی مشغل ویا فڕێ بدرێنە
پێویستە لەسەر روناکبیرانی کویە وبەتایبەتی ئێوە هەردوکتان
موراقەبەی ئەم خانووانە بکەن کە رووخێنراون ئەو
بەردە مەرمەڕانە تا ئەگەر نەخشداریش نەبن ببنەوە بو
ئینحصاری قەدیم وبیخەنە ئێو هودەیەکی ئەوی ، هودەی
خالی زورە وبێ موئەسەسەی ئاثارە ئیمتیازیان هەیە
ئینحصاری قەدیم بکەنە (متحفی فولکلوری) بو کویە پێویستە
ئەو بەردانە و دەرگا و پەنجەرە کونانە ببەنە ئەوی
ولە هودەیەکی دا تحلیل بکەن ئەم واجبی ئێوەیە وئەگەر
ئەوکات گوناهبارن ئەی چیتان کردووە بەرامبەر پاراستنی کەلەپوری
شارەکەتانە ئەو شارەی پڕلە کەلەپور تاکولانەکانیشی هەر کەلەپوورە
ئایا مەعنای چی کە ئێوە روناکبیرن مەعنای چی ئێوە نووسەرن
یا دەبێ لە ئاسمان خەڵک بێنە کەلەپوری شارێکی وها بپارێزن
ئێوە مەسئول دەبن بەرامبەر مێژوو . ابراهیم صابر وەلی
عومری نەمێنێ خوا عفو بکە ماموستا وردی ی دلپاک و
قسەخوش وخزمەتکەری کەلەپور ابراهیمی کردە (المصلح الاجتماعی)
بەلام تا ئێستا ابراهیم هیچ کارێکی گرنگی نەکردووە بو رزگارکردنی
کەلەپوری شارستانەتی شاری کویە ئێستا کە من ئەم ووشانە دەنوسم

**پەراوێزەکان:**

(١) بـە دەسـتوخەتی م. تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی نووسـراوە: بەنـاوی مـن (تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی) و مامۆسـتا عەبدولمەجید ئەحمـەد ئاسنگری ناردییـە.

(٢) ئـەم نامەیـە بێجگـە لە دێڕ و نیوێکی کۆتاییەکەی، ئـەوەی دیکـەی بـە دەسـتخەتی کەسـێکی دی نووسـراوە، کـە نازانـم کێیـە.

(٣) طرابلس الغرب: تەرابلسـی ڕۆژئاوا، پایتەختی وڵاتـی لیبیایـە کـە بـە دڵـی ئـەو وڵاتـە دەناسـرێت، کەوتووەتـە سـەر دەریـای سـپی ناوەڕاست، زۆرجار بەنـاوی (الفیحاء) هەڵدەدرێتەوە، چەندان شـوێنەواری گرنـگ و کۆنـی تێدایـە وەک: (جامع الناقة)، (برج الساعة)، (قصر الشـعب)، (سـوق الفاتـح).

(٤) عەشـیرەتی هەمەوەندی: یەکێکە لە عەشـیرەتە ڕەسـەنەکانی کورد، بە ئازایەتی و جوامێری ناسـراون، لـە بنەڕەتـدا لـە کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـەوە هاتـوون، ئێسـتا لـە دەوروبـەری ناوچـەی چەمچەمـاڵ و سـەنگاو و دووزخورماتـوو نیشـتەجێن، عەشـیرەتێکی ئـازا و چاونەترسـن، بۆیـە بـەردەوام سـوڵتانی عوسـمانی هێرشـی کردووەتـە سـەریان، دواجـار بـۆ باکـووری ئەفریقیا نەفـی کـردوون، چونکـە هەمیشـە سـەریان بـۆ دەسـەڵاتی عوسـمانی دانەنواندووە.

(٥) ڕووبـاری تانجـەڕۆ: ڕووبارێکـی بچووکـە، درێژییەکـەی ٦٤ کـم دەبێـت، دەکەوێتـە باشـووری خۆرهەڵاتـی سـلێمانی و لەگـەڵ ئـاوی قلیاسـان و کانـی پانکـە یەکدەگـرن و دەبنـە سـەرچاوەیەک و دەڕژێنـە بەنـداوی دەربەندیخانـەوە. ئـەم ڕووبـارە پێشـتر سـەرچاوەی ئـاوی خواردنـەوەی ئـەو گوندانە بـووە کـە دەکەونـە سـەر ڕێڕەوەکـەی و بەرهەمێکـی زۆری کشـتوکاڵ و ئاودێـری و سـامانی ماسـی پێدەهێنـا، بـەڵام ئێسـتا بـە ئـاوی ڕەشـی تانجـەڕۆ دەناسـرێت کـە بووەتـە هەڕەشـەیەکی گـەورە و بەردەوامـە بـۆ سـەر ژیانـی خەڵکـی شـاری سـلێمانی و دەربەندیخـان، ژینگـەی ناوچەکـە و سـەرچاوەی ئـاوی سـەر زەوی و ژێـر زەوی، بـە تایبەتـی بۆ سـەر بەنـداوی دەربەندیخـان کـە یەکێکـە لـە سـەرچاوە

سـەرەکییەکانی کوردسـتان و عێـراق. پاشـەڕۆی کارگـەکان و زبڵ و خاشاکی سلێمانی و ئاوەڕۆی ئەم شـارە، هەمـوو تایبەتمەندییەکانـی لـە ئـاوی چەمـی تانجـەرۆ داماڵیـوە. ئێسـتا ئـەم ڕووبـارە ڕەنـگ و بـۆن و تامـی گـۆڕاوە، بۆیـە بووەتـە ئاوێکـی مەترسـیدار و هەنـدێ جـار پێـی دەوتـرێ ئـاوی خۆڵەمێشـیی ڕەش، واتـە پیسـترین جـۆری ئـاو کـە تێکەڵـی کەرەسـتەی کیمیـاوی و زبـڵ و پاشـەڕۆی مـرۆڤ بـووە. کەفێکـی سـپی بـە درێژایـی ڕووبارەکـە بـەدی دەکـرێ، کـە هەرچـی ماددەی کانزایـی و پاشـماوەی کارگـە و زێرابەکانـە، تێکـەڵ بـە ئـاوی ڕووبارەکـە بـووە، هەمـوو ئـەو زیندەوارانـەی پێشـتر تێیـدا ژیـاون لەناوچـوون، بـە گشـتی ئێسـتا ڕووبارەکـە بووەتـە ئاوەڕۆیەکـی گـەورەی چـەوری و سـەرچاوەی بۆنێکـی کوشـندە بەهـۆی ئـەوەی کەرەسـتە پاککەرەوەکانـی مـاڵان تێکـەڵاوی ئـەو ئـاوە بـووە، بۆیـە هەمـوو سـیمایەکی ڕووبـاری لـێ سـەندووەتەوە، ئێسـتاش زۆر بەرهەمـی سـەوزە و بەروبوومـی کشـتوکاڵی لەسـەر ئـەم ئـاوە دەکـرێ کـە خواردنیـان زیانـی زۆر زیاتـرە لـە سـوودگەیاندن. زۆر لـە پسـپۆڕانی لـەش دروسـتیی مەترسـیی ئـەم ئاوەیـان ڕوون کردووەتـەوە کـە سـەرچاوەی سـەرەکی شـێرپەنجە و گرانەتـا و کولێـرا و هەوکردنـی ڤایرۆسـی جگـەرە. ئـاوی تانجـەڕۆ لەلایـەک بووەتـە هـۆی پیسـبوونی ژینگـە و لەلایەکـی دی بووەتـە هـۆی پیسـبوونی ئـاوی دەربەندیخـان کـە سـەرچاوەی وزە و کشـتوکاڵ و سـامانی ماسـییە. ئەمـڕۆ بەهـۆی ئـەم ڕووبـارەوە، ئـاوی دەربەندیخـان بووەتـە مەترسـییەکی گـەورە، هەمـوو خاشـاک و زبـڵ و ئـاوی زێـراب و پاشـماوەی کارگـەکان ڕادەماڵـێ و دەیکاتـە نـاو بەنـداوی دەربەندیخانـەوە، کـە لـە وەرزی پاییـزدا ئاسـتی ئاوەکـە زیاتـر دادەبەزێنـێ و چڕیـی پیسـبوونەکە زیاتـر دەکات.

(٦) شـێخ مەحمـوودی نەمـر: نـاوی تـەواوی شـێخ مەحمـوود کـوڕی شـێخ سـەعیدی کـوڕی شـێخ محەمـەدە، لـە سـاڵی ١٨٧٨ لـە شـاری سلێمانی لـە دایـک بـووە، ڕۆژی ١٩٥٦/١٠/٩ لـە شـاری بەغـدا کۆچـی کـردووە، پاشـان تەرمەکـەی هێنراوەتـەوە بـۆ شـاری سلێمانی و لەناو مزگەوتی گـەورە بـە خـاک سـپێردراوە. لـە دژی دوژمنانـی کورد ڕابەریی چەندان ڕاپەڕینـی کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٢٣ دامەزرێنـەری یەکەمیـن حکومەتـی کوردسـتان بـووە، دواجـار بـە پیلانـی ئینگلیـز کابینەکـەی تێکـدراوە و هێـرش کراوەتـە سـەر سلێمانی، لـە شـەڕی دەربەنـدی بازیـان بـە برینـداری دەسـتگیری دەکـەن و بـۆ وڵاتـی هینـد نەفـی دەکـرێ، دواتـر بـە گوشـاری زۆری خەڵکـی کوردسـتان گەڕێنراوەتـەوە.

(٧) ئیبراهیـم سـابیر وەلـی: ئیبراهیـم سـابیر وەلـی، سـاڵی ١٩٣٦ لـە شـاری کۆیـە لـە دایـک بـووە، باوکـی خەڵکـی کەرکووکـە، لـە بنەماڵـەی (شەکرچییەکان)ـە، دایکیشی نـاوی (ڕابیعـەی کچـی مـەلای ڕەش)ی کۆیەیـە. پـاش تەواوکردنـی قۆناغـی ئامادەیـی، لـە خولێکـی تایبەتـدا بووەتـە مامۆسـتای سـەرەتایی. پیاوێکـی ڕووناکبیـرە، وەرزشـوانێکی دیـار بـووە. لـە سـاڵانی ١٩٧٦- ١٩٧٧ کۆلێـژی یاسـای لـە زانکـۆی موستەنسـرییەی بەغـدا تـەواو کـردووە و لـە شـاری کۆیـە خەریکـی کاری پارێزەرایەتیـی بـووە، چەنـد سـاڵێکە بـەماڵـەوە هاتوونەتـە شـاری هەولێـر و ئێسـتا لـە هەولێـر نیشـتەجێیە. ئیبراهیـم سـابیر وەلـی بـە دامەزرێنـەری (ڕۆژی کۆیـە) دادەنـرێ کـە لـە (١-٩)ی هەمـوو سـاڵێکدا بەڕێـوە دەچـوو، لـەم یادەدا لەسـەر سـەکۆیەکی ئـازاد لـە ناوەنـدی شـار قسـەی بـۆ خەڵکەکـەی دەکـرد، خێزانەکـەی کچـی سـەعیدی مـەلا ئەحمـەدە.

(٨) وردی: کـە بـە محەمـەد تۆفیـق وردی (١٩٢٣ - ١٩٧٥) ناسـراوە، پێشـتر لـە ژمـارە ٢٨٥- ٢٨٦ی گۆڤـاری (ڕامـان) لـە بارەیـەوە نووسـراوە.

(٩) لـە سـاڵی ١٩٧٤ م. محەمـەد تۆفیـق وردی نامیلکەیەکـی بـە زمانـی عەرەبـی بەنـاوی (ابراهیـم صابـر ولـي، المصلـح الاجتماعـي) نووسـی.

به بۆنەی بیست و شەشەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# ڕامان فێرگەیەک بووە بۆ دەیان خوێنەری وردبین و چالاک

ڕزگار جەباری

ساڵی ١٩٩٨ بوو کە لە ئاوارەیی گەڕاینەوە کوردستان، ئەو دەم بۆ منی هەژدە ساڵان، دوو ساڵێک دەبوو هۆگری خوێندنەوە بووبووم، بەتایبەتی خوێندنەوەی شیعری کلاسیک. بۆ کڕینی کتێب هاتوچۆی کتێبفرۆشییەکانی لای قەڵای هەولێرم دەکرد کە کتێبی دەستی دوو و کۆن و گۆڤار و بڵاوکراوەکانیان دەفرۆشت. لەوێ بوو بۆ یەکەم جار چاوم بە گۆڤاری ڕامان کەوت و ئاشنای ئەم گۆڤارە بووم.

لە پاش کڕینی یەک دوو ژمارە و خوێندنەوەیان، بەهۆی بابەتە ئەدەبی و هونەرییەکانییەوە کەوتە بەر دڵم و هەر زوو بیرم لەوە کردەوە کە دەبێت هەموو ژمارەکانی ئەرشیڤ بکەم و لەلای خۆم گلیان بدەمەوە، ئەگەرچی ئەوکاتانە ژمارەکانی دوو سێ ساڵی پێشترم لەدەست چووبوو، بەڵام بە گوێرەی توانایی دەستم بە پەیداکردن و کۆکردنەوەی ژمارەکانی کرد، هەر جارێک سەرێکم لە کتێبفرۆشییەکانی بەر قەڵا بدایە، چاوێکم بۆ ژمارەی نوێ و ژمارە کۆنەکانی گۆڤاری ڕامان دەگێڕا، جاری وا هەبوو دوو سێ ژمارەم پێکەوە دەکڕی. لەوکاتەوە ڕامان بوو بە یەکێک لە سەرچاوەکانی خوێندنەوەی من، بە تایبەتی توێژینەوەی ئەدەبی، دەقی شیعری و دواتر چاوپێکەوتنەکان. لە چاوپێکەوتنەکاندا کە تایبەتمەندیی هونەری ڕەخنەیی و هونەری گێڕانەوەیان تێدان، سوودێکی زۆرم لە زانیارییەکان و چێژێکی واتایی تایبەتیشم لێ وەردەگرتن. باسوخواسی ئەزموونی ئەدیبان و نووسەران دەروازەیەک بوو بۆ من کە هەستم دەکرت بۆ گەشتێک دەڕۆم و ڕێگایەکی دوورودرێژم بۆ کورت دەکاتەوە. گەنگەشە و تاووتووکردنی کۆمەڵێک پرس و بابەت لەو چاوپێکەوتنانەدا، بەرچاوڕوونییەکی باشی بە من دەبەخشی. بە ئاشنابوون و

خوێندنەوەی گۆڤاری ڕامان و هەڵسەنگاندنی چارەگە سەدەیەک خزمەتکردن لە بواری ئەدەبی و هونەری و مەعریفەی گشتی، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە گۆڤاری ڕامان بەگشتی بۆ هەموو نووسەرانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و نووسەرانی هەندەران سەکۆیەک بووە. ئەو سەردەمانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەو جۆرەی ئەمڕۆ نەبوون و بە یەکگەیشتن و ناسینی نووسەران و خوێنەران و ئاشنابوون بە بەرهەمەکانیان و بە بەرهەمی یەکدی بەو جۆرەی ئێستا ئاسان نەبوو، گۆڤاری ڕامان ئەو کەناڵە بوو کە نووسەران و خوێنەرانی بە بەرهەمی یەکدی ئاشنا دەکرد و وایانی لێدەکرد ئاگاداری ئاراستەی ڕەوتی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردستان بن. لە سەرێکی دیکەوە ڕامان کڵاوڕۆژنەیەک بووە بۆ تیشکی ئەو خامانەی وەکوو ئەزموونی سەرەتایی ویستوویانە بەشداریی لە ڕووناککردنەوەی گۆشەیەکی ژیان بکەن و ڕووپەڕێک بووە بۆ ئاشکراکردنی توانایی و بەهرەی ڕەسەن، هەروەها فێرگەیەک بووە بۆ دەیان خوێنەری وردبین و چالاک.

گۆڤاری ڕامان لە جۆری خۆی و مێژووی ڕۆژنامەگەریی و بزاوتی ئەدەبیی کوردیدا باڵایە و بەشدارییەکی بەرچاوی کردووە لەم بزاوتەدا، خاوەنی پێگەیەکی دیارە کە بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەو قۆناغە، واتە قۆناغی هاوچەرخ ناکرێت باز بەسەر گۆڤاری (ڕامان)دا بدرێت، دەبێت وەکوو سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆی بگەڕێینەوە.

من وەکوو خوێنەری گۆڤاری ڕامان، پاش ساڵانێک ئەوەی بەبیری مندا نەدەهات ئەوە بوو کە ڕۆژێک دێتە پێشەوە و من لەم گۆڤارەدا دەبمە خاوەنی بابەتی بڵاوکراوە. لە ژیانی کارنامە و چالاکیی خاکەڕایانە و هەژارانەی ئەدەبیی خۆمدا، شەرەف و شانازی ئەوەم پێ بڕاوە کە بە بابەتی خۆم و وەرگێڕان لە گۆڤاری ڕاماندا ببینم. ئەو کاتەی یەکەم بابەتم لەم گۆڤارەدا بڵاوکرایەوە، بۆ من مایەی دڵخۆشییەکی گەورە بوو.

خاڵێکی ئێجگار گرینگ لە بارەی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە ئەوەیە، بەپێچەوانەی نەریتێکی باوی کۆمەڵگەی ئێمە کە تەنانەت لە زۆربەی هەرە زۆری چالاکییە ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییەکانیشدا بەری دەکەوین کە ئەویش پابەندنەبوونە بە کات و ساتی دیاریکراوەوە، خۆشبەختانە هەموو مانگێک لە کاتی خۆیدا ڕامان کەوتووەتە بەر دیدی خوێنەرانی، ئەمە بۆ خۆی وانەیەکی مەزنی مرۆڤایەتییە، ئەویش ڕێزگرتنە لە کاتی ئەوی دیکە.

گۆڤاری ڕامان قۆناغی سەختی تێپەڕاندووە و ئەزموونی چەند نەوەیەکی بەسەرکردووەتەوە. لەو سۆنگەیەوە هەرچۆن لە ڕابوردوودا ئەرکی مەزنی لە ئەستۆ گرتووە، لەمڕۆشماندا پێویستە هەبێت و لە داهاتووشدا بەردەوام بێت، تاکوو لە دیالۆگی ئەدەبیی و هزریی و ئەرشیڤکردنی داهێنانی ئەدەبی بەشدارییەکی کارا بکات.




# نووسراوە فەرامۆشکراوەکان

**تەها ئەحمەد ڕەسووڵ**
**(سلێمانی)**



هەندێک لایەنی درەوشاوە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا هەن جێگەی ئومێد و ترووسکەی گەشن، هەموومان وەکوو نەریتێکی ڕۆشنبیریی و ئاڵوگۆڕکردنی دیالۆگ و بیروڕا دەربڕین پەیڕەوی دەکەین، بەڵام مخابن تا ئەم چرکەساتەی تێیداین نەمانتوانیوە بەهەند وەریانبگرین و وەکوو پێویست بیانپارێزین و لە ڕێی چاپ و بڵاوکردنەوەوە بیانگەیەنینە خوێنەران، بەڵکوو هەموو ئەو لایەنانەش کە خاوەنی بیروڕا و دەربڕینەکانن و بۆ ڕۆشنبیریی هونەری و پێشخستنی هونەری نەتەوەیی ئێجگار سوودبەخشن.

هونەی شێوەکاریی کوردی ئەگەرچی بەراورد بە هونەری جیهانیی قۆناغەکانی سروشتیی خۆی نەبڕیوە کە کودەتا و شۆڕشی بەرپاکردووە و ڕۆڵی ئەوتۆی لە گۆڕانی ڕیشەیی و سەرهەڵدانی قۆناغە جۆربەجۆرەکاندا هەبووە، بەڵام لەهەمان کاتدا خاوەنی هونەری شێوەکارین و دەتوانین بڵێین هونەرێکی نەتەوەییمان هەیە و مۆرکی خۆماڵیبوون و دەربڕینی نێوخۆیی پێوە دیارە.

کردنەوەی پەیمانگە و کۆلیژی هونەر تایبەت بە هونەریشمان هەیە، وێڕای هەبوونی هونەرمەندان و هونەردۆستانیش، هەمیشە ئومێدی گەشەسەندنی ڕۆشنبیریی هونەری خەمی هەمووان بووەو لەو پێناوەدا بڵاڤۆک و کتێبی بەسوودیش چاپ کراون.. هەڵبەتە لەگەڵ نمایشکردنی کارە هونەرییەکانیشدا لە پێشانگەی تایبەتی و هاوبەشییەکاندا، دەفتەر و پەڕاوی کراوە هەمیشە ئامادەن لەبەردەم هونەردۆستان و ڕۆشنبیران و ڕووناکبیراندا تاوەکوو لەڕێیەوە سەرنج و تێبینی خۆیان تۆمار بکەن، جگە لە دەستخۆشی و پیرۆزبایی، نووسراوێکی درەوشاوەی ڕۆشنبیری لەو پەڕاو و دەفتەرانەدا بوونی هەیە.

بەداخەوە، پەڕاوی نووسراوەکان دوای کۆتاییهاتنی نمایشەکان، ئیتر لە دووتوێی بەرگەکانیاندا بەداخراوی ماونەتەوە و هێندەی وەکوو لایەنێکی خودی لای هونەرمەندان ماونەتەوە، هەرگیز ڕۆژێک بیر لەوە نەکراوەتەوە بەربڵاوتر بن و لە ڕێی بڵاوکردنەوە و چاپکردنیانەوە بگەنە خوێنەران و جووڵەیەکی ئەرێنی ببەخشنە بزاڤە هونەرییەکە.

جگە لە بیروڕای هونەردۆستان و سەرسامبوون و دەستخۆشییەکان، دەشێن ئەو نووسراوانە تژی بن لە ڕێنمایی و هاندان و پێداگریی هونەردۆستان لەسەر ئەو شێواز و ستایلانەی کاریگەریی جێدەهێڵن، لەهەمان کاتیشدا جۆرێک لە ڕاستگۆیی و وەشاندنی ئەوتۆ بوونیان هەبێت کە ئەوانیش کاریگەریی تەواویان لە کایە هونەرییەکەدا جێهێشتووە و بوونەتە داینەمۆی بەردەوامبوون و هەنگاوێکی دروست تاوەکوو هونەری شێوەکاریی کوردی قۆناغی گەشەسەندووتر بەخۆوە ببینێت.

بەو ئومێدەی نووسراوە ڕۆشنبیرییەکان، بەتایبەتیش هەموو ئەو سەرنج و بۆچوونانەی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و کەسانی شارەزا لە پەڕاوی نمایشەکاندا تۆماریان کردوون، ئیدی لە ڕێی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان بگەنە خوێنەران و سەرجەم هونەرمەندانیش بۆ ئەوەی زیاتر گوڕوتینی گەشتر ببەخشنە ڕۆشنبیریی کوردی و بەرەو قۆناغێکی پڕشنگدار ئاراستە بکرێت.

ڕامان

299
300

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی چوارەم/ ساڵی بیست و شەش/٥ی ٩ ـ ١٠ی ٢٠٢٢

**خاوەنی ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل

**بەرگ**
باسم ڕەسام

**ناونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net**
**ژمارە مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) / 07504494662**
**(دەرەوە) / 009647504494662**
**پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com**
**sarkautwali@yahoo.com**

**چاپخانەی ڕۆکسانا/ هەولێر**
**نرخ/ ٧٥٠ دینار**

## ناوەرۆکی ڕامان


**● دەق**

- لە بەرزاییەکانی نائومێدی/ جەلال بەرزنجی/ ٣
- خەونی نێرگز بە شەرابی شکۆفەوە/ لەیلا ساڵحی/ ٥
- گەشتێک لەگەڵ با بۆ باخی گشتیی دڵم/ بورهان بەرزنجی/ ٧
- (...) ...... شکۆیێ حەسەن، ناسح حوسێن سلێمان، ژ تیپێن کریلیکی بۆ تیپێن ک. ناڤین ڤەگوهاستیە/ ٩
- کاوە، یان ئەسکەندەر؟/ لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی/ ١١
- گیراوەکان هیچیان نەوت/ سەڵاح شاکەلی/ ١٤
- مردن لە دەروونمدا دەژی تا نەمر ببمەوە/ ژیار جەهانفەرد، لە کوردیی کەڵهوڕییەوە: هەژیر هاشمی/ ١٨
- سەمای مەستیی پیاوێکی سپی/ یاسین برایم/ ٢٢
- دارا خوەزیێ/ د. خەلیل عومار/ ٢٧
- کڵۆشێت.. گی دۆ موپاسان/ لە فەرەنسییەوە: هیوا شەمسی بورهان/ ٢٩
- لە چاوەڕوانیدا/ داستان بەرزان/ ٣٤

**● هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ (عەبدولقادر عەلی مەردان)ی هونەرکار/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ ٤٢

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- ڕۆمانی ژیاننامەیی/ د. کەمال سەعدی مستەفا/ ٦٧
- شەبەک و بزربوونی ناسنامە/ فەرەیدوون سامان/ ٧٧

**● هزر و فەلسەفە**

- فۆیەرباخ: پرۆژەی فەلسەفەیەکی نوێ/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ ٨٦

**● وتار**

- (وێژەی جیهانی) لە ڕەهەندی زمانی نەتەوەیی و ڕەخنەی ئەدەبییەوە/ هادی حەبیبی/ ٩٣
- هایدان د ناڤبەرا وێژە و هونەریدا/ موحسن عەبدلڕەحمان/ ١٠٠
- ئەحمەد شوکری، یان دوکتۆر شۆ کێیە؟/ د. ئازاد هیدایەت دەڵۆ/ ١٠٦
- ئانتۆن پاڤلۆڤیچ چیخەف لە ئاوێنەی دەقدا/ گەلاوێژ عوسمان زادە/ ١٠٩

**● زمانزانی**

- زمان و پاچڤە/ حەمەکەریم عارف/ ١١٤

**● مێژوو**

- کورتە باسێک لە بارەی مێژووی ژنی کوردەوە/ د. زرار سدیق تۆفیق/ ١٢٤

**● هونەر**

- وێستگەی ڕادیۆی دوکتۆر واڵتەر بنیامین، دەربارەی پێوەندی پێداگۆگیی فیلم و ڕادیۆ/ پێشڕەو محەمەد/ ١٢٩

**● بەدواداچوون**

- چەند زێدەکرنەک ل دۆر فەرۆزێن نامەیێن (عەبدولڕەقیب یووسف)ی..!/ ئیسماعیل بادی/ ١٣٨

**● خوێندنەوەی کتێب**

- ئەو هاوارەی نەبیسترا/ سەنگەر زراری/ ١٤٤
- خوێندنەوەیەکی کورت بۆ ڕۆمانی (باڵندەکانیش دەنیشنەوە)/ سەدیق سەعید ڕواندزی/ ١٤٩

**● نامە**

- دوو نامەی م. عەبدولڕەقیب یووسف بۆ م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی و م. مەجید ئاسنگر/ ئا: سەرنووسەر/ ١٥٣

**● بە باڵابڕین**

- ڕامان فێرگەیەک بووە بۆ دەیان خوێنەری وردبین و چالاک/ ڕزگار جەباری/ ١٥٨

**● سووکە لەنگەر**

- نووسراوە فەرامۆشکراوەکان/ تەها ئەحمەد ڕەسووڵ/ ١٦٠